رۆمان

# هەرەس

PDF4Kurd

محەممەد موکری

چاپی چوارەم ٢٠٠٥



ناوی کتێب: هەرەس

بابەت: رۆمان

نووسینی: محەممەد موکری

کۆمپیوتەر: جەلیل حسێن

چاپخانە:

سەرپەرشتی چاپو پیاچونەوە: سەردەشت حمە ساڵح

ژمارەی سپاردن: وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە (١٠)س ساڵی ١٩٩٨

چاپی یەکەم: ١٩٩٥

چاپی دووەم: ١٩٨٨

چاپی سێهەم: ١٩٨٨

چاپی چوارەم: ٢٠٠٥ کوردستان / سلێمانی

**پێشکەشە بە:**

- پێمشەرگە
- شەهیدانو شەهیدی زیندوو (عوسمانی حاجی مەحمود)..

# بەشی یەکەم

# ١

- ئاخ..

لەگەڵ ئەم ئاخەدا، (خەجێ) پڕ بەسییەکانی هەناسەی بێئومێدی پژانە سەر روخساری حەمەو سمایل — ئەمانیش رەپ، بت ئاسا، لەڕووی ئاخەکەی خەجێدا وەستان...

ئاخەکەی، تێکەڵ بە نوزەیەکی درێژ ببوو، پێی ژانێکی تیژی بەخەجێدا داو رەنگی پێ بوارد.. ئاخێ بوو مەگەر گوێی کەسانی کلۆڵو ئاوارە بزانن لەکورەی چ دەروونێکی پەنگاوی ستەمدیدەو هەڵقوڵاوەو تێکەڵی چ جۆر نیگای سبەینێی نادیار و دووسبەی گومو سێ سبەی بێرەنگ بووە.. ئاخێکەو خەمێکی تەمەنی داوەتە کوڵ، لەژێر سەنگی شەکەتیدا بەلەرزەوە لەنێوان ئەو جووتە لێوە ناسکانەی خەجێدا هاتەدەرو کەتیرەئاسا لکایە دەمی حەمەو سمایل، زمانیانی لەگۆبرد.. ئاخەکە



قولاپ ئاسا لەسەرنجی حەمە گیر بوو، زەق دیدە بەلەسەکانی بەرەو روخساری خەجێ ئەبڵەق بوون — کە تك تك ئارەقی سارد بەنێو چاوانیدا زەنگۆڵەی بەستبوو و تێکەڵی پرچە شێواوەکەی ببوو، نیگای مردووی هەزار ساڵەی خەجێ چاپ بووە سەر سەرنجو مێشکی حەمە.. هەنسكو نوزەنوز، لێوە بارگرتووەکانی خەجێی بەجۆرێکی سەیر دەلەراندەوە، وەك دەروێشێکی حاڵ گرتوو هەندێ وشەی پچڕپچڕ لەنێوان ئەو جووتە لێوە قورسانەوە دەهاتنەدەرو دەیانویست گیانی یاخیبوون ببەخشنە گەلێ وشەی ماتو بێدەنگ تا پەرژینی دەروونە پەنگ خواردووەکەی راماڵنو بێپەروا بێنەدەر، کەچی ژانو ترس دەبوونە پەرژینێکی دی، بەنیوەچڵی دەهاتنەدەرو هەڵبەزودابەزیان بەلێوەکانی دەکرد، چەشنی نووزەییێکی درێژ بەرەو گوێیەکانی حەمەو سمایل دەچوون..

لەرزو ژانێکی توند، سەراپای داگرتبوو، پەنجەکانی هەڵپێکابوو، دەستەکانی نابووە سەر سکیو دەینکان، ئەژنۆکانی دەلەرزین، توانای نەمابوو چیدی خۆی بەپێوەبگرێ، لەناخیشەوە هەر خۆی هاندەدا بەمشێوەیە نەکەوێتە بەرچاوی حەمەو سمایل..

حەمە پاش ئەوەی شڕەوپڕەکەی کۆڵی دانا بێدەنگییەکەی شکاند، بەئەسپایی بەخەجێی وت:

- بێقەزا بیت غیرەت دە بەر خۆتو..

قسەکەی تەواونەکرد، خەجێ وەك دیوارێکی کۆنی خوساوەی بەر رەهێڵە هەرەسی هێنا، زۆری لەخۆی کرد تا پشتی گەیاندە دیوارێکی

شێیاوی نیمچەئەشکەوتەکە، لەبەر هەناسەبڕکێ هێی پێنەوترا، وردەوردە بەرچاوی لێڵ دەبوو.

سمایلی برا بچووکی حەمە لەئاستی ئەم دیمەنە بەزەیی ئامێزەی حەمەو خەجێ، خۆی لەبیرکردبوو، جوڵەی لێبڕابوو، هەرکە گوێی لەدەنگی حەمە بوو ئەمیش — سەرەڕای ماندوویەتیو برسیەتیو سەرما - کەمتر لەیەك دوو دەقیقەیێك، باوەشێ کۆتەرەدارو بنچكو پووشوپەڵاشی کۆکردەوە، ئاگرێکی گەورەی کردەوە، بەخەجێی ووت:

- براژن خەمت نەبێ هەر ئێستا گەرمت دەبێتەوەو..

وەك سەرما زمانی خەجێی لەگۆبردبوو، ماندوویەتیش داچۆڕابووە نێو ئێسقانەکانییەوە، وەڵامی نەدایەوە، تەنها بەنیمچە سەرنجێکی کەیل دیمەنی ئەم دوو برا ئاوارەیەی پێیایەوە، هێدی هێدی سەرنجی بەزەیی پیادەهێنان!

*

ئەم سێ جووتە چاوە، نیمچە خامۆشو شەکەتە پڕبوون لە دیمەنی بێتەمەنی سبەینێی ترسناك، شەرمیان لەیەکدی دەکرد، وەك ئەوەی هەرگیز لەیەکتر نامۆ بن، ئاوها بەجۆرە تروکاندنێکی پەلە، بەشەرمەوە یەکدییان هەڵدەلووشی. هەر جووتە چاوەش خۆی بەپەناهەندەی سەری خاوەنەکەی خۆی دەزانی. هەر سەرەیش یادو وێنەو وشەی تێکچڕژاوی کەڵەك کردبوو، چ جێو توانای وەرگرتنی شتی دیی نەبوو..



یادو خۆشەویستی دێو هاوڵان، باو ئاو و بۆنی خاك، کەسو کار، کانیو کێڵگەو باخ، یادو سەرگوزشتە، خۆشگوزەرانیو کەمدەرامەتی، خەندەو فرمێسك، شەوانی بێدەنگو چاوەڕوانی هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەست بوون بەتەمەنو مێژوویان لەنێو ئەو سێ سەرەدا، بۆ چەند ساتێ بەرجەستەدەکردو بەرەو ناخی دڵی کەیلیان دادەچۆڕان، دڵانیشیان دەبوونە ئارامگای هەمیشەییان کە هەرگیز دەستی چارەنووسی نادیار نەیدەتوانی دەریان هێنێو لەکەداریان کات، سەرووچاو و دڵیان سواری سێ جووتە هەنگاوی شپرزەو سەرکێش ببون، لەم دەمەوئێوارەیەدا نیمچە ئەشکەوتەکە باوەشی بۆ گرتبوونەوە!

*

نیمچە ئەشکەوتەکە، لەڕووی چەند گابەردێکی لەیەکتر نزیکی بناری زنجیرە چیایێك دەمی داچەقاندبوو، تەنها بۆ شەوێك هەناسەی ماندوویەتی ڕێبوارو کۆچەرو قاچاغچیو راوکەرو فیراری دەکردە خۆراكو تێکەڵ بە شێ و بێدەنگی دیوارە رزیوەکانی دەبوو، رۆژی دوایش بەهەمان بێدەنگییەوە بەڕێیانی دەخست..

ئەم نیمچە ئەشکەوتە لەدەمەو ئێوارەی زستانی ساڵی ١٩٤٦ دا هەناسەی ماندوویەتی ئەم سێ کەنەفتو رەنگبواردووەی هەڵدەمژێ، کزەبایەکی ساردیش دواتیشکی هەتاوە نیوەئاوابووەکەی نێوان ترۆپکەکانی راودەناو وتارێکی بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکردو بەسەر زەویدا رایدەخست. ئەو سێ شەکەتە روتەیان لەدەم نەدەهاتەدەر،

بێمەبەست سەیری ئاسمانیان دەکرد، کە ئەستێرەکان وردەوردە لەنێو بەفری سەر لوتکەکانەوە، بەکزییەوە بەرزدەبوونەوەو هێدی هێدی بەرەو ژوور هەڵدەکشانو ڕۆشنتر دەبوونەوەو ئاسمانیان دەکردە چراخان..

ئێوارە وەختێکی کشومات بوو، جارجارێ تەقەی ساچمەزەنێکی دوور ئەم سێ کڵۆڵەی رادەچڵەکان، دەنگی تەقەکە تێکەڵ بە خیزەی سنگیان دەبوو بۆ چەند ساتێکیش دۆڵو دەربەندەکانی بەرانبەر نیمچە ئەشکەوتەکە، دەنگدانەوەی تەقەی ساچمەزەنەکەی دووبارەدەکردەوە، هێمنی زینەوەرەکانی دەشێواند، لادۆڵو نشێو پێشوازی پەلەوەری ئاوارەی دەکرد، پەنابەردو بنچكو تاوێر، ترسی باڵندە پەناهەندەکانی دەمژی.

❊

حەمە بەلاچاوێکی شەرم ئامێزو خەجاڵەت بارەوە سەیرێکی خەجێی کرد، رەنگە هەڵبزرکاوەکەی خەجێ کسپەی لەناخی حەمە هەڵسان، هەناسەیەکی ساردی پێهەڵکێشاو چاوانی پێداخستنە خوارێ..

خەجێ.. خەجێی تەمەن بیست ساڵەی لادێ نشین، سووروسپیو کەڵەگەت، کچە خواپێداو، هەرگیز ئەوەندەی ئەمڕۆ ڕێی نەبڕیوەو ماندوو نەبووە.. هەر لەبەرەبەیانەوە، خەجێ، خەجێی دووگیان هاوهەنگاوی حەمەو سمایل بووە. جارجارێ گورجو چاپوك، بەباریکەڕێو هەڵدێرو دزە ڕێیەکاندا سەردەکەوتنو بەنشێوو دۆڵا شۆڕدەبوونەوە. جارجارەش دەبووە بار، حەمەو سمایل نەك هەر دەستیان دەگرت بەڵکو بەنۆرە لەکۆڵیان دەگرت. شڵەژان ئالابووە هەنگاوەکانیانەوە، ترس تاویانی دەدا، شپرزەیی



پەلکێشیانی دەکرد. مەبەستی دەربازبوونو خۆوەدەستەوەنەدان گوڕی پێبەخشیبوون، دەربەستی کزەبا ساردەکەش نەبوون کە تیغ ئاسا شوختی بەروخساریانا دەهێنا، گەلێ ماندووبوون، ئەگەرچی بەحیسابی ڕێ ئەوەندەیان نەبڕیبوو وا زیاتر لە دە سەعات بەڕێوەبوون. گەر حەمەو سمایل تەنها بان ئەم ڕێیەیان هەر لەسێ چوار سەعاتێکدا دەبڕی..

❊

حەمە لەپاڵ ئاگرەکەدا خورجەکەی کردەوە، جگە لەچەند لەتەنانێکی وشك چیدی تیادا نەبوو، دەریهێنان، دایانیە بەر ئاگرەکە، لەژێر لێوەوە، بەئاستەم، هەروەك نوزەکردنێ وتی:

- خەجێ.. خەجێ.. هەندێ دان بەخۆتا بگرە هەر ئێستا..

ناڵەیێکی دڵتەزێنی خەجێ تێکەڵ بەهاژەی کزەبا ساردەکە بوو و خۆی کێشایە روخساری حەمەو سمایل، کاسی کردن، زیاتر خۆیان لەئاگرەکە نزیك کردەوە، هیێ یەکیان توانای قسەکردنی نەبوو.

❊

ئەم بەیانیە، هەر لەگەڵ دابارینی یەکەم چەپکە گزنگ، دە دوانزە ژاندارم دەوری ئاوایی (هەنجیرە)یان گرت، یەك دوانێکیان بەرەو ماڵی (حاجی فەرەج) کەوتنەڕێ، یەکێکیان حاجی بەئاگاهێنایەوە:

- حەمەی حاجی زادەی ئامۆزات —مان دەوێ خەبەرمان پێگەیشتووە نزیکەی مانگێ دەبێ لەسەقزەوە هاتووەتەوە، پێمان بڵێ لە چ ماڵێکدایە؟

حاجی فەرەج بەچاپلوسیەوە پێشوازی لەو یەك دوو ژاندارمە کردو بەدزییەوە وەسمان-ی کوڕە چکۆڵەی ناردە ئاسیاوەکەی (میرزا قولی) کە حەمە لەگەڵ خەجێی ژنیو سمایلی برای، لەوێدا چاوەڕێی هەلێ بوون هەڵێن. وەسمان وەك تیسکەی تفەنگ خۆی گەیاندە ئاسیاوەکە ئاگاداری کردنەوە، نەیانتوانی بەچاکی وەخۆکەون، بەڵکو هەر چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد لەبەرەبەیاندا بدەنەسەریان، بەشپرزەییەوە وێڵی دووی وڵاخێ بوون، هەرچەندە ئەمسەروئەوسەری ئاسیاوەکەیان کرد، هێیان وەچنگ نەکەوت، دۆش دامان، حەمە یەك دوو جار بەخەجێی وت:

- تۆ بمێنەوە.. سبەی دووەی.. دە دوانزە رۆژی تر سمایل دەنێرمە دووت، وڵاخت بۆ پەیدادەکەم!

کەچی خەجێ نەك قایل نەبوو، بەڵکو بۆ یەکەمجار بەدەنگی بەرز بەحەمەی وت:

- بۆ کێم جێدێڵی.. گەر بشمرم با لەگەڵ ئێوەدا بم.

ئیدی سمایل هەر نەیوێرا شتێ بڵێ، تەنها بەچاو لەخەجێی گەیاند (رەنگە نەتوانیت بڕ بکەیت) کەچی خەجێ وتی:

- ئەوپەڕەکەی دەمرم.. لەلای ئێوەدا مردنم چاکترە لەوەی کە لێرەدا بەچاوەڕێکردن ژیان بگوزەرێنم، کەمم چاوەڕێ نەکردووە.



ئیدی حەمەو سمایل بەپەلە، تفەنگو دەمانچەو چەند نانو جاجمە شڕێكو هەندێ وردەپێویستی دییان پێیەوە، بەدزییەوە، لەپایینی ئاسیاوەکە بۆ ناو دارقەیسییەکانی باوەپیارەکەی خەجێ، لابەلا بەرەو دارستانە چڕەکەی (میرەسوور) داکشان، بەرەو زنجیرە چیای (بەیان) ملیان نا.

چەند مانگێ لەمەوبەر، هە بەم شپرزەییو ترسەوە، حەمەو هاوڕێکانی، لەبەرەبەیانێکدا لەسەقزەوە بەرەو لادێ کەوتنەڕێ.

- ئەوەی ئازایە با خۆدەربازکاتو هەڵێت.. پیاو ئەو پیاوەیە خۆی نەداتە دەستەوە!

ئەو رۆژانە ئەم قسەیە لەسەر زاری زۆربەی زۆری هاوڕێیانی حەمەوە تەشەنەی دەکرد، تێکڕا هەموویان دەیانتوانی تەنها ئەم رستەیە بەڕەوانی دەربڕن.. کەچی قسەکانی دییان ئەوەندە تێکەڵو پێکەڵو بێسەروجێ بوو، تەنانەت نەیاندەزانی چ دەڵێنو لەچ دەدوێن.. نەیاندەزانی هەنگاو بە چ ڕێیەکدا بنێن، ئەمسەرو ئەوسەرکردنی ڕێو ڕەنگە بێڕەنگەکانی روخساریان، لەهێە توورەبوونو دەنگ بەرزکردنەوە، دیدەی بێ جوڵەی بەردینیان، تێکەڵ بەدەنگی هەندێ تەوس بێژی قۆشمەی نێو خۆیان دەبوو، لەپڕ قاقای پێکەنینی شێتانەیان گومانی نەبوونیانی دەسەلماند.. کۆس کەوتنەکەیان ئەوەندە گەورە بوو، کەسیان باوەڕیان نەدەکرد (ئەمەی رویداوە راستە).

- چۆن بەشەو و رۆژێ –ئاش بەتاڵ- بووە ئاکامی خوێنڕشتنو لەخۆبووردنو ماڵوێرانی؟

زۆربەی هاوڕێیانی حەمە، چەند جارێ ئەم پرسیارەیان لەخۆ دووبارەدەکردەوە. تەنها سەربادان تاقە وەڵامیان بوو.. بەشێکی تەواویان پەرتوبڵاوبوونەوە.. کەوتنەڕێ، بەرەو نادیاری هەنگاویان نا، کەمتریان حەمە ئاسا بەرەو دێیەکەی خۆیو چەقۆی تیژ ملی نا!

حەمەو یەك دوانێك بوونە هاوڕێگای باشووری (سەقز)

بەدەم ڕێگاوە هەرکەسێ پرسیاری کردبا، ئەوا بێ سێو دوو، بەجۆرە شەرمێكو چاوشۆڕشکردنەوە، کە تەنها تووڕەبوونو دەنگ بەرزکردنەوە دای دەمرکاندنەوە دەیانووت:

- بەڵێ ئاش بەتاڵ!

هەر لەگەڵ وشەی (ئاش بەتاڵ)دا حەمە پاشاگەردانیو ڕەشبگیری دەهاتەبەرچاو، دەیزانی ئاش بەتاڵ هەلێکی چاکە بۆ ئەو کەسانەی بەبیانووی پڕوپووچ خۆیان دەدزیەوەو بەشداری کاری ئەمانیان نەدەکرد، ڕەنگە ئێستا بڵێن:

- (دەمانزانی هەر وای لێدێت).

لەهەمان کاتیشدا هەلە بۆ هەندێ لەو دڵ شکاوانەی کە بەدڵو بەگیان کاریان دەکرد، کەچی بەچەند ڕاپۆرتێکی ڕاپۆرت نووسان-ی بێ نمود، دارکاری دەکرانو لەتاریکی زیندانیان قایم دەکردن.. هەلێکی چاکیشە بۆ کەسانی لاوازو چاوچنۆكو ترسنۆك، حەمە دەیزانی ئەم بەدفەڕانە دەبنە



مقاش تەنها بەشاهیدی کەسێکیان چەند کەسێکی خۆی ئاسا تیرباران دەکرێ!

- ئەوەی ئازایە با خۆی ڕزگار بکاتو هەڵێت!

حەمە دەربازبوو نزیکەی مانگێکە لەئاسیاوەکەی (میرزا قولی)دا خۆی شاردۆتەوە، لەوماوەیەدا کەم کەس چاوی بەحەمە دەکەوت، تا دوێنێ ئێوارە بەرێککەوت (هەیەرە کەچەڵ) چاوی پێکەوتو برینە کۆنەکەی کولایەوە.

چ کاتێ هەلی وا بۆ هەیەرە کەچەڵ نەڕەخسابوو تا تۆڵەی خۆی لە حەمە بکاتەوە، فرسەتی لەدەس نەدا، هەر بەو ئێوارەیە بەپێ کەوتە ڕێ خۆی گەیاندە پایگاکەی نزیکی شار، سەرتاسەری ڕێ، هەیەر، خۆی دەدواند:

(ئا.. حەمەی باوەحیز، ئاوهات لێدەکەم.. سبەی بەڵێ سبەی زوو، ژەندرمەکان بەباڵ بەستراوی بەبەرچاومەوە پەلکێشت دەکەن.. بەقۆنداغەتفەنگ دەتتەزێنن. ئا.. ئا.. باوەحیز بەبەرچاوی خەڵکی ئاواییەوە سەرت شۆڕدەکەیە خوارێ، شەرم دەکەیت ناتوانی سەر بەرزکەیتەوە، ئا.. لەئاستی ئەو گەنجانەی ئاوایی کە تۆ بەهێت نەدەزانین، ئەوان لەبەرخۆیانەوە دەڵێن:

ئافەرین: حەمە، کوردستانت تەڕ ڕزگارکرد تەڕ بوونە حکومەت..

خۆ ئەگەر سەریشت بەرزکردەوە، ئەوا بەجوانی منیش دەبینی، لەنێو خەڵکەکەدا وەستاوم، خۆم بەگرژیو مۆنییەوە نواندووە، دەمبینی

لەهەمموویان زیاتر خەمت بۆ دەخۆم! ها ها.. بیخۆ.. گاڵتەم پێدەکەیت، باوەحیزی کەرانباوگاو بەپیاوم نازانی).

دوێنێ بۆ هەیەرە کەچەڵ رۆژێکی مێژوویی بوو، رقی پەنگاوەی دوو ساڵی خەمو شەونخوونیی تەقییەوە.. پێرار کە چووە داخوازی خەجێی پوورزای، حەمە تەنها چاوی لێسوورکردەوە، ئیتر هەیەر ئەو رێیەی بەردەدا گەر حەمە پیایدا رۆیشتبا.. گەر بەرێککەوت یەکدییان دیبا ئەوا حەمە بەتەوسەوە پێی دەوت:

- هەیەر.. کاکە هەیەر.. لەگەڵ تۆمە ئەڵێم خۆم سەرچۆپی زەماوەندەکەت بۆ دەگرم.. خەجێی پورزات، هەر لایەق بەتۆیە.

پێرار کە باوکی خەجێ لەحەج نەگەڕایەوە، وسو-ی مامی خەجێ دایکی خواست، هەرکە حەمە چووە داخوازی خەجێ، بێ سێو دوو وسوی باوەپیارەی بەشیربایێکی چاك، خەجێی لەکۆڵ کردەوە، فرۆشتییە حەمە. بەم کارە وسو لەدوو سەرەوە خۆی رزگارکرد، سەری لەگێەڵو کەشمەکەشی هەیەر سووك بووەوە، خەجێشی لەمیراتیو بەشە ماڵ بێبەش کرد ئەویش بەوەی شووی کردووەو مێری هەیە، مەلای دێش بە بزنە مەرە زێ فتوای فەرموو و سەلمانیشی.

*

خەجێو حەمەو سمایل، زیاتر خۆیان لەئاگرەکە نزیك دەکردەوە، تەنها بەنیگای تەڵخو بزرکاو یەکدییان هەڵدەلووشی، حەمە بێئیشتها نانە وشکەکەی دەجاوێ، بۆی قوت نەدەدرا!



ناحەقی نەبوو:

کورە کوێخاو دەستوپێ سپییە، راهاتووی نازو نیعمەتە دنیانەدیدەیە، بۆ قیتەقیتو پف بەخۆداکردن، بۆ شەش حەوت مانگێ، دوو ریز فیشەکدانی راستوچەپی لەسەر ستارخانیەکەیدا دەبەست، ریزێ فیشەکی دەمانچەی دەتیرو، خەنجەرێکی دەبانی مشتو سپی، بەبەرپشتوێنەکەیەوە بوو، بەرۆنی مریشك قۆناغی تفەنگە (نهایەت جاندارەکەی) چەوردەکرد، دەیبرسکانەوە، دەسەسرێکی مەخمەڵو تەزبیحێکی کارەبا هەمیشە بەبەرپشتوێنەکەیەوە ئاوێزان بون. چیتێکی گوڵ وردی لەسەردەنا، هەندێ لەکاکۆڵەکەی وەدەردەخست، رۆژ تا ئێوارێ، هەر خەریکی قیتەقیت بوو، جگە لە کەڵەکێویو کەروێشكو کەو، گوللەی بەهێ شتێکی دییەوە نەنابوو، کەچی بەناویش کورێکی عگیدو سەگڤان بوو!

*

هەرچەندە، خەجێ خۆی لەئاگرەکە نزیکتر دەکردەوە زیاتر گرژ دەبوەوە. ژان، برسیەتی پێ لەبیربردبووەوە، شەرم وەکوو سەرما بەناخیدا هاتوچۆی دەکرد. شەکەشتیش هێزی بینینو قسەکردنی پێنەهێشتبو، زۆری لەخۆکرد دان بەخۆیدا بگرێ کەچی ناوەناوە ژان زۆری بۆدەهێنا، ناڵەیێکی خوێناوی لەدەمییەوە دەردەپەڕی، بێدەنگیی نیمچە ئەشکەوتەکەی دەهەژان.

حەمە بۆ خۆخلافاندن، پارچە دارێکی گرتبووە دەست، لەئاگرەکەی وەردەدا، سەکڵەکانی لەیەکدی نزیك دەکردەوە، لەنێوان شەپۆلە لەرزۆکەکانی گڕی ئاگرەکەوە، سەرنجی حەمە بووە چاوساغو بیریی بەرەو چەند ساڵێ لەمەوبەر پەلکێشی کرد.

(دەمەوئێوارەیەکی وەك ئەم ئێوارەیە، حەمە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆیدا، لەڕووی ئاگرێکی ئەم ئاگرە ئاسادا، لەئەشکەوتێکی هەندێ لەم نیمچە ئەشکەوتە بەرینتر، نزیك کانیاوێکی روون لەناو قەدی یەکێ لەشاخەکانی -بەیان- پاش کەولکردنی کەڵەکێوییێك بەدیار گۆشت برژاندنەوە، قسەی خۆشو سەرگوزشتەیان دەگێڕایەوە. ئەو ئێوارەیە (نەریمان) لەسەر یەك سێ بەسێ سوێندی بەتەلاّق دەخوارد، کە باپیرە گەورەی (راستی دەکرد) نەریمان لەگەڵ قسەکردندا دوو دوو پلەگۆشتی برژاوی دەتەپاندە دەمو دەیوت:

- باپیرە گەورەم.. بەرەحمەت بێ لەگەڵ مردووی حازریدا، شێخی بەرماڵ بوو.. ئێستاش خۆتان دەزانن، لەئەمسەروئەوسەری دنیاوە دێنە زیارەتی قەبرەکەی.. بەڕەحمەت بێ مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چ وەلیێ بوو.

حەمە دەیزانی وا نییەو نەریمان فشە دەکات، چونکە لەپیرەمێردەکانی ئاوایی بیستبوو، دەیانووت:

- بەعومری ئێمە نا، باوکو باپیرەمان مام جوامێریان بینیبوو.. مام جوامێر دادەنیشتو باسی سەرگوزشتەی خۆی دەکرد.



مام جوامێری باپیرەگەورەی نەریمان، لەنێو خەڵکی ئاوایی بێ پرسیار یەکسەر باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن لاقێکی تا ئەژنۆ تواوەتەوە، بۆ خەڵکەکەی دەگێڕایەوە:

(ئا.. کوڕینە، ئەمە دنیایە.. کێ دەزانێ لەنێوچەواندا چی نوسراوەو ئینسان چی بەسەردێ، کێ دەیووت من بەتەنها لاقێکەوە ئەوەندە دەژیم! ئا.. چاکم وەبیردێتەوە، چل ساڵ لەمەوبەر بوو، رۆژی نۆرەگاوانیم بوو، ئێوارێ بەرەو ئاوایی دەگەڕامەوە، پوورە مەنیجم، جوانەگایێکی رەشی هەبوو، توێڵی بەدوعاو موری رازاندبووەوە، زوو زوو لەگاڕانەکە دەردەچوو رووی لەکێڵگە قەدەغەکان دەکرد.. تا دەمهێنایەوە نێو گاڕانەکە شەکەتی دەکردم..

لەپڕ، وەکوو شێت بەرەو مانگا زەردە بەکەڵەکەی کوێخا ئەوڵلا ملی نا، منیش بەپەلە بوومو دەمویست زوو بگەمەوە ئاوایی، مەساسەیێکم کێشایە توێڵێ جوانەگاکە.. کەچی، کوڕینە شێتو هار بوو، شالاّوی بۆهێنام، چنگ لەسەرشان کەوتە دوومەوە، تەنگی پێهەڵچنیم، راوی نام، دەیفشکاند تا خۆم کوتایە ئەشکەوتە چکۆڵەکەی خوارووی ئاوایی، هەناسەم لەبەر بڕا، باش بوو، خواوڕاستان دەرگای ئەشکەوتەکە جووانەگاکەی پێوەنەدەچوو، بەردەرگای لێگرتم، دەیفیشکاند، ترس دایگرتم.. هەرکە لام کردەوە رەشمارێکی پەپکە خواردووم بینی، ئای هاوار چ مارێ بوو، بەمەزەندە دوو گەز درێژ دەبوو ئای خوایە چی بکەم؟ جوانە گا دەرگای ئەشکەوتی لێگرتووم! رەش ماریش بستێ سەری

بەرزکردەوەو لەوەزەندایە! حەپەسام، بەو قەبرەی باوکم مردووی حازززیش بەرەحمەت بێ، لەوەتەی هەم، ئەوەندەی ئەو ئێوارەیە نەترساوم! پشتم لەدیواری ئەشکەوتەکە گیرکردو هاواری (سەی پیر خدرم) کردو مەساسەکەم چەقاندە سەر رەشمارەکە.. فلیقاندمەوە! ئۆخەی لەمیان رزگارم بوو! جوانە گاکەیش- هەی سەری خاوەنی بخوات وەك سەری خوارد- هەر دەیفیشکاند.. بۆئەوەی هەندێ لەدەرگای ئەشکەوتەکە دووری خەمەوە.. مەساسەکەم بۆ لموزی بردو بەئاستەم بەرلووتی کەوت، کەچی پاشەوپاش کشایەوەو کەوت!! هەندێ دوودڵ بوم، پاشان ناوی خوام لێهێنا، هاتمەدەرێو بۆی چوم، پێی راستم بەرزکردەوە، پێلەقەیێکم کێشایە سەر زگی و وتم: (بیخۆ ئەمە دەردت بێ!) (کورینە چیتان بۆ باس بکەم! وەك ئەوەی پێلەقە لەگۆمە ئاو بدەم ئاوها پێی راستم چەقییە نێو زگی جوانەگاکە! ویستم پێم بکێشمەوە، کەچی بەپشتا کەوتم، پێی راستیشم تا ئەژنۆ لەنێو زگیا مایەوە، لەخۆچوومو ئیتر..!)

ئەو شەوە نەریمان دەیووت:

(باپیرە گەورەم، بەتەنها لاقێکەوە چل ساڵی تر ژیا، کە ئەمری خوای بەجێهێنا لەژێر شاتووە زلەکەی پایینی ئاواییدا ناشتیان، خۆتان دەزانن ئەو شاتووە ئارامگایەتیو چ نەزرگایەکیشە، هەرکەسێ نۆبەتیو ئاولە سورێژەی بێ دەیبەنە سەری، یەکاویەك چاك دەبێتەوە!!



هەموو ساڵێ ژنانی نەزۆك، ئا لەوێدا جمەیان دێ، دەسبەجێ مرازیان وەدی دێ.. ئەو هەموو پەڕۆ سەوزانەی سەر شاتووەکە هەموو هی ئەوانەیە مرازیان وەدیهاتووە.. موفەڕکە موفەڕك!

حەمە چاك دەیزانی ئەو شاتووە نەزرگایە ئارامگەی چییە! ساڵێکیان مام جوامێر بۆ گەنجەکانی ئاوایی ئەو باسەی دەگێڕایەوە کە چۆن پێی تا ئەژنۆ لەنێو زگی جوانە گاکە توایەوە، لەگەرمەی ئەم باسەیدا تڕێکی گەورەی بەردابووەوە، گەنجەکانیش بۆ یادگاری تڕەکەی مام جوامێر، نەمامێکی شاتوویان لەوشوێنەدا رواند.. ئەوا سەدوو چەند ساڵێکە پیرە شاتوو نەزرگایە، لەئاواییەکانی دەوروبەریشەوە بۆی دێن، کەم کەسیش بێ فاتیحا خوێندنێ بەو گوزەرەدا تێدەپەڕێ!

ئەو شەوە، نەریمان بەشانازییەوە دەیوت:

- وەك باپیرەم شێخی بەرماڵە، منو باوکیشم هەر شێخین!

نەریمان لەگەڵ ئەم قسانەیدا، پەلاماری پلە گۆشتەکانی دەدا، بەنیوەبرژاوییەوە، دەیتەپاندە دەمی، پلێکی گەورەی بۆ قوت نەدرا، پەڕییە قورگی، چاوەکانی سوورهەڵگەڕان، کەوتە کۆکەکۆك، تڕێکی گەورەی بەردا!

ئەو شەوە حەمەو هاوڕێکانی لەبەر پێکەنین گەر دەستو پێیان ببڕابا ئاگایان لەخۆ نەدەبوو.. کەولۆو ئێسقانی نێرەکەیان لەشوێنی تڕەکەی نەریماندا نایە چاڵ، بەردێکی زۆریان لەسەردا کەڵەك کرد، هەندێ چڵەدارو

دەوەنیان لەسەر بەردەکاندا چەقاند، هەریەکەو پارچەییێکی لەپشتوێنەکەی خۆی دڕیو بەستیە چڵەدارەکانەوە.

پاش سالچێكو چەند مانگێ بەسەر ترەکەی نەریماندا بەرێککەوت حەمە رێی دەکەوێتە هەمان شوێن، دەبینێ شوورەییێکی بەردینو بەردەنوێژێکی خاوێنو تەیمانێکی رێكوپێك ببووە بازنەیەکی دەوری ترەکەی نەریمان کە خەلچکی ئاواییەکانی ئەو دەوروبەرە کردبوویانە نەزرگا!

*

لەنێو نیمچە ئەشکەوتەکەدا، حەمەو خەجێو سمایل هەریەکە بەرەو دنیای یادو ماندووبوونی ئەمڕۆیان دەچوون. خەجێ هەوڵی ئەوەی دەدا تا بۆی بکرێ نەناڵێنێ، دان بەخۆیدا بگرێ، بەناڵەی بێدەنگ لەگەڵ ژانەکەیدا ئاشنایەتی پەیدابکات، کەچی جارجارێك ناڵەییێکی دڵتەزێن وەکوو مەلێکی دەربازبووی قەفەس لەدەمییەوە دەردەپەڕی، بیرکردنەوەی حەمەو سمایلی دەپسان لابەلا سەیری یەکدییان دەکرد. بێئەوەی ورتەیان لەدەم بێتەدەر، هەریەکە بێزی لەبێدەسەلاتیو بێکەڵکی خۆی دەکردەوە کە چۆن لەڕووی خەجێی ژانگرتوو دەستەوسان وەستاونو هێیان پێناکرێ، تەنانەت ناشتوانن، بەقسە، بەقسەی نەرم، هەندێ دڵنەوایی پێببەخشن.

جارێکی دی حەمە لەنێوان شەپۆلی گڕی ئاگرەکە بیری بۆ نێو ئاگربارانەکەی ئەم بەیانییەی دێیەکەیان ملی نا.



*

هەرکە بەرەبەیانی ئەمڕۆ وەسمان هاتو وتی:

- مامە حەمە باوکم دەڵێ با خۆیان دەربازکەنو وەخۆکەونو ماتڵ نەبن..

ئەمان بەپەلە، بەباریکەرێیەکەی پاینی ئاسیاوەکەدا داکشان، خەجێ پەڵپی گرت، پاڕایەوە لەسەریەك دەیووت:

- حەمە، سمایل، مەعز بۆ خوا، با بچینە سەر شەخسی شاتووەکە، ئینشائەڵڵا لەم بەلایە دەمانپارێزێو..

یەك دوو تەقەی لەسەر یەك، قسەکەی لەدەمی خەجێدا بڕی، حەمەیش دەرفەتی ئەوەی نەبوو وەلامی بداتەوەو تێیگەیێنێ. بەسەر دەمدا خۆی خست، بەدزە دز خۆیان گەیاندە سەر ملە بەرزەکەی لای ژوورووی ئاوایی، ئەگەرچی شەش حەوت دەقیقە رێ لەئاواییەوە دوورکەوتبوونەوە، کەچی گەلێ بەڕوونی وەسمان یان دەبینی، بەباوکەڕۆو هاوارەوە، بەدەوری تەرمێکدا دەسوڕێتەوە، توومەز، هەرکە وەسمان لەئاسیاوەکە دەگەڕێتەوە، لەبەر ماڵەکەی خۆیاندا تووشی ژەندرمەکان دەبێ، هەرچەندە باوکی تێی خوڕی وەلاکەوێ کەچی حاڵی نەدەبوو، ژەندرمەکانیش بەیەك دوو زللە بناگوێی وەسمان دەتەزێنن، ئەویش هەمووشتێکیان بۆ دەدرکێنێ.. ژەندرمەکان دەسبەجێ حاجی فەرەج دەهێنن لەنێو تەختە زەوییەکەی ناوەڕاستی ئاواییدا تیربارانی دەکەن.

هەرکە دەنگی ئەو یەکدوو تەقەیە هەموو ئاوایی وروژاند، ئەو ژەندرمانەی لەدووری ئاواییدا خۆیان لەبۆسەنابوو بەدەنگی تەقەکانەوە دێنو خۆدەگەیێننە نێو ئاوایی، بگرەوبەردەو باوکەڕۆی وەسمان، قیژەقیژی ژنانو باوکەڕۆی منالآن، ژەندرمەکان شێتگیر دەکەن، بەیەك دوو دەقیقەییێك یەك دوو پیاو سێ چوار ئافرەتو دوو سێ منداڵ لەپاڵ تەرمەکەی حاجی فەرەجدا لەنێو خوێنی خۆیاندا دەگەوزێنن.. حەمەو سمایل لەئاستی ئەم دیمەنەدا واقیان وڕما، بەسەرسوڕمانەوە سەیری یەکدییان کرد، بێ قسە خەجێیان جێهێشت، کەمتر لەسێ چوار دەقیقەییێك بەدەمانچەی روتو تفەنگی لەسەر پێ دیوارە روخاوێکی نزیك تەختە زەوییەکەی ناوەڕاستی ئاوایی دەکەنە سوپەر، لێیان دێنەدەست، بەئاسانی چەند ژەندرمەیەك ساردەکەنەوە، یەك دووانێکیان دەرباز دەبن، تفەنگەکانیان فڕێدەدەن، چنگ لەسەرشان بەرەو خوار تێی دەقوچێنن!

سمایل گەلێ حەزی دەکرد وەدویان کەوێ، کەچی حەمە تێی خوڕیو گەڕاندییەوە.. زەردەخەنە روخسارییانی گەشاندەوە، بێئەوەی خۆیان ئاشکرابکەن گورجو چاپوك بەرەو لای خەجێ گەڕانەوە.

خەجێ لەسەر ملەکەوە بەجووانی ئەم دیمەنەی دەبینی، نەیدەزانی بۆ وای لێهات، وەلێ دەیزانی حەمە هۆی ئەم گۆبەنو خوێنڕشتنەیە، بۆیە بەبێدەنگییەوە پێشوازی کردن، بەپەلە کەوتنەڕێ..

پاش چێشتنگاو (دێ) بەگەورەو بچووکەوە —جگە لەهەیەرە کەچەڵ- کە ژەندرمەکان جیایان کردبووەوە، بوونە خۆراکی رقو کینەی ئەو چەند



سەد ژەندرمانە کە بۆ تۆڵەسەندنەوە هاتبوون، لەسەر تەپۆڵکەیەکدا هەیەرە کەچەڵیان بەرانبەر بەئاگری دێیەکە راگرتبوو بەجوانی دەیبینی:

(ئەوا خزمو کەسوکارەکەی، دانیشتوانی دێ. بەدەم تەقەی ژەندرمەکانەوە بەدەما دەکەون، لاشەکانیان لەنێو ئاگرەکەدا دەبێتە خۆڵەمێش، ئەوەتا بەبەرچاوییەوە ئاگر گەیشتە خانوەکەی، ئەوا گڕە سوورەکە روویکردە گەوڕەکەی، شێتانە مەڕو بزنەکانی دەبارێنن، ئەوەتا بەپەلەپروزێ دایکە پیرە نابیناکەی هەیەر بەگۆچانەکەی دەستییەوە ئەمسەروئەوسەر دەکات، گوێی لێیە هاواردەکات:

(رۆڵە هەیەر.. کوڕم هەیەر، ئاگات لەخۆت بێ)

ئەوا بەدەما کەوت، ئاگر نزیکی بووەوە، ئەوا لەنێو گڕەکەدا ون بوو.. کزەبا ساردەکەش زیاتر ئاگرەکە دەگەشێنێتەوە، ئەوا ئەم کادان بۆ ئەو کادان ئاگر دەنێرێ.. یەکە یەکە خانووەکان دادەتەپێن.. هەیەر هەناسەسوارە.. ئەوا بەڕوونی مچەی تەمەن حەوت ساڵەی برازای دەبینێ، مچە دەگرییێتو باوکەڕۆیەتی ، ئەوا لەنێوان خوێنی قالەی باوکیو مەریەمی دایکیدا دۆش داماوە، سەری لێ تێکچووە، نازانێ چییە!

هەیەر بۆ یەکەمجار ویستی خۆی لەدەستی ژەندرمەکان راپسکێنێ، بچێتە هانای مچەی برازایو بیبێتە فریادرەسی، کەچی ترس وەکوو بزمار تەوقی سەری چەقاندبووە سەر زەوییەکە، نەیتوانی بەئاستەمیش لەجێی خۆیدا ببزوێ.. دەنگی تەقەی شێتانەی ژەندرمەکان ئاسمانی سووری دێی

هێنابووە لەرزە، لەنێوان شەپۆلە زلەکانی ئاگرەکەوە جەستەی مرۆو ئاژەڵ سەمای مەرگیان دەکرد.

(هەیەرە کەچەڵ) واقی وڕمابوو، حەپەسان رێی هەموو شتێکی لێگرتبوو، باوەڕی بەچاوانی خۆی نەبوو، وایدەزانی خەونێکی ترسناك دەبینێو مۆتەکە چۆکی ناوەتە سەر سنگی، تەنگەنەفەس بوو، ئاگرە بێئامانەکەیش، سەوزو وشکی دێی دەماشیەوە، هەیەر هەرگیز نەیدەویست وابێ، مەبەستی تەنها حەمە بوو، ئاگری ناخی هەیەر لەئاگری دێیەکە گەرمتر بوو، ئەگەرچی نەیدەتوانی لەجێیەکەی خۆی ببزوێ، وەلێ ناخی بورکانێکی تازە تەقیو بوو، وشەی ئاگرین لەناخیەوە دەردەپەڕی:

- (ئای خەجێی سەگبابی کەرانباوگاو.. ئەمیشت پێکردم؟ جا چی ما؟ منالْ، ئافرەت، دایکم، خزموکەسوکارم، چی ما؟ خوێنی ئەمانە هەموو لەئەستۆی تە.. تە.. تۆدایە!

دەی هەیەر بیخۆ، ئیخباری دەکەیت؟ بیخۆ ئەمە دەردت بێ! ئای خەجێی سەگباب، هەموو دنیات لێم کردە دوژمن.. ئا خەجێ.. شەوورۆژت لێتێکدام، خەمت لێکردمە نانو ئاو.. شەوان بەداخەوە دەتلامەوە وات لێکردم رقم لەهەمو کەسێ بێتەوە.. دەی هەیەر بیخۆ ئیخباری دەکەیت؟بیخۆ

هەموو تەمەنو یاداشتەکانی تەمەنی (هەیەرکەچەڵ) لەئاستی ئەم دیمەنەدا سەمایان دەکرد..



ئەو رۆژە سەختەی چووە داخوازی خەجێی پورزای، توانجەکانی حەمە.. سەرنجە ژەهراوییەکانی خەڵکی ئاوایی.. نزاو پاڕانەوەو نوزە نوزی دایکە کوێرەکەی..

(هەیەر.. کوڕم، تا نەمردووم ژنێ بێنە)

خوتەخوتی مەریەمی ژنبرای.. ژیکەڵەیی مچەی برازای.. ماینە کوێتەکەی جووتەگاو هەوجاڕو مانگا زەردەکەی.. مێگەلە مەڕوبزنەکانی.. دارهەنجیرو قەیسییەکانی.. یاغدانەکەی.. مێزەرو ستارخانییەکەی خۆزیاو ئومێدو هیواو حەزی.. هەناسەساردەکانی، هەموو ئەمانە لەگەڵ ئاگری دیدا تێکەڵ ببوونو ئاگرەکەیان زیاتر دەگەشانەوە.

(-ئای خەجێی سەگباوکی کەرانباوگاو.. چیت پێنەکردم؟ جا چی ما نا هەیەر؟ چی ما؟ بیخۆ ئیخباری دەکەیت؟)

هەرکە سەرکردەی ژەندرمەکان بۆی دەرکەوت. زیندەوەر دەرنەچووە، سەوزو وشك، زەخیرەو ئاژەڵ. بونەتە خۆڵەمێش. بەچاو یەك دوو ژەندرمەی تێگەیاند، بەپەلە چوونە خوارووی ئاوایی، چەند سپیدارێکیان بڕییەوە، هێنایان، لەناوەڕاستی ئاوایی خاپوردا، لەنێو خۆڵەمێشو دوکەڵدا، سێ دارەیان دامەزراند، پشتوێنەکەی هەیەر — یان کردەوە، لەگەردنیان نا، هەڵیانواسی، چەند شەقاوێ لێی دوورکەوتنەوە، بە برۆهەڵتەکاندنی سەرکردەی ژەندرمەکان، هەیەر گوللەباران کرا، هەر ژەندرمەو زیاتر لەگوللەیەکی پێوەناو کردیانە سەرەن!

هەرکە تك تك خوێنەکەی هەیەر دەتکایە سەر خۆڵەمێشە گەرمەکەی (دێ) دەنگی کزەییێکی سەیر لەخۆڵەمێشەکە بزردەبووەوە. زمانحاڵی یاخیبونی خۆی دەخستەڕوو، یاخیبوونی خۆڵەمێشی دانیشتوانی ئاوایی خاپووربوو، نەیدەویست بەپیسیو نەگریسی ئەو خوێنە، پیرۆزییەکەی لەکەدار بێت، هەیەریش لەسەرەمەرگدا، تەنها گوێی لەدەنگی کزەکزی خۆڵەمێشەکە بوو!

*

کاروانی ژەندرمە، پاش ئەوەی ئەو چوار پێنج تەرمەی هاوپیشەی خۆیان نایە سەر هێسترو ئەسپەکانیان، ئاوایی خاپووریان جێهێشت!

ئاواییەکە لەنێوان دوو زنجیرە چیای ئەویندارى یەکدییا، هەمیشە لەشەو و ڕۆژێکدا بەیانیانو ئێواران هەتاویان بەیەکدی دەسپارد..

(دێیەکە) لەنیمچە پێدەشتێکی هەندێ بەرینو قۆقزدائۆقرەی گرتبوو، بەلای چەپیدا دۆڵێکی هەمیشە چڕ، دارگوێزو قەیسیو هەنارو هەنجیرو سیندار وەك یاساوڵی ئەمبەروئەوبەری زێیەکی چکۆڵە بوون.. سێبەری دارەکان جێی حەسانەوەی ڕێبوارانی ماندوو دڵدارانی دەروون سافو جێ گەشتی (سیانزە بەدەر) و بەزمی لاوان بوو.. لای ڕاستی دێ دەشتێکی بەرین، چەشنی سفرەی خواوەند ڕاخرابوو، کێڵگەی گەنمو جۆو توتنو مەرەزەی لەئامێز نابوو.. دێ پاڵی دابووە قەد گردێکی بەرز، ڕەزێکی بێهاوتاش ببووە کەوانی گردەکە!



پێش ئەوەی وەسمان بگاتە ئاسیاوەکەی (دێ) وەکوو هەموو بەرەبەیانێکی دی، قاسپەی کەوی یاڵەکان، ڕقەبەرایەتییان لەگەڵ دەنگی کەڵەشێرەکانی ئاواییدا دەکرد، هەریەکەو مەبەستی بوو زووتر هەتاو و دانیشتوانی (دێ) لەخەوهەڵسێنێ، مەلا ڕەسولیش بەچەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەنگە زولاڵەکەی تێکەڵ بەقاسپەی کەوو دەنگی کەڵەشێرەکان دەکرد، ئەم دەنگە تێکەڵانە کونەپەپوو واشە هەڵنشیوەکانی سەر کێلە بەرزەکانی گۆڕستانەکەی ئاوایی هەڵدەفڕان.. گۆڕستانەکە لەتەختە زەوییەکی بەپیتدا گیانی باوباپیرانو جگەرگۆشەکانی دێی گرتبووە خۆیەوە، گومەزی بچوكو قەبری هەڵگیراو لەنێو دارگوێزە کوڵەبنەکاندا ئارامی هەمیشەییان گرتبوو. چەند پیرەدار بەڕوویێکیش وەك خێوی پاسەوان لەناوەندی گۆڕستانەکەدا بوون، چ کەسێ بۆی نەبوو چڵێکیان لێکاتەوەو بیسوتێنێ پاش هەموو سەڵاییێکی مەلارەسولو ئەڵڵاهوئەکبەرە بەسۆزەکەی، زۆربەی زۆری پیاوانی دێ ڕوویان لەمزگەوتەکە دەکرد.

مزگەوتەکە، خۆی بۆ خۆی مێژوویێك بوو، گەورەو بچوکی ئەو هەرێمە دەماودەمو پشتاوپشت دەیانگێڕایەوە گوایە (سەی پیر خدر) چەند سەد ساڵێ لەمەوبەر، پاش ئاوارەیی لەو دێیەدا نیشتەجێ دەبێو مزگەوتێ دروست دەکات. لەکاتی دارەڕاکردندا سەی پیر خدرو کوڕەکەی دەبینن دارەکان کورتن، یەك دوو جار باوك بەکوڕە دەڵێ:

- (ئاسنگەر دەتوانێ ئاسن درێژکاتەوە، ئێمە ناتوانین ئەم دارانە درێژکەینەوە.. دەی بابە گیان ئەوسەری دارەکەم لەگەڵدا بگرەو ناوی خوای لێبێنە).

بەجۆرێ دارەکان درێژدەبنەوە، لەدارەڕاکردندا، گەزێ لەمسەرو گەزێ لەوسەر زیاد دەکەن، لەکارەکەیان دەبنەوە، کوڕە ئەم نهێنییە لەنێو خەڵکی ئاواییدا ئاشکرادەکات، باوك گەلێکی پێناخۆش دەبێ، دوعا لەکوڕەکەی دەکاتو پێی دەڵێت:

- وەك نهێنیت ئاشکرا کردم، بڕۆ وێڵ بە!

کوڕە دەبێتە کۆترەباریکەیێکی سپی، باڵدەگرێتەوە لەدووری هەزار مەترێکا لەخوار مزگەوتەکەی باوکیدا، لەسەر داربەڕوییێکی پیر دەنیشێتەوە، دەیکاتە هێلانە.. ساڵ دێو ساڵ تێدەپەڕێ پیرەداربەڕووش دەبێتە نەزرگا!

*

کاروانی ژەندرمەکان، بەرەو خوار بوونەوە، وەك ئەوەی کارێکی پیرۆزیان کردبێ، زەردەخەنەی سەرکەوتن لەسەر لێوانیاندا پەرس دەبوەوە.. ئەگەر هەر یەك لەو ژەندرمانە ئاوڕێ بداتەوە ئەوا بەجووانی (دێ) دەبینێ:

گومەزەکەی سەی پیر خدریش داتەپیوە، جگە لەدوکەڵو خۆڵەمێشو سێدارەکەی هەیەرو شاتوو نەزرگاکەی جوامێر چی دی بەدی ناکات.

*



دیمەنی رووداوەکانی ئەم بەیانییە، بەڕوونی بەبەرچاوی حەمەدا تێدەپەڕی، ناوبەناویش هەناسەیێکی گەرمی هەڵدەکێشا، لەرەوشتی ژەندرمەکان چاك گەیشتبوو، حەمە دەیزانی کە سمایلو خەجێ-یش هەر هەمان هەستیان هەیە، کە ئێستا نەك تەنها زینەوەر لەدێدا نەماوە، بەڵکو (دێ)خۆڵەمێشی ئەم ئاگرەی بەردەستیان خامۆشە!

خەجێ توانای بەرگری نەما، کەوتە ناڵە، حەمەو سمایلی دەسەوسان کردبوون.. خەجێ رەنگی دەهێناو رەنگی دەبرد، بەبێدەنگی فرمێسك بەچاوەکانیدا دەهاتنەخوارێ، ژان پێی پێدەدا، بەتوندی گازی لەلێوەکانی خۆی دەگرت، لەم کاتە سەختەی ژیانیدا سوکە بڕیارێ بەدەروونیان گوزەری کرد، سەرەتای بێهودەیی بەرگری بەرچاوی رۆشنکردەوە، بێزی لەشەرم هاتەوە، نەترسی هەموو شانەکانی لەشی بەسەر کرد.. چاوەکانی وەك دوو چرای گەش ناخی رۆشنکردەوە خۆی بەدی کرد، هەرچی کونجو کەلەبەری تاریكو شێیاوی بیرو دەروونی هەبوو، هەمووی رۆشن بووەتەوە.

سمایل زوو زوو دەچووە دەرێی نیمچە ئەشکەوتەکە، کۆتەرەداری دیی دەهێناو ئاگرەکەی زیاتر خۆش دەکرد، وەك بڵێی هەموو خەمێکی سمایل تەنها ئەم ئاگرە بێو نابێ لێگەڕێ کەم کاتو بکوژێتەوە، پەیوەندییێکی نادیارو سەیر لەنێوان رۆحی سمایلو ئاگرەکەدا دروست ببوو، لەرادەی عەشقو خۆشەویستی دا بوو، رۆحی سمایل پەپولەئاسا بەدەوری ئاگرەکەدا دەسوڕایەوە، دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر جەستەی گرتبوو، بەفەرمانی راستەوڕاستی رۆح، سمایل دەجوڵایەوە، گاه سکڵەکانی لەیەکدی نزیك

دەکردەوە، گاه کۆتەرەداری دیی دەخستە سەریو دەیگەشانەوە، لەگەڵ گەشانەوەی ئاگرکەدا رۆحی بڵێسەی زێڕینی لێهەڵدەسا، بەبێدەنگییەوە، سۆزی سمایلو گڕی ئاگرەکە دڵدارییان دەکرد!

*

حەمە هەرگیز بەخەیاڵیدا نەهاتبوو رۆژێ ببێ بەمامان، هێ کاتێکیش بەمێشکی سمایلدا نەهاتبوو خۆی لەڕووی ئافرەتێکدا ببینێ ژان دەسەپاچەی کردبێ، خەجێ بەخەونیش بەرەچاویدا تێنەپەڕیبوو لەڕووی پیاواندا لنگ داچەقێنێو لەنیمچە ئەشکەوتێکدا بناڵێنێو کەسێکی شارەزایش بەهانایەوە نەیێت!

بۆ یەکەمجار حەمە هەستی بەقورسی کار کرد، ئەیزانی کاری قورس ئەوە نییە مرۆ دەسەڵاتی بەسەردا نەشکێو نەتوانێ شتێکی لێوەئەنجام بێنێ، لەڕوویدا دەسەوسانو بێچارە بێ.. حەمە بۆی دەرکەوت کاری قورس ئەو کارەیە کە هەرگیز بیری لێنەکرابێتەوە لەپڕو لەناوەختا تووشی پیاو بێت، نەخوازەڵڵا ئەوکاتەش شەرمو ترسو ماندوویەتی ئامێتەی بووبێ!

شەو داهات، ئەو هەرێمەی لەنێو نهێنیو بێدەنگی خۆیدا پێیایەوە، ناوبەناوێ لورەی گەلەگورگی برسی بێدەنگییەکەی شەقار دەکرد.. چ شەوێکە؟!

تەمەنی رۆژێکی سەختی سێ کڵۆڵی کەنەفتی لولداوە، لەنێو بێجوڵەییو حەپەسان، لەڕووی نهێنییەکانی خۆیدا رایانیگرتووە..



شەوێکە، ورشەی ئەستێرەکانو تریفە زەردو لەرز لێنیشتووەکەی مانگیش لەسەر ریتمی دەنگی هەناسەساردی سێ کلۆڵدا سەماییێکی شێتانە بۆ بێدەنگیو بێگەردی. بەفری سەر لوتکەکان دەکەن.. ناڵە بەسۆزەکەی خەجێش بووەتە مایستڕۆ ژانە پەنگخواردووەکانی حەمەو سمایلی هێناوەتە جۆش.. تا چاو بڕکات ئاسمانێکی قوڵ، تەنراو بەئەستێرەی لەرز لێنیشتوو. کزەباییێکی سارد، بۆشاییێکی بێکۆتایی، سێ دەروونی کەیل، یاداشتی رۆژێکی سەختو ناڵەو نوزەییێکی کلۆڵو بزە بەخشو پڕئومێد! شەوێکە هەموو مرۆڤایەتی لەنیمچە ئەشکەوتێکدا دەسەوسانو چاوەڕوانە!

شەوێکەو لورەی گورگە برسییەکان بووەتە جۆرە نوێژو پاڕانەوەییێك، تێکەڵی کزەبا ساردەکە بووە، چڵەدارە رووتەکان ماچ دەکاتو پاشان بەرەو بارەگای خواوەند دەڕوات!

شەوێکەو ئاسمان جارجارێ تەنێك دادەکشێنێو بۆ ساتێ کەمتر هێڵێکی رۆشن وەپاش خۆیەوە رادەکێشێ، شمشێر ئاسا دڵی خەجێ شەق دەکات، خەجێ لەگەڵ هەر ئەستێرەییێکی داکشاودا هەناسەییێکی گەرم هەڵدەکێشێ، وادەزانێ ئەو ئەستێرەیە رۆحی کەسێکە، لەبەندیخانەی جەستەیەکدا ئازاد بووە.. خەجێ گەلێ بەخۆزیای داکشانی ئەستێرەکەی خۆی بوو، بۆئەوەی چیدی نەبێتە مایەی خەمو پەژارەیی حەمەو سمایل..

شەوێکە.. مردن وەك کۆترێکی ئاوەکیو تەریك دەروونی خەجێی کردۆتە هێلانەو ئۆقرەی لێهەڵگیراوەو دەگمێنێ.. خەجێ نەك تەنها بیر

لەمردن دەکاتەوە، بەڵکو مردن بەبۆنو قەوارەوە بووەتە دیمەنێکی بینراوی بەرچاوی، هەستیش بەژانو ئارامی رۆح کێشان دەکات، رۆحی دەیەوێ ماڵئاوایی بکاتو دەرباز بێ.. تائێستا خەجێ چەند مردنو چەند جۆر مردنی کەسانی دێی بینیوە ئەوا بوردی لەبەرچاویا دووبارەئەبێتەوەو تێدەپەڕێ. چ شەوێکە؟ خەجێ هەناسەسوارو رەنگ بواردووەو رەنگی مردووانی لێنیشتووە.. سمایل بێدەنگە، شەرم رێی هەموو شتێکی لێگرتووە، بێمەبەست سەیری بۆشایی ئاسمان دەکات، حەمەیش سەری ناوەتە نێوان ئەژنۆکانییەوە، دۆش داماوە..

خەجێ لەنیوەشەودا هەندێ داساکا، حەمەو سمایل چاویان بڕیبووە روخسارە زەردهەڵگەڕاوەکەی.. هەرکە خەجێ سەری نایە نێوان ئەژنۆکانییەوە، خەوەنوتکە بردییەوە، حەمە لەنێو بێدەنگییا بەرەو بەرەبەیانی ئەمڕۆ خەیاڵی چوو و کەوتە خۆدواندن:

(-ئا, وای لێهات.. دۆڕاین.. نەء فرۆشراین.. نا.. نا نایزانم، هەریەکەو قسەیێکی دەکرد، من بەچاکی ئەم شتانە نازانم، سیاسەت چیەکان دەیزانن.. تڕحێو جووانی دەزانن!! تەڕ بوینە حکومەت! ئیتر ئاش بەتاڵ یانی ئاش بەتاڵ.. ئەی هاوار خۆ سەدان هاوڕێم گیرانو هەندێکیان کوژران.. من؟ ئا من! رەنگە زۆر ترسنۆكو بێفەڕ بم.. نا.. نا.. باوەڕناکەم! نا.. ئەی ئەوە نییە ئەم بەیانییە بوومە هۆی ئەم فەرتەنەیە.. جا گەر خۆمم بدابا بەدەستەوە ئەوا هەر من دەکوژرام، ئیتر نە حاجی فەرەجو نە.. نە.. نە ئاواییش دەزانم بەخوا چاك دەزانم ئێستا دێ،بەردی



بەسەر بەردەوە نەماوە! ها.. ژەندرمەکان دەس هەڵنەگرن؟ هێ، هێی، خۆ کەسێکیان لێنەکوژرابوو وا شێتانە دەسڕێژیان لەخەڵکەکە دەکرد، نەخوازەڵڵا چوارپێنجێکیان لێبکوژرێ! ئەوا داروبەردیش دەسوتێنن.. من ئەیانناسم چ دڕندەو پیاوخۆرێکن.. ئای حەمەی قوڕمساغ کە ئەمە دەزانی بۆ وات کرد؟ بۆ بوویتە هۆی ئەم کارەساتە؟ من.. ئا.. من دیارە زۆر خۆپەرستو بێمانام.. هەر هێ نەبوایە وەکوو زۆربەی هاوڕێکانم رامکردبا، پاش ساڵێ دوانی دی، خوا دەزانێ چی دەبوو، نازانم ئەم بێئەقڵیەم چییەو بۆچی وا کەر بووم؟ چاکە گەر خۆمم دابا بەدەستەوە ئەوا لەبەرچاوی هەموو خەڵکی ئاواییدا بێکەس کوژیان دەکردمو دەیانکردمە پەند.. نا.. نا باشتر ئەی چۆن ئەم میللەتە ئەم ژەندرمەو رژێمە بناسێت؟ تڕحێو بۆ ئەم بیرکردنەوەیەم.. هەی حەمەی باوەحیز! نەدەبوو خۆت بکەیت بەنموونەو لەرێی کوژرانی تۆوە میللتەکەت بیانناسێت؟ نەء.. نەء ئەوسا خەڵکەکە دەیانووت (لەسەر حەق کوشتیان.. حەمە تفەنگی هەڵگرتبوو، داوای حکومەتی دەکرد، بۆیە کوشتیان!) ئەوسا ناحەزەکانیشم پڕبەدڵ سەیری تەرمەکەیان دەکردمو پێدەکەنین.. تڕحێو تەرمی چی؟ لەت لەتیان دەکردم.. نا.. نا.. رەنگە پولیان پێدابامو بیانکردبام بەجاسوس، وەپێش خۆیان دابام ناونیشانی هاوڕێکانی خۆمم بۆ ئاشکراکردبان.. دوورنییە هەموو ئیشێکیان پێم کردبا.. پاشانیش ئیشیان پێنەمابام، ئەوسا بەئاسانی لەناویان دەبردم! نازانم نا ئای کە چەند سەرم دێشێ.. تازە وایلێهات بەهەرحاڵ من

پیاوێکی ئازا نیم.. هەر پیاو نیم، بێفەڕو خۆپەرستم.. بۆ تەنها هەر من ژنم هەبوو؟ خۆ زۆربەی زۆری هاوڕێکانم کوشتی منداڵو دایکو باوکی لێکەوتەشیان هەبوو، کەچی جێیان هێشتو خۆیان رزگارکردو چوونە (ئەودیو) چ ئاگربارانو گۆبەندیشیان نەنایەوە.. ئەی باوەحیزینە، بێشەرەفینە، تف لەرەسەنو هەرچییەکیان هەیە! ژاندار، ژانگو شەرت بێ بەشەرتی خوا، مەگەر بەردەستم نەکەون! پیاح جا چی دەکەم؟ ئەوپەڕی سێ چوارێکی دییان لێدەکوژم! جا ئەمە چییە؟ چارەی چ دەکات؟ چ دەگۆڕێ؟ هێ.. هەر هێ هێ! نەك هەر تەنها بێفەڕو ئازا نیم بەڵکو ناشزانم بیربکەمەوە، هەر قسەی حەلەقو مەلەق دەکەم! ترحێو.. دەی تازە وای لێهاتو دەبا وابێ هەر وای لێبێت.. ئەمەم لەنێوچاواندا نوسراوە.. ها.. حەمە.. جارێ لەکوێتە کەرپیاو.. چیت دیوە لەمەولا لەمەولا.. ئێ.. هەرچییەك دەبێ با ببێ چی بکەم، خوا کەریمە..)

*

سمایل بەوردییەوە سەرنجی بێدەنگییەکەی حەمەی دەدا، تا خۆیشی لەنێو دنیای یادو ئاکامی کارەساتەکەی ئەم بەیانیەدا خۆی بینیەوە، بەتایبەتی کە حەمەی دەبینی دەست بەسەر ئەژنۆکانیدا دەکێشێ، وشەی پچڕ پچڕ زردەخەنەی کاڵ بەسەر لێوەکانیا بۆ ساتێ کەمتر دەشنێتەوە.. بەوردی گوێی لە دواوشەی حەمە بوو کە بێئاگا دەیوت (لەمەولا.. لەمەولا.. خوا کەریمە..)



(-ئا.. کاکم دەڵێ (خوا کەریمە، لەمەولا، لەمەولا).. دەڵێ خوا کەریمە.. خوا.. خوا.. ئەوانە هاتبوون بیکوژن! ئەرێوەڵڵا ئەیانگرتو بەقۆناغەتفەنگ، ئەیانتاساند.. ئەوسا منیش دەبوومە گاڵتەچی خەڵکەکە، ئیتر دەبوایێ سەر بەرزنەکەمەوە..).

پێیان دەگوتم: هەموو کەسێ قسەبکات تۆ قسە مەکە، ئەی حەمەی براتیان لەبەرچاوت نەتاساند، تۆیش وەکوو ماکەر سەیرت دەکرد! بەزاتی خوا نەك دە دوانزە ژەندرمە، سەدی دیش بهاتبان دەربەست نەدەهاتم.. جا ئەو سەگانە چین؟ کوشتنیانو ئاوخواردنەوە، چۆن خۆمم سەرشۆڕدەکرد، کاکم غەدری کرد نەیهێشت ئەو یەك دووەش لنگەوقووچ کەم! ئێ ئەوا ئەو ژەندرمانە دەچنەوە، ئیتر خوا دەزانێ چی لەگەڵ خۆیاندا دەهێننو چی بەسەر دێ دەهێنن.. دڵنیام ئێستا وێرانیان کردووە.. دەستیان خۆش بێ! دێ.. دێ خۆ یەك دووانێکیان نەبێ، ئەوانەی دییان وایاندەزانی جەنگاوەرەکان کرێگرتەی باوکیانن، لەسەر ماڵو موڵکی خۆیان دانیشتوونو هێیان نەدەکرد، کەچی بەقسەی زلیش هێیان نەهێشتبۆوەو دەیانووت، ئەرێ بۆ ئەمە ناکەن؟.. ئەرێ بۆ ئەوە ناکەن؟.. ئەرێ؟.. ئەرێ؟..

خوای دەکرد ئێستا دێ زیندەوەری تیادا نەمابێ، نەوەڵڵا هەر دەربەست نیم.. با هەموو خزمو دۆستو ناسیاو بن! چش! ئای کە زوو.. بەڵێ زوو هەر بەکاکم دەوت (با منیش لەگەڵ ئێوەدا بم، تفەنگم بدەنێ منیش..) کەچی هەر پێی دەوتم (منالی، منالی) منالی چی؟ خۆ ئەم

بەیانیە بۆی دەرکەوت منالّ نیم.. سا بەزاتی خوا دووئەوەندەی ئەوم لەدەس دێ.. منالّی منالّی منالّ.. تەڕەماش.. گەر بەمن بوایێت هەموو تفەنگو فیشەکی ئەو پێنج شەش ژەندرمە کوژراوانەم کۆدەکردەوە، ئەو دە دوانزە گەنجە خوێنگەرمانەی ئاواییم کۆدەکردەوە هەریەکەو تفەنگێکم دەدایێ، لەبۆسەدا چاوەڕێی ژەندرمەمان دەکرد، تا خوا دەیووت بەس لەو سەگانەمان دەکوشت.. خۆ دێ هەر وێران دەکرا.. دەبا پاشان خوای دەکرد خاکیان بەتورەکە دەبێژا.. خۆ کاکم ئەوەندە توڕەیە پیاو ناوێرێ قسەی لەگەڵدا بکات! گەر بموتبا: کاکە با بە چ لایەکدا نەچین، ئەوا کێوەکانی بەیان- مان لەپشت دایە، بۆ خۆ بەرگری دەکەین..) دیسان پێی دەوتم (منالّی منالّی) دە چاکە، کاکە تۆ گەورەی بزانین چ دەکەی؟ترِحێو، بۆ کوێمان دەبەی؟ خۆ ئێستا گەر بلّێم (کاکە من نایێمو دەگەڕێمەوەو بەتەنها دەبمە ئەوکەسەی کە زەلالەتیان پێدێنمو تۆلّەی حاجی فەرەجو.. (ئەوا دەلّێ) لەکاتو شوێنێکی ئاوهادا جێم دێلّی هەر لەبەر ئەم قسەیەم دەرم دەکات، نایەلّێ لەگەلّیانا بکەومەڕێ.. خۆ چاکی دەناسم، هەر نەیهێشت چەك هەلّگرم.. ڕێی هەمو شتێکی لێگرتم.. (منالّی.. منالّی) وادەزانێ ئیش بەڕیشە.. دەفەرموو خۆی ریشی هەیە، دە بزانم چ دەکات؟ بۆ کوێمان دەبات، خۆ ناوێرم بپرسمو بلّێم (کاکە بۆ کوێ دەچین؟) هەر سەرکوێرم دەکات!

سمایل وەك ئەوەی جلّەوی دوا وشەی لەدەست بەربووبێ بەدەنگێکی بیستراوو لەسەریەك ئەم قسەیەی دووبارەئەکردەوە (هەر سەر کوێرم



دەکات) حەمە سەری بەرزکردەوە، سەرنجی لەنێوان سمایلی گرژو مۆنو خەجێی رەنگبواردوو، ئەمسەروئەوسەری دەکرد. خەجێش سەرەڕای ئەم بارە ناهەموارەی بەهەست دەیزانی حەمەو سمایل بیر لەچی دەکەنەوەو بۆچی دۆش داماون! تەنها ترسو برسیەتیو ماندووبوون نییە وا ئەم نیگا بێرەنگو بۆنەی چاپ کردووەتە سەر روخساریان! بەجووانیو رەوانیش گوێ لەقسەی (لەمەولا، لەمەولا خوا کەریمە-کەی حەمە بوو، هەر بەهەمان رەوانییەوە گوێ لەقسەی (سەرکوێری کردم، سەرکوێرم دەکات-ەکەی) سمایل بوو.

ئەم دوو رستەیەی حەمەو سمایل بیری خەجێیان پەلکێش کرد، بۆ ئەو رۆژەی کە هەیەرە کەچەلّ، لەسەر رێی کانیدا پێی وت:

- خوا کەریمە خەجێ، پورزامی، رێزم زۆر بوو بۆت کەچی تۆیش لەنێو ئەو کەچەلّە چییە شووی پێبکەم..

چاکە خەجێ لەمەولا لەمەولا دەبینی، ئاگرت لەجەرگو هەناوم بەردا سەرکوێرت کردم. دەبێ ئاگر لەرۆحو مالّت بەردەم، دەمبینی چ هەیەرە کەچەلّێکم.

خەجێ چاکتر بەرەو ناخی خۆی داچۆڕا..

- (ئای هەیەر، خۆ دوێنێ بانگی عەسری نەدابوو، بینیمیت، هەناسەیێکی گەرمت هەلّکێشا.. حەقت بوو! جا با پورزام بێ، با هەر حەزت لێم کردبێ، یانی گەر حەزت لێکردم، دەبێ منیش حەزت

لێبکەم؟ ئاخر کەی وابووە هەیەر ئەرێ هەیەر، بەخوا هەر تۆیت ئیخباریت لەحەمە کردووە، دڵم وادەڵێ، بەڵێ هەر تۆیت!)

دەسخۆش هەیەر، ئەمەیشت کرد.. دەك بەزووخاڵ بیت.. گەر ئەمەت نەکردبا کەی هەیەر دەبوویت... دەمزانی دەبێ بەهەرجۆرێ بێ نامەردی خۆت بنوێنی.. ئافەرین.. کە تازە شووم بەحەمە کردبوو، هەمیشە حیزانە سەرەڕێت پێدەگرتمو دەتووت (_خەجێ چاوەڕێ بە بەقازانی مێردان بەچل ساڵ دێتەکۆڵ).

ئافەرین پیاو ئەم گۆبەندەشت نایەوە.. بریا ئەوەندە ناپیاو و بەدفەساڵ نەدەبوویت.. بریا ئەوەندە بەدرەفتارو بەدگۆ نەدەبوویت.. بزانە من هەرگیز بیرم لەوە دەکردەوە تۆ بەکوڕە کوێخاییێکی دەوڵەمەند بگۆڕمەوە؟ جا با کەچەڵ بیت، با دایکیشت کوێر بێ، خۆ دایکت پوورمە.. بەڵام بێڕەوشت بووی هەیەر، هەیەری خوانەناس، لەهێەو بەدرۆ ناومت لەنێو خەڵکیدا زڕاند، وتبووت خەجێ دەڵێ: (یا هەیەر یا گڵ) هەی ڕووڕەش کەی وام وتبوو! کە شووم بەحەمە کرد خەڵکەکە پێیان دەوتم (ئەی هەیەر، ئەی هەیەر).

هەیەر. خوانەناس.. هەی.. هەی..)

ناڵەییێکی دڵتەزێن لەدەمیەوە هاتەدەر حەمەو سمایل ڕاچڵەکین.

سمایل چووە دەرێ، کۆتەرەداری دە هێناو ئاگرەکەی گەشانەوە، لەدەرێی نیمچە ئەشکەوتەکە ئاگرێکی دیی بۆ خۆی کردەوە، پاڵی دایە گابەردێکەوە.. لەبەرەبەیاندا، ژان زۆری بۆ خەجێ هێنا، هەرچی شەرمو



ترس هەبوو لەئاستی تەوژمی ئەو ژانەدا بوونە هەڵم، هەر لەگەڵ داباریني گزنگی هەتاودا کەوی یاڵو شیوو دەربەندەکانی بەرانبەر نیمچە ئەشکەوتەکە، بەقاسبە مژدەی ڕۆژێکی نوێیان کردە گۆرانی.. بەرەبەیانێکی هێمن لەنێو منداڵدانی شەوێکی سەختو ترس ئامێزدا سەری دەرهێنا، لەنیمچە ئەشکەوتەکەش دەنگێکی نوێ، بێدەنگیو شەرمی حەمەی قوت دا.. مەلۆتکەیەکی وردیلە، سەنگو قەوارەی لەهەموو نەوزاد-ێکی ئاسایی کەمتر بوو، بۆ دنیای بەنهێنی تەنراو چاوانی هەڵهێنا. حەمە وەك ئەوەی کاری سەرەکیی مامانی بێ، کەوتە گەڕ، سمایل لەبەر شەرم لەدیوی دەرەوەی نیمچە ئەشکەوتەکەدا بیری لەسەر هێ شتێ نەدەوەستا، بەوردە بیرکردنەوەی پڕتەو بەرچاوی تاریكو ڕۆشن دەبووەوە، بەشەپۆلی گریانی دەنگە نوێیەکە ڕەوییەوە، زەردەخەنەییێکی ناسكو نەخشین روخساری کردە هێلانە..

ئەم دەنگە نوێیە هێزێکی یەزدانی بەخشییە حەمە، هەستی دەکرد کە نەك تەنها دەتوانێ بەرگری لەچەرمەسەرییەکانی ژیان بکات، بەڵکو لەمردن نەترسێو ژیانی خۆش بوێ، بەئەوپەڕی دڵنیاییەوە ڕووی تێبکات..

حەمە سیامەست ئاسا.. بەدەوری خەجێدا دەسوڕایەوە، لەخۆشیا لەتری دەداو ئەمشانو ئەوشانی دەکرد، هێی پێنەدەوترا، هێ وشەییێکی پێنەبوو لەقەوارەی ئەم دڵخۆشییەدا بێو دەربڕێ!

سێ روخساری گەشو بێدەنگ، لەبەرەبەیانی رۆژێکی گەشتردا کە هەتاو بەرەوتێکی هێمن گزنگی، دائەبارانده سەر شەونمەکانو هەر شەونمەش پڕ بەقەوارەی خۆی تیشکی دەمژیو رەنگدانەوەی هەتاوی لەئامێز نابوو.. وردەوردە لەنێو ئەو شەونمانەدا چاوبازییان لەگەڵ هەتاوی دایکا دەگرد، کۆرپە ئاسا حەزیان بەسۆزی زیاتر دەکرد!

باڵندەکان بەجریوە، ئاهەنگی لەدایکبوونی ملیاردەها وردە هەتاوی نەوزاد-یان دەگێڕا.. تا چاو بڕکات زەویو قەدپاڵ بەزەردەخەنەی زیوینەوە، پێشوازی رۆژی نوێیان دەکرد، لەنێو چاوانی حەمەو سمایلو خەجێ، وردە فرمێسکی بەختیاری رەنگی هەتاوی دایکی دەدایەوە، بەمیهرەوە لەنێوان پێڵووەکانیاندا سەرەتاتکێیان بوو. قاسبەی کەوەکانو دەنگی گریەی مناڵەکە تێکەڵ بوونو بوونە دەنگێ، بەرەو عەرشی خواوەند هەڵکشان.. کە بەگۆرانیو مناڵەکەیش بەگریان پێشوازی رۆژی نوێیان کرد..

حەمە لەنێوان ئەم دوو دەنگە تێکەڵو دژ بەیەکەدا دەنگی هەڵبڕی:

- ناوی ئەحمەدی لێدەنێم!

خەجێو سمایل بەزەردەخەنەوە زمانیان هاتو گۆ..

عومر درێژو بێوەی بێ!

لەو بەرەبەیانەدا حەمە، مناڵەکەی بەوردە پەرۆ پێچایەوە، گرتیە دەست، لەنیمچە ئەشکەوتەکە هاتەدەر، سێ جار تفی رۆکردە سەرزەوی، هەندێ وشەی لەشێوەی منگەمنگ لەدەم هاتەدەر، پاشان بەجۆرە



نزاییێکی سەیر چەشنی نوێژی (چاکان) سەیرێکی ئاسمانی کرد- وردە ئەستێرە بەهێزو ورشەدارەکان لەنێو رۆشناییدا ون دەبوونو لەبەرچاو نەدەمان- مناڵەکەی بەرزکردەوە:

- (خوای گەورە.. بیبینە ئەمیش ئێستا وەکو تۆ بێگەردەو لەمەزنی تۆدایە، بیپارێزە تا پیرۆزیت بپارێزێت).

❊

بێدەنگیو دڵخۆشی لەنێو نیمچە ئەشکەوتەکەدا سیمای رۆژێکی کامیاری مرۆڤایەتی دەنواند..

(مرۆڤایەتی کلۆڵو ماندوو بریندار ئەم (ناوە) لەگەڵ زیقەی یەکەم منالّی سەر ئەم زەمینە، لەنیمچە ئەشکەوتێکا لەدایك بوو: گیان لەبەرێکی سەیر (هەزار رەنگو بێرەنگو رەنگین بەهەموو رەنگ بوو) جەستە چکۆڵەکەی بووە مەیدانی مەشقو جەنگ (بەستەزمانە) گریا، پاڕایەوە، دەنگی گەیشتە ئاسمان.. خواوەندو شەیتان بەپێی رێککەوتنامەی جیابوونەوەیان، کەسیان گوێیان لێنەگرت، فرمانی خۆیان سەپانە سەر ئەو نەو-زادە کلۆڵە، لەجەنگێکی هەمیشەییدا بژیت، لەیەك کاتیشدا ببێتە نوێنەری خواو شەیتان.

لەسەر هەموو شانەکانی لەشیا ناوی مرۆڤەکانی داهاتوو و ناونیشانو بەسەرهاتیان تۆمارکرا.. هەریەکەم رۆژ، یەکەم سات- هێشتا خوێناوەکەی مندالّدانی دایکی بەلەشیەوە بوو، وشك نەبووبووەوە شانەکانی لەشی کەوتنە جەنگو بەگژی یەکدیدا دەچوون.. بۆیە، دوێنێو

ئێستاو سبەی، کوشتن‌و کوژران بەردەوامە مرۆیەو مرۆ دەکوژێ، دەیچەوسێنێتەوە، زەلیلی دەکات، مرۆی کلۆڵ، لەبازنەی مرۆڤایەتی کلۆڵ ترا خوێن‌و فرمێسك‌و رەنج دەکاتە تیمارو برینە تیراوییەکانی خۆی پێ سارێژ دەکات! (مرۆیەو لەدایك دەبێ‌و فێردەبێ‌و دەمرێ!) ئەم گەشتەی نێوان لەدایکبوون‌و فێربوون‌و مەرگی، چەند هەنگاوێکی کوێرانەیە، لەتاریکی زێرابی منداڵدانێکەوە بۆ گۆڕی تاریکتر! گەشتێکی سەیروسەمەرەیە، بەنەفامی تاریکی یەکەم جێدێڵی، بەنیمچە فامەوە بەرەو تاریکتر دەڕوات. بەبێ‌ئاگایی دێت‌و بەبێ ئیختیاری دەگەڕێتەوە، هەر لەتاریکییەوە دێت‌و دەڕوات، دەڕوات‌و دێت!

مەرگ‌و لەدایکبوون دوانەی زگی نیمچە ئەشکەوتێکی دووگیانی ئەم زەمین‌و رەوشتەن!

*

مرۆڤ،

مرۆڤ کلۆڵی خاوەن چارەنووسی نادیار، مرۆڤی هەمیشە ئاوارە، شەیداو بێزار لەسەربەستی نەك تەنها کۆڵەو لەسەربەستی نەگەیشتووە، نەك تەنها لەپێناویدا لەزۆرانبازیدایەو خوێن دەرێژێ‌و خۆی بەخت دەکات، بەڵکو لەگەڵ خودی سەربەستیشدا زۆرانبازییەتی! سەربەستی.. ئەم وشە جاویدو بێ بنە، ئەم نهێنی ئامێزە، هەر لەگەڵ لەدایکبوونیا کچێنیەکەی پژا- مامان، دایك، باوك- بەشداری پژانیان کرد.. لەورۆژەوە



خوێنی کچێنیەکەی دابەش بووەتە سەر مرۆڤ.. قوربەسەر ئەوکەسەی لەتکێ زیاتری بەرکەوتووە!!

سەربەستی.. ئەم وشە بریقەدارو ئاشنا بەگوێیە.. ئەم پیرۆزو مەزنە چەند مەزن‌و پیرۆزتر دەبێ ئەگەر مرۆڤ لەو قەرزە ببەخشێ!

سەربەستی‌و نهێنی، نهێنی‌و سەربەستی یەك گیانداری شەق بوردووی حەقیقەتن، کەلەنیمچە ئەشکەوتێکداو لەبەرەبەیانی شەوێکی پڕ تووڕەبوونی خواوەندو یاخی بوونی شەیتان هاتنەدنیاوە.. بەژانی سەرماڵئامێز سەری دەرهێناو برسییەتی شەقڵی خۆی پێوەنا!

*

دوێنێ سێ کەسی شەکەت، دەروون پڕ لەترس.. تیژڕەوانە بەرەو نادیاری ملیان دەنا.. دەبوایێ خۆ رزگارکەن، باریکەڕێیەکان ئارەقی شین‌و مۆری پێدەردان، هەزاران وشەی یاخی‌و تووڕە لەسەر لێوی بارگرتوویان هەڵنیشتبوو..

دوێنێ، مناڵێ، لەمناڵدانی تاریکی زگێکدا.. شپرزەییێکی لەڕادەبەدەر، شڵەژان، خۆبەختابار زانین، کزەباییێکی سارد، ئەستونگەی ئەو ترسە بەهێزە بوو کە سات بەسات رەنگی لەدەروونیادا دادەکوتی. لەهیواو ئومێدیان دەئالا..

دوێنێ ئێوارێ بەنیمچە ئەشکەوتەکەدا بەرانبەر بەپیرەداربەڕوێکی چڵ‌و پۆپ رزیو، هەرسێکیان گوێیان بۆ قیرە بێئەندازەکەی قەڵەڕەشێکی لف لێ‌ونبوو هەڵخستبوو.. پیرەداربەڕویش دەلەرایەوە، کزەباکەش ئەو

نالّە بەسۆزەی قەلەڕەشی کۆست کەوتووی بەو دەشتو دەرەدا پەخش دەکردەوە، خەجێش سەرباری ژانی خۆی ئەم قیڕەیەشی لێبووە خەمێکی گەورە!

*

حەمەو سمایل بیریان لەوەدەکردەوە، بەهەرجۆر بێ ئەم نیمچە ئەشکەوتە جێ بێڵن، گەر دوابکەون ئەوا دوور نییە بەدگۆییێ بیانبینێو دووچاری دەردەسەرییان بکات، حەمە لەبەرخۆیەوە دەیووت:

- ئاخر خۆ خەجێ ناتوانێ بڕوات.. ئەی خوا

حەمە رووی لەخەجێ کرد:

- خەجێ گیان، چاك ئەحمەد بپێچەوە، ئاگات لێبێ سەرمای نەبێ.. دەی.. دەی.. بێقەزابیت گوڕ دە بەرخۆت.

خەجێ ئەحمەدی گیرساندە سنگیەوە، سمایل شڕەوپڕەکەی کۆکردەوەو دای بەکۆڵا، دەستی دایە تفەنگەکە، چەند هەنگاوێ وەپێش کەوت، حەمەیش دەمانچەکەی نایە بەر پشتوێنو خەجێی لەکۆڵ گرتو بەرەوخوار داکشان، حەمە بەهەنگاوە قورسەکانی باریکە رێیەکەی ماچ دەکرد، حەمە بەرچاوی زۆر روون بوو، گوڕو جۆشێکی سەیر رووی تێکردبوو، پێش ئەوەی بگەنە نێو دۆڵە بەرینەکەی پاینیان، حەمە ئیستێکی کرد سەیری دوای خۆی کرد، سەرنجی چەقاندە سەر ئەو نیمچە ئەشکەوتەی —کە شەوێکی سەیری تەمەن نادیاریان تیا بەسەربرد- ئەو سەرنجە بەجۆرێ ئەشکەوتەکەی پێچایەوە کە هەرگیز لەیادی نەکات!



شەوێ:

حەمە لەنێو دیوارە شێباوەکانی نیمچە ئەشکەوتەکەدا خۆی بەبەشێکی دێرینی ئەو دیوارانە دەزانی، ئەو خۆدووواندنو وێنە پچڕپچڕانەی یادی تەنها نەزیفی بێدەنگییەکەی بوو، کە تەمەنی رۆژێکی ببوە داستان، کالّفامیەکەی ببووە دەمەتیغێکی کول، لەبەدڕەفتاری خۆی دەچەقاند، گاە پەشیمان گاە بەپاکانەی بێسەروبەر خۆی دەخلافاند، دەمە تیغەکە ببووە سنووری خۆتەحەمول کردن، بیری، جیوەئاسا، بێئۆقرە بەدووی رۆشناییێکدا دەگەڕا، تا بەرەو پیری بچێتو هەنگاوی نوێی بۆ هەڵنێت..

حەمە راستی دەکرد لەکاتی خۆدواندنەکەیدا دەیووت: (من نازانمو تێناگەم)

بەرەبەیانێکی هەندێ سارد، گۆنای ئەحمەدو رەنگی هەتاوە تازەهەڵاتوەکە، هاورەنگ بوون، سمایل پڕبەدڵ حەزی دەکرد تەقە لەچەند کەوێك بکات، هەر هێ نەبێ خەجێ، خەجێی شەکەت، هەندێ برسییەتیەکەی بشکێ، بەلام هەرکە سەیری فیشەکدانە نیوە خالّییەکەی پشتی خۆی دەکرد، پاشگەز دەبووەوە، حەمە لەبەر ئەحمەدی کوڕی، زوو زوو، بۆ چەند دەقیقەیەك دادەنیشتن، خەجێش بەفرسەتی دەزانی، مەمکەکانی دەئاخنیە دەمی ئەحمەدەوە.. مەمك وشكو برنگ بوون، نەك رێککەوت بەلکو پێویستی کاری خۆی بینی، لەو نیمچە حەسانەوەیانەدا، خەجێ سەربەرزکاتەوە!

یەکسەر چاوەکانی وەك چاوی تەوارێکی برسی چەقییە سەر پەڵەخوێنێ کە بەسەر پشتی چۆغەکەی حەمەوە بوو..

هەرچەنێ خوێنی رژاوی بێتاوانو لەخۆبوردوانو تاوانبارانی مێژوو هەیە! هەرچەنێ خوێنی کچێنیو بێنوێژیو نەگریسانی سەرەتای مێژوو و ئەمرۆ هەیە، گەر لەیەك کاتو شوێندا کۆکرایەتەوە، ئەوا هەرگیز لەبەرچاوی خەجێدا نەدەگەیشتە قەوارەو جۆری ئەو چەند تکە خوێنەی کە ببوە پەڵەییێکی گێرو گەواڵی سەرپشتی چۆغەکەی حەمە!

خوێن لەهەموو کاتو سەردەمو بارێکدا دەکاتە، ناو رەنگو چەند هەناسەیێکی گەرمو خەمێکی چەند سەعاتی یا خەمێکی بێتەمەن.. بەڵام ئەم پەڵە خوێنە ناو و رەنگو خەم نییە.. بۆنە، بۆن!

هەرچی گوڵاوی دنیا هەیە بیڕژایێ بەلوتی خەجێدا تەنها ئەم خوێنە زاڵ دەبوو..

کەی تەمەنی مرۆ بەوە دەپێورێ کە چەندی دیوەو چەنی لەززەتی لەژیانیدا وەرگرتووە، نەخێر بەڵکو بەوەی کە چۆنی دیوەو چی لادا جێهێشتووە.

دوور نییە تاقە فرمێسکێکی گەرمی بێئومێدی هاوسەنگی دە ساڵی زەردەخەنەی خۆشگوزەرانی بێت، لەکەییێکی رەشی چکۆڵەی (سەرشۆڕی) دیار ترە لەنێو سپییەتیو بێگەردی رووپێوێکی پانو بەرینی هەڵوێستی جوانەمەردییا! هەڵوێستی بەرزو خاوێن بۆ خودی خۆیە، ناهەڵوێستیش بۆ خۆو کەسانی دیو هەموو ئینسانە!



ئەم پەڵە خوێنە بووەتە مایەی لەرزو موچڕکێکی سەیر بۆ خەجێ، وەك پەردەییێکی رەشی ئەستوور بەرچاوی گرتووە، جارێکی دیش شەرم رێی خۆی بۆ دەروونی خەجێ دۆزییەوە، حەمە هەڵسا، خەجێی لەکۆڵ گرتەوە، کەوتنەڕێ.. چاشتنگاو، باریکە رێیەك گەیاندیانە نزیکی ئاواییەك، لەسێبەری دارتوویەکدا حەمە کۆڵەکەی دانا.. خەجێ گەلی خۆی بەخەجاڵەت بارو شەرمەزار دەزانی، خۆی بەشتێکی پیسو گەنیو و نەگریس دەهاتەپێش چاو، هەموو ئەو قسانەی لەسەردەمی هەرزەکاریدا بەر گوێی کەوتبوو، لەگوێدا دەزرنگایەوە (ژن ژنەو پیاویش پیاو) لەم کاتەدا بێزی لەخۆیو لەهەموو ژنێ دەکردەوە، نەك تەنها پێ رەوا نەدەبینین.. دوێنێ ژانو برسیەتیو ترسو سەرما زمانی لەگۆبردبوو، ئەمرۆیش شەرمو بێز لەخۆکردنەوە، دەستو پێی شکاندووە، بەسووکییەوە سەیری خۆی دەکات، بەزەیی بەحەمەو سمایل دێتەوە.

زوو، یەکدوو ساڵێ لەمەوبەر، کە خەجێ بیری لەمناڵ دەکردەوە، بەتایبەتی کوڕ، بەخەیاڵ، بەشەوورۆژێك سوارچاکیو پیاوەتی کوڕەکەی، دەهێنایە بەرچاوی خۆی، کە چۆن لەرۆژی زەماوەندەکەیدا، تا توانای تیایە سەرچۆپی بگرێ! ئەورۆژەی خۆی ببێتە مامانی بووکەکەی..

کوڕەزاکەی لەئامێزبگرێ، لەقوڵترین ماچیا سۆزی هەموو تەمەنی خۆی بلکێنێتە گۆنای..

کەچی ئێستا خەجێ بیر لەو رۆژە دەکاتەوە، ئەحمەدی کوڕی وەك حەمەی مێردیو سمایل شوبرای، لەکۆسکەوتنێکی نادیار بێدەسەڵاتو

دەسەوسان بووەستێ، چۆغەکەیشی بەخوێنی ناو لنگی ژنەکی سوور بووبێ!

گەورەبوونو ئاوارەیی کوڕەکەی، ئا لەم کاتە شەرم ئامێزەی تەمەنیا بەبەرچاویان گوزەری دەکرد، خەجێ نەك بۆ خۆی بەڵکو بۆ داهاتووی کوڕەکەی، چەند دڵۆپە فرمێسكو ناڵەییێکی هەندێ بەرزی خۆی بووە تاقە دەنگی ئەو بێدەنگییە سامناکە.

- ئای خوا..

خەجێ چیدی پێ نەوترا، حەمە پێی وت:

- غیرەت دە بەرخۆت، مەترسە.. پشت بەخوا قایمکە هەرچەندە رۆژێکی دییە، ئینشائەڵڵا دەحەسێتەوە.. پشتت بەخوا قایم بێ!

خەجێ هەرکە خوێنی سەر پشتی چۆغکەی حەمەی دەبینی، دڵی تێکدەچوو، بەرچاوی تاریك دەبوو، زمانی تەتەڵەی دەکرد، نەیدەزانی چ دەڵێو، ئەوەی مەبەستی بوو بیڵێ بۆی نەدەوترا شتێکی دی لەدەمییەوە دەهاتەدەرێ، لەپڕ دایە پڕمەی گریانو وتی:

- خوایە.. برسیمە..

ئەم داوایە کزەی لەجەرگی حەمەو سمایل هەڵسان.. رووبەڕووی یەکدی وەستان! دوو سەرنجی تووڕەی دوو برا تێکەڵ بوونو بوونە یەك سەرنج، سەرنجی واشە ئاسا، لەنێو فرمێسکەکانی چاوی خەجێدا نیشتەوە، بێ قسەکردن، لەیەکدی حاڵی بوو. سمایل تفەنگەکەی داناو دەمانچەکەی



لەحەمە وەرگرتو نایە بەر پشتوێنەکەی، بەپەلە راستە رێی ئارایکی نزیکی گرتەبەر، تووڕەبوون بەرچاوی گرتبوو.

(ئا.. دەبێ بەهەرجۆر بێ نانو پێخور پەیدا بکەم.. بەزۆر بێ یا بەخوایشت.. ئەی چۆن، دەبێ ئاگاداربم بەبۆنەی منەوە سەوزو وشکی ئەم ئاواییەش نەسوتێنن.. ئێستا لەدەرگاییێك دەدەمو داوای نانو پێخۆر دەکەم.. خۆم ماتڵ ناکەم.. گەر زۆریشیان لێکردم دانیشم ئەوا لەقسەکردنا وریا دەبم، ناو و ناونیشانی خۆم نادرکێنم!

❊

هەرکە جارجارێ ئەحمەد دەستی بەگریان دەکرد، لەباتی ئەوەی حەمە دڵگیر بێو بپشکوێو، دڵنەواییێك بەدەروونیدا گوزەری دەکرد، گریانەکەی ئەحمەد گوڕو جۆشی پێدەبەخشی، وەك ئەوەی ئەم دەنگە تاقە شاهیدی بێو بوونی بسەلمێنێ، کە لەگەڵ خودی خۆیدا ململانێ دەکات..

دوێنێ حەمە ئەم هەستەی نەبوو، کەمتر هەستی بەبوونی خۆی دەکرد، ئەویش سەبارەت بەترسو بارە ناهەموارەکەی بوو.

(مرۆ..

لەکاتی ترسو ناهەمواریدا زیاتر هەست بەبوونی خۆی دەکاتو خۆی بەلاوە خۆشەویست دەبێ، کەچی حەمە ترسەکەی دوێنێی بووە پەرژینێکی ئەستوور لەنێوان خۆیو خودی خۆیدا تەنها کاس بوون دەستی بەسەر جەستەو رۆحیا گرتبوو)

رەنگە ئەم هەستەی ئێستایشی زادەی بەخۆداهاتنەوەو پەشیمانی بێ!

*

هەشت نۆ مانگێ لەمەوبەر کە حەمە دەستی دایە تفەنگ، پەلەپیتکەی لەرووی دوژمندا نەکێشایەوە، هەر خەریکی قیتەقیت بوو، گەلێکی شەرم لەخۆدەکرد.

دوێنێ لە (دێ)دا بەئەوپەڕی تووڕەیی‌و خۆشەویستیەوە بەئەوپەڕی قەناعەت‌و خواشتەرخوازیەوە پەلەپیتکەی تفەنگەکەی دەکێشایەوە، تووڕەبوون‌و خۆشەویستی، حەمەی کردبوو بەدووبەشەوە — چەشنی تەلەکانی کارەبا- بەشێکی گەرم‌و بەشێکی سارد. هەرکە ژەندرمەکان پەلەپیتکەیان دەکێشایەوە، هەردوو بەشەکەی حەمە یەکیان دەگرت‌و چاوەکانی چەشنی گلۆپ دادەگیرسان‌و بەرپێی روشن دەکردەوە..

بۆیە مەردانە هاتەدەس!

لەسەرەتا خەریك بوو تووشی شاگەشکە بێ، کە دەیبینی لەگەڵ تەقەکانی خۆیدا ژاندارمەکان پەلەخورد دەبوون، لنگەوقوچ دەکەوتن‌و لەقەفرتێیان دەکرد.

*

کوشتن‌و کوشتنکاری میراتییێکی رەسەنی کوڕەکانی ئادەم‌و حەوایە‌و بۆ مرۆی بەدبەخت جێماوە.. هەموو تێکۆشانی مەردوم دەکاتە دوو بەشەوە: دۆست‌و دۆستایەتی، دوژمن‌و دوژمنکاری، ئەمەیان بەئاسانی دەسەلمێنرێ، بەڵام ئەرکی کەسی وەئاگا ئەوە نییە دەرگا لەڕووی دوژمندا بگرێ، گەر وای کرد ئەڵبەتە بەدەستی خۆی دەرگا لەخۆدەگرێ..



حەمە ئەم حیسابەی لەگەڵدا ناکرێ، ئاستی فامی نەگەیشتووەتە ئەورادەیە بزانێ کوشتن‌و کوژران، هەریەك لەم کارانە جۆرە پاکانەییێکی تایبەتی هەیە —ئەگەرچی لەمەرگدا هەموو شتێکی کوژراو تەواودەبێ، کەچی پاکانەییێکی کاتی‌و سەلمێنەر دەبێتە پارسەنگ بۆ ژیانی کە بەچاوتروکاندنی کۆتایی پێ‌هاتووە!

لەکات‌و شوێنێکی ئاوهادا دوو جۆر پاکانەی دژبەیەك‌و سەلمێنەر، بەگژ یەکدیدا دەچن، ئەنجامیش:

نە پیاوکوژ خاوەنی حەقیقەتی مەسئەلەیە، نە کوژراویش دوژمنی راستەقینەی مەسەلەیە! واتە دوژمن‌و خاوەن مەسەلە بۆ ئەنجام‌و بەرگری پێویستیان بەکەسانی لاوەکی هەیە بۆ کوژران‌و کوشتن! هەردوولاش هەر بۆ سەربەستی ئەمە دەکەن! تا ئێستاش خودی سەربەستی بەم تارا سوورە خۆی خستووەتەڕوو، کەسانێکی زۆری ئەم دنیایەش باوەڕیان بەسەربەستی خوێن ئامێز هەیە! مێژوویش ئەمەی سەلماندووە، کەچی راستیەکی نادیار لەگەڵ رۆحی کەسانی خاوێندا بەجۆرە چرپەیێکی رۆحی سووکە حەقیقەتێکی دی دەردەخات، ئەویش:

(سەربەستی خوێن ئامێز) بەخوێنی کەسانی سەربەستی خواز، خۆی ئەرەنگێنی‌و خۆی دەچەسپێنێ، دەبێتە دەعباییێکی خوێنمژی هەمیشە تینوو!

مێژووی هەموو نەتەوەییێك، گەلێ لەخوێنی سەربەستی خوازانی خۆی کردووەتە لەکەو پینە.. وەك خوێنی ناو لنگی خەجێ بەسەر چۆغە سەربەستی خوازەکەی حەمەوە..

دوورنیە —تەنها بەخوێن نەبێ– سەربەستییێکی سپی لەنێو بەشێکی فەرامۆشکراو و دواکەوتووی ئەم سەرزەمینەدا سەرهەڵدەدات‌و پەخش بێتەوە، ببێتە تاقە ئایینی هەموو ئینسانێکی (ئینسان)!

خوێن‌و کوشتن‌و کوژران، ماڵوێرانی، ئاوارەیی‌و دەربەدەری هەموو لەپێناوی سەربەستیدایە! کەچی خودی سەربەستی دەبێتە چەك‌و جارێکی دی لەڕووی (خوازبێنی کەرانی) خۆی تاقیدەکاتەوە، بەکەڵکی خۆی دەنوێنێ.. دەشێ لەناخی بکوژو کوژراودا تەنها (سەربەستی خودی) دەنگی هەبێ، هاندەری خۆسەلماندن‌و کبریا نواندن بێ، هەرە سەختترین کاتی ئەمڕۆ، ئەوکاتانەیە کە بیرکردنەوەییێکی تەمەن یەك ساتی هانی لەخۆبوردن‌و پیاوکوژی دەدات، بڕیاردەدات.. ئەو ساتە بیرکردنەوەیە تەنها بۆخودی کەسی بیرکەرەوەیە، بڕیارێکەو خۆی لەئاستیا بەبەرپرسیار دەزانێ‌و دەشتوانی خۆی لەلێپرسینەوەی ویژدان بدزێتەوە، ئەگەرچی لەهەردوو حاڵەتیشدا –شانازی بەکارەکەی بکات– هەر شەرمەزارە، تەنانەت بەرانبەر بەشانازیش!

*



(جا بۆ تا ئەمڕۆ بەشداری جەنگم نەکردووە، لەنهێنی ئەم لەززەتە بێبەش بووم؟ بۆ لەمەوبەر دەترسام خۆم لەجەنگ دەدزییەوە؟ هەزار پەلپ‌و بیانوی بێسەروبەرم دەگرت؟ بشێ ئەمە لەبەر خۆویستن بووبێ؟

دوێنێ حەمە لەرێدا چەند جارێ ئەم پرسیارانەی لەخۆ کرد، هەر جارەو بەجۆرێ وەڵامی دەدایەوە: چەند شەقاوێ وەپێش سمایل‌و خەجێ کەوتبوو.. ئەوەندە بەخۆیدا هاتەوە تا بەقەناعەتەوە دەستنیشانی ڕاستییەکی کرد، وەك نهێنییەك ئاشکرا بکات ئاوها بەدەنگێکی نیمچەبیستراو وتی (دۆزیمەوە) لەوکاتەدا ئیستێکی کردو ئاوڕی دایەوە، هەرکە بۆی دەرکەوت نە سمایل نە خەجێ گوێیان لەدەنگی نەبووە، ملی ڕێی گرت‌و زیاتر کەوتە خۆدواندن!

– (جا کەسێ، گەر خۆی خۆش ویست، چۆن خۆی لەپۆپەی لەززەت بێبەری دەکات؟ بشی لەبەر ترسنۆکیم بووبێت وا خۆم دەدزییەوە؟ خۆ مامۆستا میرزا عەلی (سەد ڕەحمەت لەگۆڕەکەی) دەیووت:

– ترسنۆك پێش لەتام‌و لەززەتی ئەو شتە وەرناگرێ کە لێی دەترسێ.. جەنگ لەززەتێکی تایبەتی هەیە نەخوازەڵڵا گەر لەسەر حەق بێیتەدەس)

ئا.. سا، وەڵڵاییی وایە، ڕاستە زۆر ڕاستە مامۆستا میرزا عەلی دەیووت:

– (چ بەختەوەرێکە، کەسێ دوا دەقیقەی تەمەنی لەنێو لەززەتدا بەسەربەێ‌و بەلەززەتەوە چاو لەیەك نێ.. کە پیاو چاوی بەخوێنە گەشەکەی خۆی دەکەوێ وا باریکە هێڵی بەسەر زەویەکەدا دەکێشێ

ڕەنگە لەخۆشی، لەخۆشەویستییبا بمرێ، کە دەبینێ لەلایەکەوە بەخوێن تێرتێر هەر خاکە ماچ دەکات وا دەیپەرستێ.. لەلاییێکی دیشەوە هەر بەو خوێنە تیشکی هەتاو هەڵدەمژێ.. چ بەختەوەرییێکە!

ئەی سەد ڕەحمەت لەقەبرەکەت مامۆستا میرزا عەلی بۆ خۆتو دڵسۆزیت، ئای مامۆستا چەند بەختەوەر بوویت، هیواو ئاواتت هاتەدیو بەلەززەتەوە، بۆ دواجار، چاوانت لەیەك نا.. یەکەم ڕۆژو دووەم ڕۆژی ئاشبەتاڵ، ئێمە ویستمان هەڵێین، سەرەڕێت لێگرتینو وتت (کوڕینە نامەردتان نەکەم! بۆ کوێ؟ ئێستا ڕۆژی مێردانە! بۆ کوێ دەچن! ریسواو بێئابڕو دەمێننەوە، مردنتان پێباشتر دەبێ.. فەرموو ئێستا پیاوەتی خۆتان بۆ خۆتان بسەلمێنن.. لەمەوبەر پیاوەتیتان بۆ نەتەوەو وڵات دەسەلماند، ئێستا بۆ خۆتان، بەڵێ بۆ خۆتانی بسەلمێنن).

ئێمە ترسنۆكو بێفەڕبووین، لەهۆڵی ڕۆحی خۆماندا بووین نە تەنها جێمان هێشتی.. ئای سەد ڕەحمەت لەقەبرەکەت میرزا، تا دوافیشەك هەر بەگریت کرد، بەلەززەتەوە تێر تێر، بەخوێنەکەت خاکت ماچ کردو بەخوێن تیشکی هەتاویشت هەڵمژی.. پاش ئەوەی سەرەڕێت لێگرتن بۆ ئێوارێ، لەڕێدا هاوڕێیەکمان هەواڵی شەهیدبوونتی پێداین، لەراستیدا ئەوکاتە ئەوەندەی ئێستا (مەرگت) کاری تێنەکردم.. وەك هەموو هەواڵێکی (ئەو ڕۆژانە!) بۆ چەند ساتێ غەمباری کردین، بێشەرمانە وتمان (خوا عافوی کات! لەگوناهەکانی خۆش بێت! کەچی ئێستا مەرگت بووەتە نەزرگاییێکی پیرۆزی دڵم.. ئەی سەد ڕەحمەت لەقەبرت میرزا بۆ



خۆتو قسەت کە فەرمووت (رسوا دەبن، بێئابڕو دەمێننەوە) خۆ ئەو چەند ڕۆژەی لەئاسیاوەکەدا بووم ترسم لەسێبەری خۆم پەیداکردبوو! سەیر سەیر جا رسوابوونو بێئابڕوویی لەوەزیاتر دەبێ کە لەهەیەرە کەچەڵ دەترسام؟ دە جا وەرە پیاو بترسێ، لەکێ؟ لە هەیەرە کەچەڵ.. ئێ.. جا بۆ نا ئەی میرزا چەند جار بۆی باس کردین!

(پیاو دەبێ لەدوو کەس بترسێ، یەکەم لەخوای مەزنو دووهەمیش لەوکەسانەی کەلەخوا ناترسن!)

ئێ.. میرزا، چەند دووربین بوویت، ئەم ڕۆژەت لەبەرچاودا بوو، دەتزانی (ئاوهای) لێدێ، تووشی ئەم دەردی سەریوماڵوێرانیو ئاوارەییەوە دەبین، دەتزانی هەریەکەمان بەسەر ڕۆحی خۆمان دەبینە بار، دەتزانی شەرم دەکەین چیدی بڵێین کوردین.. سەد ڕەحمەت لەقەبرەکەت میرزا کە دەتووت:

- (ئەمەی ئێمە لەوەناچێ کە بتوانین تا سەر بەڕێوەی ببەین.. هەرچەند هەفتەو مانگێکە.. ئاغاکان وەك جاران، بگرە زیاتریش.. خۆ پیاو ناوێرێ قسان بکات پێی دەڵێن (خایەنی کوردو کۆمەڵەیە) ئافەرین میرزا چەند بەوردی باست دەکردو دەتووت:

- (لەم ڕۆژەدا تکە نەوتێ، پارسەنگی هەزارەها دڵۆپە خوێنی ئینسانە..)

ئای حەمەی سیابەختو گومڕاە، نەزان، بۆ تێناگەی (نەوتو چاڵە نەوت) دەکاتە چی.. چەندیان پێ وتم لەلای مەلا ڕەشید بخوێنە با

سەوادداربیو فێربی!! کەچی بەقسەی کەسم نەکرد، هەر خەریکی قیتەقیت بووم، دەنا ئێستا منیش هەندێکم دەزانیو هەندێ تێدەگەیشتم. نا، چاکترە کە نازانم.. گەر زانیبام چم لەم کۆستە کەم دەکردەوە؟ کێ نالێ ئەوسا بەدەردی زانینی خۆمەوە ئێشو ئازارم قورستر نەدەبوو و داخ نەیدەکوشتم؟ چاکە نایزانم، باشتر کە هێ نازانم.. ئەوانەی دەیزانن چییان پێدەکرێ؟ (لەم کاتەدا) زانینو نەزانین چ جیاوازیەکیان هەیە؟ ئەگەرچی میرزا دەیفەرموو:

- (کوڕینە، نەخوێندەوار، بێسەواد، دەزانێ بڕوخێنێ لەهەموو کاتو سەردەمێکدا دەتوانی بەشداری ئەم کارەی ئێمە بکات.. بەڵام کاری — ئێمەش- تا سەر! هەر رووخاندن نییە، گەرچی ئێستاکێ روخاندن سەرەکییە، بەڵام دەبێ بزانین: روخاندن لەپێناوی بناغە دروستکردندایە.. جا ئێوە بڵێن: چ بێسەوادێ دەتوانێ دروست بکات؟

دوێنێ تا گەیشتنە نێو نیمچە ئەشکەوتەکە، حەمە لەم سێو دووەی دڵی خۆیدا بوو و بەراوردی دەکرد، بەخۆیدا دەهاتەوە، ناوبەناویش هەر ئەم پرسیارەی لەخۆدەکرد.

- بۆ؟ چۆن تا ئێستا لەم نهێنییە نەگەیشتووم.. خۆ هاوڕێکانم بەوردی باسی ئەم لەززەتەیان دەکرد منیش بۆئەوەی خۆم نەشکێنمەوە هەر سەرم بائەدا، وەك شارەزاییێك قسەم دەدایە بەر قسەکانیان.. ئای کە بێسەروبەرو هێ بووم!

*



حەمە بەوردیەوە سەرنجی شوێن هەنگاوەکانی سمایلی دەدا کە چۆن چاپوکانە بەرەو ئاواییەکە داکشا، لەنێو سپیدارەکانی نزیکی چەمەکەدا لەچاو وون بوو، هەر لەگەڵ لەچاو ون بوونی سمایلا حەمە بەرەو ناخی خۆی داچۆڕایەوە..

خەجێ لەژێر سێبەری دارتووەکەدا بەلاچاوەوە سەرنجی پەڵە خوێنە چاپ بووەکەی سەر چۆغەکەی حەمەدی دەدا، حەمە وەرچەرخاو نزیکی خەجێ بووەوە، بێ ئاگایانە سەری شۆڕکردە سەر سنگی خەجێو گۆنای ئەحمەدی ماچ کرد:

ڕۆڵە بێ وەبی..

پەڵە خوێنەکەی ناوشانی حەمە، ببوە تۆڕو سەرنجی خەجێ، نێر ئاسا کەوتبووە نێویەوە، خەجێ هەرکە بەئاستەم چاوی بەرزکردەوە جارێکی دی دەکەوتە نێو ئەو تۆڕەوە!

ئەو پەڵە خوێنە لەبەرچاوی خەجێدا ببووە دەریاییێك وایدەزانی ئەو خوێنە دێتەزمان، دەبێتە شاهیدێکی هەمیشە ساتگۆ، پەنجە بۆ پیاوەتیو گەورەیی حەمە درێژدەکات، لەهەمانکاتیشدا پەنجە بۆ پۆخڵی خەجێ درێژدەکات.

- (تا ماوم.. نابێ لەڕووی حەمەدا بێمە زمان، نەوەك ئەو پەڵە خوێنە بێتە گفتو بەرچاوم بگرێ.. ئا.. ئا.. ئەرێ.. خۆ حەمە لەشەوی بوکێنییەکەمدا وتی: خەجێ گەلێ قسەو قسەلۆکم بیستوو، وەلێ

خوێنی کچێنیەکەت شاهیدێکە دوورنییە بێتە گفت نەك بەرچاوم بگرێ بەڵکو زمانیشم لاڵ کات!

*

دوێنێ شەو..

خەجێ لەنیمچە ئەشکەوتەکەدا سەرباری ژانی منداڵبوونو ترسو سەرما، لەناخەوە سوکە حەزێکی بەرم رووداوە دەکرد.. ئەم بەرەبەیانە خوێنەکەی ناوشانی حەمە —هەندێ تەمو مژی بەر دیدەو مێشکی رەوانەوە.. نەیدەزانی ئەوەندەبەلای حەمەوە خۆشەویستە، سێ چوار مانگێ لەمەوبەر کاتێ کە حەمە جارجار بەقیتەقیت دەگەڕایەوە بۆ ئاوایی، کچانی دێ بەتوانجەوە بەخەجێیان دەووت:

تازە حەمە لەدەست دەرچوو، کچەتیوی شاری لەخشتەیان بردووەو فرێیان داوە.

ئەم قسانە ئەوەندە کاری لەخەجێ نەدەکرد بەقەد ئەوەی هەر هەمان کچە عازەبەکان بەدەوری حەمەدا دەهاتنو چاوبازییان لەگەڵ دەکرد.. حەمەش چاوچلێسو حازر بەدەسو قسە لەڕوو بوو، زۆربەی کچانی ئاوایی چاوەڕێی قسەیێکی حەمەیان دەکرد، تا شەوێ دەست لەگەردنی ئەو قسەیە بئاڵێنن، دەیان خەونی بەتامو لەززەت ئامێز ببینن، تا سبەینێ بەدڵنیاییەوە لەنێو کچانی ئاواییدا بێنە گفت کە شۆخو شەنگو لەبارو کۆکن، تەنهابەوەی حەمە قایل بووە، بزەیێكو دوو قسەی خۆش بوو، کە ژنی حەمەی قیتو قۆزو قشەخۆشەو کچانی ئاوایی حەسودی



پێدەبەن! لەلاییێکی دیشەوە دڵنیا نەبوو لەحەمە، چونکە گەلێکی بیستبوو کە ئافرەتانی شار عەیارنو داوو دەرمانی ئارایشت چاکتر بەکاردەهێنن.. حەمە لەهەرەتی لاویدایە، کوڕە دەوڵەمەندە، دەستوپێ سپییە، هێی نەبینیووە، برسی نەبووە، رەنج خەساری رووی تێنەکردەووە، قاڵ نەبوو، کچانی ئاواییش بەتەوسەوە بەخەجێیان دەوت:

- دەڵێن حەمە لەشاردا دوو سێ دۆستی هەیە

*

تا بەرەبەیانی ئەمڕۆ رەگی ئەم گومانە ئالأبووە ژانی منداڵ بوونی، کە دوێنێ بەشپرزەیی تاوی هەنگاوەکانی خۆی دەدا، هەزار جۆر گومانو هەستی سەیر بەمێشکیا تێدەپەڕی، دەیان جار نشوستی خۆی بەبەرچاویدا گوزەری دەکردو لەبەرخۆیەوە دەیووت:

- (ئا.. ئەم سەرماو ژانەش.. ئەم برسێتییو ماندووبوونەش بەسەردەچێ.. حەمە لەم هەشت نۆ رۆژەدا هەر بیری لەعێراق دەکردەوە، دەیووت: (خەجێ بۆ کەرکوك دەچین) چاکە، ئەوا چووین بۆ کەرکوك لەوێدا کچەتیوێ فریوی دەدا.. بەڵێ، حەمە چاو لەدەرە.. ئەی کچانی ئاوایی وایان نەدەووت.. خۆ بوختانیان نەدەکرد.. ئیدی لەکەرکوکدا منیش نەك هەوێ، بەڵکو دەبێ وەك کارەکەرێك پەڕو گوێی.. ئەی خوا هەڵینەگری.. ئای بۆ ئەم رۆژ رەشییەم، دەی خەجێ بیخۆ عافێتت بێ.. دەیانوت: (شو بکە، لەبۆڵەبۆڵی باوەپیارە رزگارت دەبێو لەقسەی خەڵکیش خۆت دەپارێزێ) ئەوا شووم کرد.. ئەی خوا! باوەڕناکەم خەڵکی

ئاوایی بوختانیان کردبێ، نا، وەڵڵا خوا قەبوڵ ناکات! ئەڵبەتە شتیان بیستبوو، خۆ لەخۆڕا قسەکانیان نەدەکرد.. دیارە شتی زیاتریشیان دەزانیو لەبەر من قەسکانیان بەنیوەچڵییەوە دەردەبڕی. خوا قەبوڵ ناکات گوڵچین خۆشی دەویستم، کە پێی وتم: (خەجێو سووری کاکم، شەوو ڕۆژ هەر ستایشی کاکە حەمەم دەکاتو دەڵێ (گیانێکمان بەخوایەو گیانێکمان بەکاکە حەمە، ئەوەندە چاوی لێمانە هەر شتێکمان بووێ دەستبەجێ بۆمانی جێبەجێ دەکات! بۆ حەمە چ کارەیە؟ خۆ پێیان ئێژن پێشمەرگە! جا بۆ لەگەڵ ژناندا قسە دەکات.. من خۆم دەیناسم چ قسەلوسێکە! خۆ گوڵچین خۆشی دەویستم، نەیدەویست دڵم بشکێنیو هەر ئەوەندەی بۆ باس دەکردم! ئەی (نازە) خۆ چەند جارێ لەبەرچاوی ئافرەتاندا دووبارەی دەکردەوە (خەجێ.. لەشاییەکەی (فەتەی) ئامۆزامدا، گیانێکمان بەکاکە حەمە بوو، خۆ بەجۆرێ شاییەکەی گەرم کردبوو، سەرچۆپییەکەی بەرنەدەدا، ئای کە بەجوانی شانی هەڵدەتەکاند، کارێکی کرد ژنانیش دەس بەرنەدەنو لەگەڵیا دەربەن! ئەرێ خەجێ، ئەوە لەکوێڕا حەمە فێری ئەم شاییو بەزمە بووە؟ سا وە (پیرخدر) کە چوومە دەستییەوە، شەکەتی کردم، ئارەقی ڕەشو شینی بێ دەردام! خەجێ زۆربەی ژنان گرەویان لەگەڵدا کردم کە نەتوانم لەریزێ زیاتر لەگەڵیا (سێ پێ یی) دەربەم! خۆ راستیان کرد.. تەنها ئەو کچە مەتکەبلییە چاوشینە نەبێ بۆڕی بەحەمەدا، سەرچۆپییەکەی لەدەس وەرگرت! ئەرێ خەجێ حەمە لەکوێڕا فێری ئەم بەزمە بووە؟!



من خۆم هەر دەمزانی مەتکەبلیەکان فریوی دەدەنو خێری دەبەخشنەوە! ئێستا مەگەر هەر خوا بزانێ چیمان بەسەردێ، ئەوپەڕی دەچینە ئەودیو و لەوێشدا:

- (ئا.. بەزیادی خێرم نەکرد، ئەم لادێیە چیە؟ چی ئەزانێ؟ بۆنی ریخو تەپاڵەی لێوەدێ! چییە ئەمە، بەرەڵڵای بکە، بینێرەوە بۆلای کەسوکاری.. بەزیادی خێرم نەکرد، هەوێ، هەوێ هەوێیێکی لادێیش، جا وەرە شوکری خوا بکە.. حەمە تەلاقی بدە، چاوی دەرێ، لادێیی پۆخڵ رشکن!)

ئەم قسە دەسکردانەی خەجێ، ناخی خۆی هێنابووە لەرز، حەمەش نەك تەنها کەمدوو بەڵکو ببوو بەبەشێ لەبێدەنگی، هەموو شتێکیش لەمێشکیا تێکەڵو پێکەڵ بوو.

*

سمایل تا گەیشتە نێو ئاواییەکە، ئەوەندە سێو دووی لەگەڵ خۆیدا کرد، قەناعەتی پەیداکرد، کەچی بووەو بۆچی ئەم ئاشبەتاڵە روویداوە.. ئەگەرچی لەم دواییەدا لەدەمی زۆربەی خەڵکی دەبیبیست کەچی وەك دوو وشەی بێگیان ئەهاتە بەر گوێی تامو ڕەنگو بۆنیان نەبوو.. ئێستا، ئاشبەتاڵ (بەقەدو قەوارە راستەقینەکەی، بەتامو بۆنو گیانەوە هەستی پێدەکاتو دەزانێ چ دەگەێنێ.. تا دوێنێ بەڵێ دوێنێ لەدواقۆناغی کۆتاییدا، لەسەرەتاو ئاکامی نەگەیشتبوو.. بەڵام خەجێ دەیزانیو نەیدەزانێ، بەرلەوەی حەمە بگەڕێتەوە بۆ دێ، ڕێبوارێکی شوناس

بەپەلەپروزێوە، گەیشتە (دێ) هەناسەسوارو بێڕەنگو ماندووبوو، هەرچیەکیان لێ دەپرسیو وەڵامەکەی:

(بەڵێ.. بەڵێ.. ئاشبەتاڵ.. تازە کۆستمان کەوتو ریسمان بووەوە بە خوری، هەرچیەکمان هەبوو فەوتا، دەبێ چی دی نەڵێین کوردین! نەڵێین ئینسانین! کۆستمان کەوت، خوایش پشتی تێکردین..)

خەجێ پێکەنینی بەقسەکانی ئەم رێبوارە شوناسە دەهاتەوە لەبەرخۆیەوە دەیووت:

(هەر حەمە سەلامەت بێ، خوای دەکرد دنیا سەروژێر دەبوو)

خەجێ نەك هەر تەنها تێنەدەگەیشت حەمە بۆ چ تفەنگی هەڵگرتووە، بەڵکو حەزی دەکرد چەکەکەی دانێو بگەڕێتەوەو ئیدی ئەوەندە قیتەقیت نەکات!

هەرکە رێیبوارە شوناسەکە دەیووت:

(تازە سەربەستیمان، لە دەسمان چوو، وەکو جاران دەکەوینە ژێر دەستو پێ.. ئای بۆ سەربەستی لەدەسچوومان).

خەجێ پێی سەیر بوو، سەربەستی چی؟ گاڵتەی بەقسەکانی رێبوارەکە دەهاتەوە.

- (سەربەستی چی؟ ئەوە نییە دێ هەر دێیەکەی جارانە چەتنی چەن ساڵە ئاغا هەر ئاغایە.. ئەوە نییە ئاسیاوەکە هەر دوو سێ رۆژ جارێ



پەکی دەکەوێ؟ ئەوە نییە چەرچییەکان هەر هەمان متوموریو خەزێمەو حەڵوا دەهێننە ئاوایی.. ئەوە نییە نەخۆشی بێستانەکانی وێران کردووە! ئاغاش هەروەکوو جاران مشکیو جەمەدانەییێکی بە(چویت) شین کراوی تێکەڵ کردووەو ستارخانییەکەی لە (فاسۆن) دووریوە؟! دەسەسڕە مەخمەڵەکانی هەمیشە لەبەر پشتوێنەکەیدایە، دایەمو دەرەم دە دوانزە نۆکەر بەدوایەوەن! یەکێ ئەسپی بۆ زین دەکا، یەکێ رەشمەی بۆ دەگرێ یەکێ پشتی بۆ دادەچەمێنێ -تا سواربێ-! خۆ لەم ماوەیەشدا (پوشانەشی زیادکرد) ملی چەند کەسێکیشی لەگرێژنەوە دەرکێشا، هەروەکو جاران بگرە زیاتریش پەلپو بیانوی بەرەنجدەر و پاڵەکان دەگرت! کێ دەیتوانی بڵێ (فز) خۆبەزۆر دەیکردە خایەن! ئەوە نییە ئەو رەنجدەرەی ژن یا کچی جووانی هەیە دەینێرێتە ئیشی دوور.. دوور..

خۆ ئەگەر جاری جاران بەئاشکرا تفەنگو دەمانچەی هەڵنەدەگرت، خۆ ئەوا ئەو ئەمساڵ خۆیو نۆکەرەکانی خۆیان بەفیشەك سوورکردووە!

چ کەسێ دەیوێرا فزە بکات.. خۆ سێ چوار مانگێ لەمەوبەر بوو رۆستەمە خێلی هێناو لەنێو حەوزی مزگەوتەکەدا شەوورۆژێ رایگرت.. نۆکەرەکانیشی بەشول تاساندیان، پاشانیش هەموو ئاوایی کۆکردەوەو پێیانی وت:

- (هەرکەسێ خایەنی کوردو کۆمەڵەو کۆماری خۆشەویست بێ، ئاوها دەیکەین بەعیبرەت!)

خەجێ ئەو رۆژە بەوردی گوێی لەفەتاحی برای رۆستەم کە لەنێو خەڵکەکەدا بەئاستەم دەنگی بەرزدەکرد:

- (ئای رۆستەمی بەستەزمان، تۆ خایەنی دیوەخانو نۆکەرانی ئاغا بوویت.. سەرپێیت لەوەکردبوو کە چیدی ژنە نەزۆکەکەت لەحەرەمی ئاغاو لەسایەی ئاغاژندا جێنەهێڵێت، بۆ ئاغا قاچاغچیەتی نەکەیت! چ سەیرێکە دیوەخانی ئاغا بووەتە کۆمارە خۆشەویستەکە! دەستوپێیەکانی کۆمەڵەن، ئاغاش یەکە غەمخواری کوردە! چ سەیرێکە..؟

فەتاحی بەستەزمان قسەکانی تەواونەکرد، پیاوانی ئاغا گرتیان، سەرنگونیان کرد!

خەجێ لەوماوەیەدا زۆر شتی دێی دەبینیو شتی سەیرتری دەبیست، هەرکە قسەی رێبوارە شوناسەکەی وەبیردەهاتەوە پێکەنینی بەوشەی سەربەستی دەهات.. وشەی سەربەستی ئەوەندەی وشەی چەوساندنەوە ئازاری خەجێی دەداو توشی هەناسەبڕکێی دەکرد.. ناحەقی نەبوو، چونکە ئەوەندەی بیستبوو فامە ساکارەکەی شێوابوو، چەندین جار لەهاوڕێکانی حەمەی بیستبوو کە:

سەرکەوتن تەنها دامەزراندنی حکومەت نییە بەڵکو گۆڕانکارییەکی تەواوە، هەر لەزەوی دابەشکردنو نەهێشتنی زوڵمو زۆری ئاغاوە تا کردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەو ژیانی یەکسانو برایەتیو هەوڵ بۆ ئاوەدانکردنو بنیاتی بناغەی وڵاتێکی ئازاد، خەجێ هەرکە ئەم قسانەی دەبیست خەوی بەوشتانەوە دەبینی، کەچی تەواوی رەفتاری رۆژانەی



هەڵپەرستو بودەڵەو بێمودەکان پێەوانەی ئەم شتانە بوو، لەناخدا گەلێکی حەز بەئازادی دەکردو بڕوایێکی پتەوی بەخەبات هەبوو، کەچی بەدڕەفتاری ئەو جۆرە کەسانە کاری لەباوەڕی کرد، رۆژبەڕۆژ دیدی تەسك تر دەبوو بەبێ ئومێدییەوە دەیڕوانییە سەراپای ژیان!

*

رێبواری شوناس وەك ئەوەی راسپێرابێ ئەم هەواڵە جەرگبڕە بڵاوبکاتەوە بەپەلە بوو دێ بەدێ بڕوات.. هەواڵ؟ چ هەواڵێ بوو، دووفاق، لەلایێکەوە بۆ هەندێ کەس بزەبەخش بوو، تینی بەکینەی پەنگخواردوویان دەداو خۆیان لەمەلاس دەنا! بۆ هەندێکی دیش –کە بەشە زۆرەکە بوون- بەتایبەتیش بۆ رەشوڕووتەکان، مایەی ماتەمینیو خەمو پەژارەییێکی گەورە بوو بەجۆرێ زمانی لەدەمدا لاڵ کردبوو، گوێش کەڕ مێشك کاسو چاویش لێڵ بین، هەنگاو تێکەڵو پێکەڵ، قێز لەژیانو حەز بەنەمانو لەناوچوون کردن، هەمووشتێکی جووان لەبەرچاواندا ناشیرینو نەگریس بوو، هەواڵ بووە گرێی سەردڵ، بووە درم! زۆر خۆی بەناشایستەی ژیان دەزانی، ببووە بار بەسەر رۆحی خۆیەوە، هەندێکیش خۆی بەبێگیان دەزانی، دەستی نەدەچووە خۆی، دەنا حەزیان بەخۆکوژی دەکرد.. تووڕەییو مۆنی سیمایانی پۆشیبوو، بێدەنگی لەنێوخوێنیاندا هاتوچۆی دەکرد، گێژ، و وڕو کاس، تفیان لەخۆو لەئاسمانیش دەکرد!

لەلاییێکی دیشەوە هەواڵەکە بۆئەوانەی کە کەسێکیان، خزمێکیان لەنێو کۆمەڵەدایە وەخۆدەکەوتن، حەمەو سمایلو خەجێ ئاسا رێی

ئاوارەیی‌و دەربەدەرییان دەگرتەبەر ترس‌و سەرماو برسییەتی لەدوواوە راوی دەنان، نادیاریش لەبەردەمەوە باوەشی بۆدەگرتنەوە!

ناچاری بووە تاقە پاکانەی هەموو کارێك.. نەك تەنها دێیەکەی حەمە، بەڵکو دەیان دێ‌و سەدان (وەسمان و مچە) نەك لەبەر بێ‌فەڕی (هەیەرە کەچەڵێ) بەڵکو لەبەر رق‌و کینەی دوژمن بوونە خۆڵەمێش‌و دەیان هەیەرە کەچەڵیان کردە مقاش‌و گەشترین پشکۆیان پێدەگرت.

*

هەرکە رێبوارە شوناسەکە دێی جێ‌هێشت‌و لەچاو ون بوو، بەپەلە زۆر شت گۆڕا، کەسێ نەیزانی بۆ؟ چۆن؟ کەی وا ئاغا دێ بەخۆی‌و پیاوەکانیەوە خۆیان ئامادەکرد، هەر پاش هەفتەیەك بەسەر هەواڵی رێبوارەکە، لەچاشتانگاودا ئاغاو پیاوەکانی چارەکە سەعاتێ رێ بۆ پێشوازی ژاندارمەکان چوون، زیاتر لەدە دوانزە مەڕیان لەبەر پێی سەرکردەی ژاندارمەکان سەربڕی، دەس لەسەر سینەو سەر بەرەو خوار، زەردەخەنەی بێتام‌و رەنگ، مەکر بازانە بەسەر لێوانییەوە پەرش دەبووەوە، ئاغا بەفارسییە شەقوشڕەکەی کەوتە ستایش‌و خێرهاتنیان، ناوبەناویش رووی لەپیاوەکانی خۆی دەکردو بەکوردی دەیووت:

- (ئا.. رۆڵە، چەند جارم پێ‌وتن، حکومەت بەعارەبانە کەروێشك دەگرێ!)

روی لەسەرکردەی ژاندارمەکان کردو لەسەریەك دەیووت:



- (یاخوا بەخێربێنەوە پێ‌و قدومتان خێری پێوەبوو، بەخێربێنەوە، یاخوا بەخێربێنەوە.. خۆ ئەگەر فریامان نەکەوتبان، ئەوا هەرچی‌و پەرچی‌و روتەڵە بەفەتارەتیان دەبردین‌و زەوی‌و زاریان داگیردەکرد.. حەیاو ناموسیشمان دەکەوتنە ژێر دەستیان، یاخوا بەخێربێنەوە.. سەد جار بەخێربێنەوە.. ماڵ ماڵی خۆتانە.. سەروماڵ، مناڵ.. هەرچییەکی ئێوە بفەرموون لەئۆغردایە.. هەزار جار بەخێربێنەوە).

(میهری) بەوردی گوێی بۆ ئەم چاپلوسی‌و ستایشەی ئاغاکەی هەڵخستبوو، بەرەو دنیای کوێرەوەری خۆی داکشا، دەیزانی دەبێ هەر ئەمڕۆ (مهتاب)ی خوشکی، خۆی برازێنێتەوەو شەوێ —بەفەرمانی- ئاغا هاوبەشی نوێنی سەرکردەی ژاندارمەکان بێ، (مهتاب) چاکترین چەکی ئاغا بوو بۆ زۆر شت بەکاری دەهێنا، هەندێ جاریش بۆ خۆتاقیکردنەوە پاش پەنگی تلیاك کێشان دەچووەلایەوە!

چەند ساڵێ لەوەبەر ئاغا لەتەورێزدا میهری‌و مهتابی بەرچاودەکەوێ، دوو مناڵ، خوشك‌و برا، بێکەس‌و ئاوارەو.. دەچێتە هانایانەوە!! دەیانهێنێتە (دێ) میهری‌و مهتاب گەورە دەبن، میهری دەبێتە یەکە پیاوی ئاغاو قاسەی نهێنییەکانی، مهتاب-یشی کردە پاسەپۆرتی هەموو کارێکی قورس!

شەوڕۆژێ ژاندارمەکان میوانی ئاغا بوون، پاشان خۆی‌و هەندێ لەدەست‌وپێوەندەکانی بەرەو شار کەوتنەڕێ تا لەوێشەوە خۆئامادەکەن بەرەو تاران‌و خەڵات وەرگرتن بچن.

*

خەجێ بەڕوونی قسەکای پاری ئاغای وەبیردێتەوە کە چۆن گەورەو بچوکی کۆکردبووەوەو چووبوە سەر بەرزییەکەوە پڕبەدەنگ دەینەڕاند:

- کوڕینە گوێ بگرن!

ئەمڕۆ رۆژی لەخۆبوردنو تێکۆشانو هەڵمەتە! ئەگەر ئەمڕۆ شتێ بەشت نەکەین، ئەوا مێژوو هەرگیز لێمان نابورێ.. ئەگەر تائێستا لەڕووی نەفامییەوە کەمتەرخەمیمان بەرانبەر نەتەوەکەمان کردبێ، دەبێ ئەمڕۆ هەموومان بەیەك دەنگ بەیەك دڵ بەیەك بیروباوەڕەوە بێینە مەیدان! سەروماڵ، هەرچییەکمان هەیە، بۆ سەربەستیو سەربەرزی ئەم نەتەوەیە، بۆ ئازادی میللەتەکەمان بێ!! دەبێ خۆبەخت کەین!

کوڕینە:

پرسیار لەخۆتان بکەن.. تاکەی چەوساوەو بێماف بین؟ تاکەی بێدەمو زمانو ئالا بین؟ تاکەی مامەڵەمان پێوەبکەنو بێدەنگ بین؟

کوڕینە..

ئەمڕۆ رۆژی هەڵمەتو قوربانیدانە، ئەم فرسەتە لەدەس مەدەن! چاك بزانن ئەوەی بۆ بەرزی وڵاتو نەتەوەکەی تێ بکۆشێ، هەردەم سەربەرزە، هەمیشە ئازاو دلێرە.. نەمرە!!)

خۆ هەر ئەم قسانەی ئاغا بوو حەمەی لەخشتەبرد، بۆ سبەینێی ئەو رۆژە ئالۆشی تێکەوت، لەگەڵ چەند هەرزەیێکی ئاواییدا خۆیان گەیاندە شار.



لەشاردا رێزیان لەحەمە گرت، ئەویش سەبارەت بەوەی کوڕە کوێخایەو کێلی قەبرەکەی بوکی، بەرزترین کێلی گۆڕستانەکەی ئاواییە، تفەنگێکی (نهایت جاندار)و (دەمانچەیەکی دەتیر-یان) پێبەخشیو کردیانە سەردەستە.. حەمەش کەوتە قیتەقیتو فاتیحاخوێندنە بۆ قەبرەکەی باوکی!

*

حەمەو خەجێ لەبن دارتووەکەدا، بێئەوەی دەریبڕن گەلێ پەشێو بوون..

- (چۆن سمایل وا دواکەوت؟)

پرسیاری بێدەنگی هەردووکیان بوو.

حەمە هەندێ لەخەجێ دوورکەوتەوە، تا چاکتر ئاواییەکەی بۆ دەرکەوێ.

- (دەترسم، شتێکی بەسەرهاتبێ! نا..باوەڕناکەم، خۆم سمایل دەناسم، دەمانچەی پێیە، کەم کەس دەتوانێ زەفەری پێبەرێ.. نا.. نا ئەی بۆ دیارنییە؟

- حەمە لەم سێو دووەی دا بوو، سمایل دەرکەوت، حەمە بەپەلە بەرەوپیری چوو.

- خۆ هێ نەبووە؟

- نە کامە بۆ؟

- ئەڵێم زۆر دواکەوتی.

- ماڵێکی چاك بوون، هەرچەندەم کردو کۆشام بێ‌سوود بوو، نانیان دەرخوارد دام، پاشان خورجەکەیان پڕکردم.. لەڕوو دامام، نەمدەویست بڵێم ناخۆمو خەڵکی دیم لەگەڵدایە.. نانو پێخۆریان دامێو وتیان (ڕەنگە ڕێگەکەت دووربێ؟)

- ئافەرین

حەمە سووکە ئاگرێکی کردەوە، کەچی زۆری پێ‌سەیر بوو خەجێ هێی پێ‌نەخورا.. سمایل گەلێ دڵگیر بوو، خۆی دەدواند:

- (دەترسم براژنم لەمن دڵگیر بووبێ وا دواکەوتم.. ڕەنگە وا هەست بکات فەرامۆشم کردبێ..)

خەجێ هەر هێی نەخوارد، تا ئێواری لەژێر ئەو دارەدا ڕۆژیان گوزەراند.. هەرکە شوان مێگەلە مەڕو، گاوان گاڕانی هێنایەوەو کەڵەشێر لەخوێندن کەوت، ئەمانیش وەك تارمایی بەرەو ئاواییەکە داکشانو ماڵێکی پەڕیان هەڵبژارد..

هەرکە خانەخوێ چاوی بەتفەنگ کەوت لەسەرەتادا کەوتە گومانەوە، پاش حەسانەوەو شێوخواردن، قسەیێك لێرەو قسەیێك لەوێ، خانەخوێ وتی:

- یەك قسە بەچەندی دەفرۆشی؟

هەناوی سمایل گڕی تێ‌بەربوو، لەبەرخۆیەوە وتی: چی؟ کاکم تفەنگەکە دەفرۆشێ؟ بەراستییەتی یا هەر قسە بوو کردیان، خۆ کاکم پێویستی بە



(پوڵ) نییە.. نازانم چۆنی تێبگەیێنم کە بەمن لازمە.. ئەوە خۆ کابرا بەکاکم دەڵێ: (لەودیو) قەدەغەیەو نابێ کەس تفەنگ هەڵگرێ!

حەمە بەهێمنییەوە بەکابرای خانەخوێ وت:

- بەکەرێك!

خانەخوێ وایزانی حەمە گاڵتەی پێ‌دەکات، بێ‌دەنگو گرژو مۆن بوو.. حەمە هەستی کرد خانەخوێ دڵگیرە وتی:

- کەرێکی چاكو دوو جاجمو هەندێ وردە تفاقی پێویست بۆ (نۆماڵی)

- هەر ئەوەندە؟

- هەندێ زەخیرەو خواردەمەنی هەفتەیەك بۆ سێ کەسێ!

- هەر ئەوەندە؟

- ئیتر خۆت و ویژدانت.

- سەد تمەن دراویشت دەدەمێ

- زۆریشە بەزیادبێ!

- ئەی دەمانچەکەت نافرۆشی؟

- نەخێر.

- قیمەتی چاکت دەدەمێ!

- .. .. ..

- کەیفی خۆتە..

ژنو کچی خانەخوێ، پێویستیەکانی خەجێیان دابین کرد، حەمەو سمایل تا بەرەبەیان بەنۆرە ئێشکیان دەگرت، دەترسان نەوەك خانەخوێ بەدزیەوەو ئیخبارییان بکات.. بەرەبەیان وەخۆکەوتن، بڕۆن، کابرای خانەخوێو خێزانی لەبەر خەجێ نەیانهێشت، بەنەوە دڵییەوە ئەو رۆژەشیان لەو دێیە گوزەراند، رۆژی دووەم لەگەڵ تاریكو رووندا، سێ جاجمو هێزەیێك رۆنو هەندێ پەنیرو کیسەیێك کاکڵە گوێزو هەندێ مێوژو سی چل نان لەناو هەگبەیەکدا بەسەر پشتی کەرێکی سپی کۆکەوە بوو، ئەحمەد لەباوەشی خەجێ، خەجێ-یش لەسەر پشتی کەرە سپی، حەمەو سمایل-یش بەدوایانەوە ملی رێیان گرتەبەر.

*

# ٢

حەوشێکی پانو بەرین، دارتوویەکی گەورەی پەلوپۆ نارێکو دەیان هێلانەی کوکوختی لەسەر، دە دوانزە ژووری تاریکو شێیاویو دەرگا ترازاو، کۆمەڵێ (کرێی) رەشوڕوتو ئاوارەوو لێقەوماوی گرتبووە خۆیەوە!

لەناوەڕاستی حەوشەکەدا بیرێکی قوڵو سەتڵێکی لاستیکی رەش بەگوریسێکەوە ئاوێزان بوو، مایەی شەڕو هەرای هەموو رۆژەی دانیشتوانی حەوشەکە بوو! دالانێکی باریک، جۆگەلەیێکی سیاناوی بۆگەن کردبووی بەدوو بەشەوە.. ئەمسەری دالانەکە، دەرگایەکی پانی داریو بزمارڕێژکراو بوو، کە بەشەو و رۆژ دەمی داچەقاندبوو، لەزستاناندا ئەوەندە دەپەنەما، سێ چوار زەلامی کۆك نەیاندەتوانی دایخەن! پشتی دەرگاکە دنیایێکی سەربەستی دەیان جاڵجاڵۆکەو سیسرکو



شەوگەرد بوو.. ئەوسەری دالانەکەیش نووسابووە دامێنی تەنووربانێکی لەتەنەکەو چینکۆ دروستکراو..

تەنوورەکەیش هەمیشە خۆڵەمێشی گەرمی هەبوو، ئەمیشیان هۆیێکی دیی شەڕوهەرای بەرەبەیانی هەندێ لەکرێیەکان بوو کە قازانی پاقلەو نۆکیان تیادا دەکوڵانو دەیانفرۆشتە هاوسێکان، شەڕو مەرافەی بەیانیان وەك خۆیان بەیەکدییان دەووت:

— هێشتا خێرو شەڕ بەش نەکراوە بۆ وا حەیات لێهەڵگیراوە!

شەڕ تا چەشتنگاو بەردەوام دەبوو، پاشان سەتڵی بیرەکە دەبووە سۆنگەی شەڕێکی دیو ئێوارانیش، دەبا لەهێە شەڕو هەرایێ بەرپابکەن، دەنا کەسیان خەویان لێنەدەکەوتو نەدەحەسانەوە!

ژوورەکانی حەوشەکە بەتەنیشتی یەکدییەوە بوون، ئاخوڕی مانگاو کەرو گوێرەکە، کولانە قازو مراویو مریشكو قەل دیمەنێکی سەیری بەجەوشەکە بەخشی بوو.. چەند تەنەکەیێکی بەگەچ داچەسپاو ببووە هێلانەی هەندێ کۆتری ماڵی.. سەربانی حەوشەکە جێی مەشقو رمبازی منالانی کۆتربازو جێی فڕکان فڕکانی هەرزە چاوچڵێسەکان بوو کە لەو سەربانەوە بۆ سەربانەکانی دی دەچوون!

حەوشەکە بۆخۆی جیهانێکی تایبەتی بوو هەر لەقیژەی منالّو شاتەشاتی ئافرەتانو زەڕینی کەرو بۆڕەی مانگا، تا جنێوە سووکەکانی خاوەن حەوشەکە ئیمپراتۆرو دکتاتۆر بوو.. ئەم دەنگانە کارێکی کردبوو کەس هەست بەدەسبەتاڵی نەکات! پیرە دارووییش بەنازەوە —لەبەر شاشی

چڵەکانی- سێبەری پینەئاسای دابەش دەکردە سەر کرێچیەکان کە زۆربەیان حەمە ئاسا ئاوارە بوون..

*

لەهەفتەی یەکەمدا خەجێ وایدەزانی لەبەندیخانەیە، رانەهاتبووە سەر ئەوەی شەوو رۆژی لەنێو چوار دیواردا بگوزەرێنێو دیواری رزیو ببێتە پەرژینو لەڕووی ئاسۆی بینیندا بووەستێ!

(زوو) لەئاواییدا هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارێ- پاش مەشکەژەنین- رێی کانی ژنان لەبەر هەنگاوە تیژڕەوەکانی زەلالەتی بوو، کەچی ئێستا دە دوانزە هەنگاو لەبیری حەوشەکەوە دوورە، گۆزەشی بووەتە سەتڵ!

مانگی بەدینارونیوێك لەم حەوشەیەدا نیشتەجێ بوون، هەر یەکەم رۆژ حەمە چوە لای دارتاشێك، لانکێکی جوانی بۆ ئەحمەد کڕی. هەر لەڕێدا میتو مووروی جوانو دەسرازەییێکی نەخشینو هەندێ وردە پێویستی ناوماڵو شتی دیی کڕیو گەڕایەوە.

حەمە چ کارێکی نەدەزانی، سمایل لەحەمە خراپتر.. کەرە سپییەکە بووە ئەستونگەی ژیانیان، هەموو سەرلەبەیانییێك حەمەو سمایل ناوی خوایان لێدەهێنا، کەرە سپییان دەدایەبەر، بەرەو (خانە سپی)و (خانی خورما)ی (خانی قازی) دەچوونو روویان لەدەرگای خوا دەکرد.. حەماڵییان دەکرد، لەکاردا لەکەرەسپی کەمتر نەبوون، هاوهێزبوون! لەشوێنی خۆیاندا گەر لەبرسا مردبان حەماڵییان نەدەکرد، کەچی لێرە، وردە وردە لەگەڵ ئەم ئیشەیاندا جۆرە عەشقو خۆشەویستییێکی سەیریان



پەیداکرد. لەنێو دڵۆپە ئارەقی ماندووبووندا دەحەسانەوە. هەرچەند بارەکەیان قورس بوواییێت ئەوا گیرفانیان قورستر دەبوو، زیاتر کەیفخۆش دەبوون، بەلایانەوە ژیان خۆشەویست تر دەبوو!

ئەگەر لەوەبەر لەجێو شوێنی خۆیاندا، لەگەورەپیاوانو مەلای دێ زۆر قسەی خۆشو شیعری جوانو چیرۆکی جوامێرییان بیستبوو، کەچی بایی پولێك نەیانیگۆڕی بوو، بەڵام لێرەدا، برسیەتیو غەریبی بەکەڵك ترین وانە بوو، نەك تەنها خێری خۆشەویستیو وەفای کردن، بەڵکو لەدڵسۆزیا پاڵ بوونو تێکەڵی خوێنیان بوو، هەرکە ئێواران دەگەڕانەوە هەریەکە دەسماڵێکی پڕ دەکرد، هەر رۆژەو شتێکیان بۆ ماڵ دەکڕی، بەماوەیێکی کەم ناوماڵێکی هەندێ رێكوپێك-یان پێکهێنا. ئیدی دەسهاتیان پاشەکەوت دەکرد..

*

حەمەو سمایل دەربەستی هیچ شتێ نەدەهاتن، گرنگ ئەوەبوو بەئارەقی نێوچاوان نان پەیدا بکەنو بژین.. وردەوردە خەجێش راهاتە سەر ئەم ژیانە نوێیە، پاش ئەوەی حەمەو سمایلی بەڕێخست، خەریکی ئیشی ناوماڵ دەبوو، پاشانیش بەدیار بێشکەکەی ئەحمەدەوە دادەنیشت، لای لایەی بەسۆزی بۆدەکرد غەریبیو کڵۆڵی خۆیشی دەلاواندەوە، هەندێ وردە فرمێسکی دەڕشت.

لەماوەی سێ مانگێکدا هەندێ شتیان پاشەکەوت کرد، غەریبی هاندەریان بوو، هەموو کارێکی قورس سووك کەنەوە، هەر لەبەیانییەوە

تائیّواریّ تەنگیان بەکار هەڵدەچنی، هەنگاوەکانیان شارەزاو ئاشنای ئەم دوکانو ئەو دوکان بوو، بەهەموو بازاڕەکانی شاری کەرکوکدا دەسوڕانەوە.

(جوت قاوەخانە)و (ئەشەگ مەیدان) جێی حەسانەوەی نیوەڕوانیان بوو، بۆ سەعاتەوەختێ ماندوویەتییانی دەمژی.. بێدەربەستی هەموو جۆرە سەرنجی بوون! خەمی ئەوەیان نەبوو کە کۆڵ بۆ هەرچیو پەرچیو پولەکیو ناکەس بەچە هەڵدەگرن!

*

حەمەو سمایلو خەجێ لەنێو زەردەخەنەو گڕوگاڵی (ئەحمەد)ا دۆستایەتیو خشەویستیان لەگەڵ ژیانی نوێدا پتەوترکرد، هەستی غەریبیو شەکەتی لەنێو زەردەخەنەکانی ئەحمەدا دەتوایەوە..

پاش نۆ مانگێ، نیوەشەوێ حەمە لەخەوراپەڕی ئارەقی شێو مۆری دەردابوو، تا بەیانی خەوی لێنەکەوتەوە.. بەیانی زوو بەخەجێو سمایل-ی وت:

– خوا بەخێری بگێڕێ ئەمشەو خەونێکی ناخۆشم بینی.

سمایلو خەجێ بەیەك دەنگ وتیان:

– خێرە ئیشالڵا؟

حەمە هەروەك ئەوەی قسە بۆ خۆی بکاتو لەدنیای خەونەکەی خۆیدا بێ ئاوها هاتەگۆ!



– بەقەد چیاییّکی سەختدا، گەلێك سەخت، هەڵدەگژام نەمدەزانی بەدووی چییەوەم، یا چ شتێ پاڵم پێوەدەنێ، بەرەو ترۆپك دەڕۆیشتم! ئا.. کە ڕێگایەکی چە سەخت بوو.. هەر نەدەبڕایەوە.. کە هیلاك بووم، هەندێ شوێنی ئەوەندە سەخت بوو بەچنگەکڕێ پیایا هەڵدەگژام.. لەپڕ شتێ لەناخمدا هاتەدەنگو هانیدام بەردەوام بمو بڕۆم نەوەستم. ئەم دەنگەی ناخم هەراسانی کردم.. ئای چ خەونێ بوو.. چ چیاییێك بوو. باوکمو دایکمو هەموو خزمو کەسوکارم، ناسیاو و هاوڕێکانم.. هەموو خەڵکی دێیەکەمان بەقەد چیاکەدا وەستابوون. ئا.. بێ گیان، ببوون بەبەرد، بەبەردەمیاندا تێدەپەڕیم لێیان نزیك دەبوومەوە، دەستم بەروخساریان دەهێنا، گەردو تۆزێکی بۆر نشتبووە سەر روخساریان.. دەنگەکەی ناخم هەر تاوی دەدام! ئای چ ڕێیەك بوو.. هەر نەدەبڕایەوە، ماندووبووم، هێزم تیانەما، ئەژنۆکانم دەلەرزین، بەپێوە خۆمم بۆنەدەگیرا، کەچی دەنگەکەی ناخم پەلکێشی دەکردم! ماوەی حەسانەوەی نەدەدام، بەباریکە ڕێیە سەختەکانی چیاکەدا سەری خستم، گەیاندمیە سەر ترۆپك.. ئای چەن بەرز بوو، زنجیرە چیاکانی دی لەبەر پێی ئەم چیایەدا بەشەرمەوە سەریان داخستبوو.. ئای چەن بەرز بوو.. چ هەزار بەهەزاریێ بوو.. ئەیڕوانییە سەر دۆڵێکی قوڵو تەنگ.. ئاگرێکی کزیش لەنێو دۆڵەکەدا دیار بوو.. باریکە دوکەڵێکی ڕەشی پێاوپێی لێهەڵدەستا! وردەوردە ئاگرەکە زیادی کرد، گەشایەوە، دوکەڵە ڕەشەکە وەك گەردەلولێکی تووڕە بەدەوری خۆیدا پێی دەخواردو بەرەو ژوور هەڵدەکشا،

هەموو دۆڵەکەی پڕکرد لە پڕ — ئاخ- ئەوە چی بوو؟ چ دەعباییێکی سەیر لەنێو دۆڵەکەوە سەری بەرزکردەوە. ئای چ دەعباییێك بوو؟ لەشێوەی ئافرەتێکی باریکەلەی درێژ، ئەوەندە درێژ مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چەن درێژو باریکەلە بوو.. دە دوانزە دەست.. رەنگە زیاتریش بوبوێ بەقەد سنگییەوە بوو.. دوو کەڵبەی سوور هەریەکەیان گەزێ زیاتر درێژیی بوو، لەدەمییەوە شۆڕببونەوە، پرچێکی رەشی درێژی گڤن، دوو مەمکی گەورە، هەریەکەی سێئەوەندەی مەشکە گاوسێ دەبوو، دەتووت رەشکەکانو بەسنگییەوە دەلەرینەوە.. ئای لەو دەعبایە چ دەنگو زیقەییێکی لەدەم دەهاتەدەر.. هەرچی بەردی چیاکە هەبوو خۆیان نەگرتو غلەو بوون.. دەنگدانەوەی زیقەکەی هەموو ئەو خزمو کەسوکارو هاوڕێیانەم — کە ببوون بەبەرد- هەموویانی خستو تلی پێدانو بەرەو دۆڵەکەی بردن، لەنێو دوکەڵە رەشەکەدا ون بوون! ئای چ خەونێ بوو.. دەعباکە دەیقیژاند، هاواری دەکرد، بەهەموو لایەکدا دەستەکانی رائەوەشاندو ئەینەڕاند.. ترش دایگرتبووم.. حەسەپابووم، زمانم تێك ئالا، سەرم لێتێك چوو.. ئای.. نازانم لەو خەونەمدا چۆن دەموێرا سەیری بکەم.. لەپڕ دەعباکە وەستا، بێدەنگ بوو، دەستەکانی بۆ درێژکردم، هەرچەن هەوڵمدا حاڵی نەبووم چی دەوێ.. هاوارێکی کرد بەپشتا کەوتم! ئای لەگەرمی ئەو بایەی لەدەمییەوە دەهاتەدەر.. برۆو سمێڵو کاکۆڵی هەڵپڕوزاندم.. لەترسان هەر هاوارم دەکرد، دەمناڵاند، کەچی دەنگم دەرنەدەهات، گوێم لەدەنگی خۆم نەدەبوو.. بۆ ماوەییێك



دەعباکە لەبەرچاوم ون بوو. وتم ئۆخەی رزگارم بوو! ئەم قسەیەم تەواونەکرد، دەعباکە سەری بەرزکردەوە.. واقم وڕما، ئەی هاوار ئەمە چییە دەیبینم؟

ئەحمەد بەسەر دەستەکانیەوە بوو، ئەم دەستو ئەودەستی پێدەکرد.. ئەحمەد دەگریا.. دەیقیژاند ئای هاوار.. نەمزانی چۆن لەسەر لوتکەی چیاکەوە خۆم هاویشتە ناو دۆڵەکە! لەو ئاسمانەدا، لەنێو بۆشاییو دوکەڵدا، زۆر بەئەسپایی وەکو پەڕ دائەبەزیمە خوارێ دوکەڵ ئالآیە قەدمەوە، داپیۆشیم، لەنێویا ون بووم! چ تاریکستانێ بوو.. ماوەی تەمەنی ئەو دابەزینەم ئەوەندەی هەموو تەمەنم دەبوو، هەر نەگەیشتمە خوارێ.. بۆشاییو تاریکی.. تاریکیو بۆشایی هەر تەواونەدەبوون، هەناسەم لەبەر بڕا، تەنگەتاو بووم، خەریك بوو بخنکێم.. وەئاگاهاتمەوە.. ئۆخەی خەو بوو. ئارەقی شینو مۆرم دەردابوو.. لەنێو جێیەکەم هەڵسام.. شایەتمانێکی بەهەقم هێنا.. رووم لەبێشکەکەی ئەحمەد کرد.. ماچم کرد.. ئیتر خەوم لێنەکەوتەوە.. حەمە لەکاتی گێڕانەوەی خەونەکەیدا، چاوەکانی زەق دەبوو، جۆرە تەنگەنەفەسییەك رێی لەوشەکانی دەگرت بەهەناسەبڕکێوە وشەکانی دەدایە دەم یەك، وەك ئەوەی هێشتا هرە لەنێو دنیای خەونەکەیدایە.. تك تك ئارەق بەنێوچاوانیدا هاتەخوارێو رەنگی پێدەبوارد..

سمایل وتی:

– كاكە خوا بەخێری بگێڕێ.. ئەمڕۆ لەماڵێدا بە، مەچۆ بۆ کار.. من دەچمو لەڕێدا بابی پەنجا فلس نان دەبەخشمەوە..

خەجێش تووتی ئاسا قسەکانی سمایلی دووبارەکردەوە. حەمە تا چاشتانگاو لەماڵێدا ئۆقرەی گرت، هەرکە بووە سەعات یانزە ئارامی لاهەڵگیراو لەماڵێدا هەر ئەمسەروئەوسەری دەکرد، بەخەجێی وت:

– بۆ سەعاتێ دەچمە بازاڕو چاوێ گێڕدەدەم، لەگەڵ سمایل وێکڕا دێینەوە.

چاوەڕێی وەڵامی خەجێی نەکرد، ڕێی (خانەسپی)ی گرتەبەر.

❊

لەدەرگای (خانە سپی)دا هەموو حەماڵەکان لەلۆرییێکی (ئەنتەرناش) ئالابوون، تەنها سمایل نەبێ —کە حەمە هەرچەندە چاوی بۆ گێڕا بەرچاوی نەکەوت- حەماڵەکان لەگەرمەی گرەوکردنا بوون، حەمە خۆی تێهەڵقورتاند.

– جا زۆر زەحمەتە؟ فەردەییێکی (خەت سووری خوێ) دوو شەقاو ڕێیە لەلۆرییەکەوە بۆ نهۆمی دووەمی خانەکە.. جا چییە..

– کاکە حەمە ئێمە لەگەڵ تۆمان نییە؟

یەکێ لەحەماڵەکان ئەم قسەیەی کرد، حەمەی پێ تووڕەکرد، وایزانی بەتەوسەوە ئەم قسەیە دەکات، حەمە وەك ڕقەبەرایەتیکردن، چووە نێو باسەکەوە، سووربوو لەسەر گرەوکردن، وەکو هەمووجارێکی گاڵتەی بەم بەزمە دەهات، لەبەرخۆیەوە بەنیمچە زەردەخەنەییێك وتی:



– جا فەردەییێك چییە؟ بۆ کەم فەردە خوێم داگرتووە؟ کەم گرەوم بردووەتەوە؟ خۆ ئەمانە هەموو دەمناسن.. دەیزانن دەیبەمەوە.. دەی حەمە ناوی خوای لێ بێنە، خۆت بنوێنەو بۆیان ئیسپات بکە کە بەهێزترین حەماڵی شاری!!

فەردەکەیان دابەکۆڵیا، حەمەو وەك ئاسك لەلۆریەکەوە هاتەخوارێ، بەپێپلیکەکانی خانەکەدا بەرەو نهۆمی سەرەوە هەنگاوی نا، پێش ئەوەی پێبنێتە سەر دوا ناردوانەوە، دەعباکەی شەوێی خەونی هاتەبەرچاوی، پێی خزا، بەخۆیو کۆڵەکەی کەوتنەخوارێ.. مقۆمقۆ کەوتە نێو حەماڵەکانەوە.

– ئەرێوەڵڵا لەناوچوو.

یەکێ لەحەماڵەکان ئەمەی وتو گەیشتەسەری، حەمە لەخۆچووبوو.. بردیانە خەستەخانە، حاجی صدیقی عەلافی خاوەن خان هەرکە بیستی حەمە پشتی شکاوە، بەهەڵەداوان خۆی گەیاندەماڵی حەمە، هەرکە خەجێو سمایل ئەم هەواڵەیان بیست دەستو پێیان شکا!!

❊

مانگێ، دووان، سێیان، چوار، حەمە لەنەخۆشخانەدا مایەوە.. لەخراپەوە بۆ خراپتر دەچوو.. هێنایانەوە بۆ ماڵێ، نەیدەتوانی ببزوێت، خەجێ (قەعدە)ی لەژێر دەنا. سمایل بەتەنها کاری دەکرد، کەرە سپیش بەر سەیارە کەوت، ئیتر سمایل بەتەنها مایەوە..

حەمە وەکو منالّی لێهات، نەك تەنها رۆژبەرۆژ دڵی ناسك دەبوو، بەڵکو بیانووی بێ سەروبەریشی دەگرت، خەجێ بەکۆڵ دەیبردە سەربان، بەیانیان دەیهێنایەخوارێ.. حەمە لەهەموو شتێ نارازی بوو، لەخۆی، لەخەجێ، لەسمایل، هەتا لەگریانەکەی ئەحمەدیش.. هەر دەیبۆڵاند، توڕە دەبوو، هەرچییەکی بەردەست کەوتبا تێیانی دەگرت، دەیشکاند، جنێوی دەدا، رۆژێ سمایل دیقی کردو هاتەزمان:

— کاکە ناشکور مەبە.. هەر ئەوەندەم لەدەس دێ، خۆ تۆ بەتەنها نیت.. تۆو خەجێو ئەحمەدو..

حەمە نەیهێشت سمایل قسەکەی تەواوبکات:

— بەڵێ.. بەڵێ.. سمایل حالّی بووم.. ئەمە دنیایە.. وا چاولەدەستی تۆم! خوایە مەرگ..

سمایل دەیویست شتێ بڵێ، کەچی حەمە بەوشەی (خوایە مەرگ) قسەکەی پێدەبڕێ.. سمایل چەن جارێ هەوڵیدا بێسود بوو..

یەکەم جار بوو سمایلو خەجێ ببینن، حەمە دەگرییێت، بەجۆرێ فرمێسك لەچاوانییەوە دەهاتەخوارێ گۆناو سمێڵی تەڕکردبوو!

سمایلو خەجێش نەك بۆ ئەم قسەیە بەڵکو بۆ فرمێسکەکانی حەمە، بەری فرمێسکێ چاویان بەربوو، هەرسێکیان بەبێدەنگییەوە دەگریان، هەریەکەش بەجۆرێ بیروسۆزی خۆی لەنێو فرمێسکیا دەتواندەوە.. حەمە لەگەڵ هەر دلۆپە فرمێسکە توڕەبوونێکی بێدەنگ لەنێو چاو و مێشكو دەروونیا دەزاند. بەدەنگێکی نیمچەبیستراوو خۆی دەدواند:



— (وای لێهات.. لەبیری چوەوە، ئەوەندەی فیسقەگولێ بوو.. بەهەموو جۆرە نازێ پەروەردەم کرد، هەرچییەکی ویستبا، بۆم پەیدادەکرد.. حەقیەتی! لەبیر چووەوە گەر لەترسی من نەبا، لەسەر ئەو کچەتیوە بێکەس کوژیان دەکرد! ناحەقی نییە! خەتای نییە.. بەختەکەی خۆمە! تف لەم رۆژە رەشەم.. خوایە چ گوناهێکم کردبوو وا برام لێ بووە بەدوژمن! من وام لێهات سمایل پێم بڵێ تۆ تەنها نییت.. ئەی ئەحمەدو خەجێ من نیین؟ ئەی بۆ من تائێستا سمایل نەبووم؟ ئەی خوا بۆ ئەم چارەنووسو بەدبەختییەم کەی بووە برا لەڕووی برای گەورەدا بێتەزمان؟ خەتای خۆم بوو، زۆرم دایە دەمییەوە! ئەوە نییە لەماوەی ئەم یەك دوو مانگەدا ئێواران دێتەوە هەر ئەوەندە دەڵێ: کاکە چۆنیو ئیتر بێدەنگ دەبێ.. ئای کە بێدەنگییەکەی کوشتمی.. هەرکە نانەکەیم دەخوارد دەتووت زەهر دەخۆم، کە دەمبینی بەلاچاوەوە سەیری دەستم دەکات، نازانم خوا چۆن رۆحی نەدەکێشام.. خۆ دەبا پێری ئێوارێ تێبگەیشتبام کە پێی وتم: (کاکە ئەوە مویێك بەپارووەکەتەوەیە، ئاگاداربە (دەبا ئەوەندە فامی هەباو تێگەیشتبا بۆ پارووەکەم داناو نانەکەم نەخوارد.. دەبا حالّی بێت.. بەڵێ من، چۆن دەتوانم نانی بخۆم، ئەوەی پەیدای کردووە سەیری دەستم بکات! ئا.. رەنگە حالّی بووبێتو خۆی بێدەنگ کردبێ، بەبێدەنگی حاڵیم بکات، ئیدی حەوسەڵەی نەماوە.. ئای خوا.. چ دنیاییێکە! هەر لەمێژە دەزانمو سەرنجم دەدات.. هێشتا نەمردووم وادەکات.. دەبێ پاش مەرگم چی بکات؟

ئەوا یەکسەر (ئەحمەد) بەرەو مەیتەم دەنێریێو خەجیێ-یش.. ئاه.. ناتوانم ئەو رۆژە بێنمەبەرچاوم!

حەمە لەگەڵ ئەم یادو کڕوزانەوەیەدا بەخوڕ فرمێسکی بێدەنگ لەچاوانییەوە دەهاتەخوارێ، ناخی گەلێ گەرم بوو.. فرمێسکەکانی حمە لەبەرچاوی سمایلو خەجیێدا قەوارەیان وەرگرتبوو، گیانیان پەیداکردبوو، مرو ئاسا دەجولاّنەوە، فرمێسکیان لەچاوانی سمایلو خەجیێدا دەدۆشی، چەن جارێ لەسەر یەك وشەی (ئاخ) (ئاخ)ی دەمی حەمە وەك تیری ژەهراوی دەروونی سمایلی دەپێکاو باریکە ژانی بۆ دروست دەکرد، لەتەوقی سەر تا نوکی پەنجەکانی پێی بەسەردەکرد.

– کاکم هەروا بووە، هیێ نەگۆڕاوە، ئێستاش هەر بەمنالّم دەزانیێ، خۆ نەیهێشت قسەکەم تەواوبکەم. کەی من مەبەستم وابوو.. ویستم تەنها سوکە گلەیی بکەم.. کەی من مەبەسم وابوو.. ویستم بڵێم کاکە (راستە تۆ ژانت زۆرە.. ئاخر تەنها نییت، هەندێ حەوسەلّەت هەبێ، ئەم ژانەت کاردەکاتە سەر خەجیێو ئەحمەد، ئەمانیش تۆنو بەشێکن لەئازاری تۆ، کەچی بەجۆرێکی دی تێگەیشت.. خۆ ئێستا ناتوانم هیێ شتێ بڵێم.. ناتوانم بۆی روونکەمەوە.. هەر ناتوانم داوای لێبوردنی لێبکەم.. کاکم چاك دەناسم هەرگیز لێبوردن قەبوڵ ناکات.

❊



گەر کەسێ لەهاوسێکان بەرێککەوت چاوی پێیان کەوتبا دەیبینی: سێ جەستەی پوکی بەئاستەم نوزە تیاماوە، رەنگبواردوو غەمو پەژارە وەك تەونی جالّجالۆکەییێکی مردوو بەروخساریانەوە دیارە.

بێهێزیو لاوازی دایانی چەقاندووەتە سەر زەوی، بێئومێدی دەستو پێیانی کۆت کردووە، لەرۆحی خۆیان بێزارن.. دوانیان کسکۆڵەیان کردووە، یەکێکیشیان لەسەر پشت نیمچەراکشاو چەند بالیفێکی لەژێر سەرو ساندایە، بێدەنگییەکی سەیر ئالاّوەتە رۆحو جەستەیان، چاوانیان سوورهەڵگەڕانەوە بەپشکۆی ئاگری دۆزەخ دەچن!

حەمەیان، بەخوڕ فرمێسکی بێدەنگی لەچاوانییەوە دەبارێنیێ، وەك بیەوێ پەڵە بەزەوییی سوتاوی ئومێدی ژیانی بداتو هەرچی فرمێسکی داهاووی تەمەنی هەیە دایبارێنێ.. سمایل پەنجەکانی لەئەژنۆ هەڵپێکاوە، بەئاوازێکی بێدەنگ فرمێسك لەچاوانییەوە دێنەخوارێ. گەلێبەپەلەو بەخوڕن وەك ئەوەی مەبەستیان بێ خۆیان لەئاگری دەروون، رزگارکەنو نەبنە هەڵم..

خەجیێ-یش، رەنگە هیێ چاوو سەرنجێ، نەتوانێ تەنها دیمەنی چاوەکانی کۆکاتەوەو لەچوارچێوەی بینیندا رایگرێ، جووتە چاوی خەجیێ بەچاوانی ئاسکی ژێر چەقۆی دەستی راوچییەك دەچێ، برژانگەکانی وەك پەڕی تاوسێکی تازەپێکراو دەجولاّنەوە.. جووتە چاوەکە، هیێ رەنگێ لەبەر گەرمی فرمێسکەکانیا خۆی پێنەدەگیرا، دەتوایەوە.. هەرکەسێ

دیمەنی ئەم سێ کلۆڵەی بدیبا بڕوا بەچاوانی خۆی نەدەهێنا، سوك پاشەوپاش دەگەڕایەوە..

*

ئەم بێدەنگییەی بەزیقەی گریانێکی ئەحمەد قووت دەدرا، وەك ئەوەی هەرسێکیان شەرمو خەجاڵەتی دایانگرێ، لەڕووی دەنگی (حەق)دا ئامادەبن، ملکەچی ویستی ئەو دەنگە بن!

دەنگێ بێ وشەو پیت، یاخییە لەنێو هەموو فەرهەنگەکانی زەمیندا کوت بکرێو بکرێت بەکەرەسەی (زانستو فێربوون) دەنگێ هەر بەکێوییەتی خۆیەوە هەموو پیتو وشە کەویەکان دەبەزێنێو رامیان دەکات، سەرئەنجامیش رایان دەماڵێ!

دەنگێ لەسەرەتای پەیدابوونەوە تائێستا یاخییەو نایەوێ دابەش کرێتە سەر هەندێ پیتی بێدەنگو دەنگدار! کتێبە پیرزەکانیش لەتامو بۆنی بێبەرین. دەنگێکە نهێنی ئامێزو پیرۆزو دڵتەزێنە! هەرسێکیان لەئاستی گریانەکەی ئەحمەد دەشڵەژان.. خەجێ چووتە پێهەڵدەسا مەمکە وشکەکانی دەئاخنییە نێو دەمی!

*

ئەو ئێوارەیە حەمە ورتەی لەدەم نەهاتەدەر، هێی نەخوارد، چاوی بڕیبووە بنمێی ژوورەکە، گەلێ جاریش بۆ دوو سێ دەقیقەیێك نەیدەتروکاند، لەبەرخۆیەوە خۆی دەدواندو سەری بادەدا:



— (بەڵێ.. حاڵی بووم.. ئەمە دنیایە! چاو لەدەستی تۆم.. خوایە مەرگ!)

بەرەبەیان لەگەڵ مەلابانگداندا، سمایل وەکو رۆژانی دی بەرەو کار ناوی خوای لێهێناو رۆیشت، زمانی حەمەکرایەوە، زۆری لەخەجێ کرد:

— خەجێ.. خەجێ گوێم لێبگرە.. نامەوێ هێ ببیستم فزە مەکە، ناوماڵ کۆکەوە، تەنها دەمانچەکە جیاکەرەوەو لەنێو بێشکەکەی ئەحمەدا قایمی کە.. ئاگات لێبێ ئەوانەی سمایل کڕویەتی دەستی مەدەیێ.. ئەوانی دی جیاکەرەوە بچۆ بەدوای (فرایمە جولەکە) بانگی بکە، بەهەر نرخێ بێ بیانفرۆشە.. وریابە.. نامەوێ کەس بزانێ.. ئا.. هەمووی مەفرۆشە، دوو دەس نوێنو هەندێ قاپو قاچاخو پەرەمێزەکە جیاکەوە.. ئەوانەی دی بفرۆشە.. دەی مەوەستە.

خەجێ بەحەپاسانەوە سەیری حەمەی دەکرد، هەرئەوەندەی وت:

— یا فەتاح یا رەز..

نەڕەبێکی حەمە، سەرتاپای خەجێی هێنایەلەرز.. بۆ چاشتنگاو ویستی حەمە هاتەدی.. هەموو شتێ ئامادەکرا.. خەجێ بەعارەبانەیەکەوە گەڕایەوە، سوك بێ قسە بۆی دەرپەڕین، حەمە لەرێدا بەکابرای عارەبانچی وت:

— بۆ مەحەتە.. مەحەتی قەتار

پاشان رووی لەخەجێ کرد:

– بریا دەستوخەتم دەبوو کاغەزێکم بۆ ئەو سپڵەیە دەنووسیو بۆم بەجێدەهێشت..

هەر لەنیوەڕۆ تا ئێوارێ لەبەر سێبەرێکدا لەوێستگای شەمەندەفەردا وەستان، خەجێ ئێوارێ حەمەی لەکۆڵ گرتو لەنێو فارگۆنێکدا لەجێیەك دایناو گەڕایەوە بۆ ئەحمەدو شڕەوپڕەکانی.

شەوگار کردیو حەمە کردی، چاوانی وەك هەوری بەهار فرمێسکی دائەباراند، خەجێش لەحەمە زیاتر.. دووهەم شەو بوو حەمە خەو نەچووە چاوانییەوە، بەرەبەیان گەیشتە بەغدا، هەر ئەو ڕۆژە لە (باب الشیخ)دا ژوورێکیان بەکرێ گرت، شەویش حەمەو خەجێ بەدیار گریە بێئامانەکەی ئەحمەد-ەوە دانیشتنو شەویان بەزان، هەر لەگەڵ تاریكو روندا حەمە پەڵپو بیانوییێکی زۆری لەخەجێ گرتو زۆری لێکرد:

– خەجێ.. خەجێ.. بمبە بۆ زیارەتی شێخ.

– ... ...

– خەجێ لەگەڵ تۆمە.

– ئەی ئەحمەد.. چی لێبکەین!

– لەو ژوورەی بەرانبەر بپاڕێوە.. کوردنو تکایان لێ بکە، چاویان پێوەبێ.. نیوسەعاتێ بەڵێ نیوسەعاتێ.. دەی خەجێ دیقم کرد.. سەبرم نەما، خەریکە دەتەقم!

خەجێ نەیوێرا بڵێ کام شێخ، ئەحمەدی کردە بیانوو هەر وایدەزانی ئەم شێخەش وك جوامێری باپیری نەریمانە –کە پێش ئەوەی حەمە پشتی



بشکێ، یادی (دێ)و دارو بەردی (دێیان) دەکرد، هەر شەوە لەسەر بەردێ، دارێ. خانوییێك ناوی دەدوانو سەرگوزشتە-یان دەگێڕایەوە، دڵی خۆیان دەدایەوە! خەجێ گەلێجار ناوی شێخ عەبدولقادری بیستبوو، بەناوی (غەوس-ەوە) دەیناسی..

خەجێ نەك لەترسی حەمە، بەڵکو لەترسی غەوس هێی نەووتو حەمەی لەکۆڵ گرتو کەوتنەڕێ..

*

حەمە بەجۆرێ چنگی لەمەرقەدەکەی (غەوس) گیرکردبوو، بەواشەییێکی تووڕەی بێوو دزراو دەچوو، ئاگری تووڕەیی لەچاوانیەوە دەردەپەڕی.. هەموو هێزی لەشی لەنێو دەستەکانیا کۆببووەوە، ئەوەندە بەتوندی دەستی بەشیشەکانەوە گرتبوو پەنجەکانی خوێنیان تیا زابوو.. هەستی دەکرد ئەو ماوەیەی کە لەحەوشەی شێخدا چاوەڕێیان دەکرد، بەقەد هەموو تەمەنی دەبوو.. بەتووڕەبوونو حیرسێکی ئەوتۆوە مەرقەدەکەی رادەوەشان، سەرنجی هەموو ئەوانە کە بۆ زیارەت هاتبوون- راکێشا.. لەوکاتەدا حەمە تەنها هەستی بەبوونی خواو غەوسو خۆیو سمایلو خەجێو ئەحمەد دەکرد، هەمووشتێکی دی لەبیرو هەستیا ببوونە تارمایی، تەنها ئەم ناوانە بەلایەوە جێنشینی ئەم دنیایەنو مایەی زەردەخەنەو جەنگو بەختەوەریو بێنەواییو ئاوارەیین، کەرەسەی ژیانن، یەك لەسەر حیسابی ئەوی دی جێ بۆ خۆی دەکاتەوە.. حەمە بەدەنگی بەرز دەیووت:

— گەر ئەمەم بۆ نەکەی باوەڕت پێناکەم.. مەرگی نەخەیتە پێشی مەرگمەوە.. باوەڕت پێناکەم.. وەك تۆم ناسیوە ئەمجارەش وەرە بەهانامەوە.. لەلای بینای چاواندا رجام بۆ بکە بپاڕێوە بۆم.. مەرگی بخاتە پێشی مەرگمەوە، (غەوس) کارێ مەکە بێئومێد بم، خەجێو ئەحمەد چاو لەدەستی سمایل بن.. راستە برامە.. قەیناکا.. خوێنمە.. قەیناکا.. دوا تکامە.. مەرگی بخەیتە پێشی مەرگمەوە!

گەر لەو شوێنە پیرۆزە نەبا، ئەو خەڵکانەی ئەوێ دەهاتننەدەنگو دەریان دەکردەدەرێ، حەمە زیاتر دەنگی بەرزدەکردەوە:

— باوەڕت پێناکەم.. باوەڕت پێناکەم.. گەر مەرگی نەخەیتە پێش مەرگمەوە.. نەهاتووم چاکم کەیتەوە، نامەوێ سمایل پەشیمان بێتەوە، بێت بکەوێتە سەر دەستو پێمەوە.. نەهاووم دەردی غەریبیم بڕەوێنیتەوە.. بەکەسوکارم شادکەیت لەجێو شوێنی خۆمدا سەربنێمەوە.. نامەوێ رۆژی حەشریش بێیتە هانامەوە.. دەمەوێ تەنها مەرگی سمایل.. ئەگەر بۆ یەك دەقیقەش بێت مەرگی بخەیتە پێش مەرگمەوە!

ئەوەندە قسنی مەرقەدەکەی راوەشان، ئەوەندە بەگریانەوە پاڕایەوە، شەکەت بوو، بەهەناسەبڕکێوە بەخەجێێ وت:

— هەموو کەسێکمی یارمەتیم بدە! خوا یارمەتیت بدات!!



خەجێ، لەحەمە کەمتر فرمێسکی نەڕشتبوو.. هێ دوعاو پاڕانەوەییێکی نەبوو!! بەئەزیەت توانی بجولێتەوە، حەمەی لەمەرقەدەکە دوورخستەوە، لەپەناییێکدا داینا، حەمە پێی وت:

— بەسە.. لەمن گەڕێ.. زۆرم خەودێ بچۆ ئاگات لەئەحمەد بێ.. وریابە.. پاش نیوەڕۆ, ئێوارە.. بڕۆ مەوەستە.. خوا کەریمە.. خوا دەلیلی داماوە..

کە خەجێ لەبەرچاوی حەمە ون بوو، هەستی پەشیمانی رەگی لەدەروونیدا داکوتی، دەیویست بەسکەخشکێش بێ خۆی بگەیەنێتە مەرقەدەکە، کەچی دەماری خۆبەخاوەن خۆ زانین-ی گرژەوە بوو، بواری نەدا ببزوێت، مەبەستی ئەوەبوو ئەمجارەش مەرقەدەکە راوەشێنێو بڵێ:

— (ئەگەر ئەمەت پێناکرێ، ناتوانی مەرگی بخەیتە پێش مەرگمەوە، ئەوا ئەحمەدو خەجێم لێ بسێنەوە با ئەوان چیدی ئەم ئەزیەتو مەینەتیە نەچێژن! با ئەوان رزگاریان بێ.

وەك نەیتوانی خۆی بگەیەنێتە مەرقەدەکە بەدڵێکی کەیلەوە ئەم وشانەی دایە دەم هەواوە، بەرەو مەرقەدەکەی نارد، چەن جارێ بەهەمان کەیلیو پاڕانەوە، بەدڵ گیرییێکی فرمێسك ئامێزەوە لەبەرخۆیەوە دەیووت:

— (ئەحمەدو خەجێم لێ بسێنیتەوە.. ئەحمەدو خەجێ.. ئەحمەدو خە..)

وردەوردە پێڵووەکانی قورس بوونو چاوانی لەیەك نا، خۆزیای بەهەندێ وزە دەخواست، بۆ نیوسەعاتێ بتوانێ هەڵسێو تەنها کارێ بکات، ئەویش ئەحمەدو خەجێ زەهرخوارد بکات، خۆی لەباتی خوا لەم ڕۆژە ڕەشییە ڕزگاریان کات.. حەمە کە چاوانی لەیەك نا، گۆنا ئاڵەکەی ئەحمەدو خۆی ئاخنیە دنیای بیرکردنەوەی..

— (ئەواگۆنا ئاڵەکەی زەرد دەبێتەوە.. ڕەنگی دەگۆڕێ، ئەواسەری دەنێتە سەر سنگە لاوازەکەی خەجێو.. ئەوا بەجووتە گیان دەسپێرن! ماڵئاوایی دەکەن!

حەمە ڕاچڵەکی.. بەسەرنجی مەرقەدو مەردمەکانی پێایەوە گەلێ خۆی بەشەرمەزارو خەجالەتبار دەزانی، چۆن دەشێ بەم شێوەیە بیربکرێتەوەو ئەوەندەش بێویژدان بێ..

— (کێ ئەوەندە بێشەرەفو بێویژدان دەبێ کێیە وا دەستی دەچێتە ژنو منالی خۆی؟ ئەوان گوناهیان چییە؟ چییان کردەوە؟ ڕەنگە خەجێ توانیبای لەدێدا بمێنێتەوەو لەوێدا منالی ببێت..

نەخێر دەیانگرتو دەیانکردە پەن.. یانی هەموو گوناهێکی خەجێ ئەوەیە ژنی منەو لەگەڵ مندا ئەم ڕێیەی گرتووەتەبەر!

حەمە ئەوەندە یادو وردە بیرکردنەوەی ئاڵۆزو وردە دیمەن بەمێشکیا تێپەڕی، ماندوو بوو وردەوردە خەو بەرەو دنیای پڕ سیحری خۆی تۆڕی بۆ هەڵداو حەمەی پەلکێش کرد.. خەونی بینی هەمان خەونی پشت شکانەکەی دووبارەبووەوە، بەڵام ئەمجارەیان نەك بەرەو خوار، نەك



بەرەو دۆڵە هەزار بەهەزارەکە، بەڵکو لەسەر هەمان ترۆپکەوە لەنێو دوکەڵێکی بۆندارداا بەرەوژوور هەڵدەچوو، دوکەڵی سپی بۆندار، بۆشایی، بۆشایی، بۆشایی هێی تر!! وەئاگاهاتەوە، هەمان ئارەقی شینو مۆری دەردابوو، بەدەنگی بەرز یەك دوو جار شایەتمانی هێنا، دایە پڕمەی گریان، خێرەومەندەکان لێی کۆبوونەوە، تا خەجێ لەدواییدا گەڕایەوە، واستەیان بۆ کردبوو بردبوویانە نەخۆشخانەیەك.. ئیدی خەجێ هەموو ڕۆژێ ڕێی نەخۆشخانەی دەدایە بەر، ئەحمەدی لەباوەش دەگرت.. تاقە ئارامی حەمەیش بینینی ئەحمەد بوو.

*

کە سمایل گەڕایەوە سەر هەواری خاڵی! شپرزەیی زمانی بەست، بەلاڵەپەتێیانە لەهاوسێکانی پرسی، هەر ئەوەندەیان پێوت:

— نازانین (فرایمە جولەکە٠مان بینی شتەکانی دەگواستەوە، پاشان خەجێ کرێخانووەکەیدایە خاوەن حەوشەکە، بەهەناسەسواریو گریانەوە خواحافیزیو گەردن ئازادی لێکردین.. ڕۆیشتن.. دیاربوو حەمە پێی وتبوو بە چ کەسێ نەڵێ کە بۆ کوێ دەچن.. ڕەنگیشە خەجێش نەیزانیبێ، بێوەییان کات، بەخوا ژنی چاك بوو..

سمایل سەری لێتێك چوو، بۆ یەکەمجار هەستی بەبێمانایی و بێتامی ژیان کرد.

— (ئێستا دۆستو دوژمن.. ناسیاو و نەناسیاو دەڵێن: داوەشێی سمایل، تۆیش پیاوی! برا پشت شکاوەکەت دەرکرد.. ئێستا خوادەزانێ

لەکونجی چ شارێکدا دەستی پانکردۆتەوەو سوالّ دەکات! خەجێی براژنت جووانو جاحێڵە، هەرچەن ڕۆژێکەو ئەویش دەکەوێتە داوەوە! داوەشێیت.. پیاوی.. تۆیش پیاوی؟ ئا هەرچی بڵێن ڕاست دەکەن! چ تانەو توانجێکیشم تێگرن حەقیانە.. دەستیان خۆش بێ! ئای کاکە! وەی بێویژدان.. ئەو زەعیفەیە ئەو منالّە بێگوناهە، خەتایان چی بوو؟ چییان کردبوو؟؟ زایە ئێستا ڕوو لەکوێ بکەم؟ لەکوێ دەیاندۆزمەوە؟ جا گەر دۆزیمنەوە چ دەگەیێنێ؟ چۆن قەبولّم دەکات؟ خوایە هاوار.. چیم پێدەکرێ؟ چۆن دەتوانم سەر بەرزبکەمەوە.. گەر خەڵکەکە هێیشم پێنەڵێن، خۆ بەسەرنج دەمکوژن، بەتەوسی بێدەنگ دەمهاڕن.. با هێیشم پێنەڵێن، هێیش نەزانن، خۆ دەبێ پیاو بم.. خۆ هێ نەبێ لەبەر خەجێو ئەحمەد دەبێ هەر شتێ بکەم! ئا.. خەجێ جووانو جاحێڵە.. دنیادیدەیە.. لادێییە، لەدرۆو فرتو فێڵو هەزار ڕوویی شەللاتیەکان بێئاگایە.. گەوج نییە، دلّسافە فریوی دەدەن! خوایە چ بکەم؟ چیم لەدەست دێ! سەی پیر خدر- سەی یۆلە.. ئەی هاوار..)

سمایل چەند ڕۆژێ لەماڵێکدا کەوت، جیاوازی لەگەڵ مردوواندا تەنها خەوبینین بوو، هەموو شەوێ چەن جارێ ڕادەپەڕی، هاواری دەکرد، بەخۆیادەهاتەوە.. خەونی ئالۆزو مۆتەکەی سەرسەنگی خەونی درێژو خەونی کورت، شەووڕۆژی بۆ نەبوو، پاش ئەوەی چەن جارێ (ڕاپەڕین) لەچنگی چەند خەوێکی ترسناك ڕزگاری کرد، ئێوارەیێکیان خەونێکی هێمن باوەشی پیاکردو لەئامێزی نا.



(ئەوا سەی یۆڵە کۆترێکی سپییە، بەدەوری گومەزەکەی سەی پیر خدری باوکیدا دەسوڕێتەوە، هاژەی شاباڵەکانی نەرمەشەماڵێکی فێنك دابەش دەکاتە سەر (دێ)و سەر بەهەموو کونجو کوختو ماڵێکا دەکات.. هەموو دانیشتوانی دێ. بەگەورەو بچووکەوە، تێکڕا وەئاگاهاتوون، هەموویان هاتوونەتەدەرێ، سەیری سەی یۆڵە-یان دەکرد.. ئەوا لەسەر گومەزەکەی باوکیا نیشتەوە، ئەوا بەسۆزەوە دەگمێنێ، ئەوا هەموو لەو گمەیە حالّی دەبن، ئەوە یەکە یەکە بەدەنووك پەڕ لەسنگی خۆی دەکاتەوە، دابەشی دەکاتە سەر خەڵکەکە، پەڕە سپیەکان وەردەگرن وەك موفەڕك ماچی دەکەن.. ئا.. خۆ ئەوە هەموو خەڵکەکە بوونە کۆترو هەمو هەڵفڕینو چەند جارێ بەدەوری گومەزەکەدا سوڕانەوە.. ئەوا سەی یۆڵە-یش هەڵفڕی بووە پێشەنگیان.. بەرزبوونەوە، بەرز، بەرز، لەچاو ون بوون!

لەخەونەکەی وەئاگاهاتەوە، دەنگدانەوەی گمەگم گوێی ئاخنی بوو.. بۆئەوەی ئەم خەونەی لا تێکەلّ نەبێو لەبیری نەچێتەوە، چەنج جارێ بۆخۆی گێڕایەوە!

(ئەوا پەڕ دابەش دەکاتە سەریان! ماچی دەکەن.. هەموو بوونە کۆتری سپی.. دەگمێنن، هەڵفڕین بۆ ئاسمان، بەرەوژوورتر.. چ خەونێکی بەتام بوو)

— (خۆزیا لەو خەونەمدا کاکمو ئەحمەدو خەجێش لەوێدا دەبوونو پەڕی سەی یۆڵەیان بەردەکەوتو دەفڕین!)

*

ئەو چەند ڕۆژەی سمایل لەماڵێدا کەوتبوو، ببووە مایەی ڕقو تووڕەیی خاوەن خانووەکە.. هاتو پێی وت:

— کوڕم سمایل.. من تۆ دەناسم! بەڵام لەبەر قسەی عالەم حەزدەکەم لێم تێبگەی.. یانی ئەڵێم.. یانی مەبەستم.. تۆ زگورتیت.. لەحەوشەکەدا.. یانی نابەجێیە..

سمایل، بێوەڵام، بێ ئاوڕدانەوە لەو هەندە وردەتفاقەی کە —حەمە بۆی جێهێشتبوو- ملی ڕێی گرتەبەر، ئەوەندە خۆی بەخەجاڵەتبار دەزانی سەری بەرزنەکردەوە.. لەپێشدا سلێمانی، هەولێر، موسڵ، هەنگاوەکانی پەلکێش کرد، چاوی گێڕەدا، دەیپرسی، مزگەوتەو مزگەوت، کەلاوەکان، نەخۆشخانەکان.. دەسوڕایەوە.. بێکار.. تەنها پرسو سۆراخو هێی دی.. شەقامەکان هەموو هێزێکی سمایلیان مژی.. برسی دەبوو، هەر دەسوڕایەوەو دەیپرسی خەوی دەهات، لەمزگەوتەکاندا پاڵی دەدایەوە هەر —کە چاوی بەئافرەتێك کەوتبا- منالی لەباوش دایە- بەپەلە دووی دەکەوت، ڕووی تێدەکرد، تێیرادەما بەبێئومێدی دەگەڕایەوە.. ڕۆژانی هەینی، پاش نوێژ زۆربەی مزگەوتەکان دەسوڕایەوە.. بەوردی سەرنجی سواڵکەرەکانی دەدا، دیسانەوە بەبێئومێدی دەگەڕایەوە! چەند جارێ نەخۆش کەوت، وڕەی بەرنەدا.. هەر خۆی هان دەدا بەردەوام بێت.. برسیەتی کاری تێکرد، چڵکن بوو، هەر وڕەی بەرنەدا، چەن جارێ، بۆ چەند ڕۆژێ لەنەخۆشخانەکانی موسڵدا کەوت، کەچی هەر وڕەی بەرنەدا،



ئەوەندە مانووبوو سەروسیمای گۆڕا.. نەخۆشییەکەی زیاتر زۆری بۆهێنا.. تووشی سیل بوو، خوێن دەڕژایەوە.

— (هەر دەیاندۆزمەوە.. نابێت نەیاندۆزمەوە، بێئەوان ناژیم.. ناتوانم سەربەرزکەمەوە! چیم پێدەڵێن.. هەر بەپیاوم نازانن.. کاکە بەخوا هیچ خەتایێکم نەکردووە وا منیش بەدەردی کەللەرەقی تۆوە دەناڵێنمو سەرگەردان بووم.. کاکە..)

ڕێی بەغدای گرتەبەر، بەپرس گەیشتە (باب الشیخ) کوردەکانی بینی، لەکوردێکی فەیلی ئەمەی بیست:

— ئا.. براکەم.. نییەزانم ناو شووەگەی چەس.. هاوسامانە.. ژن خاسێکە وەخوشگم بوود.. وە ئەلێ حەیاو حورمەت دیرت.. ئا ناوی خەدیجەس، ئێژنە پێی (خەجێ)

*

دەمەوئێوارەی ڕۆژێکی گەرم ئەحمەد لەباوەشی خەجێدا خەوی لێکەوتبوو، خەجێش لەنەخۆشخانە دەگەڕایەوە، سمایل شێت ئاسا بەرەوپیری چوو:

— براژن!

— سمایل!

لەڕووی یەکدیا بۆ چەن ساتێ حەپەسان، زمانیان لەگۆچوو، چاوانیان ئەبلەق، بت ئاسا وەستانو دەمیان داچەقاندبوو.

— (ئەمە سمایلە.. سمایلی شوبرام.. ئەو قیتو قۆزەی، کچانی دێ شێتی ببوون، سمایلی باڵابەرزی چوارشانە، هەمیشە رووگەشو بەتوانا.. سمایلی بەجەرگو چاونەترسی چاپووك.. ئەم پشت کۆماوو سەرورپیش هاتووە، روخسار قوپاو و زەردهەڵگەڕاوە.. ئەم لاوازو بێهێزە.. ئەم شرپۆشو چڵکنە سمایلە؟)

خەجێ بەلاڵەپەتێیەوە وتی:

— سمایل بۆ وات لێهاتووە؟!

— ئەی براژن تۆ بۆ وات لێهاتووە؟!

خەجێلەئاوێنە تۆرابوو، ناحەقی نەبوو وا بەدەنگی شێواو بەسمایلی وت (بۆ وات لێهاتووە) خۆی نەدەبینی! لاوازو رەشهەڵگەڕاو نیمچە پێپەتی، شتێکی رەش بەناوە (عەبا) بوو بەسەریەوە پرچ ئاڵۆز، لێو بارگرتوو، هەرگیز نەك بەخەجێی دێ بەڵکو بەخەجێی کەرکوکیش نەدەچوو.. ئەحمەدیش شتێ بوو تەنها لەمناڵی بەنی ئادەم نەبێ لەهەموو شتێ دەچوو!!

— کاکم چۆنە؟

خەجێ دەیزانی سمایل زۆر پەرۆشی سۆراخی حەمەیە دەشیزانی سمایل چ کوڕێکەو بەچ سۆزێکەوە ئەم پرسیارە دەکاتو حەمەی دەوێ، چەن جارێ لەدەمی سمایلی بیستبوو:

— (لەکاکم بەولاوە چیم هەیە.. لەچاوانم عەزیزترە!)

خەجێ دانی بەخۆیا گرت، لەژێر لێوەوە وتی:



— چۆن بێت؟ تائێستاش مابوو!

— یانی ئەوەندە.. ئەوەندە.. تا ئەم رادەیە..

قسەکەی بۆ تەواونەکرا، بەرچاوی تاریك هەڵگەڕا، دیمەنی بەر لەئێستای حەمەی برای، خۆی ئاخنیە مێشکییەوە، ئەو رۆژانەی بەمەرەخەسی دەهاتەوە بۆ دێ، چەپو راست فیشەکدانی دەبەست، هەرکە لەملە بەرزەکەی ژووری ئاواییەوە دەرکەوتبا سمایل وە گەشکە گرتوو لەنێو گەنجەکانی بەر مزگەوتەکەی دێدا هاواری دەکرد:

— ئەرێ وەڵڵا ئەوە کاکمە..

بەڕاکردن بەرەوپیری دەچوو، لەخۆشیا قسەی پێنەدەکرا، ئای کە پێی خۆش بوو تفەنگەکەی لەدەست وەرگرێو لەشانی نێ.. تا دەگەیشتە نێو ئاوایی خەریك بوو لەخۆشیا پەڕوپۆ دەرکات.. هەرکە دەیبینی گەورەو بچوکی (دێ) دەچنە دەستی بەگەرمی چاكو خۆشی لەگەڵا دەکەن، سمایل پێی ئەرزی نەدەگرت، ئیتر تا چەند رۆژێ باسی سمایلی لەنێو گەنجاندا هەر باسی حەمەی کاکی بوو..

— (بەڵێ کاکم پێشمەرگەی کوردستانە..)

ئەم دیمەنە لەبەرچاوی سمایل رەوییەوە، دیمەنێکی دیی حەمە خۆی هاویشتە مێشکییەوە.

— (سمایل.. هێ شەرم نیە گەر هەچ کارێکی قورس بکەین.. ئێرە غەریبیە.. ئەوە شەرمە دەس لەخەڵکی پانەوەکەین، شەوورۆژ دەبێ، بەئارەقی نێوچاوان.. ئیتر خۆت دەزانی بێکاری یانی چی)

ئا، لەحەماڵێشدا کاکم یەکە حەماڵ بوو..

وردەوردە بەرچاوی روون بووەوە، بەرەو دنیای ئێستای گەڕایەوە، بەئاستەم گوێی لەدەنگی خەجێ بوو، بەجۆرە نوزەییێکی جەرگبڕ وتی:

– مەگەر خوا..

سمایل دایە پڕمەی گریان، بەسەر چۆکا کەوت، بەجۆرێکی زۆر سەیر دەکۆکی، خوێنێکی زۆر رژایەوە، خەجێ نەیتوانی بەرزیکاتەوە، خێرخواکان، لێیانەوە ئالآن، سمایل-یان بردە نەخۆشخانەی (عەزل) ئیتر خەجێ دەبایێ لەهەفتەیەکدا چەند جارێ رێی دوو نەخۆشخانەی دوور لەیەکتر بخاتە ژێر بێهێزی هەنگاوە قورسو شەکەتەکانی.

❊

– (ئای خوا.. ئای بێکەسو کلۆڵی!!)

ئەم رستەیە لەرۆژێکدا دەیان جار لەسەر زاری خەجێوە بەرەو بارەگای پەروەردەگار هەڵدەفڕی، تەنانەت دەنگدانەوەی وشەکەیش یاخی بوو خۆی بەگوێیەکانی خەجێ ئاشنا بکات!

دەشێ کەسانێکی زۆر لەسەر ئەم زەمینە بریندارەدا خواوەند خەڵقیانی کردبێ، پاشانیش فەرامۆشی کردبن! یا بەئەمانەتەوە سپاردبیانێتە دەستی یەکێ لەبرینە تێراوییەکانی ئەم زەمینە، تا، پاشەڕۆژ بیانکاتە شاهیدێکی راسگۆی تاوانکاری مرۆڤی –خەڵق کراوی خۆی- کەچی خەجێ نەك تەنها لەبیرکراوەو سپێراوەتە برینەکانی ئەم زەمینە، بەڵکو خۆی بوەتە برینێکی گەنیو، هەزاران دەردو درمی فەرامۆش کراوانی



حەمەو سمایلو ئەحمەد ئاسایی لەئەستۆ و ئامێزە.. حەمەو سمایل ببوونە دوو ناوی نزاداری پاڕانەوەییێکی بەسۆزی دەمی.. دو دیمەنی گەلێ خۆشەویستو کلۆڵی چوارچێوەی چاوانی بوون.. خەجێ.. تۆویزەوییێکی بەپیتو موبارەکە، هەوای فەرامۆشی هەڵیداوەتە نێو خاکێکی خۆڵەمێشی، نە دەڕوێو نە دەمرێ.. خەجێ بێدەنگ رێی نەخۆشخانەکان پەلکێشی دەکات، تاریکی ژوورە شێیاوییەکەیشی، ئێواران لەئامێزی دەگرێ!

❊

ئێوارەییێکیان خەجی بەسمایلی وت:

– سمایل کراسەکەت گەلی چلکن بووە.. دیارە خزمەتتان ناکەن.. با بیبەمەوە بیشۆم!

– نە، براژن.

– بۆ؟

– باوەڕناکەم کاکم قبوڵ بکات..

– نایەڵم بزانێ تۆ لەبەغایت.

– من نامەوێ کارێ بکەیت، کاکم پێی ناخۆش بێت!

– ئەی ئەوە نییە بێ پرسی کاکت دێمە ئەم نەخۆشخانەیە.

– .. ..

– هێت پێویست نییە؟

– با، هەرچۆنێ بێ دەمەوێ کاکم ببینم.. گەر بۆ دەقیقەییێکیش بێت!

– .. ..

– بەمشێوەیە ببینێ، رەنگە دەرم نەکات.

– .. ..

لەهەموو سەردانێکی سمایلدا ئەم گفتوگۆیە لەنێوانیاندا دووبارەدەبووەوە، حەمە رۆژ، بەرۆژ خراپتر دەبوو.. سمایل زیاتر خوێن دەرژایەوە، ئەحمەدیش لەئامێزی خەجێدا هەمیشە خەوالۆو بوو.. قسەکانیشی لەگەڵ حەمەو سمایلدا وەك ئەوەی لەسەر نەوار تۆمار کرابێ، بێ زیادو کەم دووبارەدەبوونەوە، هەموو رۆژێکیش ژێری حەمەی پاك دەکردەوە، حەمەیش هەموو بەیانییێك ئەحمەدی دەگرتەدەس، ماچی دەکرد، دڵۆپە فرمێسکە گەرمەکانی خۆی دەلکانە گۆنای ئەحمەد، سمایل نەیدەوێرا، ئەحمەد ماچ کات، ئەگەر چی دڵنیابوو، گەر ئەحمەد ماچ کات، ئەوا ئەو شەوە هەرچی ئازارێکی هەیە لەنێو پیرۆزی ئەو ماچەدا دەتوێتەوە.. دەترسا، ماچی نەدەکرد نەوەك نەخۆشییەکەی ئەحمەد بگرێتەوە.

*

دەنگی (الله اکبر)ی مزگەوتەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی خەجێی لەخەو راپەڕاند، وك هەموو رۆژێکی ئەم دواییەی دەستنوێژی شۆردو چووە سەر بێشکەکەی ئەحمەد.



– چەند جووانە خەوی لێکەوتووە.. خوای غەریبان بیپارێزێ..

پاش نوێژو قاولتی، وەخۆکەوتو ئەحمەدی لەباوەش گرتو بەرەو لای حەمە کەوتەڕێ.

– خەجێ هەست دەکەم ئازارم کەم بووەتەوە، گیانم سووك بووە.. ئەم شەو تەواو هێمن‌و کەم ئازار بووم..

– خوا..

– کەریمە..

– ئەڵێم..

– ها.. چی؟

– هێن.. چی پێئەڵێن..

– چی؟

– یانی..

– چی.. زووکە..

– ئەڵێم..

– ئەڵێم.. سما.. یل

– سمایل؟ بۆ ناوی دەهێنی؟

– ئەڵێم، گەلێ بێحاڵە.. زۆر زۆر نەخۆشە.. مانگێکە لەخەستەخانەی (عەزل) دایە.

– چاوی دەردەهات..! جا چۆن زانیت؟

— ئەو خۆی بەدوای ئێمەدا گەڕابوو.. سلێمانی، هەولێر، موسڵ..
ئەوا مانگێ دەبێ..

— ئێ!

— دەیووت..

(لەبری ئەوەی بڵێ دەیووت: دەمەوێ بیبینم، زمانی گۆی نەکرد، وتی
سەلام لەکاکم دەکەم..

— عەلێکی ناسە..

— براتەو جوانکەیە.

— زۆر زۆر نەخۆشە؟

— هەر زۆر، سیلییەتی.. زۆر بێحاڵە، خوێن دەڕژێتەوە.. هەر زۆر
بێحاڵە، ناناسرێتەوە!

(حەمە وەك منالْ دایە پرمەی گریان)

— خەجێ گیان.. بچۆ بۆ لای سمایل.. من چاکم گەلێ چاکم،
ئینشائەڵڵا هەر چەن رۆژێکی دی، بەتەواوی چاك دەبمەوەو دەردەچم،
ئەوسا بمبە بۆلای، ئێستا برۆ فریای کەوە.. بچۆ بۆلای.. خەجێ لەخۆشیا
چاوانی پڕبوو لەفرمێسكو بزە گرتی لەماوەی پشت شکانەکەی حەمەوە
دەربەدەرییان، هێ جارێك خەجێ وەکو ئەم ساتە بزە هەڵنەنیشتووەتە
سەر روخساری، هەر کە حەمەی بینی بەم شێوەیە قسەدەکات، هەرچی
ئازارو دەردی غەریبیی هەبوو لەخۆشیا رەوینەوە، وەك ئەوەی شەپۆلی
با-ی قسەکانی حەمە مژدەی ژیانێکی پڕ لەخۆشەویستیو ئاسوودەیی



پێبێ، خەجێی گەشانەوە، حەمەیش لەبەر بزەکەی خەجێ خۆی پێنەگیرا،
چەن دڵۆپە فرمێسکی بێدەنگی کردە شاهیدی ئەم ساتە خۆشییەیان..
خەجێ بۆئەوەی درێژە بەم ساتە خۆشییە بدات وتی:

— ئەمشەو خوا بەخێری بگێڕێ.. خەونم پێتانەوە بینی.

— خێر بێت.. چی بوو؟

— لەسەر دووڕێیانێکی باریکدا، تۆو سمایل، هەریەکەو
کەشکۆڵێکتان پێ بوو، تووشی یەکدی هاتن، پاش سووکە بزەییێك
هەردووکتان رێتان گرتەبەر.. بەپانیی روبارێکی خۆشڕەودا، کەوتنە رێ،
تۆ لەسمایل گورجوگۆڵ تر بووی، سێ چوار شەقاو، پێشی کەوتی.. هێ
یەکتان ئاوڕتان لەمن نەدایەوە، لەچاو ون بوون.. چ خەونێ بوو؟

— خوا کەریمە.. ئینشائەڵڵا سمایل شفای دەبێو دەردەچێو بەیەکدی
شادو شوکر دەبینەوە.. دەی خەجێ ماتڵ مەبە، سەلامی لێبکە.. سەلام

*

سمایل سەرەنجی لەبنمێی قاوشەکە گیرکردبوو، هێی نەدەبینی، یادی
ئەو بەرەبەیانەی کە (دێ)یان جێهێشت، ئەوا ئێستا تەقەکانی ئەو رۆژە
لەمێشکیا دەنگدەدەنەوە هاژەی کزەبا ساردەکەی رێ (ئێستا) لەتەوقی
سەرییەوە تا نوکی پەنجەی هێناوەتە لەرز، (ئێستا) ماندوویەتیو ترسی
ئەو بەرەبەیانە بووەتە مایەی تەنگەنەفەسیو هەناسەسوارییی..

ئاگری نیمچە ئەشکەوتەکە.. دەنگی یەکەجاری گریەی ئەحمەد، دزە
رێیەکان.. خوێنی سەر چۆغەکەی ناوشانی حەمەی برای — کە ئەو رۆژە

بەلاچاوەوە سەیری دەکردو نەیدەهێشت نە حەمەو نە خەجێ بزانن کە چاوی پێوەیە- کۆڵانە پێاوپێ‌و باریکەکانی کەرکوك.. ئەو دڵۆپە ئارەقانەی کە بەنێوچاوانیا دەهاتەخوارێ.. هەموو ئەم وێنانە بەتێکەڵاو پێکەڵی بەبەرچاویدا تێ‌دەپەڕی.. وردەوردە کەوتە خۆدواندن:

— چ خۆشبەختیەك بوو.. رۆژانی تەمەنم فێری وانەی بەجەرگی‌و بەرگرییان کردم، هەرگیز لەمەرگ نەترسم.. نامەردت نەکەم، ئەمە تۆ نییت، هەرگیز تۆ نیت.. چییە دەترسیت؟

چەن جارێ لەسەریەك بەنوزە، وەك ئەوەی وەڵامی خۆی بداتەوە دەیووت:

— نەخێر، نەترساوم.. ناترسم!

وردەوردە لەگەڵ خۆدواندندا بەرەو (دێ) گەڕایەوە، دادگاییێکی بۆخۆی سازدا:

— ها، رۆژانی (دێ) زەینەبی ئامۆزات، کەم چۆکت بۆداداو کڕنوشت بۆ برد.. کەچی هەندێکیش دەترسای.

— لەرۆژگار دەترسام..

— بۆ؟

— هەر لەسەرەتاوە لەبێ‌وەفاییی دەترسام!

— جا ئەو..

— ئا، بێ‌وەفا بوو.. قایل بوو شوو بە پیرۆت بکات..



— خەتای خۆت بوو. تۆیش قایل بوویت.. باوەڕت بەقسەکەی مامت هێنا کە پێی وتی (سمایل) کوڕم تۆ هێشا مناڵی، وەختی ژنهێنانت نییە، هەر سێ چوار ساڵی تر سەبر بکە (پیرۆزت) دەدەمێ.

— ئەم قسەی مامم دڵی پێکام.. ئا، پیرۆز جوانتر بوو..

— ئێ.. جا بۆ زەینەب بێ‌وەفا بوو؟ خۆت بەئارەزوو تەوقی نەفرەتت لەگەردنی خۆت نا! کەچی هەر لەناخەوە دڵت بەزەینەبەوە بوو، چەندت حەزدەکرد جێ ماچەکانت بەگۆنایەوە بکەیتە نیشانەی لاساریت.. حەزت دەکرد لێوەکانت وەك ئاسنی داغکراو، گۆنای زەینەب بسوتێنێ‌و تەمێی بکات! کەچی (خۆت) ترسایت، پاشگەزبوویتەوە، لەبەرخۆتەوە، هەر هەڕەشەو گوڕەشەت دەکرد، هێیشت پێ‌نەدەکرا.. هاوڕێکانت بەتەوسەوە سەرنجیان دەدایت، پێیان دەوتی: (ها.. سمایل ئەوە زەینەب-یشیان دابەشوو!) بێ‌دەنگ دەبووی، سەرت شۆڕدەکرد، دەچوویتەوە ماڵێ، هەزارویەك بڕیاری سەیر سەیرت دەدا، هێیانت وەئاکام نەدەگەیاند.

ها، سمایل، تەنها شڵەژانو دەسەوسانی هۆگرت بوو، بێ‌ئارامی‌و نەسرەوتن رووی تێکردی!

— ئاخر.. پیرۆزیش

— ئێ، دە بڵێ.. پیرۆز جوانترو خڕوخۆڵتر بوو، چاوە کاڵەکانی، کاری تێکردم.. عاقڵ تر بوو..

— ئا.. ئاخر دەڵێم.. پێم قایل نەدەبوو..

— دەتەوێ بڵێی: پیرۆز دەیزانی چ لەگەڵ زەینەبی خوشکیا دەکەی..
دەتەوێ بڵێیت، ئەو دەمەوئێوارەیەی (هات بەسەرا) کە لەنێو دار هەنجیرەکانی فەقێ مستەفادا دەتگەوزاندەوە.

— (زەینەب، ئێمە ئامۆزاین.. باوکیشت قایلە.. تۆ هەر بۆ منی.. دەی).

— نا.. سمایل.. نا.. ئابڕومان دەچێ!

— ئابڕو.. ئابڕو چییە؟

— مەکە.. عەیبە.

— دیارە بەتەمای شتێکی.. یا.. کەسێکی دیت..

— قسەی وا مەکە، رەنگە خۆت وابیت!

— ئەی بۆ نزیك دەبمەوە، دووردەکەویتەوەو خۆت کەنار دەگری..

— ئاخر دەڵێم.. خەڵکەکە.. خەڵکەکە.. دوایی ئابڕومان دەچێ!

— دیسانەوە خەڵکەکە.. گو بەرۆحی باوکیان!!

— سمایل ئاخر..

— چی؟

— ئەڵێم..

نەیهێشت قسەکەی تەواوبکات، زەردەپەڕ لەنێوان گەڵای هەنجیرەکانەوە،رۆشنایی دەختەسەر ئەو گژوگیایەی ژێریان.. بەتوندی دەستی زەینەب-ی راکێشا ویستی بەزۆر بیهێنێتە لای خۆیەوە، کەچی وەك موی ناو ماست هاتەدەستییەوە.. سنگی نوساندە قەد سنگییەوە،



شێتانە، گۆناو گەردنو چاو و دەمو برۆی لەدەم نا، لەپی لەناو شانی گیرکرد، بەئاسپایی رایخست، زەینەب پێی وت:

— ئەمەیان نەو!

— مەترسە..

هەردوکیان درۆیان دەکرد، سمایل بەوشەی (مەترسە) ترسی خۆی دەرەواندەوە، نکەو ناڵەی زەینەب ئارەزووی ئاڵۆشی سمایلی دەوروژان، کە دەشتی گەیشتە بەنەخوێنەکەی زەینەب، لەپڕ پیرۆز لەژوور سەریانەوە دەرکەوت، بەسەرنجی پڕ نەوسنی ئارەزووی کپکراوی دیمەنی هەردووکیانی مژی.. سمایلو زەینەب وەك ئاوی ساردیان بەسەرا بکرێ، داچڵەکین، سمایل سەری دانەوانبوو، زەینەب، زمانی لەگۆچوو بوو، پیرۆزیش بێدەنگ بوو، ئەمان حەپەسابوون، پیرۆز، بەگوریسی حەزی کپکراوی بەسترابوو و نەدەبزوا.. سەرنجی مەییوی هەرسێکیان تێکەڵی یەکدی بوو، پیرۆز هێی نەووت تەنها بەنووکە پەنجە دووگمە وازەکانی سوخمەکەی زەینەبی داخست)

— پیرۆز بەتۆ قایل نەدەبوو، حەزی بەمچەی خاڵۆزاتەوە بوو..

— بەقسەی مچە؟

— بەقسەی هەردووکیان..

— وانییەو با وابێ..

ئەم خۆدواندنی سمایل بەجۆرێ بەرچاوڕوونی پێبەخشی، هەستی بە هێ جۆرە ئازارو نارەحەتییەك نەدەکرد، تەنانەت وشە بەوشە، دیمەن

بەدیمەن وەك ئەوەی ئێستا روویدابێ بەبەرچاویا گوزەری دەكرد، هەركە دیمەنەكە تەواودەبوو، هەولی دەدا دووبارەی كاتەوە، گەرچی یەك دوو جار توانیی ئەم دیمەنو گفتوگۆیە لەگەڵ خۆیدا دووبارەكاتەوە، كەچی لەپڕ بێزی لەخۆی هاتەوە، كە وەبیری هاتەوە چۆن لەو باسەدا بێدەسەڵاتو دەسەوسان بووە، خەم دایگرت، ویستی سەر بەرزبكاتەوەو تف لەخۆی بكات كەچی لێوەكانی یاخیبوون..

— (چۆن قایل بووم، زەینەب بدرێتە شوو.. ئا.. مامم خەڵەتاندمی هەرزەو نەفام بوون، زەینەب لەمن ئاقڵ تر بوو، كە پێی وتم

— (سمایل مەردی خوا بە ئەوا باوكم.. دەی!

— .. ..

— پیاوی چاك بە شتێ..

— .. ..

— تێگەیشتم.. درۆزن، منت هەر بۆ دەسبازی دەویست.. تێگەیشتم، باوكیشم پەشیمان ببێتەوەو نەمدا بەشوو.. ئەم دنیایەش پیاوی تیادا نەمێنێ، تازە من شوو بەپیاوی وەكو تۆ ناكەم!

پشتی تێكردیو رۆیشت، هەر ئەوەندەت لەدەم هاتەدەر..

— زەینەب.. زەینەب..

— هەر ئاوڕی لێنەدایتەوە..))

كە دیمەنی توورەبوونی دوا قسەكەی زەینەب بەبەرچاوی سمایلدا بەرجەستە ببوو، حەزی دەكرد ئەم یادە بەچنگ لەمێشكی خۆیدا



هەڵكۆڵێو توری هەڵداتە سەر زبڵدانێك.. بەزۆرەملێ (یادی) خۆی گەیاندە نێو ئەو بەرەبەیانەی (دێ)یان جێهێشت..

— (گەر وەسمان نەهاتباو ئاگاداری نەكردبایین!!

نە خۆی دەكوژرا نە باوكیشی بەودەردەوە دەچوو، نا.. نا.. رەنگە خراپتر با.. ئەمە چارەنووسەو رۆژگار.. هەر دەبا وابێ..)

تەمەنی ئەم یاد جوینەی درێژەی كێشا، نانی نیوەڕۆیان بۆ هێنا، نەیخوارد، یادەكانی بەتێكەڵو پێكەڵ بەبێدەنگو رەنگ بەبەرچاویا تێدەپەڕی، دەیوست چاوەكانی بكاتە تۆڕ، بەجارێ هەموویان بگرێو راویان كات! كەچی پێڵوەكانی ئەوەندە قورس بوون، وەك تەڵەی راوچییەكی بەدبەخت لەتەقیندا بەرد دەكەوێتە بەینی فاقەكانی تەڵەكەو نێچیریش دەرباز دەبێ، تەڵەش بەشەرمەوە دەمەیێ، چاوەكانی سمایلیش بۆ دواجار نیوە واز بوو و مەیی!!

*

وەك ئەوەی تاقە دەرمانی شفای سمایل (سەلامەكەی حەمە بێ)و بەدەستی خەجێوە بێ! خەجێش وەخۆكەوتو خۆی ئامادەكرد، پێشەكی چووە ماڵێ، كراسێكی نوێی حەمەی لەگەڵ خۆدا بردو لەبازاڕدا بایی چەن پەنجایێك وردە شتی بۆ سمایل كڕی.. لەم ماوەیەدا سێ چوار سەعاتێ دواكەوتو پاش نوێژی نیوەڕۆ، تاوی هەنگاوەكانی خۆی دا، بۆ لای سمایل چوو.

– (پێی دەڵێم، کاکت سەلامت لـێدەکات.. ئیـدی دەگەشێتەوەو..

کـە گەیـشتە بـەردەرگای خەسـتەخانەی (عـەزل) فەراشـەکان خـەجێیان دەناسی، پیرەمێردێکیان بەرەوپیری چوو، پاش هەندێ بێدەنگی پێی وت:

– خۆتان خۆش!

– ها..

– رێی هەمووماتەو..

– .. ..

– هەموو شتێکمان حازرکردووە.. دەڵێم بەڵکو بیبەیتەوە!

– بۆ کوێ؟

– ئێ خوشکم.. تێگەیشتم.. خۆمان بەلەدییە..!!

خەجێ حەپەسابوو ویستی بڵێ (کەی مرد) کەچی تـەنها وشـەی کـەی بەنەوەکامییەوە لەدەمی هاتەدەر، کابرای پیرەمێردی دنیادیدە پێی وت:

– سەعاتێ دەبێ..

خەجێ هەرچەندەی کردو کۆشای، نەیتوانی بەری رێـی فرمێـسکەکانی خـۆی بەربـدات.. فرمێـسکە پـەنگخواردووەکانی بـەرەو نـاخی داچـۆڕا.. گەڕایەوە بەپێەوانەی رەوتی پێشووی هەنگاوەکانی بەدوایەوە نـەدەهاتن.. یەکسەر بـەرەو خەسـتەخانەکەی حەمـە گەڕایـەوە، سەرتاسـەری رێ هـەر لەبەرخۆیەوە دەیووت:

– وتی علیکم السلام.. دەستت ماچ ئەکات! چۆن پێی دەڵـێم مـرد! نا.. نا.. حەمە کەڵکی ئەوەی نەماوە، ئـەم هەواڵـەش بکەمـە سـەرباری



خەمو ئازاری، نا.. دەڵێم، دەیـووت علـیکم الـسلام، دەسـتی کـاکم مـاچ ئەکەم.

❋

ئەم بەیانییە کـە خـەجێ هاتـەلای حەمـەو ئیزنـی وەرگـرتو سـەلامو هەواڵ پرسینی لەحەمەوە بۆ سمایـل وەرگـرتو گەڕایـەوە بـۆ مـاڵ، خـۆی ئامادەکرد، ئەحمەدی سپاردە دەستی حەمە..

حەمە بەبێدەنگییەوە ئاشنایەتی لەگـەڵ ئەحمـەددا پـەیاکرد! ئەحمـەد وەك ئەوەی ماوەییێکی زۆر بێنەوختبێ، لەسەر باڵی چەپی حەمەدا، بۆنی ئارەقو نکەی ژان ئامێزی حەمە خەوشی کردو خەوی لـێخست.. حەمـە، بەدەستی راستی، بەئاستەم دەستی بەسەر گۆناو سەری ئەحمـەدا دەهێنـا، بەوردی لەروخسارە چرچو برسیەکەی رادەما.. هاتوچـۆی بـرین پێـەکانو هەندێ وردە ناڵەی نەخۆشـەکانی قاوشـەکە، ئـەم هێمنـیو تەسـکینییەی حەمەی تێکدا.. وردەوردە چاوی بڕییە بنمێی قاوشـەکە.. شـێی بنمێەکـە وردەناڵەو دەنگی هاتووچووانی لەگوێی حەمەدا هەڵمژی.. چاوانی حەمە، وێنـەو تـابلۆی جۆربـەجۆری لەشـێیەکە هەڵـدەکڕان، هـەرجارە وێنـەیێکی دەکردە نیشانو دەیان وێنەی دێی لێدروست دەکرد،وێنـەکانیش حەمـەیان بەرەو دنیای یادگارێ دەبرد:

– (ئەوە، وێنەی چیاییە.. هـەر بـە (بـەیان) دەچـێ! ئـەو پەڵەیـەش بەدێیەکەمان دەچێ! خۆ ئەوە ساڵو نیوێك دەبێ، دێم جێهێشتووە!)

یادەکان، تەنگیان بەمێشکی حەمە هەڵچنی، تەنگەتاویان کرد، بەجۆرێ لەبەرچاویا دووبارەو سێبارەدەبوونەوە، هەمان تامو لەززەتی جارانی لێوەردەگرت! هەر یادەو بەجۆرە رۆحێکی تایبەتی، زیندوودەبوونەوە، لەبەرچاویا قەوارەو دەنگو بۆنو رەنگیان پەیداکردبوو، ئەوا بەبەرچاویەوە:

(باریکە رێیە پێچاوپێچەکە، بەرەو دۆڵەکەی برد، ئەوە هێزو تەوژمی ئەژنۆکانی رقەبەرایەتی لەگەڵ هەورازە رێیەکاندا دەکەن، تفەنگەکەی سەرشانی سەربەرەو خوار داناوە.. نیوەی شیوەکە، هەنگاوەکانی شەکەتو داهەزیوە، دەستو پەنجەی لەگۆچووە، بەزۆر، هەنگاوەکانی خۆی پەلکێش دەکات، بەفر باری، رەشەبا هەڵیکرد، جێی هەنگاوەکانی پڕدەکردەوە.. ئەوا حەمە ئاوڕدەداتەوە دواوە، زەردەخەنەیێکی بێرەنگ لکایە سەر روخسارە گرژەکەی.. (بەفرەکە.. جێی هەنگاوەکانم پڕدەکاتەوە، رێ لەم رێیە دەگرێ نایەڵێ ببێتە شاهیدی ئەم نشوستیەمان! ئەوا حەمە بەوردی سەرنجی دەوروبەری رێیەکە دەدات: (ئەرێ ئەو تەپۆلکانە دەڵێی عاشقی یەکدین.. بشێ خەزانی ئەم دارانەش جۆرە گریانێ نەبێ بۆ ئێمە! ئای ئاشبەتاڵ!

لەنێو ئەم یادانەیدا تێکەڵی دنیای ئەوسای بو، هەموو روداوەکان کە وەك فیلمی سینەما بەبەرچاویدا تێدەپەڕی! ئێستا چاکر سەرنجی رێیەکە دەدات، بەرزیو نشێویەکان لەمێشکی خۆیدا تۆماردەکات!



(رێ شەکەتی کردووە، کەمترئیرادەی بەسەر هەنگاوەکانی-یەوە ماوە، لەخۆڕا دەجولێتەوە.. هەنگاوی ماندووی جەستەیێکی ماندووتری بەسەرەوەیە.. سەری جەستەکەیش دۆزەخێکە.. چاوانیش دوو ئەستێرەی تەقیوی رقی شەیتانو خواوەندن!)

دەنگە بەلەسەبووەکانی ناخی، هەراسانیان کرد، بەتۆپزیو زۆرەملێ دەیانەوێ گەمارۆی دەنو بیتاسێنن! حەمە دەیەوێ، بەهێمنیەوە زۆرانبازی لەگەڵ دەنگەکانی ناخیا بکات، دەیەوێ بەهەرجۆر بێ خۆ لەزەبریان رزگارکات.. بەڵام وردەوردە توانیی لەگەڵ ناخی بوونە جێگری کەسانی ناو قاوشەکە..

(حەمە، تائێستاش بەهیوایە، چێژ لەئومێدە وەدینەهاتووەکانی وەرگرێ، کە بوونەتە سەرئەنجامی ئەو وانانەی کە فێری زۆرانبازی ژیانو مەرگیان کردووە، لەهەمانکاتیشدا بوون بەپێپلیکەو رێی بۆ خۆش دەکەن، بەرەو خوار، بەرەو ناخی خۆی دابەزێ!

زوو، هەر کە ئومێدێکی وەدی هاتبا، ئاکام دەیکردە پێپلیکەو بەرەوژوور هەڵدەکشا.. لەهەرەتی گەنجییدا، گەلێ بەسەر ئومێدە وەدیهاتووەکانی چووە سەرێ بەجۆرێ هەڵدەکشاو پفی بەخۆیدا دەکرد، مەردومەکانی دەوروبەری خۆی، لەقەوارە راستەقینەکەی خۆیاندا بەدی نەدەکرد بەچکۆڵەیی دەکەوتنە بەرچاوی!

(ئاستی سەرنج پەیوەندییێکی بەتینی لەگەڵ رەوشتی مرۆڤدا هەیە. لەسەرەوەو لەبەرزییەوە، ئەوا لەبەر دووری نێوان دیدەو شتە

سەرنجدراوەکەدا قەوارەی شتە —کەسەکە- بەچکۆڵەیی دەکەوێتە پێش چاو.. ئەگەر سەرنج لەیەك ئاستو راستەوڕاست بێ لەگەڵ سەرنجدراو — واتە سەرنجەکە رۆحی هەبێ- ئەوا ئەوکاتە قەدو قەوارەو دۆخو بوونو رەنگی راستەقینەی شتە- کەسەکە —دەردەکەوێ.. گەر ئاستی سەرنجیش لەنزمییەوە بۆ بەرزی بوو، ئەوا سەرنجەکە جۆرە خۆزیاو پاڕانەوەییێکە بۆ کەسی سەرنجدراو، جۆرە دڵسووتانێکە بۆ گومڕاهیو سەرەڕۆیی.. ئەواکەسی سەرنجدەر بەپێپلیکەی ئومێدە وەدینەهاتووەکانیا بەرەو ناخ داچۆڕاوە.. ئەڵبەتە زیاترو روونتر دەبێ..

حەمە لەم کاتەی تەمەنیدا بەمجۆرە لەناخەوە سەرنجی شتەکان دەدا، بەرەو ناخی شتەکان دادەچۆڕێ، هەر لەشێی بنمێی قاوشەکە، تا رەنگو بێگیانی دیوارو پەنجەرەکان، تائەحمەدی خەولێکەوتووی سەر باسکی..

حەمە ناحەقی نەبوو، لەژیاندا مەبەستی هەبوو.. مەبەستی بوو سەربەستو سەربەرز بێت هەوڵی دەدا، مادامی مەبەستی هەبوو و هەوڵی دەدا، ئاسایی بوو ئەوشتانە بەدیناکات کە وردە هەڵە ئاسا لکابووە هەنگاوەکانییەوە، کە پەیوەندیشیانبەمەبەستییەوە نەبووە.. حەمە بۆ مەبەستی بەتوانا بوو، بیروسۆزی لەخولیای ئەو شتەدا دەسوڕایەوە کە مەبەستی بووە مەبەستی دەکردە ئامانجو جۆرە پیرۆزییێکی پێدەبەخشی، واتە مەبەستەکەی حەمە ئەوەبوو ببێتە خاوەن ئامانج، بۆ دۆزینەوەو هەڵبژاردنی کورتە رێی سەربەستی، بۆیە پێشوازی لەدژواریو سەختی دەکرد!



ئێستا حەمە، لەنێو قاوشەکەدا کەس بەدیناکات، هێ شتێکیش نابیستێ، هەست بەبوونی چ کەسێ ناکات، لەدنیای ماددی دابڕاوە، رێی ترسی (دانپیانانی) لەخۆ بڕیوە، رووبەڕووی دەنگەکانی ناخی خۆی بووەتەوە..

ئەوا هەر دەنگەو وەکو مرۆڤ لەژوور سەرییەوە بەجۆرێ لەبێهودەییو لەززەتی ژیان دەدوێ، حەمە بەئەوپەڕی جورئەتو راستگۆییەوە وەڵامی دەنگەکانی دەدایەوە:

— بەڵێ.. چواردەساڵان بووم!

وەك ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی پەلە بداتەوە، دووباری کردەوە:

— بەڵێ، چواردە ساڵان بووم.. ئا.. بەڵێ.. بەزۆر (مەریەم) یاندایە مەلا سەعید.. بەڵێ مەلا سەعید شەست ساڵان دەبوو، چوار ژنی دیشی هەبوو، هێیان منالیان نەدەبوو.. مەریەم؟ بەڵێئەویش چواردە پانزە ساڵان.. ئا.. هەر لەوتەمەنەدا بوو..

وەك ئەوەی لەنێو دادگایێکی ناوەختا، پرسیاری کتوپڕی لێکرێ، زمانی تەتەڵەی دەکرد.. ئەگەرچی تائێستا لەلای چ کەسێك ئەم نهێنییەی نەدرکاندووە.. ئێستا دەبێ.. ناچارەو دەبێ، ئەم گرێیەی دەروونی —کە بووەتە لۆییێك- دەبێ بیکاتەوەو لایدات!

— بەڵێ من باوکی ئەحمەدی کوڕی مەریم-م ئەحمەد لەمن بووە.. رەنگە ئێستا، خەتی دابێ.. بەڵێ کوڕی منەو لەمن بووە..

حەمە بەجۆرێ ئەم رستەیەی لەدەم هاتەدەر، وەك ئەوەی ئەم دانپیانانەی مۆتەکە هەمیشەییەکەی سەرسنگی لادابێ.

– بەڵێ چواردە ساڵان بووم.

ئەگەرچی تەنها خۆی گوێی لەدەنگی خۆی دەبوو، کەچی دەیویست هێزێکی ئەوتۆی هەبێتو بنەڕێنێو هەموو کەسێ گوێی بۆ هەڵخەنو ئەم راستییەی لەدەم بژنەون!

– ئەحمەد کوڕی منە.. بەڵێ‌چواردە ساڵان بووم. نۆبەتێ دایگرتبووم، گژوگیاییێکی زۆریان دەرخوارددام، کەچی رۆژبەرۆژ خراپتر دەبووم، لەنێو جێدا کەوتبووم.. ئای بۆ ئەو ئێوارەوەختەی ئەو بەهارە، مەریەمو دایکی هاتنە سەردانم، هەرکە چاوم بەمەریەم کەوت.. ئا..)

– ئەو بەهارە حەمە تەنگی بەمەریەم هەڵچنی بۆرە خزمایەتییێکیان لەگەڵ باوکی مەریەمدا هەبوو، کە باوکی مەریەم لەشاردا مرد، ئەمان گەڕانەوە بۆ ئاوایی.

ئەو بەهارە، حەمە لەوەختو ناوەختدا سەرەرێی پێدەگرت:

– (کچێ مەریەم.. شەڕەتفەنگت لەسەردەکەم!

– .. ..

تەقم کرد، تاکەی هەروا بێدەنگ دەبی قسەییێکی بکە.

– .. ..

– هەرچییەکت دەوێ.. سەرم لەئۆغرتدایە..

– دیقم کرد..



– .. ..

– .. ..

– وتم.. ئەڵێم.. شەڕەتفەنگت لەسەردەکەم!

– باوەڕناکەم.

– بەخوا..

– نەخێر..

– بۆ؟

– ئێوە.. یانی نازانم.. رەنگە برسی نەبووین!

– بۆ تەنها برسی راستگۆیە؟

– زۆربەیان!

– باوەڕم پێبکە.

– .. ..

– سوێندت بۆ دەخۆم!

– دەی..

– بە سی جزمەی قورعان.. بەسەی پیر خدر.. بەقەبرەکەی باوکم.. بە.. بە..

– نازانم؟

– بۆ؟

– ئەڵێم نازانم..)

ئەو بەهارە چ دەسبازی و چ بەسەرنجی نەوس ئامێزو سەرەرێگرتن، حەمە، مەریەمی تەنگەتاو کردبوو.. زستانی هەمان ساڵ بەزۆر مەریەمیان دایە مەلاسەعید، دایکی مەریەم لەخۆشیا پێی ئەرزی نەدەگرت، حەمە دەسەوسان بوو، هێی نەکرد، ئەمجا مەریەم سەرەڕێی لەحەمە دەگرت:

– حەمە ئەڵێی چی؟!

– .. ..

– قسەیێکی بکە، دیقم کرد..

– .. ..

ئەتووت شەڕەتفەنگت لەسەردەکەم.. دیارە شەڕەتریشت پێناکرێ!

نا.. واتێمەگە.. لەگەڵ مەلا سەعیدا هێم پێناکرێ..

– با هەڵێین..

– بۆ کوێ؟!

– هەرشوێنێك بێ..

– ڕووڕەش دەبین.. چیدی ناتوانین سەربەرزکەینەوە!

– ئێ چارە؟

– پێی قایل بە!!

– خوا قەبووڵ ناکات.. سێ تەمەنی منی هەیە.. بەباوکم دەشێ..

چوار ژنی دیشی هەیە!!



– مریەم.. لەگەڵ مەلا سەعیدا هێم پێناکرێ.. نەك من ئاغای دێیش هێی پێناکرێ، مەلا گەلێ پشت ئەستوورە.. بەزۆر بێ یا بەخوایشت هەر وەدەستت دێنێ..

– حەمە.. حەمە.. چارێك..

مریەم بووە ژنی مەلا سەعید، پاش یەك دوو مانگێ لەفرسەتێکا حەمە خۆی گەیاندە مریەم..

– نەکەی حەیامان دەچێ..

مەریەم هەرچەندە هەوڵێدا نەیتوانی خۆی لەدەستی حەمە رابپسکێنێ.

– بەرم نەدەی دەقیژێنم..

– جا حەیای خۆت دەچێ..

زۆری هەوڵدا، دەرباز نەبوو.. ویستی بقیژێنێ، حەمە توند دەمی گرت.. ئەوجارەیان بەزۆر ئیشی خۆی تەواوکرد.. ئیدی حەمە راهاتە سەر ئەوەی چەند جارێك بەدزییەوە دەچووەلای مەریەم! سکی پڕکرد، کوڕێکی سوورکەڵەی هێنا، ناوی ئەحمەدیان لێنا! پێیان دەووت سوورە.

حەمە دەیویست پڕ بەدەنگ بنەڕێنێ: ئەحمەد کوڕێ منە..

کەچی تەنها نوزەیێکی نەرم بەرەو گوێیەکانی خۆی دەچوو.. دەنگەکانی ناخی حەمە پاڵەپەستۆیان بوو، هەر دەنگەو دەیویست نۆبە بڕێ بکات..

– بەڵێ.. ئا.. ئەڵێم ئەودەمە چواردە ساڵان بووم!

هەستی دەکرد، هێشتا ماوەی ئەوەی هەیە بتوانێ بۆشاییێکی مێشکی بەدووبارەکردنەوەی ناوی مەریەم پڕبکاتەوەو شتە بەیەکاچووەکانی دەروونی خۆی یەکالاّبکاتەوە.

هەر ئەورۆژەی کە مەریەم درا بە مەلاسەعید، حەمە بۆی دەرکەوت کە: کەسێکی بێکەڵكو بێفەڕە، چیدی سوودی بۆخۆیو بۆ کەسانی دیش نییە.. هەر لەوتەمەنەدا حەزی بەمەرگ دەکرد! گەورەترین هەڵەی حەمە لەهەمووی ئەو تەمەنەیدا، ئەوەبوو کە لەمەرگ نەدەترسا، کەچی ترسنۆکانە ژیانی دەگوزەراند!

— دەبا لەو تەمەنەدا بمردبام، ئیدی دەردەسەریم نەدەدی.. ڕەنگە مەرگێکی جووانو ئاسایی لەئامێزی گرتبام!

وردە وردە، دەنگەکانی ناخی حەمە لەشێوەی مرۆڤ قەوارەیان پەیداکرد، لەژوورسەرییەوە وەستان!

دەنگێکیان بەزەردەخەنەوە رووی تێکرد، وەك سەرزەنشت پێی وت:

— حەمە.. حەمەکە، بیر لەخۆت کەوە.. ئەو سەردەمانەی بەگوڕبوویت، سەرەڕێت لەمەریەم دەگرت تەنگت پێهەڵدەچنی.. ئەوسەردەمە هێزی جووانەگاییێکت هەبوو! ئەو شەوانەی.. بەڵێ ئەو شەوانەی تا بەرەبەیان نەدەخەوتی.. هەرکە دڵنیادەبووی مەلا سەعید خەوتووە، بەدزییەوە دەچوویتە حەوشەکەیان، مریەمیش چاوەڕێی دەکردی، هەر لەنێو کادانی ئەودیوی حەوشەکە هەڵتدەگلۆفی، هەناسەبڕکێ هێزی پێنەدەهێشتی.. لەسەریەك ماچت دەکرد، دەتمژی..



مەریەمیش حەزی دەکرد، بازوەکانتی بەئاسن دەزانی، بەچرپەوە پێی دەوتی:

— پەلەمەکە!

هەناسەی لەززەت ئامێزی هەردووکتان تێکەڵ دەبوو.. دادەمرکانەوە! مەریەم ناچاری دەکردی جارێکی دی تێهەڵچیتەوە.. دەنگەناسکەکەی نازو نەوازشی.. سرکیەکەی، گوڕی پێت دەبەخشیەوە.. ماچە تەمەن درێژەکانت دەچزانە هەموو جەستەیەوە.. دەنگی هەناسەی لەززەت گەمارۆی دەدان، زۆرت حەز لەبۆنی مێخەکبەنەکەی بوو، پڕ بەسیەکانت سمڵو مێخەکت هەڵدەمژی.. دەتویست بەجارێ بتوێیتەوەو بەجۆرێ لەگەڵیدا تێکەڵ بی هەموو جەستەو رۆحت بسپێرییە لەززەتولەسەر سنگیا ئارام بگری، بۆ ساتێ لێی جیانەبیتەوە.. بەنکەنكو تەنگەتاوی هەڵتدەگلۆفی، دەتگوشی، دەتمژی، ناوبەناویش پێی دەوتی:

— قاییم.. قایم تر.. قایم تر..

ئەم وشانەی گوڕێکی ئەوتۆی پێدەبەخشیت خۆتت لەچ کەڵەمێردێکی (باخەڵی ژن) بەکەمتر نەدەزانی، زیاتر لەززەتت لەوە وەردەگرت، کە مریەم لەنێو لەززەتا تواوەتەوە، راستە گەلێ جار ماندوودەبوویت، بەلاّم لەبەر مریەم دووبارەو سێبارە تێیهەڵدەچوویتەوە.. حەمە، حەمەکە، کە دەگەڕایتەوە بۆ ماڵێ خۆتان تا چاشتانگاو دەخەوتی وەئاگانەدەهاتییەوە، ماندوویەتی تا نێو ئیسقانەکانت دەخزا..)

— ئا.. بەڵێ.. وابوو.. وا

حەمە بەئاستەم ئەمەی لەدەم هاتەدەر، دەنگە قەوارەدارەکە لەبەرچاوی ون بوو، دەنگێکی دیی قەوارەدار خۆی هاویشتە نێو سەرنجە نیوەشەکەتەکەی.

— (ئێ کاکە حەمە.. ئێوارانی پایز.. دەنگە بەسۆزەکەت گۆرانییە جووانەکانت.. پەنجەکانت لەسەر کونەکانی شمشاڵەکەت وەستایانە دەبزووواند، کوڕانو کچان، خۆیان پێنەدەگیرا.. خۆشییت پێدەبەخشین، دەسەڵاتیان بەسەر فرمێسکەکانی خۆیان نەدەما، تۆیش تەنها حەزت بەفرمێسکی مەریەم دەکرد، رەنگو قەدی خۆتت لەنێو ئەو وردە فرمێسکانەی مریەمدا دەبینی.. حەمەکە خۆ چاکت وەبیردێ، رۆژانی نەورۆز، لەسیانزە بەدەردا چ بەزمێکت سازدەدا؟ لەنجەولارەکەی مەریەمی شۆخوشەنگ —کە پەرییان خۆزیایان پێدەخواست- سەرنجی تۆیش دەلکایە لەرەی مەمانی حەزت دەکرد سەرنجت ببێتەمەلێکی هۆگر، نێوانی مەمانیشی بکاتە هێلانە.. ناحەقت نەبوو لەوسەردەمەدا زۆر شت بەدی نەکەیتو نەیبینی.. هەر مەریەمو مەریەم نەبێ..

— ئای بۆ رۆژانی لاویم.. چ کوڕێ بووم..

— بزەیێکی بێرەنگ نیشتە سەر لێوەبارگرتووەکانی حمە، روخسارە رەنگبواردووەکەی گەشانەوە، تیشکێکی نادیار لەچاوانییەوە دەردەپەڕی، تەمو مژی بیرچوونەوەی نێوان ئەو ماوەیەی تەمەنی رەوانەوە.. دەنگە قەوارەدارەکە بەجۆرە ئاوازێکی بەسۆز پێی وت:



— (ئای کە بەگوڕبوویت.. کەڵەکێوی ئاسا بەسەر کەژەکاندا هەڵدەگژای، حەسانەوەی پاش ئەو جۆرە ماندووبوونەت، تامی هەنگوینی هەبوو!)

کەیفخۆشیو خەمی ئەوسەردەمەت تامو چێژێکی تایبەتی هەبوو!

— بەڵێ ژیانێکی خۆش بوو!

هەست بەکۆتایی هاتن خێراتر بەرەو ناخی حەمە داچۆڕا، حەزی دەکرد بۆ خۆی بگرییت، کەچی دەسەڵاتی بەسەر فرمێسکەکانیا نەمابوو..

— بەڵێ لەو رۆژانەدا ژیان خۆش بوو..

دەنگێکی دیی قەوارەدار، لەژوورسەرییەوە لێی راپەڕی، حەمەی راچڵەکاند، ویستی سەربەرزکاتەوەو یەخەی دەنگەکە بگرێ، کەچی ئەو پێشی کەوتو وتی:

— (حەمە.. حەمەکە، راستە ژیان خۆش بوو، بەڵام خەمیشت زۆر بوو.. خەمەکانی ئەو سەردەمەت ببوونە ئەستێرەو ئاسمانی ژیانتی دەڕازاندەوە.. حەمەکە، تۆ چاك چێژ لەخەمەکانی خۆت وەردەگری.. تۆ خەمەکانت دەکردە گۆرانیو دەروونی خۆتت پێ دەلاواندەوە.. حەمە وەبیری خۆتی بێنەوە.. ئەو رۆژانەی هەزاران دڵۆپە ژەهر تێکەڵی خۆراکی کەیفخۆشی ببوو)

حەمە راچڵەکی وەك ئەوەی لەقەفەسی دانپیانانا بێت، پێی وت:

– بەڵێ هەرزەو بەگوڕ بووم.. برینم نەبوو کەچی هەموولەشم خوێنی دائەدەڵان.. ئاخ.. کەچی ئێستا هەموو لەشم بریندارەو دڵۆپەخوێنێ نابینم ببێتە شاهیدێ ئەم کوێرەوەریەم!

دەنگەکە لەبەرچاوی حەمەدا وون بوو، حەمە هەرئەوەندەی ماوە هەبوو، هەناسەییێکی ئەوتۆ هەڵکێشێ، هەرچی گڕی دەروونی هەیە لەگەڵ ئەو هەناسەیە بێتەدەرێ، دەنگێکی دی، بەرەنگو بۆنێکی دییەوە هاتەسەر ڕێی!

– (حەمە گوێگرە.. حەمەکە.. سپڵە مەبە، ڕۆژانی هێمنیو حەسانەوەو دڵنەواییت لەبیرچووەوە، ئەو ڕۆژانەی کە لەنێوان گەنجانی ئاواییەکانی ئەو دەوروبەرەدا، شاسواری مەیدانی کلاوێنو کاڵەمستێ بوویت؟ شەوانی ئێشکگرتن کێ بوو تا بەیانی تاقە وەنەوزێکی نەدەدا؟ ڕۆژانی سێبازو کێلەبەردینەت لەبیرکرد کە دەبوویتە شای مەیدان.. هەستی ناسکت خۆشەویستیو دڵنەرمی پێدەبەخشیت، کەم خۆشگوزەران بوویت کە ئەسپە کوێتت تاوداو تارای بوکێنی سوراحی-ت رفاند، خۆ هەرچی سواری ئاواییەکانی ئەو هەرێمە هەبوو، وەدووت کەوتن، لەپاش تۆوە تۆزیان دەکرد!

سپڵە مەبە، ئەوانەت لەبیرچووەوە.. ئەو قسە نەستەقانەت! کە چەن جارێکیش بەر گوێت کەوتبوو (گەر حەمە زەوقی هەبێ سەر بەقوڕ دەهێنێتە پێکەنین!!)



حەمەکە، کەیفخۆش دەبوویت کە زەردەخەنەی گەشاوەت لەنێوان فرمێسکی پیرێژنانو ئافرەتان راودەکرد! گەر لەکۆسپکەوتنیشدا بان، قسەکانت دڵخۆشی بێ دەبەخشینو هێدی دەبوونەوە.. حەمە حەمەکە.. ئەورۆژەی کە بیستت مریەم کوڕی بووە لەخۆشیا پێت ئەرزی نەدەگرت! پاشان، کە مەریەمت بینی چاوە خەواڵووەکانی گەش گەش دەبریسکانەوە بەجۆرە غەمێکی بەتام تێی گەیاندی:

زۆر بەهیوایە ئەحمەد تۆ ئاسا قۆزو قسەخۆش بێت..

حەمەکە، کە ئەحمەد گەورەبوو لەنێو منالانی ئاوایی گەمەی دەکرد، دەتویست دڵتی بۆ دەرهێنیو بیکاتە تۆپو تۆپ تۆپێنی پێبکات!

حەمە گەلێ ماندووبوو، ویستی سەرنجی لەسەرشێیەکانی بنمێکە لادات، بەنوزەوە دەنگێکی جەرگبڕی بەرەو ناخی خۆی نارد..

– ئاە.. کە پیاوێکی خراپ بووم، خۆزیا ئەو ساڵەی مریەم بەسەر منالی دووەمیەوە چوو، خۆیو منالەکەی مردن.. منیش.. منیش..! ئای کە مەلا سەعید بێویژدان بوو، ئەحمەدی خستە بەردەستی چوار باوەژن، هەریەکەو بەجۆرێ ئازاریان دەداو منیش هێم پێنەدەکراو بێدەنگ دەبووم! نەخۆش کەوتم، خەڵکی پێیان دەوتم (حەمە تووشی سیل بووە) رەنگ زەردو تەوەزەل، لەهێە هەڵدەچووم، نەمدەزانی چی دەکەم دڵی زۆر کەسم لەخۆ عاجز کرد، دەردی تەنهایی هەراسانی کردم.. خۆمم بەشتی پروپوچەوە دەخلافاند.. دوو سێ ساڵ، بێسەروبەر بووم.. وردە

وردە  خەمم کەمەوە بوو، خەجێم خواست، بەیادی مەریەمەوە دەچوومە لای! هەر بۆبەزەیی هاتنەوە قسەی ژنو مێردانەم لەگەڵ خەجێ دەکرد.

دەنگێکی دی لەژوورسەرییەوە سەری گلۆڵەی قسەکانی لەدەم حەمە گرتەوە، بەهێمنییەوە پێی وت:

— (حەمە.. حەمە، بەسە بەس، زۆ ئەزیەتی مەریەمت دەدا، پەلپو بیانووی زۆرت پێدەگرت، وەختو ناوەختت نەدەزانی، منالێ ئاسا ڕەفتارت لەگەڵ دەکرد هەر جارەو بەجۆرێ لەگەڵیدا بوویت، جارێ دۆستی،جارێ دەبوویتە کوڕی، حەزت منالی شیرەخۆرە ئاسا سەربنێیتە سەر سنگییەوە، ئەویش دەست بەقژتا بێنێ، جاری واش هەبوو دەبووی بەباوك، بەگەورە.. ئا.. کە شتێکی بلحت لێدەردەچوو.. کەچی ئەو هەر خۆشی دەویستی بەهەموو جۆرێو لەهەمووکاتێکدا دڵەناسکەکەتی ڕادەگرت، حەزی بەمەرگی خۆی دەکرد، بەس دڵی تۆ نەشکێنێ).

— ئا ڕاست دەکەی.. ڕاست دەکەی.. دەبا لەگەڵ مەرگی مریەمدا منیش.. ئا.. منیش نەك ئاوها لەم غەربیەدا، ڕوو لەمچارەنووسە بکەمو ببمە باری سەرشانی کەسانی دیش..

دەنگەکە ڕەوییەوە، حەمە بۆ چەند ساتێ لەنێو بێدەنگییێکی خەستدا خۆی دەلاواندەوە.

— بەڵێ ڕۆژانێ بوو پڕ لەخۆشیو ناخۆشی بوو!

دەنگێکە دی، وەك ئەوەی دڵی بداتەوە بەئەسپایی پێی وت:



— ئافەرین حەمە.. بەدەمتەوە مابوو دەتوانی شتێ بەشتێ بکەیت! ئێستا خۆت ئەزیەت مەدە چاك بزانە، ئەوانەی ڕوویدا چاکترو ڕاست تر بوو.. نەدەبوو هیێ شتێکی دی بەپێەوانەی ئەم ڕووداوانە ڕوویدابا!! حەمەکە تازە وا بوو دەبا هەر واش بێت لەئاوارەییەوە فێری زۆر شت بوویت.. غەریبیش فێری خۆشەویستی کردی.. حەمەکە.. ئەرێ حەمە ڕێو ئیمانو باوەڕێکت هەبوو؟

— ئەی چۆن نەء؟ ئەودەمەی بەگوڕبووم باوەڕم هەبوو، گومانم لەخۆم نەدەکرد،بەلام پاشان- پاش دەردی سەریم- گومان ڕووی تێکردم، گومانم لەخۆم، لەهاوڕێیانم، لەزۆر شت پەیداکرد.. پشتم لەزۆر شت کرد.. من دەزانم لەگەلێ شتدا نەفامم.. ڕاستە لەهەڕەتی لاویمدا هەندێ لەمەریەم، لەمیرزا محەمەد عەلیەوە فێربووم، بەلام هیێ یەکێ لەمانە ئەوەندەی سەرنجی بێدەنگو تەوس ئامێزی ئەو خەڵکە —کە حەماڵیم دەکرد- فێری نەکردمو کاری تێنەکردم، ئەم ماوەیەی لەجێدا کەوتوبوم فێری زۆر شت بووم.. ژانی لەشم، قاوغی نهێنیەکانی بۆهەڵدەوەرانم.. ڕاستە نەخوێندەوارو تاڕادەیەکیش نەفام بووم.. بەلام دەمتوانی گەوهەری شتەکان ببینمو لێیان حالی بم!

حەمە دڵی خۆی دەدایەوە کە هەندێ فێربووە بەلام نەکەوتبووە نێو داوی هیێ شتێکی دیاریکراو، دیاریشی کردبا، بەجۆرە نهێنیەکەی تەڵخ دایدەپۆشی، دەرگای گومانی خۆی بۆ دەخستە سەرپشت.. بەپەرتو بلاوییەوە هەندێ شتی سودبەخشی دەزانی.. گەر لەهەرشتێ دڵنیا با،

ئەوا بۆماوەی سەعاتێ، دووان، رۆژێ بوو.. هەر هەمان شت لەماوەییێکی دیو لەشوێنێکی دیدا لەمێشکیا دەگۆڕا..

تیشکی بیرێکی گەش بەبەرچاوی حەمەدا گوزەری کرد ئەویش ئەنجامی تاقیکردنەوەی کەسێ، بەرێنمایی و نەسیحەتو فێرکردن، هەرگیز ناگاتە کەسێکی دی.. حەمە بەرانبەر بەچاکەو خراپە بەرچاو لێڵ بوو، کەچی ناوبەناوێ دەیزانی ئەمسەری گوناە چاکەیە، خۆیشی بەگوناهبار دەزانی، کەچی وایشی لادروستببوو کە گوناهیش جۆرە چاکەیەکە.. حەمە لەم ئاستەی بیرکردنەوەیدا لەنگەری خودی خۆی راگرت، نەیدەتوانی ئەوەی باوەڕی پێیەتیو فێری بووە دەریببڕێ.. ئێستا لەم بارە ناهەموارەی تەمەنیدا بۆی دەرکەوتووە، چاکە لەنێو کاکڵەی خراپەیدایەو لەناخی هەموو گوناهکارێکدا تۆوی چاکە هەیە.. هەموو ساواییێکی نەفام.. پیرێکی کامڵەولەمەلاسدایە.. هەموو شیرەخۆرییێکیش مەرگ هەڵنیشتووەتە سەر رۆحیەوە.. هەموو مرودوییێکیش تۆوی ژیانی جاویدی پێیە!

دەنگە قەوارەدارەکان رەوینەوە، دەنگە دەنگێکی سەیر لەنێو مێشکیدا دەنگی دایەوە.. خەجێو ئەحمەدی کوڕی خۆیان ئاخنییە نێو مێشکی.. ئەحمەدی دەبینی بەجووتێ باڵی زێڕینەوە، لەژورسەریدایە، بەباڵەکانی باوەشێنی روخسارە ماندووەکەی دەکات.. خەجێش بەدیار سەرییەوە، وردە مرواری لەچاوانییەوە دەبارێنێ.. وردە وردە باری لەشی حەمە سوك بووەوە، بەرچاوی زیاتر رۆشن بوو، هەرچی ژانو ئازارو غەمی



هەبوو لەشێوەی هەڵمێکی پەمەیی، لەهەموو جەستەیەوە بەرزبووەوە، بۆنێکی خۆشی لێوەدەهات، حەمەی خەوش کرد! رۆحە ئاوارەو پەرشوبڵاوەکەی زیاتر یەکی گرتەوەو پتەوتر بوو..

ئەم رۆحە سەرکێشو برینداره، هەمیشە خۆی رادەپسکانو خۆی نەدەدا بەدەستەوە (ئێستا) بەگوڕوجۆشە، بووە بەهەنگ، دەم بەخونچەی شانە پیرۆزەکانی لەشی دەکاتەوە.. ئەوا هەموو لەشی حەمە، هەموو شانەکانی بووە بەگوڵستان، لەگەڵ بۆنو بەرامەدا تیشکی نەبینراو لەچاوانییەوە دەردەپەڕیو بەری دیدەی رۆشن دەکاتەوە، ناخی رۆشن دەکات، ئەو ناخەی کە چین چین تاریکی خەستو هەڵچنراوی تیا کەڵەکە بووە! حەمە خۆی وەك داربەڕوویێکی ئەستووری بەر تۆفو بارانێکی زستانی هاتەبەرچاو، یادو سەرگوزشتەکانی وەکو گەڵا هەڵئەوەرین، رووت بووەوە.. جەستەی بووە قاوغێکی خاڵی، ئامادەبوو جوانترین تۆوی بێگەردیو راستگۆیی بگرێتەخۆیەوە.. لەپەنجەرەکەی بەرانبەریەوە نورێکی رەنگاورەنگی بینی بەنەرمە رەوتێکی سووك بۆلای دەهات.. هەولێدا روو لەئەحمەد بکات.. نەیتوانی.. بەلاچاو بەشێ لەروخساری ئەحمەدی بەدی کرد، هەر خەوتبوو، نورە رەنگاورەنگەکە، گەیشتە سەری، سووك بەدەمولوتو کونە گوێیەکانیدا داچۆڕایە نێو جەستەیەوە، هەموو بۆنو بەرامەی خونچە تازە پشکوتوی شانەکانی لەشی حەمەی ئاڵاندە خۆیەوە.. بەهەمان جۆر لەچاوو دەمو لوتییەوە هاتەدەرێ.

چاوەکانی حەمە زەق وەستان، وەك ئەوەی رقەبەرایەتی لەگەڵ جۆری وێنەکانی شێی بنمێەکە بکەنو بڵێن:

هەزارن هەزار لەووێنانەی ئێوەم پێیە!!

*

خەجێ بەهەوالێکی ترسناکەوە خۆی گەیاندەوە نەخۆشخانەکەی حەمە، سەرتاسەری رێ خۆی دەدواند:

— نا.. ناڵێم.. سەعاتێ لەمەوبەر سمایل.. نا..

دەڵێم سمایل دەڵێ: سەلام لەکاکم دەکەم، دەستەکانی ماچ دەکەم..

گەیشتە بەردەرگای قاوشەکە، گوێی لەگریانی ئەحمەد بوو، لەباوەشی فەراشێکدا هەر دەگریاو ژیرنەدەبووەوە، خەجێ بەرەوڕووی چوو.. حەپەسا، هەموو شتێکی لەنێو روخسارە بێدەنگەکەی فەراشەکەو گریانەکەی ئەحمەدا خوێندەوە، وەك بت وەستا، نەرمە دەنگێ راێڵەکاند.

— عومری درێژی بۆ کوڕەکەت..

— .. ..

— خوشکم خەمی پێناوێ رزگاری بوو، رێی هەمووومانە!

— خەجێ قسەکەی لەدەمی کابرا بڕی..

— کە.. کە.. کەی؟

— سێ چوار سەعات دەبێ.. هەرکە تۆ رۆیشتی، پاش نیو سەعاتێ، سەعاتێ، ئەم منالە لەسەر قەرەوێڵەکەیدا بەدەنگی بەرز



دەگریا.. زۆر دەگریا.. کە چوینە لای.. ئێ.. خوشکم ئێستا زووکە بەڵکو.. ئەڵێم بیبەیتەوە.

— بۆکوێ؟

— ئێ.. ئێ.. حاڵی بووم.. چاکە خوشکم، خۆمان بەلەدییە.. ئا.. بەلەدییە. عەیبی تیادا نیە، هەر ئێوە هەژار نینو هەژاریش عەیب نییە. رەنگە من بەلەدییەش فریام نەکەوێ.. خوا کەریمە.. خوا کەریمە!! ئەمە رێی هەمووومانە.. هەموو هەردەبێ ئەم قەرزە بدەینەوە. خەجێ ئەحمەدی لەدەستی فەراشەکە وەرگرت لەبەرخۆیەوە دەیووت:

— بەر لەسمایل مرد.. چەن سەعاتێ مەرگی کەوتە پێش مەرگی سمایل.. خۆ هەمو حەزێکی ئەوەبوو سمایل بەر لەخۆی بمرێ.. ئەم حەزو دوعایەشی نەهاتەدی!

بۆ یەکەمجار خەجێ وای هەست کرد کە رەنگە گوناهێکی ئەوتۆی کردبێ، لەگوناهەکانی شەیتان گەلێ گەورەتر بێ.. بۆیە وا تووشی ئەم رۆژە رەشە هاتووە!

دوو برا!.. غەریبو بێکەس لەیەك رۆژدا گۆڕستانی غەریبانی بەغدا لەئامێزی خۆی نان، دوو کەسی دیش، ئافرەتێكو منالێکی تەمەن یەك ساڵو نیو غەریب ترو بێکەس تر، یەکێ لەکونجە نیمچە داتەپیوەکانی گەڕەکی باب الشیخ باوەشی بۆکردبوونەوە.

# ٣

بەشەرمەوە سەرنجی ڕێبوارانی دەدا، زۆرجاریش تەنها ڕەنگی پێڵاو و دامێنێ پانتۆڵو دشداشەی ڕێبواران لەنێو بازنەی بینینیدا هاتوچۆی دەکرد! کەمتر سەری بەرزدەکردەوە، سەرەڕای ئەوەی دوو مانگ زیاترە، خەریکی ئەم کارەیە، هەموو ڕۆژێ هەر لەبەیانیەوە بەدیار مەنجەڵێ پاقلە کسکۆڵە دەکات، کەچی تائێستاش هەر شەرم دەکات.. جۆرە شەرمێ ڕەنگی روخساری پێدەگۆڕێو ناهێڵێ سەر بەرزبکاتەوە!

لەناخەوە گەلێ دڵخۆش بوو کە بەرەنجی شانو ئارەقی ناوچاوان، نان پەیدادەکات.. هەستی دەکرد کەوگیرەکەی دەستی بەشێکە لەجەستەی، خوێنو ماسولکەو گۆشتو ئێسقانی هەیە! مەنجەڵەکەیشی لەبەرچاویا ببووە مەنجەڵو کەوگیرو پێڵاوی ڕیبواران لەئاسۆی بینینی خەجێدا ڕەنگێکی وەنەوشەیی دەبەخشییە هیوای، باوەڕی بەجۆش تر دەکرد..



بەپێی ڕەوشتێ کە تەنها غەریبیو بێکەسی ئەلفو بێی بوو، خەجێ سنووری بۆ هەنگاو و بیری خۆی دانابوو، هاوەمەودا بوون!!

هەنگاوەکانی بەپێی ئیقاعێکی نەگۆڕ، سەرلەبەیانیان چەند سەد مەترێ لەماڵەکەیەوە بۆ دەرگای شێخ عەبدولقادرو ئەوەندە مەترەشی بۆ لای یەکێ لە عەتارەکانی ئەو ناوە، زیاتر نەبوو، بیریشی لەبازنەی خەمخواری ئەحمەدو هەوڵدان بۆ برسی نەبوونی ئەحمەد زیاتر بڕی نەدەکرد.. خەونو یادو بەسەرهات، لەنێو کاکڵەی شانەکانی مێشکیدا مەیی بوون، جارجارێ بەگەرمی فرمێسکەکانی هەندێ لەزوقمی یادەکانی مێشکی دەتواندەوە، بەسووکە خەونێکی تەمەن کورت خۆی لەنێو کوێرەوەریو ئاوارەییدا دەبینیەوە.. بەیانیان بەجۆرە پەنابەستنێ بەقودرەتی خوا تەسکینی دەهاتەوە، لەنێو خۆفەرامۆشکردندا، دەستو پێو چاوو هەستی بۆ (نانی ئێستاو سبەی) دەجولانەوە..

پاش مردنی حەمەو سمایل، هەموو بەرەبەیانییێك لەبەردەرگای باب الشیخ دا بەدیار مەنجەڵێ پاقلەی کولاوەوە دادەنیشتو ئەحمەدی لەئامێز دەنا، هەفتەی یەکەمی ئەم کارەی، گەلێ گێژو بێدەنگو کاس بوو.. شەوانیش تادرەنگ بەدیار ئەحمەدەوە دادەنیشت، بەلایەلایە بەسۆز، ئەحمەدو بێکەسی خۆی دەلاواندەوە! وانەکانی ڕۆژگاری ڕەشیش لەدەروونیا چەسپابوو، نەخشەی ئاکامی ئەوکارانەی لەسنووری جولەی دابوو، دروستو سەرکەوتووانە بۆی دەچوو!

دەروونی خەجێ، فەرهەنگی خەم بوو، هەزاران وشەی بریندار لەدەمییەوە، لەچەشنی وڕێنە بەرەو دنیای ئازاد دەهاتنەدەرێو دەروونیان جێدەهێشت.. ئەوەندە وشەی برینداری دەروونی خەجێ لەژوورە شێیاوییەکەیدا کەڵەك ببوون، گەر کەسێ ئەو ژوورەی دیبا، یەکسەر:

هەستی بەجۆرە ئاشنایەتیو نامۆیی لەگەڵ مەرگو ژیاندا دەکرد، ژوورێ، هەر خەجێ ئاسای لەئامێز گرتووە، دیوارەکانی بەئاه و ناڵەی کلۆڵان درزی بردووە.. بووەتە قاسەی غەم، ئەوەندە کڵۆڵو کوێرەوەرو ئاوارەو بێکەسی تیا گریاوە، ئەوەندە فرمێسکی بێدەنگییان تیا رشتوەو هەناسەی گەرمی بینیوە، شاهیدی راستگۆی کلۆڵییە.. زۆر شتی پاراستووە، وێنەی هەموو جۆرە ئەشکەنجەییێك لەبنمێیەکەیدا رەنگئەداتەوە..

ئەم ژوورە بووەتە کتێبێکی راستگۆی مێژوو.. ئەو مێژووە نەنووسراوەو خۆی لەقەری چوار دیواری ئەم ژوورە ئاسایە نەداوە، لەرووداوە بێدەنگەکانی نەدواوە.. ژوورێ، رەنگڕێژی خەونی ئاڵۆزو وڕێنەی شێواوە.. ئەوا ئێستاش، دەسێ نوێنی شڕو پەرەمێزێكو تەنگەییێك نەوتو چراییێكو بێشکەییێكو تەشتێکی جل شۆردنو بەڕەییێکی شڕو هەندێ مقەوای راخراوی گرتووەتەخۆیو سۆزی دایکانەی پێبەخشیون!

بنمێی ژوورەکە، جگە لەشێو هیسو هەزاران وشەی بریندار، فەرهەنگێکی پەرتوبڵاوە، دیوی دووەمی دەروونی خەجێی دەنواند..



یادیش لەمێشكو دەروونیا وەك تفاقەکانی ژوورەکەی پەرت بوون، هەندێ جاریش لەچەشنی وڕێنە بەرگی وشەیان لەبەردەکردو لەدەمییەوە دەردەپەڕین! شەوخونی وشەکانی بۆ دەدایە دەم یەك، برسییەتی دەیهۆنییەوە، کلۆڵیش دەبووە ریتمی ئاهەنگەکانی! گریانی ئەحمەدیش دەنگە نەشازەکەی بوو، دەستە ماندووەکانی خەجێش، کە بێشکەکەی رادەژەنی دەبووە مایسترۆ، ئاهەنگی لایەلایەییێکی ئەوتۆی سازدەدا، جەرگبڕ، بەسۆز، پڕ لەئاوازی خواوەندانەی تەسکینی بەخش، لەچەشنی ئاوازی سۆفیان کە لەگەڵ خواوەندی خۆیان داواو پاڕانەوەو خۆشەویستی دەکەنە کەرەسەی خۆ ون کردن لەنێو هەڵچوونی پەرستنو نوێژدا- خەجێ بەئاوازێ لایەلایەکانی دەڕازاندەوە، شێی ژوورەکەو تفاقەکانی دەهێنایە لەرز.. ئاوازێ مەگەر هەر دایکێکی کڵۆڵو بێچارەو غەریب بتوانێ وا وشەی بریندار بکاتە شەماڵێکی فێنكو بۆندار، بەرامەی هیوای بەهەشتی بەختەوەری پەخش کاتە سەر روخساری مناڵێکی ساوای بێکەسو ژوورێکی دۆزەخ ئاسا! خەجێ کە دەگریا، دەیویست ئەوەندە فرمێسك لەچاوانییەوە بێنەخوار بەشی ئەوە بکات ئاگری دۆزەخ بکوژێنێتەوە.. حەزی دەکرد بتوانێ دەست ببات بۆ نێو دەروونیو پشکۆییێك لەئاگرەکەی دەرکات تا بەهەشتی خوای پێ بسوتێنێ.. ئا لەم کاتە تایبەتییانەی خەجێ هەردوو جەمسەری دژەکان یەکیان دەگرت!

❊

ژوورەکە، دەنگی سیسركو تەونی جاڵجاڵۆکەو فڕکەفڕکی مشكو برسیەتی مرۆڤی گرتبووەخۆیەوە.. خەجێو ئەحمەدیش بەشێ بوون لەم شتانەی ئەو ژوورە!

ئەورۆژەی هەواڵی مردنی حەمەو سمایلی بیست، گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی، هانای نەبردە بەر هێ کەسێ، شەو تا بەیانی بەیانیش تا شەو بەدیار ئەحمەدەوە کسکۆڵەی کرد، بیری لەهێ شتێ نەکردەوە، تەنها لەخولیای ئەوەدابوو ئەحمەد ژیرکاتەوە، خۆی، نە نان، نە ئاو تا دوو ڕۆژێ شتێکی نەنایە دەمییەوە، هێ جۆر بیرکردنەوەو یادێ بەمێشکیا تێنەدەپەڕی!

هەستی بەژیان نەدەکرد، کەچی دەجوڵایەوە، حەزی بەمەرگ دەکرد، ئەو (مەرگە ژیانە)ی بێنێ، کەچی گریەیێکی ناوەختی ئەحمەد ئەم نەخشەیەشی قرتان! پاش ئەو یەك دوو ڕۆژە خەجێ دەیویست باوەڕ بەخۆی بێنێ کە حەمەو سمایل مردوون، کەچی لەبەرخۆیەوە دەیووت:

- حەمە، مەعز بۆ خوا! چی ئەکەیت؟ بۆ کێمان جێدەهێڵی؟ چییە حەمە، ئەحمەد جێدێڵی؟ ئاخر کە گەورەبوو چی پێ بڵێم؟ بڵێم بەلەدییە باوکتی نایە قەبرەوە.. بەلەدییە مامتی نایە قەبرەوە.. حەمە جێمان مەهێڵە! غەریبو بێکەسین.. چ کەسێ شك نابەین! حەمە چی بکەین؟ ئەوا سمایلیش.. ئای خوایە.. هاوار!

خەجێ هەر خۆی گوێی لەدەنگی خۆی دەبوو، کە بەم شێوەیە جڵەوی زمانی شل دەبوو، وشەکانی ناخی وەك هەنگ لەدەمیا کۆڕیان دەبەست..



کە لەم قسانەی دەبووەوە بەوردی گوێی هەڵدەخست، نەوەك کەسێ گوێی لەم نزایەی بووبێ، شەرم دایدەگرت، بەخۆیا دەهاتەوە، سەیری دەستو پێی خۆی دەکردو پەنجەکانی دەستی دەجولانەوە دووبارە لەبەرخۆیەوە دەیووت:

- حەمە مردن ڕێی هەموومانە —خوا عافوت بکات!- جل شۆری دەکەم، نانەوایی ماڵان دەکەم، کارێ ناکەم شەرمەزارو خەجاڵەت بمو ببمە مایەی سەرشۆڕی ئەحمەد.. کە ئەحمەد گەورەبوو پێی دەڵێم: کوڕم باوکت دەیووت من نامرم! مردن ناتوانێ زەفەرم پێبەرێ لەئێوەم جیاکاتەوە.. من هەمیشە لەگەڵتاندام! بەڵێ باوکت نەمرد، ڕاستە پشتی شکاو لەخەستەخانەدا خەوی لێکەوت.. ئێستا خەون بەئێمەوە دەبینێ.. باوکت هەرچی هێزی هەڕەتی لاوییەتی هەبوو، سپاردییە من! ئەوا ئێستا من بەلەشی خۆمو هێزی باوکت کاردەکەم.. تۆیش گەورەدەبیو لەشی من هێزی تاقە ئەمانەتو میراتێکە بۆ تۆ.. باوکت دەیووت.. نامرم، ناتوانم هیش شتێکتان بۆ بەجێبێڵم.. کوێرەوەری؟ سۆزو خۆشەویستی؟ سەرنجی خەڵك؟ یادەکانم؟ ماندوویەتیم؟ نەء.. نەء.. نا.. هێیان جێناهێڵم!

نا.. ڕاستییەکەی پێدەڵێم.. دەڵێم باوکت مرد.. ئا کوڕم باوکت مرد، بەلەدییە نایە قەبرەوە.. هەموو دنیای جێهێشتو ڕۆیشت.. بەڵام کوڕم ئومێدو سەرنجەکانی، هیواو ئاواتی سپاردە من.. میراتگری ئاواتی باوکتم، منیش گەر مام، و تۆیش گەورەبووی، ئەوا دەبیتە میراتگرمان!!

ورِێنەو قسە هەڵبزرِکاوەکانی خەجێ ببووە جۆرە نوێژێ لەرۆژێکدا زیاتر لەچوار پێنج جار دووبارەی دەکردەوە، بۆئەوەی دڵنیاییو هێز بەخۆی ببەخشێو خۆهانبدات:

- نا.. تەنها هەر من سیابەخت نیم.. تەنها هەر من غەریب نیم.. ئەی لەکەرکوکدا، کاتێ حەمە پشتی شکابوو، پوورە (کیشوەر) بۆی نەدەگێرِامەوە:

- (کچم خەجێ.. بەسیجزمەی قورعان، رۆژێکم بوو، یاخوا جولکەیش ئەورۆژەی نەبێ.. رۆژێ بوو، خوا بکەم دوژمنیش نەیبینێ، کچم، لەگرانیە گەورەکەدا برسیەتی زۆری بۆهێنایین، دێمان جێهێشتو هاتینە شار، هەر هێمان نەبوو، بۆ نانی شێو.. ئیتر.. سەرت نەیێشێنم، رەحمەتوڵڵای مێردم لەبرسا مرد، مناڵە وردەکانم یەك لەدوای یەك لەبرساو لەبەر نەخۆشی مردن! بەتەنها —لەم- غەریبییەدا مامەوە تەنها خوام شك ئەبردو هێی تر.. پاش ئەم کۆسکەوتنەم، بەهەرجۆر بوو گەرِامەوە بۆ دێیەکەی خۆمان باوكو دایکم زۆربەی کەسوکارم، ئەمری خوایان کردبوو، برا گەورەکەم —ئای دنیا- هەروەك نەمناسێ، نەیحەوانمەوە.. نان نەبوو، ئەوجا براو فەرزەندی چۆن دەبێ.

کچم خەجێ.. سا بەوەڵڵاهی بەجۆرێ ناهومێد بووم.. بەجۆرێ دڵم شکا، مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ.. بەهەر جۆر بوو جارێکی دی گەرِامەوە بۆ شار، بەنانەسکی، جل شۆریو نانەوایی ماڵانم دەکرد، جلی پیاوانم دەپۆشی کرێکاریم دەکرد.. وردەوردە برسییەتی فێری مامانیو



بەربووکیو دەموچاوهەڵگرتنیشی کردم.. توانیم خۆم بژیێنم، خوا دەرگای خێری لێکردمەوە، بوومە کارەکەری ماڵە گەورەیێك.. پاشانیش بەم رەشیدەی ئێستای مێردم شووم کرد! خەجێ ئێستایش، شوکور بۆ خوا، ئەوا خۆت دەبینی، ماڵو مناڵو ناوماڵ.. ئەو برایەی نەیحەوانمەوە، ئەو بۆرە خزمانەی پشتیان تێکردم.. ئێستا، لەوەتەی هەمە ساڵ نییە دووجار سەرمان لێنەدەن!)

ئا.. منیش.. ئیش دەکەم.. جل شۆریو نانەواییش دەکەم.. شوکور بۆ خوا ئەوانەی لەم گەرِەکەدان زۆربەی زۆریان کوردن! پەکم ناکەوێ.. نە ئینشائەڵڵا پەکم ناکەوێ، خوا دەلیلی داماوە، ئەوە نییە نەزاکەت لەم بەغدایەدا، بەنۆكو پاقلە فرۆشتن، نەجیبەو رەحمانو سەباحی پێگەیاندووە، ئەوا مناڵەکانی گەورەبوونو ئیش دەکەن خوا قەبوڵ ناکات، ئەگەرچی لەگەڵ کرێییەکانی دیدا بۆڵەبۆڵ زۆر دەکاتو بیانوویان پێدەگرێو پێیان دەڵێ:

- ئاو زۆر سەرف مەکەن.. زوو کرێ خانوو بدەن.. حەوشەکە پیس مەکەن..

بەڵام خوا قەبوڵ ناکات قسەییێکی لەگوڵ کاڵتری پێنەوتوم، ئەوە نییە گەلێ جار پێم دەڵێ:

- (کچم خەجێ خەفەت نەخۆیتو بڵێی بێکەسم، من لەباتی دایکتم، هەرچییەکت پێویست بوو، بەدایکی خۆت بڵێ، بەخوا لەگەڵ نەجیبەدا فەرقت ناخەم، بە (غەوس) عاجز ئەبم ئەگەر ناوی کرێ خانوو بێنی)

نا.. لەگەڵ مندا خراپ نییە، کرێییەکانی دی.. ئا.. منداڵەکانیان لاسارو هارن! گەورەو بچوکی نازانن، خەتای دایکو باوکیانە.. نەزاکەتیش حەقیەتی، بە چ کوێرەوەرییێك ئەم ماڵەی بەیەکەوە ناوە.. خۆی دەیووت:

- (خەجێ، کچم هەر تۆ نیت سیابەختو بێکەس.. بەوەڵلاهی نانی وشکمان نەبوو، رۆژگار پشتی تێکردین، هەر خوامان هەبوو! منو سێ منداڵ، کە مێردەکەم ئەمری خوای بەجێهێنا لەبەردەرگای ئەم باب الشیخ-ەدا، هەر لەبەیانییەوە تائێوارە پاقلەو نۆكو.. هەتا ئاوم دەفرۆشت! بەحەیاو حورمەتەوە منداڵەکانم بەخێوکرد ئەلحەمدولیلا نەمهێشت برسیو چاولەدەستی خەڵکی بن! ئەوا ئێستا بەبەرچاوتەوەن.. کچم خەفەت نەخۆیت..)

- ئا.. ئەرێ وەڵلا منیش وادەکەم، هەرگیز نایەڵم ئەحمەد برسیو چاولەدەس بێ.. نەء.. نەء چۆن دەهێڵم، خۆشەویستی حەمە بوو، سمایل-ی جوانەمەرگ چەندی خۆش دەویست، هەر لەکار دەگەڕایەوە لەئامێزی دەگرت، گۆرانی بۆ دەووت.. هەموو پاکانەی ژیانتان بوونی ئەحمەد بوو.. نا.. بەسەی پیر خدر.. بەقورعان.. نایەڵم ئێوە..!

❊

خەجێ، ئەوەندە خۆی هاندا، نەیزانی چۆن وا بەپەلە هەموو کەرەسەکانی پاقلەفرۆشتنی سازدا، ئەگەرچی دە دوانزەرۆژێ خۆی لەعابا نیمچە رەشو رەنگبواردووەکەیەوە دەئالاَن، شەرمی دەکرد، وایدەزانی بۆ سواڵکردن دانیشتووە، هەموو رێبواران لەروخساریا برسییەتیو بێکەسی دەبینن‌و دەزانن کۆسکەوتووەو خێری پێدەشێ.. ئەم پاقلەفرۆشتنەی جۆرێکە لەسواڵکردن.. وردە وردە زاڵ بووە سەر ئەم هەستەی.. تەنها شەرمێکی تایبەتی رەگی لەدەروونیا داکوتیبوو نەیدەهێشت سەر بەرزکاتەوە.. بۆیە زیاتر هەر پێڵاوی رێبوارانی دەبینی:

- (ئا کچم.. ئاگات لەخۆت بێ.. جووانو جاحێڵی.. خەڵکەکە بێویژدانن..)

نەزاکەت، هەموو رۆژێ ئەم نەسیحەتەی خەجێی دەکرد، خەجێ دەیزانی نەزاکەت راست دەکات..

(ئەرێ وەڵلا خەڵکەکە بێویژدانن.. ئەوە نییە پۆلیسەکان هەروەکو ژەندرمەکان خۆیان پیاوەتەوە، ستارەیان لەسەرە، قۆندەرە رەشەکانیان دەبریقێتەوە، ئەوە نییە تەنکە ریشەکەی ئەو مجێورە هەر بەریشەکەی (ئاغای دێ) دەچێ.. ئەو قورعان خوێنەش ئەڵێی لەگەڵ (هەیەرە کەچەڵ)دا سێوێکن‌و کراون بەدووبەشەوە.. بەڵێ نەزاکەت راست دەکات خەڵکەکە بێویژدانن.. خۆ ئەو دوکاندارە ئەڵێی فەرەجی باوەپیارەمە، بۆ عانەیێك هەزار سوێندی درۆ دەخوات، نە خوادەناسێو نە پێغەمبەر، کەچی سەریشی بچێت نوێژی ناچێت!

❊

خەجێ سڵی لەسێبەرەکەی خۆی دەکردەوە، کە شەوان کەیل دەبوو، دنیای کەساسی خۆی دەلاواندەوە، هەستی دەکرد جۆرە تیشکێ

لەچاوانییەوە دەردەچێ، ژوورە نیمچە تاریكو شێیاویەکەی ڕۆشن دەکاتەوە، بەوردی سیسرکو شەوگەردو جاڵجاڵۆکەکانی دەبینی ئەوانیش لەخەجێ نەدەترسانو نەدەڕەوینەوە، وەك بڵێی خەجێش یەکێکە لەوان، تەنها بەقەوارە گەورەترە، بۆیە بێ سڵکردنەوە لەبەردەستیا هاتووچۆیان دەکرد.. گەلێ جار خەجێ دەیانی دواند بەهاوڕێی دڵسۆزی خۆیو ئەحمەدی دەزانین.

- ئێوە بێویژدان نین.. ستارەتان لەسەر نییە، قۆندەرەتان لەپێ نییە، سوێند ناخۆن، نوێژ ناکەن، قورعان ناخوێنن.. تەماحکار نیین، ئێوە بێویژدان نیین!

*

ئەگەرچی خەجێ زۆر ماندوو دەبوو کەچی ئێوارانیش –بەهۆی نەزاکەتەوە- بووە جلشۆری چەن ماڵێكو بۆ چەن ماڵێکی خواپێداویش نانەوایی دەکرد! یەك دوو پەنجاییو چەن نانێکی گەرمی وەدەست دەهێنا!!

شەوان، هەرکە شەونخونیو ئازار زۆری بۆدەهێنا پەنای دەبردە بەر پریاسکەکەی، دەیکردەوە، بۆ چەن جارێ پارەکانی دەژماردو دووبارەی دەکردەوە:

- ئەمە دەڕووپییە.. ئەمەش دوانزە روعبە.. ئەم کەوەیەش دینارێکە.. ئەم دوو سوورە دەکاتە دە دینار.. ئەم ریالو عانە سوورانەش.. هەمووی دەکاتە حەڤدە دینارو سێ روعبو چوار پەنجاییو



دە فلسو دوو عانە.. بەیانیش روعبێکی دی قازانج دەکەمو سێ پەنجاییش حەقی جل شۆردنەکەی ئەمڕۆ وەردەگرم! نا.. زیاترم دەدەنێ، سێ چوار پارچەیان زیاتر بوو لەجاران! ئا.. زیاترم دەدەنێ.. سبەی ئێوارێ شەکرو چا ئەکرم بایی سێ عانەس نان دەبەخشمەوە دەیکەمە خێری حەمەو سمایل.. حەمە خۆ هەرگیز باوەڕی بەمن نەبوو، کە لەماڵێدا کەوتبوو هەر دەیووت:

- (خۆزیا لەنێو قەبرەکەمەوە کونێ دەبوو، چاوم تێوە دەبوو کە چۆن لەکولخانەکانیش جێت نابێتەوە)

- خۆزیا حەمە چاوی لێدەبوو بەچ گورجوگۆڵێیکەوە کاردەکەمو بەئارەقی نێوچاوان نانی خۆمو ئەحمەد پەیدادەکەم!

- ئەوجا دەیوت:

- (دەك رووسووربی خەجێ بۆ خۆتو شیرت)!

ژماردنی پارەکانی وەکو حەبی خەو کاری خۆی دەبینی بەوریاییەوە سەرنجی پارەکانی ئەدا، کاغەزەکانی بەجوانی دەق دەدا..

- (دنیایە.. دزو درۆزن زۆرن.. با لەگەڵ خۆمدا هەڵی نەگرم!دەبێ شوێنێکی قایمی بۆ بدۆزمەوە..)

هەموو شەوێ جێی پارەکەی دەگۆڕی، لەپەناییێکەوە بۆ پەناییێکی تر دەیگواستەوە.. دەیژمارد، لێی تێك دەچوو، سەرلەنوێ دەیژماردەوە، دەقەکانی ڕێك دەخست.

*

که ئێواران لەکار دەگەڕایەوە نەزاکەت پرۆگرامە رۆژانەکەی خۆی بەنەسیحەت کردن بۆ دووبارەئەکردەوە..

- کچم خەجێ، وەك پێم وتی، وریابە، جووانو جاحێڵیو خەڵکەکە بێویژدانن.. تۆ سەیر کە سەیر، سەیری ئەم (سوڵتان خانە) بکە، دەك بەسوڵتان خانی ژێر گڵ بی —چۆن حەیای کوردانی بردووە- بڵێ بۆ وا دەکەی.. هەی.. هەی..

تەنها ناوی (سوڵتان خان) موچڕکی بەلەشی خەجێدا دەهێنا بەتایبەت کە نەزاکەت دەیووت:

- حەیای هەموو کوردێکی بردووە.. سەرمانی شۆڕکردووە!

ماڵەکەی (سوڵتان خان) یەك دوو کۆڵان لەپشتی ماڵەکەی نەزاکەتدا بوو، خەجێ کە ناوی (سوڵتان خان)ی دەبیست یەکسەر (سەڵتەنە)ی دەکەوتەوە یاد کە لەکەرکوکدا هاوسێ بوون! خەڵکەکە بەسەڵتەنەیان دەووت:

(حەیامانی بردووە. سەری کوردانی شۆڕکردووە..)

مقۆمقۆیش کەوتبووە سەرزاری خەڵکەکەو چەن جارێ بەرگوێی خەجێ کەوتبوو:

(حەمەی مێردی خەجێش دەستی لەگەڵ سەڵتەنەدا تێکەڵە)

خەجێ یەك دوو جارێ بەچاوی خۆی حەمەی بینیبوو لەماڵەکەی سەڵتەنەوە دەهاتەدەرێ، ئەوسا حەمە دەیووت:



- (بەڵێ خەجێ.. لەماڵی سەڵتەنە بووم، حەز ناکەم جارێکی دیی لێم ببیتە ئەمنییە حاڵی بوویت! هەتیو بارەو خوا قەبوڵ ناکات ئێمە تێر بینو ئەو بێوەژنە کۆسکەوتووە برسی بێ)

- خەجێ گەلێ جار بەگومانەوە سەیری ئەم قسەیەی حەمەی دەکرد، لەبەرخۆیەوە دەیووت:

- (گەر حەمە راست دەکاو دڵی پێدەسووتێ، بۆ هەرچییەکی دەداتێ نایداتە دەستی منو من بۆی ببەم؟ گەر مەبەستی خراپ نییە بۆخۆی.. نای.. نا.. چاك دەکات.. چۆن دەبێ من بچمە ماڵەکەی سەڵتەنە پاشان خەڵکەکە چم پێدەڵێن؟ حەمە چاك دەکات بۆ بەدگومان بم.. خوێنی سەرشانی پۆغەکەی لێم دێتەزمان! نەء.. نەء بەخوا دوورنییە خەڵکەکە راست بکەن.. من خۆم حەمە دەناسم، دەزانم چ قیتەقیت کەرێکە!

ناوی سوڵتان خان بەس بوو بۆئەوەی خەجێ رەنگی تێکچێو یادەکانی ببنە دەرزیو دەروونی دەرزی ئاژەن کەن!

❊

سوڵتان خان

هەرکە بەبەر باب الشیخ دا تێدەپەڕی، ئاه هەڵکێشانی هەندێ لەگەنجەکانو فیکەی زۆربەی هەرزەکان لەگەڵ رەوتیا ئیقاعێکی تایبەتی گونجاوی لەگەڵ لەرەی مەمکەکانیا سازدەدا.. خێرا دەڕۆیشتو پێی بەسەر حەزی خرۆشاوو ئاه و ئارەزووی ئەو خەڵکەدا دەنا، سێبەری تارمایی جۆرە لەززەتێکی کەم تەمەنی دابەش دەکرد، هەنگاوی بێ

ئیرادەی زۆربەی لاوانی بەدووی خۆیدا رادەکێشا..! ئەگەرچی عابایێکی رەشی قەترانی لەسەردەنا کەچی ناوبەناو پێو پوزی لەدرزی عەبایەکەوە، چەخماخەی بروسکەئاسا چاوی ئەو خەڵکەی دائەتروکاند، ناڵەی کپکراوی ئارەزوو لەناخی ئەو گەنجانەدا دەنگی ئەدایەوە، بەنیمچە ئاهێ لەرێی دەەمییانەوە دەهاتەدەرێ.. عابا رەشەکە زیاتر جووانییەکەی دەردەخست! باڵا بەرز، دامەزراو، گوپن، چاوانی هەمیشە رێژراو، لێوئاڵ، ناوقەدباریك، هەمیشە دوو ریز بازنی زێڕ بەقەد مەچەکەکانییەوە دەلەریەوە، گەردانەیێکی لیرەی (رەشادی) گەردنی رازانبووەوە، بۆنی مێخەكو سمڵ، ئەو ناوەی دەتەنی، گەر سوڵتان خان پیایا گوزەری کردبا.. خۆیو دایکیو مێردەکەی خانوییێکی سەربەخۆیان گرتبوو، مێردەکەی بەهەموو شتێکی دەزانی قسەی نەدەکرد، وەك باسیان دەکرد:

- سوڵتان خان، لەدایکییەوە فێری ئەم بەزمە بووە، هەروەها دەیانووت: کابرا بەناوە مێردیەتیو لەبەر خەڵکی ئەم ناوەیان پێوەناوە.. هەر کابرا خۆیشی بازاڕی بۆ سوڵتان خان گەرم دەکرد..

ئەگەرچی خەڵکی گەڕەك یەك دوو جار مەزبەتەیان لەسەر نوسیبوو کەچی ئەوکەسانەی پەنجەمۆری مەزبەتەکەیان کردبوو بەدەستی (جەبارە فەیلی قومیسرو عەبە سنەیی باش چاوش) دارکاری کرابوون.. وەك دەیانووت:

سوڵتان خان حکومەتێکە بۆ خۆی، هەندێ کەس زیاتریان دەووت:

- بابە.. حکومەت بەنووکە پەنجە دەسووڕێنێتەوە!



*

- (ئەم سەگبابە، چۆن حەیای کوردانی بردووە، کەسێ نییە..)

ئەمە یەکێ بوو لەو قسانەی کە لەدەمی کەسانێکی زۆری دانیشتوانی گەڕەکی باب الشیخ، لەرۆژێکدا بۆ چەن جارێ دوبارەئەبووەوە.. ئەگەرچی لەو گەڕەکەدا تەنها سوڵتان خان نەبوو، بەڵکو دەیانی وەك سوڵتان خانو بەناوبانگتری تیادابوو، کەچی بۆ کوردان لەکەو تانە بوو.. گەر لەسەر دۆمینەکردنا، کەسێ لەگەڵ کوردێ دەمەقاڵێیێکی بووایێت ئەوا یەکسەر ناوی (سوڵتان خان) وەك شەقازللەیەك دەکێشرایە بناگوێیەوە.. وەك ئەوەی سوڵتان خان خوشكو دایکی کوردان بێ!

ئەم ناوە، هەر جارەو بەجۆرێ لەسەر زاری خەڵکەکەوە دەردەچوو.. جارێ بۆ تانەو توانج، جارێ بۆ ئارەزوو خرۆشاندن، کەسێکیش لەحەقیقەتی ئەم ژنە نەگەیشتبوو، کە چ دنیاییێکی بۆشو بەتاڵی لەنێو دنیای جەنجاڵی پڕکێشەدا هەیە، تارمایی ئاسا لەنێو بۆشاییدا جێیەکی بۆ خۆی کردبووەوە، گیانلەبەرێکی بێخەونو لەنێو ئالۆزی ژیانو نەزیفی رۆحیا ببووە جەستەییێکی ئامێرئاسا، هەموو جوڵەو گوفتاری تەنها ئەو چەن شتە بوو کە راهێنرابووە سەریو هێی دی!

(بەر لەبیستو پێنج ساڵێك، دایکی سوڵتان خان لەکارخانەکەی خانەقین دا شاژنی دەسرۆکان بوو، گەورەو بچووك ناویان دەزانی کە:

چەند ماڵی وێران کردووە، چەندین ژنی بەتەڵاقدان داوەو چەند منالی هەتیو خستووە، دەوڵەمەندی لات کردووەو چەند شەڕەچەقۆو فەرتەنەی

لەسەر کراوە.. (سولّتان خان) لەکارخانەکەی خانەقیندا لەدایك بوو.. دەیانووت کچی هەموو خانەقینە، خانەقین باوکی سولّتان خانە! گەورەبوو، تەمەنی گەیشتە دوانزە سیانزە سالاّن، دایکی خستیە بەرکار!

سولّتان خان وایدەزانی ئەمە کاری هەموو ئافرەتێکە، هەرکە چاوی کردەوە دە دوانزە ئافرەتی بینی دایکی ئاسا هەر لەبەیانیەوە تا ئێواریّ، تا بەرەبەیان کاریان دەکرد!! جۆرەها زەلامی دەبینی، هێی نەدەزانی، هیّ هاورِێیەکی نەبوو، نەیاندەهێشت هیّ منالیّ هاورِێیەتی لەگەلّدا بکات.. ئیتر لەنێوان ئەو ئافرەتانەو دایکیدا، فێری خۆرِازاندنەوەو بەزمو رەزم بوو.. جارجارەش لەگەلّ دایکیدا بۆ زیارەتی مەرقەدەکان دەچوو.. ئافرەتانی دی خۆیان لیّ دووردەگرتن.

سولّتان خان بەهەموو قەناعەتێکەوە وایدەزانی هەموو ئافرەتیّ دەبیّ وەکو خۆیو دایکی بیّ، پیاوانیش بەهەموو جۆرو چەشنێکیان دەبیّ وەکو موشتەرییەکانیان بن.. دایکی پیربوو، لێکەوت، بازارِی کزبوو، خۆی نەشکاندەوە، لەگەلّ سولّتان خانی کچیدا خانەقینیان جیّهێشت، هاتنە بەغاو لە باب الشیخدا نیشتەجیّ بوون.

*

هەموو چاشتانگاوێك سولّتان خان دەهاتەدەریّ، چەند دە فلسێکی دابەش دەکردە سەر سوالّکەرەکانی بەردەرگای شێخ، ئەوجا دەکەوتە نێو بازارِەوە..



ئەورۆژەی ئەحمەد ئامێزی خەجێی جیّهێشتو بەگاگۆلّکیّ، هەتا ناوەندی شەقامەکە چوو —کە هەرگیز خەجیّ نەیدەهێشت بستیّ لەباوەشی جیابێتەوە- ئەورۆژە خەجیّ لەبەر مامەلّەکردن، سەرقالّ بوو، ئاگای لەئەحمەد نەما، چەند هەنگاویّ لێی دووركەوتبووەوە. لەوکاتەدا سولّتان خان بەو گوزەرەدا تێدەپەرِیّ، دەبینیّ منالیّ بەگاگۆلّکیّ لەناوەندی شەقامەکەدایە، هەلّیدەگرێتە باوەشو ماچی دەکات، دەیهێنێتەوە لای خەجیّ، خەجیّ کە چاوی بەئەحمەد کەوت لەباوەشی سولّتان خاندایە، واقی ورِما، سەری لێتێك چوو، حەپەسا، لەرز دایگرت، زمانی لەگۆچوو، بەرچاوی تاریك بوو، وایزانی ئیتر ئەم هەوالّە بەچەن ساتیّ لەدەمێکەوە بۆ دەمێکی دی دەچیّ، هەموو باب الشیخ دەزانن کە خەجیّ لەگەلّ سولّتان خاندا قسەی کردووە، بەخەجیّ بایێت سەری ئەحمەد بپەرِێنیّ کەوا بەخنەخن لەئامێزی سولّتان خاندا دەشنایەوە.. خەجیّ بەمۆرِیو توورِەبوونێکی ئاشکرا هەردوو دەستی بەرزکردەوە، ئەحمەد لەدەست سولّتان وەرگریّ.. هێشتا ئەحمەد لەنێوان هەردوو دەستی سولّتان خانو خەجێدا بوو، نالّەو قیژەییێکی سولّتان خان ئەو ناوەی هەژان، بەدەما کەوتە سەر خەجیّو ئەحمەد.. سەروچاوی سولّتان خان کەوتە نێو مەنجەلّە پاقلەکەی خەجێوە، قیژەو هاوارو لەقەفرتیّو فیشکەی خوێنی لەشی سولّتان خان دیمەنێکی نائاشنای چوارچێوەی دیدەکانی خەجیّ بوو، ئەحمەدو خەجیّ لەو تانە خوێنەوە، خەجیّ بەتوندی پەلاماری ئەحمەدی داو

لەنێو خوێنەکەدا هەڵیگرت، لەبەر ئەحمەد بەجووانی دیمەنەکەی نەدەبینی کە:

- (عەلی) ناوێك لەسەر یەك بەچەقۆییێکی درێژ ئەیکێشایە پشتو سكو هەموو لەشی سوڵتان خانەوە، لەگەڵ هەموو چەقۆوەشانێکدا ئەینەڕاند:

- بیخۆ سەگباب، هێت پێنەهێشتم، ماڵ؟ نەما، ژن رۆیشت، منداڵ هەر یەکە بەلایەکدا چوون.. ئابڕو، نەما، هەرچیم هەبوو تۆو دایکە قەوێ دەکەت خواردتان.. هەی.. ئەمە مانگێکە، شەوان دەرگام لەروودا دادەخەیتو دەڵێی (پارەت نییە) هەی.. هەمووی تۆو دایکە.. نەتانبرد.. هەرچیم هەبوو.. هەمووی.. هەمووی.. دوێنێ شەو وەك دەرگاشت نەکردەوە هەزار جنێویشت پێدام.. هەڕەشەی جەباری قومیسێرت لێکردم.. دایکی تۆو دایکی جەباریشت.. هەی سەگباب.. بیگرە، بیخۆ..

ئەوەندەچەقۆی لێدا، تا تەواو هیلاك بوو، سوڵتان خانی پێش چەند دەقیقەیێ لەمەوبەر ببوە شتێکی سەیر.. کوردەکانیش بەرانبەر بەم دیمەنە بێجووڵە وەستابوون! لەگەڵ هەموو چەقۆوشاندنێکی عەلیدا دەیانووت:

- ئافەرین.. دەسخۆش.. باوكو برامانی عەلی!

هەرکە عەلی دڵنیابوو کە سوڵتان خانی ئەنجن ئەنجن کردووە تێی تەقاند!



سوڵتان خان ببووە دەعبایێکی سەیر، دەموچاو زەرد، دەستو پێ لەنێو خوێندا سوور، قژی پەرشو بڵاو، ئەوەندە لەقەفرتێی کردبوو ریخۆڵەکانی هاتبوونەدەرێ.. خوێنو پاقلەو قیری شەقامەکە تێکەڵ ببوون.. بێدەنگییەکی سەیر خۆی ئاڵانبووە تەرمەکەیەوە، کەس نەیدەوێرا نزیکی بێتەوە..! خەجێ بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە ماڵەوە!

❊

نەیدەزانی بە چ زمانێ ئەو دیمەنە بۆ نەزاکەت بگێڕێتەوە، وەك ئەوەی هێ زمانێ نەزانێو بەسك ماکی لاڵ بووبێ، ئاوها بەدەست ئیشارەتی دەکرد، نەزاکەتیش کە ئەحمەدو خەجێی بەو خوێنەوە بینی وایزانی ئەمان بریندارن، ئەویش زمانی تێك ئالاو کەوتە ئیشارەت کردن.. دوو لاڵ لەئاستی یەکدیدا دۆش دامابوون! شڵەژان رێی هەموو شەیێکی لێگرتبوون.. ئەحمەد بەئاستەم نوزەی تیامابوو.. خوێنیش سەرتاپا لەشی خەجێی گرتبووەوە..

❊

تا مانگێ، دووان، ئەحمەد گاگۆڵکەیشی بیرچووەوە، نەخۆش کەوت، رۆژ بەرۆژ لاواز دەبوو، قورقوشمێکی زۆریان بەسەرا تواندەوە:

- تازە کوڕەکەشم لەدەست چوو هەی نەعلەت لەگۆڕەکەت سوڵتان خانی..

نەزاکەت هەمیشە دڵی خەجێی دەدایەوە، ئەحمەدی دەبردە لای شێخو مەلا دوعایان بۆ دەنووسی لەماوەی یەك دوو مانگێکدا ناوشانو

سەرسنگی ئەحمەد ببووە پێشانگای دوعا.. دوعای پێراو بەپەڕۆی سەوزو سپیو ڕەش.. سێگۆشەو لولدراو و چوارگۆشە، بەقەد سنگو شانیا دەلەرینەوە، شەوانی خەجێ دۆزەخێ بوو، تەنها لەبیری ئەحمەدا دەسووتاو ترسی هەرەگەورەی ئەوەبوو کوڕەکەی بمرێ..

- ئەوجا چی بکەم.. چی بکەم خوایە، هەر ئەمەیەو ئەمیشم پێ ڕەوا نابینی.. ئەوەندە لاوازو بێرەنگە، بەئومەتی محەمەد ناچێ.. خوای تاکو تەنها ئەم منالەم چاك کەیتەوە، پێمی ڕەوا ببینی..

*

خەونی ئالۆزو بیرکردنەوەی جۆراوجۆر، ئەو سووکە حەسانەوەی شەوانی خەجێی تاراند.. بەدیار بێشکەکەی ئەحمەدەوە، بەفرمێسك ڕێی بۆ ناخو بیرکردنەوەی ڕەشی خۆی خۆشدەکرد، ئەورۆژەی دەهێنایە بەرچاوی خۆی کە ئەحمەد بەسەر دەستەکانییەوە ساردبووەتەوە، خێرەومەندان لێی کۆبوونەتەوەو ئەیبەنە گۆڕستان.. بەتەنهایی خۆی دەبینێ کە هێ پاکانەییێکی مانی نەماوە.. خۆی دەهاتە بەرچاو بەناچاری ڕێی گەڕانەوە دەگرێتەبەر، بەپرسو سۆراخ لەگەڵ کاروان قاچاغچیەکان دەکەوێتە ڕێ.. (جا کێ دەڵێ ئێستا دێ بەردی بەسەر بەردەوە ماوە.. چاکە، گەر وەکوو خۆیشی مابێ، ئەوا خەڵکەکە لێم کۆدەبنەوەو دەڵێن: باشە..ئەوا حەمەو سمایل ڕۆژیان تەواوبوو و مردن.. بڵێین ئەحمەدیش مرد.. بۆ کەسێ پیاوێ، خێرخوایێ نەبوو بتگرێتە خۆیەوە.. خۆ دەڵێن کوردەکانی عێراق پیاوی چاکو بەرەحمو ئازان!!



ئەم دیمەنو قسانە لەمێشکیا سەمای دەکردو هەراسانی کردبوو، جگەلە دوعاو پاڕانەوە هێی پێنەدەکرا، شەورۆژ دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرزدەکردەوە، هەموو ڕۆژێکیش ئەحمەدی دەبردە سەر مەرقەدەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، بەنزاو سۆزێکی ئەوتۆوە ئەحمەدی دەنووساندە قەد مەرقەدی شێخ، خەڵکی وایاندەزانی ئەم ژنە شێت بووە، بەروخساریش هێ شتێکی لەشێت کەمتر نەبوو! کە لەسەریەك بەدەنگی بەرز دەپاڕایەوە، چۆڕ چۆڕ فرمێسك بەچاوانیدا دەهاتەخوارێ:

- یا شێخ.. نەزر بێ.. چاك بێتەوە دەیکەمە دەروێشی تۆ!

پاش یەك دوو مانگ ئەحمەد هاتەوە سەرخۆ، خەجێ، ڕۆژبەڕۆژ دەگەشایەوە، بەگوڕتر دەکەوتەکار، هەستی بەماندووبوون نەدەکرد، لەگەڵ ڕۆژگاردا زۆرانبازی دەکردو ساتەکانی دەبەزان، کە زیاتر ئیشی کردبا، ئەوا چاکتر خەمو پەژارەی خۆی لەبیردەکردو دەسهاتکەی قایمتر دەکرد، ڕەگی باوەڕ بەخۆهێنان چاکتر لەدەروونیا جێگیر دەبوو!

خەجێ لەگەڵ وردە هەنگاوەکانی ئەحمەددا، بەرچاوی ڕوون دەبووەوە، وەك ئەوەی جێی وردە هەنگاوەکانی ئەحمەد گۆڕ بێ، غەریبیو بێکەسی خەجێی تیا لەچاڵ نرێ.. کە زەردەخەنە بێنازەکانی ئەحمەد لەسەر لێوانییەوە پەرش دەبوو، خەجێ زەردەخەنە دەیگرت، ئەحمەدیش بەزەردەخەنەییێکی دی وەڵامی دەدایەوە!

دوو لێوو دوو ڕوخسار، تەنها لەبەرئەوەی یەکیان ئومێدی ئەوی دی بوو، ڕۆژ بەرۆژ زیاتر دەگەشانەوە..

خەجێ هەستی دەکرد مولکی هەموو دنیا هی خۆیەتی، چونکە دەیزانی دایکی کلۆڵ ترین ساوایە!

*

بت ئاسا لەسەر سەری خەجێدا وەستابوو، نەدەبزوا، خەجێ وەك هەموو رۆژانێکی بەدیار مەنجەڵە پاقلەکەیەوە دانیشتبوو، ئەحمەدی لەتەنیشتی خۆیەوە دانابوو.

خەجێ چاوانی بەرزکردەوە، دیمەنێکی سەیر وەك نێیرێکی بریندار خۆی هاوێشتە نێو دیدەکانی.. وەك ئەوەی، دیدەکانی خەجێ هێلانەی ئارامی ئەم شەکەتو کەنەفتە بێ، ئاوها لەگەڵ چاو بەرزکردنەوەی خەجێدا (کەسەکە) باری ئاوارەیی‌و ماندوویەتی لەنێو ئەو جووتە چاوانەی خەجێدا خست.. بەنیمچە سەرنجێکی پڕتەو خەجێ دیمەنی (کەسەکەی) هەڵمژی:

جووتە چاوێکی شینی بزۆزی بێئۆقرە، سەرنجێکی گەوجانەی تێکەڵ بەشەرم.. سەرو ریشێکی زەردکاڵی نارێك.. مامناوەندی شڕپۆش، جوتێ کلاشی لەپێدابوو، پەنجە کەڵەکانی پێی بەدەرەوە بووون.. رانکێکی بێرەنگو رەنگین بەهەموو جۆرە پینەیێکی چڵکن‌و کون کونی لەپێدا بوو، چۆغەکەیشی وەك ئەوەی چاوبازی لەگەڵ رەنگەکانی رانکەکە بکات، ئەمیش لەنێو رەنگی پینەکانیدا رەنگە سەرەکییەکەی ون ببوو.. کڵاوێکی بۆر، دوعایێکی چوارگۆشەی سووری پێوە دوورابوو، چەسپ، تەپکە ئاسا نیشتبووە سەر تەپڵی سەریەوە، رێی هەتاوی لەهەزاران رشك‌و ئەسپێ گرتبوو.. کابرا لەجێیەکەی خۆی نەدەبزوا، خەجێ جارێکی



دی چاوەکانی بەرزکردنەوە، چاوە شینەکانی (کابر) دەیان جۆر شەرم‌و نزاو برسیەتی لێدەتکا..

- کاکە فەرموو..

- .. .. ..

- پاقلەت دەوێ؟ بایی چەند..؟

- .. .. ..

خەجێ وایزانی ئەمیش یەکێکە لەو شێتانەی کە هەموو رۆژێ لەبەر دەرگای شێخدا بەدییان دەکات —کە کەسوکاریان لەشارو شوێنانی دییەوە بەزۆر هێناویانە بۆ سەر مەرقەدی شێخ تا چاك بێتەوە، لەدەستی کەس‌وکاری هەڵاتووە..

خەجێ قاپێ پاقلەی بۆ تێکرد لەبەرخۆیەوە وتی:

- خێری حەمەو سمایل فەرموو کاکە..

هەر ئەوەندە بڵێی یەك دو کابرا هەموو پاقلەکەی ماشییەوە..

- هی دیت دەوێ؟

- بەڵێ

قاپێکی دی، یەکێکی دیش، بەهەمان جۆر لێستیەوە، هەر لەسەر سەری خەجێدا وەستابوو نەدەبزوا..

- کاکە چیت دەوێ؟

- نەء.. بەزیاد بێ..خوا حافیز.

پـاش یـەك دوو هەفتـە، وەك جـاری پێـشوو لەسەرسـەری خەجێـدا وەستایەوە، ئەمجارەیان پۆشتە، سـەروریش تاشـراو، تەمـەنی سـی سـاڵە، شەقشەقەیێکی بەدەستەوەبوو، یەکسەر دایە دەست ئەحمـەدەوە.. خـەجێ پێێ وت:

- نەء.. برا.. با فێری ئەم شتانە نەبێ
- منالە..
- ئاخر دەڵێم..
- خوا کەریمە..

کابرا بەم یەك دوو قسەیە لەزۆر شتی خـەجێ گەیـشت، دەسـتی بـردو هەندێ پارەی وردەی لەگیرفان دەرهێنا، وتی:

- ئەمە حەقی پاقلەکەی ئەورۆژە!

خەجێ هەرچەندە هەوڵی دا، بـێ سـوود بـوو، بـەزۆر پارەکـەی خـستە کۆشیەوە..

هەریـەك دوو رۆژ جـارێ دەهـاتو دیـارییێکی چـکۆلەی بۆئەحمـەد دەهێنـا، بەچـەند رسـتەیێکی کـورت چاكو خۆشـی دەکـردو دەرۆیـشت، جارێکیان خەجێ لێێ پرسی:

- ئەرێ برا، خۆ ناوەکەیشت نازانم.
- ناوم خولەیە. خولە.

*



ساڵو نیوێك دەبێ (خولـە) بـەئاوارەیی (لـەودیو)ەوە هاتووەتـە ٠ئـەم دیو)! لەم ماوەیەدا بێدەربەستانە هـەر رۆژەو کـارێکی دەکـرد.. هێیـانی نـەدەبردە سـەر، رۆژێ شـاگردی چـایی، رۆژی شـاگردی لۆقنتـە، رۆژێ حەماڵی، بەم شێوەیە ئەم شارو ئەو شاری دەکرد، بەنانەسکی قایـل بـوو، کەچی هەندێ پارەیشی پاشـەکەوت کردبـوو.. ئـەو رۆژەی بەشـەمەندەفەر لەکەرکوکەوە هاتە بەغدا، گیرفانیان بڕیو خستیانە سەر (سـاجی عـەلی) رۆژێ دوان، هـەر بـەدەوری وێـستگەی شـەمەندەفەرەکەدا دەسـوڕایەوە، بەڵکو کەسێ، ناسیاوێ ببینـێو هەنـدێ پـارەی لـێ قـەرزکات.. کەسـی نەبینی.. بەبێئومێدی کەوتەرێ، بەرەو باب الشیخ هەنگاوی نا.. کـە بـۆ یەکەمجار خەجێی بینی، زمانی لەگۆ چوو، حەپەسـا، بەکەسـێکی ناسـیاو هاتەبەرچاوی!

*

کۆسکەوتن، هەرچەندە تاڵو تیژ بێ لەئاستی هیوادا ناتوانـێ ریـشەی ژیان ویـستی دەرهێنـێو رێ لەسـەرنجی ئـارام بـەخش بگـرێ.. ئەگەرچـی خـەجێ-پـاش مـەرگی حەمـەو سمایـل- بەخـەونیش بـزەی ژیانبەخـشی دوارۆژی نەبینی بوو، بەهێ کلۆجێ وەك (ژن) بـیری لـەخۆی نـەکردبووەوە کەچی لەناخدا جۆرە ئاشنایەتیو گفتوگۆیـەکی بێـدەنگو هێمنـی لەگـەڵ بـێدەنگیو سـەرو سـیمای (خولـە)دا دروسـت کردبـوو.. غـەریبیو کەساسـیەکەی خولـە وەك غـەریبیو کەساسـی خـۆی دەهاتەبەرچـاو،

لەروخساری خولەدا خۆی دەبینی، بەوجۆرە سەرنجە سەیری خولەی دەکرد، ژیانو لاوێتیی خۆی دەلاواندەوە..

(ئاوارەیی) بەنێوچەوانی کەسانێکی زۆری ئەو گەڕەکەوە دیاربوو، زۆربەی زۆریان ئێرانی بوون.. بەشێکیان خەریکی ئەو کارانە بوو کە هەرگیز لەولاتی خۆیاندا نەیاندەکرد.. هەر لە حەمالّیو قۆنەرەبۆیاغکردن.. تا بەنیوەکرێ کرێکارییان دەکردو دوو سەعات زیاتر لەکرێکارانی دی لەسەر کاردا دەیانهێشتنەوە، زۆربەی ژنانیان کارەکەری هەندێ مالّانیان دەکردو بەسوکییەوە سەیردەکران، گەلێ جاریش بەقسەی سووك دەردەکران.. سەرباری ئەم دەردانەش میری لەکۆلّیان نەدەبووەوە، هەرچەن رۆژێ جارێ (قاو) بلاودەبووەوە (ئێرانی بگیرە) جا ئەو ئێرانیەی گەر نەیتوانی با دوو سێ دینار بۆ بەرتیل دان پاشەکەوت بکا، ئەوا ئیتر حسابی ئاژەلّیان لەگەلّدا دەکرد، پاش زیندانیو ئەشکەنجە، رەوانەی ئێران دەکرایەوە، کەم کەسیان بەساغی رۆحی دەردەبرد!

(خولە)یش لەترسی ئێرانی گرتن بەغدای هەلّبژارد کە گوایە گەورەیەو کەس بەکەسەوە نییە، چاکتر ژیانی تیا دەگوزەرێنێت، رەنگیشە کاسبی لەبەغدا چاکتر بێ وەك شارەکانی دی نەبێت، لەزۆربەی شارەکاندا بەتایبەتی کوردستان، گەر خاوەن کار تورەبا هەڕەشەێك:

(سەگبابی ئێرانی..زۆر قسە بکەی دەتدەمە دەستی پۆلیسەوە) کرێکارەکە ناچار دەبوو بێدەنگ بێو دەس لەحەقی خۆی هەلّگرێ.

*



(خولە) بەپرسو سۆراخ زانی (خەجێ) لەچ مالّێکدایە، بەهەر جۆر بوو چووە لای نەزاکەت، بەدو سێ رستەی کورت نیازی خۆی لەنەزاکەت گەیاند.. نەزاکەت وەك ئەوەی مژدەییێکی گەلێ خۆشی پێدرابێ، بەڕووخۆشیەوە خولەی بەرێخستو گفتی دایێ هەرچەند رۆژێ ماوەی بداتێ هەموو شتێ مەیسەر دەکات.. ئێوارێ بەڕوویێکی گەشەوە بەرەوپیری خەجێ چوو:

- خەجێ کچم خەبەرێکی خۆشم پێیە!
- دایکە، چی بێ ئەو خەبەرە؟
- پێت نالّێم، تاسوێندم بۆ نەخۆیت.. بێ گفتم نەکەیت..
- چۆن دەبێ سوێندت بۆ بخۆمو نازانم خەبەرەکە چییە؟
- دەبێ سوێندم بۆ بخۆیتو بەقسەم بکەیت!
- خۆ دەبێ بزانم چیە؟
- خێری تۆی تیایە؟
- خێری چی؟
- من ئەلّێم خێری تۆی تیایەو ئا!!
- باشە بەقسەت دەکەم..

کە نەزاکەت، سەری باسەکەی کردەوەو مەبەستی تێگەیاند، خەجێ مەست ئاسا بەنێو هەموو تەمەنو یاداشتو یادەکانیا لەتری دەدا، لەناخەوە گەلێکی پێناخۆش بوو، ئەم خەبەرە وایلێکرد هەست بەبوونی خۆی بکات، سنووری گومانی نەبوونی تێکشکا، زانی جگە لەئەحمەد

كەسێكی دیش هەست بەبوونی ئەم دەكات.. تەنها زەردەخەنەو وردە هەنگاوەكانی ئەحمەد نەبێ وەئاگای دەهێنایەوە، دەنا چ شتێ هەستی بەبوونی خۆی پێنەدەبزوان.. ئەم قسەی نەزاكەت زۆر شتی وەبیرهێنایەوە.. خەجێ نەیزانی چ بڵێو بەچ زمانێ وەڵامی باتەوە، بێدەنگ بوو، نەزاكەتیش لەسەریەكو بەپەلە دەیووت:

- كچم چیت وت؟

بێدەنگیەكەی خەجێ، نەزاكەتی وروژاند، بەبێ حەوسەڵەییەوە دەیووت:

- كچم خەجێ، جووانو جاحێڵی، بێكەسی.. لەبەر خاتری ئەحمەدی كوڕت دەبێ قایل بیت.. ئەمە دنیایە.. ئینشائەڵلا كچم بەختەوەر دەبی.. دەبێ قایل بیو شوكری خوا بكەی كە دەرگای رەحمەتی لێت كردووەتەوە، قایل بە، لەبیریشت نەچێ گفتم داوە! گفت.. كوردان خاون گفتن! وەك خەڵكی دی نین.. گفتم داوە!

خەجێ بێئەوەی بزانێ یا وەئاگا بێ چ دەڵێ، تەنها بۆ هێدی كردنەوەی نەزاكەت —كە خاتری زۆر دەویست– وتی:

- باشە، ئەوەی تۆ بەچاكی دەزانی من رازیم!

نەزاكەت، وەك ئەوەی كچەكەی خۆی شووبكات چەن جارێ لەسەریەك نێوچەوانی خەجێی ماچ كرد.

كە خەجێ ئەم گفتەی بەنەزاكەت دا، گەڕایەوە ژوورەكەی، ئەو شەوە تابەرەبەیان خەوی لێنەكەوت، دەنگێ لەناخییەوە بەرەو قوڵاییو



بێدەنگی ژوورە نیمچە تاریكەكەی دەڕۆیشت، بەدەم سكاڵاو خۆدواندنەوە دەیناڵاند:

- (چ خێرێكم لەشووكردن بینی.. ئەگەر شووم نەكردبا بۆ وام بەسەردەهات.. بۆ شتی دی ماوە..)

- (خوایە چ ما نەیبینم.. ناشكوری نەبێ كوێرەوەری نەماوە نەمدیبێ.. چی ماوە؟ چ خێرێكم لەشوكردن بینی، وا جارێكی دی تووشی ئەم داوەم دەكەیتەوە.. جا چوزانم ئەمە كێیە؟ چ كارەیەو خەڵكی كوێیە؟ تەنها ناوەكەی دەزانمو بەس! ئاخر چۆن.. نا.. دیارە دەبێ هەژار هەروا بێ..)

هەرچەندە ئەمسەرو ئەوسەری بەبیری خۆی كرد نەیدەتوانی باوەڕ بەخۆی بێنێ كە گفتی بەنەزاكەت داوە.

- (من ویستم نەزاكەت توڕەو عاجز نەبێ.. وەكو دایكم وایە، نامەوێ دڵگیر بێ.. ئا.. خۆ نابێ بەیانی بڵێم پەشیمانم رەنگە نەزاكەت بڵێ بەتەمای.. نا.. باوەڕناكەم، نەزاكەت بەچاكی دەمناسێ.. رەنگیشە راست بكات ئەی من چی بكەم؟ تا كەی..؟

تا بەرەبەیان خەجێ نەیتوانی لەسە بڕیارێ لەنگەر بگرێو باوەڕ بەخۆی بێنیو بڵێ (ئا) یان (نەء) هەر خەوی لێنەكەوتو ئەمدیو ئەودیوی دەكرد.

(ئەو رۆژە باوەپیارەكەی خەجێ قایل بوو و دایانە حەمە، ئەو شەوەش هەتا بەرەبەیان خەوی لێنەكەوت، وەك ئەوەی روو لەبەندەرێكی نادیار

بکات ئاوها سەری لێ تێکچوو، ئەگەرچی پڕبەدڵ حەزی لەحەمە دەکردو چەند جارێکیش چاوبازی لەگەڵدا کردبوو، بەڵام لەرووەکەی دییەوە هەر کوێرەوەر بوو، حەزی لەش‌و حەزی دڵ‌و دەروون یەکدییان تەواو نەکردبوو!

دنیا لەبەرچاوی خەجێدا ئەوەندە تەنگ‌و بچووك بوو، وایدەزانی ئەم کیشەیەی ئەمشەوی، کێشەی هەموو کەسێکە بەپێی فام‌و لێکدانەوەی خۆی شووکردن مانای ئۆقرەگرتن‌و دوورکەوتنەوە بوو لە کێشمەکێش‌و حەزو گومڕاهی‌و سەرکێشی، لەهەمانکاتیشدا شووکردن ئارام بەخشە بۆ دامرکاندنەوەی کەف‌وکوڵ‌و ئۆقرەگرتنە لەنێوان جووتە بازووییێکی لەززەت‌و نان بەخش.

خەجێ لەشووکردنی یەکەمیدا، جووتە بازووەکانی حەمە تا ماوەیەکی کەم ئاسنین بوون، پاشان خاوەوە بوون، تا وایان لێهات ئەو جووتە بازووەش پێویستیان بەوە هەبوو خزمەت بکرێن! ئەوڕۆژانەی کە حەمە تفەنگی پێ بوو، ناوەناوە هەر مانگ یا چل شەو جارێ بەمەرەخەسی بۆ چەند رۆژێ دەگەڕایەوە، هەر فریای ئەوە دەکەوت ئەم‌و ئەو ببینێ‌و مەجلیسیان گەرم کات.. چ بەراست یا بەفشە، باسی قارەمانێتی ئەم‌و، جارجارەش خۆیشی تێهەڵدەقورتان.. خەجێش وەك ئەوەی گەدایی سۆز بکات، شەوان تا درەنگی چاوەڕێی گەڕانەوەی حەمەی دەکرد، خۆی دەخلافاندو وەنەوزی دەکا، حەمە دەگەڕایەوە چەن جارێ خەو دەیبردەوە.. حەمەیش ماندووی قسەو فشەو گاڵتەو چاوبازی بوو.. گەر جارێ وێکڕا نوستبان ئەوا ئەو شەوە خەجێ بەختەوەر دەبوو و ئەم بەختەوەریەی



دەسپاردە بەختەوەری مەرەخەسیەکەی پێشووی حەمە، تا مەرەخەسێکی دی، خەجێ یادەکانی کاوێژ دەکردەوە..

خەجێ خۆی وتەنی:

- چ خێرو خۆشییێکم لەشووکردن بینی؟

*

هێ کاتێ لەتەمەنی خەجێدا، ئەوەندەی ئەم کاتەی خۆی نەبینیوە لەئاستی کارێکدا سەرپشك بێ، ئەمشەو بۆی دەرکەوت هێ کارێك ئەوەندەی سەرپشك بوون‌و هەڵبژاردن‌و بڕیاردان قورس نییە.

ئەگەرچی بەنەزاکەتی وتبوو قایلم، بەڵام ئەوەندە گرنگ نەبوو بەلایەوە ئەگەر سبەینێ بەجۆرە پاکانەییێکی بەجێ خۆی بپەڕێنێتەوە.. بۆ یەکەم جاری تەمەنی، ویستی خۆی تەنها خۆی —نەك فەرەجی باوەپیارەی، یا نەزاکەت- دەستنیشانی ژیانی داهاتووی بکەن.. دەبێ ئەمشەو خۆی بڕیاربداتوبەپرسیاری سەرئەنجامی بڕیارەکەی خۆی بێت.. لەهەمان کاتیشدا دەیزانی ئەم بڕیارەی ئەمشەوی چ بە (ئا) یا بە (نەء) تەنها بۆخۆی نییە بۆ ئەحمەدو مێژوویێکی تەمەنی خۆیەتی.

(باشە ئەگەر قایل بووم، کێ دەڵێ ئەم (خولە) یە بەدو خراپ نییە؟ ئەوجا بە چ جۆرێ سەیری خۆم و دنیا بکەم؟ چۆن چاو بەرزکەمەوە؟ نا.. دەبێ لەپێشدا بزانم ئەمە کێیە؟ جا لەکێ پرسیار بکەم؟ کێ دەناسم، یا کێ دەیناسێ؟

گریمان ناسییان، کێ راستییەکەم پێدەڵێ؟ راستی؟ پەه.. پەه..

خەجێو شەوگار تێکەڵی یەکدی بوون لەیەك جیانەدەکرانەوە، نەیتوانی بیری خۆی لەسەر شتێکدا راگرێ، وەك مارێکی بریندار لەنێو پێخەفە شڕەکەیدا تا بەرەبەیان هەر دەتلایەوە.. کەچی هەر کە نەزاکەت وتی:

- خەجێ چیت وت؟
- ها..
- ئەڵێم.. گفتم داوەو کوردین..

بەلاڵە پەتێیانە، نەیزانی چۆن وشەکان لەدەمییەوە دەردەپەڕن وتی:

- تۆ چی بەچاك دەزانی رازیم.

*

پێش ئەوەی مارەی خەجێ لەخولە ببڕن، ئێوارەوەختێ کە تازە تیشکە سوورکاڵەکانی هەتاو بەرەو منداڵدانی هەمیشەیی دایکیان دەگەڕانەوە.. پاش ئەوەی کۆترەکانی حەوشەکەی شێخ عەبدولقادر بەرەو هێلانەکانیان هەڵفڕین، چۆلەکەکانیش دارسەرووەکانی ئەوناوەیان رازانەوە، بونە بەری شەوانەی دارە بێبەرەکان، خەجێ ئەحمەدی لەباوەش گرت، بەپرس بەرەو گۆڕستانی غەریبان رێی گرتەبەر، بۆ یەکەمجار لەشەقامەکاندا دەیبینی کرێکارە ماندووەکان دەسماڵی پڕ لەپێویستی ماڵو مناڵیان بەدەستەوەیە، بەلۆشەلۆش وەك تارمایی بەرەو کونجەکانیان دەگەڕانەوە، مناڵە وردەکانیان بەرەو پیرییان دەچوون، ماندوونەبوونیان لێدەکردن، دەسماڵەکانیان لەدەس وەردەگرتن.



گەلێ دەنگی تێکەڵو پێکەڵ لەگەڵ دەنگەکانی مێشکیدا تێکەڵ دەبوون، لەلاییێکەوە دەنگی خڕەی دەڕابەی دوکانەکانو بانگهێشتنی ئەوکەسانەی لەسەر عارەبانەکاندا خواردنی سەرپێییان دەفرۆشتو دەنگی قورعان خوێنە دەرۆزەکەرەکانو بانگی مەغریب.. ئەم دەنگە تێکەڵانە تەلی سۆزی خەجێی دەلەراندەوە کە لەمەوبەر کەمتر هەستی بەم جۆرە سۆزە کردبوو.. گەیشتە گۆڕستان، تەختە زەوییێکی بەرین وەك سەردەستی مناڵە هەژارێکی چڵکنی بالوکەدار.. تۆپەڵە خاك لەچەشنی گۆڕ بەتەك یەکدییەوە بوون.. ئێوارەییێکی کشو ماتە، هیچ دەنگێ نییە نیشانەی ژیانی پێوەبێ.. بێدەنگییەکی سەیریش ئالأبووە زمانۆ روخسارو رەوتی خەجێوە.. لەچەشنی ئەوساتانە بوو کە کرێکارانی بەلەدیە تەرمی غەریبو بێکەسان لەگۆڕدەنێن، ئامێر ئاسا دەجوولێنەوە بەبێدەنگییە هەمیشەییەکەی گۆڕستانی دەسپێرن.. ئەم گۆڕستانە جگە لەو گۆڕستانەی کە لەجەنگە پیسو پۆخڵەکانی جیهاندا بەکۆمەڵ مرۆڤی کوژراوو بێناونیشانی لەئامێزگرتووە —بەختەوەرترین گۆڕستانەو خاکەکەی پیرۆزە.. هیچ جۆرە ناڵەو گریانو قورپێوانێکی نەدیووە.. هیچ جیاوازییەك لەنێوان گۆڕەکانیدا نییە.. نە کێلی مەڕمەڕ، نە مەجەرە.. نە شیعری دڵتەزێن.. نە فاتیحاو نە ناونیشان، نە ئایەتی قورئان بەهیچ گۆڕێکەوە نییە..

ئەم گۆڕستانە بەختەوەرە، چ فرمێسکی چاپلووسیو درۆزنانەی بەخۆیەوە نەبینیوە، هیچ کاتێکیش کەسانی سەد روو لەبەرخاتری چ

زیندوییێك نەچوونەتە سەر قەبرێکی خەمی دەسکردو فرمێسکی بێشەرمی نەبینیوە، هەروەها فرمێسکی خوێنینو ئاهی گەرمو سنگ کوتانی پیرێژنو براکوژراوی نەبینیوە.. هیٚ کاتێکیش کەسێ بۆ قەبری، کوڕی، برای، ئامۆزای، هاوڕێی، سەری هیٚ گۆڕێکی هەڵنەداوەتەوە، لەناونیشانی هیٚ مردوییێکی نەپرسیوە ئەم گۆڕستانە پیرۆزە..

هیچ بەرەبەیانێك بەکۆمەڵ کەسانی بۆ نەهاتوون، هیٚ ناودارو دەسەڵاتدارێکی نەگرتووەتەخۆی، نە شەهیدێ نە ئەفرەسێ، نە دەوڵەمەندێ، نە، نە، لەم جێیەدا جێی نەبووەتەوە.. هەموو هەر کۆڵەوارو بێدەرەتانو بێنەوان.. ئەمان هەموو تەنها لەبەر بۆن نەکردنو نەشێواندنی زەوقی زیندوان یەکیان پێگرتوون! چ گۆڕستانێکی پیرۆزو سەرسووکە، چ کەسێ لەچ کاتو سەردەمێکدا ئەزیەتی خۆی نادات جگە لەخەجێ ئاساکان نەبێ.. ئەم گۆڕستانە پارچە زەوییێکە تەنها لەنێو چەند لاپەڕەییێکی دەوڵەتو لەسەر زاری چەن کرێکارێکی بەلەدییەی ناوی هەیە.. تەنانەت نیشانەییێك بۆ گۆڕی نێرو مێ نییە..

هەژاران.. نەك تەنها لەژیاندا بەڵکو لەمەرگیشدا هەژارن، خەجێ دەیزانی هەژاری لەژیاندا دەوڵەمەندیو نەفس بەرزییە، هیٚ شتێ لەوە ئاسانتر نەبووەو نییە گەر مرۆ بیەوێ دەوڵەمەند بێ.. خەجێ دەیزانی دەوڵەمەندی هەزارو یەك رێی هەیە، بەڵام ژیانی شەرەفمەندانە تاقەرێیەکی هەیە!



زەحمەتە لاوازو ترسنۆك بەسەر ئەو تاقە رێیە سەختو پڕکۆسپەدا بڕۆن، زەحمەت تریشە بۆ کەسانی ئازا کە خۆی دەبینێ سەورپشکە بەسەر ئەو رێیەدا نەڕوات.. شەرەف ویستی جۆرێکە لەخۆویستی، تاڕادەیەکیش خۆش ویستنێکی پیرۆز.. کەچی سەیر ئەوەیە ئەم زەمینە هەمیشە بەشەرەفی زیاتر بووە، بەڵام تائێستاش شەرەفمەندی نەبووە یاساو رژێم.

هەموو قەبرەکانی گۆڕستانەکە لەبەرچاوی خەجێدا ببونە دوو قەبر، یا، حەمەو سمایل لای خەجێدا ببوونە چەند سەد کەسێ بەقەد ژمارەی قەبرەکان بوون، هەموو قەبرەکانی هی حەمەو سمایلن.

دەشێ مرۆڤی سەرسەخت زیاتر لەچەن رۆحێکی یاخیی هەبێت، هەر جارەو روحێکی لەناهەمواریێکدا لەگۆڕنابێ، وردە وردە تا ریز دەگاتە سەر دوا رۆحو بۆ دواجارماڵئاوایی بکات، ئەوسا مەرگی راستەقینە دروست ببێت، گەر وابێت ئەوا بەشێکی تەواوی هەژارانو بێوڵاتان خاوەن ئەو چەند رۆحەن، حەمە لەچەن کاتو شوێنێکی جیاوازدا، چەن جارێ وردە رۆحەکانی لەگۆڕناوە، مردنی دواجاریشی بانگ هێشتنی رۆحە مردووەکانی دی بووە، لەیەك شوێنو کاتدا یەکیانی پێگرت ئامادەی سەرەتای ژیانەکەی دییەتی!

خەجێ لەسەر هەر تۆپەڵە خۆڵێکدا گوزەری دەکرد، جارێ ناوی حەمەو جارێ ناوی سمایلی دەهێنا، سڵاوی لەخاکەکە دەکرد، بەسەرچۆکدا دەکەوتو خاکەکەی ماچ دەکرد، لەبەر فرمێسکو هەنیسك هێی بۆ نەدەوترا، دڵە کەیلەکەی کەیلتر بوولەورۆژەی کە حەمەو سمایل مردن، ئەو

ڕۆژە خەجێ نەیتوانی بگرییێت، کەچی ئێستا بەسۆزێکی جەرگبڕەوە کەوتووەتە لاواندنەوە، ئەحمەدیش بەچاو لاسایی فرمێسکەکانی دایکی دەکرد، جۆرە دەنگو فرمێسك تێکەڵ ببوون، دەنگێکیان لەناخی ڕۆحەوە بەرەو قولایی سامو بێدەنگی گۆڕستانەکە دەنارد.. دەنگی دووەمیش ناساز، تەنها گریان بوو، گریانێکی بێخەتاو، نەفامانەو هێی تر! فرمێسکەکانی خەجێ وەك ئەوەی هەر دڵۆپەو ڕۆحی هەبێ بەجۆرە گەرمییێك چاوانی خەجێیان جێهێشت بەگۆنایا شۆڕدەبوونە خوارێو لەسەر خۆڵی قەبرەکان بەقەد قەوارەی خۆیان خۆڵیان دەمژی، دەبوونە وردە فرمێسکی (خۆڵین).

وردە فرمێسکە خۆڵینەکان وەك چۆن زادەی جووتە چاوی کەسێکن، ئاوها قەبرەکانی گۆڕستانەکەش لەلای خەجێدا ببوونە ئارامگای وردە ڕۆحەکانی حەمەو سمایل.

خەجێ هەموو قەبرەکانی بەسەرکرد، گاه فاتیحای دەخوێند، گاه بەباوکەڕۆیەکی جەرگبڕ ئەمسەروئەوسەری فاتیحاکەی دەقرتاند!

لەپایینی هەر گۆڕێکدا بووەستابا ئەحمەدی رادەگرت، دەیووت:

- حەمە.. حەمە.. نازانم چی بڵێم.. باوەڕناکەم گلەییم لێ بکەی.. باوەڕناکەم تانەم لێدەی.. دەزانم، دەزانی ئێستا لەجاران چاکترم، برسی نیم.. نازانم بەخوای نازانم چی بڵێم.. چارەنووسە.. خوا ئەیزانێ ئەوەندەی ئەحمەدم لەبیرەو مەبەستە خۆمم لەبیر نییە..

پڕ بەچنگ خۆڵی قەبرەکانی بەرزدەکردەوە.



حەمە، بەم خاکە قەسەم، کە هەموو هەر دەبینەوە بەخاك، گەر بزانم قسەییێکی کاڵ، یا هەر شتێ دڵی ئەحمەد عاجز بکات بەم خاکە.. خولە نەك مێردم بێ، هەرچییەك بێ لێی قەبووڵ ناکەم.. نا.. نا بەخوا قەبووڵی ناکەم.

وردە وردە تاریکی بەنەرمە ڕەوتێکی بێدەنگ دواتیشکەکانی هەتاوی تەنگەتاوکرد، خەجێ ئەوەندە هێمنو بەرچاو روون بووەوە، هێ جارێ خۆی وانەبینیووە.. فرمێسکەکانی هەموو هیسو ئاڵۆزی دەروونی شۆردەوە.. هێدی هێدی رێی گەڕانەوەی گرتەبەر.

❊

پاش یەك دوو هەفتە بەسەر گواستنەوەی خەجی.. بەیانییێك، خولەو خەجێ ناومالێیان پێیایەوە بەرەو کەرکوك کەوتنەڕێ.

❊

# ٤

بۆ منالاّن یەکەم رۆژی قوتابخانە یەکێکە لەو رۆژانەی کە هەرگیز لەیادناچێ، رۆژێکەو منالّ خەونی پێوەدەبینێ، بەدەیان جۆر لەمێشکی خۆیدا شتی بۆ دروست دەکات..

ئەحمەد هەر کە لەقوتابخانەی (قلعة ثانیە)دا ناونووس کرا، هەستی دەکرد ئەو چەند رۆژەی کە ماوە قوتابخانە بکرێتەوە، زۆر درێژن‌و نابڕێنەوە، بەبێ خەوتن خەونی دەبینی:

جەنتاییێکی لەتەنەکە دروسکراوی پێیە، دەم‌وچاوی پاك‌و پرچەکەی دەق دراوە، لاستیکێکی پانی خەت کوژێنەی کونکراو، بەدەزوو بەستراو بەملیەوەیە، قۆندەرەی لەپێیە، جووتێ کالەی سپیشی بۆ وانەی وەرز لەمالّێدایە، رۆژانی پێنج شەمیش بەرێز لەنێو قوتابیەکاندا وەستاوە ئەمیش سرودی: وطني.. وطني.. وعبدالالە.. دەلّی‌و لە (تحیة العلم)



بەشداری دەکات.. کە گەلێ جار- پێش ئەوەی لەقوتابخانەدا ناونووس بکرێ- لەگەلّ منالاّندا دەچووە سەر دیواری قوتابخانەو سروودەکانی لەبەرکردبوو و لەگەلّ قوتابییەکاندا دووبارەی دەکردەوە..

ئەحمەد بەئەوپەڕی تاسەوە چاوەڕێی دەکرد، تا لەسەرکورسی‌و مێز دانیشێ، پەنجە بەرزکاتەوە، بچێتە سەر تەختەرەشەکە، بەتەباشیر پیت‌و وشەکان بنووسێت..

وەك خەونی بەقوتابخانەوە دەبینی، کەچی وەك ویستی نەبوو.. پانتۆلێکی کورتی تا ئەژنۆی لەبەرکردبوو، بەدوو لاستێکی راست‌و چەپ بەسەر شانیا چەسپ بوو، لەبەر پشتوێنەکەیدا بەدوو ئەلّقە گیردرابوو.. ئەگەرچی یەکەم رۆژ بوو پانتۆلّی لەپێ‌کردبوو، رانەهاتبووە سەر ئەم جۆرە جلوبەرگە، بەلاّم بەشێوەیەك دەجولاّیەوە، هەروەك ئەوەی بەپانتۆلّەوە لەدایك بووبێ رەفتاری دەکرد! لەوەوبەر دشداشەییێکی هەمیشە چلچکن، لەزستانیدا چاکەتە کۆنێکی بەسەردا ئەکرد، سەر مەچەکەکانی وەك چەرمی بەراز توند بوو، ئەوەندە بەسەر دەستەکانی چاکەتەکەی چلّمی لوتی سڕی بووەوە، تا قەتماغەییێکی ئەستووری لەسەردا ببووە پینە!

❊

ئەحمەد پێش ئەوەی ببێتە قوتابی ژیانێکی زۆر تایبەتی بۆ خۆی دروست کردبوو.. هەموو بەیانییێکی زوو کەلّەشێرێکی سپی لەسەر دەستایە کۆلاّن بەکۆلاّن دەگەڕێ‌و شەڕەکەلّەشێری پێدەکات..

گەر لەو گەڕەکانەدا کەڵەشێرێکیان سەربڕیبا ئەوابەهەرجۆرێ با پۆپەی کەڵەشێرە سەربڕاوەکەی وەدەست دەهێناو دەیچنی، بیبەری ڕەشی کوتراوی بەسەرا دەکرد، بەزۆر دەرخواری کەڵەشێرەکەی خۆی دەدا، گوایە ئەمە کەڵەشێرەکەی ئازا دەکات.. تا لەمناڵانی گەڕەك فێری ئەوەبوو، پۆپەی کەڵەشێرەکەی خۆی ببڕێو دەرخواردی کەڵەشێرەکەی خۆی بدات.. هەرکە کەڵەشێرەکەی سەرکەوتبا، وایدەزانی خۆی سەرکەوتووە.. بەجۆرێ شانازی پێوەدەکردو خۆی پف دەدا، هەروەك ئەوەی خۆی لەشەڕدا ئاوها نەبەزو ئازابێت.. بەپێی فامی ئەوکاتەشی، دەبا ئازا، هەموو شتێکی ئازاو جیا با، سەگی، پشیلەی، کەڵەشێری، تەنانەت هەمووشتێکی، کراسەکەی، دارلاستیکی، تیروکەوانە دارینەکەی، جۆری پرچو بازوو مەچەکی، نەدەبوو بەهیچ جۆرێ پشتەکانی وەك خەڵکە ئاساییەکە با..

لەرۆژێکدا چەند جارێ ئافرەتو منداڵو خاوەن کەڵەشێرەکان لەبەردەرگای ماڵی ئەحمەدو لەلای خەجێدا شکاتیان دەکرد.. خەجێش گەلێجار بەروویەکی خۆشەوە پێشوازی دەکردنو دەیووت:

- دەیکەمە قوربانتان.. حەددی چییە جارێکی دی گوی وا بخوات.

کەچی هەرکە ئەحمەد رووی لەماڵ دەکرد، خەجێ نەیدەزانی باسی چیی لەگەڵدا بکات.. کەڵەشێر، دارلاستیك، سەگەکەی، شەڕو هەراو فەرتەنەکانی.. دەبا هەموورۆژێلیستەیێك ناو، ناوی ئەو منداڵو ژنو کچۆڵانەی شکاتیان لەئەحمەد کردووە بخوێنێتەوە.. ئەحمەدیش وەك ئەوەی هەر هیچ نەبووبێ شانی هەڵدەتەکانو دەرۆیشتەدەرێ.. ئەوجا زیاتر بەزمو



شەڕی دەنایەوە، نەدەبوو کوڕێکی هاوتەمەنی پاسکیلی هەبا، ئەحمەد تایەکانی کون دەکرد، گەرمناڵێ جلی جوانی لەبەرباو ئەحمەد نەیدڕیبا ئەوا دەبوو بەقوڕو سیپان پیسی کردبا.. تەنانەت جلی جووانی کچانی قوتابخانەشی قوڕاوی دەکرد، پرچیانی تێك دەدا، قردێلەو کتێبو جانتای دەفڕاندو دەیدڕاند..

خەجێ حەزی نەدەکرد لێی بدات، گەلێ دڵی پێدەسووتا، هەمیشە لەبەرخۆیەوە دەیووت:

- (نازانم چی بکەم.. لێی دەم، خەڵکەکە گاڵتەم پێدەکەنو دەڵێن، خەجێ شووی کردو کوڕەکەی لەبیرنەماوەو لەژێر چەپۆکی زڕباوکدا دایناوە بەفیتی مێردەکەی وا لێی دەداتو نانو زەهرو قوزەڵقورتی دەداتێ.. لێی نەدەم دەبێ هەموو ڕۆژێ ئەو خەڵکە حەیام ببەن.. چی بکەم نازانم بۆ ئەوەندە بێعارە!.. نا.. نا.. بەخوا نەك لێی نادەم، لێشی تووڕەنابم.. بۆ لێیدەم.. خوا قەبوڵ ناکات.. ئەی زمانی ئەم خەڵکە؟ دەڵێن هەتیوە بۆیە وای لێدەکات..

ئەحمەد نە لەدایکیو نەلە خولەی باوەپیارەی نەدەترسا، سەبارەت بەوەی هیچ یەکیان شەقازللەییێکیان پیانەکێشابوو، بەڵام هەندێجار بۆ تەمێکردن وردەبۆڵەیان دەکردە سەری، ئیدی ئەحمەد نەك تەنها لەوان لە چ کەسێ نەدەترسا، هەرگیز گەورەو بچووکی نەدەزانی.

*

(بۆیی) توتکێکی سپی، چاو زیت، کەس نەیدەزانی چۆن دەستی ئەحمەد کەوتووە.. ئەحمەدیش لەلای هەموو کەسێك باسی نەدەکرد کە چۆن دزیویەتیو چەن هەفتەییێك لەسەربانـدا شاردوویەتەوە. (بۆیی) تا گەورە بوو خۆی مەشقی دەدایێ، ئەحمەد لەبری ئەوەی دەستو چاوی خۆی بشوات بۆیی دەشۆرد، لەبری ئەوەی خۆی نان بخواتو برسی نەبێت، نانی دەرخواردی بۆیی دەدا.

(بۆیی) وەك ئەوەی لەرەگەزدا دوو زگ بێ بەپێی (دۆنایدۆن) رۆحی کلۆڵە مرۆڤێکی گرتبێتەخۆی، هەموشتێکی دەزانی، تەنها وەڕین نەبێ.. هەمیشە کلکەلەقێی بۆ ئەحمەد دەکرد..

ئەحمەد زۆر حەزی بەشەڕە (شت) بوو تەنها شەڕی بەسەگەکەی نەدەکرد چونکە (بۆیی) نەك شەڕانی نەبوو، بەڵکو هەر کە مڕەی سەگەکانی بیستبا میزی بەخۆیدا دەکرد، کلکی دەخستە نێو لنگییەوەو تێی دەقوچاند.

(بۆیی) دیوی دووەمی ئەحمەد بوو، دیوە کامڵو خاوێنەکەی بوو، تەواوکەری یەکدی بوو، بەڵام رۆژگار دەوری پێگۆڕی بوون.. تا بۆیی هەبێ دەبێ ئەحمەد وەك ئێستای بێ، گەر هەریەك لەمان نەمێنێ دەبێ ئەوی دییان خووی مردوەکە هەڵگرێو لەنەمانیشدا بێ رێو شوێن نەمێنێ، رەنگە ئەمە یاسای سەپێنراو بێ بەسەر کلۆڵو فەرامۆشکراوانی ئەم زەمینە..



دەشێ یاسای کلۆڵان پێەوانەی یاسا سروشتییەکەی ئینسانی بەختەوەرو سەرفراز بێت.. دەشێ دوو شتی جیاواز، لەرەگو رەگەز، لەئەندامی لەشی، لەزمانو بێزمانی جمك بن..

ئەحمەدو (بۆبی) یا (بۆیی)و ئەحمەد، هەمیشە بەیەکەوە بوون، تەنانەت شەوانی زستان، ئەحمەد بۆیی دەبردە ژووری، خەجێو خولە، بەنەوەدڵییەوە بۆییان دەردەکردە دەرێ، ئیتر ئەحمەد خەوی لێنەدەکەوت.. وایدەزانی بۆیی سەرمای دەبێ، خۆی دەکردە خەو تا دڵنیادەبوو خەجێو خولە خەویان لێکەوتووە، سوك دەهاتەدەرێو جاجمەشڕێکی دەهێنا لەبەر هەیوانەکەدا دەستی لەگەردنی بۆیی دەناو دەخەوتن، بەرەبەیان خەجێ یا خولە هەرکە بەم شێوەیە ئەحمەدیان دەبینی، دەیانهێنایە ژوورێ، هەرکە وەئاگادەهاتەوە یەکەم وشەی (بۆیی) بوو!

*

ئێواران، ئەحمەد لەگەڵ مناڵانی گەڕەکدا، کە هەریەکەو بەسەگە تایبەتیەکەی خۆیەوە لەقەڵای کەرکوکەوە، دەهاتنە خوارێ، پشتی عارەبانەیان دەگرت.. عارەبانچیەکان لەترسی مناڵانی چەتوونی بێحەیا، پشتی عارەبانەکانیان بەتەلی دڕکاوی دەتەنی، کەچی مناڵان دەیانتوانی لەنێوان ئەو تەلانەوە جێ بۆ خۆیان بکەنەوە.. بۆیی وەك وەڕینی نەدەزانی، کارێکی بەسوودتری دەزانی، سەگی هێ مناڵێکی ئەو گەڕەکە ئەوەی نەدەزانی، ئەویش هەرکە عارەبانچیەکە هەستی کردبا مناڵ خۆی هەڵواسیوەتە عارەبانەکەیەوە، قامچی ئەوەشان، سەروگوێلاکی مناڵەکەی

دادەپلۆسی، تەنها ئەحمەد لـەم قامـچیانە رزگـاری ببـوو، ئـەویش بـەوەی
(بـۆیی) راهـاتبوو، بـەگاز قامـچی لەدەسـتی عارەبانـچییەکە راکێـشیو
راکــات.. جــاری وا هــەبوو بــەجۆرێ بــۆیی قامــچیەکەی دەرفانــد،
عەرەبانچیەکە ناچاردەبوو دابەزێ، بکەوێتە دوایەوە..

ئەوماوەیـە، ئەحمـەدو منـاڵان فرسـەتیان لـەدەس نـەدەدا، خۆیـان بـۆ
ماوەییێـك عارەبانەکـەیان لێـدەخوڕی، پاشـان جێیـان دەهێـشت، گەلـێ
جـاریش ئـەو قامـچیەی بـۆیی دەیهێنـا سـێ چـوار پـەنجاییێکی دەکـرد..
ئەحمەدیش بۆ بۆیی سەرفی دەکرد!

*

یەکەم رۆژی قوتابخانە، ئەحمەد لەنێو مناڵاندا بەریز وەستابوو، پۆلیـان
بۆ دیاریکرا، پاش یەك دوو سـەعاتێ لـەدەرگای قوتابخانـە چـوونەدەرێ..
چۆن بەیانی زوو بۆیی لەگەڵدا بـوو، لەبـەردەرگادا جێـی هێـشتبوو ئاوهـا
لەهەمان شوێندا، چاوەڕێی ئەحمەدی دەکرد، ئەحمـەدو بـۆیی هـەمووڕۆژێ
بــەم شــێوەیە دەهاتنــە قوتابخانــەو دەگەڕانــەوە، ئەحمــەدو بــۆییو
کەڵەشێرەکەیو درۆکانی ببوونە دنیاییێکی ئـاڵۆزی خـەجێ، دەبـا هـەموو
رۆژێ گوێ بۆ درۆ رووتەکانی ئەحمەد شل کات، کە چۆن شـەڕی کـردووەو
جنێــوی بەمامۆســتا داوە، چــۆن ســەروگوێلاکی دە دوانــزە منــاڵی
شـکاندووە.. پـشووی هـاوینی سـاڵی یەکـەمی قوتابخانـە زۆر بەقورسـی
تێپەڕی، ئەحمەد لەماوەی ئەو سێ مانگەدا زیاتر شـەڕانی تربـوو، لەهێـە



شەڕی بەدارو بەرد دەفرۆشتو هەر خۆی نەبوو، هەندێ منـاڵی چەتوونی
دیو کەڵەشێرەکەیشی بەشداربوون..

سەرەتای ساڵی دووەمی قوتابخانە تامو بۆنو رەنگێکی دی پەیـداکرد،
کاری کردە سەری، لەوساڵەدا دوو روداوی سەیر هەموو رەفتاری ئەحمەدی
گۆڕی، رەگی بـێدەنگی لەناخیا داکـوتی، بـەجۆرێ کـە هـەرگیز ئـەو دوو
روداوەی لەبیرنەچێتەوە!

*

سـەرەتای سـاڵ بـوو مامۆسـتا بـرایم، کـە پێیـان دەووت ئیـبراهیم
ئەفەنـدی، خـەڵکی کفـری بـوو، لەگـەڵ هـەموو وشـەیەکدا دەیـووت:
(بلاوزە)[1] ئەگەرچی ئەم مامۆستایە بەرەگەز کورد بوو بەڵام لـەدوو سـێ
وشە زیـاتر بـەکوردی قـسەی نـەدەکرد، خـۆی وادەنوانـد کـوردی نازانـێ،
پێیشی شەرم بوو گەر پێیان وتبا (تۆ کوردی).

لەپۆلەکـەی ئەحمـەدا دوو قوتـابی هـەبوون هـەردووکیان کـورد بـوون،
ئەحمەدو ئـەوی دیـش نـاوی عـەلی مـەلا وەیـسی بـوو.. مامۆسـتا بـرایم
دەرسی (وێنە)ی دەووتەوە، ئەو رۆژە لەبەر بێتاقەتی خۆی وتی:

- هەریەکەو بۆخۆی لەدەفتەری رەسمەکەیدا رەسمێ بکات.

کاغـەزێکی لـەگیرفان دەرهێنـا، خـەریکی خوێندنـەوەی بـوو، دیـاربوو
کاغەزەکەشی دڵگیری ئەوتۆی تیادا بوو وا پاش خوێندنـەوەی، روخساری

[1] بلاوزە: وشەیەکی تورکمانییە، لەناوچەی کفریدا باوە، مانای (ئێوە) دەگرێتەوە.

گرژ بووەوە، پەیتاپەیتا، تفی قووت دەدا، یەکە یەکە چووە سەر قوتابییەکان، لێیانی دەپرسی:

- ئەمەرەسمی چییە؟
- ئەفەندی، شێلم فرۆشە؟
- ئەمە چییە؟
- ئەفەندی، مریشکە؟
- ئەمە چییە؟
- ئەفەندی قەمەرەیە؟
- ئەمە چییە؟
- ئەفەندی، کەرە؟

گەیشتە سەر ئەحمەد، بەوردی سەیری ئەو رەسمەی کرد کە ئەحمەد دروستی کردبوو، هەرچەن تێیٚ راما هێی لێهەڵنەکران، تەنها دە دوانزە خەتی گێڕو گەواڵ، لەچەشنی شەرەپشیلە بەولاوە هێی تر نەبوو، لەئەحمەدی پرسی:

- ئەمە چییە؟

ئەحمەد بەزەردەخەنەیێکی منالانەوە وتی:

- ئەفەندی ئەمە خوایە!!
- چی؟
- ئەڵێم ئەمە رەسمی خوایە!!



مامۆستا برایم وەك فیشەکە شێتە بەرووی ئەحمەدا تەقییەوە، هەڵیساندە سەرپێ:

- بچۆ بۆ لای سەبوورەکە..

خۆیشی چووە ئەوسەری پۆلەوە، بەدەنگی بەرز لێی دەپرسیەوە؟

- ئەمە چییە؟

هەموو قوتابییەکان گوێ قولاغ بوون، ئەحمەدیش هەندێ دەنگی بەرزکردەوە.

- ئەفەندی ئەمەرەسمی خوایە!

مامۆستا برایم بەنەرمە رەوتێکی قورس بەنێو کپیو بێدەنگی پۆلەکەدا لەئەحمەد نزیك بووەوە، ئاگری رق لەچاوانییەوە دەردەپەڕی، هەرکە گەیشتە ئەحمەد شەقازللەیێکی پیاکێشا، پلاچە لەهەردوو چاوانی ئەحمەدەوە هەڵساو میزی بەخۆداکرد.. بەگریانەوە هاتەسەر کورسییەکەی دانیشت، چاوی لەسەر ئەو هێڵە مێزەی نێوان کورسییکەیو تەختەرەشەکە نەدەگواستەوە.. قوتابییەکان هەرکە چاویان بەهێڵە تەڕەکە کەوت دایانە قاقای پێکەنین.. جارێکی دی برایم ئەفەندی ئەحمەدی هەڵسانە سەرپێو پێی وت:

- سەگی سەگباب، پیسو پۆخڵ.. یالا وەل بە بڕۆ بۆ ماڵ!

بەگریانەوە پۆلی جێهێشت، بەرەو ماڵ کەوتەڕێ، تا نزیکی ماڵێ ئاگای لەبۆیی نەبوو.. بۆیی-ش وەك ئەوەی هەستی بەو زوڵمە کردبێ، خۆی لەئەحمەد هەڵنەدەسوو، کلکەلەقێی بۆنەدەکرد.. تا هەفتەیێك

ئەحمەد قوتابخانەی جێهێشت، خەجێ هەرچەندی کردو کۆشا، بێسوود بوو، نەیتوانی قەناعەتی پێبێنێ بیگەڕێنێتەوە بۆ قوتابخانە.. تا بەزۆر پەلی گرت، بۆییش کەوتە دوایانەوە.. بەڕێوەبەری قوتابخانە لەبرایم ئەفەنی زیاتر تووڕەبوو، یەکسەر بەخەجێی وت:

- کوڕەکەت بێتەربیەتو بێئەدەبە، وەك نانی دەدەیتێ، هەندێ تەربیەتیشی بەرێ.. لەئێستاوە وادەکات! خوا ئەزانێ سبەینێ چی ئەکات.. ئەمجارەش لەبەر خاتری تۆ کە زەعیفەیت! قبوڵی دەکەمەوە، با دەوام بکات.. بەڵام دەبێ ئیتر..

خەجێ کە وشەی قەبوڵی دەکەمەوەی بەڕێوەبەری بیست لەخۆشیا گەشایەوە،چەن جارێ لەسەریەك وتی:

- خوا دەس بەعومرتەوە بگرێ مامۆستا.. بەخوا مامۆستا هەتیوە.. ئەی مامۆستا تۆ نازانی..

- بەسە بەس، حیکایەتی رۆستەمم بۆ مەگێڕەوە.. بڕۆ.. ئیتر تەربیەتی کوڕەکەت بدە.. حاڵی بوویت..؟

- مامۆستا خوا دەس بە..

- دە بڕۆ..

ئەو هەفتەیەی کە ئەحمەد نەدەچووە قوتابخانە بێدەنگیو جۆرە کپیو مۆنییێك رووی تێکردبوو کارێکی تەواوی کردبووە سەر دەروونی، هەموو رەفتارێکی کەوتبووە ژێر رکێفی رقێکی نادیارەوە، نیوەڕوان، کە قوتابیان دەگەڕانەوە، بەتایبەت ئەوانەی میزەکەیان بینیبوو، ئەحمەد یەخەی



دەگرتن، شەڕی پێدەفرۆشتن، بەدارو بەرد گەلێ جاریش بەگازگرتن تێیانبەردەبوو، هەرکە فرمێسکی ئەو منالانەی دەبینی دەستی ئۆخەیی بەسنگی خۆیدا دەهێنا وەك بڵێی:

(ئا من مامۆستا گریانمی، لەمن گەورەترە.. منیش ئێوە دەگرێنم.. ها.. پێم پێدەکەنن، ئەوە نییە دەگرین.. من ئێوەم گریاندووە)!

بیری لەشتێ دەکردەوە، کارێ بکات میز بەخۆیاندا بکەن، ئەمیش چاوی پێوەبێ.. ئەو هەفتەیە ئەم رەفتارە نوێیەی پێوەلکا، لەناخەوە حەزی دەکرد، منالان بەتایبەتی منالانی پۆلەکەی بەجۆرێکی سەیر ئەزیەت بدات، هەموویانش بیسەلمێنن کە تاقە کەڵەمێردی پۆلەکەیە!

ناخۆشترین کاتی خەجێ لەو هەفتەیەدا ئەوەبوو نەیدەزانی بە چ جۆرێ وەڵامی هاوسێکانی بداتەوە کە لەرۆژێکدا پێنج شەش جار بەردەرگای خەجێیان دەگرت:

- ئەمە هەتیوە وادەکات.. گەر هەتیو نەبا دنیای دەخوارد.

تانەو توانجی هاوسێکانی ببوو بەخوێو برینەکانی دەکولانەوە، هێشتا هاوسێ کوردەکان باشتربوون، هەندێ بۆڵەو جنێوی سەرپێییان دەداو دەڕۆیشتن.. کەچی تورکمانەکان یەکسەر بێ سێو دوو دەیانووت:

(کورد کۆپەگی)[2]

خەجێ وەڵامی نەدەدانەوە، لەبەرخۆیەوە دەیووت:

---

[2] کورد کۆچەگی: کوردی سەگ یا کورد سەگە.

- هەی عومر درێژ بێ.. ئاخر بۆ وادەکەی؟ وەڵڵاهی حەقیانە.. ئاخر ئێمە غەریبین.. با بەدەردی خۆمانەوە داساکین..

ژانەکانی ئەوشەوەی نیمچە ئەشکەوتەکە لەئاستی ئەم ژانە بێدەنگیانەیدا، شتێکی سووك بوون، چەند سەعاتێ بەژانی منالبوونەوە تلایەوەو پاشان داساکا، کەچی ئەم ئازارە تەمەن درێژانە رۆژبەرۆژ ناخی هەڵدەکۆڵی. گەلێ جار بێ مەبەست بەئەحمەدی دەووت:

- خۆزیا لەباتی تۆ رەشمارێکم بواییێت!

ئەم قسەیە، وای لەئەحمەد دەکرد رەشمار ئاسا رەفتاربکات.

*

پاش پشووی نیوەی ساڵ، ئەحمەد جۆرە زیرەکییەکی سەیر تێکەڵ بەرەفتارە شەڕانییەکەی ببوو، رۆژی لەوانەی سێهەمدا (خومەیس-ی) فەڕاش هاتە پۆلەوە، کاغزێکی دایە دەست مامۆستاوە..

مامۆستا وتی:

- ئەحمەد بچۆ بۆ پۆلی پێنج.

- بەڵێ ئەفەنی..

هەرکە لەدەرگای پۆلی پێنج چووەژووری، مامۆستا (عەلی غالب) بەتورکمانی پێی وت:

- گییە ئوغلم[٣]

3 گییە ئۆغلم: کورم وەرە.



چووە پێشەوە، سەباحی کوڕێ موختاری بینی لەلای تەختەڕەشەکەدا بەدیار ئەمژمارەیدا داماوە (٨٠+٣)، سەباح هەرچەنی دەکرد نەیدەتوانی بگاتە ئەنجامێ.. ئەحمەد تێگەیشت مەسەلە چییە! سەباح نمونەی قوتابی گەوجو تەمەڵ بوو، تاقانەی موختار بوو، مامۆستا عەلی غالب بەسەباحی ووت:

- ئەشەگ..گیل بیانە[٤]

سەباح وەلاکەوت، ئەحمەد دەستی بەژمارە نوسراوەکەی سەر تەختە رەشەکە نەدەگەیشت، تەنەکەی زبڵی پۆلەکەیان سەرەوژێر کرد، ئەحمەد چووە سەر تەنەکەکە، ژمارەکەی دابەش کردو هاتەخوارێ، مامۆستا بەقوتابیەکانی وت:

- چاپخۆن[٥]

بووە چەپڵە، ئەحمەد لەخۆشیا پێی ئەرزی نەدەگرت.

مامۆستا بەئەحمەدی وت:

- تفر ئۆزنە[٦]

- یۆخ[٧]

4 گێل بیانە: کەرە وەرە ئەملاوە.

5 چاپخۆن: چەپڵە.

6 تفر ئۆزنە: تفی لێکە.

7 یوخ: نەء.

ئەحمەد هێ کاتێ بەم شێوەیە مامۆستا عەلی غالبی نەبینی بوو، ئاوها توورە.. سووربووەوە، دەینەڕاند، هەموو قوتابیان هەر لەپۆلی یەك تا پۆلی شەش یەك رایان هەبوو (مامۆستا عەلی زۆر زاڵمە).

مامۆستا ئەحمەد گەورەو بچووکی نەدەزانی، نەك تەنها جنێوی پیس پیسی بەقوتابیەکان دەدا، بەڵکو بەشەقو زللە و دار سەروگوێلاکیانی دادەپلۆسی، گەلێجاریش بەپێلەقە دەچووە سەر لەشی قوتابیەکان.. دەیانووت خوشکەکەی مامۆستا عەلی غالب (هینە).

بەتوورەبوونێکی ئەوتۆوە بەئەحمەدی وت:

- ئەشگ ئوغلو[8]..

ترس هانی ئەحمەدی دا، دەبا بەهەرجۆربێ خۆی راگرێو نەبێتە گاڵتەچی قوتابیەکان، دەبێ بەرگری بکات، مامۆستا عەلی، سەباحی ناردو پێی وت:

- ئەغاج گیاتر[9]

سەباحیش، وەك مەلی لەقەفەس دەربازبوو بەفڕکان چوو داری هێنا..

چ دارێ؟

رەفتارو رەوشتی مامۆستاکان لەجۆرێ دارە تایبەتیەکانیان دەردەکەوت.. هەر مامۆستایەو جۆرە دارێکی بەکاردەهێنا.. داری گرنج گرنج، حەیزەران، راستەی بچووك، مەتر، سەباح دارە گرنج گرنجە

8 ئەشك ئوغلو: کوڕی کەر.

9 ئەغاج گیاتر: دار بێنە.



ئەستوورەکەی مامۆستا عەلی غالبی چاك دەناسی، جا ئەگەر مامۆستا عەلی هەر قوتابیەکی ناردبا بۆ دار ئەگەر دارە تایبەتیەکەی خۆی نەهێنابا ئەوا ئەو قوتابیە زیاتر لەقوتابی سزادراو داری بەردەکەوت..

مامۆستا عەلی بەئەحمەدی وت:

- ئالۆو ئاچ[10]

گەر قوتابیەك چاونەترسو ئازایەتی نواندبا دەبا بێئەوەی پف بەدەستە کانیا بکاتو گەرمیان کاتەوە، یەك دەستی دەکردەوە، ئەحمەد دەستی چەپی کردەوە، مامۆستا عەلی بێبەزەییانە هەرچی رقو تورەیی هەبووبەداری یەکەم گواستیەوە سەر دەستە چکۆلەکەی ئەحمەد، بێئەوەی بڵێ ئۆف دەستی نەکێشایەوە، مامۆستا چاوی چووە تەوقی سەری، چۆن تا ئێستا چ قوتابیەك نەیتوانیووە بەم شێوەیە لەروویدا بوەستێ، دوو ئەوەندە توورەتر بوو، دڕندانە، دارێ تر، دوان، سیان، چوار، ئەحمەد هەر دەستی نەدەگۆڕی، جانەوەر ئاسا بەربووە گیانی تا تاقەتی هەبوو دەستی چەپی ئەحمەدی شل کرد، ئەحمەد هەر نەدەجولایەوە، دوو پەنجەی شکان، خوێن فیشقەی کرد، هەرکە مامۆستا خوێنی بینی، وەك گای زۆرانبازی شێتو هار بوو، ئەیفیشکاند، بەربووە سەروگوێلاکی، پشتی سەری دەموچاوی داپلۆسی، ئەحمەد نەیووت ئۆف، ئەوجا بەشەق تا ناوەندی حەوشەکە دەریکردە دەرێ..

10 ئالو ئاچ: دەستت بکەرەوە.

خومەیسی فەڕاش بەهەندێ تەنتریۆك پەنجەكانی ئەحمەدی تیماركرد..

ئەو رۆژە نەیتوانی لەقوتابخانەدا بمێنێتەوە، بەهەمان دەستووری رۆژانەی لەگەڵ بۆییدا گەڕانەوە ماڵێ، كە خەجێ بەم شێوەیە ئەحمەدی بینی، شێتو هار بوو، ویستی عاباكەی بداتەسەرو بچێتە سەر بەڕێوەبەرو ریسوای بكات، كەچی بۆ یەكەمجار لەدەمی ئەحمەدەوە جنێوی بیست!

- سەگی سەگباب.
- كوڕم..!
- دوایی هاوڕێكانم (دەڵێن ئەحمەد ترسا، دایكی نارده سەر مودیر).
- ئاخر كوڕم..
- نامەوێ ئیتر..
- ئاخر لەسەر چی؟
- وتی تف لەسەباحی كوڕی موختار بكە؟
- لەسەرچی.
- نەیدەزانی.. دەرسەكەی.. یانی حیسابی نەدەزانی..
- ئێ ئەو سونفی پێنجەو دوو عومری تۆی هەیە!
- ئەڵێم تۆ تێناگەیت.. تۆ چوزانی من چی دەڵێم..
- تێم گەیێنە.
- وس بە.. منیان بردو حەلم كرد.. نابێ بچیت بۆ لای مودیر، عەیبە..
- ئەی خوا هەڵینەگری.. بێكەس خۆمان.



- وس بە.
- ئێ خۆ خراپەت نەكردووە، كەی ئەمە هی ئەوەیە لێتدەن، دەبا ئافەرینت بكەن.
- كێ؟
- مامۆستاو مودیر.
- ئافەرینی ئەوانم ناوێ.
- ئەی هی كێت دەوێ.
- هی هاوڕێكانم.
- ئاخر كوڕم..
- وس بە.. تۆ نازانی.. گەر تفم لەسەباح كردبا ئەوا لەدەرێی مەكتەب بەسێ چوار كەسەوە لێیان دەدام، پێیان دەوتم:

(كورد كۆپەگی)

- خۆ وایان پێنەدەكردی.
- قەیناكە.. ئەمە مامۆستا وایكردووە.. قەیناكە ئەو سەگبابە خۆ كوردیشە.

ئەحمەد ناحەقی نەبوو تف لەسەباح نەكات چونكە سەباح چەموشترینو گێلترین مناڵی گەڕەكبوو.. كوڕی محمد ئەفەنی موختار بوو كە بەدوو دینار بەرتیل ناسنامەی بۆ ئەحمەد دەركردو ناوی خستە سەر ناوی باوەپیارەكەیو لەقوتابخانە وەرگیرا.. محمد ئەفەنی سەرەڕای ئەوەی

موختار بوو، خاوەن موڵك‌و ماڵاتیش بوو.. دەسەڵاتێكی ئەوتۆی هەبوو خەڵكەكەی بەنگ كردبوو، دەیانووت:

(محمد ئەفەنی لەلای موتەسەریفدا پێ لەسەر پێ دەنێ خەڵك لەشەریكە قەید دەكات.. بەڵام بەمەرجێ دەمی چەور كرێ!)

*

هەشت نۆ رۆژێ نەچووە قوتابخانە، لەبەر ئازاری پەنجەكانی نەدەكەوتە دووی عارەبانەوە.. دەچوە نێو منالآنی گەڕەك زۆری حەز دەكرد لەدەمی ئەوانەوە ببیستێ (كە كوڕێكی ئازایە) پفی بەخۆیدا دەكردو خۆی دەنواند، كە چۆن هەستی بەئازار نەكردووە، گەر بشمردبا دەستی چەپی نەدەگۆڕی! بەم قسانە ئازاری پەنجەكانی لەبیردەچووەوە، پاش ئەم ماوەیە جارێكی دی خەجێ بردییەوە بۆ مەكتەب، هەمان قسەكانی پێشووی مودیر بەرچاوی خەجێی لێڵ تر كرد:

- كوڕەكەت گەلی بێتەربیەتە!! با ئەم جارەش دواجار بێ.. قەیناكا قبوولێ ئەكەمەوە.. بەڵام ئیتر ئۆباڵی خۆتان بەئەستۆی..

- ئاخر مامۆستا..

- وس بە قسەم مەبڕە.. دەی بڕۆوە.. ئەگەر نازانی تەربیەتی بدەیت، ئێمە.. ئێمە دەزانین.. حاڵێ بوویت.

*

سەفی دووی تەواوكردو بەیەكەم دەرچوو، خەجێ لەنێوژیاندا قاوی بڵاوكردەوە، كە چەن رۆژێكی دی (ئەحمەد خەتەنە دەكات) مناڵان



لەوسەردەمەدا بەكەمتر لەهەفتەیێك خۆش دەبوونەوە، كەچی ئەحمەد سەرتاسەری ئەو سێ مانگە بیمار بوو..

رۆژی دووەمی پاش خەتەنەكردنەكەی، دەنگی تاپڕێ راێڵەكاند، تەقەكە ئەوەندە توند بوو وەك ئەوەی لەناخی ئەحمەدەوە هەڵسابێ ( مچە سور)ی هاوڕێی ئەحمد، بەڕاكردن‌و هەناسەبڕكێ خۆی گەیاندە لای ئەحمەد.

- ئەحە.. ئەحمەد.. بۆیی.. ئەڵێم، حەنا حەنا.. گاور.. حەنا گاور.. بۆیی كوشت.

ئەحمەد بەدشداشە سپییەكەی‌و بەفڕكان خۆی گەیاندە گەڕەك، بۆیی هێشتا گیانی دەرنەچووبوو، هەڵدەساو دەكەوت، ئەحمەد بەجۆرێ شڵەژابوو، چەن جارێ پێی هەڵكەوت‌و بەدەما كەوت، خۆی گەیاندە بۆیی، باوەشی پیاكرد، لەگەڵیا هەڵنەساو دەكەوت، دەتلانەوە دشداشە سپییەكەی سووربوو، بۆیی لەنوزە كەوت، ئەحمەد بۆیی هەڵگرت، هەمو سەروچاوی خوێناوی بوو، ئەحمەد ئاگای لەبیماریەكەی خۆی نەما، كە چەن جارێ كولایەوە، بەهەر جۆر بوو خەجێ توانی دەستی ئەحمەد بگرێ‌و بیهێنێتەژوورێ، بەجۆرێ شین‌و شەپۆڕی بوو، جنێوی بەحەنا گاور دەدا، دانەساكا.. (سمە)ی كەناسیش بۆیی خستە سەر كەرەكەی‌و لە (خاسە)دا فڕێی دا.. ئەحمەد وەك ژێر نەدەبووەوە، چەند رۆژێ مانی گرت‌و نانی نەدەخوارد، شەوان بەدەم خەوەوە ناوی (بۆیی) دەهێنا، گەلێ جار رادەپەڕی‌و شێتانە هەڵدەسا، سەرتاپای لەشی گەلێ داوودەرمانیان بۆگرتەوە، لەخراپەوە بۆ خراپتر دەچوو.

زللەکەی مامۆستا برایم و دارەکانی مامۆستا عەلی غالبو تەقەکەی حەنا گاور، سێ شتی زیندووی بەرچاوی ئەحمەد بون، خەونی پێیانەوە دەبینی، راچڵەکیو ورێنەی دەکرد.. ئەم سێ شتە بووە سیحری بێدەنگی بەخش، کاری کردە سەر هەڵسوکەوتی، بێدەنگ تری کرد.. هێشتا رقی لەخۆی نەبوو کە (بەدری)یەی هاوتەمەنی لەسەر یاریکردن پێی وت:

- دەبڕۆ.. کەس نازانێ باوکە سەگبابەکەت لەکوێدا تۆپیوە.
- چی؟
- دایکم وادەڵێ..
- ها؟
- باوکیشم وادەڵێ..

روخساری (بەدری) یە لەبەرچاوی ئەحمەدا سیمای مامۆستا برایمو مامۆستا عەلیو حەناو گاوری وەرگرتبوو..

یەکەم رۆژی جەژنی قوربان بوو، خەجێ سەری ئەحمەدی داهێنا، ئەحمەدیش جووتە قۆندەرە نوێیەکەی —کە لەژێر سەرینەکەیدا بوو- کردە پێ، هەندێ (بۆن)ی خۆشی لەسەری خۆ دا، خەوش بوو جەژنانەی وەرگرت، بەفڕکان چووە دوای هاوڕێکانی، لەماڵی سەلاحی مام سەعید هەشت نۆ منالْ دەبوون، شەرافەتی دایکی سەلاح بەمام سەعیدی وت:

- نا.. نا.. پیاوەکە ئەحمەد پێشخە، لەپێشدا (ئەو) جەژنانە وەرگرێ، هەتیوەو باوکی نییە، گوناحە!!



ئەحمەد، کە چەنجەی لکایە پەنجا فلسە جەژنانەکەی مام سەعید، وەك ژزوی دوپشك کسپەی لەناخی هەڵساند، بەپەلە پەنجا فلسەکەی هەڵدا بەگریانەوە منالانی جێهێشت، بەئەنقەست قۆنەرە تازەکانی سیناوی کرد، دشداشە تازەکەی قوڕاوی کرد، بۆنی سیاناو زاڵ بووە سەر بۆنە خۆشەکەی سەریو گەڕایەوە.

*

هەموو بۆنێکی خۆش، هەموو قۆنەرەو جلوبەرگێکی نوێ دەبووە مایەی رشانەوە، بەزەیی بەخۆیا دەهاتەوە.. گەلێ جاریش رقی لەخۆدەبووەوە.. ئەم رقو بەزەییە بوونە تۆوی شەرمی لەدەروونیا روان.. وای لێهات شەرمو بێدەنگی نیشانەی هەرەدیار بوو بەروخسارو رەفتاری ئەحمەدی بزێوو چەتون..

قوتابیو مامۆستا، منالانی گەڕەكو هاوسێکان پێیان سەیر بوو چۆن وا ئەحمەد بێدەنگو شەرمنۆك بووە.

شەرم گۆشەگیری کرد، کەمتر دەچووە نێو منالانەوە.. وردە وردە لاواز بوو، رەنگی زرد هەڵگەڕا، خەجێ ناچاربو دوعای بۆ بکات، بردییە لای زۆربەی شێخو مەلاکان، چەندی مەرقەدی پێکرد، ناوشانی ئەحمەدو هەشت نۆ دوعای رەنگاوڕەنگی پێوەلکا..

*

# ٥

کەم کەس لەبەر گەرمای ڕۆژانی تەممووزی شاری کەرکوك دەتوانێ لەکراسێکی قۆڵ کورت زیاتر شتێکی دی بکاتەبەری.. سەرباری جێیە جوگرافییەکەی شارەکە، خۆی بۆ خۆی گڕێکە هەمیشە داگیرساو چواردەوری شاری تەنیوە، هەر لەبابەگوڕگوڕو شۆڕیجەو تەپەی مەلا عەبدوڵلاو نێو کەرکوك تا دەگاتە نێو شەریکە، هەموو هەر بۆریەو گازە بەفیڕۆو خۆڕایی شەووڕۆژ دەسوتێ، جگەلەوەی کەرکوك دەریاییێکی نەوتە، شاری (گاورباغی) راپەڕینو بریندارە، ئەم دەریا نەوتە کاری کردووەتە سەر خوو خدەو ڕەوشتو (ئاو و هەوا) جگە لەقەڵاو مێژووە کۆنەکەی، گەر نەوتی نەبا رەنگە ئێستا یەکێ لەوشارە گومناوانەی سەر ئەم زەمینە با، نەك تەنها پارتو رێکخراو و دەوڵەت بایەخی پێنەدەدا، بەڵکو دانیشتوانی خودی شارەکەیش بەو چاوی خۆشەویستو رێزەوە سەرنجیان



نەدابا.. نەوتەکەی بووەتە خوێن بەنێو دەماری داگیرکەراندا هاتوچۆ دەکات، هاندەری هەموو جۆرە بەدڕەفتاریو تاوانکارییەکە، مایەی هەڵپەو خۆنەناسیو سیحرو جادووە، هەنگوینەو مێشو مەگەزی میللەتانی دیی ولاتانی دەسەڵاتداری تێئالاوە، پارسەنگی ناحەقییەو سەنگی هەموو عەدالەتێ لەئاستی بیرێکدا دەتوێتەوە، بۆنی بەهەر شتێ ببەخشێ بەهێزی دەکات، دزانی دنیا، بێنمودو خوێڕیو خوێن مژ دەکاتە فەرمانڕەوا.. نەوتەکەی ئەم شارە میکرۆبە، درمی پیاوکوژیو وێرانکاری بلاودەکاتەوە.. دیارە نەوت چەورایی دیناسۆری لەناوچووە، ئەوە نییە هەرکە بەنێو دەمارەکانی مرۆدا هاتوچۆدەکات، خوو خدەی دیناسۆر بەمرۆ دەبەخشێ، سەوزو وشك دەماشێتەوەو هەموو شتێکیش پێشێل دەکات.

گەرمای رۆژانی مانگی تەممووزی کەرکوك، رەنگە هەندێ کسە شێتگیر کات، یەکێ لەو رۆژە هەرە درێژانەی تەمەنی ئەحمەد —کە هەرگیز لەبیری ناچێتەوە، رۆژی چواردەی تەممووزی ساڵی **١٩٥٩** بوو، رۆژێك بوو نەك تەنها ئەحمەد، بەڵکو هەموو دانیشتوانی شاری کەرکوك لەبیری ناکەن، دەماودەم باوك بۆ کوڕ، کوڕ بۆ کوڕەزا، ئەو مێژووە دەگێڕنەوە کە بۆ دامرکاندنەوەی نەوسی (خوێنمژانو گەوجان) لاپەڕەییێکی رەشتری خستە سەر رەفتاری دانیشتوانی شار، ئەو رۆژە مێژووییە ئاوسە، بێزووی بەخوێن دەکرد، خوێنی خواردەوە زا، جانەوەرێکی تێنووی بوو، نەدەبینرا، جانەوەرەکەش زا، هەزاران هەزار

بێیوه جانەوەری ورد وردی بوو تێکەڵ بەهەوا گەرمەکە دەبوو، دەچووە نێو سێبەکانی دانیشتوانی شار، هاریو ترسێکی بێ ئامانی پێبەخشین..

هەر لەبەرەبەیانی ئەوڕۆژەدا، کە ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمموز بوو، ئەحمەد ماخۆلانی بوو، بەخەیاڵ خۆی دەبینی پێشەنگی کاروانی مناڵانی گەڕەکە (با بژی.. با بڕوخێ..) دەڵێو بۆی دووبارەدەکەنەوە..

پار لەهەمان رۆژدا —چاك وەبیری دێتەوە- لەچەقی شەقامێکدا وەستابوو، خەڵکێکی زۆر بەوناوەدا تێدەپەڕین، شارە زەردەواڵە ئاسا وروژابوون: با بژی.. با بڕوخێ-یان دەوت (حیلفی بەغدا) روخا! ئەحمەد تێنەدەگەیشت، ناحەقی نەبوو بەشێکی تەواو (پیاو و ژن) تێنەدەگەیشتن.. ئەو ساڵە ئەوەندە خەڵکەکە خۆی نواند، وردە وردە ئەحمەدیش تێگەیشت، ئیدی لەنێو مناڵانی گەڕەكو قوتابخانەدا، بۆ خۆنواندن، بەکەیفو ئارەزووی خۆی شتی دەدایە دەم یەکەوەو خۆی —بەخەیاڵ- بەبەرپرسیار دەزانی بەرامبەر بەهەموو کارێك.. لەمێشکی خۆیدا نەخشەی بۆ زۆر شت دەکێشا.. بەڕادەیێك لاسایی گەورەپیاوانی وڵاتی دەکردەوە، مناڵانی رادەگرتو خوتبەی دەدا، دەستوپێی رادەوەشان، هەڕەشەو گوڕەشەی لەخاینو پیاوانی ئیستعمار دەکرد.. بەجۆرێ خۆی گیف دەکردەوە، سەرسنگی خۆی بەدەیان میدالیاو ئافەرین رازاندبووەوە.. هەموو خەمو داخێکی ئەوەبو کە باڵای کورتە، ریشو



سمێڵی نییە، بەمناڵی دەزانن، گەلێ جار حەزی دەکرد بەشەووڕۆژێك سی چل ساڵ بێتە سەر تەمەنی!

هەر لەبەیانی زووەوە کەوتە نێو مناڵانی گەڕەك، کۆیانی کردەوە، لەخۆڕا دروشمی سەیر سەیرو جۆراوجۆری دابەش دەکردە سەریانو مەشقی پێدەکردن، تا بۆ ئێواریێ لەبیری نەکەن..

پێش سەعات چواری ئێوارە لەگەڵ کەمالو مەحمودو چەن هاوتەمەنێکی خۆیدا بەرەو (نێو کەرکوك) کەوتنەرێ، بڕیار بوو خۆپیشاندانەکە لەوێوە دەست پێبکات.. یەکەمجار بوو ئەحمەد شەڕواڵێکی کوردی لەپێ کردبوو، میدالیاییێکیش وێنەی ریگی نەوتی بەسەرەوە بوو، نابوویە قەد سنگیەوە.. لەنێو کەرکوك حەشاماتێکی ئەوتۆی بینی واقی وڕما یەکسەر قسەیێکی کەمالی هاوڕێی وەبیرهاتەوە کە وەکو نوکتە بۆ مناڵانی دەگێڕایەوە:

- (جارێکیان باپیرم دەچێ بۆ حەج، هەرکە دەگاتە بەغدا، حەشاماتێکی زۆر دەبینێ، پەشیمان دەبێتەوە، لەبری ئەوەی بچێ بۆ حەج پارەکەی دەداتە گەنم، بەچەند لۆرییە گەنمێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەرکوك.. خەڵکی لێی دەپرسن، ئەرێ فلان بۆ نەچووی بۆ حەج، ئەویش لەوەڵامدا بەچرپە بەخزمو ناسیاوەکانی خۆی دەووت: وس بن.. بێدەنگ بن.. ئەو قەرەباڵغییەی لەبەغدا بینیومە، گرانییێکی فرە گەورەی بەدەمەوەیە!

ئەحمەد رووی لەکەمال کرد:

- ئەگەر باپیرت ئەم قەرەباڵغیو حەشاماتەی دیبا چی دەوت؟

- دەیووت رۆژی حەشرە.

بزەییێکی ئاڵ لێوانی ئەحمەدی گەشانەوە، کەچی کەمال دایە قاقای پێکەنین.. ئەحمەد قەڵس بوو بوو، شەرم نیشتە سەر روخساری، بەخەجاڵەتیەوە سەیری پێکنینەکەی کەمال-ی کرد، لەبەرخۆیەوە دەیووت:

(چۆن دەبێ لەرۆژێکی ئاوهای مەزندا، بەدەنگی بەرز خەڵکی پێبکەنێو سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا رابکێشێ؟

ئەحمەد رێزێکی زۆری بۆ ئەو حەشاماتە هەبوو، بەلایەوە ئەوانە هەموو فیداکاری نیشتمانو لەخۆبوردوو حەق پەرستن، دەبێ ئینسان لەئاستیاندا دەستەونەزەرو بێدەنگ بێ.

*

ریزی خۆپیشاندانەکە هێشتا نەکەوتبوونە رێ، ئەحمەد بەجۆرە سەرسوڕمانێکی گەمارۆدراوی پرسیاری بێوەڵام، سەیری ریزەکانی دەکرد لەروخسارەکان رادەما.. لەپێشدا مەلاو پیاوە ئاینیەکانو قەشە بەرگ رەشەکان، لێپرسراوانی شار لەپێشەوەی ریزەکەدا وەستابوون، دروشمی جۆراوجۆرو رەنگاوڕەنگیان بەدەستەوە بوو، ئەحمەد هەر بۆئەوەی بۆ هاوڕێکانی بسەلمێنێ کە خوێندەوارێکی چاکەن دروشمەکانی دەخوێنەوە ماناکانی لەیەك دەدایەوە..

پاش ریزی مەلاو قەشەکان ریزی ئافرەتانو کچان بوو بەهەمان جۆر دروشمی رەنگاورەنگیان پێ بوو، پاشان ریزی کرێکارو جوتیارو کاسبکارو



قوتابی.. هەرچەند کەسو وێنەیەکی گەورەی (عبدالکریم قاسم)و وێنەیەکی (عبدالسلام عارف)یان پێ بوو.. ئەحمەد قەد ئەوەندە خەڵکی بەیەکەوە نەبینیبوو، پاشان کە رووداوەکەی دەگێڕایەوە، دەیووت:

(سەرێکی لەنێو کەرکوك بوو، سەرەکەی دیشی لەبنی دنیا بوو)

حەشاماتەکە کەوتنەڕێ، ئەحمەد گەلێ حەزی دەکرد تێکەڵیان بێ! هەرچۆنێ بێ خۆی تێکەڵی خەڵکەکە بکات، بەلایەوە گرنگ نەبوو دەکەوێتە نێو چ بەرەو چینو رەنگێکەوە، گرنگ ئەوەبوو رێی بدرێ تا ئەمیش پڕ بەدەنگ:

(بژی و بڕوخێ) بڵێ..

کێ بژی؟

ئەوکەسەی کە خەڵکەکە دووبارەی دەکەنەوە!

کێ بڕوخێ؟

هەر ئەو کەسەی کە خەڵکەکە دووبارەی دەکەنەوە!

گەلێ جار زۆربەی جەماوەر هەر بۆ لاسایی کردنەوە، جۆرە لێڵ بینییێك روویان تێدەکات تووشی سەرکێشیو پەلەکردن دەبن، بەتایبەتی چەپڵە بازەکانی جەماوەر کە بەکۆمەڵ پێدەکەنن، بەکۆمەڵ غەمبار دەبنو دۆش دادەمێنن.. دەشێ ئەم ئەقڵی جەماعی جۆرە میکرۆبێکی کوشندەی رەوتی مێژوو بێ، ئەویش بۆ داچەسپاندنی روداوە هەرە ئەحمەقەکانی خۆی کارەکە لەئەستۆی ئەو جۆرە جەماوەرە بگرێ.. واتە کارە پیرۆزەکانی مێژوو (تاقە کەس) بێگەردی پێدەبەخشێ.. کارە

پۆخڵەکانیشی بەهەڵەشەیی‌و کینەو رقی زۆربەی جەماوەر دەلەوتێنیێتە (خوێن) سەرەنجام خۆی دووبارەدەکاتەوە.. جارێکی دیش دووبارەی دەکەنەوە.

ئەحمەد گەلێ هەوڵی دا، هەڵقون هەڵقونی کرد، نزیکی هەر لایەك دەبووەوە، دەریان دەکرد نەیاندەهێشت، بچێتە نێو چ ریزێکەوە تەنانەت نەیتوانی لەنێو کچە چکۆڵەکان‌و ئافرەتاندا جێ بۆ خۆی بکاتەوە، دەریان دەکرد، بەمناڵیان دەزانی:

- ئێ بۆ؟ ئەوە نییە جلی کوردیم لەبەرکردووە! ئەی بۆ لەنێو ریزی تورکمانەکاندا لەمن مناڵ تریان داناوە، جلی تورکمانیان لەبەرکردووە! ئەی ئەوە نییە ئاشووریەکان، کچ‌و کوڕیان، لەتەمەنی منیشی تێدایە دروشمیان هەڵگرتووە..

هەموو لایەك بەزمانی خۆش دەریان دەکرد، بۆ ئەحمەد ئێوارەییێکی گەلێ ناهەموار بوو.

- یانی چی رێم ناکەنەوە؟

وایدەزانی ئەوەی لەنێو ریزەکاندا بێ،زیاتر دەنگ بەرزکاتەوە، چەپڵەی چاکتر لێدا ئەوا ئەوکەسە، زیاتر دڵسۆزی نیشمانەو زیاتر فیداکارە.. کە رێیان نەکردووە، ماتەمینی دایگرت‌و گومان لەدڵسۆزی خۆی، رێی بۆ دەروونی خۆش کرد..



- (ئاخر ئەوە یلمازی سەگباب.. دەیووت ئەوکەسەی مەلێکی کوشتووە، خێر لەخۆی نابینێ، ئەوەتا لەبەرئەوەی بالآی بەرزە جێیان بۆکردۆتەوە، دروشمیشی بەدەستەوە گرتووە!

*

توتکە سەگ ئاسا، ئەحمەد بەسەر شۆستەکاندا هەر جارە بەتەنیشتی بەرەو چینێکا دەڕۆیشت بەکوردی‌و تورکمانی‌و عەرەبی‌و ئاشووری دروشمەکانی دووبارەدەکردەوە.. بەم کارەی هەندێ دڵخۆش بوو، دڵنەوایی خۆی دەدایەوە، وەك ئەوەی ئەرکی ئەوەبێ، هەموو چین‌و بەرەکان بەسەر بکات‌و هەر سێ چوار دەقیقە جارێ بەتەنیشتی لایەکەوە بژی‌و بڕوخێ‌ دەووت، زۆری مەبەست بوو، زۆربەی زۆری خەڵکەکە بیبینن، وایدەزانی ئێستا ئەوان دەڵێن:

- بەم مناڵی خۆیەوە چەند دڵسۆزە.. ئافەرین!

ئەوەندە ئەمسەرو ئەوسەری کرد، شەکەت بوو چ کەسێ بەهێ جۆرێ ئاوڕی لێنەدایەوە، بەجووتە چاوە زیتەکەی، بەسەرنجی درێژو تێڕامانی قوڵ زۆربەی زۆری مەردوومی حەشاماتەکەی پێایەوە.. ئەم دیمەنە رۆژانی جەژنی وەبیرهێنایەوە، کە لەدوورەوە سەرنجی قەرەباڵغی‌و مناڵەکانی دەدا، خۆی بەغەریب دەزانی، هەستی دەکرد لەناویاندا زیادە، ئەوا ئەم ئێوارەیەش نەك بەهەست بەڵکو بەبینین‌و ژنەوتن، بەزیادەی دەزانن‌و رێی ناکەنەوە، لەسەر یەکێ لەشۆستەی شەقامەکانی ناوەڕاستی شاردا، بت

ئاسا وەستا، حەپەسابوو جار جارێ دەنگی بەرزی یەکێ لەخۆپیشاندەرەکان رایدەچڵەکاند، وەئاگای دەهێنایەوە..

هەست بەغەریبی کردن، بووە مایەی گرژوبوونی خەمێکی تەڵخ رووی تێکرد، هەندێ فرمێسکی قەتیس ماوی چاوی یاخی بوون لەچاوانییەوە بێنەخوارێ، بەرەو هەناوی داچۆڕان، (بەڵێ پیاو نابێ بگریێ.. ئەوە نییە دایکم دەڵێ پیاو ئەو پیاوەیە رێ بەفرمێسکی خۆی نەدات، ببێتە شاهیدی بێدەسەڵاتیی!)

ئەو چەند دڵۆپە فرمێسکە بەرەو ناخ چووەی ئەحمەد، رەنگو روخساری مەردومەکانیشە لەگەڵ خۆدا بەرەو ناخ راپێ کرد.. ئیدی هیچ سیماییێکیان لەبەرچاوی ئەحمەدا بەبەرجەستەیی دیارنەبوون.. تارماییو سێبەرئاسا لەنێو بۆشایدا دەجولانەوە، بەزەین دەیبینین، دەنگیان لێوەدەهات.. دەنگەکان تێکەڵ بوون، نەیتوانی هێیان لەیەکدی جیاکاتەوە، بەپێەوانەی خەیاڵەکانی ئەم بەیانییەی بوو، نەیتوانی هێ دروشمێ بگرێتەدەس، نەبووە ئەو کەسەی بینێنە سەرشانو پەنجە راوەشێنێ، کەس هەست بەبوونی ناکات.. هەرکە بەئاستەم بەرچاوی روون دەبووەوە، دەکەوتە خۆدواندن:

(ئەمە ریزی گەنجە تورکمانەکانە.. چەند جوانە جلوبەرگەکانیان، کلاویان ناوەتە سەر، جامانەیش بەسەر شان، خۆ حیساب ناکرێن.. پێنج سەد، هەزار، دوو هەزاریش زیاترن.. ئا.. ئەوانەش کچانی تورکمانن، چەن رێكو شۆخن، پۆشاکەکانیان چەند جووانە، کلاوەکانیان بەپولەکەی



رەنگاورەنگ چنراوە، رەنگی سوخمەو کراسەکانیان چەند گونجاون.. چەن زۆرن، دوو دوو و سێ سێ دروشمیان پێیە، وێنەی عەبدولکەریم یان بەدەستەوەیە، زەدەخەنە بەسەر لێوانیانەوە پەرش دەبێتەوە.. ریزی کوردەکان چەند زۆرن، هەموو هەر رانکو چۆغەو جلی کوردیان لەبەرکردووە.. ئەوە ریزی کچە کوردەکان هاتن، جلەکانیان وەك خۆیان دەبریسکێتەوە، چەن رەنگاورەنگو جوانە.. ئا.. ئەوە خۆ هیام-ە جلێکی کوردی سپیو کەوای سپیو کۆترێکی سپیشی لەسەر دەستە، هەرچیەك دەڵێ کچە قوتابیەکان بەچەپڵەرێزانەوە بۆی دووبارەدەکەنەوە.. ئەویش ریزی عەرەبەکانە زۆربەیان، دەسیان بەدەستەوەیە، ژنانو کچانیشیان جلوبەرگی عەرەبیان لەبەردایە.. ئای کە جوانن، چەند بەکەیف خۆشییەوە دروشمەکان دووبارەدەکەنەوە.. ئەوەش ترکێفیەکان.. ئاشوریەکان، ئەو پەرە رەنگاوڕەنگەی سەر کلاوەکانیان چەن جوانە).

خۆپیشاندەران بەبەردەمی ئەحمەدەوە تێدەپەڕن، ئەمیش بەجۆرە سەرسوڕمانێکی خەم ئامێزەوەو بەسەرنجی کەیل دەیپێچانەوە، وەك غەریبێ بێجوڵە سەیری شەپۆلی مەردومەکانی دەکرد.. وەك ئەوەی چیدی شانەکانی مێشکی توانای ئەوەیان نەمابێ دەنگو رەنگو جوڵە تۆمارکەن، سەری ئەحمەد کاس ببوو.. ریزی مەردومەکان هەر دەرۆیشتنو ئەحمەدیش هەر وەستابوو لەتێڕامانێکی سەیردا تواببووەوە.. تەنانەت نەیدەتوانی بەزەییشی بەخۆیدا بێتەوە، لەدەروونو هەناو مەیی بوو، بەچاو و گوێش دەیبینیو دەیبیست.. لێلایی.. تێکەڵو پێکەڵی..

لەپڕ دەنگی دوو سێ تەقە وەك گەلەگورگ کەوتبێتە نێو چەند مێگەلە مەڕێکەوە، ئاوها ئەو تەقانە دڕی بەو حەشاماتەدا..

کوڕ ئەو کوڕە بوو خۆ لەپەنا نێت! چییە؟ چی بوو، پرسیارێ بوو لەسەر زاری زۆربەی خەڵکەکە دەنگی دەدایەوە، ئەو روخسارە گەشانەی کە چەن ساتێ لەوەوبەر ببوونە لانەی خۆشەویستیو نیشتمان پەروەری، رەنگیان پەڕی، بوونە لانەی ترسو پرسیار، پەشۆکان ئالآیە هەنگاوەکانیان، بگرەو بەردەو هاوار، قیژەو هەڕەشەو پاڕانەوە تێکەڵی دەنگی چەن تەقەییێکی دەسڕێژ بوو. جنێو و تووڕەبوونو ترس ئەو زەردەخەنەیەو پێکەنینەی لەمەوبەریانی رامالّی، راکردنو سەرسمدان، لێك کەوتنو پێخزانو شڵەژان سفتی ریزەکانی شاش کرد، هەر مرۆی لاواز بوو لەژێر دەستو پێدا دەیقیژاند، نەیدەزانی چییەو چی بووە، ئەوەی پێشی بەسەرا دەنا هەر نەیدەزانی چییەو چی بووە؟

ئەو تێکرژانە، بووە پرسیارێکی گەورە، کەسیش لەو(کاتەدا) هی ئەوە نەبوو بوێرێ وەڵامە راستیەکەی ئەو (ئاشوبە) بداتە گوێی ئەو مەردومە بەیەکاچووە (خۆنەناسە) هێدییان کاتەوە، ئارام بگرن.. هەرکەسێ بی وتبا:

کوڕینە، چەن هەرزەییێکی خۆفرۆش، دەیانەوێ ئێوە بکەن بەخەڵوزو مقاشو خۆڵەمێش.. هەرکەسێ ئەمەی لەدەم هاتبایەتەدەر، ئەوایەکسەر لەگەڵ تەواوکردنی قسەکە، تەواویان دەکرد.. تا دەهات خەڵکەکە زیاتر دەشڵەژانو چاکتر تووشی شێتگیری دەهاتن، گەورەو بچوك، نێرو مێ



بەقیژەو هاوار، پاڕانەوەو جنێو، ئەمسەرو ئەوسەریان دەکرد، رایان دەکرد، ئەحمەد بت ئاسا چۆن وەستا بوو ئاوها لەئاستی ئەم دیمەنەشدا بێجووڵە بوو..

هەندێ زەلام —لەبەرچاوی ئەحمەدا- گەنجێکی تورکمانیان گرتبوو هەریەکەو بەئارەزووی خۆی تێی بەربوو، بەشەقو زللە، دارو تێلا شەکەتیان کرد، پاشان زەلامێکی کەتەی (چوار خەت) ئازایەتیو پیاوەتی خۆی نواند!!گەنجە تورکمانەکەی لەدەستی خەڵکەکە سەندەوە.. تورکمانەکە نزاو پاڕانەوە لەچاوانیەوە دەتکا، ئەوەندەیان لێدابوو تاساندبوویان، زمانی بەسرابوو خۆی بەپێوە بۆنەدەگیرا، (کابرای چوار خەت لەشان) دەستی برد دەمانچە (تۆپڵی)یەکەی دەرهێنا، ناڵەی لێوەهەڵسان، گەنجە تورکمانەکە بەدەما کەوت، ویستی هەڵسێتەوە، تەقەییێکی دیی دەمانچەکە بەسەر پشتا خستی! دەستی بەلەقەفرتێ کرد (چوار خەت) لەشانەکە هەندێ خۆی شۆڕکردەوە، لولەی دەمانچەکەی نایە تەوقی سەری، پاش تەقەی سێهەم، تەنها دەنگدانەوەی تەقەکان نەبێ هیچ دەنگێ لەدەنگەکانی ئەو هەراو هۆریایە لەمێشکی ئەحمەد دەنگی نەدەدایەوە.. ئەحمەد وەك بڵێی باوەڕی بەچاوانی خۆی نەبێ، چەند جارێ لەسەریەك بەهەردوو دەست چاوانی خۆی هەڵدەگلۆفیو بەپەلە پێڵووەکانی لەیەك دەنا، چەن ساتێ لەوەوبەر گەنجە تورکمانەکەی بەبەرچاودا تێدەپەڕی، کە چۆن تێی بەربوون، سەروچاو و سنگ، بەشەقو تێلا دادەپلۆسی.. ئەحمەد دەیزانی کەسێکیان ئەو گەنجەیان نەدەناسی،

نەیاندەزانی ناوی چییەو چ کارەیە کەچی لەحیسابی هەمووشیاندا خاینی ولاَتو کلکی ئیستعمارە!! ئەویش تەنها لەبەرئەوەی جلی تورکمانی لەبەربوو و هێی تر!!

هەرکە خوێن، بەر دیدەی گەنجە تورکمانەکەی گرتبوو بەسەرو ملیا دەهاتەخوار، کەسێکی نەدەناسییەوە بەئاستەم نوزەی لێوە دەهات، رووی بەرەو ئەو لایە وەردەگێڕا کە شەقو زللەو تێلاَی لێوە دەهات، لە چ لایەکەوە بێ بەری نەدەکرا، سەر وەك بێشکەی ماڵە هەژارێ، هەر ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد، سەریان لەتێك دابوو.. سەرسام بوو، گەنجە تورکمانەکە لەسەر شۆستەی شەقامەکەدا، ئارامی هەمیشەیی گرتبوو.. ئیتر نە پاڕانەوە نە سەرنجی بەزەیی ئامێز، نە هەڕەشەو تێهەڵدان، نەیتوانی ئەو ئارامو هێمنییەی بشێوێنێو سەرسامی ئەحمەدیش بڕەوێنێتەوە، هەرکە گەنجەکە بۆ دواجار چاوی لەیەك نا، هەناسەیێکی ئاگرین، گەرماو شێتگیری شاری تیادا ئامێتە بوو، لەنێو سیەکانی ئەحمەدا لەنگەری گرت.. بیستبووی هەرکەسێ بمرێ وا وشەو دوا نیگای لەگوێو چاوانیا دەپارێزێ.. وایزانی لەگەڵ دەنگی دوا تەقەکەدا دەنگی (ئاخ) هکەی ئەمیش لەنێو گوێی گەنجەکەدا دەبێتە شاهیدێکی راستگۆی ئەم تاوانکارییە.. دواسەرنجی گەنجەکەش لەنێو بەیەکاچوونو تێکچڕژانی شێتگیران، مناڵێکی سەرسامو حەپەساو دەبێتە شانیگای ئەو جووانەمەرگە!

*



ئەگەر بکرێ دوا وشەی گوێی کوژراو، هەر کوژراوێ بێ، بخرێتە سەر کاغەز، رەنگە مرۆڤ نەتوانێ لەئاستی دەنگدانەوەی ئەو وشەیەدا خۆی بگرێ! دەشێ وشەیێکی ئەوتۆ بێ سەراپای رووپێوی مێشکی کوژراوی داگیرکردبێ.. دوور نییە هەر لەسەرەتای تەمەنیدا گەڵێ جار و بێمەبەست ئەو وشەیەی تێکەڵ بەگۆڕانییێك کردبێ، لەوەختو ناوەختا بەسەر دەمیا هاتبێو دووبارەو سەدبارەی کردبێتەوە.. خواوەند هەرگیز مرۆڤی بۆ جەنگو کوشتار خەلق نەکردووە.. هەرگیزیش تا سەر مرۆڤ ناکوژێ.. دەشێ کوژراو، پاش مەرگو حەسانەوەی، پاش ئارامو هێمنی، بەبێدەنگییەوە، بکوژی خۆی بکوژێت..

کوشتنێ بەچەن پلەیێکی سامناکدا، بەچەن قۆناغێکی ترسناکدا تێپەڕێ، هێدی هێدی بەچەند (سەدە ئێشێ) گیانی بکێشێ، لەسەرەتا پیاوەتیی، وردە وردە ویژدانو حەسانەوەو خەون، ئەوجا گیانی دەردێنێ، واتە هەموو کوژراوێك دەبێتە بکوژ، بەلاَم جۆرو کاتو شوێنی کارەکە دەکەوێتە نێو تەرازووی (بێخەتاییو رادەی خاوێنی) تا چەن سەدەیێکی دیش مرۆڤ دەستەوسان دەبێ لەئاستی دۆزینەوەی چەکێکی کاریگەرتر لەچەکی (بێخەتایی) ئیتر هەر بکوژو کوژراوە دەبنە خاكو بۆ ئێمەیش دەبنە نیشتمان.. گەر پیاوکوژ بۆ جارێ پەنجە لەکوژراو بکێشێتەوە، ئەوا سەد ئەوەندەش پەنجە لەویژدانو رەوشتو مرۆڤایەتی خۆی دەکێشێتەوە.. دووریش نییە کوشتنکاری تاقیکردنەوەیێکی مەزنی مرۆڤ بێو تاقە پاکانەش بێ بۆ مرۆڤایەتی خۆی، ئاینو رەوشتو بیر، کوشتنو کوژرانی

لەیەکدی جیاکردووەتەوە، سەردەمو باری سەرنجی کردووەتە پاکانەی هەریەك لەم دوو بیرە، کەچی هەرگیز لەکۆتایی بیری مرۆڤدا پاکانەی بکوژی نییە! ئیدی کوشتنکاری جۆرە سوالّی پاکانەی بوونە!

بوونێ لەمردندا ئەستونگەی دادەتەپێ.. مردنیش ئەم وشە پیرۆزە، ئەم دوا ئەزموونە بێسەلمێنەرە، ئەم نهێنی ئامێزە ژیانو بەهەشتی دنیای شادو دۆزەخی مرۆڤە!

*

خەلّکەکە زیاتر وروژابوون، چاکتر سەرگەرمی شێتگیری ببوون، ئەحمەد وەك ئەوەی لەخەو رابپەڕێنن دەنگی سەربازێکی کولّەبنەی کورتو کوێر رایلّەکاند:

- سەگباب تۆ چیت؟ زووکە بلّێ کوردیت یا نەء؟

ئەحمەد گەلی شانازی بەوە دەکرد کە کوردە، هەمو سەرمایەێکی ئەوەبوو بەسەربەستیەوە لەنێو منالاّنی گەڕەکدا دەیوت، من کوردم.. نەك تەنها خۆی بەم نەژادەی دلّی دانەدەمرکا، بەلّکو دەبا لەدەمی خەلّکیش بیبیستبا کە کوردە بۆیە گەلێ جار چەتوونی دەکرد، شەڕی بەمنالاّن دەفرۆش تا بژنەوێت (کورد کۆپەکی) دەیزانی ئەم وشەیە جنێوە، بەلاّم لەبەر چاونەترسیو ئازایەتییەتی وا بەتووڕەییەوە ئەم جنێوەیان دەدایێ، بەلایەوە جنێو گرنگ نەبوو گرنگ ئەوە بوو ناوی وەك کورد بهێنن، کەچی لەئاستی پرسیارەکەی سەربازەکەدا بۆ یەکەمجاری تەمەنی



بێزی لەوشەی کورد هاتەوە، بەشەرمەوە سەیری خۆ کرد کە لەنێو ئەم گەلە گورگە برسیەدا ئەمیش کوردە!

- سەگباب قسە بکە کوردیت یا نەء؟

تارمایی وشەیەکی خەجالّەت ئامێز نیشتە سەر لێوەکانی ئەحمەد، ویستی بێتە زمان، کەچی لێوەکانی بوونە یاساولّ نەیانهێشت ئەو وشە پیرۆزە لەدەمییەوە بێتەدەرێ، بلەوتێتە پیسیو نەگریسی ئەو گوێیەی کە چاوەڕێی وەلاّمی لێدەکات.. ترس بووە دەمامکێکی بزە ئامێز روخساری ئەحمەدی پۆشی، لەسەریەك وتی:

- ئا.. ئا.. منیش.. ئا..

- لەژێر دەمامکەکەی روخساریدا، تووڕەبوونو هەلّچوونێکی بێئەندازە بەرەو ناخی دەچوو، نەیدەتوانی باوەڕ بەخۆی بێنێو بێتەگۆ (وشەی کوردم) لەدەمیا نەلەزریو بەداڕزاوی نەبێتە دەر، نەیوت کوردم..

هەرکە وشەی ئا.. ئا.. منیش.. لەدەمییەوە هاتەدەر، وایدەزانی ئەم وشانە رۆحو قەوارەیان هەیە، بەتەوسەوە سەرنجی خاوەنەکەی دەدەنو پێی دەلّێن (ترسنۆك) بۆیە لەکاتی دەربڕینی ئەو وشانەدا چاوەکانی نوقاندنو بەشەرمەزارییەوە دانی بەوشەکانا دەنا، هەرکە چاوەکانی کردەوە — بۆئەوەی بزانێ سەربازەکە قەناعەتی هێناوە یا نەء- کەچی لەباتی سەربازەکە دیمەنی خۆی هاوێشتە نێوچاوەکانی، مەیی، واقی وڕما، چاوانی داچەقان، بوونە چوارچێوەییێکی بێسنووری ئەو دیمەنە،زۆری

لەخۆی کرد ببزوێ، ئیرادەی بەسەر هەنگاوەکانیا نەمابوو، چاوی لەسەر دیمەنەکە لادا، کەچی خوێنی گەنجە کوژراوەکە وەك شەقازللەیێك تووند بلاچەی لەچاوانی هەڵسان کە بینی خوێنی گەنجە کوژراوەکە بەباریکە هێڵی خۆی گەیاندووەتە سەر (کاڵە سپییەکانی) لەرز دایگرت، دانەوییەوە بەهێمنیو جۆرە ڕێزێ جووتە کاڵەکەی داکەند، نایە بن هەنگڵییەوە.. هەرکە چاوی بەرزرکردەوە دیمەنە نوێیەکە زیاتر نزیکی ببووە، بەجۆرێ حەپەسا، تەنانەت نەیدەتوانی چاوانی، بتروکێنێ کچێ رووتو قوت کراوەتەوە، چەن کەسێ ئەم لاو ئەولایان گرتووە، دڕ بە خەڵکەکە دەدەنو بەناو شەقامەکەدا دەیگێڕن، تەمەنی (١٤-١٥) ساڵان بوو، باڵابەرزی قژ رەشی پێست سپی، ترس وای لێکردبوو هەست بەوە نەکات رووتە بەجۆرێ حەپەسان هەڵنیشتبووە سەر روخساری دەنگی لێوەنەدەهات، چاوەکانی وەك دوو پشکۆی گەش دەبریسکانەوە، ئۆقرەیان لێهەڵگیرابوو، بەهەموو لایەکا دەیانڕوانی، ئەو جووتە چاوە گەشە، لەوساتەدا ئەوەندە دڵسۆزی ئەرکی خۆی بوو بۆ هەزاریەکی ساتێ لەسەر چ دیمەنو روخسارێکدا نەدەوەستان، ئەو چاوانە چ مرۆڤێکیان بەدی نەدەکرد.. باڵیان گرتبوو بەناو خەڵکەکەدا دەیانسوڕانەوە، ناوبەناو کەسێکی (هار) خۆی رادەپسکان،، شەقێ یا زللەیێکی پیادەکێشا، کچە رادەچڵەکی سەری بەهەموو لایەکدا بائەدا، کەسێکی مرۆی نەدەبینی بچێتە هانایەوە، هەرکە جار جار سەری بەرەو ئاسمان بەرزدەکردەوە، بەجووانی چاوە گەشەکانی دەبینرا، کە چۆن ئەو فرمێسکە بێدەنگانەی



کلی چاوانی رادەماڵیو تێکەڵی ئارایشتە ئاڵەکەی سەر گۆنای دەبوو.. تك تك ئەو فرمێسکە رەنگاورەنگە بەسەر سنگیدا دادەبارێ، کچەکە بێئەوەی گیانی دەرچووبێت، بەرەنگ، بەدەنگ، بەئومێدو هیوا مردبوو، کەچی دەجوڵایەوە، بی ئاسا دەلەرزی، هەرکە پرچە درێژەکەی دەهاتەسەر روخساریو بەرچاوی دەگرت، بەسەر راوەشاندنی پرچەکەی بەرەو سەرشان وملی دەبردەوە لەگەڵ سەر راوەشاندنەوەیدا چەند دڵۆپە فرمێسکێ وەك تفی لەعنەت بەر روخسارو سەرولەشی دەوروبەرەکەی دەکەوت، کە بازنەیێکی سفتیان بۆ دروست کردبوو.. چ کەسێ نەیدەزانی بۆ وا لەو کچە دەکەن.. تەنها تاوانەکەی ئەوە بوو جلی میللی تورکمانی لەبەردابوو.. چاوانی کەسانی دەوروبەری تینوی خوێن بوون، شەهوەتیش هانی دەدان بەنەوسیێکی دڕندانەوە سەرنجی لەشی بدەن..

هاوارو فیژەیێکی ئەحمەد لەگەڵ دەنگی (ئاخ)ی کچەکەدا تێکەڵ بوو، کاتێ کە هەرزەیێکی نەگریس بە (قامە) سكو سنگی کچەکەی هەڵدڕی وەك مریشکی سەربڕاو لەبەرپێی خەڵکەکەدا هەڵبەزو دابەزی پێکرد، بەخوێنە گەشەکەی ئەو شەقامە پیسەی رەنگ کرد.. خەڵکەکەش پێیان بەسەر خوێنو جەستەیدا دەناو دەڕۆیشتن.. جووتە چاوانی کچەش لەکاتی گیانەڵادا جۆرە پرتەپرتێکی سەیری دەکرد بەژانو ترسەوە دیمەنی ئەو خەڵکەی پیاوە، دەستە سپییەکەیو پرچە رەشەکەی لەنێو خوێنی سوورو پیسی پێڵاودا ئامێتەی جۆرە رەنگێ بوو کە هەرگیز پیسترین تاوانی لەبەر ئەو رەنگەدا خۆی بۆنەدەگیرا..

سەعاتەوەختێ لەوەوبەر ئەحمەد گەلێ دڵی چوو بووە ئەو جلو بەرگە میللیەی تورکمانەکان کە ئەوەندەی دی روخساری بێگەردو جوان، قەدوباڵای فریشتەئاسایانی رازاندبووەوە، بەرێزەوە بەتەنیشتی یەکدی دەڕۆیشتن، بەتورکمانی سرودی خۆشەویستیو دڵسۆزییان بۆ وڵاتو برایەتیو مرۆڤ دەوت، دەستە ناسکەکانیان چەپڵەی نازو خۆشەویستی لێدەدا، بەرەوتێکی ئەوتۆوە هەنگاویان هەڵدەهێنا، وەك ئەوەی (زەوی دایك) هەنگاوەکانیان ماچ کاتو زیاتر بیگوشێتە خۆیەوە ئاوها بەنەرمە رەوت شەپۆلیان دەدا، ئەحمەد لەئاستی ئەم دوو دیمەنەدا ئاگای لەوە نەما کە خەڵکەکە بەچ جۆرێ پەلاماری تورکمانەکان دەدەن، دەسبەجێ دەیانکوژن.. دوکان شکاندنو تالانکردن تێکەڵی خوێن رشتن ببوو.. ئەگەرچی نێوانی کوڕە گەنجە کوژراوەکەی بەردەمی ئەحمەدو کچە کوژراوەکە دوو سێ مەترێ دەبوو، کەچی لەنێوان ئەو دوو سێ مەترەدا شێت ئاسا بەپەلەو راکردن خۆی لەدەستی نیگای ئەو دوو تەرمە رادەپسکان، ئەمسەروئەسەری دەکرد، لەنێوانی دوو تەرمەکەدا نەیدەتوانی هەنگاو بەدیوی ئەولایانەوە بنێ.. خوێنی کوڕو کچەکە لەباریکە هێڵێکدا یەکیان گرت، جەمسەری پیرۆزی خوێنی تێکەڵ پەیمانیان بۆ نەوەی داهاتوو گرێدا.. ئەحمەد هەر ئەمسەروئەوسەری دەکرد، خوێنە تێکەڵەکەی نێوانی دوو تەرمەکە بۆ ئەحمەد پەرژینێکی ئەستووری دڕکاوی بوو نەیدەتوانی بەسەریدا بازبداتو خۆی دەربازکات، هەر ئەمسەروئەوسەری بوو، خەڵکەکە لەنێوان شەهوەتی خوێنڕشتنو



لەززەتی گەوجایەتی گەمارۆیان بەخۆدابوو، ئەوانیش لەنێو پەرژینێکی ئەستووری دڕکاوی هەڵپەرستیو هەڵپەدا دەسوڕانەوە!!

دەنگی خوێن ئەحمەدیشی وەکوو خەڵکەکە هەراسان کردبوو.. دەنگەکە ببووە دوو بەش، یەکێکیان بەلەسەرو تینو لەدەروونی زۆربەی ئەو خەڵکەدا بوو خوێنی دەویست.. ئەوی دییان دەنگی خوێنی ئە دوو تەرمە بوو، کە ئەحمەد نەیدەزانی چییان دەوێ! یا چ گوێی مرۆڤێ بای ئەوە نەبوو حاڵییان بێ!

نەك ئەو ئێوارەیەو بەس، رۆژی داهاتوو رۆژێکی تریش وەك دەیانووت (راوە تورکمان) بوو، گەلێ جار مێژوو تاوانکاری ئاوها لەدووتوێی خۆیدا پاراستووە، بەڵام چ جارێ نەیویستووە بەخوێنی بێتاوانان لاپەڕەکانی خۆی بنەخشێنێ، بۆیە دووبارەبووەتەوە، ئەگەر ئەوتاوانکارییەش بەخوێن نەنوسرێ ئەوا هەر دووبارەو سێبارە دەبێتەوە!

گەر جووتە چاوێکی روونبین لەو سێ رۆژەدا کەرکوکی دیبا:

ئەوا:

لەهەر رۆژێکیا دەیان کەس کوژراوی دەبینی بەگوریسەوە بەستراونەتە دوای سەیارەو بەمردوویەتی رایان دەکێشن، شەقامەو شەقامیان پێدەکەن، خەڵکەکەش بەدارو بێڵو بەرد بەدوویانەوەن..

سەدان دوکانو ماڵ بەتاڵان دەبرێن، سەدان ماڵە تورکمان بەجۆرە پارانەوەییێکی شەرم ئامێز خۆیان دەکرد بەکورد! هەزاران ماڵە کوردی

بەشـــەرەفیش بـــەرەوپیری ماڵـــە تورکمانـــەکان دەچـــوونو لـــەناو ئـــەو (خەڵکەشدا) دەیانوت: خزمی ئێمەن..

ئەحمەدیش کالەکەی لـەماڵێ دانـا، نـە شـۆردیو نـە لـەپێی کـردەوە، گەلـێ جار بۆ چەن دەقیقەییێك بەجۆرە سەرنجێکی سۆفییانە تێیان رادەما!

خەجێ هێـی رووداوەکـانی نـەبینی، بـەڵام کـەم کـەس ئەوەنـدەی ئـەو فرمێـسکی رشـت.. بـەو هـەمـوو سـاکارییەی خـۆی دەیزانـی مەسـەلەکە کوردو تورکمان نییە!

❊

# ٦

سێبەری بێزاری سەراپای داپۆشیبوو، فرمێسکە بەردینەکانی چاوی یاخی بوون، نهێنی روداوەکان ئاڵاّبووەنە روخساری رەنگی هەموو شتە مادییەکانی بەرچاوی گۆڕابوون، لەسەر هێ رەنگێکا هێ یەکێکیان نەدەوەستان، زەرد دەبووە سوور، سەوز دەبووە شین، سەرئەنجام لەنێو رەنگی بۆرو رەشدا مەلەی مەرگیان دەکرد.. بێهودەی ببوو بەسێبەرێ هەمیشە لەگەڵیا دەبزوا، فکری هەند تێکەڵو پێکەڵ بوو، تەنانەت بۆ خودی خۆیشی، هێی بۆ شی نەدەکرایەوە، گەلێ جار هەوڵی دەدا، سەری باسێکی دەگرت کەچی پاش چەند ساتێکی دی لەنێو باسێکی دیی بێبایەخدا خۆی دەبینییەوە، بێزی لەخۆی دەکردەوە —نەك تەنها لەخۆی- بەڵکو سەراپا میللەتەکەی پۆش ئاسا دەکەوتە بەرچاو- کە چۆن وا



بێقیمەت بوونو خەڵکانێکیش بەمیکرۆبو بەمایەی هەموو نەخۆشیەکی پیسی دەزانن.

(سەراپای میللەتێ بفرۆشرێ؟)

ئەمەیان بەعەقڵیەوە نەدەچوو.

- ((خوێنی زۆربەیان دۆشین، چیاو بەردیان پێ رەنگ کردین، زیندانو ئیعدامو ماڵ وێرانیان پی ئاوەدان کردینەوە، دواییش، وەك پێڵاوە کۆنێك تورهەڵدراین.. سەرانگوێلیش —نەوەك پیس بێ- نامانگرێتە خۆی!! بێزمان لێدەکاتەوە. مێژووی رەسمیش توڕی هەڵداوینەتە نێو لاپەڕە نەگریسو بۆگەنەکانیو بەنێوی (ئەڵقە لەگوێو نۆکەرو پیاوی ئیستعمارو زایۆنیەت!) ناومان دەبات)).

لەنێو بەیاننامەو هەڵسەنگاندنی پارتە پێشکەوتوخوازەکانیشدا بەبوودەڵەو بێنمودو گەوجو کرێگرتە ناودەبرێین..

سەراپای میللەتێ گەوج بێ؟ چۆن؟

چەن دوژمنمان هەبوو؟ کام دۆست لەسەرمان هاتەگۆ؟ کێ دانی خێری پیادا ناین؟ شا؟ بەڵێ شا.. ئەمریکا.. ئیسرائیل.. هەندێ لەوڵاتانی عەرەب.. ئەدی ئێستا؟!

بۆ دۆڕاو و بەزیو دەتوانێ پاکانە بۆ بەزینەکەی خۆی بێنێتەوە؟! نازانم چ پێشەوایەکی عەسکەری فەرموویەتی: ((جەنگ سەرکەوتنو بەزینە، بەزیویش هەمیشە لەسەر خەتادایە)).

هەرگیز ئەحمەد ئەوەندەی ئەم ساتەی تەمەنی تووڕەو دڵگیر نەبووە.. نەیزانی چۆن وا بەشەقامەکاندا دەڕواتو چۆن گەیشتە ئوتێلی (شەلماشی) چۆن لەنێو هاوڕێکانیا دانیشت! دەسەڵاتی بەسەر دەنگی خۆیەوە نەما، بێ ئاگا بوو لەوەی بەدەنگی بەرز دەدوێ:

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن، هەرگیز نابێ وابێ

حوسێن-یش بەهەمان دەمارگیرییەوە لەگەڵ ئەحمەد دەدوا:

- بەلای منەوە چاکترە.
- نەخێر چاك نییە..
- دەڵێم مانەوەمان لەنەمان چاکترە.. رەنگە دەرفەتێکی دی..
- دەترسم ئەمیش بە (مان) بژمێرێ؟
- مانێ، بەپێوەری عەقڵی ئەم سەردەمە، ئا!!
- جا ئێمە لە چ سەردەمێکداین؟
- ئەو سەردەمەی هەستی پێدەکەین..
- ئەوەی دەمانهاڕێ؟
- هەموو سەردەمێ بەشێکی کەسانی خۆی هاڕیوە..
- جا ئێمە ئەو بەشەین؟ دەتەوێ بڵێی سەردەم وای بەسەرهێناین؟
- هەر تەنها سەردەم نییە..
- ئەی چی ترە؟
- لەمن چاکتری دەزانی..



- بەکورتی ئەم درێژدادڕییەی ناوێ.. دەبێ بەجۆرێکی دی بیربکەینەوە.. دەنا..
- دەنا چی؟
- دەنا بێز لەخۆدەکەینەوە..
- ئەم جۆرە بێزهاتنەوە زەروورەتە، بەخۆداچوونەوەیە.. مایەی خۆئامادەکردنە، ئەڵبەتە گەلێکیش بەسوودە..
- بۆ کەی؟
- بۆ داهاتوو..
- کام داهاتوو؟
- پێم سەیرە گەر وابزانی ئیدی نەماین.. ئێمە یانی منو تۆو ئەم هاوڕێیانەمان، لەتیف ئەنوەر، شێرکۆ، سەلاح، ئەمانەین، نەماین بەڵام میللەت هەر دەمێنێو هەر سەریش هەڵدەداتەوە شۆڕشیش بەرپادەکاتەوە.. راستە ئیستا بێز لەخۆدەکەینەوە رەنگە نۆکەریش بکەین، بەڵام..
- بەڵام چی؟ قوربان سەراپای مێژوو هەر بێزمان لەخۆنەکردووەتەوە؟ کەم نۆکەریو ئەڵقەلەگوێمان قەبووڵ کردوە؟ کەم جاشایەتیو خۆخۆریمان تێدا بووە؟ بۆیەکدی کوژی کەم پەنامان بردووەتە بەر چەكو پارەو توانای دوژمن؟! کەم وانەی لەم بابەتەمان هەبووە؟ نازانم دەبێ داهاتوو کەی بێ؟! دەترسم ئەو رۆژە بێ کە میللەتانی دی چ پێویستیان بە (زەمین) نەمێنێ ئەوسا داهاتووی رۆشنو گەشو بێگەردی

ئێمە دەس پێ بکات!! ئەڵبەتە تۆ لەمن چاکتری دەزانی کە، چ میللەتێ هەندی ئێمە (شۆڕشی نەکردووە)و ئاشبەتاڵی نەبینیوە.. لەدوو سەد ساڵێکدا بیست شۆڕشو بیست ئاشبەتاڵمان بینیوە.. تۆ بڵێی کاری میللەتی ئێمە هەر شۆڕش بووبێ! وابزانم چ پێویست بەو بیرهێنانەوە ناکات کە چمان کردووەو چییان بەسەرهێناوین.. رژێمەکانی تورکو عەرەبو فارسو ئینگلیز، زۆڵەکورد، تۆپ تۆپێنیان پێنەکردووین؟! هەمووشتێکی خۆمان بۆ ئەوان نەدزی.. ئازایەتی خۆمان بۆ ئەوان نەدزی.. سامان، وڵات، پیاوەتی، چیمان بۆئەوان نەدزی؟! دزی ماڵی خۆمان نەبووین؟ چ دوژمنێکمان نەیانکردینە مقاش؟ نەیانکردینە پێڵاو؟ نەیانخەساندین؟ سەرچۆپیمان بۆ کام خوێنڕێژ نەگرتووە؟ ئیدی وانەو داهاتووی چی.. حەزدەکەم بزانم چ داهاتوو و وانەیەکت مەبەستە؟

- بەهەڵدا چوویت ئەگەر وابزانی مەزنی وانە لەپیرۆزی یا نەگریسی دایە، نەخێر بایەخە، سەرەکییەکەی لەوەدایە (کەسانی قوتابی خۆی) چ جۆرە رەفتار لەگەڵ سەرەنجامیا دەکەن! چ وەدەست دێنن، چی لێ فێر دەبن، چ شتێکیان پێ تورهەڵدەدا.. گەلێ جار تاقە دڵۆپە خوێنێکی بەناحەق رژاو بووەتە سەرەنجامی وانەیەکی چاك رەفتاری ئەوتۆ نەك رووبارە خوێنی میللەتێك بەڵکو دەریا خوێنێکی بەناحەق رژاو — کە سەرەنجام بەدڕەفتاریو کورتبینیو هەڵچوونو توڕەییو رەفتاری لەگەڵدا کراوە- بەهێزترە هەرگیز ون نەبووەو نابێ!



- دەشێ وابێ.. بەڵام بۆ ئێستاو ئەمڕۆی ئێمە من لەگەڵ پێوەانەی بڕیاری ئێوەم..

- بەڵام بڕیارەکەی تۆیش زادەی سۆزو تورەبوونە، ئەڵبەتە تۆ چاکتری دەزانی ئەو جۆرە بڕیارە پەلەیە، سەرەنجامەکەی تێکەڵو پێکەڵ دەبێ..

- گەلێ جار وانییە..

- مەبەستم بڕیاری ئاوها گرنگە، کاتو هێدی بوونی دەوێ، هەرگیز بڕیاری توڕەئامێز، سەرەنجامێکی چاکی نەبووە، دیارە، نەکردنی کار لەپەشیمان بوونەوەی پاش کارەکە چاکترە، ئەگەرچی سەرەنجامی کارنەکردنەکە دەکاتە سفر، بەڵام پەشیمانی لەکار دەکاتە ژێر سفر.

- باوەڕناکەم ئەوەندە بێ ورە بن..

- خۆ فێری ورە بەرزیشمان ناکەیت

- فێرکردن، نەء، بەڵام هاندان.. ئا..

(لەتیف) یەکێ بوو لەو پیشمەرگانەی کە بەوردی گوێی بۆ ئەم ئاخاوتنەی حوسێنو ئەحمەد شل کردبوو، بەجۆرە نوزەیێکی بیستراو خۆی تێهەڵقورتاند:

- بڕیار لەکاتی ئاوهادا غیرەتی دەوێ تەئییدکردنی پرسیارەکەی کاك حوسێن غیرەتو ئازایەتی دەوێ، هەروەها بڕیارەکەی ئەحمەدیش غیرەتو لەخۆبوردنی دەوێ، من بەش بەحاڵی خۆم سەرم لێتێکچووە.. نازانم خۆیشم نازانم چی بکەم، بەڵام زۆرم پێ چاکە وردتر بڕواننە

مەسەلەكە، چ پێویست ناكات قسەو روداوی كۆن بجوونەوە.. ئیدی ئاشبەتاڵەو با هەریەكە بیر لەوەزعو حاڵی خۆی بكاتەوە.. بەهەرحاڵ من لەگەڵ زۆربەدام.. زۆربە چ بڕیارێ دەدات من لەگەڵیا دەبم..

ئەحمەد وەك هەمیشە گەلێ رقی لەوشەی (زۆربە) دەبووەوە، قەناعەتی وابوو پشت بە (زۆربە) بەستن جۆرێكە لەخۆدزینەوەو ترس لەمەسئولیەت، پێێ وابوو ئازایەتی لەجۆری بڕیاردا بەرجەستە دەبێ، وەك فیشەكەشێتە بەرووی لەتیفدا تەقییەوە:

- (زۆربە) زۆربەی چیتە، دەتەوێ زۆربەیان بچنە پای قەنارە، ئەویش هەر لەبەرئەوەی زۆربەتان بڕیاری (چوونەوە) دەدەن وابزانم چ كەسێ ناتوانێ رێ لە (ئیختیاری) كەسێكی دی بگرێ.. هەركەسەو خۆی سەرپشكە، ئەڵبەتە خۆی بەرپرسیاری سەرەنجامە..

حوسێن هەستی بەسەنگو كاریگەری قسەكانی پێشووی خۆی كرد، وایدەزانی ئەوانەی بێدەنگن پشتگیری رایەكیان كردوە، لەتیفیش لەگەڵ زۆربەدایە، ئەوا ئەحمەد بەتاقە نەفەری دەمێنێتەوە.. حوسێن پشت ئەستورانە وتی:

- جا بۆ لەئێستاوە حوكم دەدەیو دەڵێی: دەچنە پای قەنارە، وادەزانم لەمەشیان هەر بەخێراییو تورەیی حوكمی خۆتت دا.. ئەوا میری (عەفو عام)ی دەركردووە، هەزاران پیشمەرگە بەخۆو بەچەكەوە تەسلیم بونەتەوە، هەموویانیش –بڕیار– وایە بگەڕێنەوە بۆ سەركارو كاسبی



پێشوویان.. باشە تۆ خۆت بەر لەپێنج شەش مانگێ نەتدەووت دەبێ پایدۆسی لێبكەین..

ئەحمەد گەلی دەمارگیر بوو، رەنگی سوورهەڵگەڕا نەیدەتوانی بەوردی دان بەسەر وشەكانی خۆیدا بنێ.

- تۆ.. ت.. تۆ.. هەر بیر لەوەزەیفەو..
- وس بە.. ئەگەر ئاوها بیرم بكردایەتەوە، ئەمساڵە لەگەڵ ئێوەدا نەدەبووم.
- بەڵام لەگەڵ (زۆربەدا) بوویت.
- بۆ (زۆربە) وەزیفە پەرست بوو؟
- مەبەستم بڕیاری بەشداریكردنت زادەی بڕیاری (زۆربە) بووە بەزۆربە چیاتان هەڵبژارد، ئێستا لەم كاتە ناسكەدا دەتانەوێ زۆربە بچنەوە تەسلیم بن..
- جا چاكە گریمان لێرەدا ماینەوە، چی بكەین؟
- كەی من وتوومە لێرەدا بمێنینەوە؟
- ئەی بچین بۆ ئەوروپا؟
- كەی باسی ئەوروپام كردووە؟
- كاكی برا، گەر دەتەوێ لێرەدا بمێنینەوە ئەوا پێشەكی حەزدەكەم ئەوە بزانی (دەروازەكانیش) تامی نەماوە، ئەگەر وەك پەناهەندی بچینە ئەوروپا، ئەوەیان نەء و..

ئەحمەد نەیهێشت قسە تەوس ئامێزەکانی حوسێن رەوتی خۆی وەرگرێ، زوو قسەکەی بڕی..

- هەرگیز نەمووتووە لێرە بمێنینەوە، یان بچین بۆ ئەورووپا تۆ دەزانی.. هەمووتانیش دەزانن مەبەستم چییە.

- ئەڵبەتە دەزانین.. دەتەوێ بڵێی بەرگری دەکەین، چاکە ئەوان تەواویان کرد، ئەوجا نۆرەی ئێمەیە، برا جەنابت هەرزەکارانە بیر لەشۆڕش دەکەیتەوە.. کەم تۆپی تەیارە شکێنمان هەبوو؟ یا ژمارەی پێشمەرگەکانمان کەم بوو؟ ها سەدو بیست هەزار پێشمەرگە، تەنانەت سەدوبیست دکتۆرو، دووسەد ئەفسەری گەورەو چوار پێنج وەزیر، شەست حەفتا ئەدیبو شاعیر، سەداپەنجای جەماوەری کورد.. ها؟ ئا ئەمانە هێیان پێنەکرا، قوربان ئێستا دەتەوێ بەم هەشت نۆ کەسە برسیو شکست خواردەیە شۆڕش هەڵگیرسێنینەوە؟ گریمان چووینەوە بۆ چیاکان، بەچی بژین؟ کێ؟ چ ولاتێ یارمەتیمان دەدا؟ وابزانم ئەم تەمەنەی ئێمە تەحەمولی تەنها یەك ئاشبەتاڵ دەکات.. من بۆ خۆم ئامادەنیم بناغەی ئاشبەتاڵێکی دی دارێژم ببوورە..

ئەم قسانەی حوسێن گوللە ئاسا سۆزو عەقڵی ئەحمەدی پێکا یەکدوو جار ویستی بەتەوسەوە وەلامی باتەوە کەچی وشەکان لەدەمییەوە نەهاتنە دەر دەیویست بڵێ:

(بۆم بکرێ زمانی ئەو کەسانە لەبن دەبڕم کە بەخەڵکانی بێگانە پشت ئەستورنو داوای یارمەتی لەبێگانە دەکەن، خۆ وابەستەی بەرژەوەندی



ئەوان دەکەن.. کەی پێشمەرگە دەروێش ئاساکانی ئێمە پێویستیان بەیارمەتی هەیە.. چ یارمەتییێك؟

ئەوە نەبوو زۆربەی زۆری پێشمەرگەکان، رووتو دەربەدەر، بێپارە، چڵکن، برسی، ماندووبوون.. چ پیشمەرگەیێك توانیبێتی بەو هەشت نۆ دینارەی –کە مانگێ هەبوو سێ مانگ نەبوو- ژەمێکی تێروتەسەل بخوات؟ سەو برسی، رۆژ ماندوو و برسی، هاوینو زستان ماندوو و برسیو چڵکن، کێو ئەسپێ لەباخەڵیان تەراتێنییان دەکرد.. ئیدی یارمەتی ولاتانی دیی چی؟ کەی یارمەتی بۆ پێشمەرگە بوو.. هەر بۆ ئەم مەسئولو خزمی ئەو مەسئولو.. چەکو فیەکیش، ئەوا دوژمن زۆری هەیە.. نانی زۆرە.. چەکو نانەکەی ئەو، هی ئێمەیە ئەمڕۆ لەلای ئەودایە ئازاد ئەو کەسەیە لێی وەردەگرێتەوە، بکوژە لەبەرئەوەی دوژمنەکەت نانی پێیە، نانەکەش هەر هی تۆیەو ئەو دەیخوات بکوژە، لەبەرئەوەی دوژمنەکەت نانی پێیە، نانەکەش هەری هی تۆیەو ئەو دەیخوات، بکوژە، پشت ئەستووربە بەتفەنگەکەی خۆت رایی عامی عالەمی، نەك گوێ ناگرێ بەڵکو کەرە، گەر جاربەجاریش نوزەیێکی لێوەبێ ئەوە تەنها بۆ دەسەلاتدارانەو لەسەر ئەوان دێتەگۆ.. تفەنگەکەی خۆت دەنگی حەقە، بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان دەم کون کەری (مەجلیسی ئەمنە..ن) سرودی راپەڕین.. جوانترین وشەیە، پتەوترین رستەی حەقی پێدەنووسرێ.

کەچی ئەحمەد هەر هێی پێنەوترا، هانی خۆیدا بەدەنگی بەرز بەحوسێن بڵێ: نەفرەت لەو کەسەی ئەم بیانووە دەکاتە مایەی بێدەنگیو سستی خاویمان، نەفرەت لەو زمانەی کە دەیەوێ خەڵکی رابێنێتە سەر سواڵو سەدەقە..

کەچی ئەحمەد دانی بەخۆداگرت، زۆر بەهێمنیەوە وەڵامی پرسیارەکەی حوسێنی دایەوە:

- دڵنیابن، هەر ئەم هەشت نۆ کەسە نین، سەدان، هەزارانین، تەنها چاوەڕێی بلێسەکە دەکەن، ئیدی هەر (کەڵەپیاوە) و خۆی بڕیاردەدا.. رۆڵە راستەقینەکانی شۆڕش، ئامادەن..

حوسێن بەتەوسەوە وتی:

- وابزانم پێویست ناکات موحازەرەی شۆڕشگێڕیمان بۆ بدەی..
- موحازەرە نییە، وەڵامی پرسیارەکانی تۆیە..
- لەگەڵ ئەمەشدا کە موحازەرە بوو کەچی لەسەردەمیش دابڕاوی، لەئەلفو بێی سیاسەت نەگەیشتوویت هەر باسی (خۆ) دەکەیت بایەخێ بۆ دەوڵەتانو بەرژەوەندییان دانانێی، لەکاتێکیشدا (ئێستا) خۆت کوتاڵێکی کۆنی بێبایەخی ئەو سەوداو موعامەلەیەی دەوڵەتانی.. وەك لەمەوبەر وتم لەچیت کەم بوو.. شۆڕشێکی نموونەییت هەبوو.. هەموو بەرەو چینەکانی گرتبووە خۆی، ئاغاو رەنجدەر، نیوەچەپو ئەوپەڕی چەپو نیوەڕاستو ئەوسەری راست.. کەچی ئەمەیش سەرئەنجامەکەی بوو..



وشەی (شۆڕشێکی نموونەیی) خوێ ئاسا برینەکانی ئەحمەدی چوزانەوە.. راستە لەهەندێ لایەنەوە نموونەیی بوو بەوەی بەشە هەرەزۆرەکەی جەماوەری کورد، پێشمەرگەو لایەنگری بوون، ئەحمەد بەچاکی دەیزانی شۆڕشەکەیان ئاغاو رەنجدەر، راستو چەپی لەئامێزگرتبوو، ئەویش نەك سەبارەت بەئایدیۆلۆژییێکی روونو گەش بووبێ، نەخێر، تەنها هەستی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو وشە ساکارو پیرۆزەکەی کوردستان یەکی خستبوونو لەیەك زنجیرەدا کاریان دەکرد، وەنەبێ هەر چینو بەرەیەکیش خۆیو بەرژەوەندی چینەکەی فەرامۆش کردبێ، هەموو هەر لەسێبەری هەستی نەتەوایەتییەوە کاروپێویستی خۆیان وەئەنجام دەدا.. ئاغا هەر ئاغا بوو دەسەڵاتیشی زیاتر بوو..

(لەملا) -لای شۆڕش- گەر راوێژکار نەبا ئەوا لەبەرگی (ئامر هێز) یا (ئامر بەتالیۆن) بەهەندێ قسەی زلو فیشاڵ، بەدرەفتارییەکانی دادەپۆشیو بەردەوامی بەپیشەی ئاغایەتیەکەی دەدا، دەستو پێو نۆکەرو دەکەر، حەرەمخانەو دیواخان، دەس لەسەر سینەو زەردەخنەی مەکربارانە، بەپۆشاکی شۆڕش —گێڕانە- داپۆشرابوو..

(لەولاشەوە) —لای میری- سەرەك جاش بوو، گوند سووتاندنو چیاگرتنی بەقۆنتەرات لەمیری دەگرت تەنانەت سەلامیشی بۆ جوندی ئەوەل دەکردو پێی دەوت سەییدی!!

دەستو پێوەنەکەیشی (چش!)

لەملا ئینتهازیو ماستاوکەر لەریزی پێشەوە تەراتێنیان دەکرد!

لەولا دەبوونە مدیر عامو وەزیری کارتۆنی.

لەملا گەورەپیاوانی مەسئولیان دەنارده داخوازی فلانەکچی فلانـە ئاغا بۆ فیسارەکوڕە مەسئولی نەخوێنەوار.

لەولا واستەیان دەکرد تا کوڕەکەی فلانە مەسئولی خوێنرێژ کـچەکەی بخوازێت!

لەملا بەناوی (بعثات) بۆ فێرە ئەلفەو بێی مێبازی و قاچاغچییەتی کوڕی مەسئولەکانیان دەنارده دەرەوەی ولات.

لەولا بۆ جاسوسی دەنێردرانە دەرێی ولات.. لەقوتابخانە جاسوسییەکانی دەرێدا (مۆدێرترین) وانەی پیاوکوژیان دەخوێند.

لەملا مەسئولی گومرگ.

لەولا قاچاغچیو..

لەملا —بەستەزمانە- بەدوو ساڵ پێشمەرگایەتی فەقیرە ئارەقی شینو مۆری دەردا تا توانی سی چل هەزار دینارێك بەیەکەوە بنیو لەشاردا خانووەکەی بۆ تەواوبکەن!!

دایکی پێشمەرگەکەش دەیووت:

- چیمان دروست کردووە.. کونجێکە، پێمانی رەوا نابینن.

لەولایش ئەوەندەی بەرتیل لەرەشو رووتان وەردەگرتو هێندێکی بۆ مەسئولە قەسابەکانی میری دەبرد تا، بەقەد مەسئولێکی قەساب بەشێ لەدەواجنو مەزرەعەو سەیارەو ئوتێلی پەیداکرد! ئیدی ئینتهازییەکان چ لەملا یا لەولا بازاڕیان گەرم بوو و پەکیان نەدەکەوت..



ئەحمەد گەلێ دڵنیابوو کە شۆڕشەکەیان بەهەردوو بارەکەیدا نموونەیی بوو.. دەستو پێو نەفەر پێشمەرگە سادەو بەجەرگەکەیش، بەگوڕتر، دڵسۆزتر، لەخۆبردووتر لەمەیداندا بوون.. دەزگاییێکی داپڵۆسێنەریش، چەندین جەللادی راهێنابووە سەر (مۆدێرنترین جۆری ئەشکەنجەی سەدەی بیستەم) بێنمودو شەلاتی شارانی گرتبوە خۆی، بەندیخانەکانی خەلانو رایات، لە چ زیندانییێکی شۆڤێنیەکان کەمتر نەبوون، تەنانەت دێی دەربازبوونی وشەیان نەدەداو ئیعدامیان دەکرد.. خۆ ئەگەر هەندێ — خێرەومەند- نەبان ئەوا (رەئوف —یان) لەسەر چیرۆکێ سەرنگون دەکرد، یا بەقەد ژمارەی وشەکانی چیرۆکەکە شەقیان تێهەڵدەدا، دەبوایە کەسیش باسی نەکات، خۆخەریك بوو حوسێن-یش بەهەمان دەردی حوسێنی کەربەلا ببەن.. لەم لایەنەشەوە گەلێ نموونەیی بوو!! لەلایەکی دیشەوە لەئەوپەڕی نموونەیی خۆی دەنواند، هەزاران (بەرگری میللی) زۆربەی هەرەزۆریان بەپارەی خۆ چەکیان کڕی بوو هەموو خزمەتێکیان دەکرد.. میللەتیش بەتایبەتی لادێ نشینان، نەك بەنانو ئاو بەڵکو بەخوێن لەگەڵ شۆڕشدا بوون.. شۆڕش ئاسۆی رونیان بوو، هیواو ئومێدیان بوو، شۆڕشی شەقڵ بوو پیاوەتی نیشان دەکرد، خۆ خەڵکانی شارانیش زۆربەیان لەپیشمەرگە کەمتر نەبوون..

ئەحمەد هەند دڵنیابوو لەنموونەیی شۆڕشەکە ئەوەندە دڵنیا نەبوو لەئینسانیەتی خودی خۆی، بۆیە بەدان بەخۆداگرتنەوە وەڵامی حوسێنی دایەوە:

- بەڵێ نموونەیی بوو.. ئەوەتا سەرەنجامەکەی شاهیدێکی چاکە!!

(لەتیف)و (ئەنوەر) لەم گفتوگۆیە حەوسەڵەیان چوو بەیەك دەنگ وتیان:

- بیبڕنەوە.

لەتیف زیاتری وت:

- نەمان وت کاری کۆن بەبا نەکەین.. ئەم کەشە کەشمەی ناکەین هەرکەسەو خۆی بەرپرسیاری کاری خۆیەتیو..

ئەنوەر نەیهێشت لەتیف قسەکانی تەواوبکات.

- من چاوەڕێی بڕیاری کەس ناکەم.. من بڕیاری خۆم ئەوەیە، گەر حکومەتی عێراق بشمکوژێ.. هەر ئەوم پێچاکترە!

ئەحمەد بەهەمان دەمارگیرییەوە بەئەنوەری وت:

- خۆزیات بەمردن دەبێ.. چۆنت دەکوژێ.. هەموو ساتێك دەبێ بەمردنێ، لەرۆژێکدا دەیان جار دەمری.. لەبیرت نەچێ تەسلیم دەبی.. دەشزانی تەسلیم بوونەوە یانی چی؟

- دەزانم.. بەڵام لەم وەزعە باشترە.

- لەگەڵتام، لەم وەزعە باشترە.. لەهەردوو باشتر ئەوەیە، تا ئاسنەکە ساردنەبووەتەوە کارێ بکەین ئەشکەوت.. چیا.. بەفر.. ئەمانە کەرەستەی سەربەستین.. راستە بەئاسانی ناتوانین سەربەستی بۆ میللەت دابین بکەین، بەڵام هەر هێ نەبێ بۆ ئەم وەزعو حاڵەمان لەنێو بەفرو چیاو ئەشکەوتدا سەربەست دەژین بەسەربەستیش دەمرین..

ئەنوەر بەتەوسەوە وتی:



- تۆ بۆ سەربەستی خۆت بیردەکەیتەوە..

- ئەڵبەتە.. لەم کاتو شوێنەدا سەربەستی خۆم لەیاخی بووندا بەدی دەکەم، تا یاخی بم سەربەستم، دەنا مل کەچ دەبم.

- یاخی بوون هەر لەپێناوی یاخی بوون؟

- نەخێر یاخی بوون، لەتەسلیم بوونەوە لەملکەچی، لەسەر شۆڕیو پەناهەندەیی، لەشا و شێرو خورشیدو جامبازانی بازاڕی کوردایەتی لەدیوەخانی مەسئولە بەزیوو پەناهەندەکان، لەبەزەییو تەوسی خەڵك، لەچارەنووس، لەبێسەروبەری، لەئاشبەتاڵ.. یاخی بوون لەبێدەنگی.. من سەربەستیم لەیاخی بووندا بەدی دەکەم، یاخی بوونیش خوێنی سەربەستی دەوێو تاقە بناغەی وجودە..

- چاکە منیش بەپێی نیسبەتی سەربەستی بەتایبەتی سەربەستی خودیم، ئەو جۆرە سەربەستییەی بۆت هەڵبژاردووم رەتدەکەمەوە!

- ئەوە کەیفی خۆتە سەربەستی، سەربەستی لەرەفتارو بیرکردنەوەدایە.. بێ ئەمە هەست بەئینسانیەتی خۆم ناکەم.. گەر خواردنو خەو، ریتنو پەڕین، پاکانەی (مان) بێت، ئەوا تف لەو مانە.

حوسێن بۆئەوەی کۆتایی بەم قسانەبێنێت بەپێکەنیەوە وتی:

- دەی ئەوەی ناوێ.. بابەرەو مەیخانەو.. بکەوینە رێ.. کەی بخوێنەوە؟ کەی بڕشێینەوە.. کەی جنێو بەحکومەت بدەین!!

چ جارێ ئەحمەد، ئەوەندەی ئەو پێکەنینە تەوس ئامێزە قێزی لەپێکەنینی ناوەخت نەهاتبووەوە، هەر بزەییێکی هەریەکەیان جۆرە

تیرێکی ژەهراوی بوو فیکرو دڵو سۆزیان ئەنگاوت.. نەیویست هیچ بڵێ، لەگەڵیاندا نەکەوتە رێ، جێیان هێشت، لەجێیەکەی خۆی نەجولایەوە پەیتاپەیتا جگەرەی بەجگەرە دادەگیرساند قەد چاوەڕێی ئەم جۆرە هەڵوێستو وەڵامەی ئەم هاوڕێیانەی نەدەکرد.. ئەم ئێوارەیە بەرلەوەی لەشاری (مهاباد) لەئوتێلی (شەلماشی) ئەم دانیشتنە سازدەدەن، دنیای لێهاتبۆوە یەك، خۆی بەناشایستەی ژیان دەزانی، ئەویش سەبارەت بەوەی لەمەیدانی (چوارچرا)دا دوو پێشمەرگەی رەنگبواردووی بینی، دەیانی ناسی سەروڕیش هاتوو، بێمەیل، گرژ، کاس، یەکێکیان بەئەحمەدی وت:

- ئەرێ چۆن بەشەوورۆژێك وامان لێهات، بەفریش باین چەند مانگێکی دەویست بتوێینەوە..
- ئیتر..
- چی ئەکەن؟ مەبەستم چی ئەکەیت؟
- جارێ نازانم.
- ئێمە بڕیاری خۆمان داوە، گەر رێمان لێنەگرن دەچینەوە بۆ ئەودیو
- تەسلیم دەبنەوە؟!
- ئەی چی بکەین؟
- نا.. نازانم.. کەیفی خۆتە..

پێشمەرگەکان رۆیشتن، ئەحمەد لەچەقی مەیدانەکە بۆ چەن دەقیقەیێك بت ئاسا وەستا.. گەلێ جار لەشیعرو چیرۆکی کوردیدا ناوی (چوارچرا)ی



بەرچاوکەوتبوو، ئەگەرچی جارجار لەقەوارەی (ناو)و (جێ) دەردەچوو، بەلام ئەمجارە (چوارچرا) ناوو و جێ نییە، برینێکی تیراوی ئەم نیشتمانە لەخۆچووەیە، خوێنو کێم دادەڵێنێ، ئەم جارەیان (شتێکە) تێکەڵ، لەیەك کاتدا بەرینی هەموو دنیاو چکۆلەیی ژوورێکی بەندیخانەی هەبوو.. لەنێو مێشکی ئەحمەدا لەنگەری گرت، بەبەرینی (زەمان) رێکە خوێنی گەشو ئومێدی پێ شێل کراو و هیوای تاساوی پێوەئالابوو.. هەرچی ئەو قەنارانەی مێژوو هەیە کە ئنسانی چەوساوەی پێهەڵواسراوە، لەبەرچاوی ئەحمەدا، مەیدانەکەیان تەنی بوو.. هەزاران هەزار قەنارە، رەش، زەرد، سپی، هەر قەنارەو شەهیدێك.. هەر شەهیدە پیتێ، لەتەنیشتی یەکەوە ببوونە رستە، رستەکانیش کتێبێکی والابوون..

ئەوەی لەهەر سەدامو شوێنێکدا، لەکۆیلەیی یاخی بووەو لەسێدارەدراوە، ئەوا وێنەی دووەمی سێدارەکەی وەك (ئەثیر) لەبەرچاوی ئەحمەدا بەرجەستە بووە، هەریەکەو بەرگی کۆلکەزێڕینەیان لەبەردایە.. لەئاستی گەورەیی ئەواندا ئەحمەد سەری داخست، مەیدانەکە لەبەرچاویا ئەوەندەی ژوورێکی (ئینفرادی) لێهات، کاس بوو، هەزارەها جۆرە دەنگ لەنێو سەریا دەزرنگایەوە، هەموو دەنگی ئەوکەسانەی مێژووبوون، کە لەژورێکی تاریكو چکۆلەوە بەرەوقەنارە هەنگاوی سەربەرزییان ناوە.. ناڵەو تاسە، خەونو وڕێنەیانی دەبیست، رەنگو سیمای ورەئامێزیانی دەبینی.. هەست بەبێنرخی ئینسان بەمێشکیا گوزەری کرد، پرسیارێکی گەمارۆدراوی بێوەڵام گێژی کرد، ئەویش بۆ چ داروبەرد، تۆڵەکەو کا،

پەیەو ریتن نرخی هەیە؟ ئەدی بۆ ئینسان، ئینسانی رۆژهەڵات، ئەمریکای لاتینو وڵاتانی سێو چوارو پێنجو سەد.. بەتایبەتی ئینسانی کورد نرخی نەبووە، چ گوێیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیبیستوون، خوێنیان نرخی نییە، کوژراوە، هەر لەبەرئەوەی کورد بووە ویستوویەتی وەکو ئینسان بژی.. ئابڕوی براوە.. دەربەدەرکراوە.. خەسێنراوە، نۆکەری نۆکەرانی پێکراوە، هەر لەبەرئەوەی کورد بووە! دۆستو نەناس هەر بەم دەردەی بردووە.. چ نەماوە پێی نەکرێ، لەخاك بێبەری، لەوردترین پێویستی ئینسانی بێبەری.. بەشایستەی ژیانی (سەگ ئاسا)ی نازانرێ هەر لەبەرئەوەی کوردە.. ئیدی ئەگەر بۆ (مان)و سەربەستی یاخی بێ، بکوژرێ، بکوژێ، بۆ لەرێ دەرچوو دڕندەو انفصالی خوازو.. و.. و.. بێ بۆ؟

بزەییێکی خەجاڵەت ئامێز بووە وەڵامی ئەم پرسیارە ناوەختەی، هەر کە سەری هەڵبڕی، حەپەسا لەرز دایگرت، یەکسەر (سێ قەنارەی ئەثیری) خۆی هاویشتە ناو دیدەکانی کە وەك دوو پشکۆی دۆزەخ دەبریسکانەوە: قازیو سەیفو سەدر بوون، لەکبریائی عیساو برایمی نێو ئاگردا بوون، ورە لۆمۆبا ئاڵابووە جەستەیانەوە..

بیستو نۆ ساڵی رەبەقی بەر لەئێستا قازیو سەیفو، سەربەرزانە چوونە پای قەنارە، پێڵاوەکانیان کەوتە ژوور سەر دوژمنانی ئینسانی کورد.. بسیستو نۆ ساڵ لەمەوبەر، کۆماری روخا پاش ئەوەی بۆ ساڵێ دنیای رۆشنی بینی، سەرنگون کرا، فرۆشرا، بەرژوەندی دەوڵەتان، بیرە



نەوت، سیاسەت بازان، کۆمارو خوێنی کوردیان پێایەوە.. ئیدی پەناهەندەییو دەربەدەری، هەزاران تفەنگی سەروخوار لەکاروانێکی نەسرەوتدا، خاكو وڵاتیان سپاردە نەوەی دوای خۆیان.. ملی رێیان گرتەبەر..

مهاباد، مەهابادی قورقوشمیان بەسەری شادا توانەوە وێنەی قازی دەرکەوت.. شا ترسی نەما!

هەرکە هاوڕێکانی ئەحمەد بەرەو بارِ کەوتنەرێ ئەحمەد بەجۆرێکی سەیر هەستی بەتەنهایی کرد تەنهاییێکی ئەوتۆ کە دارو دیوارو تفاقی ئوتێلەکەی بەنامۆ دەزانی، چاو لەسەری دا نامۆ ئاسا شتەکانی بۆ دەبینی، گوپەکانیشی وەك ئەرکی ئەندامی لەش تەنها دەیبیست، سەر، بار بوو بەملیەوە، دەستو پێ بەلەشیەوە وەك شتێکی زیاد دەکەوتە بەرچاوی، هەستی دەکرد خاوەنی هیچ شتێ نیە، تەنانەت خەون بۆ خۆی نابینێ، یادەکانی هی خۆی نین مێژوویش توری هەڵداوە، سۆز، بێز لەو دڵەی دەکاتەوە، بیر لەنێو ئەو مێشکەیدا خۆی بەنەگریس دەزانێ، زەویو رێگا، نایانەوێ هەنگاوی قاچەکانی لەپشت گرن دەمو دگانو زمان ئامێر ئاسا ژەنگ گرتوو بوون.. بۆ چەند ساتەوەختێ بیری خودکوژی بەبەرچاویا گوزەری کرد ئەو هاوڕێیانەی وەبیرهاتەوە کە چۆن —هەرکە هەواڵی ئاشبەتاڵیان بیستو دڵنیابوون- خۆیان کوشت.. ئەگەرچی ئەوکاتە دەیووت:

(ئازاه ترسنۆکی)

بەڵام ئێستاو کێ ئازاو ترسنۆك گەلێ بەئازایان دەزانێ لەهەمان کاتیشدا بەخۆپەرستو خۆویست دەکەونە بەر فکری..

(بەڵێ.. ئەوەندە خۆیان خۆش دەویست، نەیانویست رۆحی ماندوویان زیاتر ماندووتر بکەنو چاویان بەم بێ سەروبەریو بێ ورەییو بەزینە بکەوێ..) گەلێ خۆی هاندا.

دەبێ بەهیوا بم، بەزین ئەوە نییە دۆڕابم بەزین ئەوەیە خۆ کاری دۆڕاندن مەیسەر بکەم بەزین ئەوەیە خۆم خۆم ببەزێنم.. با داگیرکەر هەموو شتێکم داگیر بکات، خاك، ماڵ، ئابڕو، سامان، بەڵام با خۆم ڕێی داگیرکردن بوی دەروونی خۆم خۆش نەکەم! نەخێر نەبەزیووم.. راستە راستە ئەمڕۆ دۆڕاوم بەڵام نابەزم!

بەم وشە گیان بەخشانە ئەحمەد هانی خۆی دەدا، چاو و سەرو سەراپای ئەندامەکانی لەشی کەوتنە ژێر ئەم ئیرادەیەی.. هەست بەبوون ختوکەی دەدا بەرەو یاد، هەر یادێ بێهەنگاو بنێ، دڵنەوایی خۆی پێبداتەوە، بەرەو چواردەساڵی رەبەقی بەر لەئێستای چوو، بەرەو ئەو رۆژە مەزنەی ئەیلولی ١٩٦١ گەڕایەوە کە: بەشێکی تەواوی کوردەکانی کەرکوك تووشی شاگەشکە ببوون، لەهەموو کوچەو ماڵێکدا لەهەموو چایخانەو مزگەوتێکدا، یەکەم تەقەی (دەربەندی بازیان) سەر باسی ئاخاوتنو پلیتەی ناخ تەقاندن بوو.. تەنانەت بودەڵە بێ نمودەکانیش سەرەنجامیان لەو ئاسۆیە گیرکردبوو کە کوردان —پاش تاقیکردنەوەی هەموو زمانێ- بەزمانی تفەنگ داوای مافی زەوت کراوی خۆیان دەکەن.. رۆژی



سەربەستیو سەرفرازی قەد تامو چێژی یەکەم رۆژی —دەستپێکردنی شۆڕش- نییە یەکەم رۆژی شۆڕش ئەو دەلاقەیەیە کە دنیای ئازادی لێوەدیارە، یەکەم هەنگاوی بۆ دەنێ بەرەو رۆشنایی دەکەوێتە رێ.. ئیدی پیاو ئەو پیاوە بوو پێشمەرگە بێ، یان یارمەتییان بدات، یا دۆستی، یا ناسیاوێکی پێشمەرگە بێ.. خەڵکانی کورت بینیش، هەروایان دەزانی پێنجو دوو رۆژێکە یان حکومەت دەڕوخێ یان کوردان خامۆش دەبنەوە بۆیە زۆر بەگەرمییەوە سەیریان دەکرد یا زۆر بەساردییەوە دەیانڕوانییە شۆڕش..

بۆ ئەحمەد، رۆژانی یەکەمی شۆڕش گەشترینو بەتامترین رۆژانی تەمەنی بوو، ئەو چەند مانگەی لێنەدەگوزەری تا لەپاڵێوراوییەوە بووە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.. بەجۆرێکی ئەوتۆ تێکەڵی رێکخراو و شۆڕشی نەتەوەکەی ببوو، وایدەزانی، دەبێ شۆڕش بزانێ بەیانی چی خواردووەو ئێوارەش چی دەخوات.. رۆژانێکی گەلێ بەتامی ژیانی ئەحمەد بوو لەچەتوونیو هەڵشەییەوە بەرەو ئارام بوونو هێمنی مەشقی دەکرد.. گەلێ بەسوێی خۆفێرکردن بوو، زۆری دەخوێندەوە، خۆی ماندوو دەکرد بەڵام وەك خۆی پێی لێدەنێ چ کتێبێ، چ باسێ هەندەی وشە ساکارو بێگرێکانی خەجێی دایکی کاری تێنەکردبوو. سیحری وشەکانی خەجێ لەسادەییو راستگۆییدا بێهاوتا بوون، درێژترین باسی بە سێ چوار رستەی کورت کورتو سفت کە زادەی بنەماییکی پتەو ئامێتەی ئەزمونێکی خودی چڕ بوون، گەلێ جاریش بە (ئا) یا (نەء)

رای خۆی دەسەپاند.. بەکورتی خەجێ مامۆستای هەموو وانەکانی ئەحمەد بوو.. رودە وردە ئەو رۆژانەی وەبیری خۆی هێنایەوە: کە سالّی ١٩٦٣(حەرەس قەومی) یەکان مەحمودی زڕباوکیان لەرەشبگیرێکدا گرت.. چەند مانگێکیش لەگەڵ خەجێی دایکیا بەپرسو سۆراخو کوناوکونیان، دەکرد لەم پۆلیسخانە بۆ ئەو پۆلیسخانە.. نەك تەنها مەحمود بەڵکو سەدان کەسی دی بێسەروشوێن کران، ئەویش تەنها لەبەرئەوەی کورد بوون سەرنگون کران —مەحمود تەنها هەر ئەوەندەی دەزانی: خواو پێغەمبەر، رۆژی حەشر، بەهەشتو جەهەنەم، پێنج فەرزە نوێژ، رۆژووی رەمەزان، بەیانیان بەرەو کار، ئێواران لەگەڵ چەند ناسیاوێکدا لەیەکێ لەچایخانەکانی گەڕەك یەك دوو دەست دۆمینەکردنو گەڕانەوە بۆ ماڵو کاری سبەی.. هەرکە ئەحمەدو خەجێ لەنەمانی مەحمود دڵنیابوون، ئیدی ژیانیان بەجۆرێکی دی دەستی پێکرد.. ئەحمەد بەرۆژ کرێکاری دەکرد، شەوانیش دەچووە قوتابخانە، گەلێ شەویش تا بەرەبەیان کتێبی دەخوێندەوە، لەکاری رۆژانەیدا لەنێو دنیای کرێکاراندا گەلێ خۆی ماندوودەکرد بەزمانی سادەو بەزەینی ئەوان درکی خۆی و شتە بەسوودەکانی نێو کتێبە قەدەغەکانی —بۆ باس دەکردن شیدەکردنەوە، ئێوارانیش هەر بەهەمان نەفەسەوە لەنێو قوتابیانی شەودا بەردەوامی بەقسەکانی دەدا، هەموو غەمێکی کورد بوو لەچەند رستەیەکدا بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕی، ئەگەرچی هەموو غەمێکی کورد بوو، چەند جارێکیش بەم شێوەیە رای خۆی دەردەبڕی:



- (بەڵێ.. ئەوەندە کوردم، تا کورد ژێردەستەو چەوساوەیە، تاکو کورد لەبەرئەوەی کوردە دەکوژرێو دەربەدەر دەکرێ، خاکی لێزەوت دەکرێ، بەبێگانەو مێملّ دەزانرێ.. کوردم.. دەنا، گەر کوردیش وەك چکۆلەترین میللەتانی دی مافی سەربەستیو چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەوە بێ.. ئەوسا من سەر بەئەو نەتەوەیەم کە لەوپەڕی دنیادا، لەنێو هەر پێستێکدا بن، رەش، زەرد، سپی هەر زمانو ئاینێکیان هەبێ، مادامێکی چەوساوە بن لەبەر رەنگو نەژادو مافی چارەنووسی خۆیان دەکوژرێنو دەکوژن، من سەر بەو نەتەوەو خاکەم..).

چ خۆشیەك، ئەوەندەی رۆژانی کۆبونەوەی ئەحمەد، خەجێ دڵخۆش نەبوو، دەیزانی (ئەمان) بەجۆرێکی دی وەکوو ئەوەی (زووی) لای خۆیان نییە.. خەجێ پاش هەموو کۆبوونەوەییێك بەهەموو سۆزو خۆشەویستیی لەسەر داوای ئەحمەد بۆ مواجهەی بەندەکانی هاوڕێی ئەحمەد دەچوو، نامەی دەبردو نامەی دەهێنا.. بەیاننامەی بڵاودەکردەوە، تاقە رۆشنایی خۆیو ئەحمەد سەراپای هەموو ئینسانی چەوساوەی لەتروسکایی گڕی تفەنگەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا بەدی دەکرد.. خەجێ لەیەك دوو ساڵێکدا بەعەشقەوە خۆی فێری ئەلفو بێ کرد، گەلێ جار ئەحمەدی ناچاردەکرد هەندێ باسی ئەو کتێبانە بکات وا دەیانخوێنێتەوە ژیانی لا رونتر بوو، گەلێ شت کە جاران بەلایەوە نهێنی بوو، بۆی ئاشکراو روون بووەوە. هەرگیز شەرمی نەدەکرد لەو شتانەی کە نەیدەزانی، بێپەروا دەیپرسی.. ئەگەرچی دەسهاتی رۆژانەی ئەحمەد بەشی دەکردن، کەچی

بەوە قایل نەبوو، دەچوو کاری دەکرد، نانەوایی‌و جلشۆری ماڵانی دەکرد، سەرە مانگان ئەحمەدی ناچاردەکرد نیودیناری رەنجی خۆی لێوەرگرێ.

- کورِم ئەمەیش مانگانەکەی منە.
- ئاخر دایکە من‌و تۆ فەرقمان نییە.. من ئابوونەی خۆم.. یانی هی خۆم‌و خۆت دەدەم.
- نەء تۆ جیایت‌و منیش جیام.
- ئاخر ئەوان پێویستیان بەم نیودینارەی تۆ نییە.

هێ قسەیێك ئەوەندەی ئەو قسەیەی ئەحمەد دڵگیری نەکرد بەدەمارگیرییەوە دەیووت:

- چۆن پێویستیان پێ نییە.. هەر نەبی ئەم نیو دینارە پارەی سێ چوار فیشەکە!!

بەمەش نەدەوەستا، وردە وردە لەنێو ژنانی گەڕەکدا پیتاکی کۆدەکردەوە، بەتانی‌و جل‌و بەرگ‌و پێویستیی دیی کۆدەکردەوە، بەئەحمەدی دەوت: کورِم بەپەلە بیان نێرە، پێویستیانە!!

خەجێ بەختەوەری خۆی لەوە ئەنجام هێنانی کاری بۆ شۆڕش دەبینی، گەلێ جار شەوی دەدایە دەم رۆژ، قەمسەڵەی دڕاوی دەدوریەوە، ئەم گەڕەك‌و ئەو گەڕەکی دەکرد، تەنانەت دەچووە لادێ، پۆستەی دەهێناو دەبرد.. ئەم یادانە بەبەرچاوی ئەحمەدا گوزەری دەکرد، زیاتر دایکی بەلاوە خۆشەویست تر بوو، ئەورۆژەی وەبیرکەوتەوە کە خەجێ دەیویست ناچاری کات‌و ژن بێنێ‌و لەسەرخۆ بەئەحمەدی وت:



- ها، کورِم چیت وت؟
- دەڵێم زووە.. یانی بۆ من زووە..
- نەخێر.. زوو نییە.
- هێم نییە.. با قوتابخانە تەواو بکەم.
- ژن رێی خوێندن لەپیاو ناگرێ.. گەر پیاو مەبەستی بێ دەتوانێ ژنیشی هەبێ پیریش بێ بخوێنێ‌و فێربێ.. کێ دەیووت من لەم تەمەنەدا فێری خوێنەواری دەبم؟
- مەبەستم ئەو خوێندنە نییە.
- ئەم خوێندنە بۆ ئێمە مەبەستە.. نان بەهەر جۆر بێ پەیدادەبێ.. بەڵام..
- چی؟.. قسەکەت تەواوکە.
- خوێندن لەپێناوی ژیان ویستی‌و سەربەرزی ژیان جیاوازە لەخوێندنێ بۆ نان‌و پایە بێ..
- دەشێ هەردووکیانیش بەیەکەوە بێ..
- دەشێ بەڵام بۆ من‌و تۆ (ئێستا) نەء.
- دایکە حەزدەکەم لێم تێبگەی..
- تاقە ئومێدێکم هەیە بۆمی وەجێ بێنە.. داخەکەم پیاو نیم دەنا رووم لەتۆ دەنا.. دەڵێم نەسرین بخوازە..
- دایکە لە چ سەردەمێکین؟
- دەزانم دەڵێی چی.. دەبێ کورِ ژن بۆ خۆی بێنێ.

- ئەڵبەتە.

- وەك وتم نەك حەزدەکەم، بەڵکو ئومێدمە کە تۆ نەسرین بخوازیت.

- ئاخر دایکە..

- بێدەنگ بە.. نامەوێ تۆیش بێعەقڵ بیو کەرانە بیربکەیتەوە، نەسرین لەگوڵ پاکترە..

- ئەمەیان دەزانم بەڵام..

- قسەی بێسەروبەر مەکە.. وەك قسان دەکەی رەفتاریشت لەگەڵ قسەکانتا بەهەمان بێگەردییەوە بخەڕوو.. من نامەوێ هەر قسان بکەیو بەس.. نامەوێ هەر کۆبونەوە بکەی.. هەر بخوێنیتەوەو بەس.. راستە من وەکوو تۆ قسان نازانم، ئەمە مانای ئەوە نییە کە نازانم چاك بیربکەمەوەو چاکیش رەفتار بکەم.. دەڵێم ئەگەر لەگەڵ کچێکی دیدا.. یانی..

- دایکە.. خۆت دەزانی هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارێ کرێکاری دەکەم، ئێوارانیش مەکتەب.. ئیدی کچی چی!

- دەڵێم، حەقی خۆتە.. بەڵام وەك خۆت دەڵێی چ کچێ.. یانی.. دەڵێم نەسرین بخوازە.

- دەڵێم جارێ.. بۆ من زووە..

- زووە راستە.. چارەنووسمان نادیارە راستە، بەڵام گەر کەسانی وەك تۆ نەبێ من چ کەسێ بەشایستەی نەسرین نازانم.

- دەڵێم نەسرین.. یانی ئەو.. خەریکی بەخێوکردنی باوکییەتی،، باوکیشی ئیفلیج بووە.. جگە لەنەسرین کەسیشیان نییە خزمەتی بکات.



- جا کێ دەڵێ تۆ نەسرین لەباوکی جیادەکەیتەوە رێی خزمەتکردنی لێدەگری؟

ئەگەرچی ئەحمەد لەلای خەجێو هاورێکانی خۆیدا وەك کەسێکی شۆڕشگێڕ و لەخۆبوردوو خۆی دەخستەڕوو، کەچی هێشتا هەندێ رەگی نەریتو رەوشتی باو لەدەروونیا ریشەکێش نەکرابوو.. دەیویست بەهەربیانوییێك بێت ئەم بیرە لەمێشکی دایکیا هەڵکەنێ.. کەچی پاکانەییێکی ئەوتۆی بەهێزی نەبوو بەرپەچی قسەکانی خەجێی پێبداتەوە.

نەسرینو دایكو باوکی (حەرەس قەومی) یەکان لەبەر مچەی برای نەسرین —کە گوایە شیوعیە- لەترسی رژێم چووبووە نێو پێشمەرگەوە.. هەموویان گیران، نەسرین —یان لەقوتابخانەوە بەرەو بەندیخانە برد لەپۆلی پێنجی ئامادەیی بوو نەیدەزانی دایكو باوکیشی گیراون پاش چەند رۆژێ دایکی لەژێر ئەشکەنجەدا دەمرێ.. ئەوەی بەو باوکە نەخوێندەوارو بەستەزمانەی دەکەن مەگەر هەر لەدەستی (ئەوان) بێت.. ئیفلیج دەبێ..

پاش یەك دوو هەفتە، ئەحمەد نەیزانی چۆن عیشقی نەسرین سەراپای داگرتووە.

ئەمشەو ئەحمەد بنمێی ژووری ئوتێلەکەی لێبووە بەو نامەیە کە — پاش یەکدوو نامەی ئەحمەد نەسرین بۆی نووسیبوو.. ئەوا بەوردی لەنمێەکە دێڕ بەدێڕی نامەکە دەخوێنێتەوە.

(ئەگەر بمبوری —لەبەر هەندێ هۆی سەرەکی کە پەیوەستە بەبیروڕاو بۆچوونی خۆمەوە بەرانبەر بەژیان.. یەکسەر ئەم نامەیەم بەم وشەیە دەست پێدەکەم:

ببورە بەتۆ قایل نیم.. قایل نیم بەتۆ شوو بکەم.. گەر نەشپرسی من خۆم وەڵامت دەدەمەوە، دەمەوێ هەندێ حەقیقەتی زۆر شتت بۆ ئاشکرابکەم ئەویش نەك لەبەرئەوەی بەزەییت بەلای خۆمدا راکێشمو دڵت بەمن بسووتێ.. نەخێر.. بێ پێ‌و پەنا، لەسەرەتادا حەزم کرد بەوشەی (برا) دەست بەنووسین بکەم.. کەچی رەگی هەندێ لەنەریتی کۆمەڵایەتی تا (ئێستا)یش لەناخمدا چنگی لەزۆر شت گیرکردووە، جۆرە رەشبینییێکی ئاڵانۆوەتە هیواکانم، بۆیە راستەوراست، بێ ناوو نازناو هێنان دێمە ناو باسەکەوە:

لەنامەکەت، نوسیبووت: گەر بەمن قایل بیت، دەمەوێ بتخوازم، دەربەستی هیچ شتێك نابیم، بەڵکو شانازیت پێوەدەکەم کە نموونەی داوێنپاکیو بێگەردیتو هەمیشە سەربەرزیت.

لەلایەکەوە دڵم بەم قسەیەت خۆش بوو لەلایەکی دییەوە ئەو رۆژانەی وەبیرهێنامەوە کە لەئەوپەڕی بێدەسەڵاتیو بێهێزی —لەشدا- زمانم چووبووە بەست، وەك ئامێرێ بەدەستی گورگانەوە ئەمسەروئەوسەریان پێدەکردم، برینمی کولانەوە.. رەنگە بپرسی بۆ.. بەجێیە..

ئێستاکێش لەبەرئەوەی —کاتێ ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم- روخسارم نابینی کە چۆن دەگۆڕێو چ جۆر هەناسەبڕکێیەك رووم تێدەکات، زمانو



قەڵەمەکەم تەتەڵەدەکەن.. لەبەرئەوەی لەم وەزعەدا نامبینی، بۆیە رێ لەشەرم دەگرمو دەڵێم (خۆشم دەوێی)! دوورنییە، کە ئەم نامەیەم دەخوێنیتەوە لەخۆت بپرسیو بڵێیت، ئەمە چ جۆرە خۆشەویستییەکەو (قایل نەبوون بەژنو مێردی (بووەتە) بەرو (خۆراکی).

ببورە، من وەڵامی ئەم پرسیارەشت دەدەمەوەو دەڵێم.. دواپلەی خۆشەویستیە..

دووبارە ببورە، دەڵێم: ئاستی بیروباوەڕت هەرچەندێ بێ، گەر بەحەوت ئاوی بەهەشتیش شۆرابێتەوە، بەڵام هێشتا خڵتەی نەریتی گەنی کۆمەڵ لەنێو دڵە بێگەردەکەتدا نیشتووەتەوە، نالێم لەسەرنجو قسەو قسەلۆکی خەڵکی، لەتانەو توانجیان دەترسیت.. نەخێر.. تۆ ترسنۆك نییت.. دەزانم بێدەربەستیت بەڵام، هەرکە هەستت کرد بەسوکیەوە سەیرت دەکەن- هەر لەبەرئەوەی کەسێکی من ئاسات خواستووە- ئەوکاتە غەمێکت دەبێتە هەزار غەم.. غەمێ بۆ منو غەمێ بۆ خۆتو غەمێ بۆ سوکی بیرکردنەوەی ئەو هاوڕێو هاوزمانانەت کە بەم چەکە پووچە لەگەورەییت دەدەن.. جا لەبەرئەوەی خۆشم دەوێی نامەوێ دووچاری ئەم غەمانەت بکەم.. چاك دەزانی هەمیشە ترسنۆكو بێدەسەڵات زەفەریان بەپیاوان بردووە کۆتو دەسەوسانیان کردوون..

نامەوێ مەچەکی هەندێ لەهاوڕێکانت ببێتە شیشی بەندیخانەی چاوەڕوانیت.. ترسم لەگڕی غەمەکانتە، دڵنیام دەروونت بووەتە کورە، تا گڕیشی زیادکات شتە رەقەکان زیاتر دەتوێنێتەوە.. بەڵام ترسم لەوەیە

(من) بەرگەی ئەو ئاگرە نەگرمو ببمە خۆڵەمێشو سەرباری هەموو غەمێکیشت.. بۆیە، بمورە قایل نیم.. راستە خاوەن تاقیکردنەوەی رەسەنم، ژیانو دەردی سەرییەکانی قاڵی کردووم، تاقە پاکانەیێکیش بۆ بوونم تەنها بەرگریو تێکۆشانە، بەڵام دووبارە لەبەرئەوەی چاوت بەروخسارمەوە نییە کە چ جۆرە شەرمەزارییێك دایدەگرێ، دان بەخۆمدا دەنێمو دەڵێم (ترسنۆکم) پێت سەیرە؟ دەشێ بڵێیت: دەبوو کەسێ قسەی وای لەدەم بێتەدەر بەخەونیش تاریکیو ئەشکەنجەو برسییەتی و.. و.. نەبینیبێ..

راستە ئەمانەم بینیوە، هەر ئەمانەش بوونەتە وانەی ژیانی منو فێریان کردووم، بەڵام دەبێ بەئەنجامێکم بگەیێنێ.. ئەوا بەکورتی پوختەی ئاکامی ئەم تاقیکردنەوانەمت بۆ دەخەمەڕوو:

ئەڵبەتە دەزانی کچ یانی چیو کچێنیش چ دەگەیێنێ، حوکمی نەریتو ئاین، رەوشتو سەرنجی خەڵك، چەند قورس دەکەوێتەوە بەتایبەت بۆ کچانی کورد.. خەتاکەیشی هەموولایەك دەگرێتەوە، کەسیش بۆی نییە خۆی لێبێبەری بکات! حەزم دەکرد وەك کچە کوردێکی رەسەن، خاوەن هەموو مافێکی ئینسانی بیرورەفتارم هاوجۆر بن، تاڕادەیەکیش خۆمم بۆ ئەم ئەرکە پەروردە کرد، چ بەخوێندنەوەو سۆراخو چ بەخۆهاندان، ئەلفوبێکانی ئەم بیرکردنەوەم لەرەفتارمدا رەنگیدایەوە، بەڵام کە بڕیاری (نەء)م داو وەستام –ئەڵبەتە بەباجێکی قورسەوە– کەچی هەمووکەسێ تەنانەت جەلادەکانیشم بەئازاو



چاونەترس-یان دەزانیم، ئەوکاتە خۆیشم هەمان رام لەسەر خۆم هەبوو کەچی ئێستا (ترسنۆکم) هەرکە سەرنجێکی بەزەیی ئامێزی ئەو خەڵکە رووم تێدەکات- باوەڕبکە- خۆزیا بەئەشکەنجەی بەندیخانە دەخوازم.. کە ئێستاکێ (ئەو رقە پیرۆزەم نییە) هەر تەنها بەچەوساوەو بێسەروبەریان دەزانم.. کاتێ کە ئامێرئاسا بەپێی فەرمانی گەورەکانیان لەترسی نانو ماڵو منالیان بێ (رەغبەت) رەفتاریان لەگەڵدا دەکردم! هەرچەندە ئێستا لەکارو وەزعێکدام دەبێ دڵم بەخۆم بسووتێ کەچی غەمی ئەم دڕندانەم هەیە، پڕبەدڵ بەزەییم پیایاندادێتەوە.. دەبێ کێ بەرپرسیاری رەفتاری ئەمانە بێت؟ مرۆڤایەتی گەلێ بەتەمەنە، هەزاران هەزار پیاوچاکو فەیلەسوفو کەڵەخێرخوازی تیادابووە کەچی وەك ئەوەی هێشتا لەسەرەتای پەیدابووندا بینو مرۆڤیش ئاگری نەدۆزیبێتەوە ئاوها رەفتار دەکەین.. لەپێشدا مرۆڤ لەبەر برسیەتی بەکاڵی گۆشتی مرۆڤی دەخوارد کەچی ئێستا نەك لەبەر برسییەتی، بەبرژاوی بەخوێو ترشەوە گۆشتی یەکدی دەخۆن.. دووبارە نازانم کێ بەرپرسیارە بەرانبەر رەفتاری ئەمانە؟

ئێمە؟ یانی بوونی ئێمە پاکانەیە بۆ بوونو رەفتاریان؟ یا بوونی ئەوان پاکانەی بوونو رەفتاری ئێمەن؟ هەرچەندە بەرووکەش ئەم دوو پرسیارە، یەك پرسیارێکی ساکارانەیە کەچی هەریەکەو جۆرە وەڵامێکی دژبەوی دی گرتووەتەخۆی:

ئەوان و ئێمە؟

یا ئێمەو ئەوان؟

وەك حەقی خۆمانە چۆنیان سەیرکەین ئەڵبەتە هەمان حەقیان هەیە بەهەمان سەرنجەوە سەیرمان بکەن.. واتە هەریەکەمان لای خۆیەوە جۆرە پاکانەییەکی هەیە بۆ رەفتاری خۆی، چەندین بەڵگەی بەجێو نابەجێی کردووەتە ئەستنگەو پەنای بۆبردووە.. بە چ پێوەرێك رەفتاری خۆی هەڵدەسەنگێنێ ئەمەیان کاکڵەی قسەکانمە..

گەر بەپێوەری (قسە، تەنها قسە)ی هاوسەنگەری چەوساوەو لەخۆبوردووبێت، دەبێ —کاردانەوە- بەئەرکی پیرۆز بزانێ ژیانی کەسی لەخۆبوردوویش- گەر کچێنیش بێ- دەبێ میدالیا ئاسا لەسەر سنگ هەڵواسرێ.. بەڵام ببورە.. بەڵێ دووبارە ببورە (پاداشتی من) قسەی زەهرئامێزی کەسانی نزیك، گەلێ نزیك بوو (منالّی دوژمنی لەسکدایە) بەڵێ گەر پێوەر ئەمە نەبێ، خۆ ناشبێ لەبەرگی ئینسانی روتم کەیتەوە تەنها بەخۆهاندانو پف بەخۆداکردن خۆم بەسوپرمان بزانم! ئەگەر شەهید پێش شەهیدبوونی بزانێ قەدر لەخوێنوماڵو منالّی ناگیرێ ئامادەنییە شەهید بێ.. ئیدی ئینسانەو خەونو ئارەزو و حەزی هەیە، من بەزەییم بەتۆدا نایێتەوە کە راستەوڕاست پێت بڵێم: قایل نیم شوو بەتۆ بکەم.. ئەوپەڕی تووشی ئەو حاڵەتە ناپەسەندەی ئینسانی دەبی کە کەسێکی زیندوو لەمێشکی خۆتا بمرێنی.. ئەڵبەتە ناچارم قسەکانی نامەکەی خۆتت وەبیربێنمەوە.

(نەسرین مردن تەنها ئەوە نییە ئینسان بۆیەکجاری چاولەیەك دەنێ، ئەمە کارێکی ئاساییە هەموو ئینسان بێبەش نین لەم نیعمەتەی خواوەند



—لەم حاڵەتەدا مردن ئەو شتە نییە ئینسان بترسێنێ. بەڵام مردن، مردنی ناپەسەند لەوەدایە ئینسان لەژیانیدا چەندین جار بمرێ، مردنەکەی دابەشکەن.. رۆژێ کەرامەتو شەرەف، رۆژێ حەیاو کبریا.. تا نۆرە دەگاتە سەر رۆح.. ئەوە، ئەو شتەیە دەبێ ئینسان لێی بترسێ).

بەڵێ لەرۆژێکدا چەندین جار دەبیستم، بە چ ملچەملچێکە شەرەف دەجوونەوە، کردومیانەتە بنێشتەخۆشەی سەرزاریان.. سەرنجە سوکەکانیان.. پیاهەڵدانی درۆو چاپلوسی، زەردەخەنەی بێرەنگی هەندێکیان.. تەوسو تانەو توانجیان.. نازانم بینیوتە یا نەء؟ هەموو جۆرە ئازارێك تەحەمول دەکرێ، تەنها ئازارێ نەبێ لەکەسانی خۆشەویستو هاوزمانەوە بێ.. جێی دار خۆش ئەبێتەوە، نینۆکی هەڵکێشراو دێتەوە.. ئاسانە منالّی نێو منالّدان لەبارببرێ.. بەڵام سوکە سەرنجێکی بەتەوسی خۆشەویستان هەرگیز لەبیرناکرێ..

لەبەرئەوەی زۆرم خۆش دەوێی نامەوێ ببیتە ئازار مژی منو تالاّوی سەرگوزشتتەم هەڵمژی.. ئەگەرچی پێویستم بە (تۆ-ی) خاوێن هەیە پشتم بگری، بەڵام دەمەوێ تەنها پشت بەخۆم ببەستم، خۆم راهێنمە سەر ئەوەی دەروونم، دڵم بکەمە مەیدانی جەنگ، لێگەڕێ با ئاشنایەتی لەگەڵ خودی خۆمدا پتەو بکەم.. بەهیوام دڵگیر نەبی.

نەسرین

هەرکە نامەکەی نەسرین، گەیشتە دەستی ئەحمەد ئەوەندەی خوێندەوەو پیایەوەو خوێندیەوە، تا وایلێهات دێڕبەدێڕی لەبەربوو، کە

دەیخوێندەوە هەروەك ئەوەی یەكەم جار بخوێنێتەوە، دێڕ دێڕ لەسەری دەوەستا، تێی رادەما، یەكە یەكە لەگەڵ وشەكانیدا دەتوایەوە، بەرەو دنیای ئەشكەنجەی نەسرین خەیاڵی تاوەدەدا.. ئەوەندەی تر عیشقی نەسرین كاری تێدەكرد..

نەسرین.. بەرلەوەی بەدوو سێ ساڵێ بگیرێ، ئەحمەد زۆر بەبێدەنگییەوە خۆشی دەویست، ئومێدی رۆژانەی بینینی نەسرین بوو، بێ قسە، بێئەوەی بیەڵێ، نەسرین، یا هەركەسێكی دی هەست بەو خۆشەویستیە یەك لایەنیەی بكات، باوەڕی وابوو، پیرۆزی خۆشەویستی لەنەدركاندنیدایە، دەنا هێزی خۆشەویستی لەدركاندندا سوكو خاو دەبێتەوە.. نەسرین پەری ئاسا رەفتاری دەكرد، كە گیرا، ئەحمەد ئۆقرەی لەبەر بڕا ئارامی لێهەڵگیرا، كە دایكی نەسرین، لەبەندیخانەدا مرد، ئەحمەد بێئومێد بوو، كە نەسرینو باوكی لەزیندان بەردران، خەڵكانێكی زۆر دەچوونە لایان سەرەخۆشییان لێدەكردن.. ئەحمەد نەچوو، بەهێ جۆرێ نەیدەویست نەسرین ببینێ، ئەویش سەبارەت بەو هەستە نادیارەی بوو كە وایدەزانی، كەمتەرخەم بووە، هێی نەكردووە، لەكاتێكدا كە نەسرین —ی خۆشەویستی لەئەوپەڕی بێدەسەڵاتیدا بوو بەدەستی جەللادەكانەوە دەیناڵاند، ئەمیش هێی نەكردووە.

(چاكە بۆ بێدەنگ بووم، مردن هەر مردنە، نەدەكرا بەرۆژی رۆشن لەبازاڕو چایخانەدا هەر (ئەمنێ) هەر (ئیستخباراتێ) بەرچاووم كەوتبا، بەچەقۆ، بەهەرشتێك بێ ورگی هەڵدڕم.. خۆ تا دەگیرامو دەكوژرام هەشت



نوۆییێكم لنگەوقوچ دەكرد.. لەتۆڵەی نەسریندا دە دوازنزەیەكم دەكوشت..).

نەچووە لایان، عیشقەكەشی لەخەجێ شاردبۆوە، یەكەمجار كە دایكی پێی وت نەسرین بخوازە، كەوتە گومانەوە وایزانی دایكی هەستی بەشتێ كردووە بۆیە بەبێ ئەهمیەتەوە وەڵامی دایكی دایەوە، بەڵام پاش نامەكە ئەمجا ئەحمەد بەخەجێی وت:

- دایكە نەسرین..
- یانی قایلیت.
- گەر پێم قایل بێت.. ئا..
- گەر گەورەو لەخۆبوردوو بیت.. ئەڵبەتە پێت قایل دەبێت.
- خۆزیا..
- چاكە..
- پەلە بكە..
- وای لیهات..
- .. ..

پاش چەند مانگێ باوكە ئیفلیجەكەی نەسرین مرد، ئەوجا ئەحمەد، عیشقو بەزەیی، پیاوەتیو راستگۆیی خۆی لەدیدی (فریاد رەسیا) كۆكردەوەو، ئومێدی بەرزی دڵی نەسرین بوو.. هەرچەندی دەكرد لەچەند دێڕێكا سۆزی خۆی —دووبارە- بۆ دەربڕێ، نەیتوانی، هەرچیەكی دەنووسی دەیدڕاند.

(نەوەك نەسرین گاڵتەم پێبکاتو بەهەرزەکارم بزانێت) سەرلەنوێ دەینووسی، دەیدڕی دیسانەوە پەنای بردەوە بەر دایکی.

- دایکە.. نە.. نەسرین
- کوڕم، با سێ چوار مانگ بەسەر مردنی باوکیا تێپەڕێ.. ئەوجا
- دەترسم..
- مەترسە.
- لەوەدەترسم غەم کاری تێبکاتو بۆیەکجاری لەدەست چێت.
- مەترسە.. ئینسان گەلێ لەغەم گەورەترە.. ئینسانی گەورە غەم بەزێنە.
- ئەوەندە گەورەیە؟ تۆیش ئەوەندە دڵنیایت؟
- گەروەترە دڵنیام.. دڵنیاترم.

نەسرین قایل بوو، شووی بەئەحمەد کرد. چ بەختەوەرییێك بەقەد بەختەوەری ئەو رۆژە زمانی ئەحمەدی لەگۆنەبرد کە خەجێ مژدەی قایل بوونی نەسرینی بەئەحمەد دا..

ئیدی ئەحمەد بۆ دەیان جار داوای لەنەسرین دەکرد سەرگوزشتەی بەندیخانەی بۆ باس بکات، تا دەمەزەردی رقە پیرۆزەکەی بکات.. پێی وابوو رق گەر دەمەزەرد نەکرێ بەفرمێسك زاخاونەدرێ ئەوا کول دەبێو ژەنگ هەڵدێنێ، رق پاکانەی (بوونی) بوو، هەر رقیش فێرە خۆشەویستی کردبوو.



گەرچی، گەلێ جار نەسرین سەرزەنشتی دەکرد کەچی ئەحمەد پێی قەڵس دەبوو، دەیویست بەهەرجۆرێ بێ رقی لا پیرۆزکات.. کارێ بکات بەخۆشەویستییەوە نوێژ بۆ رق بکاتو پێی دەووت:

- نەسرین تۆ پێشمەرگە بەچی دەزانی؟
- بەکەسی لەخۆبووردووی پیرۆز.. بەکەسێ خۆشەویتسیی بۆ خاكو نەتەوەو چەوساوەکان هانی لەخۆبوردنی داوە.
- هەرئەوەندە؟
- ئەمە کەم نیە..
- بەشێکە..
- بەشەکەی دیی چییە؟
- رق.. رقی پیرۆز، گەر رق خۆشەویستی نەزێنێ ئەوا کاری پیرۆز —یانی لەخۆبوردوون- بەدروستی ئەنجام نایێت.. یا بەجۆرێکی دی گەر خۆشەویستی گەرم بێ — موجەب- رقیش سارد-سالب- بێ ئەوا ئەوکەسەی ئەم دوو دژەی تیادایە گلۆپ ئاسا دادەگیرسێ، گەر تێهەڵدانو بەندیو کوشتن، گەر دڕندەییو تەماح بێڕەوشتی داگیرکەر نەبێتە مامۆستای رقمو فێرە خۆشەویستی خاكو نەتەوەم نەکات، ئەوا خۆشەویستی خۆرسکیم بۆ خاك دەبێتە مامۆستایەکی (یەك وانەیی) رەنگە شاعیرێ لەشیعرێکدا بڵێ ئەم دڵە چکۆڵەیەی من جێی گەردونی تیادا دەبێتەوە، بۆ خۆشەویستی دروستکراوە، جێی چ رقێکی تیادا

نابێتەوە، بەڵام ئەمە شیعرە.. لەتۆ دەپرسم، دەبێ ئەو خۆشەویستییە زادەی چ شتێ بێ..

- تێدەگەم..

ئیدی گەلێ شەو بەرقێکی پیرۆزەوە گوێ بیستی نەسرین دەبوو لەگەڵ هەر وشەیەکیشدا خۆشەویستی پەڵەی بە کێڵگەی دەروونی رق ئامێزی دەدا:

- (رۆژی یەکەم وەك بلێی نەیاندەویست جووانی جەستەم بشێوێنن، لێیان نەدام، تەنها هەڕەشەیان لێدەکردم، چاویان لێ سووردەکردمەوە.. بۆ ئێوارێ بانگیان کردمە ژوورێکەوە سێ چوار کەسی تیابوو —چاکەتو پانتۆڵیان لەبەربوو تەنها فەتاحی حاجی نەبێ- ناسیمەوە، کوڕی گەڕەکە، دەستەونەزەر لەخزمەتیاندا وەستابوو، سەرەتا بەقسەی نەرمو زەردەخەنە لەگەڵما دەدوان، گەورەکەیان لێی پرسیم:

- تۆ کچی چاکیت، دەمانەوێ یارمەتیمان بدەی.. بۆ یەك دوو دەقیقەییێك بێدەنگ بوون، سەرنجی یەکدیان دەدا، منیش نەك تەنها تێنەدەگەیشتم لەسەرچی گیراوم، بەڵکو نەمدەزانی یارمەتی چییان لەمن دەوێ، وتم:

- یارمەتی چی؟

کابرای گەورە زۆر بەهێدیو لەسەرخۆ وتی:



- یارمەتی نیشتمان.. وەتەن پێویستی بەهەموومانە (موخەریب) بوون بەپیاوی (ئەجنەبی) دەیانەوێ وڵاتەکەمانو برایەتی کوردو عەرەب تێکدەن.. تۆیش دەبێ یارمەتیمان بدەی.

منیش لەسەرخۆ وتم:

- ئێمە فیداکاری نیشتمانین، برایەتی کوردو عەرەب ئامانجی هەموو کەسێکی بەشەرەفە.. بەڵام من چی بکەم، یانی چۆن یارمەتیتان بدەم.

کابرای گەورە رووی کردە ئەوانی تر وتی:

- هەر پێنج پەنجەی دەستی ئنسان وەکوو یەك نین.

رووی کردە من وتی:

- ئافەرین- تۆ وەکو مچەی برات نیت..

هەرکە ناوی (مچە)ی هێنا لەرز سەراپای داگرتم بۆم دەرکەوت منیان لەسەر مچە هێناوە، قوڕگم وشك بوو، دیاربوو هەستیان بەم وەزعە کرد، وتی:

- تۆ دەزانی (مچە)ی برات شیوعییەو ئێستاش لەناو موخەریبەکاندایە.

- نازانم.

وتی: دەیزانی ئێمە هەموو شتێ دەزانین.

وتم: کە دەزانن ئیتر بۆ لەمن دەپرسن.

وتی: کچی باش وتمان وەتەن لەخەتەردایە.

منیش بەتەوسەوە پێم وت:

- زۆر؟

بێئاگابوو لەوەی مەبەستم گاڵتەپێکردنە.. بەپەلەو لەسەریەك وتی:

- ئا.. زۆر، زۆر لەخەتەردایە!

هەرکە بەهێمنیەوە وتم:

- چاکە، ئەی ئێوە بۆ دانیشتوون؟

لەمەبەستم گەیشتن، زمانیان لەگەڵدا گۆڕیم.

- دیارە (مچە)ی برات، فێری زۆر شتی کردوویت.

- وەکو چی؟

وتی خۆت دەزانی، زەرەر ناکەیت گەر یارمەتیمان بدەیت، هاوڕێکانی مچە ناونیشانی ماڵەکانیان پاشانیش یارمەتیمان بدە، بیهێنینەوە.. ئێمەیش بۆ تۆ، چیت دەوێ دەیکەین، موستەقبەلت مسۆگەر دەکەین.. دەیان ئافرەتی وەکوو تۆمان لەگەڵدایە..

منیش وتم: چاکە گەر دەیان ئافرەتتان لەگەڵدایە ئیتر چ پێویستیتان بەمن هەیە؟

وەك فیشەکەشێتە بەروومدا تەقیەوە:

- ئەی نالێیت وەتەن لەخەترەدایە! تێناگەیت؟

بێدەنگ بووم.



- باشە تۆ کێت لەگەڵدایە.. ناوی هاوڕێکانت بڵێ:

منیش یەکەیەکە ناوی هاوڕێکانی پۆلەکەمانم بۆ ژمارد، تومەس یەکێکیان کچێکی لەپۆلی ئێمەدابوو.. ڕەنگی زەردهەڵگەڕا، ناوەکەی لێدووبارەکردمەوە وتی ئەویش لەگەڵ ئێوەدا کۆبونەوە دەکات.

وتم:

- کۆبونەوەی چی؟

- بۆئەوەی حکومەت بڕوخێنن.

وتم نەخێر..

- ئیتر نازانم بە چ زمانێك لەگەڵمدا دەدوان، هەزار پرسیاری سەیر، کەی لەدایك بوویت، چیت خواردووە، حەز لەچ ڕەنگێك دەکەی، کەی دەمری.. هەزارو یەك بیانوویان پێدەگرتم بۆ کراسەکەت سوورە؟ بۆ پێڵاوەکەت ڕەشە، بۆ بەم شێوەیە پرچەکەت دەق داوە؟ چ خەوێکت بینیوە، چۆن فلانەکە ناناسی، بۆ بەژنت درێژە.. بۆچی ناوت نەسرینە، مانای چییە.. سەریان لێتێکدام لەوەڵامی هەموو پرسیارەکاندا دەمووت:

- (مچە) لەچیادایە.. فەرموون بچن بیهێننەوە، ئەو بگرنو لەو بپرسن.. من هیّ نازانم.

هەرکە دەمووت نازانم، هەموویان بەیەك دەنگ دەیانووت:

- فێرت دەکەین.. خۆمان دەزانین چۆن فێرت دەکەین.

یەکێکیان لێم نزیك بووەوە لەپشتەوە باڵبەستی کردم، دەستی برد دوگمەی سوخمەکەمی ترازاند، جلوبەرگی بەرمیان داکەند، شیتاڵ

شیتاڵیان کرد، هەرچەندە هاوارم دەکردو دەمقیژاند، جنێوم دەدا، تفم لێدەکردن، ئەوان زیاترو بەپەلەتر جلوبەرگەکانمیان دادەکەندو دەیاندڕی، یەکێکیان لەچەکمەجەی مێزەکەوە (بوتڵێ) مەشروبی دەرهێنا بەزۆر نایانە نێو دەممەوە، دەرخواردیان دام، ئەوەندەم ئاگا لێبوو بردمیانە ژوورێکی دی، ئیتر لەخۆچووم، کاتێ وەئاگا هاتمەوە بەرەبەیان بوو، نۆرە گەیشتبووە سەر دواکەسیان- فەتاحی حاجی- هەرچەندم هەوڵدا، تەنانەت زمانیشم لەگۆچوو بوو ئەورۆژەش تا ئێوارە ناوەناوە یەکێکیان دەهاتو فەتاح دەرگای بۆدەکردەوە.. شەوی دووهەمیش بەهەمان دەستووری شەوی پێشوو- فەتاحیش هەر دواکەس بوو نۆرەی بەردەکەوت. بەکورتی لەپەلوپۆیان خستم، بەئاستەم گوێم لەنوزەکانی خۆم دەبوو، بەزۆر نانو ئاویان دەرخوارد دەدام.. رۆژی چوارەم هەموویان کۆبوونەوە، بەڕوتی منیان هێنایە بەردەستی خۆیان، فەتاحیشیان رووتکردەوە بەدوو سێ جۆر لەگەڵ فەتاحدا رەسمی رەنگاوڕەنگیان گرتین، پێیان وتم بڵاوی دەکەینەوە.

لەراستیدا نازانم چەن کەس بوون، بەڵام ئازاری هێ یەکێکیان ئەوەندەی فەتاح نەدەبوو، چونکە بەکوردی قسەی دەکرد، بەکوردی دەیدواندم، چەنێ بێزم لەخۆم کردەوە کە ئافرەتم، ئەوەندەش بێزم لەو پیتو وشە کوردیە دەکردەوە کە لەدەمی فەتاحەوە دەهاتەدەرێ، لەو چوار شەورۆژەدا هەستم دەکرد منداڵدانم بەجارێ دێتەدەرێ.. زانیان کەڵکم نەماوەو لەجوولە کەوتووم سێ چوار رۆژێ وازیان لێهێنام هەر بەزۆر نانو ئاویان دەرخوارد دەدام، هەر روتوقوتیش بووم.. ئەوجا رەفتارێکی



دیان لەگەڵمدا بەکارهێنا.. بتڵە بیرەیان تێدەبڕیم، بەبتڵەوە رەسمیان دەگرتم، هەرکە لەخۆدەچووم سەتڵێ ئاوی ساردیان پیادەکردمو جێیان دەهێشتم.. ئیتر هێ هەستێکم بەبونی خۆم نەدەکرد، هەرچیەکیان دەووت هێ وەڵامم نەبوو، زمانم نەدەجولایەوە، وایاندەزانی ئازایەتیە ئەم عینادیەی پێبەخشیوم، توڕەدەبوون بەپرچ پەلکێشیان دەکردم تا جارێکیان فەتاح بەزۆر لەسەر بتڵێکدا داینیشاندم، رومیان وەرچەرخاند رەسمی بتڵەکەو پاشۆڵیان گرتم، جێیان هێشتم، نەك لەبەرئەوەی هێیان لێهەڵنەکراندم، بەڵکو بۆنی بۆگەنی میزو خوێنو ئارەق بەلوتیانا دەچوو.. تەحەمولیان نەدەکرد تەنانەت پرچەکەیشم تێکەڵی پیسیو خوێن ببوو، رۆژێکیان بەسۆندە منو زەوی ژوورەکەیان شۆردەوە کراسێکیان پێلەبەرکردم، بردمیانە نەخۆشخانە تا چەند رۆژێ هەر ئەوەندە ئاگام لێبوو دەستم بەکەلەپچەوەیەو بەقەرەوێڵەکەوە بەستراوە، زەلامێکیان لەژوورسەرمەوە دانابوو، هەرکە زانییان چاك بوومەوە، بردمیانە شوێنێکی دی، لەبەر خۆیان، لەبەر من نا، ژوورەکە نوێنی تیادابوو، ئەمجارە هەر شەوەو یەکێکیان دەنارده لام، بەزۆر ئاوو حەبو عارەقیان دەرخواد دەدام.

ببورە، ناتوانم جگە لەم زمانە سادەیەو بەم رووتیە باسی ئەو چل شەو بەندیەکەم، هەستم بەکات نەدەکرد، رۆژێکیان پێیان وتم: بۆمان دەرکەوت سەر بەهێ لایەنێك نیت، بڕیارماندا بەرەڵات بکەین، بەڵام بەومەرجەی لای هێ کەسێ، هێ کەس، باسی ئێرە نەکەیت.. هەر کە گەیشتمە

مالّەوە، هەموو شتێکم بۆدەرکەوت، دوو رۆژێ بوو باوکمیان بەردابوو.. هەر ئەو رۆژە زانیم ئەوەی بەمن کراوە لەبەرچاوی باوکما بەدایکیشم کراوە.. دایکم بەرگەی نەگرتووەو مردووە.. باوکیشم ئیفبیج کرابوو.. بەبەرچاوی دایکمەوە، بتلّیان تێدەبڕی.. دایکم غەمی منی بوو، باوکیشم غەمی هەردووکمانی بوو.. ئیدی نەمدەزانی بە چ جۆرێ سەربەرزکەمەوە، سەرنجی پڕ تەوسی خەلّکی پێستی دەسمیم، بەرەو ناخی ئێسقانەکانم دەچوو.. پەنام بردە بەر بێدەنگی، وردە وردەش سکم بەرزدەبووەوە.. لەلایەکەوە باوکە هەژارەکەمو فرمێسکە بێدەنگەکانی، لەلایەکی دییەوە دەنگی فرمێسکەکانی خۆم کە لەنوێنی شەوانمدا هەراسانی کردبووم.. هەستم دەکرد باوکم حەزدەکات دەستم بچێتەخۆمو خۆم بکوژم.. خۆیشم حەزم بەمەرگ دەکرد، هەرکە سەیری وردە فرمێسکە ئاوێزەکانی قەد تەنکە ریشە سپییەکەی باوکمم دەکرد، بڕیاری خۆکوشتنەکەم هەلّدەوەشاندەوە.. باوکم دوا میراتی ژیانم بوو.. لەبەر باوکم دەبا بژیم، تا لەژیاندا بێت دەبێت بژیم.. ئەو مرد.. من ئەوەتا..

که نەسرین شووی بەئەحمەد کرد، سکی پێنج مانگان بوو، خەجێ گەلێ یارمەتی دەدا، بەهێ شێوەییێك نەیدەهێشت هیلاك بێ، لەرۆژێکا دەیان جار ئاگاداری دەکردەوە:

- کچم لەبیرت نەچێ شتی قورس هەلّنەگری.



پاش چوار مانگ هێشتا سێ سەعات بەسەر منالّبوونی نەسرینەوە تێنەپەڕی بوو، خەجێ بۆ یەکەمجار بەتوڕەییەوە نەسرینی دەدوان، چاوەکانی سوورهەلّگەڕابوون وشەکان بەجوانی لەدەمیەوە نەدەهاتەدەر.

- ئەمەت بۆ کرد؟ بۆ..
- نامەوێ تۆوی دوژمن بەخێوبکەم.
- بەشێکە لەتۆ..
- بەشە پیسەکەی من بوو.
- تۆ پیس نیت..
- دەلّێم بەشە پیسەکەی من بوو.. بڕیاری من دوژمنایەتی بێپایانە، لەخۆمەوە لەبەشێکی خۆمەوە دەستم پێکرد..
- ئەمەیان حوکمی ئەقلّ نییە.
- جا کێ دەلّێ حوکمی عەقلّ لەهەموو کاتو شوێنێکدا دروستە؟
- چ کاتێکیش سەرەڕۆیی ئەنجامی چاکی نەبووە..
- سەروەریی نییە، بڕیاری پێشوومە، نامەوێ هەموو ساتێ لەرێی ئەو منالّەوە سامناکترین رۆژگاری تەمەنم وەبیربێتەوە نامەوێ.

لەیەك کاتدا رقو بەزەییم لەمندالّێکدا کۆکەمەوە..

- پەلەت کرد.. سەرەڕۆییت کرد.. نەدەبوو..
- دەبا وابا، دەنا خۆمم بەنەگریسو پۆخلّ دەزانی..
- نازانم، گەلێ دنیا دیدە نیم، لەم بارەیەوە زۆریشم نەبیستووە، بەلاّم گەر هەمووکەسێ تۆ ئاسا رەفتاری کردبا، ئەوا ژمارەی خەلّکانی

ئەم زەمینە لەنیوەی ئێستا کەمتر دەبوون.. بەهەرحاڵ بێگوناهێکت کوشتووە..

- دەبا بیکوژم..
- تۆ بێگوناه و گەورەبوویت، نەیان کوشتی کەچی تۆ بێگوناهێکی ساوات کوشت..
- بریا دەیانکوشتم.. وادەزانم لەم رەفتارەمدا لەگەڵ (ئەوانم) جیاناکەیتەوە.
- لەسەرئەنجامی کار، نەء، بەڵام لەجۆری کار گەلێ جیاوازن، تۆ ئینسانیو ئەوان ئینسان نەبوون، بەڵام ئێستا تۆ کاری نائینسانیت کردووە..
- چاکە گەر خوێنەوارێکی چاك بای چت دەوت:
- خوێنەوارێکی چاك باك بێدەنگ دەبووم، قەناعەتم پەیدادەکرد کە نازانم ئەم کارەی تۆ هانی دەدام زیاتر بخوێنمەوە، تا شتێکی ئەوتۆم دەست هێنابا، لەیەك کاتدا دژ بەتۆو پشتگیرم کردبایت..
- ببورە مەبەستم، هێ نەبوو..
- کەیفی خۆتە، هەر مەبەستێکت هەبووبێ کەیفی خۆتە، بەڵام کارەکەت ناپەسەند بوو..
- نەمدەویست ببم بەدایکی..
- بەڵام هەر دایکیت.. بەرلەئێستا دایکی ساواییێکی باوك نادیار بوویت، بەڵام ئێستا دایکێکی خوێنرێژی..



- تکادەکەم.
- گرنگ ئەوەیە دایکیت..
- نامەوێ تۆیش برینم بکولێنیتەوە.
- گەلێ جار برین کەکولانەوە جۆرێکە لەتیمارو سارێژکردن.
- ئەمەیان قسەی رووتە.
- تۆ وای تێبگە.. دەنا راستییە.. راستییەکە ئاو لێڵ ناکات.
- رەنگە وابێ وەلێ دەبا هەر ئەمەم کردبا، مۆتەکە ئاسا خەونی تێکدابوم.
- بۆ؟
- نازانم.. بەڵام ئێستا (پاش هەموو کارێ) دەڵێم بەشێکیان لەبەر خاتری مناڵەکە ئەمەم کرد، چۆن دەکرێ بژێمو ببینم مناڵێ لەنێو مناڵاندا سەرشۆڕبێو خەڵکیش بەزۆڵ ناوی ببەن.. چ زۆڵێکیش؟ تۆوی دوژمن.. نا.. نا.. نەدەکرا بژێت.. راستە بەشێ بوو لەمن، بەڵام دوژمنمە دوژمن.
- دوژمن؟ نەء.. ئەمەیان بریاری خۆتە خۆت پێش وەخت بریاری دوژمنایەتیت داوە.. دەنا ئەوەی لەتۆ بێو تۆ پەروەردەی کەیت، نابێتە دوژمنی تۆ..
- هەر لەمن نەبوو.. پەروەردەش هەموشتێ نیە.. گەر بەم پێوەرەی تۆ بێت، ئەوا دوژمنانمان لەبەر بێپەروەردەیی هەندە درندەنو دوژمنایەتیمان دەکەن..

- بەڵێ.. گەر پەروەردەی راست هەبێ ئیدی چ پاکانەیێك بۆ دوژمنایەتی کردن دەمێنێ؟
- هەرگیز ئەم قسانەت بەقسەی نیمچە خوێنەوار ناچێ.
- بۆ کێ دەڵێ هەموو نەخوێنەوارو نیمچە خوێنەوارێك کوێرە؟
- کوێرە چیت دەوێ؟
- گۆچانێ..!!
- یانی بەم رادەیە لەدنیا گەیشتوویت؟
- گەر زۆرم زانیبا.. ئەڵبەتە بەقسەت دەکردم.. کەم هاوارم کرد، وریای خۆت بە، خۆت ئەزیەت مەدە، شتی قورس هەڵمەگرە.. بەسەلامەتی لەدایك بوو کەچی کوشتت..
- .. ..

ئەو سەردەمە، ئەحمەدو خەجێو نەسرین سێ ئەندامی چوستو چالاك بوون، مەیدانی تێکۆشان،جێی حەسانەوەو ئارامییان بوو، هەریەکە لەبواری خۆیدا پێشمەرگە بوو، خۆشەویستی نەسرینو ئەحمەد جۆرە پیرۆزییێکی وەرگرتبوو، تەنانەت بەلای یەکەوە لەهەموو پیرۆزییێك پیرۆزتر بوون، یەك ئامانج، یەك خەونو هیوا، خەمی گەورەیان خەمی خەڵك بوو، خۆشییان بەختەوەری خەڵك بوو، خاوەنی دڵێ بوون جێی هەموو رەشورِوتێکی تیادا دەبووەوە، دیدیان ئازادی مرۆڤ، هەر مرۆڤێ لەهەرکوێیەکدا بێت، ئازادییان، ئازادی ئەمان بوو. ئەمانو دنیای ئەمان دوو دێڕی زیندووی هەمیشە گەشی بەرچاوی خەجێ بوون..



ئەحمەد، چاوی لەبنمێی ژووری ئوتێلەکە گیرکردبوو، نەیدەتروکاند، وردە وردە ئەم یادانەی تەمەنی بەبەرچاویا تێدەپەڕین جارجارەش، خۆی درێژەی بەهەندێ یاد دەدا، دووجار سێ جار بۆ خۆی دووبارەدەکردەوە، هەندێ یادی دیش بەهێ جۆرێ دەسبەرداری نەدەبوون، پاڵەپەستۆیان بوو تا زوو بەرچاو و مێشکی داگیرکەران، جارجاریش هەناسەی گەرمی هەڵدەکێشاو خۆی دەدواند:

- ( چییان پێنەکردین، خۆ تەنها لە ١٩٦٣ دا لەکەرکوك، شێخ مارفو هاورێکانی لەرۆژێکدا لەقەنارە درانو لەناوەندی شەقامە گشتییەکاندا هەڵواسران، خەڵکانی کینە لەدڵیش بەدەهۆڵو زورنا بەدیار قەنارەکانەوە شاییان دەکرد، شەلاتیەکانیش بەچەقۆو قامە جەستەی هەڵواسراوەکانیان کون کون دەکرد لەکۆیە، چییان نەکرد هەروەك سەدەی پیش زایین (کراسۆسی دار تەلی کارەبای شاری کردبووە خاچ، کوردانی پێهەڵدەواسی.. یاریگاکەی سلێمانی سەدان ڤیکتۆر خارا-ی تیادا کوژرا هەر تەنها لەبەرئەوەی کورد بوون! بەمەش نەوەستان سوپا پڕچەکەکەی سورییان بەرەو کوردستان هێنا، درەویش کران، عەبدولسەلام عارف سواڵی خوتبەی دەکرد کە زۆربەی مەلاکانی خوارووی عێراق فتوای بۆ بدەنو خوێنی کورد حەڵاڵ کەن).

چ شەوێ بوو، نەدەگوزەری، سەراپای تەمەنی شۆڕش، وردە رووداوەکانی چواردەساڵ هەروەك ئەوەی تازە رویاندابێ، بەهەمان کەفوکوڵو گەرمییەوە، مێشکی تەنی بوو، داستانی هەندرێنو ورەی

لەیلاقاسم، خوێنڕێژی (زعیم صدیق)و خیانەتی هەندێ سەرکردە —کە هەریەکەو میری حیزبێکی بۆ داتاشیبوون، لەبەرچاوی ئەحمەدا تێکەڵو پێکەڵ بوون، لەنێو دەریا خوێنەکەی قەڵازدێدا، خۆی بەنیوەگیان دەبینی، رەنگی هەموو شتێکی لەبەرچاودا سورهەڵگەڕا.. یادەکانی مێشکی لەتریان دەدا، زیاتر تێکەڵو پێکەڵ تر دەبوون، گەلێ زۆری لەخۆکرد بەهێ جۆرێ رێی ئەو یادەی نەدا کە سەردەمانێك پێوەی دەتلایەوە، شەوورۆژی لێ‌نەدەگوزەراند بووبووە مایەی بێزو قێزی.. تەنها بەئاستەم ئەو یادەوەك دوو وشەی یاخی رێیان بۆ خۆکردەوەو لەسەر لێوە بارگرتووەکانی ئەحمەدا لەنگەریان گرت (براکوژی) بەخۆهاندانو خۆخلافاندنو جەڕاندنی مێشك تارمایی ئەم دوو وشەیەی رەواندەوە، بەخوا شەڕخوازی رووی لەو رۆژانە کرد کە دەرگای ئێرانیان بۆ خرابووە سەر پشت، ئەورۆژەی لەشاری (سنە) لەلای پزیشکی دگاندا، بەپەلە بوو، لەبەرخۆیەوە وتی: (شارەکە کوردن بەنۆبە بڕیش بێ‌کاری خۆم وەئەنجام دەهێنم) کچێکی رێك‌وپێك‌و شیکپۆش لەبەردەمی وەستابوو پێی وت: (خوشکێ کوردی عێراقم.. پێشمەرگەم گەلێ پەلەمە، گەر یارمەتیم بدەی با بەرلەتۆ دکتۆر ببینم..

کچەکە بێ سێ و دوو ئاوڕدانەوە وتی:

- بۆ کورد ماوە؟!

گەر ئەحمەد دڵنیا نەبا قسەکەی بەتوێکڵە کچ نەبا هەرچیەك با، سیو دوو دگانەی دەشکاند، بەڵام سووك سەری داخست بەشەرمەوە رێی



گەڕانەوەی گرتەبەر.. یەکسەر قسەکەی ئەو کوڕە کوردە سنەییەی وەبیرهاتەوە —کە پێش ئەوەی بچێتە لای دکتۆر- لەقاوەخانەیەکدا پێی وتبوو:

- (چاوتان گەلێ رەش‌و جوان نییە.. شا ئێوەی کردووە بەتاژی، نێیریش بۆ خۆی دەگرێ، ئێوەش دەستان لەبنی هەمانەکەوە دێەدەر.. شا، خۆیشی سەپانی ئاغاکەیەتی، هەر بەئاستەم سەیرێکی ئێمە بکەن.. بزانن شا هێ شتێ بەئێمە رەوا دەبینێ؟! کەچی بەئێوە —نازانم چ ناوێکتان لێ بنێم- تۆپی تەیارەشکێن‌و موشەکی (ئاریا) تان دەداتێ.. ئێمەش هەر بڵێین کوردین زمانمان دەبڕێ.. قوربان (اطلاعات‌و خاك خون)ی بۆ ئێوە کردووە بەزوڕنا، شا خۆیشی سەرچۆپی شایی خوێنی بۆ گرتوون.. برا ئەوا ئێمە زۆربەی هەرەزۆرمان نەخوێندەوارو کڵۆڵین، ئێوە هەندێ باشترن، مەردی خوا بن.. پیاوی چاك بن.. تا.. کارلەکار نەترازاوە..)

ئەم یادە تەزووی بەلەشیا هێنا، یەك دوو جار هەوڵی دا لەنیوە بیقرتێنێو بیرلەشتێکی دی بکاتەوە، کەچی روخسارە دزێوەکەی (شا)ی سەر (تمەن) بەرچاوی بەرنەدا، کە چۆن تمەن-ی بەشا نەخشراوی دەستی هەندێ پێشمەرگە دەخرایە نێو سوخمەی قەحبەکانی (تەوکل اباد — مهابادی — قلعە-وە دەیان دەروازەی تر).

لەنێو دنیای ئەم یادانەدا بزەیێك گرتی: قسەکەی لەتیفی هاوڕێی وەبیرهاتەوە:

- (گەر کار وابڕوات ئەوا ساڵێکی تر.. لەم دەروازانەدا منداڵ بەتفەنگەوە لەدایك دەبن).

شەوی لێنەدەگوزەری، دەستی بۆ قەڵەمەکەی برد، لەدەفتەری یادنامەکەیدا ئەمەی تۆمارکرد:

ئاشبەتاڵ..

وشەیێکی ئاشنا بەگوێی ئەم میللەتەیە.. ناڵەی خوێنی یەکەم منداڵە کوژراوی سەرەتایی پەیدابوون، دەنگی هەمیشە نەسرەوتییە، تێکەڵە بەخڵتەی بەدڕەفتاریو خۆخۆری.. ئەم خوێنە بوەتە هەڵمو هەور، بووەتە لافاو، توڕی هەڵداوەتە دەرەوەی زەمانو شوێن!

ئەم میللەتە گۆشەگیرە بێجێیە، ئەوەندەی زەمان بەرینە، لەش قورسی مەنفاو زیندانو زنجیرە، کێڵگەیێکی بەپیتی تۆوی لەخۆبوردوونە..

میللەتە مەیدانێکە..

بۆ تاقیکردنەوەی هەموو جۆرە چەکێ شیاوە، بێدەربەستە، کوژراوەو دەکوژێت، زیندووی بێگیانە، رۆحێکی بێجەستەو شوێنە.. دەریا خوێنێکی بەرینی بێرۆخە.. هێ گابەردو لمێ ناتوانێ رقی شەپۆلە وروژاوەکانی بمژێ.. زۆرجاریش رۆخێکی وشکەوە بووی پیاوپێیە.. میلەتێکە، بەهێ شتێکەوە شانازی ناکەن بەقەد ئەوەی شانازی بەوەدەکەن کە کوردن!!



سەرەتاو کۆتایی شەووڕۆژێکی ئەم میللەتە، بەدەنگی خوێنی خۆی مژدەی بەیان پەخش دەکات.. بەهەمان دەنگی خوێن پەپوئاسا دەنگی باڵندەکانی دی کپ دەکات..

میللەتە خوێنێکە..

خۆی مەنفاو بەندیخانەیە، وڵاتو پەناهەندەیە دژوارترین رێی مێژوو ئاشنایەتیو ئینکاریشی دەکا! هەر تاریکیە بەچاکی دەیناسێ کە چۆن خۆیو دوژمنانی دەهاڕێ..

میللەتە باسێکە..

تێکەڵی چاوەڕوانیو خود کوژییە، نە دەنگدانەوەی مەودای خۆی دەربڕێ، نە دەنگیشی توانیویەتی بەدووی کاروانی رەشوروتانی چەتا پەرست بکەوێ.. بۆیە شەوانی تەڵخی درێژی، ورشەی ئەستێرەی سەرسنگی شەهیدی تریفەی مانگی روخساری سەر قەنارەی چیای تۆپو بۆمبا بەزێنی، دۆڵی شەستیرو رۆکێت شکێنی هاژەی چەمی غەمو قەڵبەزەی خوێنی لەنێو ناڵەی شاعیرێکی عاشقی خەو پەڕیودا لەنێو سۆزی لاوك بێژێکی چاوەڕوانی شەهادەت دا، بووەتە داستان یەخەی زەمانەی رووڕەشی پێڕازاوەتەوە.. هەموو رۆژێ تورەبوونێکی نوێ سەرهەڵدەدات هەموو رۆژێ خوێن دەبارێ هەموو رۆژێ ئاگرو دوکەڵ چیرۆکی خۆیانی دووبارەدەکەنەوە کەچی (رێی ئاشبەتاڵ) هەر لەگۆڕێدایە هەموو هەر دەپرسن (بۆ).

ئەم (بۆیە) لەگەڵ هەموو ئاشبەتاڵێکدا سەرهەڵدەدات، لەئاشبەتاڵێکی دیدا، دەبیتە (سووکە وەڵام) وەڵامێکی گەوجانەی سیاسەت بازێکی ئینتهازی پیسە، ئەویش (دۆستان پشتیان تێکردی!!).

ئەم میللەتە نامیللەتە

لەیەك کاتو شوێندا پیسترینو پاکترین، ترسنۆك ترینو ئازاترین میللەتە.. ئازایە.. لەوەتەی هەیە هەرماوە.. ترسنۆکە لەوەتەی هەیە ژێردەستەو چەوساوەیە..

چ میللەتە خوانێکە..

لێی دەخۆنو تێر نابن، خۆی دەخواتو تێرنابێ.. چ چەشییێکی چەورە بۆ نێچیری سەرەڕۆ، چ مێشکێکی خاوە بۆ پڕوپوچی ئاین بازان، چ کەللەڕەقێکی تۆڵەیە.. چ کچ فرۆشێکە، چ عەشیرەت بازێکە.. چەندیش سووتاوی یەکێتیو ڕێکخستنە..

# ۷

بەهێ جۆرێ خەجێ باوەڕی بەوقسانە نەدەکرد کە خەڵکانێ دەیانکردو بەجۆرە کەساسیەکەوە دەیانووت:

- ئا.. تەواو.. ئاشبەتاڵ..

شێت ئاسا بەرویاندا هەڵدەشاخا، بەدەمارگیرییەوە دەیووت:

- ئەرێ ئێوە عەقڵتان نییە.. نابێ هەر بەئاستەم بیربکەنەوە.. چۆن باوەڕ بەم قسانە دەکەن ئەمە دیعایەی ناحەزانە، دوژمن ئەم دیعایانە بڵاودەکاتەوە ئێوە بە چ عەقڵێکەوە باوەڕدەکەن ئەم هەموو پێشمەرگەیە، ئەم هەموو فیداکارو گیان لەسەردەستە، خۆ سەرشۆڕکەن؟ چەکەکانیان فڕێدەن؟ پاکانە بوونیان، هەموو پیاوەتییان بخەنە ژێر پۆستاڵی داگیرکەرو تەسلیم بنەوە؟.. هەرگیز باوەڕمەکەن!!! دوورنییە ببیستن بەکۆمەڵ



خودکوژی بکەن، خۆ لەناوببەن، بەڵام تەسلیم نابنەوە!! ئەگەر لەم چواردە ساڵەیا هەریەکەیان فێرە دێڕێکی خەبات‌و تێکۆشان بووبێ ئەوا هەرگیز، خۆناخەڵەتێنن.. ناخەڵەتێن.. باوەڕمەکەن.

هەرکە پێیان دەووت:

- مەسئەلەکە لەدەسەڵاتی پێشمەرگە –سادەکە- بەدەرە (ئێستا) پێشمەرگە ئەو کەسەیە بەهێ جۆرێ حیسابی بۆ ناکرێ (کارەکە) بەدەستی هەندێ لەگەورەکانەوە دەوڵەتانی دیش خۆیان تێهەڵقورتاندووە..

دووبارە خەجێ باوەڕی نەدەکرد.. چونکە پیشمەرگە، دنیای پێشمەرگە پیرۆزەو مەلائیکە ئاسابوون، بەزیرەك‌و تێگەیشتوو و خاوەنی خودی خۆیانی دەزانی، پێی وانەبوو پیشمەرگە لەبەرچاوی (هەندێ مەسئولی دەسەڵاتداردا) حیساب بۆ خواست‌و دیدو بۆچونی ناکرێ، حیساب بۆ ماڵ‌و منداڵ‌و ژیانی ناکرێ، حیساب بۆ برسییەتی‌و پیاوەتیی، بۆ کبریاو خواستی ئینسانی، بۆ کەرامەتی، بۆ هێ شتێکی ناکرێ.. رەنگە بۆ هەندێکی زۆر کەم کە خزم‌و سەگ‌و سواڵی هەندێ مەسئولی بێفەڕو دزن، حیسابی ئیسراحەت‌و لەمەقەڕ مانەوەو لەسێبەری سەماوەرو مەسینە هەڵگترنیان بکرێ.. نەخێر پێشمەرگە بەلای خەجێ وە (پێغەمبەر) ئاسا بوون، چش لەئەزیەتی دوژمن‌و خزم‌و خوێشیش دەکەن، بەسەربەرزییەوە بەرەو سەربەستی‌و سەرفرازی هەنگاودەنێن‌و ملی رێی شەرەف‌و کەرامەت دەگرن.. گلانیشیان لەدایك بوونەوەیێکی نوێی باوەڕیانە.. کوڕی

ئەمەکداری خاكو نەتەوەن، شمشێری حەقی رەش‌وڕوتانن، هەڵۆی چیاو پڵنگی پێدەشتو کوڕی شەون، هەر بەفرو برسییەتیو شەوی تاریكو رێی هەوراز بەچاکی دەیانناسن، مزگەوتی گوندەکان وەك فریشتەکانی خواوەند دەیانگرێتەخۆ.. برسییەتیو بێنازیو تەوزیع، چڵكو كێو ئەسپێو بۆنی پێڵاوی لاستیك سەرمایەی ژیانیانە.. ئیدی لەچ بترسن..

خەجێ گەلێ جار لەپرسەی پێشمەرگەیێکی شەهیدا، لەگەڵ لاوانەوەی سۆز ئامێزی ژناندا دەتوایە، ئەویش نەك بەخەمو خەفەتو گریانو شینو شەپۆڕ، بەڵکو جۆرە فرمێسكێکی گەرمو گەشی بەختەوەرانە بەچاوانیا دەهاتەخوارێ، گوڕو تینی پێدەبەخشی، زیاتر دڵنیادەبوو (کەهەمیشە سەربەرزەو دەبێت سەرفرازیش بێت) بەخۆی دەووت:

(سەرباری کوێرەوەریو چەوساندنەوە، بەڵام وەك سەربەستان دەمرین.. ئێمە خاوەنی ئەم رۆڵانە بین ئیدی چۆن بەسەربەرزیش ناژین.. سەربەست دەبینو هەر سەردەکەوین).

خەجێ، قەد باوەڕی نەدەکرد تا بەچاوانی خۆی لەتەلەفزیۆندا بینی:

ئەوا بەکۆمەڵ، دەستە دەستە پێشمەرگە چەکی قورسو سووك دادەنێنو تەسلیم دەبنەوە!! ئەوە (فلانە کۆنە مەسئولیش) لەتەلەفزیۆندا دەڵێ:



- خەڵکینە.. بەهەڵەدا چووبووین.. میری نیشتمانی بەرەحمە!! ئێمە خراپ بووین.. میری لێی بووردووین، ئیدی ئێوەش بچنە دووی کەسوکارتان بیانهێننەوە.. بەسە ئیتر.. ئێمە سەربەئیستعمارو زایۆنیەتو..

سەدان وشەی بێشەرم، لەزبڵدانی رەوشتی بێرەوشتانیش جێی نەدەبووەوە، سەرزاری ئەو بەزیوانەی کردبووە هێلانەو هەزاران زۆڵە وشەی بێئابڕویان دەزاند، هەروەك ئەوەی خۆیان نە بایان دیبێو نە باران! لەرادیۆو تەلەفزیۆندا سەدان تانەو توانجیان دەگرت.. کەچی سالێ لەوەبەریش هەر ئەو (ترە مەسئولانە) بوون دەیاننەڕاند:

- هەڤالان.. خەڵکی بەشەرەفی کوردستان! گەر میری دەست لەتەرحیلو تەعریب هەڵنەگرێ، ئەوا دەبێ دەرسێکی ئەوتۆی بدەین کە هەرگیز لەبیری نەکات.. دەبێ چۆکی پێدابدەین، ئالای سپیی پێبەرز بکەینەوە.. بەڵێ خەڵکی بەشەرەفی کوردستان! دەبێ تا دوادڵۆپەخوێن شەڕی لەگەڵدا بکەینو مافی رەوای خۆمانی پێبسەلمێنینو..

ئەمە جگە لەخۆبادانو خۆگێڤکردنەوە، بەچاوی سووك روانینە خەڵكو خۆبە (هەمووشتێ زان)!و جرتوفرتو فسکەفسکی بێسەروبەرو مێبازیو شاڵو کلاشی دۆمی.. جارجارەش قاچاغچیەتی سەیارەو زۆر جاریش دزیو هەمیشەیش درۆ ئالابووە ژیانی بیستو چوار سەعاتەی (تێکۆ-شانی شۆڕش بازییان!).

لەم لایشەوە، خەڵکە شۆڕشگێڕە راستەقینەکە، هەندێکیان بەساکاری خۆیان باوەڕیان دەکرد، ئەوەی وریاو زیتیش با لەترسی کەلەپچەی (زمانگر) بێدەنگ دەبوون بەسەرنجی تەوس ئامێزەوە سەیری کرداری ئاسمان ئاساو گرفتاری رێسمان ئاسایانی دەکرد.. لەلاییێکی دیشەوە (لەچاو مەسئولەکانی دەوڵەت بەحەوت ئاوی کەوسەر شۆرابوونەوە!!

ئەگەرچی خەجێ دڵگیر دەبوو، خەمو خەفەتێکی زۆر رووی تێدەکرد، هەمان رووخساری ئاغای دێیەکی خۆیانی وەبیردەهێنایەوە..

ئەگەرچی لەلای خەڵکانی دی ئەم بادانەوە کوتوپڕییەی (تڕە مەسئولەکان) شتێکی سەیرو پڕ سەمەرەبوو. کەچی خەجێ بەوچاوەوە سەرنجی نەدەدان دوورتر دەیڕوانی، داهاتووی ئەو (مەسئولانە) دەهاتەبەرچاوی کە چۆن:

پاش ئەوەی چاك دەدۆشرێن، ئەوجاش دەیانکەنە عیبرەت لەهەردوو سەرەوە رووڕەشیان دەکەن، تەنانەت بۆ خودی خۆشیان دەسەلمێنن کە (کەڵکی کرێگرتەیشیان نەماوە) دەس بەگوریسێکی دییەوە دەگرن، لەسەر چ شتێ لەنگەر دەگرن، ئەوەیان دەمێنێتەوە سەر تەجروبەی خۆیان، قۆنتەراتچی، دەیان چی چی و چی چی تر باوەشیان بۆ دەکاتەوە.. گەر زۆریش (عەریقو عەقائیدی-بن لەدزیو.. ئەوا لەنێو حیزبێکی کارتۆنی دا دوکانێکی کوردفرۆشی دەکەنەوە!!

خەجێ دوژمنی بەدوژمن دەزانی، هەرچیەکیان کردبا، خەجێ دەیووت:



- دوژمنایەتیەو کارەکەیان ئاساییە.. بگرن.. ببڕن، بکوژن، ماڵ وێران کەن، تالآن کەن.. بەلآم ئەمانەی دی –زۆڵەکوردی بێ ئابڕو- لەدوژمن دوژمن ترن.. سەگی پاسن.. تانجی راون.

گەلێ جاریش لەنێو هاوسێکاندا بێپەروا دەیووت:

- بەئینسانیان مەزانن.. ئینسان نین، لەدڕندە دڕندەترن بەزەییتان بەچاوانی خۆتانا بێتەوە، بەدیمەنیان سەروچاوو مێشکتان پیس مەکەن، گلآون، لەبیستوچوارسەعاتی شەو رۆژێکدا بیستوچوار هەزار نەفرەتو تفیان لێکەن.. ئەمانە پۆستاڵی داگیرکەرن خۆتان راهێنن.. منداڵەکانتان پەروەردەکەن، لەپێلاو کەمتریان بزانن.. وریابن دەستتان بەر دەستیان نەکەوێ جوابی سەلامیان مەدەنەوە بەهەشتان نەوێ گەر ئەوانی تیادا بن، ئەو خوایە مەپەرستن وا ئەمانە ئەی پەرستن، خوایان نییە.. شەرەفیان نییە.. ئاین.. رەوشت.. پیرۆزی.. هەر هێیان نییە.. پارە خوایانە.. پارە هەموو شتێکیانە، خوێنو رۆح یانە.

خەجێ، بەچاوانی خۆی دەیان پێشمەرگەی تەسلیم بووی بینی، بەسوێی ئەوەوە بوو ناسیاوێکیان ببینێو لێی ببیستێ.. مارف-ی هاوڕێی ئەحمەدی بینی، لێی پرسی:

- ئەرێ چۆن وا..؟ چی بوو؟
- ئیتر.
- یانی تەواو.. هێ نەما.. هەر هێ نەما؟!
- بەڵی تەواو.. چۆلەکە کوژیش نەما..

- چۆن؟

- فرۆشراین.. هەرزان فرۆشیان کردین.. ئێمەو وڵاتیان نایە نێو جانتاییێکی دبلۆماسی، وێستگا بەوێستگا، لەنگەر بەلەنگەر هەراجیان کردین.

- ئەو هەموو پێشمەرگەیە.. ئەو هەموو چەکە.. بەجارێ..؟

- بەڵێ تەنانەت ئەو تفەنگانەی زمانی حەق گۆمان بوون، لەو رۆژەدا لاڵ بوون، مەیین، بێزیان لەخۆدەکردەوە کە بەشانی ئێمەوەن.. گەر بەقەد هەزار یەکی ئێمە (هەستو رۆحیان) هەبا ئەوا هەرگیز خۆیان بەدەستەوە نەدەدا.. گەر لەوپەڕی ناچاریشدا بان خۆیان دەشکاند..

- یانی چ کەسێکتان بەچیاوە نەماوە؟

- نەخێر.. بەشێکمان لەئوردوگاکانی ئێرانداو لەسایەی (شای ئاریا میهر) خەون بەکۆماری کوردستانی مەزنەوە دەبینن، شا بانۆیش تەفسیری خەونەکانیان لەکتێبی (انقلاب سفید) دەکات.. شێرو خورشیدیش ئاردو شەکرو چاو پەنیرو چادری بۆکردوون بە (هەمووشتێ) زەرنەقوتە ئاسا دەمیان داچەقاندووە، ئەویش تێریان دەکات (انقلاب سفید-یش) فێریان دەکات شا، (لەوانەی) خۆمانی دەکڕیو قوماریان لەسەردەکات.. بەشێکی دیشمان بەرەو ئەوروپا تێیان قوچاند.. بەشە زۆرەکەشمان، ئەوا دەمانبینی، چۆن لات لات دەسوڕێینەوە چاو شۆڕ، ملکەچ، بەنائب عەریف دەڵێین (سەیدی!!) ئەمریش دەرچووە بەرەوخوارووی عێراقمان دەنێرن..



- یانی ئەوها؟

- هێشتا لەکوێمانە.. تفەنگو چیاو شۆڕشمان هەبوو (تەعریبو تەرحیلیان) دەکردین.. (ئێستا) مەگەر ئەو خوایە بزانێت چیمان لێدەکەن..

- بێشك لەکۆڵتان نابنەوە.. دەسبەردارتان نابن، ئەوەی پشت لەچیا بکات، چیایش پشتی بەردەدات..

- هەروای لێدەهات!

- بیبڕەوە..

بەشێوەییێکی ئەوتۆ نەڕاندییە سەر مارف پێی وت بیبڕەوە، مارفی راچڵەکاند..

خەجێ بەر لەئێستا گەلێ بەوردی گوێی رادەگرت، سەرنجی ئەو قسەو رەخنانەی دەدا، بەبیروبۆچوونی خۆی بەخزمەتی شۆڕشی دەزانی.. خۆی وەتەنی:

لەشۆڕشدا زۆر شتی نائاسایی دەبێتە ئاسایی، گەلێ لەپیاوانی فەرامۆشکراو جێ بۆ خۆدەکەنەوە خۆدەسەلمێنن، قارەمانێتی ئەوتۆی چاوەڕوان نەکراو دەنوێنن، دۆستو دوژمن سەرسام دەکەن.. لەهەمان کاتیشدا گەلێ لەدەوڵەمەندانو خانەدانان لێدەکەونو دێنە سەر (ساجی عەلی) هەندێکی دیش دەوڵەمەند دەبنو دەبنە (پیاوی نێو پیاوان!!) ئەمانە بەلای خەجێوە ئاسایی بوون، ئاسایی تر بوون کە دەیبیست، فلانەکەسی خاوەن شەش حەوت ساڵ خزمەتو لەخۆبوردن (بەزیوە)

تەسلیم بووەتەوەو لەسەر دەرپێی خۆی دانیشتووە، رای خەجێ بەرامبەر ئەمانە:

- شۆڕشگێڕی راستەقینە ئەوکەسەیە تاسەر، لەهەموو تاڵو تفتییێکدا، پێشمەرگەیە.. ئەوانەی کە پاش خزمەتێکی زۆر، یا دڵیان دەشکێ، یا، خۆیان هەرئەوەندەیان لەباردایەو پایدۆسی لێدەکەن، ئەوانە وەك ئەوکەسانەن بەرۆژودەبن، پاشانیش بەگوڕ رۆژووەکەیان دەشکێنن..

قسەکەی ئەمجارەی مارف کە وتی هەر وایلێدەهات بەرچاوی خەجێی تاریك کرد وەك ئەوەی جنێو بەپیرۆزترین کەسێکی لەناوچووی بدرێت، ئاوها قسەکەی مارفی هاتەبەرگوێ.. بێ خواحافیزی کردن لەمارف، خۆی بەتەنها بینی کەوتە خۆدواندن:

- (بشێ میللەتانی دیش کورد ئاسا بن، پێلەقە بدەنە سەر ئەوکەسەی گڵۆڵەی دەکەوێتە لێژی، تەقە لەرابوردووی خۆیانیش بکەن.. ئەلبەتە ناپەسەندیو بێسەروبەریمان تێدا بووە.. شۆڕشی هەموو میللەتان ئەم وردەشتانەی تیادا بووە، بەڵام هەرگیز نەبووەتە مایەی ئەوەی بێز لەسەراپای شۆڕشەکە بکرێتەوە خۆبەشێکی تەواوی ئەمانە دەیانزانی شۆڕشەکەمان چییەو چۆنە، خۆ هەموویان (ئەم وەزعەش) لەگەڵیا بوون.. لەوێدا بێدەنگو بێزمان بوون.. لەرووەدا قایل بوون بەهەموو شتێ.. گریمان وانەکەوتایەتەوە لەبری ئاشبەتاڵ سەرکەوتن با.. خۆ هەر ئەمانە چاوی پیاویان دەردەهێنا، ئەوەندە قسەیان دەکرد هەروەك ئەوەی (هەندرێنو زۆزك) گیانێکی بەمان بووە، دەنا، دادەتەپین.



*

خەجێ ئەوشەوە تا بەیانی هەر گێنگڵی ئەدا، چ کەساسیو کلۆڵییێك، چ ئازارو کوڤانی ئەوەندە دەسەوستانو بەرچاولێڵی نەکردبوو، گۆج ببوو، هەرجارەو بیری بۆ جێیەك دەچوو، ئەو بەرەبەیانەی سەرەتای ساڵی ١٩٧٤-ی وەبیرهاتەوە کە ئەحمەدو نەسرینی بەرێخست..

ئەحمەد وایدەزانی ئیدی زۆر بەزەحمەت دەتوانن یەکدی ببیننەوە، داوای لەخەجێ کرد:

- دایکە تۆیش بۆ لەگەڵ ئێمەدا نابین؟

- نەخێر.. ئێوە خواتان لەگەڵ.. بەورەی بەرزی خۆتان دەسپێرم.. من لەشار دەمێنمەوە.. پێشمەرگایەتی هەر چیاو تفەنگو شەو نییە.. شاریش پێشمەرگەی خۆی هەیە.

- دایکە دەترسم بتگرن.. دڕندەن.. گەلێ دڕندەن.

- پێویستم بەوە نییە باسی دڕندەیی ئەمانم بۆ بکەی.. دڕندایەتیش زمانی خۆی هەیە، خۆی باسی خۆی دەکات.. بەڵام ئێوە وریابن، لەهاوڕێکانتان دوانەکەون، بەهێ جۆرێ کارێ نەکەن بەسوکی بکەونە بەرچاوی خۆتان.. دەشێ تائێستا دەستتان نەچێتە کەسو بیکوژن، بەڵام، دەڵێم دوژمنو داگیرکەر کوشتن نوێژە.. نوێژێکی راستگۆیانەی بێ ڕیایە..

- دایکە گەلێ شۆڕشگێڕی!

- جا پێیت ناخۆشە؟

- نەخێر شانازییت پێوەدەکەم!

- منیش شانازی بەپێشمەرگەوە دەکەم!

پێش ئەوەی خواحافیزی بکەن، نەسرین‌و خەجێ تا درەنگێ پێکەوەبوون، گاه خەجێ نەسیحەتی نەسرینی دەکردو ڕێنمایی دەکرد، گاه گوێی بۆ قسەکانی نەسرین شل دەکرد، سەرئەنجام قەناعەتی بەنەسرین هێنا.

- کچم ئەوانەی تۆ دەیڵێی ڕاستە.. ڕاستە ئێوە هێشتا گەنج‌و زروفی شاخیش جیاوازە، بەڵام هەردەبێ منالێکتان ببێ.. ڕەنگدانەوەی تۆ دەیڵێی لەگەڵ عەقڵ‌و پێویستیەکانی سەردەم بگونجێ، بەڵام من لەم ڕووەوە هەر (عەشایەریانە) بیردەکەمەوە.. گەلێ بەختەوەر دەبم گەر منالێکتان ببێ..

کە نەسرین‌و ئەحمەد چونە دەرێ بەر لەئاشبەتاڵ بەیەکدوو مانگێ ئومێدەکەی خەجێ وەدی هات.. کوڕێکیان بوو، ناوی هیوایان لێنا.. بەنامە خەجێ-یان ئاگادارکردەوە.. گەلێ کەیفخۆشبوو.. چەند جارێ لەبەرخۆیەوە دەیووت:

- (هیوا چ بەختەوەری بەپێشمەرگایەتی لەدایك بوویت!!)

خەجێ لەنێو ئەم خەم‌و پەژارەیەیدا ڕوخساری ئەو کوڕەزایەی —کە نەیبینیوە- مێشکی تەنی، لەبەرچاویا بەرجەستەبوو، بەخەیاڵ دەیبینی‌و داهاتووشی دەدایە بەر زەین.

- (چی؟ لەنێو منالانی گەڕەکدا پێی بڵێن باوکت‌و دایکت تەسلیم بوونەوە، سەریان شۆڕکرد، ملکەچی فەرمانی داگیرکەر بوون!! نا.. نا..



نەخێر.. هەرگیز ناهێڵم ئەم کارە بکەن.. نەخێر نابێ.. ئەی لەئۆردوگاکانی ئێراندا چاوەڕوانی هەڵمژن، هەموو خەمێکیان نان‌و ئاو، دەس بەکڵاوی خۆگرتن بێ، نازانم بەفارسی بەتورکی منالان بەهیوا بڵێن (پەناهەندەیە.. کوڕی پێشمەرگەیەکی فرۆشراوە.. ئەویش تێناگات‌و لەئەحمەدو نەسرین بپرسێ (پێشمەرگە چییە؟) بۆ فرۆشران؟ ئێوە چین وا فرۆشراون؟ ئەوانیش لەبەر دڵی هیوا بەهەزار پێ‌و پەنا سووکە وەڵامێکی منالانەی بدەنەوە.. کارێکی لەگەڵدا بکەن بێز لەرابوردووی دایك‌و باوکی بکات.. نەخێر.. نەخێر.. ئەی بچن بۆ ئەوروپا ڕۆحی خۆیان دەرباز کەن.. هیوا.. کوردی نەزانێت!؟ قسەی قۆڕ.. منالێ کورد گەر کوردی نەزانێ ئەوا ئاشبەتاڵێکی بێ شۆڕشە!! پشکۆیێکی بەخۆڵەمێش خنکاوە!.. نا..نا.. نەخێر هەگیز ناهێڵم لەو وڵاتانەداو لەغەریبیەدا خۆیان‌و خاك‌و نەتەوەیان بۆ پارووە نان لەبیربکەن.. بەچاوی سوکیشەوە سەیریان کەن.. سەرئەنجام خۆیانیش بگەنە قەناعەت کە سووك‌و چروکن، نانەڕەقی وڵات، زنج‌و کوخت، فرمێسك‌و نەخۆشی، گەوجی‌و بێسەروبەری، خوێنی شەهیدان‌و ئێسك‌و پروسکی باوباپیران، چۆن جێدێڵن؟! نەخێر.. بەهێ جۆرێ ناهێڵم بچنە دەرێ.. هەر لەبەیانی زووتر نییە خۆ دەگەیێنمە لایان..

ئەوشەوە خەجێ بەدەیان جۆر هیوای دەهاتەبەرچاو..

- (ئـا.. سـبـەينێ خـۆم تكـەڵی ئـەو ژنانـە دەكـەم وادەچـن كـوڕو كەسوكاريان دەهێننەوە منيش هەر بەو بيانووەوە دەڕۆم تا دەيانبينم.. ئەوسا..).

هەر ئەوشەوە خۆی ئامادەكرد، زۆر بەوريايييەوە لەنێو ژورەكەيدا رەفتاری دەكرد.. بەئاسپايی بەرەو كەلێنێ چوو، وەك ئەوەی كۆرپەيێك لەلانك دەرێنێ پرياسكەيێكی دەرهێنا زۆر بەوردی وەك ئەوەی قۆنداغی لێكاتەوە ئاوها پرياسكەكەی كردەوە.. دەمانچەكەی دەرهێنا.. تێی راما: حەپەسا، تاس بردييەوە.. سەرتاسەری بيستو نۆ ساڵ، لەكەركوكو بەغدا، لەكرێيەتیو دەربەدەری.. لەبرسيەتیو ئاوارەيی ئەو دەمانچەيەی پاراستبوو.. (خۆی وتەنی) تاقە يادگاری حەمەو دێو كەسوكارمە سەرەتا بێئيرادە يەكدوو فرمێسكی گەرمی بەسەرا رشت، پاشان بەسۆزەوە وەك ئەوەی كۆرپەيێكی بێ باوك بلاوێنێتەوە ئاوها بەئاوازێكی خەم ئامێز كەوتە لاواندنەوە:

- بێناز.. بێكەس!!

چەندم حەزدەكرد كە ئەحمەدو نەسرين چوونە دەرێ، دەرت بێنمو بتكەم بەدياری.. ئەی دواميراتی كەسانی پيرۆزو وڵاتی پيرۆزتر، دڵم نەهات، هەرگيز تەحەمولی جيابوونەوەت ناكەم.. ئومێدی ئەوەم پێت بوو، بەدەستی خۆم تەقەی سەربەستيت پێبكەم، پاشانيش ئاسنەكەت بتوێنمەوە، لەسەر نمونەی گاسنێك داتڕێژمەوە.. كەچی نەبوويت بەدياریو دەنگی سەربەستيشت بەرزنەكردەوە، بۆ؟



بشێ هەر پێويستيمان بەتۆ بێ؟ رەنگە تۆيش هەموو شت نەبيت، تەنها زمان بيتو حەق گۆ!! جا كێ دەڵێ لەسەر حەق بوون هەموو شتێكەو سەرفرازيش مسۆگەر دەكات؟! سبەی دەتبەم ئيدی ئەوجا بيرلەوە ناكەمەوە بتكەمە گاسن، بەڵكو هەر بەئومێدەوە دەژيم، بتتوێنمەوە، نمونەی فڕۆكەو تانكو هەموو چەكێكی سەربەرزت لێ دروست بكەم.. گەر حەق گۆييت بە چ دەپارێزرێی؟! حەمە، نەيفرۆشتی بەمنی سپاردی، لەچاوانم زياتر ئاگادارت بووم.. بێخەم بە سبەی، دووەی دەتسپێرمە دەستێ، هەرگيز سەرشۆڕت نەكات.

❊

# ٨

ئەحمەد (مهاباد)ی جێهێشت، گەڕایەوە بۆ ئوردوگای زێوە، لەنێو چادرێکی (شێرۆ خورشید)، لەگەڵ نەسرینو هیوادا گرمۆڵە ببوون، کەمتر نەسرینی دەدواند، لەرۆژێکدا دەژیا، خۆی لەنێو تەنهاییێکی سامناکدا بەبێزارییەوە دەبینی، بێزی لەسەروسەکوتو دەستو پەنجەی خۆی دکردەوە، تەنانەت پێیەکانی بەپەناهەندەی قۆنەرەکانی خۆی دەزانی، هەرچی شانازیو سەربەرزی هەبوو، هەموو وەکو چادرو ناواخنی چادرەکەیان کرژەوە ببوون، بەسەر یەکدیدا دارزابوون.. ئازایەتی کۆت کراوی، بێزی لەخۆو دەوروبەر دەکردەوە، غیرەت لەتەنووری ناخیا تفی نەفرەتو بێئەمەکی هەڵدەدایە سەر روخسارە بێرەنگەکەی ئەحمەد، وەڕەس بوو بوو لەوەی لەهێلانەی دەرونێکی داگیرکراودایە، دەیویست



دەربازبێت، بەهێ جۆرێ نەیدەویست لەلای دڵێکی بەترس کەوی کراودا بمێنێتەوە..

رۆژێ بوو (ئەحمەد) هێ شتێکی پاکو پوختە، رێکو لەبارو بێگەردی تیادا نەدەبینی.. دەورەبەری خۆی، تەنانەت داروبەردو گوڵیش بەپڕوپوچییەوە دەبینی.. خەمی ورێنەکانی بەختەوەری بوو کە تا ئێستا وەك تارماییێکی سامناك نەکەوتبووە بەر دیدەی.. دڵنیابوو کە (دەسەڵاتداران) وەك مەگەس سەیریان دەکردو دی دی تێی (تاکتیك) یان پێ تاقیکردەوە.. دەشێ (ئەمڕۆ) درکی بەپتەوی ئەو دیدەی کردبێ کە دڵنیا نییە لەو هەناسەیەی هەڵیدەمژێ، خۆی کۆکردۆتەوە، لەبۆتەی خۆهاندندا تواوەتەوە.. سەرئەنجامیشی لەلادا روونە..

دەبێ چ کاردانەوەییێك هەندەی رەشبینیەکەی (ئێستا)ی بەرامبەر بەم روداوە ماقولو بەهێزبێ؟! لەمەوبەر چ جارێ بەسۆزو گەشی، بەروونیو بێگەردی سەرنجی مەرگی نەدابوو، کەچی دەنگێ وەك دەنگی خواوەند لەناخیدایەو داوای لێدەکات، دەسبەرداری ژیان بێت، لەنێو ئەم بێدەنگیە ترسناکە، لەنێو ئەم کشوماتیە بێئەنجامو بێکۆتاییەدا، بەبێ چ ئازارو ژانێ، چاولەیەك نێت ماڵئاوایی لەخودی خۆی بکات.

(نەسرین) غەمو کۆڤانی چ کەمتر نەبوو لەئەحمەد، تەنها لەدەربڕیندا خودداری دەکرد تا ناچاربوو بۆ یەکەمجاری تەمەنی لەگەڵ ئەحمەددا بەساردیەوە قسان بکات:

- خۆ تۆ منداڵ نیت.. بۆ چ ئەوەندە بەزەعیفی خۆت خستووەتەڕوو؟ کەی تۆ هەند بێوورەو لەئاستی غەمدا دەستەقاچەو سەرگەردان بوویت.. ئەوەی چوو، چوو!!

- من غەمی ئەوەم نییە کە چووە.. زیاتر غەمی داهاتوومە.. دڵنیام هەرگیز هەلی وا بۆ دوژمن نەڕەخساوە.. باوەڕیش ناکەم ئەم هەلە لەدەست بدەن.. فرسەتە بەهۆی زۆڵەکوردەوە قەڵاچۆمان پێ بکەن.. دەڵێن سوپای جەزائیر لەگەڵ سوپای عێراقو ئێران سەرسنووریان گرتووەو سوپای تورکیش لەسەر سنووردا دامەزراوە، یانی سێ سوپا، بەشی نەدەکرد؟! وا جەزائیریش خۆی تێهەڵقورتاند؟!

- ئەمە شتێکی دییە.. (ئێستا) برینەکەمان گەرماوگەرمەو تورەین.. دڵنیام لەکاتی ئاوهادا

زەحمەتە دەستنیشانی داهاتوو بکرێ..

- بۆ ئێمە هەمیشە نەپێکراوین؟ نەزیفی هەمیشەییمان نەبووە؟

- نەخێر.. ئێستا نەزیفمان هەیە.. بەر لە(ئێستا) هەست بەسەربەستی کردنو بەرەو سەربەستی هەنگاونان زۆربەی برینەکانمانی سارێژکردبوو، یا راستتر نەزیفەکەی راگرتبوو.. بەڵام (ئێستا) تۆ، هەندەی دوژمن بۆ خودی خۆت بوویتە بەداگیرکەری ناختو خۆت دەچەوسێنیتەوە.. لەحەقیقەت رادەکەی.. پێت سەیر نەبێ ئەمەی خەڵکی ناوی ئاشبەتاڵی لێناوەو تۆش وەك بنێشتەخۆشەی سەر زارت هەر دووبارەی دەکەیتەوە بەلای منەوە ئاشبەتاڵ نییە.. شۆڕشێکی شەهیدە،



لەدایکبوونەوەیێکی نوێی شۆڕشە.. هەرکە دەبیستم وەك خەڵکەکە دەڵێی (ئاشبەتاڵ) بێزت لێدەکەمەوە، وشەکە وادێتەبەرگوێم کە تۆیش دەتەوێ تەقە لەمێژووی خۆت بکەین.. لەمکاتەدا وەك کرێگرتەیێك دێیتەبەرچاوم.. کە قۆنتەراتچییێك شۆڕشی بەقۆنتەرات گرتبێ، شۆڕشگێڕانیش کرێگرتەی قۆنتەرات چیەکە بن.. ئەم قسەیەت شاهێدی ئەوە دەدات کەچی خۆت چاکتری دەزانی تۆو هەزارانی وەکو تۆ بەکرێنەگیرابوون.. نازانم چۆن رێ بەخۆت دەدەی بەسوکییەوە سەرنجی ئەم (بەزینە) بدەیت.. بۆ چ بەلاپەڕەییێکی خوێناوی مێژووی بەخوێن نوسراوی میللەتەکەتی نازانی؟ جا بۆ ناڵێی ئاشبەتاڵی میری نیشتمانییە!! ئەوە نییە بەپێی (اتفاقیەی جەزائیر) بەشێکی (شەتی عەرەب)و هەندێ لەسنووری عێراقی فرۆشتووە.. ئاشبەتاڵ بۆ ئەوە نەك بۆ ئێمە.. ئێمە.. لەکاتێکدا قسەکەت لێوەردەگیرێ گەر پایدۆسی لێبکەیتو بچیتەوە تەسلیم بیت.. بەکورتی ئاشبەتاڵی، خەڵکانێکە نەك هی میللەتێ.. رەنگیشە ئەو خەڵکانە تەسلیم بونەوەیان پێ خەوش نەبێ، چونکە تەسلیم بوونەوەیەکی جەماعییە.. ئێ.. بەهەرحاڵ کوردستان هەزاران شەهیدی هەیە، سەدان شۆڕشی شەهیدیشی هەبووە.. من بۆ خۆم ئەوەندە گەش بین نیم، بەڵام بێئومێدیش نیم، دڵنیام سەرهەڵدەدەینەوە، بەڵام لام روون نییە چ لەنگەرێکی دی دەمانگرێتەخۆی.. ئەوەندەی بەرگریکردنم بەلاوە روونە ئەوەندەش لەنگەری داهاتووم لەلادا لێڵە، ئیدی نازانم هەروەکو

جاران شۆڕش، شەڕ، مفاوەزات، شەڕ، مفاوەزات، شەڕ، مفاوەزات.. (ئێستا) گرنگ بەرگرییە.. پاشان چدەبێ، ئەمەیان باسێکی دییە..

- منیش گەش بین بووم..

- پێم وتی، ئەمەی من دەیڵێم تەنها گەش بینی نییە.. تۆ کە گەشبین بووی، سۆزت جڵەوی ئەو گەشبینییەی بەدەستەوەبوو، خۆشەویستیت سەپاندبوویە سەرت ئاوها بیت.. من تەنها باسی سەرنجامت بۆدەکەم.. ئەڵبەتە گەشبینی ماقوڵ لەنێو دنیایێکی تاریكو ڕەشبینێکی خەستدا چاکتر بەرجەستەدەبێ، زیاتر پێویستی بەرەفتاری عەقل ئامێزە..

- هەست دەکەم فێری دەکەی!

- جا عەیبە..

- نەخێر.. دەڵێم بۆ بەر لەئێستا ئەم قسانەت نەدەکرد؟

- دیارە ئەوەشت فەرامۆش کردووە، قسە لەکاتو جێی خۆیدا نەبێ، دەنگ دانەوەشی نابێ.. بەکورتی وابزانم تێت دەگەمو لەنیازت حاڵیم.. نەك تەنها هانت دەدەم، بەڵکو پشتت دەگرمو تاسەریش لەگەڵتا دەبم.. فەرموو دڵنیام هەزاران کەس هەن، ئێمە ئاسا بیردەکەنەوە، دەیانەوێ ببن بەهەوێن..

- دیارە بەجوانی لەمن نەگەیشتوویت پێم وانییە —وەك دەڵێی- لێم حاڵی بوویت.. راستە بیر لەبەرگری دەکەمەوە، دڵنیام هەزاران کەسی دی ئامادەنو هەرگیز و هەرگیز سەرشۆڕ ناکەن، بەڵام دەمەوێ بڵێم گەر بەرگری لەپێناوی (مان)دا بێ، ئەوا هێمان نەکرد.. هەمان گلەیی ئێمە



لەباوباپیرانمان بۆئەوەی داهاتوو دەکەینە میراتی.. ئەوان چیایان کردە پەناگا، لەپێناوی (مان) بەرگریان کرد.. بەڵام چ جۆر (مان-ێ) راستە (مان) کەرەستەی سەرفرازییە.. دیسان دەپرسم چ مانێ؟ بەشێك لەچیا، تفەنگ، شەو، هێرش بردن، کۆشتنو کوژران، رۆژ، دەکرێتە پینەی مانگو مانگیش دەدورێنە ساڵەوە.. بگرە، بکوژە ئەوانیش زیاتر دەگرنو دەکوژنو ئیعدام دەکەن، شارو دێ وێران دەکەن.. سەیرە هەموو ئەم شتانە لەپێناوی (حوکمی زاتی بێ!!)

- نەخێر.. یەکەم هەر هێ نەبێ، دەبێ لەو کتێبانەی کە خوێندووتەوە، فێری ئەوەبوویی کە سەراپای هێ میللەتێ شۆڕشگێڕ نەبووە.. بەڵکو بەشێکی زۆر کەمیان.. بەپێی راژەی ژمارەیێکی کەمی میللەتەکە شۆڕشگێڕ بوون، ئەوانە هەمیشە بوونەتە هەوێنو چرا، راستە رێیان دیاریکردووە، پاشان میللەت ئەو ڕێیەیان گرتووە، پێشت سەیر نەبێ هەندێ جار، بەشێك لەو شۆڕشگێڕانە —پاش سەرفرازی- بازووی هاوڕێیانی هاوخەباتیان دەبێتە شیشی بەندیخانە!! دەبێ بەچاکی ئەوەش بزانی، پیرۆزترین بەرگری، ئەو بەرکریەیە کە هێ، بەرابەریەکی تیادا نیەو لەپێناوی ماندایە.. بونی ماددی، بوونی رۆحیو پێداویستیەکانی دی دەسەلمێنێ.. من پێم وایە، باوباپیرم پیرۆزترین میراتیان بۆ جێهێشتووم، میراتییەك، بووەتە مامۆستام، لەژیانو دەردەسەریەکانی ژیانم دەگەیێنێ، فێرم دەکات چۆن بژیم نەك چەن بژیم.. وەلامیشم بۆ دواخالی قسەکەت ئەوەیە کوشتنو کوشتن کاری لەوەزعو حالی ئێمەدا نوێژە.ز باوەڕی

پێدەشۆردرێتەوە.. با چاکتر قسەکەم روون کەمەوە تا بەدلڕەقو کینەلەدڵم نەزانی: گەر کەسێکی داگیرکراو بەئاستەم بەزەیی بەداگیرکەردا هاتەوە ئەوا ئەو بەزەییەی دەبێتە گەردو خەوشی دەرونی لەکەدار دەکات، ئەو لەکەیە بەهیچ شتێ پاك نابێتەوە تەنها بەخوێنی (پیسی) داگیرکەر نەبێ.. واتە دەمەوێ بڵێم، بۆ ئێمە دەبێ پیسی بەپیسی بشۆینەوە.. تەنانەت ئەگەر داگیرکەرو داگیرکراویش کەسەکە خودی خۆی بێ، یانی خۆی دەروونی خۆی داگیرکردبێ، ترس گۆدی کردبێ، بەبێدەنگیو بەبێ رەنگیو بێناوی قایل بێو خەمی کڵاوەکەی خۆی بێت، با، نەیباتو بەس، ئەوسا بەلای منەوە چ چارێکی نییە بۆ پاك بوونەوە جگە لەخۆکوشتن- هەر تەنها ئەمەشی پێ رەوادەبینم- ئەمەیش روو سپیەتی خودی دەردەخات، تەنها خۆیشی دەبێ بەمیراتگری رووسپیەتی پاش نەمانی!! بەڵام گەر بەخوێنی داگیرکەر لەکەو خەوشەکانی دەرونی خۆی بشواتەوە، ئەوا نەك لەژیانیدا بێگەردو خاوێن دەبێ بەڵکو لەگلانو مەرگیشیا میراتییێکی ئەوتۆی پیرۆز جێدێڵێ، خەڵکانی بەشەرەف هەمان رێی ئەو دەگرنەبەر، وابزانم چ پاداشتێکیش بۆ شەهید هەندەی ئەوە بەنرخ نییە کە هاورێکانی هەمان رێی ئەوان بگرنو هەرگیز بەری نەدەن.. گەر خەمی ئەوەتە دێهاتەکانمان وێران دەکەن، ئەوا من زۆر بێپەروامو دەڵێم گەلێکم پێخۆشە.. رەنگە پێت سەیر بێو بە (وێرانخواز) بزانی، نەخێر.. پێش ئەوەی بپرسی بۆ، من خۆم وەڵامت دەدەمەوە: ئەویش ئینسانی دە هەزار ساڵ لەمەوبەریش لەئەوپەڕی کۆیلەیەتیدا قایل نەبووە لەو



خانووبەرەی زۆربەی دێهاتەکانی ئێمەدا ژیان بگوزەرێنێ، خۆ ئەو گوفكو پۆخلێەت بینیوە، ئەو هۆدە خانووانەت بینیوە کە تەنها چەپەرێکی دارین بووەتە سنووری ئینسانو ئاژەڵ.. ئەڵبەتە بنیاتی پاش وێرانەت بینوە کە چ جیاوازییەکی لەگەڵ (تەعمیری) نێمە وێرانەدا چۆنە!..

- وادیارە لەیەك حاڵی نیین.. یا ناتەوێ لێم حاڵی بیت.. بۆ پێت وایە من باوەڕم بەم قسانەت نییە.. یا درکم پێنەکردووە.. نەخێر لەمەبەستە سەرەکییەکەی من نەگەیشتی.. قسەکانی تۆ هەر بۆنی هاندانی لێوەدێ، وابزانم دەشزانی من پێویستم بەوە نییە کەسێك هانم بدات.. قسەکانی تۆیش هەروەك هەندێ لەقسەی هاورێکانم وایە، کە دەڵێم نابێ بێدەنگ بیت، کەچی کار کە دەگاتە سەر کردەوەو ئەوجا دەڵێ:

- (چاکە خۆ هەرگیز نابینە سەدوبیست هەزار پێشمەرگەو هەزاران چەکی قورسو بەشێکی تەواوی میللەتیش، پاڵپشتمان بێ.. جا سی چل تفەنگیو سەرلەنوێ دەبێ چ بکات؟!)

- پێش ئەوەی قسەکەت تەواوبکەی، دەمەوێ بڵێم بۆ تۆیش دەڕوانیتە (چەند) بۆ ناڕوانیتە (چۆن) ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیشەوە سی چل پێشمەرگە دەبنە سێ سەدو چوار سەد، دەبنە هەزارو دووهەزار، دڵنیابە تەنها لەشۆڕشدا بەهرەو وزەی میللەتی ئێمە دەردەکەوێ.. شۆڕشمان هەبێ، دەیان شوانو نەخوێندەوار دەبنە کەسانی لێهاتووی قارەمان، رەنگە پێت سەیر بێ ئەگەر بڵێم هەموو بەهرەێکی ئەم میللەتەی ئێمە بەشۆڕشەوە بەستراوە.. شۆڕشمان ببێ هەموو شتێکمان

دەبێ، بێشۆڕشیش تەنانەت زمانیشمان نامێنێ (ئیستعمار! دەکرێین.. جا بۆئەوەی درێژە بەم قسانەمان نەدەین، با بڕیاری خۆمت بۆ دەربڕم، دڵنیام هاوبڕیار دەبین، ئەویش: هەر سبەی پەیوەندی بەو چەن کەڵەپیاوانەوە دەکەین- کە دەیسەلمێنن لەسەدەی کەڵەپیاواندا دەژین- بەرەو چیاکانی (ئەودیو دەگەڕێینەوە، رەنگە بڵێی: ئەی هیوا چی لێبکەین؟ ئەوابەکورتی وەڵامت دەدەمەوە، پڵنگ لەچیادا چ لەبێووەکانی دەکات؟!

- هەر لەپێناوی حوکمی زاتی؟

- گەلێ پەلەدەکەیت.. نەخێر لەپێناوی حوکمی زاتی نییە.. ئەمڕۆ لەپێناوی (مان) سبەی (ماف) دوایی (رزگاری) داهاتوویش کوردستانی مەزن.. ئەڵبەتە دەشزانی هەموو داواییێك پەیوەستە بەتواناو هێز نەك بەوەی کە چەن لەسەر (حەق)ی گەر بەحیسابی لەسەر حەق بوون بێ ئەوا دەبوو کوردیش لەنێو دەوڵەتە یەکگرتوەکاندا (حەقی ڤیتۆ)ی هەبا! وەك وتم چەند هێزو توانامان هەبێ ئەوەندە حەقمان پێ رەوا دەبینرێ..

یەکدووجار ئەحمەد ویستی بەنەسرین بڵێ: من بڕیاری خۆمم دابوو. ترسی ئەوەم هەبوو پێم بڵێی (ئەی ئێمە بۆ کێ بەجێدەهێڵێت؟) کەچی بڕیارەکەی تۆ پیرۆزو..

- جورئەتی ئەوەی پەیداکرد بەسۆزو خۆشەویستیەوە، بەئەسپایی وەك ئەوەی خۆی بدوێنێ پێی وت:



- هەست دەکەم بەرەو حەقیقەت هەنگاودەنێم، خەریکە سروشتە ئینسانیەکەی خۆمم لا زیاتر ئاشکرا دەبێت‌و رێم بۆ خۆش دەکات ناخی تەبیعەتی ئینسانی کەسانی دیم بۆ دەردەخات.. ماوەی ساڵێکە لەنێو وڕێنەیەکدا دەژیم، ئەویش وامدەزانی حەقیقەتی خۆم ئاوێنەکەیە رەنگی (واقیع‌و هیچ‌وپووچی) دەداتەوە خۆمم لەنێو بونێکی روونی موجەرەد دەبینی، بەتەوسەوە، دەمڕوانیە عەقڵی خۆم، گەلێ بەسووکییەوە دەهاتەبەرچاوم، وامدەزانی ناتوانم هیچ شتێ، تەنانەت شتێکی چکۆلەیش بکەم‌و ئەوە بسەلمێنم کە لەسەر تەختە دامەکەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا داش نیم.. گەلێ تەمی تەڵخ بەری دیدەی ئینسانیی گرتبووم، نەمدەزانی بۆ بێئیرادە هاتمە دنیا، دەژیم.. وەك دەژیم دەبێ (من) بمرم، بەقەد ئەوەی ژیانم بۆ خۆم نەبووەو خۆشم ویستوومە مردنم بۆ خۆم بێ‌و خۆشم بووێ، خۆم لەهەڵبژاردنی جۆری مردنم سەرپشك بم، مردنێ ئەو مەشق‌و ژیانگوزەراندنەم بەسۆزەوە لەئامێزی گرێ..

ئەگەرچی نەسرین زۆر بەوردیەوە گوێبیستی بوو، بەڵام پێی وت:

- بەچاکی تێناگەم دەتەوێ بڵێی چی.. بەڵام دەڵێم مردن —کە تۆ باسی دەکەی- ئەو شتە نییە شایستەی ئەوە بێ ئینسان لێی بترسێ.. شتێکە دەبێ‌و هەردەبێ روبەڕوی ببیتەوە.. ئێستا بێ سبەی، دووەی.. بەنەخۆشی.. بەکوژران.. بەئیعدام.. قەد گرنگ نییەو بیرم لێنەکردووەتەوە، ئەوەی بیری لێدەکەمەوە ئەوەیە پێش مردن من ژیاوم، ئایا ژیانی من هەر بۆ خۆم بووە؟ ئەگەر بۆ خۆم بووبێ ئەوا بەوەجاغ

کوێری سەرم ناوەتەوەو خیانەتم لەرەسمو دەستوری ئینسانی کردووە.. گەر بۆ بەرژەوەندی خۆمو خەڵکانێکی خۆم ئاسای هاڕدراوی ژێر کەڵبەی (بەنێو ئینسانەکاندا) بێ ژیاوم، ئەوا زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێم، جۆری مردنەکەم ئەو ئومێدە وەدی نەهاتووانەم وەدی دێنێ کە لەژیاندا وەدیم نەهێنابوو، ئەویش وەك هەر بەخشندەیێك جێی هەنگاوەکانی خۆمم لەسەر راستەرێی ژیاندا بەمیراتی جێهێشتووە.. خۆ ئەگەر ژیانم بۆ خزمەتی هەموو ئینسانێ بووبێ تەنانەت بەقەد مۆمێك رۆشناییم بۆ بەدکار هەبوبێ، ویستو مەبەستم هێنانەوەی تاوانباران بۆ سەر راستەرێی ژیانی یەکسانیو برایەتی بووبێ ئەوا مردنەکەیشم وەك مردنی پێغەمبەران دەبێت..

بەڵام ئەگەر ژیانم وەك راگوزارێك.. هاتم.. ژیام.. مردم.. ئەوا مەرگیشم چ لەمەرگی ئاژەڵێ زیاتر نابێ.

*

ئەحمەدو نەسرین بەجۆرە سۆزێکی بێگەردی ئەوتۆوە سەرنجی یەکدییان دەدا، هەموو شێوە خۆشەویستیەك لەچاوانیان وەك تیشکی مژدەبەخش دادەباریو چادرەکانی رۆشن دەکردەوە، کۆڵکەزێڕینە ئاسا لەسەر بێشکەکەی هیوادا لەنگەری دەگرت.. بۆ چەن دەقیقەیێك بەرانبەر یەکدی بێدەنگ بوون.. دەشێ چ وشەیێك لەنێو چ فەرهەنگی دەروونیاندا نەبوبێ بەئاستەم پارسەنگی ئەو خۆشەویستیو بەختەوەریەی ئەم ساتەیان بێ.. ئەحمەد بەبزەیێکی گەشەوە وتی:



- یارمەتیم بدە.. نامەیەك بۆ دایکم دەنووسم.. مزگێنییێکی مەزنی دەدەمێ..

*

دایکە..ببورە نامەی ئەم جارەم هەندێ دوورودرێژە.. رەنگیشە وەك نامەکانی پێشووم سفتو چڕ نەبێ.. ناچارم زۆر شتت بۆ باس بکەم.. رەنگە هەر سەرەتا بزە داتگرێو لەدڵی خۆتدا بڵێی: ئەو گەوجەی کوڕم هێشتا نازانێ ئەم کوێرە خوێنەوارییەی منو ئەم نامەیە (کوجا مەرحەبا) حەقتە گەر وابڵێی، بەڵام ئەم نامەیە تەنها بۆ تۆ نییە.. بەڵکو بۆ تۆو بۆ هیوایە، ئەویش رەنگە لەدوارۆژدا بەچاوی بێلایەنەوە سەرنجی بدات (تفی نەفرەت هەڵنەداتە رووی باوکایەتیم..)

ئەڵبەتە ئێوەش کە ئەم کۆستە گەورەیەتان بیست.. دوورنییە لەسەرەتا وەکو زۆربەی زۆری خەڵك باوەڕتان نەکردبێ، هەر بەقسەی پروپوچتان زانیبێ.. پاشنیش لەئاستی رووداوەکە گێژو کاس بووبن.. بەهەرحاڵ (کۆستەکە) پێویستی بەباسکردن نییە زمانی هەیە، خۆی باسی خۆی دەکات، ئەگەر رۆژێ تاقە رستەیێك بکاتە سەرگوزشتەی، ئەوا ئەو تاقە رستەیە لەنێو دووتوێی کتێبێکی عیبرەت ئامێزی مێژوودا دەبێتە (شاڕستە) لەهەمان کاتیشدا بەروداو —تا چەن مانگێ.. یا چەند ساڵێ- خۆی دووبارەدەکاتەوە.. بۆ نموونە، ئەگەر رستەکە بەم شێوەیە بوو: (دەم راستەکانمان بێسەروبەر بوون) ئەوا بەکردەوە دەبینی سەدان، بەخوا شەڕخوازی خۆیان روو لەبێسەروبەری دەکەن، ئەگەر لەوەبەر

شۆڕش‌و میللەتیان هەراج دەکرد، ئەوا ئیدی خۆیان، ماڵو مناڵیان، تەنانەت ناموسیشیان هەراج دەکەن، بەوەشەوە ناوەستن، دەبنە مقاشی دەستی (میری نیشتمانی!!) روو لەپشکۆ یاخییەکانی نێو خۆڵەمێشی بێدەنگ دەکەن!

ئەگەر رستەکەیش لەرۆژێکدا بەم شێوەیە کەوتەڕوو (ئازاو بەجەرگ بووین چۆکمان بەمەرگ دادەدا) ئەوا دیسان —پاش چەند مانگێ، یا چەند ساڵێ- بەرووداو کردەوە دەبینی: (هەزاران کەس، کەسی زیرەك‌و بەجەرگ بەدووی مەرگەوەن‌و مەرگیش لەبەریان هەڵدێت، بەوەشەوە ناوەستن مەرگببەزێنن بەڵکو هەوڵی کوشتنی مەرگ دەدەن).

دایکە..

بەکورتی (کۆستەکە) هەموو قانوونێکی ژیانی سەرەوژێر کردووە.. ئەڵبەتە ئەمە بەلای ئێوەوە شتێکی تازە نییە.. بەر لەبیست‌و نۆ ساڵ خۆتان ئەم قانوونی پاشاگەردانیەتان بینیوە، وا ئەمڕۆ لەبەرگێکی دیدا خۆی دووبارەدەکاتەوە..

تۆ بڵێی ئێمە بەر حوکمی زەمانە کەوتبین‌و دەبێ شاهیدی ئەم (کۆستانە) بین؟

تۆ بڵێی ململانێی ئێمەو کۆست وانەییێکی بێکۆتایی ژیان ویستی بێت؟

یا دووانەی رەوشتێکی زۆڵی دەسەڵاتدارانی ئەم (زەمانە) بێئەمەکە بێت؟



یا بێیەك هەڵنەکەین؟

دایکە، هەزاران پرسیاری دیی بێوەڵامم پێیە.. یا راستر (ئێستا) وەڵامی دروستی هێیانم لادا نییە.. تەنها سوکە وەڵامێکی گشتیم پێیە ئەویش لەوەتەی تۆ هەیت‌و منیش هەم هەر بەو دووبارەو سەدبارەکراوی دەبیستین: ئەویش ئەوەیە ناتوانن قەڵاچۆمان پێبکەن‌و مەحاڵە!!

دایکە..

(ئێستا) ئێمە لەئێرانین‌و لەئۆردوگای (زێوە) داین چەن رۆژێ لەمەوبەر لە (مهاباد) بووم.. گەلێ لەهاوڕێیانی خۆمم بینی.. دیوی لای خۆمان چ پێشمەرگەییێکی تیادا نەماوە، زۆربەیان لەگەڵ ماڵو مناڵیان لەئۆردوگاکانی ئێراندان‌و بەشێکیش تەسلیمی عێراق بوون.. جێیەکانی پێشوومان (ئێستا) سوپای جەزائیر!و عێراق‌و ئێرانی تیادایە، دەنگیش هەیە، گوایە سوپای تورکیش ئامادەی بەشداریکردنە لەدەستنیشانکردنی (خەتی حدودی) ئێران‌و عێراق!! دایکە، پێت سەیر نەبێ حوکمڕانی وڵاتێکی خاوەن یەك ملیۆن شەهید رێ بەخۆی دەدا ببێتە دەلاڵ، خوێنی هەزاران شەهیدی هاوبیرو هاوئامانجی خۆی هەراج بکات..) سەدەی بیستەمە، سەربەستی خواز دەبێتە جەلاد.. تاوانبار.. خوێنڕێژ.. داگیرکەر، بەپێی روشتی سیاسی سەردەم‌و مەفاهیمی بازاڕی- کڕین‌و فرۆشتن- دەبێتە قارەمان‌و پارێزەری نیشتمان!!

دایکە.. تۆ بەهیوا بوویت، نەسرین لەچیادا ببێتە پێشمەرگە.. بۆ چەن مانگێ بووە پێشمەرگە.. بەڵام حەزدەکەم ئەوەت بۆ روون بکەمەوە،

ئەوەی لەشاردایە، بیروبۆچوونو سۆزو دیدی گەلێ جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی لەدەرێدان! شار شتێکەو دەریش شتێکی دییە.. پوختەی بیرکردنەوەی زۆربەی زۆری خەڵکەکە، تەنانەت بەشێکی تەواوی رۆشنبیرانیش ئەوەبوو (ئافرەت هی شۆڕش نیەو هی.. ئافرەت بۆ.. ئافرەت) ئیدی سەرنجی خەڵك! تەوسی ژەهرئامێزیان، سەربادانو شان هەڵتەکاندنیان، وایکرد کە نەسرین پێویستی بەقاوغێکی (تەوس بەند) بێت.. ئەویش دەردی نەدا، ناچار بەنەوەدڵییەوە دانیشتو دەستی لەکار هەڵگرت.. ئەگەرچی من حەزم دەکرد بەردەوام بێت، چ گوێ بەقسەو قسەڵۆك نەدا، بەڵام پێی وتم: کەی پیاوانی ئێمە قەناعەتیان کرد دەیەکی کۆمەڵێنو نەك نیوەی، ئەوسا کارێکی سوکەڵەی گونجاوی لەگەڵ جوانیو لەشو لارماندا پێ (عەتا دەفەرموون).

نەسرین راستی کرد.. پێەوانەی ئەوەشم دەبینی، هەندێ لە ژنە مەسئولەکان دە پیاویان لەخزمەتدا بوو!! دە کەسی بەناوە پێشمەرگە.. (دایکە بمبورە لەپەرتو بڵاوی ئەم نامەیەم.. رەنگیشە ئەم نامەیە باری دروستی دەروونیم دەرخات..

کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم خۆم بەکوڕی شۆڕشێکی شەهید دەزانم.

شەهیدێ: داڵدەی گەلێ پەناهەندەی ترسنۆکی نمەك حەرامی دا

- ئەوانەی لافو گەزافی نیشتمان پەروەرییان لێدەدا لەشێنەییدا ئاگرو ئاسنیان دەخوارد! پاشانیش چەکی دوژمنایەتییان لەڕوویدا هەڵگرتو بووینە کەوارەشی بەر لەشکری دوژمن!



شەهیدێ: کە لەژیاندا بوو-

سێبەرەکەی بۆ کەسانی وریاو زیرەكو دڵسۆز، قەڵغانێ بوو لەخیانەتو بەدناوی دەیپاراستن.. لەهەمان کاتیشدا ئەو کەشتییە ئەفسوناوییە نەبوو، لەنێو دەریای خوێنەوە بۆ (یۆتۆپیا-ی) خەونیان ببات.. بەڵام دایکە بەداخەوە من ئەوکەسە وریاو زیرەکە نەبووم، تەنها بەچاوی دڵەوە سەیرم دەکرد!

(ئێستا) لەمەرگی پڕ شکۆیدا خوێنەکەی (رۆح بەخشە).. کە لەژیاندا بوو:

سەری: کارگەیێك بوو، بیری راستو چەپو تەراتێنیان تیا دەکرد، هەندێ (بیرۆکەش) بۆ هەلی رەخساو لەمەلاسدابوون..

چاوەکانی: ئاسۆی سەرفرازی دابووە بەر زەین.. دەلاقەی برینی خۆی کردبووە دووربین، لەدوورترین وڵاتی سەرزەمین، چەوساوەو ماف خوراوی دەبینی..

گوێیەکانی:چەپی نیوەکەڕ بوو راستی گەلێ ماندوو.. تژی درۆو وەعدو پەیمان، پەیمانی زل، هەر گەلێ زلو زەبەلاح..

زمانی: گاە درێژو گاە کورت.. گاە لاڵ.

لوتی: (بۆنزانی خۆخەڵەتێن) گەلێ لەدوورەوە بۆنی داگیرکەری دەکرد.. گەلێجاریش (هەڵامەتی ئاغایەتی) هەموو بۆنێکی لێدەشێواند، تەماحی رۆژئاوای لێدەکردە سروەی شادیو مژدەبەخشی ئازادی.

سنگی: مەیدانی تاقیکردنەوەی چەکی سەدەی بیستەم بوو. هەزاران برینی سەختی پێوەبوو.. هەر برینەو (مارکو ولاّتی) چەکەکەی کێم ئاسا لێی دادەچۆڕا..

دەستەکانی: زەبر بەهێز راهاتووی، کەلەپچە..

پێیەکانی: چیاو هەورازو شەو دەیناسن!

باخەڵی: بۆنی گەنیوی تەمەن-ی لێوەدەهات.. هەندێ تەمەنی خوێناویشی لەباخەڵدا مابوو، نرخی ئەوانە بوون کە (جارێ) نەکوژرابوون..

دایکە پێت سەیر نەبێ منیش کەوتومەتە ژێر رکێفی ئەم بێیاساییە کە زادەی (ئەم کۆستەمانە).. بۆیە نازانم ستایش دەکەم یا..!! بەهەرحاڵ ببورە..

یەکدوو رۆژێ لەمەوبەر هاوڕێیەکم نامەیێکی بۆ نووسیبووم، پێم خۆشە هەندێك لەنامەکەییت بۆ بنوسم: (لەم ساڵەدا —تەنها رۆژێك هەستم بەشۆڕش کرد، دڵم خۆش بوو کە شۆڕشگێڕم، هەستەکەیشم زادەی ئەم رووداوە بوو: مقۆمقۆ کەوتبووە نێو پێشمەرگەکانەوە دەیانووت، لەجەزائیر ئیتفاقیە کراوە.. پاش ئەو مقۆمقۆیە، بەیەکدوو رۆژێ، هەرچی تۆپی ئێرانیو ئارتەشی (شاهەنشاهی) لەنزیکمانەوە هەبوون هەموو رۆیشتن.. گەلێ چاکتر.. هەستم کرد ئیدی (ئێستا) شۆڕشەو بۆ کورد دەجەنگێن.. ئەگەرچی هەندێ کەس، هەستیان بەشت شکاندن کرد ورەیان نەماو دەستیان بەئەژنۆدا دەکێشاو دەیانووت: فەوتاین، پشتمان شکا..



لەراستیدا ئەو رۆژانە وەکوو (ئێستا) کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم بێ ترس نەبوومو نەمدەتوانی پڕبەدەم هاواربکەمو بڵێم:

(نەخێر پشتمان نەشکا.. لەمەرگی حەتمی رزگارمان بوو.. چاکتر وادەرۆنو حەوت بەردیان لەدوو..) چەند حەزم دەکرد لەهەندێ هاوڕێیانی خۆم بگەیێنم کە، ئەمانە: ژیانی ئێمەیان بەقۆنتەرات گرتووە (بەهەرحاڵ رۆیشتن، پڕ بەسیەکانم هەناسەی ئۆخەییم هەڵمژی..

هەرکە ئەرتەشی ئێران بەخۆیانو تروتەشقەڵەکانیانەوە، ئێمە لەدامێنی خۆرئاوای زۆزکدا بووین، هێرشێکی ئەوتۆی عێراقی کرایە سەرمان.. نازانم، لەم ساڵەدا هێرشی واکراوە یا نەء، بەلاّم دڵنیام لەمێژووی سوپای عێراقدا شکستی وا بەخۆوە نەبینیوە.. بەبێ (پشت) توانیمان بیانشکێنین: پێت سەیرنەبێو خۆم وەلاّمت دەدەمەوە، بەشێکی تەواوی پێشمەرگەکان —لەوکاتەدا- هەستیان بەشۆڕشگێڕی خۆیان کرد، دڵنیابوون، هەرچییەکی بکەن بۆ خۆیانە!! لەهەمانکاتیشدا تووشی ئازایەتی (یاس) ببوون.. واتە (یأس) پشتو پەنامان بوو، دەبوو شەڕەکە یەك لا خەین.. یا ئێمە.. ئا ئەوان.. چەکی کاریگەری ئێمەیش ئەو هەستە بوو، کە خۆ خاوەنی خۆبووین.. باوەڕناکەم چ چەکێ هێندەی ئەو چەکە بەکارو دروست ئەنگێوە پشتو پەنا بێت.. هەروەها لەرۆژێکدا بووین، رۆژی مەحەك بوو، رۆژێ بوو، بوار.. رەشو سپی لەوێدا دەردەکەوت.. رۆژێ بوو، مەزنترین بەختەوەریم لەنێو ئەو ئاگرو دوکەڵەدا گەشایەوە.. رۆژێ بوو هەستم دەکرد ئینسانم.. حەقی ژیانم هەیە.. دەبێ

ژیانم خۆش بوێ ڕۆژی بوو، چاوم تەنها لەسیرەی تفەنگەوە داگیرکەری دەبینی —ئای کە چکۆڵەو ترسنۆك بوون- لەوەبەر وامدەزانی (ئەو سەربازانە) ڕەقەمن، ناچارن، گوناهن، بێدەسەڵاتن، بەئیختیاری خۆیان نییە وا ئەم جەنگە خۆش دەکەن.. بەڵام ئەورۆژە نەك بەزەییم پیایاندا نەدەهاتەوە بەڵکو بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە، ئەویش بۆ چ وەك هاوڕێکانم گورجو چاپوك نیم؟بۆ چ لێهاتووانە پەلەپیتکەم نەدەترازاند.. بۆ چ قڕیانم تێنەخست؟ منێکی شەرمنۆك، دڵ ناسك شانازی بەوەوە بکەم کە چەندم لەداگیرکەران کوشتووە.. بەڵێ! بەڵام گەر ئێوەش لەوێدابان دڵنیام، چ شتێ لەتەمەنتان نەدەبووە مایەی شانازیتان، بەقەد ئەوەی شانازی بەوەوە بکەن کە چەن جانەوەری دڕندەی داگیرکەرتان لەسەرزەوی کوردستاندا کوشتووە!

کاکە ئەحمەد.. کاتێ کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم دوو شت گێنگڵم پێدەدات:

یەکەمیان: گەر دە ڕۆژێ.. بەڵێ دە ڕۆژێ ئاوها بەرگریمان کردبا ئەوا دڵنیام، ئامانجی ئیتیفاقییەی جەزائیرمان پوچەڵ دەکرد.. کەچی نەکرا.. نازانم بۆ؟

دووەمیان: هەر هەمان ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی هاوڕێم، بەشێکیان لەم یەکدوو ڕۆژەی ئەم دواییەدا تەسلیمی عێراق بوونەوە.. ئەمڕۆیش دوو پێشمەرگە خۆیان کوشت.. هەندێکیشیان نازانن چی بکەن یا چی دەکەن، گەر لەمنیش دەپرسی، ئەوا من بڕیاری خۆمم داوە.. گەر بەتاقەنەفەریش



بێ چیا جێناهێڵم.. گەر ڕۆژی سەد تەقەش بکەم ئەوا بەشی ساڵێك فیشەکم گلداوەتەوە.. چەن بەئومێدم لەچیا بەدیدەنییتان شاد بم..

دایکە ئەمە بەشێکی نامەکەی هاوڕێکەم بوو.. دڵنیات دەکەم وەك لەنامەکەیدا نووسیویەتی: دە ڕۆژێ بەرگریمان کردبا ئەوا کار لەجێیەکی دی دەبوو..

دایکە ڕەنگە ئێستا من هۆیە سەرەکییەکەی ئەو بەرگری نەکردنە نەزانم، دڵنیام دوارۆژ روندەبێتەوە، سەراپای میللەت تفی نەفرەت لەسەبەبکاری دەکەن.

دایکە.. ئێستا لەسەرەتای مانگی پێنجی حەفتاو پێنج داین، هەست بەتەواوبوونی ئینسانی خۆم دەکەمو چ جارێ هەندەی ئێستا شاد نیم وا بەئەوپەڕی خۆشەویستیەوە ئەم بڕیارە مەزنەی منو نەسرینت بۆ دەنووسم.. گەلێکیش دڵنیام لەئێمە شادتر دەبی.

ئەویش: منو نەسرین و هیوا

دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان.. دەبینە پێشمەرگە.

ئای کە پێم خۆشە ئێوەش بێن تا سەراپای خانەوادەیێك بەگەورەو بچوکەوە پێشمەرگە بن..

ئەحمەد

ئایاری ١٩٧٥ ئۆردوگای زێوە

ئێران

خـەجێ چ مـشورێکی ئـەو ماڵـەی نـەخوارد کـە بەکوێرەوەریـەوە بەیەکەوەی نابوو، نەیشی سپاردە چ کەسێ.. تەنها دەمانچە دە تیرەکەی لەخۆی قایم کرد، بەرەو حـاجی ئۆمـەران کەوتـەڕێ تـا لەوێـشەوە بـچێتە ئێران، ئەحمەدو نەسرین بهێنێتە نێو چیاکانی کوردستان.. دەیزانی ژیـانی داهاتوویـان ژیـانێکی گەلـێ سـەختو خوێنـاوی دەبێـت.. زمانحاڵیـشی دەیووت:

لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین وەك سەربەرزان بمرین..

چ خۆشبەختە ئەوکەسەی، بـاوەڕی وایـە کـە ژیانیـان لـێداگیرکردووە لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانێ رزگاری کات..

بەردەوام هەوڵی بۆدەدات..

# بەشی دووەم

# ١

- هەڵسن ... هەڵسن درەنگە...

ئەحمەد بە دەنگێکی هەندێ بەرز ئەمەی وت، وە خۆ کەوت، بە پەلە خۆی پێچایەوە (چوار) هاورێ کەیشی کە شەوێ لە ژوورەکەی ئەحمەددا تا درەنگێ نەخشەی گەڕانەوەیان بۆ لای (هاورێ یان) دادەنا بە چاوی خەواڵووەوە هەڵسان و وە خۆ کەوتن.. نەسرین بەر لە ئەحمەد لە خەو هەڵسا بوو بە جووانیش هیوای پێچابووەوەو ئامادەبوون..

شەوێ، بریاریان وابوو، بەر لە خۆرهەلاتن — لە ترسی (ساواک) و هەندێ لە بەزیوو بێفەرو چڵکا و خۆرەکان زوو برۆن، چونکە لەو رۆژانەدا ساواک دعایەی جۆراوجۆری لە نێو ئۆردوگاکاندا بڵاودەکردەوەو، لە یەک کاتدا چەند کارێکی دەکرد:

دەوڵەتی عێراق نوێنەرانی خۆی ناردبوو تا قسان لەگەڵ ئەو خەڵکە بکەن، ساواکێ خەڵکەکەی کۆدەکردەوە، پیاوانی خۆی لە نێو خەڵکەکەدا دادەنا تا لە کاتی پێویستیدا بێنە قسەو سۆزی خەڵکەکە بوروژێنن، نوێنەرانی عێراق دەیانووت:

( میری نیشتمانی بەرەحمە، عەفوو عامی دەرکردووە، ئێوە هەر ڕۆڵەی عێراقی خۆشەویستن، بگەڕێنەوە بۆ باوەشی عێراقی سەربەرز، بگەڕێنەوە سەر وەزع و حاڵ وەزیفەو جێ و شوێنی پێشووی خۆتان، حکومەتی نیشتمانیش یارمەتیتان دەدات

(بە فیتی ساواکێ دەکرایە هەراو هوریا:

- درۆ دەکەن.
- ئێوە پیاو کوژن، فاشیستن.
- فێڵمان لێدەکەن.

جەماوەری هەڵچوو بەردەباران و تف بارانی، تەنانەت هەندێک لە نوێنەرانی حکومەت دەکرد و دارکاری یان دەکردن، ئەوجا ساواکێ لەبەرچاوی نوێنەرانی حکومەتی عێراق تووڕە دەبوون، جنێویان دەدا.

- ئێوە هەر بێ عەقڵن.
- ئەمە پیاوەتی نیە لە میوانی (شا بدەن) ئەمانە میوانی خۆشەویستی دەوڵەتن!!
- کەس زۆری لێنەکردوون، ئەوەی دەرواتەوە با بەخێر بچێتەوە، ئەوەی ناڕوات با ئاژاوە بۆ ئێمە نەنێتەوە!



پاش ئەوەی ، بەچەن قسەیێکی لووس و لێبوردن خوازی (خواهیش دەکەین.. ببەخشن... مەعزەرەتمان هەیە...) نوێنەرانی عێراقیان بەرێ دەخستەوەو ئەوجا لە ( مەیدانی چۆڵی بێ ساحێبدا بە ڕۆژی ڕۆشن، داوی خۆیان دادەنا، هەر ئەوەندەی بڵێی ی یەکو دوو لە نێو خەڵکەکەدا بڵاویان دەکردەوە:

- بێ عەقڵە ئەو کەسەی باوەڕ بە عێراق دەکات
- ئەوەی بگەڕێتەوەئیعدامی دەکەن.
- لەسەر سنوور دەرزی (لە پیاوەتی خستن) لە پیاوان دەدەن.
- زەرنیخ تێکەڵ بە خواردن دەکەن.
- کچانی جوان لەسەر سنوور گل دەدەنەوە، دابەشیان دەکەنە سەر عەسکەرەکانەوە
- مناڵان لە دایک و باوک جیادەکەنەوە، لە ئوردوگای تایبەتی دایاندەنێن.
- ئەوەی بمێنێتەوەو نەکوژرێ بۆ جنوبی عێراقیان دەبەن، دەبێ لە نێو کەپری حەسیردا بژین.
- بە کچان و ژنان (زۆر شوێن) ئاوەدان دەکەنەوە!
- بە زۆر دەتانکەنە عەرەب.
- ئەوی بەکوردی قسە بکات، زمانی لە پشتی ملیەوە دەردێنن.

هەر بۆ ئەوەی زیاتر خەڵکەکە بخەڵەتێنن، بە دزییەوە سەرو چاوی چەن کرێ گرتەیێکی خۆیان لە خوێن وەردەدا، جل و بەرگیان دەدراندن، دەیاننناردنە نێو خەڵکەکە:

- بە هەزار حاڵ دەرباز بووین.
- خوا ئەو کەسە بگرێ پێ ی وتین: بڕۆنەوە بۆ سەر جێ و شوێنی خۆتان.
- ژن و منالەکانیان جیا کردەوە.
- بە تێلا سەرو گوێلاکیان شکاندین.
- دەیانووت: چۆنتان لێخۆشدەبین، هەزارانتان لێ کوشتووین.
- خوا رەحمی پێ کردین، دەنا دەرباز نەدەبووین.
- ئەرێ واللە ماڵ و منالٚ جێمان! هەر نەمانزانی چی یان لێ کردن!

زۆربەی کەسانی ئۆردوگا بە عەقڵی خۆیان بیریان نەدەکردەوە.

کەوتبوونە ژێر کاریگەری وشەی (دەڵێن)

- دەڵێن عێراق دەمانکوژێ.
- دەڵێن دعایەیەو باوەر مەکەن.
- دەڵێن وڵاتانی ئەوروپا دەرگای بۆ ئاوارەکان کردووەتەوە..
- دەڵێن دعایەیە، هەر بۆ مەسئول و دەست و پێ یەکانی (ئەوانە)!
- دەڵێن شۆڕش دەسپێدەکاتەوە.
- دەڵێن ... دەڵێن... دەڵێن..



- بە پێ ی (دەڵێن) هەریەکەو لە ڕۆژێکدا چەن جارێ بیروڕای دەگۆڕی و دەکەوتە ژێر ڕکێفی ئەو باسەی کە (دەڵێن) وتانی زۆرتر بوو..
- ئەوەی ئا لەو (شوێنەشدا) شتێ .. کەسێ .. خزمێ.. مەسئولێ .. ئێ.. شتێ لەم بابەتانەی شکێ بردبا، چ پێویستی بە (دەڵێنی — ی) خەڵکەکە نەبوو، ئەگەر چی ئەوانیش بە عەقڵی خۆیان بیریان نەدەکردەوە، کەسانی دی بیری بۆ دەکردنەوە، تەنانەت بڕیاریشیان بۆ دەدان، بەلای ئەم بەشە، کە زۆربەیان خزم و ناسیاوی مەسئولە (عگیدەکان بوون کە پاش — ئەم بەزم و سەرشۆڕییەش، هەر خۆیان بە گەورەو دەمڕاستی کورد دەزانی — گرنگ ئەوە بوو بژین، بژین و بەس، لە کوێ، چۆن، ئەمەیان گرنگ نەبوو، بۆیە ببوونە تووتی ی ئەو پیاوانە — میوانە بەڕێزو خۆشەویستەکانی شاو شابانوو — بە ڕاست و چەپدا قسەکانیان لە نێو خەڵکەکەدا دووبارەو سەدبارە دەکردەوە.
- هەندێ خۆبگرنو سەبرتان هەبێ، شا وەعدی داوە شۆڕشمان بۆ هەڵدەگیرسێنێتەوە.
- چەکی باشترمان دەداتێ!
- دەرگای ئەورووپاو ڕێکخراوە جیهانیەکان دەخاتە سەر پشت، پەیوەندی ئینسانیمان بۆ مسۆگەر دەکات!
- ڕێگەمان بۆ خۆشدەکات لە وڵاتانی (تەقەدومییەوە) چەک و یارمەتیمان پێ بگات!

- لـە ( چتڵلاعـای ) و (خـاکێ و خـون) و (ڕەسـتاخیز) چەنـد لاپەڕەییێکمان بۆ تەرخان دەکەن.

- کەم کەس هـەبوو لـە ئۆردوگـادا نەکەوێتـە نێـوان بەرداشـی ئـەم دعایەو قسە بێسەرو بەرانەوە.. ئۆردووگاش:

یەکێکێ بوو لەو دوانزە ئۆردووگایانەی کە ئێران لەسەر سـنوور- بـەر لە ئاشبەتاڵ دایمەزراندبوو، پڕ بوون لـە خێزانـی پێـشمەرگە، کەسـوکاری پێشمەرگە کە میری لە شارەکان دا دەری کردبـوون، هـەروەها بەشـێکی تەواوی ئەو لادێیانە کە دێهاتـەکانیان سـوتێنرا بـوو، لـەو ئۆردوگایانـەدا پەرت و بڵاوببوونەوە. جگە لە ئۆردوگاش، خەڵکی لـە شـارانی ئێرانـدا، ئەویش بە پێی پـلەی (مەسـئولیەت و گیرفـان و شـتی تـر!!) نیـشتەجێ ببوون، ئۆردوگاکان لـە ناوەڕاسـتی هـاوینی **١٩٧٤**دامـەزران، سـەرەتا بـە چادرو تەلبەند کردنی دەوروبەری دەستی پێکرد، پاشانیش لـە سـەرەتای زستانداو بە پەلە (قاوش) یان دروست کرد، هەر قاوشەو چوار بەش بـوو، هەر بەشەو دوانزە ژووری تیادا بوو، هـەر ژوورەیـش بـۆ خێزانـێ بـوو، چ ئۆردووگایەکیش لە دوانزە قاوش و نزیکەی حەوت سەد خێـزان کـەمتری تێدا نەبوو.

هەر شەشیان کەوتنە ڕێ. ئەحمەدو نەسرین لە پێشەوەو ئەوانی دیش بەدوایانەوە، هەر کـە لـە ئۆردووگـا دوورکەوتنـەوە، بێـئیرادە، هەریەکـە تفێکی خەستی ڕووەو ئۆردوگای پەنا هەنـدەکان ڕەوانـە کـرد، پـاش نیـو سـەعات ڕێ، سـەیارەیان دەسـکەوت و یەکـسەر چوونـە نزیکـی گونـدی



(کۆنـە لاجـان) ی سەرسـنوور هـەر بـەو بەرەبەیانـە بـەهۆی دەلیلێکـی پارەپەرست، قاچاغچی، کارامەو لێهاتوو، کـە پـێش وەخـت ناونیـشانیان وەرگرتبوو، بە قاچاغە ڕێو دزە ڕێیەکاندا رووەو قەندیل ملیان نا.!

قەندیل — ی سەرسەختی هێمن، بەفری چەندین هەزار ساڵەی لەسـەر کەڵـەکێ بووە، رقە پـیرۆزەکەی سـارد کردووەتـەوە، وەکێ پـیرەمێردێکی کوردی دنیا دیـدەی شکـست خـوردە، سـەبرو هیـوا، بـەرەو چاوەڕوانیـی بردووە، ئەگەر چی هەمـوو ڕۆژێ هێدی هێدی هەتاو، لە تەوقی سەرییەوە هەڵدێ، بە تیشکێ چاوبازی لەگەڵ تات —ی ساف و خەرەندی هـەزار بـە هەزارو نما-ی رووتی دەکات، ئێوارانیش دەکەوێتە پشتی بەفری لوتکە، وردە وردە تیـشکەکانی خـۆی لـە نێوهەڵـەموت و پـێچە لـە ژمـار نەهاتووەکانی نێوان دۆڵ و تاشە بەردەکان هەڵدەکات و بـە ئەمانەتـەوە قەندیل دەسپێرێتە مانگێ، کە ئەمیش وەکێ نۆ بەتچییـەکی وریـا بـەرەو ئاسمانی لوتکەکە هەڵدەکشێ و سەرنج دەداتە بەفری سـەر لوتکـە، کـە پەیتا پەیتا (کۆلارە ئەستێرە) هەڵدەداتە ئاسمان، یەکێ، دوو، دە، سەد، هــەزار، هــەزار هــەزار کــۆلارە ئەسـتێرەکانی هەڵــدەدات و ئاسمــانی لوتکەکەی دەکاتە چراخان، بەرەبەیانیانیش بە داوێکـی نـەبینراو دایـان دەگرێتە خوارێ، لە ئامێزی خۆیدا دەیانپارێزێ، تـا ئێـوارێ جـارێکی تـر هەڵیانداتەوە.. ئەوا چەند هەفتەییێکیشە (ئەستێرە پێـشمەرگە) بـەرەو ئاسمـانی رەشـی شـەوگاری کـورد هەڵــدەدات، ئاسمـانی ئومێـدو ورەو باوەڕی کورد دەکاتە چراخان.. هەر ڕۆژە، پێچ و پەناییێکی، شـیوو دۆڵ و

خەرەندێکی، لێرو تاشەبەردێکی، ڕێنمایی (ئەستێرە پێشمەرگەی بۆ دەکەن) بەرەو ئامێزی دەبەن تا کۆلارە ئاسا لەگەڵ ئەستێرەکانی دیدا هەڵیان داتە ئاسمانە ڕەشەکەی کورد!

ئەوا ئەمڕۆیش شەش ئەستێرەو ئەستێرەیێکی چکۆڵەیش پاش هەشت سەعاتە ڕێی ڕەبەق، خۆیان هاویشتە باوەشی قەندیلەوە.

*

چ شادییەکێ لە ئاستی شادی ئەحمەدو نەسرین و (چوار) هاوڕێکەیان نەبوو. هەر کە لە سنووری دەسکرد پەڕینەوە، هەر هەموویان وەکێ دەروێشی تەریقەتی خاکپەرست، شێخی شۆڕش داوای کردین و حەلقەی زیکر خۆشکەن، ئاوها لە وەجدی خاکپەرستیا بۆنیدوا زەڕەی خاکیان دەکرد، پڕ بە سینەی جەغار لێنیشتوویان هەوای وڵاتی شێخی شۆڕشیان هەڵدەمژی و بۆ ماوەیێکێ لە سینەدا رایان دەگرت، ئەوجا بە پەلەتر، تیماری دەردی لە سینە کەڵەکێ بووی ئەو سێمانگەی ئاوارەیی و پەنا هەندەیی و غوربەتەیان پێ دەکرد، بە ئاوە سازگارەکانی قەندیلیش، ئارەقی شەرمەزاری ڕۆژی ئاشبەتاڵ، کە بە نێو چووانیانەوە چۆراوگەی بەستبوو، شوخت ئاسا ڕێی داچۆرینی بۆ خۆی کردبووەوە، بەو ئاوە سازگارە ئەو شوخت و ئەو ئارەقە وشکەوە بووەیان شۆردەوە، بە نەوازشەوە دەستیان بەسەر خاکەکەدا دەهێنا، گاە بۆنیان دەکردو گاە ماچ. گاە بەسەری خۆیاندا دەکردو بە سۆزی دەروێشانە ، گەرد بە گەردیان دەلاواندەوە، تێیان دەچریکاند، چریکاندنێ، دارو بەردی



دەهەژاند، شەپۆلی دەنگەکانیان سەدایێکی خواوەندانەی ئەوتۆی بەدۆڵ و چیاکانی بەرانبەریان دەبەخشی دەروونی گوێ بیستیان دەهێنایە جۆش و خرۆش، چریکەکان بوونە هەمان ئەو مژدەیەی دوێنێ و پێرێ و چەن هەفتەیێکێ لەمەوبەر کە کەڵەمێردانی کورد بەم گوزەرانەدا پەخشیان دەکردەوە، ئەمرۆش بەهەمان سۆز، دۆڵ بە دۆڵ، گرد بە گرد، لوتکە بە لوتکەی رادەگەینێ، گەر زمانیان هەبا ئەوابێ شکێ دەیانووت:

(گەڕانەوە .. یاری هەمیشە بە وەفای چیاو بەفرو ئەشکەوت گەڕانەوە.

پیرۆزین ئێمە، گەڕانەوە، خۆشبەحاڵی ئەو شوێنەی پێی ئەمانی بەسەردەکەوێ.. دەبێتە مرەکەبی سووری بریقەداری داستان! گەڕانەوە .. گەر ئاسمان شانازی بە هەتاو و مانگ و ئەستێرەکانیەوە بکات، ئێمەیش شانازی بە مانەوە دەکەین!

چیا زمانی هەبا دەیووت:

من ئەو سەرسەختەم، شوێن پێی پێشمەرگە تاجی سەرسەرمە.. ئەو کاتە سەربەرزو بێلەکەم کە پێشمەرگەم بەسەرەوە بێ پێدەشت دەیووت:

ئەو کاتە بەختەوەر دەبم، تکێ تکێ ئارەقی ماندوو بوونی پێشمەرگە تەڕم بکات، پیت و بەرەکەتم پێدەبەخشێ، مژدەم دەداتێ، لە ژێر پۆستاڵ ڕزگارم کات.

*

(گەلێکی دی، بەر لە ئێمە چوونەتەوە.. گەلێکی دیش دێنەوە، ئەمجارەیان (مارانگەزین) حەتمەن بە شێوەیەکی دیی پوخت تێهەڵدەچینەوە... شێوەیێکی ئەوتۆی پتەوی، پشت بەخۆ ئەستووری بەهێز، کە...

ئەحمەد بەدەم ڕێوە گەلێکی دیی لەم قسانەی ئەم شەوی خۆیانی وەبیر هاتەوە، بزەی لە خۆ قایل بوون دەیگرت، خۆی خستبووە ژێر باری هیوایێکی قورس و ئەستورەوە، دەیان نەخشەو ئومێد لە مێشکیدا چینەیان دەکرد:

- گەر هیچیشمان پێنەکرێ، خۆ دەتوانین کارێ بکەین لە (مەیداندا) بمرین.. خۆ دەتوانین جێو شوێنی مردنمان بکەینە پێپیلکە بۆ کەسانی دیی پاش خۆمان.

لەگەڵ خۆ دواندنیدا ڕۆشناییێکی دوور لە نێو زەینیدا دەدرەوشایەوە، تا وردتر خۆی دەدواند، ڕۆشناییێکە گەشترو نزیکتر دەبووەوە:

(- بەڵێ، ئەمە هەڵبژاردنی ژیانێکە مردنی سەربەرزی دەبەخشێ.. سەرپشک بوونە، ژیانێکە: جۆری مردن دەستنیشان دەکات. مەرگی سەربەرزی پێیە.. لە ژیانێکدا، ترسی مەرگی تیادا نەبێ و، مەرگی سەربەرز هەڵبژێردرا بێ، ئیدی چ شتێک دەبێتە مایەی ترس، خۆدزینەوە،

لە پڕ یەکێ لە هاوڕێکانی بە قسەیێک ئەم خۆدواندنەی ئەحمەدی قرتاند:



- دە دەقیقەیێکی دی دەگەینە جێ.

هەتاو بەرەو ئاوابوون دەچوو، زەردەپەڕ بەشێکی ئاسمانی چیاکەی پەمەیی کردبوو، کزەبا، خشە خشێکی بەئاهەنگی بەخشیبووە گەڵای دارەکان. بەلای چەپی دۆڵێکدا، باریکە ڕێیەک بەرەو بەردەڵانێکی ڕکی بردن، هەورازو نشێوی ڕێ وزەی لێبڕی بوون، تەواو شەکەت و کەنەفتی کردبوون، لە پڕ دەنگێکی گڕ، تێیانی خوڕی، رایچڵەکاندن:

- بووەستن ..ئێوە کێن؟

ئەگەر چی دەنگەکە گڕو تووڕە بوونی پێوە دیاربوو، ئەمان گەلێکیان پێخۆش بوو، هێزو تینیان هاتەوە بەر. هیلاکییەکەیان لە جەستە دەرچوو. هەریەکە لە لای خۆیەوە هەناسەیێکی پڕ لە ئاسودەیی هەڵمژی (نەمردین پێشمەرگەمان بینیەوە) هەر هەموو بە یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە

- خۆمانین!

- خۆتان کێن؟... بووەستن، با یەکێکتان نزیک بێتەوە.

هەر شەشیان تەکانیان دا، هەریەکەو خۆی بەو کەسە دەزانی کە دەبێ یەکەم کەس بێ وشەی (پێشمەرگە) ین ی لە دەم بێتە دەر. ئەمجارەیان دەنگەکە گڕ تر بوو:

- یەکێکتان.

هەریەکە لە جێی خۆیدا وەستا. نەسرین هیوای دایە باوەشی ئەحمەد، بەرەو دەنگەکە هەنگاوی نا... سێ چوار دەقیقەی پێ چوو، ئەمانیش بەرەو دەنگەکە بانگ کران.

- فەرموون!

هەشت نۆ کەسیان لێکۆبووەوە، هەر هەموو ناسیاو بوون، چ کەسێکیان نەیانتوانی بەری فرمێسکی شادی چاوانی خۆی بگرێ، ئەمان دەیانووت:

- ئۆخەی ئێوەمان بینییەوە، پێتان گەیشتین.

ئەوانیش دەیانووت

- ئۆخەی رزگارتان بوو... راستە رێی خۆتان دۆزییەوە.

یەکدیان ماچ دەکردو باوەشیان بە یەکدیا دەکرد، وەک ئەوەی تووشی شاگەشکە بووبن، ئاوها دەجوولانەوە (هیوا) لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست دەچوو، ماچی گەرمی بەردەکەوت، پێیان دەووت:

- پێشمەرگە چکۆلەکەمان، بەخێرهاتیت!

ماچێکی تریان دەکرد.. هیوایان گەیاندە دەستی پێشمەرگەیێک، کەلەگەت، موو زەرد، تەنکەریش و پرچە درێژەکەی سیمای ویقارو بێدەنگییەکەیشی کبریائی پێبەخشی بوو، شەش مەخزەنی کلاشینکۆفو دەمانچەیێک و دوو نارنجۆکی بەستبوو، (هیوای) نەدەدایەوە دەستی نەسرین.. ئەحمەد لە گەرمەی چاکوخۆشیا بوو، لای کردە لاوە، هیوای بینی، پاش تێڕامان، بە سەرسامی و حەپەسانەوە وتی:



- سوورەی بێدین .. مچە!
- ئەحمەد!

بە جۆرێک باوەشیان بەیەکدیا کرد، سەرنجی هەموو ئەوانەی دەوروبەریان راکێشا. پاش کەمێ مچە هەستی کرد نەسرینی فەرامۆش کردووە وەختێ (هیوای) دایەوە دەست نەسرین پێی وابوو دەیناسێتەوە، کەچی تا لەگەڵ ئەحمەدا باوەشیان بەیەک نەکرد و ئەحمەد ناوی نەهێنابوو، نەسرین نەیناسی بووەوە. بەر لەوەی مچە شتێ بڵێ، نەسرین پێشی کەوت:

- سوورەی کافر خۆ تۆ منت ناسیەوە بۆ دەنگت نەکرد؟
- پێم وابوو دەمناسییەوە.. داوای لێبوردن دەکەم.
- داوای لێبوردن دەکەم. بێدین کەی فێری ئەم موجامەلەو قسە زلانە بوویت.
- ئەمە کەی قسەی زلە؟

مچەو ئەحمەد نیمچە حەپەسا بوون، مچە بە لاڵە پەتێیانە فەرمووی لە نەسرین کرد، پێشیان کەوت، هەندێ بەلای خوارووا داکشان، لە تەنیشتی چەن گا بەردێکدا سەری خۆیان دانەواندەوە، چوونە ژوورێک، شتێ بوو لە ژوور دەچوو، چوار داربەڕووی ئەستوور، لە قولایی مەترو نیوێکی خاکی هەڵکەنراو، بووە ئەستونگە، چوار تەنیشتی ئەستونگەکان بە بەردی زل زل هەڵچنرا بوون، بە قوڕێکی تەنک نیمچە سواخێک درابوون، هەر بە دار بەرووی ئەستوریش دا رەڕا کرابوو، زیاتر

لە سێ مەتریش گڵ و بەردی بەسەرەوە بوو، هەندێ وردە پێویستی ناوماڵ لە پەنایێکدا دانرابوون، ئەگەرچی ژوورەکە شتێکی ئەوتۆی تیادا نەبوو، بەڵام گەلێ خاوێن بوو، ئاوێنەو، وێنەییێکی دەسکردیش بە تەنیشتی یەکەوە، بە قەد یەکێ لە دیوارەکانی ژوورەکە هەڵواسرابوون، لە دووری پێنج شەش مەترێ، نیمچە کەپرێ یاساوڵ ئاسا بەرانبەر بە ژوورەکە قیت ببووەوە، هەر کە بەرەو ژوورەکە دەچوون ئەحمەد بە جووانی دەیبینی، مچە کەمێ دەلەنگێ، فرسەتی ئەوەی نەبوو چ شتێکی لێ بپرسێ.. هیچ یەکێ لە ئەحمەدو مچە پێیان سەیر نەبوو لە کات و شوێنێکی ئاوهادا یەکدی ببینن، بەڵام نەکێ ئەمڕۆو لەم ئێوارە وەختەدا، دەبا هەر لە سەرەتاوە بەیەکەوە یان، هەر یەکێ لە ناخی خۆیدا ئەوەی لە هاوڕێکەی چاوەڕێ دەکرد، کە دەبێ لە کات و شوێنێکی ئاوهادا وجودی هەبێ ئەحمەد لەبەر خۆیەوە وتی: (ئەمە جێی شایستەو حەقی مچەیە) چۆن نا، هەر مچە نەبوو زوو، زوو لە منداڵی و لە کاتی شەڕە گەڕەکدا منالانی کۆدەکردەوەو دەینەراندو شمشێرە دارینەکەی دەستی رادەوەشاند.

- دەی .. جارێکی تر... هجوم!

ئەگەر مناڵێکێ بهاتایەتە زمان و بیوتایە!

- ئاخر شکاوین.

مچە بە جۆرێ تووڕە دەبوو، بەرچاوی خۆی نەدەبینی، زیاتر سوور دەبووەوە، قسەی ئاسایی لەبیر دەچووەوە، تەنها بە جنێو جنێوی سارد



دەهاتەوە قسەو دەیشۆردەوەو داخی دڵی خۆی پێدەرژاند، ئەوجا زۆر بەساردییەوە پێی دەوت:

- تۆ برۆ .. ئێمە تۆمان ناوێ.. تۆ برۆ بۆ لای دایکت.. هەی...

مچە پێی وابوو ئەگەر مناڵە تورکمانەکانی کۆڵانانی دی لە شەڕە بەردو گەڕەکدا، مناڵە کوردەکان ببەنەوە، ئیدی ئەوا لە هەموو شتێکی دیش کوردان دەبەنەوە، بۆیە تا مردن ئامادە بوو لە مەیداندا بووەستێ.. ئەگەر لەو شەڕە گەڕەکانەدا سەری شکابا- کەم جاریش بێ ئارەق دەردەچوو — ئیدی شێت و هار دەبوو، شەوو رۆژی بۆ نەبوو، دەبا بەهەر جۆرێ بێ سەری یەکێ دوو یەکێ بشکێنێ، مەرجیش نەبوو، سەری ئەوانەی شکاندبا وا سەریان شکاندووە چونکە لە کاتی شەڕە گەڕەکدا مەعلوم نەدەبوو کێ بەر بەردی کێ کەوتووە، گرنگێ ئەوە بوو مچە سەر بشکێنێ و خوێن ببینێ، خوێن بینین چاکترین تیمارو شفا بەخشی (گەلێ لە بیمارییەکانی مچە بوو) دەکەوتە مەیدانەوە، سەری یەکدوویەکی دەشکاند، چ کەسێ ئەو پرسیارەی لێنەدەکرد، کە پێی وابوو دەبێ لێی بپرسن: خۆ سەری ئەوانەت نەشکاندووە وا سەری تۆیان شکاندووە؟ خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە نەکراوەی دەدایەوە.

- قەیناکە.. قووەتی ئەوانە!

ئیتر دەکەوتە وێزەی گلۆپی بەر دەرگای ماڵی مناڵە دەوڵەمەندەکان و دەی شکاندن، بەقیری تواوە زەنگی دەرگاکانی دەچەسپاندە یەکێ، چەند بەردێکی زلیشی بە دەرگاکاندا دەکێشا. دەبا

هەموو ئێوارانێکیش بەر لە نان خواردن ژەمە تێڵاییێکی چاکێ بە دەستی باوکی بخوا، گەلێ ئێوارە، زیاتر لە سێ چوارێ دەچوونە ماڵیان و لە لای باوکێ و دایکی شکاتیان لێدەکرد! مچە گەلێ رقی لە شکان و بەزین دەبوەوە، زۆر جار چاکێ دەیزانی دەرەقەتی کەسانی لە خۆی گەورەتر نایێت، کەچی هەر پەلاماری دەدان، هەندێ جار ناوبژی کەران لە ژێر دەست و پێدا دەریان دەهێنا، هەر کە لەسەر جووتە پێ خۆی دەگرتەوە، جارێکی دی ها شاوڵی دەبردەوە. سەریان دەشکاند، دەم و پلیان خوێناوی دەکرد، دەیاندا بە ئەرزا، فایدەی نەدەکردو نەدەبەزی.

بەزین لە لای مچە (مەیدان چۆڵ کردن بوو) نەکێ لە دەرەقەت نەهاتن و کشانەوەی فێڵاوی، بە لایەوە گرنکێَ نەبوو، قووەتی هەیە یا نەء، گرنکێَ ئەوە بوو، مادامێ لەسەر حەقە دەبێ لە مەیداندا بێ! نموونەییێکی زیندووی بەرجەستەی (حەق ویستانی توندرەو بوو) ئەوانەی کە حەق — یان بەهەموو شتێ دەزانی بەبێ ئامادە بوون و وە خۆکەوتنی پێش وەخت رووبەڕووی زوڵم دەبوونەوە، مچەش بە بەرچاویانەوە کەمجار بێ ئارەق دەردەچوو، نموونەییێکی زیندووو دەرسێکی باش بوو، تەنها مچە خۆی سوودی لێوەرنەدەگرت!

ئەو سەردەمە (مچە) پشت و پەنای مناڵە هەژارە کوردەکانی گەڕەکێ بوو، رەئیسی فرقەی تۆپێن، قائدی هجوم، دەم سپی مفاوەزات .. مفاوەزاتیشی هەر بۆ ئەوە دەکرد لە ئەنجامدا بڵێ (نەء) تاپێی بڵێن (کوردە.. گەر وتی نەء یانی نەء) بەم قسەیە گەش کەش بالای دەکرد!



هەمیشە مناڵێ دووان نوێنەری بوون عەلەمی تایبەتی مفاوەزاتیان بەدەستەوەبوو، تەنانەت لە سەرکەوتنیشدا حەزی پێدەکرد، مەرجی قورسی لەرادە بەدەری هەبوو، ئەویش هەر بۆ ئەوە بڵێ (**نەء**) لە لەنوشستیدا مەرجەکانی قورستر دەبوون، حەزیشی بە هودنەی چەژن ڕۆژی دەکرد، هەر خۆیشی تێکی دەدایەوە، بیانووی زۆر بوو لە کاتی پێویست دا بیانوویەکی بەجێی دەهێنایەوە.. مچە وەستای هەموو جۆرە یارییەکێ بوو،جرت کێش و جنێو فرۆش بوو، گەورەو بچووکی نەدەزانی، لە ڕووی گەورەترین کەسدا (هەر مچە سوور) بوو، پێی ئەستەم نەبوو، بە دەمناڵەوە هجوم بکەنە سەر تاقە مناڵێ، بێڕەحم، چا پووکێ دەسوەشێن، تەنانەت لە قوتابخانەشدا هەندێ مامۆستا سڵییان لێدەکردەوە، لە دەم و عنادی یەکەی دەترسان، جا چ کەسێ لە مچە نەدەترسا؟ هەر لە کەری کەناسەکانی بەلەدییە تا چۆلەکەی سەر دارەکان لێی دەترسان! لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خۆشەویستی مناڵە کوردەکان بوو.. هەندێ جار هەشت نۆ مناڵی کۆڵانێکی دی، فرسەتیان لێدەهێناو بێکەس کوژیان دەکرد، نەیدەهێشت شەوی بەسەرا بێ، مناڵانی کۆدەکردەوە:

- حەربە.. حەرب .. یاللا.. لە پێشدا دیفاع بکەن تا بزانین قووەتەکەیان چەنێکە.. تا من نەڵێم هجوم نابێ کەس بەر لە من هجوم بکات.

له گەرمەی شەڕدا، شمشێرە دارینەکەی بەرزدەکردەوە، هاوزەمان بە دەنگی بەرزیش دەیووت: هجووووم! دەیکردە فەرتەنە. بەمەش نەدەوەستا بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ چەن کەسێکدا کەمینی دەنایەوە. پاش هەموو شەڕێکیش خوتبەی دەدا:

- دەبێ ئەمجارە (خوتەکەمان) بگۆڕین. دەبێ دار لاستیکێ بەدەس لەدواوە حمایەی شمشێر بەدەستەکان بکەن.. کە وتم (هجوم) نابێ دارلاستیکێ بە دەستەکانیش هجووم بکەن.. تێگەیشتن؟!

ئەگەر منالێ لێی پرسیبا ئەم خوتەیەت چۆن بەخەیالدا هات؟ دەیووت:

- شەوان پێش ئەوەی بخەوم فکری لێدەکەمەوە!

خۆ چ کەسێکیش نەیدەوێرا بڵێ:

(چ شەوێ بێتێڵاو فرمێسکێ خەوتوویت)

کورانی گەڕەکێ، هەموو ئەم شتانەی مچەیان دەزانی، ژن و پیاو گەورەو بچووکێ، دەیناسی و پڕ بەدڵ خۆشیان دەویست، تاقە بەدیلی نوشوستیەکانی دی یان بوو، هەر هیچ نەبێ لە بوارێکدا.. تاقە بوارێکێ، با ئەو بوارەش بێبایەخ با، سەری بەرز دەکردنەوە!!

کوردان لەو گەڕەکەدا، تەنانەت لە بەشێکی زۆری کەرکوکیشدا سەرکوێر بوون. هەژارو نەخۆش، کاڵفام و بێ دەرامەت، سەبری ئەیوبیان هەبوو، ئەویش نەکێ لە ڕووی ووردبینییەوە، نەخێر زۆربەیان هەژارو بێدەسەلات بوون، چەن دینارێکی (بەرتیل) ماڵی چەندینی کاول دەکردو



کۆستی چەندینیشی دەخست تەنانەت تاقە پۆلیسێ بۆی هەبوو، ماڵ لە گەڕەکێ بەشڕەو پڕەوە بهاوێتە کۆڵان! گەلێ جار بە سوغرە ئیشی چەند ڕۆژێکیان پێدەکردن، تەنها هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکردن: سەگباب جنسیەت هەیە؟! خۆ هەندێ لە کوردە دەوڵەمەندەکانی گەڕەکێ لەوان خراپتر بوون، دەست و پێیکی زۆری (سوێند خۆر .. قورعان خۆری مەحکەمەیان هەبوو) بە شاهیدی و سوێندی چەن شەلاتیێکی کرێ گرتە، ماڵیان بە خاوخێزانەوە ئاوارە دەکرد. مچە سوور بە عەقڵی منالانەی خۆی پەی بەم بەزمە بردبوو، سەراپای ئەندامەکانی لەشی (تەحەدا بوو) تەنانەت تەحەدای داروبەردو سێبەرو هەموو شتێکی ئەو زاڵمانەی دەکرد.. هەر بۆیەش (ئەوان) نازناوی (خولە پیزە) یان پێ دابوو، شانازی بەم نازناوەوە دەکرد، هەندێ شتی لابەلای خولە پیزەی بە راست و درۆ بەرگوێ کەوتبوو.. خۆ چ کەسێکی گەرەکێ ئەو ڕۆژەی لە بیر ناچێتەوە کە:

تەرمەکەی شێخ مەحمودیان لە بەغداوە بۆ سلێمانی دەبردەوە، بە کەرکوکدا تێپەڕین، مچە لەگەڵ منالاندا لە قەلاوە سەیری ئەو چەند سەد سەیارەیەیان دەکرد کە بە دووی تەرمەکەوە بوون، نەیدەزانیچییەو شێخ مەحمود کێیە، پرسیاری زۆری کرد تا پیرەمێردێکی کورد پێی وت:

- کورِم ئەوە تەرمی شێخ ـی گەورەمانە.. مەلیکی کوردستانە! مەلیکی کوردستان! کە ئەمەی بیست، وەخۆ کەوت و منالانی کۆکردەوە.

- یا ڵلا دەی حەرب!

منداڵێ لێی پرسی بۆ؟

- مەلیکی کوردستان مردووە، ئەم سەگبابانەش پێدەکەنن!

حەرب!

ئەو ڕۆژە تا شەویش حەربەکەی مچەو مناڵان تەشەنەی کرد، گەورەکانیشی گرتەوە، بووە حەربێ بەناچاری یەخەگیری زۆر کەس بوو، یەکەمجار هەژارانی گەڕەکێ بە یەکێ دەنگێ و دەس هاتنە مەیدان، ئەگەرچی هیچیان نەکردو حەربەکە کوژایەوە، بەڵام هەر هەموویان ئەو حەقیقەتەیان بۆ دەرکەوت: ئەگەر ئاوها پشتی یەکێ بگرن ئەوا هێزێکی گەورەن و گاڵتەیان پێناکرێ!

سبەینێ ئەو ڕۆژە مچە سوور پەڕۆی ڕەشی دەنایە قەد سینگی مناڵانەوە، پێکەنین و قسەی بێسەرو بەریان لەخۆ بڕی، خۆیان مچ و مۆڕ دەنواندو تا سێ ڕۆژێ لە پرسەی شێخ دا بوون!

هەر پاش پرسە مچە کەوتە کەڵکەڵەی (حکومەت) دامەزراندن، خۆی کردە مەلیکی کوردستان، چەند جارێکیش قانوونی نوێی دامەزراند:

- هەر مناڵێ لە مەیدانی شەر ڕابکات، ئەوە کورد نیە! دایکی ... تێگەیشتن؟

هەموو مناڵان بەیەکێ دەنگێ دەیانووت:

-بەڵێ.. بەڵێ..

- هەر مناڵێ گوێی لێبێ بەکورد بڵێن (کورد کۆپەگی)



ئەگەر لەسەر ئەوە نەیکاتە شەڕ، ئەوە کورد نیەو دایکی.. تێگەیشتن؟

بەڵێ.. بەڵێ

- ئەگەر سەباح تان بینی تفی لێبکەن، چونکە ئەو کوردەو برادەری (ئەوانە) سەگبابە جاسوسە.. تێگەیشتن؟

*

کە ئەحمەد سەرنجی مچەی دەدا، هەموو ئەم شتانەی سەردەمی مناڵیان بە مێشکدا گوزەری دەکرد، سەرباری ئەوەی (هەردوو لایان ماڵی مچەو ماڵی ئەحمەد لەیەکێ ماڵدا کرێچی بوون، هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکدی بوون، ئەحمەدو مچە، لەبەر ئەم دیدەنییە خەریکێ بوو لە خۆشیا پەرو باڵ دەرکەن، لە پڕ بەر ڕۆشنایی دەرگای بە (ناو ژوورەکەیان) گیرا، دەنگێکی ناسکێ پێی وتن:

- بەخێر بێن .. سەرچاو هاتن.

ئەحمەد، هەر کە چاوی بەرزکردەوە، حەپەسا، وەکێ ئەوەی باوەڕی بە چاوانی خۆی نەبێ، یەکدوو جار تروکاندنی و بەدەست هەندێ هەڵیگلۆفیین و بە دیقەتەوە سەرنجی‌دا.. کچێکی باریکەلەی کەڵەگەت، چاوو برۆ ڕەشی پرچ کورت، لوت باریکێ و گەردن بەرز، چوار مەخزەنی کلاشینکۆفی بەستبووو دەمانچەیێکی چواردەخۆریش بەقەدیەوە، ئەوەندەی تر بە ژن و بالای رازاندبووەوە:

( - تۆ بڵێی کەسێکی ئاوها هەبێ کوت و مت لە هیام بچێ)

لەگەڵ ئەم سێو دووەی دڵی خۆیدا ، بە ئاستەم بە دەنگێکی بیستراو وتی:

- سوپاست دەکەم.

دەنگەکە رووی لە نەسرین کرد:

- نەسرین خان بەخێر بێیت.

چەند ساتێ نەسرین بە حەپەسانەوە سەرنجیدا (تۆ بڵێیی ئەو بێ.. باوەڕ ناکەم.. جا لێرەدا چ دەکات).

- سوپاست دەکەم.

- دەڵێ ی نامناسیت؟

- هیام خان نیت؟

- بۆ نەء.

- هیام تۆ..

- ئا.. ئا.. من!

باوەشیان بەیەکدیا کرد، ئەملاو ئەولای یەکدییان ماچ کرد، ئەحمەد هەر بە حەپەسانەوە وتی:

- هیام؟!

- بەڵێ .. بەڵێ.. هیام.. پێت سەیرە؟

- ها...!

هیام رووی لە مچە کرد:



- مامۆستا سەرکەوت دەڵێ با ئێوارێ خۆی و میوانەکانی بێنە لای ئێمە..

- باشە.. جارێ زووە..

- وتی: لێرە خواردنمان حازر کردووە.

- ئێ ... باشە باش..

هیام لە ژوورەکەدا وەکێ خاوەن ماڵ دەجووڵایەوە، ئەحمەد گەلێ لە نەسرین سەرسام تر بوو، هەر زۆری پێ سەیر بوو.

هیام.. هیامی کچی محمد ئەفەنی- حاجی محمد ئەفەنی -یەکە دەوڵەمەندی گەڕەکێ، خاوەن چەندین خانوو بەرەو چەندین ریزە دوکان و سەیارەو نۆکەر، بەناوبانگێ بە یەکە (ڵورانی)شار. ناسراو حاجی محمد ئەفەنی خاوەن عەشرەت، بەشێکی قەڵا براو ئامۆزاو خاڵ و خاڵۆزاین.. سەیرە هیامی کچی لێرەدا چ دەکات؟

ئەحمەد ویستی ئەم پرسیارە لە مچە بکات.. بەڵام هەر کە سەیری مچەی کرد بە هاتنە ژووری هیام گەشتر بووەوە، دانی بە خۆیدا گرت، زیاتر بە دەیقەت ترەوە سەیری مچەی کرد.

مچە سووری کوڕی ئەحمەد هەورامی چایچی.. نەکێ خاوەن چایخانە، بەڵکو چایگێر، ملۆزمی تورکمانەکان، سەیرە.

وەکێ ئەوەی مچە هەستی بە سەرسامییەکەی نەسرین و ئەحمەد کردبێ، چ پرسیارێکی لێنەکرا، خۆی ویستی ناوی هیام تێهەڵکێشێ کارەکانی بکات.

- به ده رۆژ من و هیام ئەم ژوورەمان دروست کرد.. قایمەقایم، تۆپ کاری تێناکات.. باوەڕ ناکەم هەموو ساروخێکی تەیارەش کاری تێبکات و دایتەپێنێ...

ئەحمەد لە دنیایێکی دیدا بوو، ئەگەر چی چاوی بریبووە دەمی مچەوە، وای دەنواند کە گوێ بیستی قسەکانیەتی، بەڵام فکری لە شوێنێکی دیدا بوو، لە نێو دنیای یادو یادگاری دا بەنکێ بوو، بە ووردییەوە سەیری مچەی دەکرد، لەبەر خۆیەوەو بۆ خۆی هەندێ وشەی هەڵبزرکاند، ئەوجا بەوردی زنجیرەی قسەکانی ناخی خۆی دایە دەم یەکەوە.

(مچە سوور، کەی تۆ ئەم پیاوە بووی جگە لە فەرەیدون کێ تۆی کردە ئەم پیاوە.. گەر فەرەیدون نەباو دەستی نەگرتبای شەو و رۆژی نەدا بایەتە دەم یەکێ، تا جەنابت حاڵی کات و لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، نەتیکردبا بە ئەندام، ئەڵبەتە ئێستایش هەر مچە چەتوونەکەی جاران بوویت یا یەکێ دەبووی لە شەللاتییە جرت کێش و چەقۆ وەشێنەکانی شاران.. ئەمەیە پاداشەکەی فەرەیدون.

ئەحمەد زیاتر ناخی دەکۆڵا کە دەیبینی بزەی شادی بەسەر لێوانی هیامەوە، پەرش بووەتەوە. روخساریشی لە جاران گەشترە. هەر گەلێ جوان ترە، فەرەیدون ناحەقی نەبوو بەو شێوەیە عاشقی بێ.. لە شاردا فەرەیدون بە ئەحمەدی دەوت:



- هەرچەندە سەیری خۆم دەکەم، گەلێ گاڵتەم بەخۆ دی، بە تایبەت کە سەروسەکوتی خۆم لەگەڵ ئەو روخسارە مەلائیکە ئاسایەی هیام بەراورد دەکەم، هەر ئەوەتا سووکە باوەڕێکم بە خۆ دەمێنێ، کە هەم، دەنا .. نازانم چۆنت بۆ باس بکەم، پێم وایە مەگەر بە خەون ئەو ڕۆژەم بێتە بەرچاو، هیامم بدەنێ.

- فەرە... منیش باوەڕ ناکەم.

- چارم چییە؟

- نایزانم ... ئەرێ دەشێ بپرسم..

- چی؟

- یانی..

- فەرموو.

- ئەڵێم ئەویش وەکو تۆ ... یانی وەکێ یەکێ یەکدیتان خۆشدەوێ

- ئیدعای ئەوەم نەکردووە بەڵام بە رۆح هەست دەکەم، ئا .. ئەویش وەکێ من...

- ئاخر (زوهیری) خاڵی بەحیساب کورد کوشتوویەتی..

- ئەزانم.

- ئەڵێم هەموو حیسابێکی هەژاری و دەوڵەمەندی بخە لاوە، ئەوان، مەبەستم باوکێ و دایکی هیامە (ئێستایش) خوێنیان کەف دەکات، گەر منالی کوردیکێ ببینن، کەللەیی دەبن و برینی کۆنیان دەکولێتەوە.

- دەزانم .. بەڵام...
- بەڵام چی؟
- پێم وایە مەسەلە لەوە گەورەترە.
- لەلای کێ؟
- لە لای خۆم.
- خۆت حسێب نیت.
- دەزانم .. هیامیش.
- دڵنیایت؟
- خۆزیا دڵنیا دەبووم.
- چیت دەکرد؟
- نازانم..

ئەمە ئەو چەند قسە دووبارەو سێبارە کراوەی نێوان ئەحمەدو فەرەیدون بوو، کە چەند ساڵێ لەمەوبەر، هەر کە یەکدییان دەبینی، بەم سەر باسە دەچوونە نێو باسەکانی دییەوە، ئەگەر چی ئەحمەدو فەرەیدون هاوڕێ و هاوسێ هاوتەمەن بوون، بەڵام ئەحمەد گەلێ شەرمی لە فەریدون دەکرد، ئەویش سەبارەت بەوەی، فەرەیدون زیرەک و شارەزاو خوێنەوارتربوو، سەرباری ئەمانەش لە یەکێتی قوتابییاندا مەسئولیان بوو.. ئەحمەدو مچە سوورو عەباس و کەمال، لە یەک شانەدا بوون.

مچە وەک ئەوەی لە بێدەنگی و وشە نەوتراوەکانی ئەحمەد حاڵی بێ، پێی وت:



- خۆ پێت سەیر نیە لێرەدا یەکدیمان بینی؟
- مچە نەخێر... ڕۆژگارە.

بەجۆرێ وشەی (ڕۆژگارە) لە دەمی هاتە دەر، رق و نەفرەتێکی سەیری لێ دەتکا، لەگەڵ هەر پیتێکی وشەکەدا، سەدان تف و جوێنی نەبینراوی پێوە لکابوو.. هەر وشەی (ڕۆژگاریش) بووە چاوساغی خۆی، بەرەو دنیای گەرەک و مناڵی و هاوڕێکانی بردەوە، بە چاوی (ئێستاوە) سەیری ئەو سەردەمەی دەکرد:

فەرەیدون و هیام، دوو مناڵی ژیکەڵە، پاک و تەمیز، لە جەژناندا بەیەکەوە، سواری چەرخوفەلەک و جۆلانە دەبوون، دەستی یەکدییان دەگرت، لەگەڵ منالانی گەڕەک دەچوونە سینەما.. ئەوا فەرەیدون تاقە کەسە دەتوانێ لە قەرەباڵغی بەر بلیت فرۆشی سینەماکەدا بلیت بکڕێ.. ئەوا لە (چلیدا) لە پێشی پێشەوە دانیشتوون، وا دەزانن لەو شوێنەوە چاکتر دەبینن! ئەوا فەرەیدون هەر هێمن و لەسەرخۆیە، چەتوون و شەرانی نیە، بەڵام چ قودرەتە بۆ کورێ، کچێ لەگەڵ هیامی شەش حەوت ساڵە شەڕێ بکات... ئەوا فەرەیدونی دە ساڵە هیامی لابووەتە پارسەنگی هەموو شتێ! هەر ئەوە لە زمانی هیام و ویستە منالانەکەی دەگات! وەک شریتی سینەما ئەو سەردەمە بەبەرچاوی ئێستەی ئەحمەدەوە تێدەپەڕێ:

کەسوکاری هیام منالە کوردەکانی گەڕەک، بە نۆکەر دەزانن، بە سووکییەوە سەیریان دەکەن زۆربەی منالان قەڵسی ئەو سەرنج و

رەفتارەی کەسوکاری هیامن.. ئەگەر لەبەر خاتری فەرەیدون نەبێ، مەگەر خوا بزانێ چی بە هیام دەکرا.. منالآن نازانن فەرەیدون بۆ ئەم سوکایەتیە قەبووڵ دەکات، ئەوا فەرەیدون خۆیشی دەزانێ ئەمەی دەیکا سوکایەتیە هەر هیچ نەبێ، لە بەرچاوی هاوڕێکانی با، بەو، چاوەوە سەرنج نەدرێ، کەچی فەرەیدون، بە ناخۆشییەکی لە رادە بەدەری جەرگبڕەوە، ئەمە قبوڵ دەکات. فەرەیدون دەزانێ هاوڕێکانی بەم سوکایەتییەی دەزانن فەرەیدون بێدەنگە.. فەرەیدون شەرمنۆکە.. بێدەنگە.. .

ئەحمەد بێمەبەست بە لاچاوەوە سەیرێکی نەسرینی کرد، نەسرین لای تێکردبوون و مەمکی بە هیوا دەدا.. بە مەبەستەوە بەرەو دنیای خەیاڵاتی ئەو سەردەمەی فەرەیدون چوو، فەرەیدون کەسێ بوو تەنانەت خەیاڵەکانی خۆیشی بۆ ئەحمەد باس دەکرد، خەونەکانی خۆی بۆ دەگێڕایەوە:

(لافاوە.. لافاوێکی بێئامان، ئاو هیامی بردووە، هەموو کەسێ بەترسەوە سەیری هیام دەکەن، چ کەسێ نەیوێرا خۆی لە لافاوەکە بدات.. خۆم دایە دەم لافاوەکە، هیامم رزگار کرد!)

هەموو خەونەکانی فەرەیدون هیام بوو، هیامێ تەنها لە مەترسیدا بێبو هەر فەرەیدونیش تاقە کەس بێت لەبەرچاوی هەموو کەسدا رزگاری کات!



ئەگەر چی لەو سەردەمەدا فەرەیدون و هیام دوو کەس بوون بەیەکەوە کەمتر ئیدارەیان دەکرد، بێ یەکدیش هەرگیز ئیدارەیان نەدەکرد، دنیاییێکی سەیری تێکەڵ بوون، تەنها لەبەرئەوەی بۆ چەن ساتێ لە یەکدی عاجز بن، هەریەکە بیانووی بێ سەرو بەری بەوی دی دەگرت، هەر بۆ ئەوەی ئاشتیش بنەوە بیانوویەکی دییان دەدۆزییەوە، تا ئاشت بوونەوەکەیان بکەنە سەرەتای عاجز بوونێکی دی، لە ڕۆژێکدا دەیانجار ئەم بەزمەیان دووبارە دەبووەوە... گەلێ جار فەرەیدون دەکەوتە بەرتانەو تەشەری کورە منالەکان، کە دەیانبینی لەبەرخاتری هیام، یاری کچانە دەکات، هەروەها هیامیش دەکەوتە بەر تانەی منالآنی کچەوە کە دەیانبینی لەناو کوراندا وازی کورانە دەکات! فەرەیدون لە کاتی عاجز بوونی لەگەڵ هیامدا دەچووە ناو کچان هەموو گەمەکانیانی تێک و پێک دەدا، هیامیش لە کاتی عاجز بوونیدا هەر هەمان رەفتاری دەکرد، منالآن ناحەقیان نەبوو، جار جارێ بە فەرەیدونیان دەوت:

- فەرە کچانی.
- بە هیامیشیان دەوت.
- هیام کورانی.

ئەم دووە هەرچییەکیان بەیەکدی بکردبا و بگوتبا بە لایانەوە ئاسایی بوو، بەڵام چ کەسێ بۆی نەبوو، ڕەفتارێکی نابەجێ لەگەڵ یەکێکیان دا بکات، گەر لەوپەڕی عاجزیشدا بان هەر پشت و پەنای یەکدی بوون،

گەلێ لە شەڕو هەراکانیان — دەبا هەموو منالانیش بزانن کە شەڕیان کردووە - بەم شێوەیە دەستی پێدەکرد:

هیام لەسەر هەر شتێ با، بە فەرەیدونی دەوت:

- بۆ درەنگ هاتوویتە کۆلان.. مادام درەنگ هاتوویت نابێ وازیمان لەگەڵدا بکەیت،

- ئەگەر فەرەیدون بەر لە سەعاتێکیش لەوەبەر هاتبایەتە کۆلان، هەرگیز نەیدەوت وانیەو بەر لە تۆ هاتووم، بەڵکو دەیووت:

- جا بە تۆ چی درەنگ هاتووم... خۆ خزمەتکاری باوکە...؟

- وس بە ناوی باوکم مەهێنە.

- جا باوکت چییە؟

- چۆن چییە؟

- بۆ وادەزانی لە باوکت دەترسم، وەڵلاهی لە مەلیکیش ناترسم.

- ترحێو.

- ترحێو بۆ باوکت.

- نەمووت ناوی باوکم مەهێنە

- ئەی منیش نەمووت لە مەلیکیش ناترسم.

ئیدی ئەوەندە قسەی بێ سەروبەری ئەوتۆیان تێهەڵکێشی ئەم قسانەیان دەکرد مەگەر هەر ئەو دووە بیانزانیبا چ دەڵێن

چ کەسێکیش لەو نهێنیە نەگەیشت، بۆ فەرەیدون — سەرەڕای زیرەکییەکەی — کە لە پۆلی دووی سەرەتایی بوو وهیامیش لە پۆلی



یەکێ، بۆچ فەرەیدون ئەو ساڵە بە هەزار فرت و فێڵ خۆی هێشتەوە، ئەگەر چی قوتابخانەکانیان جیاواز بوون و لەیەکێ دوور بوون، فەرەیدون هەموو بەیانییێکێ هیامی بەرێ دەخست، نیوەروانیش هیام چاوەڕێی فەرەیدونی دەکرد

(- مچە قسانی دەکرد، ئەحمەد نەیدەژنەوت، لە نێو بێدەنگی ناخی خۆیدا دەکولا

مچە ... نمەکێ حەرامی بێشەرەف، خۆ تۆ لە هەموو کەسێ چاکتر دەتزانی، فەرەیدون و هیام چەنێ دڵیان بەیەکەوە بوو... هەی بێ ئابرو، چەند جار لە نێو خەڵکیشدا دڵی فەرەیدونت بەوە دەدایەوە، ئامادەم لەبەر خاتری تۆ باوکی هیامت بۆ بە چەقۆ جەمع و تەرح و تەقسیم بکەم و پارچەکانیش زەربی دەبکەم کەچی هەی.... تۆ بڵێی ڕۆژگار هەند حوکمی قورس بێ (مچەش) بەم شێوەیە بگۆڕێ سەراپای رەوشتی لە یەکێ ترازابێ؟ بۆ نەء... ئەوە نیە لەبەر چاوە.. خۆ ناشێ چاوەکانم فێڵم لێ بکەن؟ ئەی ئەوە نیە بە گوێش دەبیستم، چەند بە نەرمی و سۆزەوە قسان لەگەڵ یەکدی دەکەن، دەڵێی یەکێ گیانن و لە دوو جەستەدان.. تف لە ویژدانت مچە، کەی وا خوێری بوویت؟ تۆ دایکێ و باوکیشت ئەو کەسە بوون خەڵکی گەڕەکێ سوێندی بەسەر دەخواردن، باوکت نموونەی پیاوەتی بوو، هاوین و زستانی نەدەزانی، قۆری و کتریی لە نێو نیمچە بەرمیلێکدا شەقام بەشەقام دەگێڕا، بە ئارەقی نێو چووانی نەبا، رۆحیشت پێ بەخشیبا نەیدەویست، خۆ کەمجار رێدەکەوت، ڕۆژانی

جومعه، پاش نوێژ کەسێ دووان — ناسیاو بان یا نەناس — بۆ نان خواردن لەگەڵ خۆیدا نەهێنێتەوە، باوکت دەیووت: (ماڵ بە میوانەوە ماڵە) خۆ دایکت گەلێ پیاوانە بوو چ کەسێکی گەرەکێ ئەو شەوەی لە بیر ناچێتەوە کە دایکت چووە نێو پیاوانەوەو بە دەنگە نێرانەکەی نەراندی:

- ئێرە بازاری (ئەشەکێ مەیدان) نیە، بە هیچ جۆرێ قەبولم نییە باسی (شیربایی) بکەن، خۆ ئێمە کەر نافرۆشین، ئێمە کچ بە شو دەدەین ، مادامێ فەوزی یەی کچم خۆی دڵی بە غەفورەوەیە، سەد جار پێشکەشی بێت... هیچ عەیبی تێدا نیە، غەفور هەژارەو هیچی نیە، خۆ پیاوەو شەرەفی هەیە. هەموو پیاوانێ مەجلیسی حەپەسان، غەفور خۆی پێ ڕانەگیرا، نەیتوانی بەری فرمێسکی چاوانی خۆی بگرێ، جووتە پێ هەڵسایە نووسایە دەستی دایکتەوە... خۆ چ پیاوێکێ نەما بە دایکت نەڵێ: ئافەرین شەرافەت بۆ خۆتۆ شیرت.. دەکێ رووسووری دنیا و قیامەت بی ئەو کارەی دایکت بووە شا هەواڵی گەڕەکێ، هەموو ئافرەتێکی هەژاری بەشەرەفی ئەو گەڕەکە حەزیان دەکرد لاسایی پیاوەتی دایکت بکەنەوە.. مچە خۆ فەوزییەی خوشکیشت دوو مانکێ بەسەر بوکێنییەکەی تێنەپەری بوو، هەموو گەرەکێ پێیان زانی ئەو تاقە لیرە رەشادیە شی فرۆشت- کە دایکت کردبوویە دیاری شوکردنەکەی... فەوزییەی خوشکت دەیووت: (چۆن دەتوانم بە ئاستەم بحەسێمەوە گەر بزانم غەفوری مێردم قەرزارەو خاوەن قەرزیش ژیانی لێ حەرام بکەن! کێ ما لە گەڕەکدا ئافەرینی خوشکەکەت نەکا مچە؟ مچە تۆ بۆ وات



لێهات، حەیف... سەد حەیف مچە.. خۆ تۆو فەرەیدون چ لە برا کەمتر نەبوون، کەچی بەردە گەورەکە لە نزیکەوە بەر دڵی فەرەیدون کەوت.. چ داخێکی گەورەت ناوەتە سەر دڵی فەرەیدون مچە!)

هەر کە بزەگەش و کەیفخۆشییەکەی هیامی دەبینی، ئەحمەد زیاتر ناخی هەڵدەچوو..

(- ئەی چۆن! بۆ نەء.. کچە دەوڵەمەندی بێ... چۆن پێدەکەنێ.. نە بەفری دیوەو نە باران، چاکێ دەزانێ من و فەرەیدون لە برا کەمتر نەبووین.. بەم پێکەنینەی دیقە دیقەم دەدات.. جا چ بڵێم لەگەڵ کەسێ دڵ گۆڕین و پێڵاو گۆڕینی بەلاوە وەکێ یەکێ بێ.. چ دەربەستە، فەرەیدون نا ، مچە ، لە پاڵ مچەشەوە سەدی دیش کرنۆش دەبەن.. مچە حەرەسە.. نەخێر مچە سووریش قۆزە، کەڵەکەت و چوار شانەیە ئەمرۆ مچە زەرورەتەو سبەینێش)...

خنە خنەکەی هیوا- کە نەسرین نەوازشی دەکردو بێدەنگییەکەی پێ دەرواندەوە- ئەحمەدی هێنایەوە سەرخۆ، بزەیێکی دەسکردی خستە سەر لێوانی خۆی، هەوڵی دا قسەیێکێ بدۆزێتەوە، هەچ قسەیێک بێت.. گرنکێ ئەوە بوو بێدەنگێ نەبن ڕووی لە مچە کرد.

- بە راست مچە... دەڵێم

وەکێ ئەوەی مچە بە پەرۆش تر بێو ئەم بێدەنگیە بشڵەقێنێ و ماوەیێکیش بێ چاوەڕێی قسەیێکێ بێ، هەر لەگەڵ دەمهەڵهێنانەوەی ئەحمەد زوو پێی وت:

- فەرموو.
- دەڵێم جاران نەدەلەنگیت ... خێرە..؟
- شتێکی ئەوتۆ نییە.
- ئەی چییە؟
- ئەڵێم ... یانی...
- یانی چی؟
- هەڵدێرام...
- هەر ئەوەندە..
- پارچەیێکی چکۆڵەی تۆپیشم بەرکەوت.

لەبەر چاوی ئەحمەدا مچە سوور بووەوە بە مچەکەی جاران کە لە چەند لاوە سەریان دەشکاندو دەم و پلیان خوێناوی دەکرد، هەر دەیووت (هیچ نیە.. رووشاوە) ئەگەر پێیان بووتبا (بابە نەرووشاوە خوێنی زۆر لەبەر ڕۆیوە) بە پێکەنینەوە دەیووت: خۆم خوێنم زۆرە، هەر بە یادی ئەو سەردەمەوە بە نیمچە تەوسێکیشەوە پێی وت:

- خوێنێ زۆری لەبەر ڕۆیی؟
- کەم..
- یانی خوێنە زۆرەکەی جارانت نەمابوو؟

لە سەردەمی منداڵیان دا، خوێنی زۆر لە هەر برینێکی منداڵە بریندار بوودا بچووبا نیشانەی ئازایەتی و قارەمانی منداڵەکە بوو، دەبووە



مایەی شانازی پێوەکردن .. مچە لەم تەوسەی ئەحمەد حاڵی بوو، دانی بەخۆدا گرت: لەبەر خۆیەوە هەندێ ووشەی تورەی کرۆشت:

( - تۆ بڵێ ی گاڵتەم پێ بکات وپێم بڵێ شۆرش شەرە گەرەکێ نیە، هەر بەچاوی جارانەوە سەیرم بکات، یاخۆی لەم ماوەیەدا گۆڕاوە، جارێ بابزایم چی تر دەڵێ)

بەنیمچە ساردی یەکەوە وەلامی ئەحمەدی دایەوە:

- خوێنی جاران، خوێنی ئێستا نیە..

ئەحمەد پەیی بەوەبرد، کەمچە خەریکە دڵی دەشکێ، ئەگەر چی بەمەبەستەوە ئەحمەد قسانی دەکردو دەیویست نەکێ دڵی بشکێنێ بەڵکو جەرگی ئاو بدات، بەڵام نەکێ لەسەر شتێکی ئاوها، بۆیە دایە قاقایێکی بێ ماناو ساردو خۆی لە مەڵاس نا لە قافدا بیگرێ، پێی وت:

- کەی بریندار بوویت.. بێ قەزا بیت وامزانی شەڕە چەقۆت کردووە!!
- شەڕە چەقوو؟؟
- وتم ئێ.. شتێ.. یانی خوا نەخواستە لەگەڵ شەللاتییێک..
- کاکێ ئەحمەد شەللاتی لەگەڵ شەللاتیا شەڕ دەکات.

بەجۆرێ وتی (کاکێ ئەحمەد) هەرچی سۆزی برایەتی و تەمەنی منداڵی و خۆشەویستیی هەبوو ختیە لاوە، سەری بەرزکردبووەو چاوی بڕیبووە نێو چاوەکانی ئەحمەد، سەدان وشەی بێدەنگێ لەو سەرنجەی مچەوە دەتکا.. ئەگەرچی وشەکان نەوترابوون، بەڵام ئەحمەد لێیان

حاڵی دەبوو، هەر بەو مەبەستەی زیاتر بیباتە ناو ئـەو باسـەی کـە بـۆی هەڵبژاردووە پێی وت:

- خۆ ناشێ لە شەڕی پێشمەرگایەتیدا بەرکەوتبێ.
- بێ قەزا بی، خۆ لە شەڕە گەڕەکدا تۆپ باران نیە!
- باشە کەی بریندار بوویت؟
- لە دوا شەڕدا.
- لە کوێ؟
- یانی نازانی دوا شەڕی پاش ئیعلانی ئاشبەتاڵ لەکوێ بوو؟
- دەزانم .. بەر لە ئاشبەتاڵ کوردستان یەک پارچە ئاگر بوو.
- وتم پاش ئاشبەتاڵ ... دوا شەڕ ... مەبەستم ئەو شـەڕەیە کـە هەر پێشمەرگە دەیکرد، بێ ... هەی ناوتان ... یانی بێ تـۆپ و چـەک و ئەرتەشی ئەو ئاریا میهرەی...
- یانی لە مەسەلەی شەڕدا هەر مچەکەی جارانی.

مچە زۆری لە خۆ کردو دانی بە خۆدا گرت، دەیویست ئەحمـەد چـی پێیەو بیڵێ و ئەوەی لە دیزەدایە بیخاتە کاسەوە، بە نەرمییەوە وتی:

- لە هەموو شتێکدا هـەر مچەکـەی جـارانم.. کورەکـەی ئەحمـەد هەورامی چایگێرم!

ئەحمەد جڵەوی قسەکانی خوی گرتەوە، زانـی زیـادە ڕەوی کـردووەو ئەم قسانەش بەرەو مەبەستی خۆی نابات، قسەکەی گۆڕی.

- ئەرێ باوک و دایکت چۆنن؟ گوڕێکیان ماوە.؟



ئەگەر هیام و نەسرین لەوێدا نەبان، نێوانی ئەحمەدو مچە ئەم درێژدا دڕییەی نەدەویست، ئەڵبەتە مچە ڕاستەو ڕاست بـە ئەحمـەدی دەوت مەبەستت چییـە، ڕاسـت و ڕەوان قـسە بکـە.. لەبـەر ئـەو دووانـە هـەم شەرمی دەکردو هەمیش ڕێی بـە خـۆی نـەدەدا کـە چەنێکـە ئەحمـەدی نەبینیوەو ئێستا میوانەو شوێنەکەیشی هی ئەوەنییە بۆیە بە ناچاری بە کورتی وەڵامی ئەحمەدی دەدایەوە...

- باشن.. گەلێک باشن.
- هەر لە کەرکوکن؟
- نەخێر؟
- کە من هاتمە دەرێ، حکومەت ئەوانیشی دەرکرد...
- ئێ...
- هاتنە لام، پاشان چوونە یەکێ لە ئۆردوگاکانی ئێـران میـوانێکی خۆشەویستی (شاو شێرو خورشید بوون).
- ئێستایش لە ئۆردوگاکەن؟
- نەخێر.. ماوەیێک لەوێ بوون.
- لەو ماوەیەدا چۆن بوون؟
- بۆ من گەلێ باش بوون ( هیامیش هەر لەلای ئـەوان بـوو.. کـە ئاشبەتاڵ بوو پێیان وتم: ئێمە بەرەو هەورامان دەگەڕێینەوە ئێوەیش)
- چوونەوە؟

- بەڵێ .. حەزم دەکرد هیامیش لەگەڵ خۆیاندا ببەن.. کەچی هیام خۆی رازی نەبوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی (بێینە ئێرە).

ناو هێنانی هیام بووە خوێ و برینەکانی زیاتر کولانەوە هیامیش لەگەڵ نەسرین دا سەرگەرمی باسی جۆری کلاشینکۆف بوردی و چۆنیەتی داژەنین و سەڵیەو موفرەد بوون، ئەحمەد بۆ موجامەلەیێکی بە تویکڵ رووی لە هیام کرد، ئێ بەڵکو لەوەوە شتێ هەڵکرینێ:

- هیام خان چاکێ فێری کوردی بوویت.
- جا چ مناڵێکی گەڕەکێ کوردی و تورکمانی نەدەزانی؟
- مەبەستم ئەوەیە کوردییەکەت زۆر ڕەوانە.
- ئەم ماوەیە بۆ من چاکێ بوو.

چ جارێ ئەحمەد بێفکر کردنەوە قسەی بێ سەروبەری وەکوو ئەمجارەی لە دەم دەرنەچووە، هەر پێش تەواوکردنی قسەکەی گەلێ پەشیمان بووەوە، سەرزەنشی خۆی کرد، بەڵام پاش چی؟ خۆ تازە ناگەڕێتەوە، نەختێ بە ڕەقییەوە بە هیامی وتبوو:

- هیام.. تۆ تورکمانی و مچەیش کوردە.. مەسئەلەکەی ئێمەیش مەسئەلەی کوردە،
- هەرگیزیش چاوەڕێی ئەو وەڵامە ڕاشکاوەی هیامی نەکردبوو کە پێی وتبوو:
- کورد کەسی وەکێ مچەی تێدا بێچۆن خۆمی بۆ فیدا ناکەم!



ئەم وەڵامەی هیام نارنجۆکێ ئاسا لە نێو مێشکی ئەحمەدا تەقیبووەوە، پیت بە پیتی وشەکان بوونە تەڵەزم، یادو مێژووی گەڕەکێ و هاوڕێ یانی دەروونی پێکابوو، تووشی نەزیفی هێنا بوو، هیام کە قسەکانی تەواو کردو بێدەنگێ بوو، لەبەر چاوی ئەحمەدا رەنگێ و رووییێکی ناشرین و دزێو نیشتە سەر ڕوخساری، لە هەموو درندەییێکی خوێن مژ، نەگریس و کەناس تر، لەبەر دیدەیدا خۆی دەنواند.. دەروونی دەکولا ، لەبەر خۆیەوە دایە بەر دەسرێژی وشە:

( سەیر .. سەیر، چەن بێ ئابرووە.. چ جامبازێکە.ژ چ دەلاڵێکە، تف لە رەسەنت، خوا دەزانێ چەن جاریش لەم قسە لووسانەی داوەتە بەرگوێی فەرەیدون — ی بەستەزمان.. چەند بێئابڕووە، لەبەرچاوی من و نەسرین دا، کە چاکێ دەزانێ ئێمە بە هەموو کەین و بەینێکی نێوانی خۆی و فەرەیدون دەزانین، کەچی ئەم قسانەش دەکات).

ئەگەر ئەحمەد لەم کاتەدا چاوی بەرز نەکردبا و نەسرینی نەدیبا، سەد تفی لە ئافرەت و رەسەنیان دەکرد، کە زەردەخەنە تەوس ئامێزەکەی نەسرینی بینی، تیر ئاسا بەرەو جەرگی هیامی دەنێرێ، ئەم زیاتر هاتە جۆش.. وردە وردە تارمایی فەرەیدون لەبەر چاویا بەرجەستەتر دەبوو، بەچاوە زیتە شینەکانی، هەزارو یەکێ پرسیاری بێ دەنگی بۆ دنیای (ئێستای) ئەحمەدی دەردەپەران. بەڵام نەکێ وەکێ فەرەیدونەکەی جاران، هێمن لەسەرەخۆ، وردبین، کەمدووی قسە خۆش،

نەخێر فەرەیدونێکی دی، ئاگر ئاسا، بێئۆقرە، پریشکێ هاوێژ، هەر ئێستا پەنجەی بۆ درێژ دەکات و پێی دەڵێ:

(ئەحمەد چۆن لەگەڵ پیاوی خایندا دادەنیشی هەڵسە برۆ.. تف لەو شوێنە بکە خائنی تێدایە.. هەڵسە برۆ).. هەر ئەحمەد خۆی وەڵامی پرسیارە دەسکردەکەی خۆی کە بەناوی فەرەیدونەوە روو بە ڕووی خۆی کردبووەوە دەدایەوە

جا چ شوێنێ خاینی تێدا نیە؟ مادامێ زەوی و ئینسان و زمانی جۆراوجۆر هەبێ خائینیش دەبێ..

قسەکانی هیام، ئەحمەدی بزمار کوت کردبوو، توانای جووڵەی پێنەهێشتبوو، هەر ئەوەی پێدەکرا چنگێ لە ناخی خۆی گیرکا، خۆی و سەنگی مێژووی یادگارییەکانی بکاتە پارسەنگی بیروباوەڕی، ڕەوشتیشی بکاتە سەنگێکی قورس، وشەکانی ناخی داپەسێنێ، نەهێڵێ بە ئازادییەوە بێنە دەر:

(دەوەرە هاوسەنگەری ئاوهات هەبێ! ناچاریش بی لە یەکێ سەنگەردا خۆتی بۆ بە کوشت دەی!! چ سەرەتاو دەسپێکردنێکە!)

ئەم قسەیەی ناخی لە نێو بێدەنگییەکی لە ئەندازە بەدەردا پێچایەوە، تێکەڵی بێدەنگی نیمچە ژوورەکەی کرد، پێشی وابوو ئەم وشە بێدەنگانە لە نێو ئەم بێدەنگییەدا رۆح پەیدا دەکەن، قایل نابن خامۆش بن، هەر ئێستا ڕۆح پەیدا دەکەن، دەبنە ئاگر شەپۆلەکانیان گر بەردەداتە ڕوخساری مچەو هیام، پێی وابوو هەر ئێستا، ئەو پیتانە ریز



دەبەستن دەبنە وشە، لە نێو رستەیێکی ئاگرین و نەفرەت پڕژێندا دەتەقنەوە (هەی خاینیینە.. بێ شەرەفینە.. هەی...)

ئەحمەد گرژەوە بوو، زیاتر خۆی گرمۆڵە دەکرد وای هەست دەکرد، بە چاوی ناخ ئەو تیشکە رەشە دەبینێ، کە لە چاوانی شەهوەت پەرستی هیام و مچەوە دەردەپەڕن و بەرەو رووی دێن، پیسی دەکەن و ئەمو نەسرینیش دەلەوتێننە گوناهو گومرایی بێ رەوشتی.. تەکانی دایە بەر خۆی، تا بە قسەی تارماییەکەی فەرەیدون بکات، تەنانەت گەردی پێڵاوەکانی خۆی و نەسرینیش کۆکاتەوە لەو نیمچە ژوورەدا جێیان نەهێڵێ، نەوەکێ بە پیسی ئەوانەوە پیس بن، کەچی نەبزوا. تارماییەکەی فەرەیدون گۆرا، هەر فەرەیدون بوو، بەڵام فەرەیدونە هێمنەکەی چەند ساڵێ لەمەوبەر کە زۆر جار بە ئەحمەدی وتبوو:

(- بە رووکەشی شتەکان مەخەڵەتێ، ناوو جێو پایە پیاو ناگۆرێ، با باوکی هیام لە ناو خەڵکیدا خۆ لە کەشیدە بئاڵێنێ، لەشەوانی رەمەزان لە مزگەوتدا ڕۆژ بکاتەوە، ئەم کارە مەعدەنەکەی ناگۆڕێ. پێم وانیە خۆیشی پێکەنینی بە خۆی نەیێت گەر رووتەڵەیێکی وەکێ من بچێتە داخوازی کچەکەی لەبەر خاتری خوا تێر شەقی نەکات!)

ئەحمەد بە بزەیێکی گاڵتە ئامێزەوە دەروونی خۆی بە چەند وشەیێکێ لاواندەوە

ئافەرین فەرەیدون ئێستایش با مچە خۆی لە نێو فیشەکدا نوقم کردبێ. بەرگی پێشمەرگەیشی پۆشی بێ، با لەشەڕی مەردایەتیشدا

بریندار بووبێ.. سەرئەنجام ، چی؟ کێ دەڵێ بۆ سووکە بەرژەوەندییەکی خۆی میللەت و شۆڕش بە پولێ نافرۆشێ، هەر لەبەر خاتری سووکە ئالۆشێکی شەهوەت بزوێن، بیروباوەڕ تێرشەق ناکات!

ئەم سووکە بەراوردە ، بە تیژرەوی بە مێشکیدا گوزەری کرد. بە دیقەتەوە سەرنجێکی پڕ مانای مچەو هیامی‌دا ، گەلێ دڵی بەو چەک و فیشەکانەی قەدیان سووتا ، جڵەوی بۆ قسەکانی ناخی خۆی شل کرد:

دە سەیر .. بە قەدی کێوەن.. ئاخر هیام .. هەی حەیشەری، سبەینێ حاڵی مچە ، لە فەرەیدون چاکتر نابێ، خوا دەزانێ بەکێی دیی دەگۆڕییەوە ، دوور نیە قەناعەت بە خۆت بێنی و بڵێی مچە بۆیاغەکەی کاڵ بووەتەوە ، پاژنەشی بەرزە ، ئێستایش مۆدیلی پاژنە نزمە ئێدی وەک پێلاو بە کورێکی کورتە باڵای بگۆڕی، پاشانیش، پاش هەندێ تێربوون یان تام کردن، کورەش بە جزمەیێکی تەنکە ئەستووری تێکسمراو، جزمەیش بە نەعلێکی باریکەڵەی دەم و لوت باریک، نەعلیش بە قاپ قاپێکی خرەی ورگن.. خۆ ئەم جل و بەرگە خاکییەش زۆر شتت بۆ دەپۆشێ، ڕێی گومانیش دەگرێ، تەنانەت نێچیرەکانیش زمانیان هەڵنایێ باسی... بکەن، جلە خاکی و فیشەکدا نەکەت پۆشیویەتی. خۆ ئەم پۆشاکە تا سێ چوار مانگێ لەمەوبەریش زۆر شتی پۆشیبوو، دز لەبەری دەکرد، دەبووە خاوەن ماڵ، خوێری و میللەت فرۆش و ئینتیهازی لەبەری دەکرد دەبووە ئازاو قارەمان و تێکۆشەرو شۆرشچی! ڕۆژگارەو خۆی دووبارە دەکاتەوە ، دە فەرموو ئەمە بناغەو کاکڵەت بێ. خۆ من زوو بە فەرەیدونم وتبوو:



- ئاخر فەرەیدوون، پێم وایە خۆشت دەزانی بە دووی کڵاوی بابردوودا کەوتوویت.

کەچی خەریک بوو لێم عاجز بێت.. بە لالوتەوە پێی وتم:

- چاوەڕێی ئەمەم لێنەدەکردی.

من پێم وت:

- ببورە هیچ ڕۆشناییێک بەدی ناکەم.

جوابی دامەوە.

- ڕۆشناییەکە لە دڵی مندایە

پێم وت:

- من نایبینم..

وامزانی لێم تێدەگات و حاڵی دەبێ مەبەستم چییەن کەچی بە پێچ و پەنا خۆی لێم کردە فەرهادو هیامیشی لێ کردمە شیرین، وەک عاشقێکی بەتەجرەبەپێی وتم:

- ڕاست دەکەی تۆ نایبینی.. من دەیبینم.. ئا من دەیبینم.. چاوەکانی هیام ڕاستە ریم بۆ ڕۆشن دەکاتەوە ، ژیانی لا خۆشەویست کردووم و..

خۆ ئەگەر قسەکەم پێ نەبریبا دوور نەبوو (بیشیعراندبا) بۆ ئەوەی زیاتر لە مەبەستم تێبگات پێم وت:

- فەرەیدون تۆ کورە هەژاریت.

کەچی خەریکێ بوو وەکێ فیشەکە شێتە بتەقێ بە روما و بە تورەییەوە پێی وتم:

- ئەرێ تۆ، چەند جارە ئەم قەوانە دووبارە دەکەیتەوە؟

خۆیشی دەیزانی من مەبەستم بریندار کردنی نەبوو، کەچی هەر چاوەڕێی ئەوەشی دەکرد داوای لێبوردنی لێبکەم، بۆیە وتم:

- فەرە گیان ببورە مەبەستم ئەوە نەبوو هەستت بریندار بکەم.

پێم وابوو ئیدی ئەم داوای لێبوردنەی من کۆتایی بە قسەکانمان دێنێ کەچی موحازەرەیێکی ساردو سری پیاکێشام.

- دەزانم مەبەستت ئەوە نەبوو.. بەڵام دەزانی شتێکی گەورەتر هەیەو تۆ نایزانی، ئەویش ئەوەیە من هەژار نیم، بە قەد هەموو دنیا خۆشەویستیم لەدڵدایە، ئامانجم هەیە، گیانی رووبەروو بوونەوەو خوێنی نەبەزینم هەیە..

پێم وت: برا تۆ قسەکە بۆ لایێکی دی دەبەیت.

سەیر ئەوە بوو بە کەوجی زانیم، پێی وتم:

جا چی بکەم تۆ هەموو لایەکان بەیەکەوە گرێ نادەیت، هەر لە گۆشەیێکەوە سەرنجی تاقە لایێکێ دەدەیت، هەر بە پێی ئەو سەرنجەشت هەڵیدەسەنگێنی.. ئەحمەد گەر تۆ نەبی، هەر کەسێکی دی پێم بڵێ هەژاریت ئەوا پێی دەڵێم راست دەکەی و نانی شێوم نیە، پێم سەیرە تۆ دەمناسیت و ئەم قسەیەش دەکەیت و دووبارەشی دەکەیتەوە! من خۆشەویستی و ئومێدم هەیە!.



بەڵێ فەرەیدون ئەوەتا خۆشەویستی و ئومێدەکەت .. من زۆرم وت و کەمت بیست، خۆزیا لە کونێکەوە چاوت پێوە دەبوو بزانە بێ تۆ چەن گەش و جوانترە، فەرە!

فەرەیدون کوڕی خۆی بوو، خۆی خۆی پێگەیاندبوو لە قوتابخانە زیرەکێ، لەخوێندنەوەی دی کەم کتێبی نوێی لەبەردەست دەردەچوو، خویەکی سەیری هەبوو، لە یەکێ کاتدا خۆی زۆر خۆشدەویست، رقێکی زۆریشی لەخۆی دەبووەوە، کە خۆی ۆشدەویست سەبارەت بەوە بوو، هەرچی شتێ پاکێ و بێگەردە، هەرچی شتێ پوختە لە دڵە چکۆڵەکەیدا کۆبکاتەوە، رق لە خۆبوونەکەشی سەبارەت بەوە بوو، هەندێ پۆخڵی و نەگریسی نەریتی کۆن، هەندێ خڵتەی ترس کە لە ئەنجامی پەروەردەی نادروستەوە لە ناخیا بنی نابووەوە، هەندێکیش پڕوپوچی بەشێکی دیی دڵە چکۆڵەکەی داگیرکردبوو..ئەم دوو کۆی خۆشەویستی ورقە هەمیشە لە نیو ئەو دڵە چکۆڵەیەدا لە جەنگدابوون. ئەگەر چی ئەم شتانەی ببوونە مایەی سەرزەنشتی ئەحمەد، بەڵام فەرەیدون کەمتر شتە پۆخڵەکانی خۆی دەسەلماند، ئەحمەدیش شەرمی لێدەکرد، شەرمیشی لە خۆی دەکرد کە هەندەی فەرەیدون شارەزاو زیرەکێ نیە، بەڵام لە هەندێ بواری دیدا، کە هەردووکیان ئەوەیان دەسەلماند ئەحمەد شارەزاترە، بێدەربەست ترە، نەترسەو بە عەقڵیشەوە ناترسێ، بە زاتەو بوێرە، وەکێ سەرئەنجام هەموو کارێکی بەلاوە ئاسان بوو.. چونکە دەیوت: مادامێ هەوڵی بۆ دەدەم و خۆمی لێ نادزمەوە، ئاسانە،

فەرەیدون لەم ڕووەوە گەلێ بەڕێزەوە سەرنجی ئەحمەدی دەدا، تا جارێکیان خۆی پێنەگیراو پێی وت:

- خۆزیا منیش وەکو تۆ دەبووم، هەرگیز دڵگیر نەبوومایە لەوەی کە بەدکاریم بەرانبەر دەکرێ، تەنها لەوە دڵگیربام کە خۆم بەرانبەر بەکەسانی دی بەدکاریبکەم.. خۆزیام بە خۆت، کەتوانیووتە ئاوها خۆت رام بکەیت، بریا منیش دەمتوانی تۆ ئاسا چێژ لە ناهەموارییەکانی ژیان وەرگرم.

ئەحمەد لەو سەردەمە کە لە شانەکەی فەرەیدون دا بوو، کەمتر لەم قسە زلانەی فەرەیدون دەگەیشت، چونکە فەرەیدون وەزع و حاڵێکی دیی هەبوو لە نێو کتێبەکانی باوکیا هەندەی نەمابوو چاوە شینە جوانەکانی خۆی لە دەست بدات. باوکی موعەلیم بووو معاش خۆر، بەڵام لەبەر کتێب کڕین ژیانیان چ لە ژیانی ئەحمەد چاکتر نەبوو.. چ کەسێکیش هەندەی خەجێ لە فەرەیدون حاڵی نەدەبوو، هەر بە زمانی ئەحمەدەوە، فەرەیدونیش پێی دەوت، دایکە .. خەجێ ئومێدی بەدوا شانەکانی مێشکی فەرەیدون دەبەخشی، هانی دەدا بە هیچ جۆرێ کۆڵ نەدات.

فەرەیدون دەیزانی قسەکانی خەجێ، شیلەی تاقیکردنەوەیەکی خەستەو دەزانێ چۆن و کەی و بۆ قسان دەکات، رستە کورتەکانی چ دەگەیێنێ، سەبرو تەحەمول و گەشبینیەکەی چ سەنگەرێکی سەختە، زۆر جار پەنای بۆ دەبرد، جارێکیان لە ئەوپەڕی بێ ئومێدیەوە چووە لای:



- دایکە.. وا هەست دەکەم، ئاسنی سارد دەکوتم، خەوو خۆراکم نییە ناتوانم بیرم لەسەر هیچ شتێکدا کۆکەمەوە، گێژو کاس بووم. لە ماڵێدا باوکم لێم توڕەیە، هەمیشە بە تەوسەوە پێم دەڵێ: بەقەد بەرەکەی باوکت پێ ڕاکێشە دایکیشم زۆر سەرزەنشتم دەکات، گەلێ جاریش دەیکاتە شاتە شات: داخەکەی لە باوکم بە من دەڕێژێ و دەڵێ: گەر نەمدیبا باوکت.. خەریکە بگەمە ئەو قەناعەتەی کە شایستەی تانەو توانجم، پێم وایە بەهۆی منەوە تووشی دەردە سەری دەبن.. خەریکە دوژمنایەتی لەگەڵ سۆزی خۆمدا دەکەم، هەموو شەوێ بڕیار دەدەم، بەیانیش پەشیمان دەبمەوە، وام لێهاتووە بڕیار بدەم ئیدی چ بڕیارێ نەدەم چیدی بیرنەکەمەوە، حەز دەکەم کەڕ و لاڵ بم، دەنگم نەگاتە چ کەسێ، گەر بشگا چ کەسێ گوێم لێناگرێ، نازانم سەرم لێتێکچووە.

- جارێ چ شتێ بووە..؟
- نەخێر .. دایکە.. پێشبینی زۆر شت دەکەم.
- وەکێ چی؟
- دەترسم نەمدەنێ.
- ئەمەیان ترسی ناوێ.. دەبێ زۆر چاک بزانی کە ناتدەتێو..
- باشە چار؟
- خۆت بیری لێکەوە، خۆت لە نێو باسەکەدای.
- ئەی ئەوە نییە، دەڵێم گێژو کاسم...

- خۆت وات لە خۆ کردووە.. هێشتا..
- هێشتا چی.
- مناڵی.
- مناڵ .. خۆ لەگەڵ ئەحمەدا ئەگەر یەک تەمەن نەبین، فەرقێکی ئەوتۆمان نییە..
- ئەو جیایە.
- چۆن؟
- بێدەنگ بوو.
- یانی باوەرت بە من نییە؟
- با ... بەڵام.
- چی؟
- ساڵێکیان هەر لەم قەڵای کەرکوکەدا کورە کوردیکی هەژار حەز لە کچە دەوڵەمەندێ دەکات کچەش گەلێ دڵی بەکورەوە دەبێ.. کورە پێش وەخت دەیزانی نایدەنێ، بە قەدری خۆیەوە دانیشت، کچەیان دایە کورە دەوڵەمەندێ، تازە زاوا نەخۆش کەوت گورچیلەکانی رزان، دەبا کەسێ گورچیلەییێکی خۆی بداتێ، کورەی هەژار، لەبەر خاتری خۆشەویستیەکەی خۆی، گورچیلەییێکی بە مێردی دڵدارەکەی بەخشی ... ساڵی بەسەر نەگەڕایەوە بەستە زمانە، لەبەر هەژاریی، برینەکەی هەوی کردمرد، ئەوانەی بە دیاریەوە بوون دەیانووت، لەسەرە مەرگدا



پێدەکەنی، مردنەکەی بە بەختەوەری دەزانی پاش یەکدوو مانگ کچەش دڵی وەستاو مرد دەزانی زۆربەی خەڵکەکە چییان دەووت:

- ها..
- دەیانووت : دەکرا وای لێ نەیە.. کورە گەر ئازا با ، ئەوا...

(فەرە) گوێگرە بەر لە هەموو شتێ دەبێ دڵنیا بیت، هیام تۆی خۆشدەوێ یا نە.. پاشانیش سەبرت هەبێ و تەحەمول بکە، جارێ چ نەبووە دنیات لە خۆت کردووە بە چاتۆڵ، تۆ جارێ بزانە چ دەبێ ، ئەوسا وەخۆ کەوە..

- وەخۆ کەوم چ بکەم، چم لە دەست دێت.
- ئازا بە! بڕیار بدە!
- یانی..
- پیاوانە.. ئازابە.

لە هەموو قسەکانی خەجێ گەیشت، زانی چی مەبەستە، خۆی لە مەڵاس نا، هەموو ڕۆژێ خۆی هاندەدا، ئازابە.. فەرە ئازابە.. تاقە سەرمایەم ئازایەتییە..

فەرەیدون، بڕیاری خۆی دابوو، چاوەڕێی پێشهاتی دەکرد، تا خۆی وەتەنی:

- چ دەبێ بابێ!

❊

ئەحمەد گاه سەرنجی نەسرین و هیوای دەدا، گاه سەرنجی هیام و مچە، بێدەنگی نێوانیشیان خەست تر دەبووەوە، هەریەک لە مانیش دەیویست ئەو بێدەنگییە قورسە ببەزێنێ و بیرەوێنێتەوە ئەحمەد بە مەبەستەوە ناوی فەرەیدونی هێنا. بەر لەناو هێنانی لە دڵی خۆیدا وتی:

( - چ دەبێ با ببێ.)

ناو هێنانی فەرەیدون وەک ئەوەی بەردێ بهاوێتە گۆمێکی مەنگ و بیشڵەقێنی، هەر هەموو جوڵەیان تێکەوت، سەرەتا دوو هێڵی سەرنجی نەسرین و ئەحمەد رووەو هیام چوو، سەرنجەکانیان کێشایەوە، سەیری یەکدییان کرد، ئەوجا رووەو چاوەکانی مچەیان نارد، مچەش وەک ئەوەی لە تاریکیدا بێو چاوانی بەر ڕۆشناییێکی بەتین کەوێ، یەکدوو جار چاوانی خۆی تروکاند، چەند ساتێکی بێدەنگ تێکەڵ بە چەندین گومان و پرسیاری جۆراوجۆر دەستی بەسەرا گرتن، مچە پاش ئەوەی یەکدوو جار تفی قوت دا بە دەنگێکی هەندێ کرخەوە وتی:

- بۆ نازانن؟

ئەحمەدو نەسرین بەیەکەوە وتیان:

- چی بووە؟

مچە بە سەرسوورمانەوە وتی:

- وامزانی دەزانن.

دووبارە هەردوکیان بەیەک دەنگ وتیان:

- هیچ بووە؟



مچە بەکەساسییەوە وتی:

- تا ئێستا هیچ سەرو سۆراخێکی نیە.

ئەحمەد، بەبێ حەوسەڵەییەوە. بە پەلەو لەسەریەک وتی:

- بۆ خێرە.. چ بووە؟

- حیکایەتێکی دوورو درێژە!

- خۆ نابێ ئیعترافیان لەسەر کردبێ.. خۆ فەرەیدون گەلێ وریا بوو، نەیدەهێشت دەستی راستی بزانێ دەستی چەپی چ دەکات.

- ڕاستە بەڵام...

بە پەلە قسەکەی مچەی بڕی.

- بەڵام چی؟

- تووشیان کرد.

- چی؟

- دەڵێم تووشیان کرد!

- کێ؟

تا ئەم کاتە هیام کاس بوو، لە پڕ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، چاوەکانی بە زەقی لە ئاستی دیمەنە شپرزەکەی ئەحمەدو مچەدا دەدا وەستابوون مچە سوور هەڵگەڕابوو. ڕەنگێ زەردییەکەی هیام و سووربوونەوەکەی مچە، ئەحمەدی لە دنیای گومانەوە بەرەو قەناعەت برد.

(- تەنها ناوی فەرەیدونم هێنا ئاوهایان لێهات، خۆ ئێستا — گەر — فەرەیدون ببینن حەتما زارە تەرەک دەبن... نەخێر باوەڕ ناکەم، بێ

ئابروون هەر دەربەست نایین، رەنگە بڵێین: کاکە فەرەیدون، ڕۆژگارێکی سەخت و زروفیش...

بە پەلە رێی لەم خۆدواندنەی خۆی گرت بۆ ئەوەی زووتر خەبەرەکە بزانێ وتی:

- باشە چی بەسەرهات.

مچە بەهەمان کەساسییەوە وتی:

- کەس نازانێت.

- چۆن؟

- مانگێ بوو شەڕ دەستی پێکردبوو، لە پڕ شەوێک بردیان و...

- وابێ ساڵ زیاترە؟

- بەڵێ .. زیاترە... نازانم رەنگە ئێستایش مابێ..

- دڵم وا دەڵێ دوا وشەی مچە گەلێ کاری لە ئەحمەد کرد، دەیویست پێی بڵێ: هەی ناپیاو بۆ تۆ دڵت هەیە خۆی گرت، بۆ زیاتر زانین مچەی بەپرسیار گەمارو دا.

- لەسەر چی؟

- خوا دەزانێ چییان بۆ دروست کردووە

- یانی چی؟

- بۆ ئەم حکومەتە ناناسی.

- با .. بەس..

- ئیخباری یەکەی قورس بوو.



- کێ ئیخباری کرد؟

- هەر کێ زۆرە.

هیام خۆی پێنەگیرا، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە خۆی هەڵقورتاندە نێو قسەکانیان.

- باوکم ئیخباری کرد.. هەزار درۆو دەلەسەیشی بۆ دروست کرد.

دەنگی هیام تیر ئاسا دڵی ئەحمەدی پێکا.. لەبەر خۆیەوە وتی: (دە سەیری ئەم بێ ئابرووەکە، دیفاعیشی لێدەکات، دیارە دەیەوێ لەسەر حیسابی دیفاع لە فەرەیدون کردن دیفاع بۆ بەدکارییەکەی خۆیشی بکات، رەنگە بیەوێ بڵێ: فەرەیدون گیرا، منیش ناوم لەناو خەڵکیدا بە کورە کوردێکەوە زرا.. گەر لە نەسرین شەرم نەکات رەنگە بڵێ مادامێ من ناوم بە کورە کوردێکەوە زرا، با فەرەیدون نەبێ مچە بێ..

ئەحمەد هەندێ خێسەی لە هیام کردو وتی:

- جا تۆ چووزانی باوکت ئیخباری کردووە؟

- باوکم خۆی باسی کرد.. خۆی وتی، بزانن چیتری بەسەر دەهێنم.

ئەحمەد نەیویست بپرسێ بۆ .. تەنها بەسەرنجێکی تێکەڵ بووی غەزەبی پەنگاوەی دەروونی سەراپای هیامی پێچایەوە.. هیامیش بە لالە پەتێییەوە وتی:

- چاکتر باوکم ئیخباری کرد، شتێکی تری نەکرد دەنا..

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا، هەنیسکێکی گریاناوی بواری نەدا.

ئەحمەد لەبەر خۆیەوە قسەکەی بۆ تەواو کرد (دەنا کاریکم بەسەر دەهێنا، خۆزیای بە حەپس بخواستایە، هەر لەبەر چاوی خۆی هەرزان فرۆشم دەکرد،)

هیام لەگەڵ هەناسەییکی ئاگریندا وشەی (دەیانکوشت)ی دەرپەڕان.

ئەحمەد بە خێسەیێکی ئەوتۆ سەرنجی هیامی دا، هەر ئەوە بوو هەڵینەدەلووشی لەبەر خۆیەوە وتی:

( - دیارە دڵگیرە لەوەی نەیانکوشتووە )

مچەش، وەکێ ئەوەی ناچار بێ قسان بکات، خۆی هاویشتە نێو باسەکەوە، بەڵام بە شێوەییکی دی، وەکێ ئەوەی چنکێ لە ناخی خۆی گیرکات، بە زۆر وشە نووستوەکانی ناخی ڕیشەکێش بکات.

- فەرەیدون بێکەس بوو.

ئەحمەد بە غەزەبەوە رووی لە مچە کرد پڕ بە دڵ حەزی دەکرد پێی بڵێ:

ئەڵبەتە .. بۆیە وا جەنابیشت پێی وێرایت و قوڕەکەت بۆ خەست تر کرد... خوا ئەکات پیاو گڵۆڵەی بکەوێتە لێژی ... مچە بە کزییەوە خۆدواندنەکەی ئەحمەدی قرتاند...

- دەنا وای بەسەر نەدەهات!

- هیام بۆ پشتگیری لە قسەکانی مچە یەکێ دووجار لەسەریەکێ وتی:

- باوکم بێویژدان و زاڵم بوو.



ئەحمەد لە داخاندا تاڵ تاڵ سمێڵەکەی لە بەینی دگانەکانی دەقرتاند، بە لوت هەناسەییکی لە چەشنی پرمە دەرپەڕاند، لەبەر خۆیەوە وتی:

(هێشتا لە تۆ بێویژدان و زاڵمترە..؟ کێ بە کێ دەڵێ بێ ویژدان .. تف لە رەسەنت هەی نارەسەنی بێ ئابروو.. دەمی چەند گەرمە .. دەیەوێ منیش باوەر بەوە بێنم ، باوکی زاڵمی، زوڵمە لە فەرەیدون و ئەمیش کردووە.. ئەم گوناهە، ناچار بووە بۆ ئەوەی بژی! ئەم کارەی کردووە. تف هەی، ئێستا چش لە مچە وا لە داوی ناوە، خۆ مچەش بێبەری نییە لەم سەگبابییە.. چش لە هیام و مچەو باوباپیریان، قوربەسەرییەکە بۆ منە من جارێ یەکەم چ لە دوژمنی خوینە خۆرەم کەمتر نین.. چاکترین براو هاوڕێمتان خوا دەزانێ بە چ تەفرەییێک سەرنگون کرد، ئێستایش ناچارم ئەمرۆ لەگەڵ ئێوەی شۆڕشگێڕ — هەی قوڕ بەسەر شۆڕش — لە یەکێ سەنگەردا بم.. ئای لەم سەنگەرەو وای لە جێنیشینانی! جا چ دەسەڵاتێکم هەیە؟ لێرەدا دەبێ هاوڕێیەتیان قەبووڵ بکەم، نەسرینیش ناچارە ببێتە هاوڕێی هیام.. جا وەرە پریشکی ئەم دوو ئاگرەت بەرنەکەوێ .. وەرە ببە بە هاوڕێ و هاوسەنگەری مچەی خاین، هاوڕێ فرۆش، نێو لنگی ئافرەتێکی لە فەرەیدون و رەوشت و کورد پێ گەورەتر بووە، نەسرینیش ببێتە هاوڕێی هیامی مۆدیل بازو.. نازانم چ ناوێکی دیت لێنێم هەی.. جا وەرە بە حیسابێکیش مچە ببێتە ئاگرو دوژمن بسووتێنێ! ئەمەش لەبری ئەوەی دوا گەردو لەکەی نەفامی

خۆهەڵوەرێنن کەچی لەکەی خیانەتی کەسانی دی یەخەت بگرێ و ناوچووانت رەش کات..

هیام بێزار بوو لەم گفتوگۆ پچڕ پچڕەی نێوانیان، نەسرین خۆی وا نواند مەبەستی بیستنی نییەن ، بە دەنگێکی بیستراو هیوای دەدواندو خنە خنی پێدەکرد، ئەوانی دی وایاندەزانی ئەم خنە خن پێکردن و دواندنەی هیوا (پارەزێتە) و دەیانشێوێنێ، نە مچەو هیام لە روویان دەهات بێزاری خۆیان دەربڕن، نە ئەحمەدیش رێی بەخۆی دەدا بە نەسرین بڵێ (لێی گەرە)!

هیام پاش یەکدوو سەرنجی خێرای ئەملاو ئەولای جڵەوی سۆزی خۆی شل کرد، هەڵچوو بە دەمارگیرییەوە وتی:

- باوکم لە باوکێ نەدەچوو، هەر ئینسانیەتی نەبوو، درندەییێکی جانەوەر بوو، پارەپەرست، کینە لە دڵ، نەفامی بەرچاو لێڵ، بە ناوە تورکمان پەرست، کەچی بە دیناریێ نەکێ تورکمان، بەڵکو هەموو ئینسان و ئینسانینیەتی دەفرۆشت، خۆی دەفرۆشت، ئەو باوکە کۆنەپەرستەم، بێبارو کەللە رەق بوو، هەر بۆ ئەوەی بڵێین خاوەن قسەی خۆیەتی و کەسێکەیەکێ قسە دەکات تووشی ئەم دەردەی کردین!

- ئەم جنێو و وەسفانەی هیام، خۆی ئاسا دەپرژانە سەر برینە تازە بە سوێکانی ئەحمەدو کزەی لە جەرگی هەڵدەساند. لەگەڵ هەر جنێوێکی هیامدا ، ئەحمەد خۆی لە نێو تەرازووی بەراوردا دەبینی و ناخی خۆی دەکردە داوەر:



(- باشە، ئەی تۆ لە ئافرەت دەچی! باوەڕ ناکەم ئینسانیش بیت، درندەی خۆپەرست، چاکێ نییە باوکت کینە لە دڵ بووە، یانی دڵی هەبووە، خۆ تۆ هەر دڵت نییە، باوکت بەرچاو لێڵ بووە، تۆیش جگە لە خۆت و ئاڵۆشت چی دیت نەدەبینی، باوکت نەفام بووە، خۆ تۆ فامیدەو خوێنەوار بوویت وا ئەمەت کردووە، خۆ ئەگەر نەفام بای دەرپێکەت دەخستە سەرشان! باوکت کۆنەپەرست و کەللە رەق، تۆیش مۆدیل پەرست و دۆخین شل... سەیرە ئەم تفەنگێ و سەنگەرەش بە دەرد دەزانێ، جا وەرە مەتەقێ، دیارە پێی وابووە ئێرە هەر پەناگایە و جێی دەسلەملان و..)

مچە سەری داخستبوو، خەمێکی لە ئەندازە بەدەر بەسەرو سیمایەوە دیاربوو، ئەحمەد پێی وابوو لەبەر خەجاڵەتی ناتوانێ سەربەرزکاتەوە.

( - شەرمیش دەکات.. جا پاش چی، لە کێ شەرم دەکەی؟ من و نەسرین؟ جا تۆیێ شەرمت لە خۆت نەکردبێ چ پێویست دەکات شەرم لە ئێمە بکەیت..)

ئەحمەد پڕ بە دڵ حەزی دەکرد بە مچە بڵێ:

دەی شەرمیناوێ، شەرم شەفاعەتت بۆ ناکات پیاو بەو پیاوانە بڵێ: ئەوەی بووە، کردوومە و برایەوە

هیام لە دڵدا، گەلێکی پێناخۆش بوو، کە ئەحمەدو نەسرین بێدەنگن، هیچ تێکەڵی قسەکانیان نابن، هەر بۆ ئەوەی بیانهێنێتەوە قسە، بە مەبەستی ئەوەی پرسیار بەدوای ئەم قسەیەیدا راکێشێت، وتی:

- ئەگەر باوکم یەکێ زەرە شەرەفی هەبا وای بە من نەدەکرد!

بزەیێکی کاڵ نیشتە سەر لێوانی ئەحمەد، بە لاچاوەوە سەرنجێکی گرتە نەسرین، ئەویش لە هەمان کاتدا و بەهەمان بزە سەرنجی ئەحمەدی دەدا، بۆ ساتە وەختێ سەیری یەکدییان کرد، بزەکانیان بووە زەردەخەنە هەردوو بە یەکێ دەنگێ و مەبەستەوە وتیان:

- دنیایە.

هیچی تریان نەوت، ئەحمەد سەری داخست بەرەو ناخی خۆی چووەوە:

(- کێ باسی شەرەف دەکات؟ مەریەم مەریەم .. شەرەفی لێدەبارێ

کە کەس چ پرسیارێکی لە هیام نەکرد، گەلێ قەڵس بوو، دانی بە خۆیدا گرت، بە نیازی ئەوەی ئەگەر سووکە پرسیارێکیش بکەن، ئیدی ئەم جوابی زۆر پرسیاری نەپرسراو دەداتەوە، وتی:

- بێویژدان بوو، گەلێ درۆو دەلەسەی بۆ ئەو قور بەسەرە دروست کرد.

بەم قسەیە، ئەحمەد هەند قەڵس بوو، حەزی دەکرد بە سەریا بنەڕێنێ و بڵێ:



بێحەیا! ئەی ئەمەی تۆ دەیڵێی درۆ و دەلەسە نین کەچی هیچی نەوت، تووڕەبوونە بێدەنگەکەی خۆی بە بێدەنگییەکی خەست تر لاواندەوە.

( - ئا ... ئەوە وتمان باوکت درۆزن و بێ ویژدانە.. هەرچییەکە خۆ تۆ ئاسا شەهوەت پەرست نییە، دڵی نەکردۆتە پێڵاو نەهاتووە لە پێناوی دامرکاندنەوەی ئاڵۆشی، سەنگەریش پیس بکات. ئەوا وتمان مچەش هیچ، خۆ تۆ هەوێنی نۆ قازان شیریت.. مەگەر سبەینێ ئەو خوایە بزانێ، دەبیتە مایەی چ بەزم و فەرتەنەیێکێ .. رەنگە هەزار تانەو توانجمان تێگرن، خۆ کەسێ ناڵێ ئەمانە بەرگری دەکەن.. دەڵێن قەحبە خانەیە! بڕۆ تێپەڕبە، جا وەرە....)

- هیام، خەریکێ بوو دیق بکات، هەر کە دەیبینی مچە غەمی لە رادە بەدەر گۆدی کردووەو رەنگی پێبواردووە، ئەحمەدو نەسرینیش بێدەنگن و جگە لە بزەو جارجارێکیش زەردەخەنە، هەر هیچ ناڵێن، هیام وروژابوو قسان بکات، بە دەنگێکی هەندێ نزمی رق ئامێزەوە وتی:

- ئەوجا باوکم بۆ هەراج کردنی من کەوتە بازارەوە.

ئەحمەد سەرنجێکی تەوس ئامێزی گرتە هیام و لەبەر خۆیەوە وتی:

(- باوکت تۆی هەراج کردووە؟ تف لە رەسەنت، بێ حەیا، خۆت بازاری جامبازیت بۆ ئارەزووەکانت سازدا..)

ئەحمەد دەیویست لە دڵی خۆیدا جنێوی روت و قورستری بداتێ، کەچی هیام دەنگی زیاتر نزم کردەوە، ئەحمەد ناچار بوو قسەکانی دڵی خۆی بقرتێنێ و چاکتر گوێ هەڵخا، هیام وەک ئەوەی داوایان لێکردبێ قسەکەی دووبارە بکاتەوە ..وتی:

- دەڵێم هەراجی کردم.. مەرجی قورسیشی هەبوو.

ئەحمەد پەست تر بوو لە دڵی خۆیدا وتی:

(- وامزانی لە بنی کولەکەکە دەدات.. کەچی هەر سووره لەسەر ئەوەی پاکانە بۆ خۆی بێنێتەوە. کچێ تۆ ... چاکە باوکت مەرجی قورسی هەبووە.. بەڵام تۆ هەی .. هەر کەسێ هینی هەبێ و بتوانێ...)

هیام کەمتر ماوەی خستە نێوان قسەی پێشووی وئەم قسەیەی

- دەبا بە شاهیدی هەموو خزمان، خوێری ترین کەس بێت!

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا، هەندێ تفی قوت دا فرسەتێکی چاک بوو بۆ ئەحمەد تا بە خۆی بڵێ:

( - لە خۆت خوێڕی تریش)

هیام سەری داخست، وەک ئەوەی زۆر ناچار بێ قسەیێکی نابەجێ بکات، وتی:

- کە لەو خوێڕی تریان بەرچاو نەکەوتبێ.

هەر بەسەرداخستنەوە، سەیرێکی مچەی کرد، مچەش هەر وەک ئەوەی گوێی لە هیچ شتێک نەبووبێ لە دنیایێکی دیدا بوو، وەک کەسێکی حۆل و گەوج دەکەوتە بەرچاو، سەیرکردنەکەی هیام بۆ مچە



درێژەی کێشا، ئەحمەد بە رقەوە سەرنجی هەردووکیانی دەدا، ئەم قسەیەی هیام لە هەموو قسەکانی پێشووتری زیاتر ئەحمەدی هەژان، دەتووت، لەسەر پشکۆ دانیشتووە، لە جێیەکەی خۆی هەندێ جوولایەوەو پاڵی دایە لا دیوارەوە، نەرمە کۆکەی دەکرد، بەرقێکی لە رادە بەدەر هەناسەی هەڵدەکێشا و بە توندی دەستی بە سمێڵی خۆیدا دەهێنا، بە دگان تەڵ تەڵ مووەکانی دەقرتاند، یەک دوو جار لەبەر خۆیەوە وتی:

(- ئافەرین مچە ئافەرین وات لێهات!)

بێ ئەوەی هیام سەرنج لەسەر رووخسارە مات و بێدەنگەکەی مچە لابدات وتی:

- بکەنە مێردم.

حەزێکی کوت و پڕ ئەحمەدی شڵەژاند، حەزێ بوو دەیویست بە هەر جۆرێ بێت وەدی بێنێت، ئەویش ئەوەبوو هیام سەرنج لەسەر مچە لابدات و سەربەرزبکاتەوە، تا ئەمیش چاو ببرێتە ناو چاوی، بە هەموو رقی پەنگاوەی خۆیەوە، رووی تێبکات و داخی دڵی خۆی پێدەرکات، هەر بۆیە یەکدوو جار وتی:

- ئێ .. ئێ.

هیام خۆی تێک نەدا، بەوردی یەکی زیاترەوە سەیری مچەی دەکرد، ئەحمەد دووبارەی کردەوە:

- ئێ.

دیار بوو نەسرینیش چاوەڕێی قسەی دیی لە هیام دەکرد، بۆ ئەوەی دانەبرین، رووی لە ئەحمەد کرد:

- پەلە مەکە.. ئێ با بزانین!

مەبەستەکەی نەهاتە دی، دیسان خەمە توورەکانی ناخی خۆی بە بێدەنگیەوە دواند:

(- شەرم دەکات سەربەرزکاتەوە.. بڵێ بۆ شەرم دەکەی؟ تۆ هەر ئەوەت دەویست مێرد بکەی، مێردت هەبێ.. هەی ... موسل کەمتر!)

نەیتوانی قسە بێدەنگەکانی خۆی تەواو بکات، تەواوێ پەشیمان بووەوە، بە خۆیدا هاتەوە، سەری داخست و بە شەرمەوە بەخۆی گوت:

(- کەی تۆ ئەوەندە بێسەروبەرو جنێو فرۆش بوویت؟ بۆ وابێ ئەدەب و بەدگومان بوویت.. ئەم حوکمە پەلەیەو ئەم توورەییەت لەچی؟.)

ئەگەر لەو کاتەدا هیام نەهاتبایەتە قسە، ڕەنگە ئەحمەد دادگاییکی ئەوتۆی بۆ خۆی سازدابا، سەرئەنجامیش بەوە بشکایەتەوە، یەکدوو تفی خەستی لە خۆی کردبا، دەنگە کزو خم ئامێزەکەی هیام، ئەحمەدی لە کۆڵ ئەم کارە کردەوەو هێنایەوە سەرخۆ.

- ئەویش هەر تەنها لەبەر ئەوەی دڵداریم کردووە.

ئەحمەد بە سەرنجێکی پڕ ماناوە نەسرینی پێچایەوە، نەسرینیش بە بزەیێک سەرنجەکەی گرتەوە ئەحمەد لەبەر خۆیەوە وتی:

(- جا ئەوەی تۆ کردووتە، دڵداری بووە یا دڵبازی؟)



هێشتا پاشماوەی بزەکەی نەسرین نەرەوی بووەوە، هیام بە پێکەنینەوەو بە دەنگێکی تێکەڵ بە گاڵتەو تەوس وتی:

- باوکم دەیووت: چۆن دەبێ کچی من دڵداری بکات!

ئەحمەد پیشی خواردەوە، هیام هەر بە پێکەنینەوە بەردەوام بوو:

- لەگەڵ کێشدا (کوردلر یتمچەلر، دیلانجلر.

ئەحمەد خەریکێ بوو بڵێ باوکت هەر کەر بووە (کەچی هیام هەر بە پێکەنینەوە گوتی:

- باوکم دەیووت، لە عائیلەی ئێمەدا تۆی هەی.. سەری ئێمەت شۆڕکردووە، ئیتر چۆن لەناو خاس و عامدا سەربەرزبکەینەوە، پێمان دەڵێن کچەکەتان .. ئاخر هەی کچی سەگ واللە وە بیلاهی وە تەللاهی کە هەرسێکی ناوی خوایە، دەبێ کارێکت پێبکەم سەد خۆزیات بە مردن بێ .. ئەوە منم من.. من کێم پێ دەڵێن، هەی .. وەللاهی خوێری و شەللاتیشم دەسنەکەوێ دەبێ بە هەزار دیناریشەوە بتدەم بە پیرەمێردیکی لێکەوتەی بێ... ئەحمەد لەبەر خۆیەوە گوتی:

(- خۆ لەم حاڵەت باشتر دەبوو، خۆ هیچ نەبا یەکدوو کەس دەیووت: ئافەرم هیام بۆ خۆت و شیرت.. هەڵویستی مەردانەت بەرەو ئەم دەردی سەریەی بردوویت.. نەک ئاوها دووبرای وەک مچەو فەرەیدون بکەیتە ناحەزو دوژمنییەکدی سبەینێش چەن برایێکی دی لە نێو لیستی ئاڵۆشیتدا تۆمار کەیت!)

- ئەحمەد حەزی دەکرد جڵەو بۆ قسەکانی خۆی شل کات، هەر هیچ نەبێ بۆ خۆی رقی خۆی دامرکێنێ، با کەسێکیش گوێی لەم قسانە نەبێ، کەچی قسەیێکی هیام مقەست ئاسا ناوقەدی ئەم خۆدواندنەی قرتاند:

- چەند جار ویستم خۆم بسووتێنم.

دوا بەدوای قسەکەی هیام، ئەحمەد لەسەر پێبوو، ئامادە بوو، قسە بێدەنگەکانی خۆی بکاتە قەڵغانێ و ڕێ بە قسەکانی هیام بگرێ و نەهێڵێ بەزەییی بجوڵێتەوە.

(- درۆ دەکەیت هەی.. بە نەوعێکی دی ئاگرت تێبەر ببوو، چ پێویستت بە ئاگر بوو بتسووتێنێ؟ خۆت ئاگربوویت، ئێستایش ئاگری، خوا رەحم بە مچەو ئەوجاش بە هاوڕێکانی ئێستای مچە بکات)

- گەلێ خوێری مرخیان لێخۆش کردبووم ناسیاو بوون.

- تۆیش مرخت خۆش کردبوو

- باوکم پێیان قایل نەبوو دەیووت: ئەمانە هێشتا دەرەجەیێک پیاوەتییان ماوە، ئەویش تورکمانن!

(- باوکت هەروا عونسری بووە).

- هەموو گەڕەکێ بەم باسەیان زانی.. بێسەروبەرەکان ناوی خوێڕیان هەڵدەدا..

(- درۆیە، شتی وا نەبووەو نابێ، چ باوکێ هەند ئەحمەقە ئاوها خۆی بێشەرەف بکات.. درۆیە .. درۆیەکی رووتە .. دیارە دەیەوێ بەم قسە لووسانە منیش بخەڵەتێنێ.)



- ئەم باسە بووە بنێشتە خۆشە.

(- خۆشت حەزت بەمە بوو.. تا زووتر شوو بکەیت)

- گەلێ خزم و ناسیاو تێکەوتن نەسیحەتی باوکمیان دەکرد.

(- حەتما ئەمەیانت پێناخۆش بووە)

- کەچی باوکم لە کەلی شەیتان نەهاتە خوارێ

(- ئەمەیانت هەر زۆر پێخۆش بووە.،)

- باوکم دەیووت: دەبێ شەللاتێەکە، کورد بێ کورد!

(- ئەم سەگبابە چۆن دەیەوێ ناوی کورد پیس بکات)

- هەندێ لە خزمە رێکێ و پێکەکانمان، دەیانووت: عەیبە باسی کوردو تورکمان مەکە، کەچی باوکم دەیووت: ئێوە خزم نیین، حاشاتان لێدەکەم، خزمە باشەکان لەعنەتی باوکمیان دەکرد رووبەروو قسەیان پێدەووت، ئەویش هەر دەیگووت: لە عائیلەی ئێمەدا دڵداری.. حەی، حەی، ئەوجا لەگەڵ کوردیش وەی وەی کام کورد، غێر سواڵکەرو پیاوکوژەکان، ئەوانەی تورکمانیان بە گوریس بە دوای سەیارە (سەحل) دەکرد، دوکانیان شکاند، ماڵیان بری، دزییان کرد. پیاوە ماقووڵەکانیش نەیانتوانی ئەوەندەی تاڵەموویێک کاری تێبکەن، باوکم توورەتر دەبوو، زیاتر عینادی دەیگرت، پێی وابوو ئەو کارەی لە مێشکیدایە بیکات ئەوا بەشێکی تۆڵەی خۆی لە کوردان دەکاتەوە.. هاواری دەکرد خوێنەکەی (زوهێرتان) لە بیر چووەوە- ئێوەیش تورکمانن، حەیف بۆ ئەم تورکمانچیەتییەی ئێوە، من وامدەزانی، بڕوایشم هەر وابوو ئێوە کەری

کوردتان دەسکەوێ کلکی دەبرن، کەچی پێم دەڵێن عەیبە، پیاوی عاقڵ باسی کوردو تورکمان ناکات گوایە کوردو تورکمان، بران.. باشە کەی برا وا لە برا دەکات لە بیرتان چووەوە.. دەی بڕۆن ، حاشا.. سەد جار حاشا ئێوە خزمی من نین، تورکمان لە ئێوە بێبەرییە، بڕۆن جەهەنم جێتان بێت مادامێ ئێوە ئاوهاتان لێهاتووە، دەبێ خۆم بزانم چی تریش بکەم.. باوکم تا چەن ڕۆژێ لە ناوەڕاستی حەوشە دەوەستاو دەینەڕاند، هەموو گەرەکی لە خۆی دەکردەوە.. دەرگایان لێگرتم، هەموو شتێکیان لێ قەدەغە کردم، بیرم لە هاوڕێکانی فەرەیدون کردەوە.

مچە هاتبووەوە سەرخۆی، بێ ئەوەی کەسێ پرسیارێکی لێکردبێ لە خۆیەوە خۆی تێهەڵقورتاندو گوتی:

- ڕاست دەکات وابوو

تا ئەو کاتە مچە بێدەنگَ بوو، ئەحمەد لەبەر خۆیەوە دەیووت:

(- ئەگەر وابووبێ، دیارە وەزعێکی زۆر نالەبارو سەیرت هەبوو)ە

هەر کە مچە وتی: ڕاست دەکات، ئەحمەد ئەم دەلاقە چکۆڵەیەی بەزەیی دڵی خۆی گرت، پێچەوانەی قسەکانی هیامی لابووە ڕاستی.

(- سەیرکە شاهیدیش بۆ یەکدی دەدەن) هیام لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو

- بەهۆی عومەر قەمبورەوە، بە عەرەبی کاغەزێکم بۆ مچە نووسی تەنها یەکَ دێرم نووسی: ئەگەر بە ڕاستی هاوڕێی فەریدونیت فریام کەوە مچە وتی: ڕاست دەکات.



ئەحمەد بەوردی گوێی بۆ دوا قسەی هیام هەڵخستبوو، هەر کە مچە وتی: ڕاست دەکات گومانەکانی ئەحمەد زیاتر بەرەو قەناعەت دەچوون، بەم خۆتێهەڵقورتاندنەی مچە گەلێ قەڵس بوو، لەبەر خۆیەوە وتی:

( - مچە درۆ دەکەی، هەی .. سەیرە یەکَ بۆ ئەوی دی پینەی دەکات، ئەوەتا ئەم کچەتیوە، دەیەوێ ئەوەم تێگەیێنێ: فریاکەوتن یانی خیانەت کردن، خیانەت لە ڕەوشت و لە هاوڕێیەتی، سەیرە هەر لەبەر خودی هاوڕێکە، خیانەت لە هەمان خاتردار بکرێ. ئەوەتا خائینیش دەیسەلمێنێ و بێ شەرمانە دەڵێ: ڕاست دەکات.. پێیان وایە ئێستا منیش دەڵێم ڕاست دەکەن.)

هیام وتی:

- جوابی دامەوە وتی: لەبەر خاتری فەرەیدون ئامادەی مردنم.

جارێکی دیش مچە وتی:

- ڕاست دەکات.

ئەم ڕاست دەکاتەی مچە، خۆێ ئاسا برینەکانی ئەحمەدی دەکزانەوە.

- خاتری فەرەیدون! ئەمە چ خاترو مردنێکە!

- بە هەر جۆرێ بوو مچە خۆی گەیاندە لام

مچە وتی:

- ڕاست دەکات.

هەر ئەوە بوو ئەحمەد لە داخاندا نەدەتەقی، هیامیش بەبێ گرێو پێچ و پەنا وتی:

- بە دزییەوە چەند دەقیقەیێک قسانمان کرد.. شەرتم خستە بەری، دڵنیا بووم قایل دەبێ.

(- جا بۆ قایل نەبێ.. حەیف مچە!!)

- زۆر پیاوانە هاتە پێش.

(- ئەڵبەتە)

- قایل بوو، وتی : پێویست بەو شەرتە ناکات من هەر خۆم..

( - قومار دەکەن)

هیام قسەکەی خۆی بڕی، بە سەرنجێکی میهر ئامێزەوە — کە ئەوپەڕی خۆشەویستی لێدەباری — سەراپای مچەی پێچایەوە، هەر ئەوەندەی مابوو بە سۆزو خۆشەویستییەوە مچە بەسەرنج هەڵلوشێ.

چ بێشەرمێکە، خۆ هەر ئەوەندە ماوە لە بەرچاوی ئێمەیش دا باوەشی پیاکات و..)

هیام بە ئەوپەڕی ڕووگەشییەوە وتی:

- چ لە خۆبووردنێکی ئاوهام نەبیستبوو، لە چ کتێبێکیشدا بەر چاوم نەکەوتبوو گەر شتی واشم ببیستبا، ئەوا بە موبالەغەم دەزانی.

مچە وەک ئەوەی شەرم بکات سەری داخستبوو ئەحمەد حەزی دەکردمچە سەر بەرزکاتەوە تا بە دیقەتەوە سەیری بکات وە پێی بڵێ:



- سەیری ئەم لەخۆبوردووانە چۆن بەرانبەریان لێگرتووم. ئەوە مچە ناوێرێ سەیرم بکات تا بزانم چ قوربانییەکە! ئەمەیش پێی دەووترێ لە خۆبووردن؟ خیانەتیش بووە بە لە خۆبووردن... خیانەتی سەردەم لە بەرگی لە خۆبووردن خۆی دەخاتە روو، خاینیش خۆی بە قوربانی دەزانێ.)

ئەحمەد خۆی هاندا تەکانی دایە بەر خۆی پێیان بڵێ فڵتە فڵت، بەسە فشەو قسەی بێسەروبەر بەسە شەرم و حەیاتان هەبێ، کەچی هیام ڕێی چ قسەیێکی بە ئەحمەد نەداو وتی:

- مچە خەبەری بۆ باوکم نارد: ئەوەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێی منم. دیم بۆ داخوازی کچەکەت.

- باوکم، ئەو چەند لۆتییەی کە بەناوە خزمی بوون و مانەندی خۆی، کینە لە دڵ و بێسەروبەر بوون، لەگەڵ مەلاییێکی خوێریش، مەگەر خوا بزانێ چۆنی دۆزیبووەوە، مەجلیسیان سازدا .. چ مەجلیسێ .. با مچە خۆی باسی مەجلیسەکە بکات..

(- جا چی دەڵێ؟ هەر ئەوە ناڵێ کە هەردوکتان لەسەری رێک کەوتوون، خوا دەزانێ بەم درۆو دەلەسەیە چەن بەستەزمانتان خەڵەتاندووە، سۆزو بەزەیی چەند کەستان وروژاندووە.. دەبێ چ بڵێ هەر درۆیەو دەیکات. رەنگە بیانەوێ لە نێوانی درۆکانی خۆیاندا گەمارۆم دەن، پاشان قەرزاریشم کەن.)

مچە وەکئ ئەوەی یەکەمجار، ئەم باسە بگێڕیتەوە، شەرم دایگرت، پەنجەکانی دەستی راستی شانە ئاسا بە پرچە زەردو درێژەکەی خۆیدا هێنا، یەکدوو جار تفی قوت داو هەندێ نەرمە کۆکەی بۆ کرد، نەختێ لە جێیەکەی خۆی جولایەوە، یەکە یەکە سەیری ئەحمەدو نەسرین تەنانەت هیواو ئەوجا هیامی کرد، بزەییێکی کاڵ تێکەڵ بە شەرمەکەی رووخساری بوو، ووتی:

- هەر لە ئێوارەوە عارەقم خواردەوە، مەست بووم، بەڵام مەستێکی بە ئاگا، لەترم بەخۆم دەدا، شڕترین کراس و پانتۆڵم لەبەر کرد، هەر کە چوومە ژوورێ بێسەلام و کەلام لەسەر پێڵاوەکان دانیشتم، ئەوانیش شەش حەوتێکئ بوون، لەسەر قەنەفە دانیشتبوون، ئاغزە جگەرەییێکیان تێگرتم منیش هەڵسامە سەرپێ یەکدوو جار بە دەنگی بەرز وتم: (ئیوەللا.. ئیوەللا) پێکەنینەکەی ئەوان و ئاغزە جگەرە داگیرسانەکەی من لە یەکئ ساتدا بوو.

(- دەکئ داوەشێی مچە..)

باوکی هیام پێی وتم:

- ئەرێ لە خۆت خوێری ترو هیچ و پووچ ترت بینیوە،

وتم : بەڵێ

زۆری پێسەیر بوو، ڕووی گرژ کرد، خەریکئ بوو پەشیمان بێتەوەو بەشەق دەرم کەنە دەرێ، وا بزانی ئەوە نیم وا بە دوایدا دەگەڕێ، بەسەرسوورمانەوە وتی:



- ها؟

وتم: بەڵێ.

- تاس بردییەوە، ترسی ئەوەم هەبوو پەشیمان بێتەوە، زوو فریای خۆم کەوتم وتم: ناپرسن کێیە، بە توورەییەوەو بە دەنگی بەرز پرسی:

- کێیە.

وتم : هیامی کچتان.

باوکی هیام پێکەنی .. پێکەنی، ئەوەندە پێکەنی، نەمزانی چۆن بوو وا نەتەقی.

رووی لە وانی دی کردو پێی وتن: قەزان دەنگرلاند قەباغنی تاپتی ئەوجا رووی لە من کردو وتی:

- تەواو.. دۆغرییە.. کوردیشی مانای وایە، هیام هەر لایەق بە تۆیە.

ئیتر ئەوانی دیش هەریەکەو بە جۆرێ سەری دەنایە سەرم، یەکێکیان لێی پرسیم:

- چی لێدەکەی؟

وتم: بۆ نازانم؟

وتی : با ئێمەش بزانین..

وتم: کاسبی پێوە دەکەم، پارەی عارەقی پێپەیدا دەکەم.

دەمزانی تا قسەکانم پیس و بێ سەروبەر بن و شەللاتیانە بکەومە روو بۆ نەخشەکەم باشترە.

یەکێکی دییان لێی پرسیم:

- ئیتر چی تری لێدەکەی.
وتم : فێری عەشقبازیی دەکەم.
وتی: لەگەڵ کێ؟
وتم: یولداشم زۆرە.
وتی: چیتر.
وتم: گوناهە.. فەقیرە دنیای نەدیوە.. دەیبەم بۆ موسڵ.. بەغدا ,, بەسرە.
یەکێکیان وتی:
- ئەگەر وات نەکرد.
کەمێ دامام، بیرم لە قسەیێک دەکردەوە، بە دڵی باوکی هیام بێ، زۆر بێ دەربەستانە وتم:
- ئەگەر وام نەکرد، ئێوە وەرن گونم بگرن.
مەلا توورە بوو وتی:
- ئەدەبسز کێ گونت بگرێ؟ چۆن قسەی وا دەکەی؟
منیش وتم: لە پێشدا دەبێ جەنابت گونم بگری. پاشانیش دایکت
مەلا توورە بوو، لێم راسا، باوکی هیام تێی خوڕی و پێیی وت:
- دانیشە .. تەواوە.. بە دڵمە. دۆغرییە.. خۆیەتی، کوردێکی دۆغرییە..
- مەلا دەی، وواجبت ببینە



مەلا فزەی لەدەم نەهاتە دەر، مارەی بڕین، هەر ئەو شەوە تف بارانیان کردین، حاشایان لە هیام کرد، پاشانیش ئەو حاشا کردنەیان لە جریدەدا بڵاوکردەوە، باوکی لە نێو خاوخێزان دا نەراندی
- عیبرەت با ببێتە عیبرەت.. من موتەئەسیف نیم، ئێمە قەحبەیەکمان لێکەم بووەوە، کوردیش قەحبەو گەوادێکی زیاد کرد!! هەر لەبەر ئەمەیشە نایکوژم.
( - چۆنی هۆنیوەتەوە.. درۆی شاخدارە..)
ئەحمەد ئەمەی لەبەر خۆیەوە وت، مچەش بێدەنگ بوو، کۆتایی بە قسەکانی هێنا، وەکێ ئەوەی کارێکی قورسی ئەنجام دابێ و ماندووی کردبێ، هەناسەیێکی هەڵکێشا دەستی بەسەرو روخساری خۆیدا هێنا، سەرنجێکی پڕ مانای گرتە هیام هیامیش بزەییەکی ئاسوودە بەخشی کردە کەوانە، سەرسوڕمانە لە رادە بەدەرەکەی نەسرین گومانە ئەستوورەکەی ئەحمەدی ئابلووقەدا.
ئەحمەد سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕی پێنەدەکرد، ئەم قسەیەی مچەی بە درۆییێکی وەستایانەی لە قەڵەم دەدا، تورەییێکی لە رادە بە دەریش دڵی گووشی بوو، خوێنی کەفی دەکردو دەکولا، ئامادەی تەقین بوو، تەقینێکی ئەوتۆی بێئامان، بە جارێ هیچی تیا نەهێڵێتەوە، خۆی ئامادەکرد پێیان بڵێ:
ئێرە جێی ئێوە نییە، هەی ساختەچی و بێشەرەفینە بڕۆن ملی خۆتان بشکێنن، بە دووی مانەندی خۆتان بگەڕێن. بڕۆن لەبەرچاو ون بن،

ڕێی ئەوروپای بگرن، لەوێدا چ کەسێ ناتانناسێ، گەر بشتانناسن، ئامادەنین لە بەزیوو هەڵاتوو گوێ بگرن.. بڕۆن و ئێرە پیس مەکەن، کەچی پرسیارێکی ناوەختی نەسرین قفڵێ ئاسا لێوانی ئەحمەدی بەست و ئەم قسانەی لە دەروونیدا جەڕاند نەسرین ڕووی لە هیام کردبوو.

- هیام خان ، من پێم وابوو تاقە کەسی ئەم دنیایەم، چ کەسێ هەندەی من چەرمەسەری نەبینیوە کەچی ئەو دەردە سەرییانەی تۆ کەباسی دەکەی هەر گەلێ لەوانەی من زیاترن!!

بە ئیقاعی وشەکان و جۆری دەربڕینیان، ئەحمەد زانی چ جۆر تەوسێکی وەستایانەو چ بۆسەیێکە، ئەگەر بە ئاستەم هیام بڵێ:

(ئا) ئەوا نەسرین دەزانێت ئەمجارە بە چ تیرێکی کوشەندە گوێی ناسکی هیام دەپێکێ، ئەحمەدیش وەکو نەسرین چاوەڕێی دەکرد هیام بڵێ (ئا) تا ئەمیش مچە داگرێتەوە، کەچی مچە مەستیی باسەکە بەری نەدابوو، هەند گوی بیستی قسەکەی نەسرین نەبوو.. هیامیش لەبەرئەوەی قسەکانی مچە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەموو شتێکی خۆیەوە بوو، لەگەڵ هەموو وشەیێکی مچەدا هەمان دڵەڕاوکێ و ترس و ئیهانەکانی ئەو شەوەی دەهاتە یاد.. زیاتر لە نێو ئەو دنیایەدا بوو، بۆیە لە قسەکەی نەسرین نەگەیشت، ئەحمەد چاوەڕوانی ئەوە بوو هیام وەڵامێکی نەسرین بداتەوە تا قسەکەی هیام بکاتە کلیلێ، ئەوەی لە دەروونیدایەو پێوەی دەتلێتەوە بیخاتە روو، هیچ شتێ لە دڵیدا نەهێڵێتەوە، بەوەش پشت ئەستوور بوو کە نەسرین بە توندییەوە پشتی



دەگرێ، دوو قۆڵی گەمارۆی دەدەن، ئەوەی نەشێ بکرێ و بووترێ، بیڵێن و پێیانی بکەن، کەچی هیام مەزەنەکەی هەردووکیانی تێکداو چ بەلای ئەو (قسەداوە ) نەچوو:

- هەر ئەو شەوە بە تف و جنێوەوە، هەر شتێکیان بەر دەسکەوتبا پێیان دەماڵین و لەگەڵ مچەدا دەریان کردین.. بەڵام باوەڕتان هەبێ چ شادییێکی تەمەنم هەزار یەکی ئەو شەوە بەختەوەری نەکردم. ئای کە بەختەوەر بووم، سەر لە نوێ ژیانم بۆ نووسرایەوە.

ئەحمەد بە لاچاوەوە سەیرێکی نەسرینی کرد، نەسرین هەر لەگەڵ ئەو کاتەی کە هیام وشەی شادی و بەختەوەری لەدەم هاتە دەر سەیری ئەحمەدی دەکرد، کە سەرنجەکانیان تێکەڵ بەیەکدی بوون وەکێ ئەوەی هەست بە شکست بکەن پلە یەکێ کاتدا هەردووکیان هەناسەی دەنگداریان هەڵمژی

هیام بواری نەدان، بەردەوام بوو:

- هەر ئەو شەوە، گەورەو بچوکی گەرەکێ، دۆست و دوژمن، بەبەزمی ماڵی ئێمەیان زانی، هی وا هەبوو خزم بوون، بە ئاشکراو بە دەنگی بەرز جنێوی بە باوکم دەداو دەیووت: ئەم گەوادە حەیای هەموو تورکمانێکی بردووە، هی واش هەبوو ئافەرین و دەستخۆشیان لە باوکم دەکرد، پێیان دەووت: دەرسێکت داوە، ئیدی چ کچە تورکمانێکێ نەتوانێ عەشقبازی بکات، هەی ئافەرین بۆ خۆت و کردەوەت.

من و مچه له نێو (هۆیهای) هەندێ لەو کەسانە، بەبێ دەربەستی ریمان گرتە بەر.. هیام بە زەردەخەنەیەکەوە، سەیرێکی مچەی کرد، مچەش بەسەرلەقاندن و زەردەخەنەیەکی گەش بێدەنگییەکەی ئەحمەدو نەسرینی پێچایەوە، هیام بە کەیفخۆشییەکی منالآنەوە وتی:

- مچه شەرتەکەی بەجێهێنا!!

- ئەم رستەیەی هیام بۆمبا ئاسا لە مێشکی ئەحمەددا تەقییەوە، هەستی کرد هەموو هەناوی ئەنجن ئەنجن بووە، ویستی تەکان بداتە بەرخۆی، لە بری جنێوو تف باران، دەروونی بکاتەوەو (خوێن بارانی) هیام و مچە بکات، هەرچییەکیش دەبێ با ببێ، کەچی هیام هەر لەگەڵ تەواو کردنی قسەکەی یەکسەر بە ئیقاعێکی زۆر تایبەتیەوە وتی:

- (بووینە خوشکێ و برا)!

- چی؟

- چی؟

ئەحمەدو نەسرین یەکێ لە دوای یەکێ وشەی (چیان) درێژ کردەوە.

مچەو هیامیش بەیەکێ دەنگێ وتیان:

- ئا.

ئەمانیش یەکسەر پرسیارەکەی خۆیان و وەڵامەکەی ئەوانیان بە تێکەڵی دەوتەوە:

- چی؟ ئا.

- - چی؟ ئا.



ئەحمەد لەسەریەکێ دەی پرسی:

- چی، چی ، چی؟

مچەو هیامیش بەیەکێ دەنگێ دەیانگوت:

- ئا.. ئا.. ئا..

ئەحمەدو نەسرین وەکێ ئەوەی ئاوی ساردیان بەسەرا کرابێ، بە حەپەسانەوە سەیری یەکدییان دەکرد، ئەحمەد دەمی داچەقاندبوو، چاوەکانی بە زەقی لەسەر ڕوخساری مچەدا مەیی بوون. سەرەتا گەلێ کاس بوو، هێدی هێدی هاتەوە سەرخۆ ئەوجا ویستی شتێ بڵێ، هەر هیچ نەبێ خۆی و بەدگومانییەکەی بلاوێنێتەوە، کەچی هەر ئەوەندەی پێ وترا:

- ئێ..!

هیام رووی لە نەسرین کرد:

- تەنها بە (ناوە) بوو، کارێ بوو مچە تەحەمولی کرد، مەگەر هەر پێغەمبەران تەحەمولی بکەن.. ئەویش لەبەر خاتری من و فەرەیدون بوو.

هیام هەندێ بێدەنگێ بوو، وەکێ ئەوەی غەڵەتێکی گەلێ گەورەی کردبێ قسەکەی خۆی ڕاست کردەوە:

- لە پێناوی بیروباوەڕی خۆی و فەرەیدون بوو.

ئەحمەد  هەر لە بیری ئەوەدا بوو قسەیێکی ڕێکێ و پێکێ بکات و شتێ بڵێ، کەچی تەنها رستەیێکی بێتام و بێ سەروبەر، ئەویش لە ڕووی حەپەسان و لە ژێر کاریگەری ڕووداوەکە، لە دەمییەوە هاتە دەر:

- یانی ئەم ماوەیە خوشکێ و برا بوون؟!

هیام و مچە بە یەکێ دەنگێ وتیان:

- بەڵێ.

هیام بە زەقییەوە چاوی بڕییە ئەحمەد، بۆ یەکەم جاریش ئەحمەد لە سەرنج ترسا، وایزانی ئاگری چەرمەسەری و دەردەکەی هیام تێکەڵ بە سەرنجەکەی بووە، هەر لەگەڵ ئەو سەیرکردنەدا، بە جۆرێ دوا، پیتی هەر وشەیێکی وەکێ پۆڵا ڕەق لە دەمیەوە دەهاتنە دەر:

- من بۆ فەرەیدونم.

مچە وەکێ ئەوەی گەلێ پێویست بکات شتێ بڵێ، وتی:

- فەرەیدون  هی هیامە.. هیام هی فەرەیدونە!

ئەحمەد بە مەبەستەوە، سەرەتا ئەو ڕێیەی لە خۆ گرت وەکێ جاری پێشوو پەشیمان نەبێتەوە، یەکدوو جار لە سەریەکێ وتی:

- هیام خۆ تۆ تورکمانی!

هیامیش پەی بەوە بردبوو کە ئەحمەد مەبەستی ئەوەیە چەند جارێ هەمان وەڵامی پێشوو ببیستی، بۆیە لەسەریەکێ وتی:

- چۆن فیدای خاکێ نابم کوڕی وەکێ مچەی هەبێ.



شەوێکی هێمنی ئاسوودە بەخش بوو، مانگێ لە نێو هەندێ پەڵە هەوری سپیدا بە نازی تریفەی، چاوبازی لەگەڵ لوتکەکاندا دەکرد، لوتکەیش لەو شەوەدا بە پەڵە هەورێ دەچوو چاوەڕێ بێ مانگێ لە ئامێز گرێ، شەوێکی کش و مات، جگە لە بایێکی فێنکێ کە گەڵای دارەکانی خستبووە لەرزو ریتمێکی لەسەرە خۆی پێ بەخشیبوون، چ دەنگێکی دی نەدەبیسترا، هاوزەمان دنیای دەرەوەی شەوو دەروونی ئاسودەی ئەحمەد لەیەکێ وەزع و حاڵ دا بوون!

ئەحمەد کەیفخۆش، دڵ پڕ لە ئومێد، مچەی لە لا ببوە مانگێ و تریفەی ئومێد بەخشی دەپژاندە سەر (تاریکی دنیایێکی نیمچە بینراوی دوور) شەپۆلی زەردەخەنەکانی هیامیش ببووە ئەو بایە فێنکە، گەڵای درەختی بەختەوەری دڵی هێنابووە سەما، نەسرینیش دنیا پان و بەرینە پڕ سیحرو تەلیسماوی یەکەی ئەحمەد (هێواش) هیوا بوو، بە خنە خنە دەرگای سیحراوی دنیای بە نهێنی پێچراوی بۆ دەخستنە سەر پشت، لەبەر چاوی ئەحمەدی (باوکدا) نموونەی چکۆڵەیێکی بەرجەستەی هەموو ئینسان بوو.

ڕێگای نێوان ماڵەکەی مچەو ماڵی مامۆستا سەرکەوت، هەر پەنجا مەترێ دەبوو، پەنجا مەتر بۆ ئەم شەوەو بۆ دەروونێکی ئاسوودەی وەکێ ئەحمەد بەهەشتی بوو. لەو پەنجا مەترەدا ئەحمەد دەیانجار لای کردە دواوە، بە دیدێکی ئامێتەی خۆزیا خوازی  دەیڕوانیە چوار تەنیشت، گاه چاوی بەرەو ئاسمان و لوتکە بەرز دەکردەوەو پڕ بە سییەکانی هەناسەی

هەڵدەكێشا، زیاتر خۆی مەستی بۆنی خاكێ و هەوای كوێستان دەكرد، گاهیش سەری دادەخست و سەرنجی پێی خۆی و هاوڕێكانی دەدا بە ئەسپایی و بە هەنگاوی نەرم زەوییەكەی بەرپێیان ماچ دەكەن.

لە تێڕامانێكی تەمەن كورتدا، بۆنی خاكی لابووە بۆنی ئینسان، بۆنی ئارەق و ماندوو بوون و رەنج و پێكەنین و فرمێسكێ و بەختەوەری ئینسانی لێوە دەهات، لەبەر خۆیەوە خۆی دەدواند:

(- خاكێ ئینسانە..خاكێ جەستەی یەكێ ئینسانە.. ئینسانێكی مەزن، مەزن و پیرۆز وەكو خوا، بەڵام خوایەكی مردوو.. ئەم مەزنە، پیرۆزی و خوایەتیەكەی لە مەرگدا وەدەست هێناوە!

سبەینێ ئێمەیش دەبینە خاكێ، ئینسان بە هەنگاو ماچمان دەكات، تۆوی نان و گوڵمان تیا دەروێنێ...

هەستێكی تیژرەو بە مێشكی ئەحمەدا گوزەری كرد، تاقە ئینسانێكێ — پاش مردنی — بۆی هەیە خاوەنی هەموو زەوی بێ، مادامێ هەوا هەیە گەرد بە گەردی لەشی بە خاكێ بووی بڵاودەكاتەوە، ئەگەر ئینسان خۆشەویستی و سۆزی خۆی بكاتە هەوا، بە یەكسانی بە چوار دەوریا بڵاوی بكاتەوە ئەڵبەتە هەموو زەوی دالدەی ئینسان دەبێتە نیشتمانە گەورەكەی.)

هەر كە لە دەرگای ماڵی مامۆستا (سەركەوت) ئاودیو بوون هەشت نۆ كەس لەبەریان هەڵسان، بە زەحمەت و لەو ژوورەدا جێیان بووەوە، ئەمان چوارو بە (هیوا) وە پێنج، ئەوانیش نۆ كەس چواریان



هەمان رەفیقەكانی ئەمرۆی ئەحمەدن و نەسرین بوون، ئەوانی دیش بەسەرو سیمایانەوە دیار بوو دوانیان وەكێ ئەحمەد ن و لە رێیەكی دییەوە هاتوون و خۆیان گەیاندووەتە ئێرە، دوانەكەی دیشی بە چەكێ و تاقمەكانیەوە دیار بوو لەگەڵ مامۆستا سەركەوت پێشمەرگەن .. پاش بەخێرهاتن و هەندێ وردە قسە، مامۆستا سەركەوت رووی لە هەمووان كرد، سەرەتا بە دەنگێكی هەندێ نزم وردە وردە دەنگەكە (خوتبە) ئاسا بەرز دەبووەوەكێ

- پێشەكی بەناوی هەموو ئەوانەی چاوی هیوایان بریوەتە ئێوەو ئێوە بە بناغەی بوونی ئینسانی خۆیان دەزانن، بەخێرهاتنتان دەكەم.. بمبورن كە دەڵێم بەخێر بێن، مەبەستم ئەوە نییە دەڵێم ئێمە خاوەن ماڵین، ئێرە ماڵی هەمووومانە، راستتر موڵكی هەموومانەو چاوەڕێی هیمەتی فكرو دەست و بازووی ئێمەیە

بە چاو یەكێ لە پێشمەرگەكانی تێگەیاند، پێشمەرگەكە هەڵسا، لە سوچێكی ژوورەكەدا، چەن بە تانیێكی لەسەر شتێكی كەڵەكێ كراو لادا، دە دوانزە تفەنگی هەمەجۆر دەركەوتن، یەكێ لە تفەنگەكانی دایە دەست مامۆستا سەكەوت.. هەمووانیشتووان چاویان بڕیبووە دەم و دەستی مامۆستاسەركەوت:

- دەبێ هەر ئەمشەو چەكێ وەرگرن و چەكدار بن. ئەڵبەتە دەشزانن بۆهەر ئەمشەو. پێشمەرگە نا وەكەی بەخۆیەوەیە هەمیشە رووبەڕووی مەرگە یائەیبەزێنێ یا مەرگێ زەفەری پێدەبات. جا پێش ئەوەی

هەریەکە و چەکی خۆی وەرگرێ، تکا دەکەم ڕێم بدەن بەکورتی دووقسان بکەم: چەکێ ئەم نەگریسە خۆشەویستە، ئەم نەفرەت لێکراوو پیرۆزە، لەیەکێ کاتدا شایستەی تف و ماچە .. تفێکی ئەو تۆی خەست، نەک تەنها بۆدروست کەرو کارگە و دەوڵەتەکەی بەڵکو بۆئەو کەسەی کەهەڵیدەگرێ و بەکاری دەهێنێ لەملایشەوەشایستەی ماچێکی بەسۆزی ئەو تۆی پڕ لەخۆشەویستی یە مەگەر ماچیدایکێ بۆ ڕۆڵەی ئاوها بێ .. ماچێ بۆخۆی و بۆئەوەی بەکاری دینێ.. دیارە کاتێ تفی لێدەکەین سەبارەت بەوەیە کە هەر بەهۆی ئەم چەند ئاسنە ڕەق و تەقەوەیە ژیانی ئینسانیمان لێ حەرامکراوە، ئەوەی نەشێ و نەکرێ پێمانی دەکەن.

نەسرین نەرمەکۆکەیێکی کرد، سەرنجی هەموودانیشتوانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. مامۆستا سەرکەوت بێدەنگ بوو، پیی وابوودەیەوێ قسان بکات . ئەگەر چی نەسرین حەزی دەکر بڵێ هەر تەنها عەقڵەکەی خۆمانە وا ڕێی خۆش کردووە بما نکەنە ئاردی نێو درکێ

نەسرین پێی وا بووئەگەر ئەم قسەیە بکات ئیدی ناچار دەبێ بۆسەلماندنی قسەکەی باسی کوردانی تورکیا و سوریا و ئێران بکات، ترسی ئەوەی هەبوو پێی بڵێن: بێ قەزا بی ئێستا ئێمە لەکوێدا ین و تۆیش باسی ئەوپەڕی دنیای کورد دەکەی. دیار بوو سەر ئەنجامیش وا دەکەوتەوە کە: کورد لەلای نەسریندا دەیکردە شتێکی چکۆڵە ی ئنسانی چەوساوە..نەسرینیش هەر لەپێناوی ئینسانی چەوساوە، چ کورد



یاغەیرە کورد، ئەم ڕێیەی هەڵبژاردووە..کەچی نەسرین خۆی گرت و بەخۆی وت :

نابێ لەیەکەم دانیشتندا زۆر شت بووترێ. نەسرین هەر تەنها ئەوەندەی لە دەم هاتە دەر:

-بەڵێ ......

مامۆستا سەرکەت ی دنیا دیدەی خاوەن دە ساڵ پێشمەرگایەتی، دە ساڵی تەوزیع و مزگەوت و پێڵاوی لاستیک و کێچ و ئەسپێ و برسیەتی، زانی نەسرین قسەیێکی پێیەو نایەوێ بیڵێ.. لەناخەوە بێدەنگێ بوونەکەی نەسرینی زۆر پێخۆش بوو، پێی وابوو لە ئەرکێکی قورس رزگاری کرد، ئەویش دەبوو — گەر نەسرین هەر قسەیێکی بکات- وەک کادیریک جوابی بداتەوە، گیانی شۆڕشگێڕی بەخشیش بکاتە سەرباس و بن باسی هەموو قسەکانی .. مامۆستا سەرکەوت ئیقاعی وشەکانی خۆی گۆڕی:

- لەم لایشەوە هەر بەهۆی ئەم پارچە ئاسنە رەق و تەقانەوەیە دەتوانین دەنگێ هەڵبڕین و ڕێ لە زاڵمان بگرین بوونی ئینسانی خۆمان بسەلمێنین..

هەموو هەر بە بێدەنگییەوە دەیانڕوانیە دەمی مامۆستا سەرکەوت، ئەویش هەندێ دەنگی نزم کردەوە:

- بمبوورن، نامەوێ شاعیرانە بڵێم: ئەم ئاسنە نەگریس و پیرۆزە دوو دەنگی هەیە، دوو ئاوازی هەیە، دوو کەسیش خاوەنیەتی.. دەنگێ و

ئاوازو خاوەنی یەکەمی: نەڕەیە، تۆقێنەرە، خاوەنەکەشی تەنها ناوی (ئینسانە) درندەیەو ئینسان کوژ دووهەمیش : چرپەیە، ئاسوودە بەخشە، خاوەنەکەشی تەنها بۆ پاراستنی (عەدالەت) دژ بە درندەکان بەکاری دێنێ.. قسەکانم بۆ ئێستای (ئێمەیەو بۆ چ کەس و شوێن و وەزع و حاڵێکی دی نیە.. بۆیە تکا دەکەم لێرەدا نابێ ئەم تفەنگە بە هەموو شتێ بزانین و ناشبێ بە سوکییەوە سەیری بکەین، دەبێ حەقی شایستەی خۆی بدەینێ... هەر دوێنێ بوو هەمووتان بە چاوی خۆتان بینیتان تفەنگەکان چ (بەلاییێک) بوون، لە لاییەکی دیکەشەوە نیشانەی پیاوەتی بوو، کەچی پیاوانی کەڵەمێرد بێزیان لێدەکردەوە چونکە دەیانزانی بۆ بەرژەوەندی کەسانی دژ بە ئینسان بەکاری دێنن، ئێمە چمان لەم ئاسنە رەقانە کەم نەبوو، زۆرمان هەبوو، هەر زۆر کەچی سەرئەنجام:

نەسرین چاوی بڕییە مامۆستا سەرکەوت، ئەوەی چاوەڕێ دەکرد ئەم دوا قسەیەی بکاتە رستەیێکی مەفهوم بە ڕاستگۆیی و جورئەتەوە بکەوێتە روو، تا ئەمیش لەلای خۆیەوە رادەی مەوزوعیەتەکەی مامۆستا سەرکەوت، هەڵسەنگێنێ .. مامۆستا سەرکەوتیش وەک هاوڕێکانی باسیان دەکرد کاغەزی سپیی دەخوێندەوە. ئەو ئاسنە ساردانە حەیای میللەتێک و تاریخی تێکۆشانی سیانزە چواردە ساڵەی میللەتێکمان برد، دوو شتمان سەلماند :



یەکەم: گەوج و ترسنۆک بووین، بە بەرچاوی خۆمانەوە دەفرۆشراین، بیدەنگ بووین، دەدۆشراین، بێئاگا بووین، بەتەمەن هیواو ئومێدیشیان کڕین. کەچی هەند گەوج بووین بێئاگا، یا ئاگاداریکی کەم دەسەڵات، بێ دەسەڵاتیشمان لە ترسا بوو، بە کورتی گەوج و ترسنۆک بووین.

دووهەمیش: ئەو چەکە دیارییانە، لە پیاوەتی خستبووین، رەنگە زۆربەتان وەبیرتان نەیێت لە سەرەتادا شۆڕش بە یەکتیری تەمەن سەد ساڵەی ژەنگاوی، ماوزەر، یانزەتیری ئینگلیزی، پێنج تیر، مانهێر، چاندار، تەنانەت تاپڕ، ڕووبەڕووی حکومەت دەبووەوە. کەچی لەم دواییەدا، واتە ساڵی پار... فێری تۆپی تەیارە شکێن و موشەکی (ئاریا) وبی (١٠)و تۆپی قورسیان کردین.. جاران بە چەکەکانی خۆمان سەرەڕای کۆنی و کەمکەڵکیان زۆر شتمان دەکرد، کەچی ئەم چەکە دیاری یانە فێری ئەوەی کردین تەمەڵ بین و بترسین!

ئەحمەد لە گوێگرتن دا برابوو، بەرەو دنیایێکی دی چوو بوو دنیای بەر لە ئاشبەتاڵ، بەبەرچاویا تێدەپەڕی، ئەو سەردەمە کادیرەکان دەیانووت: ئازاین، قارەمانین، ئاسن دەخۆین، دەبابە لە شیش دەدەین، تەیارە سوور دەکەینەوە، دەکوژین. دەبڕین..

دوا قسەی مامۆستا سەرکەوت، وەک ئەوەی بە مەبەستەوە بێ، هەندێ بە دەنگی بەرز بوو، ئەحمەد هاتەوە سەرخۆی، سەرنجی دەوروبەری دا، پێی وابوو هەموویان دەزانن ئەحمەد چ خەیاڵێ بردبووی، مامۆستا سەرکەوت وتی:

- بەر لەوەی چەکەکان دابەش کەین، حەز دەکەم ئەو مژدەیەشتان بدەمێ، گەلێ لە برادەران لە شارەکانەوە پەیوەندییان کردووە.. قاویش وایە لە ئەوروپادا خەمخۆرانی کورد مشورێکی ئەم وەزعە بخۆن — ئەڵبەتە وەزعی ئێمەیش دەزانن، چەند مەفرەزەیێکین پەرت و بڵاو — گەر سەبرمان هەبێ، هەموو شتێکی چاک دەکەین.. چاوەڕێی ئەوەم دەکرد یەکێکتان بپرسن: ئەم چەکانەمان لە کوێ بوو؟ کەستان نەتانپرسی: ئەوا خۆم پرسیارم کردو خۆیشم جوابی پرسیارەکەی خۆم دەدەمەوە، دەزانن کە ئاشبەتاڵ بوو هەزاران چەکی قورس و سووک تەقێنرانەوە، یا تەسلیم بە عێراق کران.. بەڵام هەندێ لە کەڵەمێردانی میللەت پێشبینی ئەم ڕۆژەیان دەکرد، زۆریان لەو چەکانە لە ئەشکەوت و شوێنانی دیدا بۆ ئەمڕۆ شاردەوە..

❊

کلاشینکۆفێکی نوێ بە حیسابی قاچاغچیەکان (پێنج بزمار) و حەوت مەخزەنی پڕ لە فیشەک و دەمانچەیەکی (سمز) بەر نەسرین کەوت، هەندێ دڵی پێکرایەوە پێی وابوو هیوا دووبرای دیی هەیە یەکێکیان ناوی کلاشینکۆفەو ئەوی دیان ناوی (سمزە).

ئەحمەد ئەگەر چی حەزی لە تفەنگێکی بڕنەوی درێژ بوو، کەچی لە رووی نەهات داوای بکات، بڕنەوەکە بەر یەکێ لە هاورێکانی ئەمڕۆی کەوت، کلاشینکۆفێکی (چین —ی) و حەوت مەخزەن و دەمانچەیێکی (لاما) ی بەرکەوت، بە نەوازشەوە دەستی بەسەر کلاشینکۆفەکە



دەهێنا، ئەگەر چی قسەکانی مامۆستا سەرکەوت کاری تێکردبوو، بەڵام خۆی دەربارەی چەکێ راییێکی دیی هەبوو، نەیدەویست لەو شوێنەدا قسان بکات.. بە خۆی وت: لە فرسەتێکی دی و لە جێی خۆیدا قسان دەکەم.

شەوێ لە ژوورەکەی هیام و مچە نوو ستن، بڕیاریان وابوو سبەینێ لەو نزیکانە شوێنی دەستنیشان کەن تانیمچە ژوورێ بۆ ئەحمەدو نەسرین دروست بکەن، هیام و مچەش یارمەتییان بدەن.. ئەحمەدو مچە بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی باش خۆیان پێچایەوە، چوونە دەرێ، زۆر دوور نەکەوتنەوە، ئەحمەد هەڵوێستەیێکی کرد، لای کردە لای مچەوە، بەسەرسوڕمانەوە پێی وت:

- ئەرێ ئەو زەلامەی بەرانبەرمان، ئەوەی وا لە پەنا دار گوێژەکە دانیشتووە، دەیناسی؟
- بەڵێ.
- ناوی عەلی بابە زادە نیە؟
- خۆیەتی.
- چ گەیاندوویەتە ئێرە؟
- بەر لە هەموویان لێرە بوو.
- سەیرە!
- بۆ؟
- دەیناسی؟ مەبەستم، چاک دەیناسی.
- نزیکەی مانگێک دەبێ.

- لەوەوبەر ناوبانگت نەبیستبوو.؟
- نەخێر.
- پێم سەیرە.
- بۆ؟
- لە ماستی هەولێر مەشهور تر بوو.

بەر لە ئاشبەتاڵ کەم کەس هەبوو ناوی عەلی بابە زادەیان نەبیستبێ.. دنیاییکی تایبەتی بوو بۆ خۆی، ناوبانگی دەماودەمی دەکرد، ترش و خوێشی بەسەر دەکرا وای لێهاتبوو، هەر شتێ عەقڵ نەیبڕیبا دەدرایە پاڵ عەلی بابە زادە

پیرێکی ئازەری، بەتەمەن شەست حەفتا ساڵ دەبوو، بە قسەی خۆیشی لە چڵ ساڵ زیاتر نەبوو، کەچی باسی ڕووداوی پەنجا ساڵ لەوەبەری دەکرد، (- ئەو کاتە کە لە دەوڵەت یاخی بووم، دەستەیێکی یاخیم هەبوو) یا (- لە دەوڵەتی عوسمانی یوزباشی بووم یا بین باشی بووم یا هێشتا مووم لێنەهاتبوو یا لەگەڵ جەعفەری پێشەوەری لە باکۆدا موزاکەراتمان لەگەڵ شورەوی دەکرد..)

پیرەمێردێکی قیت بوو، گەلێ جار بە ئەنقەست لەرێ ڕۆیشتنا سنگی دەردەپەڕاند، سەری بەرز دەکردەوە، کەمتر بەر پێی خۆی دەبینی، دەموچاوی پڕ لە چرچ و لۆچ بوو، ئەگەر یەکێ پێی وتبا بە تەمەنیت، یەکسەر دەیزانی لە چیەوە قسە دەکات، یەکسەر دەیووت:



(- نەخێر وانیە.. دەموچاوم چرچ و لۆچی نییە ئەمشەو بەسەریا خەوتووم!.

عەلی بابە زادە، پشتوێنێکی ڕەشی پانی دەبەست، لەسەر پشتوێنەکەوە سێ ڕەخت فیشەکی بڕنەو و دوو ڕەختی ڕاست و چەپیش بەقەد سنگییەوەو دەمانچەییێکی (ستار) و سێ شانەی هەبوو، دەمانچەکەی بە چەن پێچێ لە پەڕۆیەکی زەردەوە دەئاڵاندو لە نێو کیفێکی ڕەشدا دایدەنا، بەلا قەدیەوە شۆڕ دەبووەوە، هەمیشە لەلای ڕاستیەوە دەیبەست، خەنجەرێکی گەورەو دار جگەرەیێکی درێژی سەکَ ڕەوێن، مەتارەیێکی ئاوو دۆلکەیێکی فافۆن، بەلا قەدیەوە بوون، رادیۆییێکَ و دووربینێکی کۆنیش بە ملیەوە ئاوێزان بوون، کلێتەییێکی کوڵنکَ درێژ چەسپی بووە سەر سەرە نیمچە کەچەڵەکەی، لە هەر وەختێکدا بەرچاو کەوتبا بەلەکَ پێچی تا ئەژنۆبەستبوو، فەرەنجی لە شان و تەییار (خۆیشی نەیدەزانیلە کەیەوەو بۆچی پێشمەرگەیە.. هەر جارەو بە سەرەتاییێکَ باسی چۆنیەتی بە پێشمەرگە بوونی دەکردو ناوی ساڵێکی وەکَ ساڵی **١٩١٨**، **١٩١٤**ی دەهێنا ئەگەر کەسێ بیوتبا: ئەو ساڵانەی باسی دەکەی کورد شۆڕشی تیادا نەکردووە، دەیووت: بابەکەم من ساڵی هجری شەمسی دەڵێم، نەکَ ساڵی خاچپەرستان.

جاری واش هەبوو سەرەتای پێشمەرگایەتی خۆی دەبردەوە بۆ جمهوریەتی مهاباد، یەکسەر بە وەزیری دەستی پێکردووە، ناوی وەزارەتێکَ دەهاتە سەر زمانی، ئەگەر وتبای لە جمهوریەتی مهاباد من

وەزیری دیفاع بووم، کەسێکیش بیوتبا وەزیری دیفاعی ئەو سەردەمە (فلانەکەس بووە، یەکسەر بە زەردەخەنەوە رووی تێدەکردو دەیووت: زارخۆش ئەو دەمی ناوی (هەرەکیم) ئەوە بوو!! زۆر شانازی بەوەوە دەکرد کە چۆن یەکەمجار بووە بە ڕاوێژکاری (مەلا مستەفا).

( - ئەو ساڵەی لەگەڵ مەلا مستەفاو قووەتەکەی لە چۆمی ئاراس پەڕیینەوە، نزیکی شورەوی بووین، من پێشمەرگە بووم.. پێشمەرگەیێکی ئازاو چەلەنگ بووم.. هەر کە لە چۆمی پەڕینەوە. گەلێ ماندوو بووین، پێویستمان بە ئیسراحەت هەبوو، هەریەکە لە پەناییێکدا پاڵمان لێدایەوە، لە پڕ مەلا مستەفا بەپەلە هاتە لام پێی وتم:

- ئەلی. ئەلی.. هەڵسە، دەورمان گیرا.

هەڵسام، دووربینم لە چاو نا، پەکو، ئۆردووی عەجەم و تورک و حەفت دەوڵەتان ئەڵقاو ئەلق دەوریان گرتبووین.. بە مەلا مستەفام وت:

- ئەزبەنی تفەنگێکی برنەوم بۆ بێنن و ئاگرێکم بۆ بکەنەوە.

وتی ئەلی بابە زادە بۆچیتە؟ وتم:

- ئەز غولام ئەز دەزانم.

ئەمری کرد، تفەنگی برنەویان هێنا، ئاگرێکی باشیان کردەوە، داری سەر لوولەی تفەنگەکەم لادا، لوولەی تفەنگەکەم نایە سەر ئاگرەکە، سوور بووەوە، بە پارچە لبادێ گرتم، ریک وەک داس چەماندمەوە! لێگەڕام تا سارد بووەوە، ئەوجا وتم ئێوە خۆتان تێک مەدەن، یەک



ساجی پڕ لە فیشەکیشم لەگەڵ خۆدا برد، چوومە سەر بەرزییێک، لام لێگرتن، هەر کە تەقەم دەکرد، گوللەکە دائیرەییێکی دوورو درێژی دروست دەکرد، سنگی یەکێکی دەپێکا دەردەچوو سنگی یەکێکی دی، یەکێکی دی یەکێکی دی، هەر ئەوە بوو لە خۆمی نەدەدا، ئەرێ وەڵڵا بەسەری ئێوە پەنجا پاکەت گوللەم پێوەنان، قرم بڕین. ئاوها لەو مەحاسەرەیە رزگارمان بوو!

عەلی بابە زادە — بە قسەی خۆی- پێشمەرگەی هەموو شەرێک بووە، سەدو چەند جار بریندار بووە، رەفیقی گیانی بە گیانی ماوو گاگارین و کنێدی بووە، ئیمپراتۆری ژاپۆن و شاژنی بەریتانیا سوێندیان بەسەری خواردووە، میوانی شەرەفی گەلێ کۆنگرەی جیهانی بووە، لەبەرئەوەی — خۆی وەتەنی — لەو کۆنگرانەدا زۆر خزمەت کراوم و ئیحترامی زیادیان لێگرتووم، بۆیە لە رووم نەهاتووە باسی — مەسەلەی کورد بکەم! — دەنا قەد کورد نەدەگەیشتە ئەمرۆژە رەشە... )

هەی قوڕ بەسەر ئەو کەسەی ئەم قسانەی عەلی بابە زادەی، لە روویدا نەدەسەلماند، ئیدی ژیاننامەییێکی دەسکردی ئەوتۆی قێزەوەنی بۆ سازدەدا، مەگەر خوا بزانێ چۆن لە خوشک و دایک و ئامۆزاوە دەستی پێدەکرد، چۆلەکەی سەربانەکەیانیشی دەخستە نێو لیستەی: حەیفێ بۆ ئەو سەردەمەی کە — مەگەر خوا خۆی بزانێ — بە مەترەق چیم کردووەو چەندم منداڵ لێبوون، ئێستایش (حەیفێ) نایانناسمەوە!!

عەلی بابە زادە، چەندین ناوی نهێنیی هەبووە، لە چەندین پایتەختی دنیادا (ئینقلابی) عەسکەری کردووە، ئەگەر ئینقلابەکان سەرکەوتووبان:

(- هەموو هەر بەهێزی ئەم بازووانەی خۆم و ئەم عەقڵەم بووە)

لە هەر شوێنێکدا نووشستی هێنا بووبێ:

(- خەتای ئەو خوێرییانە بوو، لە قسەم دەرچوون، چەند جارم بە (ضن یات ضن) نەکەی بڕۆی... کەچی ڕۆیشت و سەری لە منیش تێکدا، بە لال بەهادر شاستریم وت: بەقسەی کاکی خۆت بکەو ئەم سەفەرەت دواخە کەچی بەسەری ئێوە بەقسەی نەکردم، چووە مۆسکۆ، لە وێدا مردو سەری لە منیش تێکدا!!)

عەلی بابە زادە، قەناعەتێکی تەواوی بە خۆی هێنا بوو، ئەوەی دەیڵێ راستەو خیلافی نییە.. عەلی کەسی نەبوو، بەسەدان جۆر باوک و براکانی خۆی بە شەهید کردن دابوو. گەلێ حەزی بەوشەی شەهید دەهات، زۆر جار لێی تێک دەچوو دەیووت:

(- جاری یەکەم کە شەهید بووم لە فلانە شوێندا!!)

دایکیشی کچەزای، یازازای، یا زا زا زای هۆلاکو بوۆ

(- نازانم.. دایکم حەزی نەدەکرد باسی باوباپیری خۆی بکات من لە دەمی خاڵوانی خۆمەوە بیستوومە...)

عەلی لە ساڵی **١٩٦١** ەوە سەرەتا لە بادینان، پاشان دەشتی هەولێر، گەرمیان، هەورامان، ئامێدی، شەنگار، بەمۆ، پێشمەرگە بووە، دە ئەوەندەی دیش بگەرابا نەیدەتوانی پیتی (ع) و(ح) تەلەفوز بکات. لە



هەموو پێشمەرگەکان، ورە بەرزتر، نەترس، بۆ حاڵ و حیسابی خۆی زیرەک، کەوگیر بەدەست ئاشپەزێکی لێهاتوو.. ئیشە سەرەکیەکەی ئاشپەزی بوو..

ئەو ماوەیەی نێوان ئەحمەدو مچە تا لای عەلی بابە زادە گەلێ کەم بوو، هی ئەوە نەبوو ئەحمەد هەندێ شتی عەلی بۆ مچە باس بکات، تەنها ئەوەندەی وت:

- دوایی بۆت باس دەکەم.

نزیکی عەلی بوونەوە، ئەحمەد بە دەنگێکی بەرز رووی لە (عەلی) کرد.

- مام عەلی بەیانیت باش.

- باش.

- چۆنیت؟

- باش

- ئەڵێی نامناسی.

- باش...

دەیویست بڵێ باش ناتناسم بەڵام هەندێ بێتاقەت بوو قسەکەی تەواو نەکرد.

- یانی هەر نامناسیەوە.

- بڵێم چی.. تۆ (هەمبە رەهیم نییت؟!)

- نەخێر...

- ئەدی تۆ... تۆ پیری و سەد ئەیب!!

ئەحمەد پێی سەیر بوو عەلی بابە زادە باسی پیری خۆی دەکات.. سەیرە، بۆ زیاتر دواندنی وتی:

- نەخێر یەکێ ئەیب.
- چییە ئەو ئەیبە؟
- پیرییە.
- زارخۆش ... پێت نەگوتم جەنابت کێیە؟
- پێت نالێم، تاخۆت هەڵینەهێنی.. من و تۆ ڕەفیقی یەکدی بووین.
- ئەوها .. لەکوێ؟
- سەلامەت بی بیری لێکەوە.. فکرت لە مەسەری دنیاوە ببە بۆ ئەوسەری دنیا,
- دنیا چکۆلە بووەتەوە.. سەیرێکی ئاسمان بکە. بزانە چەندت لێوە دیارە؟
- ئەمە دنیای ئێمەیە.
- زار خۆش.. هەر هەندە باشە دەنا....
- دەنا چی مام عەلی؟
- بۆمان بەرێوە ناچێ!
- تۆ بڵێی؟
- ئەرێ واللە...



ساڵی **١٩٧٤** و تا مانگی سێش (عەلی) لە هەمان مەقەر بوو کە ئەحمەدی لێ بوو، لەوێشدا تەباخ بوو، وەکێ دەگێڕنەوە، ڕۆژانی یەکەمی ئاشبەتاڵ لێگەڕابان خۆی دەکوشت.. لێنەگەران (عەلی) تەسلیم بە هیچ شوێنێکێ نەبوو، گوڕی دابووە بەر خۆی، چەکی کۆکردەوە، لە ئەشکەوت و پەنا شاخ و شوێنی قایمدا دەیشاردەوە.. مانگێ زیاتر تاقە نەفەر بووە، بەو کێوانەدا سووڕاوەتەوە. پاشان هەر کەویستوویەتی پێشمەرگە سەری هەڵداوەتەوە، بە هەر جۆرێ بووەخۆی گەیاندووەتە نێویان، هەرچی پارەو پوولێکێ کە لەو چەند ساڵەدا بۆ خۆی بە یەکییەوەی نابوو، هەر هەموویان دەداتێ، شارەزای ئەو شوێنانەیان دەکات کە چەکێ و تەقەمەنی تیادا شاردۆتەوە...

ئەحمەد گەلێ سەری لە عەلی بابە زادە سورما، بۆ ئەوەی بیهێنێتە قسە، پێی وت:

- مام عەلی.. گەلێ گۆڕاویت.. بێتاقەت دیاری.
- نەء.. بابیخۆم بێتاقەت نیم.

کەمێکێ وەستا بێ ئەوەی چ پرسیارێکی لێکرێ، لە خۆرا وتی:

- من چم هەیە؟ هەژارێکی بێکەس، ئاوارە، هەر لە منالییەوە دەربەدەر، منالبووم باوکێ و دایکم مردن.. هەند سەرکوێرکرام، هەند برسی و رووت بووم.. هەند ... خۆزیام بە چەکێ دەخواست.. بە نانەسکی ڕەنجبەریم دەکرد، پاشان ڕێم کەوتە نێو ئێوە، بوومە تەباخ، تەباخی مەسئوولەکان ئەوان هەرچییەکیان دەوت وامدەزانی ڕاست

دەکەن، منیش دەمگوتەوە، چم نەدەزانی، ڕۆژ بە ڕۆژ فێری قسەو شتی تر بووم، چەن ساڵە؟ تەمەنێکە ئێوە هەموو کەسوکارێکی من بوون.. باوک و برام بوون، ئێوەیش هەناسەیێکی ئەوتۆی هەڵکێشا دەتووت ناخی دۆزەخە (هەیفێ ئێوەش..) مام عەلی قسەکەی تەواو نەکرد.. عەلی بابە زادەکەی جاران نەبوو، قسەکانی زۆر کورت بوون.

کەمدوو، بەڵام لە ڕووی دەرەوە هیچ نەگۆڕابوو، بە دەستوری جاران، بەلەک پێچ لەپێ، فەرەنجی لەشان، سێ رەخت لە پشت دووربین لەمل، هەمیشە تەییار.

ئێوەیش تووشی ئاشبەتاڵ بوون.

ئەحمەد ویستی دڵی بداتەوە عەلی بەردەوام بوو.

- هەیفێ پیر بووم و هیچم نەکرد.. هەر هیچ .. پیر بووم..

- نا.. نا. زۆر پیر نیت.

- نەخێر.. ئەم قسانە مەکە.. پیر بووم.. بەڵام هێشتا دەمەوێ لەگەڵ ئێوەدا بم.

مام عەلی وایدەزانی ئێستا ئەحمەد پێی دەڵێ بۆ؟ کە ئەحمەد بێدەنگ بوو چ قسەیێکی نەکرد مام عەلی وتی:

- دەمەوێ بە تفەنگەوە بمرم!

ئەحمەد هەر بێدەنگ بوو.

- یانی کە مردم چەکدار بم!

❊



هەر کە ئەحمەدو مچە چوونە دەرێ نەسرین ویستی خۆشەویستی و سۆزی خۆی بۆ هیام هەڵڕێژێ.. نەسرین لەو کەسانە بوو لە ڕوو بەڕوودا، بە دەربڕین کەمتر دەیتوانی گوزارشت لە ناخی خۆی بکات، تەنها بە چاو وڕیتمی وشەکان و زەردەخەنە گوزارشتی دەکرد... سەرەڕای گەرمی قسەو باسەکەی دوێنێیان و سەرەڕای ئەوەی نەسرین گەلێ سەرزەنشتی بەدگومانییەکەی خۆی کردبوو، بەڵام هەندێ قەڵس بوو، ئەویش سەبارەت بە (کوردو تورکمان) ەکەی هیام بوو، دوێنێ هی ئەوە نەبوو لەم ڕووەوە نەبپرسێ و نە رای خۆی دەربڕێ، بەڵام ئێستای بە هەل زانی، بۆ ئەوەی چ گرێیەکیش لە دڵی خۆیدا نەهێڵێتەوە ڕووی لە هیام کرد:

- هیام خان، چاک بوو دوێنێ چ کەسێکی غەریبە گوێی لە قسەکانمان نەبوو..

هیام لە مەبەستی نەسرین نەگەیشت، فکری بە لایێکی دیدا چوو، بەبێ حەوسەڵییەوەوتی:

- بۆ.. خۆ پێت وانیە درۆم کردبێ؟ یا.

نەسرین قسەکەی هیامی بڕی.

- نەخێر مەبەستم ئەوە نییە، تو خراپ تێمەگە، مەبەستم ئەوەیە دەربارەی تورکمان... یانی گەر غەریبێک گوێی لێباین تەواو پێچەوانەی بیروڕای ئێمە لەلای ئەودا دەبووە راستی بیرورامان..کەی

ئێمه، ڕەوشتی ئێمه ئەوەمان لێقبوڵ دەكات بەو شێوەیەی دوێنێ باسی كوردو توركمان بكەین.

هیام ئیستێكی كرد، هەموو قسەكانی دوێنێی خۆی وەبیردا هاتەوە، هەستی نەكرد شتێكی كەم و زیادی دەرحەق توركمان وتبێ بۆیە بەداكۆكییەوە چەند جارێ دووبارەی كردەوە:

- من توركمانم.. بە توركمانی لە دایكێ بووم و بە توركمانیش دەمرم بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ لەبەر ئەوەی توركمانم نابێ باسی كەسانی (توركمان )ی مانەندی باوكم نەكەم..

- نەء.. مەبەستم ئەوە نییە، مەبەستم شتێكی دییە، ئەویش ئاشكرایە لە نێو كورداندا كەسی وا هەن، باوكت بە تۆزی پێیان ناگات. ئەمەیش یەكێكە لەو حاڵەتانەی كە چ میللەتێكێ لەو جۆرە كەسانە بێبەری نیە.. مەبەستم ئەوە بوو، چ كەسێ نەبوو لە نێو ئێوەدا بە چاوێكی دییەوە بڕوانێتە مەسەلەكەت و بە ئاستەم سوكە یارمەتییێكت بدات؟

هیام ڕووی گەشایەوە، زەردەخەنەییێكی مناڵانە نیشتە سەر لێوەكانی:

- ئا.. ئێستا تێگەیشتم.. باوەرت هەبێ نەیشت پرسیبا، خۆم باسم دەكرد. خاڵە شاكرم دەناسی؟

- چۆن نەتبینیوە؟ ئەی خەڵكی گەڕەكێ نین؟

- با بەڵام نایێتەوە خەیاڵم.



- چۆن؟ ئەو كەڵەگەت و باریكەڵە... ها.. لەبەردەمەوە نەختێ سەری رووتاوەتەوە

- ئێ.

- یانی نەتبینیوە.

- ئێ بڵێین..

- چۆن، ئەو كورەی هەمیشە ریباتێكی سووری دەبەست!

- ئێ بڵێین دیومە..

- ئا .. ئەو خاڵە شاكرەم زۆر پشتی گرتم، لە دواییدا هەر ئەو فریای من و مچە كەوت.

- چۆن؟

- ئەو رێی بۆ خۆشكردین.. ئەو ئێمەی گەیاندە ناو پێشمەرگە. خاڵم هەر لە مێژە حەزی لە باوكم نەدەكرد، باوكیشم وەكێ خۆی دەیووت: سەكێ ببینم و شاكر نەبینم باوكم دەیووت: شیوعییە. شیوعی دین و ئیمانی نییە، كەی توركمان بووە بە شیوعی ئەگەر كەسێ بە باوكمی وتبا: هەزاران توركمانی دی شیوعین یەكسەر كەللەیی دەبوو، تفی لە دارو بەرد دەكردو دەیووت: (درۆیە ..درۆیە..ئەوانە توركمان نینن خوا دەزانێ چ سەگبابێكن، توركمان یەعنی توركمان بە كورتی خۆی بە خەلیفەی (ئەتاتورك) دەزانی.

- ڕەنگە گەلێكی پێخۆشبا گەر بەویشیان وتبا (ئەتا تورك)

- حەتما گەلێکی پێخۆش دەبوو... جار جارێ هەندێ کەس بە باوکمیان دەووت: سمێڵەکەت بە سمێڵی شیوعیەکان دەچێ!

- باوکم تووڕە دەبوو دەیووت: گو بخۆن! سمێڵی من بە سمێڵی ئەتاتورکێ دەچێ.. پێیان دەووت: ئەتا تورکێ سمێڵی نەبوو، باوکم دەیووت: لە ڕقی شیوعیەکان سمێڵەکەی خۆی تاشیبوو، پێیان دەووت: ئەی تۆ بۆچی لە ڕقی شیوعیەکان سمێڵەکەت ناتاشی، لە بری ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، کەچی بە ئەوپەڕی گەوجی و گەمژەیی خۆی دەخستە ڕوو، دەیووت: بڕوا ناکەم مستەفا کەمال پاشا سمێڵی نەبووبێ، با بپرسم! کەچی ئەوەندە حۆڵ بوو، لە بیری دەچووەوە کە لە ماڵەکەیدا ژوور نەمابوو وێنەیێکی ئەتاتورکی تیا هەڵنەواسی بێ، نەسرین خان تکات لێدەکەم وا مەزانە لەبەرئەوەی باوکم حاشای لێکردووم.

ئەم قسانە دەکەم حەز دەکەم دڵنیا بیت من حاشا لە باوکم ناکەم، من کچی ئەوم.

- ئەڵێم .. خاڵە شاکرت؟

هیام هەستی کرد لە باسەکە دەرچووە زوو بایدایەوەو جوابی نەسرینی دایەوە.

کە خاڵە شاکرم بڕیارەکەی باوکمی بیست بە هەڵەداوان هات وتی:



- محمد ئەفەنی، مەکە پیاوبە.. پیاو شتی وا ناکات، هیچ نەبووە، هیام هێشتا مناڵەو غەڵەتێکی بچوکی کردووە، ئەمەش ناکاتە ئەوەی تۆ بەم شێوەیە ڕەفتار بکەیت.

نەسرین قسەکەی هیامی بڕی و پێی وت:

- بۆ خاڵت ئەم کارەی تۆی بە غەڵەت دەزانی.

- نەخێر، بەڵام بە زمانی تایبەتی لەگەڵ عەقڵەکەی باوکما قسەی دەکرد.

- باوکت چ جوابێکی دایەوە.

- وتی: تۆ دیفاع لە هیام دەکەی، بۆ دیفاع لە خوێنەکەی زوهیری برات ناکەیت، خاڵم پێی وت: هەمیشە دیفاع لە خوێنەکەی زوهیر دەکەم، زوهیریش یەکێ بوو لەو بێ گوناهانەی کە لە هیچە کوژران.. باوکم پێی وت: باشە شاکر کێ زوهێری براتی کوشت؟ ها خاڵم بە هێمنیەوە وتی: کریگرتە.

باوکم وتی: یانی کوردەکان.

خاڵم وتی : نەخێر

باوکم پرسی: ئەی کێ؟

خاڵم وتی: پێم نەوتی، کریگرتەو ئاژاوەگێڕ.

باوکم وتی: ئێ.. یانی کوردەکان.

دیار بوو هیام لە دووبارەکردنەوەی (باوکم وتی) خاڵم وتی وەڕەس بووبێ ئیدی بە پێی ئیقاعی وشەکان لە نەسرینی دەگەیاند چ قسەیێک هی باوکیەتیو چ قسەیێکیش هی خاڵیەتی: خاڵە شاکرم وتی:

- دیارە تێناگەیت.
- من تێناگەم.. جگە لە کورد کێ ئاژاوەچی و کرێگرتەیە؟
- ئینسانی بێعەقڵ زۆرە.
- ئێ، هەر دەکاتە کورد!
- نەخێر..
- ئا ... کوردو شیوعیەکانیش،
- وتم نەخێر.
- ئەی کێ؟ خۆ من زوهیری براتم نەکوشتووە.. من مقاومە شەعبی بووم؟ من..؟

کێ بوو دەیان کەسیان بە گوریس دەبەستەوە بە زیندوویەتی سەحلیان دەکرد؟ من بووم؟

کێ بوو ماڵیان تالآن دەکرد، دوکانیان دەشکاند؟ من بووم؟ بۆ خۆت گێل دەکەیت؟

لە بیرت چووەوە، ئەو ڕۆژانە هەر کەسێ بەنانی وتبا (ئەکمەك) دەیانکوشت. کێ بوون؟ من .. ها، بۆ قسە ناکەیت؟

- وتم کرێگرتە، ئاژاوەگێڕ، بێعەقڵ.
- ئێ .. هەر دەکاتە کورد...



- نا.
- با.. ئەی ئەوە نیە من بەکرێ هەموو شتێکیان پێدەکەم. قۆندەرەکانم بۆیاغ دەکەن، ئاودەستخانەم بۆ پاك دەکەنەوە، حەماڵیم بۆ دەکەن.. کورە عەیبە پیاو قسە بکات، قسەم پێ مەکە هەی.. بەوەڵڵاهی ئەگەر پارەیان بدەمێ گەوادیشم بۆ دەکەن.. شاکر تۆ مناڵی مناڵ نایاننناسی، بە پارە برا برای خۆی دەکوژێ، نایانناسی، مێرد ژنەکەی دەداتە گان، باوك سەری کوڕی خۆی دەبڕێ تۆ ناییناسی شاکر، نازانی ئەمانە چ وەحشییەکن، وەحشین وەحشی، نابێ روویان بدەیتێ. نابێ هەر بە ئینسانیشیان بزانین، چونکە ئینسان نین.
- نەخێر وانیە.خراپ تێگەیشتوویت.
- خراپ تێگەیشتووم؟ .. بۆ من لە کوێدام.. لە بازاڕ نیم.. لە بازاڕدا لەگەڵ کێدام. خۆ ئەوەندەی کورد دەبینم تورکمان نابینم، بە قەدەر هەر هەموویان کوردی دەزانم، من بە تەجرەبەی ژیانی ڕۆژانە دەیانناسم.. جەنابیشت.. بەم تەمەنەوە دوو کتێبی حیزت خوێندووەتەوە. گوایە لە من چاکتریان دەناسی.
- مەسەلەکە وانیە... کوردان زەلامی وەکو تۆیشیان هەیە
- وەکو من؟
- بۆ نەء؟
- چیتر؟
- حەماڵ و بۆیاغچی تورکمانیش هەن.

- ئەمە کاسبییە.

- ئەی بۆ بۆ کوردەکان کاسبی نەبێ؟

- ئەوان کوردن و ئە!

- یانی چی کوردن و ئە، کاسبن، گەورەن، خاوەنی خۆیانن، بە ئارەقەی نێو چووان نان پەیدا دەکەن.

- وانییە.

- وایەو زیاتریشن و.. محمد ئەفەنی، کێ بوو تێزابی دەپرژانە دەموچاوی کوردەکانەوە، کێ بوو چەن رۆژ جارێ بەدەمانچە رەشەکوژ دەکران کێ بوو؟

- ئا، شاکر عافەرم پرسیارەکەت زۆر لە جێی خۆیەتی، دەگوێ لە من بگرە.

- فەرموو.

- من دەڵێم ئەمەیان کرێگرتە دەیکرد. تۆ وەک من نازانی وشەکانت چۆن بەکاربێنی، تۆ ئەو قسەیە دەکەی کە بیستووتە، یا خوێندووتەوە، بەڵام من ئەوەت بۆ باس دەکەم کەدیومە.. وتت کێ تێزابی دەپرژانە دەموچاوی کوردەکان؟ ها؟ کرێگرتە. کرێگرتە کورد ئا کورد تێزابی دەپرژانە دەموچاوی کوردەوەپێت سەیرە؟ نا پێت سەیر نەبێ. ئێمە .. منیش.. یانی تورکمانە بە شەرەفەکان ئەوانەی کە هەرگیز خوێنی زوهیرو رەفیقەکانی زوهیریان لە بیر ناچێتەوە، تێگەیشتی. ئێمە ئەو کوردانەمان بەکرێ دەگرت، پارەمان دەدانێ، هەر



ئەوەندە لەسەر ئێمە بوو دەستنیشانی ناوێکیان بۆ بکەین، حاڵی بوویت؟ ئیتر خۆیان مشووری کاری خۆیان دەخوارد... وتت کێ بە دەمانچەوە کوردی دەکوشت، هەر هەمان جوابم هەیە. هەر پاشانیش بە کوردێکی تر، کوردە پیاو کوژەکەو کوردە تێزاب هاوێژەکەمان دەدایە کوشت.. ها، پێت چۆنە. ئەفەنی جەنابت خوێنەوارەو محمد ئەفەنیش هەر بە ئاستەم دەزانێ ناوی خۆی بنووسێ.. ئێستایش رەنگە جەنابت بپرسیت بۆ ئەمەتان کرد؟ وانیە.. توخوا وانیە، قوربان شاکر ئەفەندی لە بری جەنابت دەکرا، لە تۆڵەی زوهیر برای جەنابت دەکرا، حاڵی بوویت شاکر ئەفەندی ئێستایش هاتوویت لە بری ئەوە بڵێیی : محمد ئەفەندی ئەگەر ئێمە خوێنی شەهیدەکانی خۆمان فەرامۆش بکەین لە ولاخ کەمترین، نەسیحەتی من دەکەی.. باشە ئەوە لەبەر خاتری جەنابت، ئەوەی مەبەستم بوو بیکەم هەندێکی تریشی دەخەمە سەر، حاڵی بوویت ئەفەندی؟

- لەگەڵ تۆدا قسە ناکرێ.

هیام بە بزەیێکی پڕ ماناوە وتی:

- نەسرین خان لەبەر خاتری دایکم نەبوایە، باوکم بە شەق خاڵمی دەردەکردە دەرێ

نەسرین لە چاو و دڵی خۆیەوە، هەروەک ئەوەی هەموو دایکێک بە دایک بزانێ پرسیارێکی ساکارانەی لەدەم هاتە دەر:

- ئەی دایکت هیچی نەووت؟ هیچی نەکرد؟

هیام چاوی برییە سوچێکی ژوورەکە، بە دەنگێکی هەندێ کرخەوە وتی:

- نەخێر.. شتێکی وا نەبوو

بە دەنگە ئاساییەکەی وتی:

- دایکم سێ جۆر بوو، هیچیش نەبوو، یادی بەخێر.

نەسرین بەسەر سوورمانەوە لێی پرسی:

- چۆن سێ جۆر بوو و هیچیش نەبوو تێناگەم.

- یەکەم لە ڕووی باوکمدا هەر هیچ نەبوو، تەنها ئەوەندەی لەسەر بوو بڵێ:

- (بەڵێ) باوکیشم وەکوو مزراح دەسوڕاندەوە.

- دووهەم لە ڕووی مندا هەندێ جار سۆزی ئافرەتانەو دایکایەتی هەڵدەچوو، دەستی دەکردە ملم ماچی دەکردم، دەگریا، دەگریا، دەگریا، جنێوی بە باوکم دەدا دەیووت: با بێتەوە بزانە چی پێدەکەم، کە باوکم دەهاتەوە ماڵێ دایکم دەبووەوە بە (ڕەسمییەی ژنی محمد ئەفەنی) هەر بەڵێ بوو لە دەمیەوە دا دەباری. باوکم گەر بیوتبا: ڕەسمییە ماست ڕەشە، وانیە؟ دایکم بێ سێو دوو وبیرکردنەوە دەیووت: بەڵێ.

سێهەمیش، لەلای ماڵی خاڵمداو بە تایبەتی لەگەڵ خاڵە شاکرمدا شتێکی دی بوو، گوێی دەگرت قەناعەتی دەهێنا، نابێ بیەڵێ باوکم شتێ لە من بکات دەنا یاخی بێت و بەجێی بێڵێ، هەر هیچ نەبێ قسەیێک بکات. هەر کە لە ماڵی خاڵم دەگەڕایەوە کۆڵێ بڕیاری



پێبوو. کە باوکمی دەبینی فس دەبووەوە! بە کورتی دایکم هیچ نەبوو، زۆر دەترسا نەسرین خان، کاتێ خاڵە شاکرم نەخشەی بۆ کێشام کە پەنا بێنمە بەر هاوڕێکانی فەرەیدون- دایکیشم ئاگای لەو نەخشەیە بوو- ئیدی ڕەنگی تێکچوو، دەلەرزی، وایدەزانی باوکم ئاگای لە هەموو شتێکێ هەیە، ئەو ماوەیە ترسی سەرەکیم ئەوەبوو دایکم لە خۆیەوە لە نێو باسێکی دییەوە کە هەر پەیوەندی بە منەوە نەبێ بڵێ: وەڵلاهی من نازانم. کێ نەخشەی بۆ کێشاوە، من نیم، ئیتر لە بنی کولەکە بدات

هیام وابێ خاڵت نەخشەی بۆ کێشان.

- نەک هەر نەخشەکە، بەڵکو گەلێ یارمەتی مچەیشیدا.. هەر ئەویش بوو پێی وتم: ئەگەر بە ڕاستی فەرەیدونت خۆشدەوێ، ئەگەر پێت خۆشە فەرەیدون بەختەوەر بێ، تۆ بەردەوامی بە ڕێگەکەی ئەو بدە.

❊

لەگەڵ هەموو پاچ وەشاندنێکدا ئەحمەد لەبەر خۆیەوە دەیووت:

(- دەمەوێ بە تفەنگەوە بمرم.. یانی کە مردم چەکدار بم.)

بە هیچ جۆرێکیش وێنەی عەلی بابە زادە لەبەر دیدەی لا نەدەچوو.. لە کاتی ئیش کردندا هیام دەیویست ئەو ڕستە بەهێزو پڕ مانایەی خاڵە شاکری بگەیێنێتە ئەحمەد:

( گەر بە ڕاستی فەرەیدونت خۆشدەوێ، بەردەوامی بە ڕێگەکەی بدە..)

جار جارێکیش هیام و مچە و چەند پێشمەرگەیێکی دی یارمەتی ئەحمەدو نەسرین یان دەدا، ژوورە سەنگەرێکیان بە چەند ڕۆژێ تەواو کرد، بەڵام لێکدانەوەو دوا قسەی عەلی بابە زادە لە مێشکی ئەحمەدا تەواو نەبوو.

# ٢

تا مانگێ فەرەیدون لە ژووری (هەیئەی تەحقیقی کەرکوکێ دا) ورو کاس بوو، قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، چ کەسێکیش ئەمی نەدەدواند، زیاتر هەر بە خۆیدا دەهاتەوە، لەو ماوەیەدا شەوان تا درەنگانێ خەوی لێنەدەکەوت و گینگڵی دەدا، پێی وابوو بە غەڵەت گیراوە، ورێنەی دەکرد:

(- سبەی، بەڵێ سبەی بەرم دەدەن. ئەی چۆن بەرم نادەن؟ خۆ نازانن لەسەر چی منیان گرتووە، خۆیشم نازانم لەسەرچی گیراوم. نازانم چییان لێدەوێم، هەر جارەو بیانوویێکم پێدەگرن و تەعزیبم دەدەن. بۆ؟ لەسەر چی؟ چیم کردووە؟ نازانم . حەتمەن ماندوو دەبن، بێزار دەبن، بەرەڵلام دەکەن، ئا بەرەڵلام دەکەن! ئەی چۆن، پێشم دەڵێن: بمانبورە ناوەکەت لە ناوی کەسێکی دی دەچوو ئێمە تۆمان بە غەڵەت گرتووە، بەرت دەدەین بەڵام بەشەرتێ، بە هیچ جۆرێ باسی ئێرە نەکەی،

بەرم دەدەن، منیش باسی ناکەم نا.. هەر بەرم دەن.. حەتما بەرم دەدەن. چاوەڕوانیەکەی زۆری کێشا، وردە وردەش، هێزو ورە ناخی فەرەیدونی جێ دەهێشت، بێزارو ماندوو بوو، ئیدی لەبری وڕێنە، زۆربەی شەوان، سەراپای ژیانی خۆی دەهێنایەوە بەرچاو، لە ڕووداوە ناسۆرەکانی تەمەنی خۆی رادەما، بەچاوی زەبوونییەوە دەیڕوانیە یادەکانی و هەڵیدەسەنگاندن، لەگەڵ هەر یادەو جۆرە تێفکرینێکی نوێی ئامێتە دەکرد، کاە بۆی زیاد دەکرد و گاە لێیانی دەقرتاند، هەند یادەکانی خۆی جوی بووەوە، هەستی بەوە دەکرد کە لە رادە بەدەر یادی لێبار کراوە، زیاتر لە تەمەنی خۆی تەجرەبەی هەیەو هەندەی چەن ئینسانێکی لەخۆی بە تەمەن تریش دنیای دیوە! کەچی بە ئەستەمیشی دەزانی ئەو یادانە لە نێو مێشکی خۆیدا جێی هەمیشە (نووستوویان) بۆ خۆیان کردووەتەوە وە ئاگایان بێنێتەوە، چاودێر ئاسایش بڕواننە هەڵسوکەوتی.. وردە وردە وای لێهات، وەکو جاران کەیفی بەخۆی نەدەهاتەوە کە خاوەنی ئەم هەموو یادە تاڵ و شیرینەیە!

*

ژوورەکە تەنگ و بەندەکان زۆر، فەرەیدون نەیدەتوانی شوێنێکی خۆی بخورێنێ، دەستی بەر لەشی کەسێکی دی دەکەوت. چل کەسێ بوون کەڵەکە کرابوونە سەریەک، تەنها فەرەیدون بوو نەیدەزانی لەسەر چی گیراوە، ئەوانی دی. هەریەکەو تاوانێکی خرابووە پاڵ، بەراست یا بە درۆ لەسەر سیاسەت گیرابوون.



*

یەکەم ڕۆژ کە فەرەیدون گیرا، پاش هەندێ تێهەڵدان، هەر ناوی خۆی و باوک و باپیریان لێ پرسی و هیچی تر! سەرەتا ترسێکی لە رادە بەدەری لێنیشتبوو:

(- دەترسم ئیعترافیان لەسەر کردبم،، تۆ بڵێی بتوانم، ئەوانەی ئیعترافیان لەسەر کردووم بە درۆ بخەمەوە، چەن کەسێک لە گرتن و کوشتن رزگار بکەم، تۆ بڵێی توانای ئەوەم هەبێ خۆڕاگرم و چەواشەیان کەم، نەهێڵم بە ئاستەم ئیستفادەم لێ بکەن.. تۆ بڵێی بتوانم وەک ئەو کەسانەم لێبێ، کە بەسەربەرزی و نەترسییەوە، چوونەتە پای سێدارە؟ یا نەتوانم، ترسنۆک و بێ فەر بم، لەبەر خاتری چەن رۆژ ژیانێ منیش ئیعتراف بکەم و ماڵی سەدان کاول بکەم و ئەوجاش هەر سەرشۆڕ بم؟!

تا ماوەیێک هەر هەمان پرسیاریان لێدەکرد، پاشان پێیان وت:

- خۆت ئەزیەت مەدە، ئەزیەتی ئێمەیش مەدە. ئێمە هەموو شتێک دەزانین. ئیتر ئەزیەتمان مەدە!

فەرەیدون پێیانی وت:

- من هیچ نازانم

پێیانن وت:

- لە سەرەتادا گەلێکی وەکو تۆ دەیانوت هیچ نازانم ئێمەیش خۆمان دەزانین چۆن فێرت دەکەین. فێرت دەکەین چۆن بڵێیت (بەڵێ)

! زۆرمان فێر کرد، جەنابیشت نەیەکەم کەسی و نەدوا کەس! حەیوان حاڵی بوویت؟

- بەڵێ.

- ئافەرین کە وتت بەڵێ. دیارە دەتەوێ ببی بە پیاو!

فەرەیدون قەناعەتی وابوو:

(- هیچ شتێکم دەرحەق نازانن ئەمانە ئەمە پیشەیانە، هەر پرسیارەو دەیکەن و بەس، ئەم جۆرە قسانە هەموو شتێک دەزانین لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەیکەن. دوو کەس — گەر هاوڕێی یەکدیش بن- لەسەر هەر شتێ تووشی دەمەقاڵێ بن و پۆلیس بیانگرێ، لە یەکیان جیادەکەنەوە، پاش هەندێ جنێوو هەرەشە، ئەم جۆرە قسانەیان لەگەڵ دەکەن ...

ئێستا هاوڕێکەت ئیعترافی لەسەر کردی.. ئێمە هەموو شتێ دەزانین بەم فرت و فێڵە، گەلێ ساویلکەیان لەداو نا. نابێ من ساویلکە بم. چاکتر وایە وەک گەوجێ خۆم بخەمە ڕوو، مادامێ هیچ شتێکی دیاری کراوم لەسەر نییە، حەتمەن بە غەڵەت گیراوم و بەرم دەدەن!

پاشان، زۆربەی شەوان، بەر لەوەی هیچی لێ بپرسین بە سێ چوار کەسی کەتەی ملهوڕەوە تێی بەردەبوون، لە پێشدا بەدارو کێبڵ لە بن پێیان دەدا، ئەوجا دووبتڵ غاز — یان پێوە دەبەست و هەڵیاندەواسییە پانکەوە. هەند بێحاڵ دەبوو چ لە مردوویێک کەمتر نەدەکەوتە ڕوو، هەمان قەوانیشیان بۆ دووبارە دەکردەوە.



- ئەگەر ئیعتراف نەکەی دەتکوژین.

فەرەیدونیش دەیووت:

- ئیعتراف لەسەر چی بکەم؟

ئەوان پێیان دەووت:

- خۆت دەزانی، ئێمە ئیعترافمان دەوێ.

تا درەنگێ شەوان ئەمە وەزعی بوو، بە دەموچاوی خوێناوییەوە دەیانگەڕانەوە بۆ ژوورەکە، ها ژوورەکانی فەرەیدون حاڵیان لەم چاکتر نەبوو، بەڵام بە بارێکی دیدا گەلێ لەم باشتر بوون، هەر یەکە دەیزانی لەسەرچی گیراوە. هی وایان هەبوو شانازی بەوەوە دەکرد کە جەللادەکانی شەکەت کردووەو ئیعترافی لە دەم نەهاتووەتە دەر! هی واشیان هەبوو هەند خۆراگر و ورە بەرز بوو تەنانەت ئەو کەسانەی بە درۆ دەخستەوە کە لەیەک شانەدا بوون.و ئیعترافیان لەسەر کردووە...

*

ژوورەکەی ( هەیئەی تەحقیق) دنیایێکی سەیر بوو، سنوری بۆ هیچ شتێک نەبوو، چ یاساییێکیش ئەو ژوورەی نەدەگرتە خۆی گەر (قەرەقوش) مابا تاوانی ژوورێکی ئاوهایان خستبایەتە پاڵ ئەوا هەزار جار حاشاو نەفرەتی لێدەکرد.

زۆر جار ئەندامانی (هەیئەی تەحقیق) بۆ تاوانبارکردن و ئیعدام کردنی کەسێ (شقارتەیان) هەڵدەدا، قوربەسەر ئەو کەسەی شقارتەی بۆ هەڵدەدرا، گەر شقارتەکە لەسەر لا کەوتبا، دەیانووت:

- ئا.. ئەوە نیە تاوانباری، ئێمە لە دڵی خۆماندا وتمان:
ئەگەر شقارتەکە لەسەر لاکەوت ئەوا تاوانبارە!
گەر شقارتەکەش لەسەر تەنیشت کەوتبا، پێیان دەووت:
- وامان دانابوو. گەر بێ تاوان بێت ئەوا شقارتەکە لەسەر لا دەکەوێت!!

*

هەندێ لە ئەندامانی (هەیئە) کۆنە شیوعی بوون، ئەندامی بەرزی کۆمیتەیێکی ئەو حیزبە بوون، هەر لە هەمان ئەو ژوورەدا بەر لە — چوار پێنج ساڵێ- ڕۆژانێ پیاوەتی خۆیان تیا گوزەراند بوو، هەر لە هەمان ژووریشدا، رووخان و تەپین، بوونە چڵکاو خۆرو ئەڵقە لە گوێی دەوڵەت! (ئەوانە) تۆڵەی خۆیان لە بەندەکانی ژوورەکە دەکردەوە، وەکێ ئەوەی پێیان بڵێن:

خەتای ئێوە بوو.. ئا خەتای ئێوە بوو، ڕۆژانێ ئێمەیش پیاوبووین.. گەر ئێوە نەبان، ئێمە لە پەراوێزی پیاوەتیدا سەرنجی پیاوانمان دەدا، بیخۆن، کەسانی وەکێ ئێمە دەکەنە پیاو!!

*

ژوورەکە جەهەنمێکە بە ئاسانی باس ناکرێ.

ئەمە قسەی ئەو کەسانەیە کە دیویانە، ئەوی ئەو ژوورەی دیبێ هەرگیز ترس و سامەکەی لە دڵ دەرناچێ. تەنانەت گەر بۆ خۆیشی باسی ئەو شوێنە بکات، لەرز دایدەگرێ، رەنگێ دەبوێرێ و تێکدەچێ.



ژوورێکە، ئەسپێی لە ژمار نایێت، لە نێو برۆ و لەسەر تەڵە مووەکانی ریش و سمێڵیش رشکێ دادەنێن، وەکێ مێروولەش بەدیواردا ریز دەبەستن و هەڵدەگەڕێن، ئەوەی رێی بکەوێتە ئەوێ — کە هەمیشە دەرگای بۆ کوردان لەسەر پشتە- یەکسەر سی چل کەسێ دەبینێ، شرپۆش، سەرو ریش هاتوو چڵکن، لاواز، برسی، بێ حەوسەڵە، هەر ئەوەیە دەجووڵێنەوە..

ئەوێ ژووری (خۆو بەختە) ژوورێکە زۆری بینیوە، کتێبێکی نەنووسراوی مەزنە، دانشگایە، گەلێ ئازاو قارەمانی تیادا دەرچووە، جێو شوێنیان، تەنانەت هەندێ رستەی بە خوێن نووسراویان بەدیواری ژوورەکەوە هەر ماوە، ئەو رستەیە بووەتە کتێبی وەسیەت نامەی کەڵە پیاوان، ورە بەتازە نیشتەجێیەکانی ئەوێ دەبەخشێ، هەروەها گەلێ (فس فس) پاڵەوانیش لەوێدا بوونەتە پێڵاوی (یاساوڵەکان) بەسەر شۆری و مل کەچی جێیان هێشتووە.

ژوورە مەحەکێکە: مرۆ دەخاتە نێو تەرازووی تەمەن

تەرازووی دوو تایش دەستی زاڵم بەرزی دەکاتەوە. ئەو(تایەی) جەستە بە خۆی و غەریزەو ئارەزووە کەم تەمەنەکانی تیادایە، لەو شوێنەدا هەرگیز هاوسەنگی ئەو (تایە) نابێ کە رۆحی تێدایە. لەو ژوورەدا گەر (تای) جەستە قورس بوو، ئەوا (جەستە پەرست) تا مابێ و بژێ دەبێتەوە دوژمنی جەستەو رۆحی، چونکە لەو ساتە هەرە سەختەدا، رۆحی هەراج کردووە، ئیدی تف لە خۆی و مێژووو تەمەنی دەکات،

تەنانەت خەون بە پیاوەتیشەوە نابینێ.. خۆ ئەگەر (تای ) رۆح لە سەنگی کۆی زەمیندا بوو ئەوا (رۆح پەرست) تا ماوەو بژێ، شانازی بەو جەستەیەوە دەکات کە لە کاتی هەرە پێویستدا بوو بە قەڵغانی و نەیهێشتووە رۆحی زەلیل بێ و دا هەزێ و سەرشۆڕی کات..

لەو ژوورە مەحەکە، لەو دانشگایە، تەنها زاڵم بۆی هەیە ببێتە دادوەرو حوکمی راستەقینەی بداتە سەر (جەستەو رۆح) و بڕوانامەی پیاوەتی یا ناپیاوەتی بداتە کەسان. جا بۆیە کەڵەپیاوان سوپاسی دەستی ئەو زاڵمە دەکەن کە تەرازووی تەمەنیان بۆ بەرزدەکاتەوە..

ئەو دەستەش، بەیەکجار تەرازووەکە بەرز ناکاتەوە نەخێر وردە وردە کاری خۆی دەبینێ، جاری وا هەیە چەند ساڵێ زیاتری پێدەچێ، کەسی بەند رۆح و جەستەی لە نێو دوو تای تەرازوودا چاوەڕێی تەکانێک دەبن..

چ چاوروانییێکی بەلەزەتە!

چ چاوەروانییێکی سەختە.. سەرئەنجامیش بڕوانامەی:

شایستەی ژیانە، یا، بارە بەسەر ژیانەوە، دەداتە دەست!

کەمجاریش روو دەدات، کوت و پڕ تەرازووەکە بەرزبکرێتەوە، گەر ڕووبدات حاڵەتەکە کەمتر مەعلووم دەبێ، کە چ تاییێکیان سەنگین ترە.. تەنها ئەوەی تێدایە جەستەو رۆحی کەسە) بە پەلە هەڵسەنگێنراوەکە، لە ئاستی یەک وەک یەک بە نهێنی دەمێنێتەوە، نهێنی خاکیش دایاندەپۆشێ!



❊

هەندێ کەسانی نێو ژوورەکە، هەر زوو دەستوپێییان دەشکێ، (بوختان) بە خۆیاندا دەکەن، قسە دەنێنە سەر دەمیان، تووتی ئاسا دووبارەی دەکەنەوە، ئیدی بەرەو (مەحکەمەی ئورە) مل دەنێن و خۆیان و بەختیان!

هی واش هەیە تا چەند مانگێ خۆی دەگرێ، پاشان ورە بەر دەدات و دەروخێ، دنیا لەبەرچاویا تاریک دەبێ، هەموو ژیانی لا دەبێتە تاقە رۆژێ، ئەو رۆژەش ئەوەیە، کە رۆشنایی ببینێ و بچێتە دەرێی ژوورەکە، هەر کە هەنگاوی بەرەو دەرێی ژوورەکە نا، هاوزەمان هەنگاو بەرەو دۆزەخی ئەڵقە لە گوێی دەنێ، وردە وردە دەبێتە جەللاد، پاشان پلەی دەدەنێ دەیکەنە ئەندامی حیزبی حاکم!

❊

کەسانی نێو ژوورەکە، دەژین، دەجوڵێنەوە، گەلێ جاریش خەون دەبینن لەگەڵ شەق و تێلادا هەستی ئەوەیان پێدەبەخشن هەموو شتێکن تەنها ئینسان نین. قوربەسەر ئەو کەسەی ئەو هەستە لە ناخیا چینە بکات، بە یانیانی زوو بەشەق هەڵیاندەسێنن، بە جنێو سەروچاویان دەشۆنەوە، ژەمە تێلاییێکیان بۆ دەکەنە قاوڵتی، رۆژی یەک سەمون- یان دەدەنێ، ئێوارانیش یەکە یەکە بۆ سەیرکردنی تەعزیبی خۆیانیان دەبەن. لە تەعزیبدا، بڵێی خوا، لەبەر خاتری خوا ئەوەندەی ترت تێهەڵدەدەن، خاتری پێغەمبەرو ئەسحابەکانیش چ لە خاتری خوا کەمتر

نیە. گەر سەد دەر سەد دڵنیا بن هیچ نیت و لە هیچ شتێکدا نیت، ئەوا هەر لەبەر ئەوەی  کوردیت، خزمەتێکی گەورەت دەکەن، خۆت بە خۆت دەناسێنن، تێتدەگەیێنن: کورد یانی چی کورد بوونیش دەکاتە چی!

خۆ ئەو کەسانەی لە محمودیان بیستبوو هەرگیز ئەو روخسارەی لەیاد ناکەن کاتێ کە دەیگێڕایەوە:

(- شەوێکێ سێ کەسیان جیا کردینەوە، تەنها دەرپێیەکی کورتمان لە پێدا بوو پاش دەست و چاو بەستن، سواری سەیارەیەکیان کردین، بە دەنگی تایەی سەیارەکە زانیمان لە جادەی قیر دەرچووین، گەیشتینە شوێنێکێ، دایانگرتین دەست و چاویان کردینەوە، چاڵیان پێهەڵکەندین، مغاویرەکانی مەدرەسەی قتال دەوریان داین، بەحەربە بۆمان دەهاتن فێری پیاو کوشتنیان دەکردن، نازانم چ هێزێ بوو هانی دام،رامکرد گەلێ تەقەیان لێکردم، بە دوامدا دەهاتن و تەقەیان دەکرد، تا بە بلاجکتۆر بۆم دەگەڕان و تەقەیان دەکرد، نازانم چۆن دەرباز بووم، بەرەبەیان — بەڕاکردن — گەیشتمە نزیکێ ئاوەدانییێکێ پاش ئەوەی- خێرەو مەندەکان — بەسەرهاتەکەیان بیست، جل و بەرگیان دامێ و..)

محمود لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیدا سەرتاپای ئارەقی دەردەدا..

خێرەومەندەکانیش کە جل و بەرگیان دابوویێ دەیانووت:

(- شتێ بوو لە نێو دەرپێیەکی سپیدا دەجوولایەوە.)

ئەمانیش لە قسەکردندا، زمانیان تێکێ دەئالاو رەنگیان زەرد هەڵدەگەڕا!



ئەمە بەسەرهاتی تەنها کەسێکی دەرباز بووە، هەزاران بە سەرهاتی کەسانی دەرباز نەبوویش لە نێو لیستەکانی (هەیئە) دا چاوەڕێی رۆشناییین، تا پڕ بەدەم تفێکی خەست لە سەدەی بیست و قانون و بەزەیی و هەرچی شتێکی وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە بکەن، و پێیان بڵێن: ئەم کارەی رژێمی ئێمە میراتی وڵاتانی ئێوەیە.. ئێوە دەزانن و بێدەنگن، ناوێرن دەنگتان بەرزکەنەوە چونکە تاوانی ڕژێمەکانی خۆتان ئاشکرادەبێت.

(هەیئەی تەحقیقی کەرکوکێ) نموونەیەکی چکۆڵەی بەرجەستە بووی حکومەتەکانی ئێوەیە.

لە وڵاتی ئێمەدا ئینسان دەکوژن، لەبەرئەوەی:

کوردن، خەتەرن، وەحشین، سبەینێ جیادەبنەوەو دەوڵەت دادەنێن.

حکومەتانی ئێوەیش، گەر هیچ بیانوویێکیان دەس نەکەوێ ئەوا دەکوژن و پاشان تاوانێکیان بۆ دەدۆزنەوە، هەر هیچ نەبێ بە تاوانی ئەوەی (خەون دەبینن) لەناو دەبرێن، بۆ لەلای حکومەتەکانی ئێوەیش (خەو بینین) کودەتا نییە بۆ سەر حکومەت و دەوڵەت و رەئیس؟!

خۆشبەحاڵت ئینسانی سەدەی (هیچ)

قوربەسەرت ئینسانی سەدەی (بیست) و سەدەکانی داهاتوویش.

*

فەرەیدون خەمی تەعزیبی نەبوو، سڵی لە لێدان نەدەکردەوە، نزیکەی هەشت مانگە لەو ژوورەدایە، زۆر شتی لا گۆڕاوە، هەندێ جار

خۆی بە کەم دەزانی گەر کەمیان لێدابا بتڵ تێ برین و نینۆکێ کێشان و بە پانکەوە هەڵواسین، چەند جارێ خۆیان بە فەرەیدون تاقیکردەوە.. ئەم تەعزیبەی جەستەی هەر هیچ نەبوو، تەعزیبێکی گەورەتر، ترس و خەمێکی لە ئەندازە بەدەری بۆ دروست کردبوو، ترس چینەی لە نێو دڵیدا دەکرد، خەم بەوردە دەمارەکانیا هات و چۆی بوو و دواشانەکانی لەشی بەسەر دەکردەوە. ترسی ئەوەی هەبوو بیکوژن، چونکە لەماوەی ئەو هەشت مانگەدا هەژدە کەسیان لە ژوورەکەدا بردە دەرێ! سیانی دیش لە ژێر تەعزیبدا مردن، ژوورەکەیش هەر پڕ دەکرایەوە.

فەرەیدون خەمی مردنی نەبوو بەڵام خەمی ئەوەی هەبوو سەرباری ئەو وەزعە دەروونییە نالەبارەی کەکەس لەو ژوورەدا نەیدەدواند بکوژرێ، خەمی ئەوەی هەبوو لەسەر هیچ دەکوژرێ. ڕۆژێ چەند جارێ بەخۆی دەووت:

- هیچم نەکردووە.. ڕەنگە هەر لەبەرئەوەی هیچم نەکردووە بمکوژن!

خەمێکی گەورەش ئاڵابووە خەوو حەسانەوە کەمەکانی هەر کە سەیری بەندەکانی ژوورەکەی دەکرد، ئێرەیی پێ دەبردن

— هەر یەکەو لەسەر شتێکی پیرۆز گیراون، گەر لە ناویش چن، دەبنە مایەی شانازی کەسوکاریان، تەنها من نەبێ کە نازانم لەسەر چیو بۆچی گیراوم.



فەرەیدون پڕ بە دڵ حەزی دەکرد، یەکێ لە هاوڕێکانی دەرێی بگرن، بیهێننە ئێرە، ئیعتراف لەسەر ئەم بکات، تا ئەمیش بتوانێ لە نێو دانیشتنە بێدەنگەکانیدا، بێدەنگییێکی پڕ مانا بوی خامۆشییەکەی وەدەست بێنێ.

فەرەیدون بە چاوێکی تێکەڵ لە ئێرەیی و سۆزەوە سەیری یەکێ بەیەکی بەندەکانی دەکرد.

(- ئەوە ئەحمەدە دەمانچەی پێگیراوە. ویستویەتی جاسوسێ بکوژێ. ڕەنگە هەر چەن ڕۆژێکی دی لێرەدا بمێنێتەوە دەیبەن بۆ موسڵ.. نا .. ئەبو غریب.. نازانم بۆ کوێی دەبەن. گرنگ ئەوەیە دەزانێ لەسەر چی ئیعدام دەکرێ..ئەوە مام ڕەشیدە تەمەنی شەست ساڵە، تەتەرە، پەراسووی نەماوە نەیشکێنن، هەر گاڵتە بە جەلادەکان دەکات..ئەوە عومەرە سێ کەس زیاتر ئیعترافیان لەسەر کردووە.. هەموویان شتێکیان هەیە تەسکینی بەدڵە ڕاوکێکەیان ببەخشێ.

کە ئەم خەمانەی گەمارۆی فەرەیدونی دەدا دەیویست پڕ بەدەم هاوار بکات، کوڕینە منیشی تێدام، منیش یەکێکم وەکو ئێوە ئاگرم، ئامانم بۆ داگیر کەر نیە.. کەچی ئەم شتانەی هەر لە دڵی خۆیدا دەووت، ڕۆژ نەبوو دەیانجار خۆی نەدوێنێ (منیش ئاگرم ئاگر)

*

ئەوەندە خۆی دواند، تا لەخۆی کەوتە گومانەوە.

(- جا ئەگەر ئاگر بم، خۆ دەبێ کەسێ پێم بزانێ.. جارێ دوژمنەکەم ئەو حیسابەی بۆ کردووم (کوردە، مادامێ لەگەڵ خۆمدا نییە، دیارە ناحەزە!) هیچ حیسابێکی تری بۆ نەکردووم..بەندەکانی ژوورەکەیش چ حیسابێکم بۆ ناکەن. هەر هیچ حیسابێ..

- ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم گومان لە خۆ کردنە ڕەگی لە دەروونیا دادەکوتا، حەزی دەکرد سەرلەنوێ تەحقیقی لەگەڵدا بکەن، تا ئەمیش پێیان بڵێ:

ئا منیش هەوم! تێدام!

گەلێ خۆی دەخواردەوە ڕۆژگاریش هەر نەدەگوزەری. جار جارێ بەندەکانی ژوورەکەش چپە چپێکیان دەکرد نەیاندەهێشت ئەم گوێی لێ بێ، ئەم کارە وای لێدەکرد وەک خاینێ وەک جاسوسێ سەیری خۆی بکات.

(- ئەی ئینسان ئەوە نییە وا دەیبینین، چاوی خەڵکیش ئاوێنە نییە؟. حەقیقەتی ئینسان لە ئاوێنەی چاوی خەڵکیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئینسانەکەیش ڕەنگدانەوەی خۆی چۆن ببینێ ئاوهایە! وانییە.)

ئەمە یەکێ لەو قسانەی فەرەیدون بوون کە لەئەوپەڕی بێ ئومێدیی بەرانبەر بەهیام، بە خەجێی وتبوو، خەجێش وەڵامی دابووەوە.

(- نەخێر ئینسان ئەوەیە وا، نایبینن)



ئەو سەردەمە قسەکەی خەجێی پێبەجێ بوو، بە قسەیێکی پوخت و ڕێکوپێکی دەزانی کەچی لەم ماوەیەدا گاڵتەی بە خەجێ و بە قسەکەی خەجێ دێتەوە.

*

بووە دە مانگ فەرەیدون لە (هەیئەی تەحقیق) ژیانێکی تێکەڵ لە گومان و ترسی بەسەر دەبرد، چ ئاگایێکی لە دەرێ نەبوو، نەیدەزانی چ بووە؟ کێ ماوە؟ هەندێ جار دیمەنی هیام وەک بروسکێک بەبەر چاویا تێدەپەڕی، سووکە بزەیێک دایدەگرت لەبەر خۆیەوە دەیووت:

( - هیام! تۆ بڵێی بزانێ ماوم، ئێ جا، زانی یانی چی؟ چۆن یانی چی! هە.. تۆ بڵێی بیبینمەوە؟ تۆ بڵێی هەر هیامەکەی جاران بێ؟ باوەڕ ناکەم.. حەتمەن ئەویش ماندوو دەبێ چاوەڕوانی مانگێ، دوان سیان، دە، شەکەتی دەکات دیارە بۆ خۆی ... نا..نا.. باوەڕ ناکەم.. جا بۆ باوەر ناکەم؟ تاکەی خۆم بخەڵەتێنم؟ ئافرەتە ئافرەت! دڵی سەگیان لە سنگدایە.. ئەوە بۆ لە هیچە دڵ پیس دەکەم؟! دیارە ئەم شوێنەو ئەم وەزع و حاڵەیە وای لێکردووم ئاوها بیر بکەمەوە.)

ئەم بیرکردنەوەیەش دەردێکی دی بوو، ببووە سەرباری خەمەکانی دیی، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئێرەییەکەی بۆ هاوژوورەکانی دەبووە رق، ڕقێکی ئەستووری بێئامان، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە کەسێکی تازەیان هێنابا بۆ ژوورەکە، یەکسەر ئەوان لە پەنایێکدا هەندێ شتیان دەچپاندە گوێی تازە هاتووەکە.

(- ئێستا باسی منی بۆ دەکەن، پێی دەڵێن ئاگات لەو کورە بێ، ئێمە کەسمان نایدوێنین، خۆیشی قسە لەگەڵ ئێمەدا ناکات، ئاگات لێی بێ،) دوور نییە پێی بڵێن

جاسوسەو حکومەت بۆ جاسوسی ناردوویەتە ئێرە...

(- ئەم سەگبابانە کەی تێدەگەن منیش — ئاگرم-!)

هەندێ جار کە زۆر بە روخساریا دەردەکەوت، ئەوانیش هەستیان بە رقەکەی دەکرد، زیاتر خۆیان لێ دەپاراست، لێی دوور دەکەوتنەوە، تەنانەت رێیان بە خۆیان نەدەدا سەیری روخساریشی بکەن.

فەرەیدون لە ژوورێکی هەشت نۆ مەتریدا، لە نێو سی چل کەسدا غەریبێ بوو قەد لەخەونیشا غوربەتی ئاوهای نەهاتبووە بەرچاو.. هەر هەموو شتێ لە مێشکیدا سەرەو ژێر بوون، گومانی لە پاکترین شت دەکرد، بۆ پیسترین شتیش پاکانەی دەهێنایەوە، هیامیشی لا ببووە دەسکەلای گومانەکانی:

(- هیچ و پووچە، خوا دەزانێ ئێستا لەگەڵ چ کورێکدایە.. ئەی چۆن مەگەر کچی محمد ئەفەنی نییە؟ .. پێم وانیە لە ئاودەستخانەیش دا منی بێتەوە بیر.. کچی محمد ئەفەنییە!)

وردە وردە گومانی بۆ هاورێکانیشی دەچوو

(- کێ بەکێیە؟ کێ خەمی کێ دەخوات)

یەکەم رۆژ کە هێنایانە(هەیئە) پێی وابوو (هەیئەیش) بە تالیۆنێکە لە نێو جەرگەی دوژمندا بنکەی دامەزراندووە، هەر هەموو بەندەکانیش



شۆڕشگێرو پێشمەرگەن! بەلام وردە وردە رەفتاری رۆژانەی هاوژوورەکانی وای لێکرد (هەیئە) بە (هەیئە) بزانێ، لە دڵی خۆیشیدا بە هاوژوورەکانی دەووت:

(- کەرو گەوجن.. ئەمانەن میللەت رزگار دەکەن.. ترحێو!)

لە دەلاقە چکۆڵەکەی گومانیەوە، دەیڕوانیە هەموو شتێ، هەندێ جاریش سووکە بلاچەیێکێ مێشکی رۆشن دەکردەوە:

(- تۆ بڵێی محمد ئەفەنی داوێکی بۆ تەنی بم، شتێکی بۆ دروست کردبێتم، خۆ زۆر کەس پێیان دەووتم:

کوڕە وازبێنە، تۆ لەگەڵ محمد ئەفەنی دەرنابەیت واز لە کچەکەی بێنە، محمد ئەفەنی حکومەتە حکومەت!

کە ئەم گومانە بە مێشکیا گوزەری دەکرد، سەد ئەوەندەی پێشوو رقی لەخۆی دەبووەوە، هاوژوورەکانی وەکێ درندە دەبینی سبەینێی نادیاری دەهێنایە بەرچاوی خۆی گوێی لەو دەنگانەی سبەینێ دەبوو کە هەندێ کەس بە تەوسەوە پێی دەڵێن:

(- ئا، لەسەر سیاسەت حەپس کرا.. بەیاننامەی هیام خان و پەیڕەوی ناوخۆی مێ بازیان پێگرت!)

(-کوڕە! کەی پیاوە.. رەفیقی ئەو ملیۆنی ئافرەت بە نەختێ خاکی بەرپێ منالە کوردێ ناگۆڕێتەوە.)

(- خەباتێکی جوان و ئاسان کردییە قارەمانی سجن!)

(- جا ئیعترافی لەسەر چی کردبا. خۆ لە ژێر داردا بیانکوشتبا نەیدەوێرا بڵێ ماچێکم کردووە.. چونکە هەر نەیوێرا ماچی بکات!)

- هەر بە قسە زلەکان و گەرم و گوڕییەکەیەوە دیار بوو چ فشەکەرێکە!)

- ئیتر خۆی قسەی دیی بۆ خۆی دروست دەکرد؟

(-دوور نیە پێم بڵێن: دەستی لەگەڵ محمد ئەفەنی تێکەڵ کردووەو محمد ئەفەنیش شەرتی خستووەتە بەر

جاسوسی لەسەر کوردان بکات ئەوجا رازی دەبێت کچەکەی بداتێ!!)

گەلێ جاریش حیسابەکەی بە توند تر دەگرتەوە، زیاتر دەستی لەسەر خۆی دادەگرت:

(- هەر لە ئەوەلەوە دیار بوو کە چەند هیچ و پووچە، توخوا کەسێ هەر بە ئاستەم دەمارێکی پیاوەتی تیابێ، رێ بەخۆی دەدات دەستی محمد ئەفەنی ماچ بکات! ئا.. ئەویش ئەگەر رازی بێو بیداتێ، خۆ دەبێ دەستی ئەو پیاوە ماچ بکات!)

- کەسێ پیاو بێ لەبەر خاتری کچێ، دەستی...!)

خۆ دواندن و بەدگومانیەکەی هەر زیادی دەکرد، وای لێهاتبوو، بەیانی تا نیوەڕۆ رقی لە دەوروبەرەکەی دەبووەوە، نیوەڕۆیش تا شەو رقی لە هەموو دنیا دەبووەوە، شەویش تا بەیانی رقی لە خۆی



دەبووەوە، بە رق دەژیا، کینەی لەگەڵ هەوادا هەڵدەمژی، بوغزی لەگەڵ (سەمونەکەیدا) دەخوارد، جار جارێکیش بە خۆی دەوت..

(کەی من فەرەیدونەکەی جارانم!)

بۆ ئەوەی زیاتر لەخۆی ورد بێتەوە بەخۆی دەووت:

(- بۆ فەرەیدونەکەی جاران چۆن بوو؟)

زەردەخەنەیەکی کاڵ دەنیشتە سەر لێوانی و دەیووت

(-کەرێکی دڵساف، ساویلکە، بێئاگا لە دەوروبەر، وایدەزانی هەموو کەسێ وەکوو خۆی وایە.. حەیفێ فەرەیدون درەنگێ تێگەیشتی کە وانیە ئای فەرەیدون کە ساویلکە بوویت.. شەوت دەدایە دەم ڕۆژەوە، لەم کۆبوونەوە بۆ ئەو کۆبوونەوەراتدەکرد، پیتاکت کۆدەکردەوە، موغامەرەت دەکرد، بۆ کێ؟ بۆ کورد.. ئەی ئەوە نییە کوردان بە چ چاوێکی ڕێزەوە سەیرت دەکەن.!)

ئەوەندە نەمابوو ئەسپێ مێشکی فەرەیدون کون بکات- یا وا هەستی دەکرد- زەردو لاوازتر دەبوو، کەم خوێنیەکەی ریشکەو پێشکەی بە چاوانی دەکرد، هەمیشە گێژ بوو و سەری دەسوڕا، زۆر جار خۆی بە پێوە بۆ نەدەگیرا، بێتاقەت تر دەبوو، باری دەروونیشی لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچوو، لە شەوێکدا دەیانجار رادەپەڕی، هەندێ شەویش بەدەم خەوەوە قسەی دەکرد، مۆتەکە دەنیشتە سەرسنگی،، خەونی جۆراوجۆرو ترسناکی دەبینی، گەلێ جار هەر لە خەودا بە توندی دەینەڕاند (من جاسوس نیم) هەر بەنەڕەکەی خۆی وەخەبەر دەهاتەوە.. لەم ڕۆژانەی

دواییدا بێ هیچ رووداوو هۆیێک، هۆن هۆن فرمێسک بە چاوانیا دەهاتە خوارێ، چ کەسێکیش نەدەچووە لای، چ پرسیارو دڵنەواییکیان نەدەدایەوە، کەس تاقەتی ئەوەی نەبوو گوێ لە چ شتێکی بگرێ، ئەسپێ ڕێی هەموو شتێکی گرتبوو، ئاسایی بوو کەسێ بە چنکێ، ئەسپێ لەسەرو ریشی خۆی دەربێنێ.

فەرەیدون تا درەنگێ لە گۆشەییێکدا دادەنیشت، ئەسپێی دەگرت و نەیدەکوشت، دەیدواندن، بە منگە منگەوە دەردە دڵێ خۆی بۆ دەگێڕانەوە، باسی خۆی و دنیای ئینسانی بۆ دەکردن، پاشان بە ڕیز دایدەنان، کۆی دەکردنەوە، لە نێو لەپی دەستیا هەندێ هەڵبەزو دابەزی پێدەکردن، پاشان هەڵیدەدانە بنمیچەکە، لەوێشەوە وەک باران دەهاتنە خوارێ، ئەمەی بۆ ئەوە دەکرد بەڵکو یەکێ لە هاوژوورەکەی ناڕەزایی دەربڕێ، تا مشتومڕێکی لەگەڵدا بکات، گەر پێویستیشی کرد شەری لەگەڵ بکات، بەڵکو دەیانبەن و سەرلەنوێ تەحقیقیان لەگەڵ بکەن و ئەمیش بۆ (هەیئە)و (خۆی) و هاوژوورەکانی بسەلمێنێ کە ئاگرە!! کەچی کەسێ قسەی نەدەکرد، تەنها بە لاچاوەوە سەرنجیان دەدا و بەس! چ شتێکیش هەندەی سەرنجی هاوژوورەکانی کاری تێنەدەکرد، دەتووت تیری ژەهراوی تێدەگرن، لە لای خۆیەوە پیشی دەخواردەوە، هەر ئەوە بوو نەدەتەقی، شەوانیش بێ هۆ دەگریا، ئەسپێی کۆدەکردەوە، دەیدواندن، هەڵبەزو دابەزی پێدەکردن، ئەم کارانەی بێ کاردانەوە دەمانەوە، بێدەنگێ، هاوژوورەکانی دەنووستن، یا خۆیان دەکردە خەو، ئەم هەر بێدار دەبوو.. شەوێکیان خەونێکی دوو جار لەسەر یەک بینی، لە خەویا ببووە تانجی و قسەی دەکرد، نیوەشەو بوو، ڕاپەری، ترسا، زۆر لە خەوەکەی ترسا، بە هەر جۆر بوو خەوتەوە، دیسانەوە خەوی بینیەوە، ببوە تانجییێکی دوورەکێ، گازی لە لاق و لەتەری خۆیشی دەگرت، قروسکەییێکی سەیری لێبەرز دەبووەوە، لە دەنگی قروسکەکە وەئاگا هاتەوە، ئیدی خەوی لێ نەکەوتەوە. نەیدەزانی چ بکات.. هەر زۆر پێویستی بەوە بوو کەسێ گوێی لێ بگرێ!

*

لە دەرێی ژوورەکە- ئاشبەتاڵ ببوو-.

هەواڵی ئاشبەتاڵ گەیشتبووە هەموو دنیا، ئیستگەکان هەر یەکەو بە جۆرێ باسیان دەکرد، پاش ئاشبەتاڵ بە دە دوانزە رۆژێ (عەفو عام) شمولی تەوقیفەکانی (هەیئە) شی کرد بەر لەوەی بەریان دەن، هەموو شتێکیان بۆ گۆڕین، خواردن، جل و بەرگێ، جێگا، سەرتاشی تایبەتیان هێنا، سەرو ریشی هەموویان تاشین، لفکەو سابون و خاولی دابەش کرا بەسەریان، ڕێ یان درا بە کەیفی خۆیان خۆ بشۆن، رۆحێکیان هاتە بەر، قیت بوونەوە ، بە وردییەوە دیقەتی یەکدییان دەدا، ئەوەندە گوڕابوون، هەر ئەوە بوو یەکدییان دەناسییەوە، لە نێو جلو بەرگە نوێیەکانیادا ئۆقرەیان لەبەر بڕابوو، لە جاران زیاتر لەشیان دەخورا، بەرانبەر

بەیەکدی بەسەرو روخساری یەکتر پێدەکەنین، بەندەکان واقیان ورمابوو، نەیاندەزانی چ بووە، وا لە پڕ هەموو شتێکیان گۆڕا.

عەسکەرەکانی یاساوڵ قسەو رەفتاریان بە تەواوەتی گۆڕا، گەر یەکێ لە بەندەکانیان بانگ کردبا لەبری ئەوەی پێیان وتبا (ئولەک) دەیانووت: کاکە.. عیونی کاکە ..بەلا زەحمە..

سەرباری ئەم وەزعەشیان، کەسیان چ قسەیێکی لەگەڵ فەرەیدون نەدەکرد.. چ نەمابوو دیق بکات، ناچار بوو بە دەم عەسکەرەکانەوە پێبکەنێ و لە فرسەتێکدا بێهیچ موناسەبەیێک بە عەسکەرێکی وت (صباح الخیر)هەندێ قسەیشی کرد، دەیویست قسە بکات، قسەو بەس، باسی هەر شتێ، هەر قسە بێ، هەندێ گوییان لێگرت، قسەکانی سەیر بوون، گەیاندیانە ئەفسەرەکان. فەرەیدونیان جیاکردەوە، بۆ چەند سەعاتێ بردیانە ژووری ئەفسەرەکانەوە، هیچیان دەربارەی وەزع بۆ باس نەدەکرد، ئەویش دەیویست خۆی قسان بکات شکات و ناڕەزایی بوو بۆ هاوژوورەکانی، زۆر زۆری پێخۆش بوو کە دەیبینی ئەفسەرەکان بە وردی گوێ بۆ قسەکانی شل دەکەن:

ئەفسەرێک پێی وت:

- فەرەیدون تۆ کوڕی چاکیت.

زۆری پێ سەیر بوو، ساڵە وەختێکە قسەی نەکردووە، قسەیان لەگەڵ نەکردووە، تەنها جنێویان پێدەدا و هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکردو پێیان دەوت: (اعترف) ئەوە ئیستە لە پڕ پێی دەڵێن، تۆ کوڕی چاکیت،



فەرەیدون سەیری سەراپای خۆی دەکردو لەخۆی ڕادەما، دەست و پەنجەی خۆی دەدایە بەر زەین و سەیری دەکردن، لەبەر خۆیەوە دەیووت:

( بە ڕاست من کوڕی چاکم..ئا.. ئەی ئەوە نییە وام پێدەڵێن!)

ئەفسەرەکە وریا بوو، وەکێ ئەوەی ناخی فەرەیدون بخوێنێتەوە، ئاوها بە بڕوا بە خۆبوونەوە، پێی وت:

- فەرەیدون.. عەفو، کاک فەرەیدون، لەبەر ئەوەی تازە بۆمان دەرکەوتووە تۆ بە ئیشتباه گیراویت، بەراستیش ئەزیەتت زۆر بینیوە، وابزانم دەشزانی ئێمە واجبمانە..

- ئێ..؟

- دەمانەوێ لەبری ئەو ئەزیەتە پاداشتت بدەینەوە!

- پاداشت؟

- بەڵێ.. پاداشت.. ئەی ئەوە نییە پێت دەڵێین لەسەر هیچ و بە ئیشتباه گیرا بوویت.. بۆیە دەمانەوێ پاداشتت بدەینەوە.

وەکێ لە خەودا بێقسان بکات یەکدوو جار بە نووزەوە وتی:

- لەسەر هیچ گیرابووم.. هیچ بووم.. هیچ ..یانی هەر هیچ بووم..

- ئەفسەرەکە زۆری ماوە نەدایێ..

- بەر دەبێ.

- بەردەبم؟ چۆن؟

- جارێ پێت ناڵێم تا..

- تا چی؟

- بەڵێنم بدەیێ کە..

- کە، چی؟

- ببیتە کوڕێکی چاکێ!

- ئەی کوری چاکێ نیم.. ئەی ئەوە نییە خۆت دەڵێیی: کوڕی چاکیت!

- مەبەستم ئەوەیە، هەندێ شت هەیە تا ئێستا بە چاکی نایزانیت، دەمەوێ حاڵی بیت و بزانیت.

- چین ئەو شتانە؟

- پەلە مەکە.. هەموو شتێکت بۆ باس دەکەین.. جارێ یەکەم، تۆ چەند ساڵی تر دەژیت؟

- نازانم .. بۆ؟

- دەزانم نازانیت.. با بڵێین چل ساڵی تر دەژیت.. خوا بکەم سەد ساڵت عومر بێت.. مەبەستم هەر چل پەنجا ساڵێکی تر، دنیات لا خۆشدەبێ.

- تێناگەم .. نازانم، حاڵی نابم.

- ئەڵێم ئەوپەڕەکەی پەنجا ساڵی تر دەژیت.

- رەنگە وابێ، یا واش نەبێ.

- تۆ وایدانێ.

- بۆچی؟



- نەمانووت پەلە مەکە.

- باشە فەرموو..

- ئێ .. ئێستا حاڵیت دەکەم.. من لە خۆرا ناڵێم تۆ کوڕی چاکیت.. ئەم ماوەیە ئێمە بەوردی موراقەبەی تۆمان دەکرد.

- لێرەشدا موراقەبە؟

- بەڵێ ئەی چۆن؟ بۆ تۆ ئێمە بە چی دەزانیت.

- حکومەت.

- ئێ حکومەت دەبێ حکومەت بێ.. ئاگای لەوردو درشت بێ.. ئەی چۆن وانییە؟

- با.

- باشە.. پاش موراقەبە، بۆمان دەرکەوت تۆ جیاوازیت.. وەکو ئەوان نەبوویت.. ئێمە موراقەبەی هەمووتانمان دەکرد.. تۆ دەزانی ژوورەکەتان دەیان (لاقیتەی) تیادایە؟ ئێ بەهەر حاڵ تۆ جیاواز بوویت، ئەوان زۆر...

فەرەیدون پێی وابوو (ئەفسەرەکەیش) وەکوو ئەم رقی (لەوانە) زوو قسەکەی لە دەمی ئەفسەرەکە بڕی، بەڵکو بەرەوانی گوێی لێبێت، پێی بڵێت ئەوان هیچ و پووچ و بێ عەقڵ و بێ ئەدەب بوون بۆیە بە پەلە وتی:

- زۆر چی؟ ئێوەیش دەیانناسن.

- ئەی چۆن.. بەڵام گوێ بگرە، ئێمە كارێكت بۆ دەكەین، كە بتوانی بە ئاسانی هیواكانت وەدی بێنیت.

- چۆن؟

- ناتەوێ، كەس پێت نەوێرێ؟

- بەڵێ.

- ناتەوێ ئینسانێكی موحتەرەم بیت؟

- بەڵێ .. دەمەوێ..

- كەواتە خزمەتی وڵاتەكەت بكە.

- چۆن؟ من هەر فیداكاری وڵاتەكەمم.

- باوی ئەو قسانە نەماوە.. ئێمە بەكردەوە كارمان دەوێ.

- چۆن؟ چی بكەم؟

- یەكەم، ئەو تاوانە بێ سەرو بەرانەی لە ژوورەكەدا بۆیان ساز دابووی بەدرۆ بخەوە.

- تاوان؟ چ تاوانێ؟!

- حەز دەكەم بزانیت ئێمە گەوج و گەلوڕ نیین، چ شوێنێك نییە ئێمە كەسانی خۆمانی تێدا نەبێ.

ئەفسەرەكە هەندێ خۆی قیت كردەوە، نەختێ گڕی بە دەنگی خۆی دا، داوێكی وەستایانەی بۆ سازدا.

-عەسكەرێكی ئێمە، بە ئەمری ئێمە، خۆی وا نواندووە كە سەر بە كوردانە كاتێ هاوژوورەكانی دەبرد بۆ ئاودەستخانە، لە پەناوە



دەنگوباسی پێدەگەیاندن، ئەوانیش بە دەمی ڕاپۆرتیان بۆ دەرێ لەسەر دەدایت.

- ڕاپۆرت؟ بۆ دەرەوە؟

- ئا .. ڕاپۆرت، حەز دەكەی بزانیت ڕاپۆرتەكان چی بوون؟

- ئا .. بەڵێ زۆر حەز دەكەم.

- باشە ئەوە بۆت باس دەكەم ، بەڵام شەرتم هەیە.

- چییە؟

- بەهیچ جۆرێك ، نابێ خۆت وا بنوێنی كە شتێ دەزانیت، باشە؟

- بەڵێ باشە.

- وەعد!

- وەعد بێت.

- گوێ بگرە، ئەمە ڕاپۆرتەكانیان بوو: فەرەیدون جاسوسی حكومەتە! لە تەوقیفدا جاسوسیان بۆ دەكات.

- ئاوها!!

- شتی تریش.

- هێشتا شتی تریش.

- بەڵێ. ڕاپۆرتێكی دییان وابوو: ئاگاداری رەفیقەكانی فەرەیدون بكەنەوە، با كەسیان لە شاردا نەمێنن، هیچیش لە ماڵەكانیاندا نەهێڵن.

- ئای بێ شەرەفینە!

ئەفسەرەکە زۆر وریا بوو بۆ ئەوەی مەبەستەکانی خۆی بێنێتە دی، لە شێوەی توورە بووندا وتی:

- جنێویان مەدەیێ.

چاوەڕێی ئەوەی دەکرد فەرەیدون بڵێ بۆ، کە بێدەنگ بوو، ئەفسەرەکە پێی وت:

- زۆربەیان پیاوی خۆمانن.. ئێمە رازی نابین، بە دۆستی موخلیسی ئێمە جنێو بدرێ.. ئەی چۆن ئێمە لە هەموو حاڵەتێکدا پشتی دۆستی خۆمان دەگرین.

- عەفووم بکە.

- ئەفسەرەکە بۆ ئەوەی زیاتر فەرەیدون بخاتە نێو داوەوەو زیاتریش چەواشەی بکات، بە بارێکی دیدا بۆی چوو.

- من غەڵەت بووم!

- بۆچی قوربان، عەفووم بکە.

- مەبەستم ئەوە نییە.

- ئەی؟

- وامزانی زۆر زیرەکی، کەچی .. بە ساڵێک ئەم شتە بە سیتەت نەزانیوە، نەتزانیوە، کێن ئەوانەی پیاوی ئێمەن، یا ئەو عەسکەرە کێیە؟

- ئا .. ئەو عەسکەرە کورتە باڵایە..

نەیهێشت قسەکەی تەواو بکا پێی وت:

- ئافەرین. خۆیەتی.. ئافەرین.



- باوەڕت هەبێ، دەمزانی، ئا .. هەستم دەکرد ڕاپۆرتم لەسەر دەنووسن، دەشمزانی ئەو عەسکەرەیش پەیوەندی یان لەگەڵ دەکات.

- ئافەرین.

- باشە ریم دەدەن پرسیارێ بکەم؟

- فەرموو.

- عەسکەرەکە ڕاپۆرتەکانی دەگەیاندە دەرێ.

زوو ئەفسەرەکە لە مەبەستی فەرەیدون گەیشت، ویستی لە کەمترین ماوەدا هەرچی گومانێکی فەرەیدون هەیە، هەر هەمووی لا بکاتە قەناعەت، ملیوانی کراسەکەی ڕێکخست بە دەنگێکی گەلێ جدییەوە وتی:

- ئەی چۆن. یەکێ بەیەکی هاوڕێکانتی تێگەیاند..

- ئاوها

کە ئەفسەرەکە هەستی بە رەنگێ تێکچوونی فەرەیدون کرد، زیاتر دەستی داگرت:

- نەک هەر ئەوەندەو بەس، بەڵکو لە دەرێش بەیاننامەی لەسەر دەرکردوویت، ئاگاداری خەڵکەکەیان کردووەتەوە کە: وریا بن فەرەیدون جاسوسی حکومەتە..

- بڵێ ئاوها..

- بەداخەوە (ئێستا) ئەو بەیاننامەیەم لەبەر دەستدا نیە تا پیشانتی بدەم، بەڵام خەمت نەبێ و پەلە مەکە، پاشان دەیبینی و پێشت

دەڵێین، کام هاوڕێت لەسەریەکێ ڕاپۆرتی لەسەرت دەنووسی و داوای دەکرد، لە (دەریوە) بەیاننامەی لەسەر دەرکەن.

- باشە.. ئێوە ئەوان دەناسن.. یانی هاوڕێکانم دەناسن؟

- ئەی چۆن.

-باشە بۆ تا ئێستا نەتانگرتوون؟

- ها .. حکومەت ئیشی خۆی هەیە.. یەعنی حکومەت.. پێویست ناکات.. بەڵام مادامێ تۆ (کوڕی چاکیت) پێم وانییە لە هەموو لایەکدا قسە بکەیت.. یەعنی، هەندێ لە هاوڕێکانت برادەری ئێمەن!

- باشە تۆ وتت عەفوو، جەنابتان وتتان: بە غەڵەت گیراویت، کەچی هەموو شتێ دەربارەی من دەزانن.

- مەبەستم ئەوە بوو، یەعنی تۆ شتێکی وات نەکردووە، خەتەر نەبوویت، یەعنی کۆبوونەوەو.. ئەمانە ئەوەندە موهیم نین.

نەک تەنها ئەفسەرەکە، گەر کەسێک بەر لە ساڵێ فەرەیدونی لە دووریشەوە ناسیبا قەد باوەڕی بەم وەزعەی نەدەکرد کە هەندە گەمژە بێت ، پێی وا دەبوو یا ئەمە فەرەیدون نیەو کەسێکە لە فەرەیدون دەچێ یا بەنج کراوە. ئەفسەرەکە هەندەی ماوە بە فەرەیدون نەدا، فکر بکاتەوە.

- چیت وت؟

- بۆچی؟

- یانی ناتەوێ بەختەوەرانە بژیت؟



- بۆ نەء.

- دەی.

- چی بکەم.

- ئەمە قەڵەم و کاغەز.. فەرموو بنووسە، بەخەت و ئیمزای خۆت.

فەرەیدون حەزی بەم زمانە نەکرد، حەزی دەکرد وەک سەرەتا لێی تورە بن، لێی دەن، ئەوجا ئیعتراف بکات، لەم خەیاڵەدا بوو دەنگی ئەفسەرەکە وەئاگای هێنایەوە:

- دەی..

فەرەیدون، تەنانەت ناوە نهێنیەکانی هاوڕێ و دۆست و ئەندام و لایەنگرەکانیشی بۆ نووسی، چەند کۆبوونەوەی کردووە، چی کردووە، هەر هەمووی نووسی و ئیمزای کرد. و کاغەزەکەی دایە دەستی ئەفسەرەکە، وتی:

-فەرموو..

- باشە.. ئافەرین.

- تەواو؟

-نەخێر.

- ئەی..

- پەلە مەکە، ئەمجارەیان ئێمە نووسراوێکی حازرمان هەیە، دەبێ تۆ ئیمزای بکەیت..

نووسراوێکی دایێ، ئەم چەند رستەیەی تیادا نووسرابوو:

(گوناهم لەسەر خۆم. تا ماوم ناچمە نێو هیچ حیزب و تاقمێکی دژ بە دەوڵەت. ئەگەر چوومە نێو هەر حیزبێکەوە، ئەوا حەق دەدەم بە دەوڵەت ئیعدامم بکات..)

بۆیە ئیمزام کرد.

فەرەیدون پاش ئیمزا کردن وتی:

- تەواو؟

- نەخێر..

- هێشتا ماوە؟

- ئەی چۆن .. دەبێ بنووسیت: لە هەفتەیێکدا بەلای کەمەوە سێ جار پەیوەندیمان پێوە بکەیت و ڕاپۆرتمان بۆ بنووسیت. بە تایبەتی لەسەر ئەو کەسانەی کە بوختانیان پیا کردوویت،

فەرەیدون ئەمەیشی نووسی.

ئەفسەرەکە دڵنیا بوو لەوەی کە فەرەیدونی لەداو ناوەو چ شتێ نەماوە پێی نەکات پێیوت:

- بەیانی هەمووتان بەردەبن.

- هەر هەموومان..

- بەڵێ.. هەر هەمووتان..

ئەفسەرەکە بە قسەیێک هەندێ گومانی نوێی لە ناخی فەرەیدوندا رواند.



- ئەوانی دیش هەر هەموویان بانگ کراون و قسەیان لەگەڵدا کراوە.. بەڵام ئەوان مەبەستم، هەندیکیانە وەکوو تۆ عاقڵ نین،، ئێمە ئەوەندە ئیعتمادیان لەسەر ناکەین، چونکە خۆت دەزانی.. عەیب نەبێ بێ عەقڵن.

*

هەر کە فەرەیدون گەڕایەوە بۆ ژوورەکە، هاوژوورەکانی، بە سەرنجێکی خێرا سەراپایان پێچایەوە. سەرنجەکانیان هەند تیژو رۆشن بوون، ناخی فەرەیدونیان سمی، شتە نەبینراوەکانی دەروونی، بەو سەرنجانە کەوتە سەر روخسارە رەنگبواردووەکەی هەندێ لە چاوە وردبین و دنیا دیدەکان، دوا پیتە نەنووسراوەکانی روویان خوێندەوە، لێی حاڵی بوون بە (مۆرسی) سەرنج یەکدییان حاڵی کرد..

فەرەیدون هەستی دەکرد سەرنجەکانیان تیشکدارەو شەوارەی دەکەن، چاوانی داخست، ئیدی توانای بینینی تیشکیان نەمابوو. هەر کە قسەی ئەفسەرەکەی وەبیرهاتەوە ئەوانیش هەر هی خۆمانن و.. خۆی هانداو بە خۆی وت:

- ئێوەیش وەکوو منن، منیش وەکوو ئێوەم.. بەکزی یەوە سەری بەرزکردەوە، بە سەرنجێکی گەلێ کز، سەیری هەموویانی کرد. سەرنجەکەی وەک نێچیرێکی برینداری بەتەڵەوە بوو، لە نێو (سەرنجە هەڵۆکانی) بەندەکاندا ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد، پاڕانەوەی لێ دەباری، پێی وابوو هەر ئێستا بە سەرنج هەڵیدەلوشن و ونجڕ ونجڕی

دەکەن.. ترسا گەلێ ترسا، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد بقیژێنێ،، رەنگی مردووی لێنیشت، پێی وابوو قیژاندوویەتیو کەس گوێی لێنەبووە، تووشی هەناسە بڕکێ بوو، وایدەزانی ساڵە وەختێکە سەرنجی دەدەن، مەیی بوو، بڵاچەی وەعدی ئەفسەرەکە هەندێ بەرچاوی رۆشن کردەوە، بەخۆیدا هاتەوە، خۆی گیڤەوە کرد، وەکێ تەحەدا، سەرنجە بێنازو تینەکەی، کردە پەیامێکی لاڵ، حەواڵەی ئەملاو ئەولای ژوورەکەی کرد. کەمتر لەسەد یەکی سانییەکێ، وەکێ پەشیمانێ بەکزی و کلۆڵییەوە گەڕایەوە نێو چاوەکانی. گەر ئەو سەرنجە زمانی هەبا، بێ شکێ دەیووت:

(رووی دەریم نەماوە! با هەر لێرەدا بم، مادامێ لە چاوانی تۆوە دەردەچم خەجاڵەتم. ناتوانم رۆشنایی ببینم، نا ، با هەر لێرەدا بم. وەکێ تۆ بەیادی رۆشنایی جارانەوە چاوەڕوان بم.. من وەکێ تۆ لە چاوەروانی بێئومێد نابم..

نەخێر چاوەڕوانی رۆشنایی رۆژی حیساب دەکەم، بۆ دواجارو بۆ ساتێ دەیبینم.. ئای ئەو ڕۆژەی جیادەبینەوە، چ ئازادو بێگەرد دەبم.

خۆ ئەگەر ئەو شوێنە نەبا، فەرەیدون بەخۆی و سەرنجیەوە دەبوونە پۆری خوراو، زۆر بە ناچاری سەری خۆی شۆڕ کرد، لە پەنایێکی ژوورەکە هەڵتوتا، متەقی لەدەم نەهاتە دەر، ئەوانیش پاش دەسڕێژی سەرنجی نەفرەت ئامێزیان هەروەکێ پێشوو حیسابی نەبوویان بۆ کرد!

شەوی ئەو رۆژە، دیوارەکانی ژوورە چکۆڵەکە ببوونە گوێ، چپەو ورێنەو قسەی دڵی بەندەکانیان دەبیست، بەر لەم شەوەش بەسەدەها



شەو بوونەتە گوێ، گەلێ شتیان بیستبوو، بەڵام وەکێ ئەمشەو، هەر هەموو قسەکان پرسیار بێ، نەء، ئاە بووەو ناڵە، ئامۆژگاری کەسێکی ورە بەخش بووە، قروسکەی پەشیمانی داهێزراوان و بەرگە نەگرتووانی تەعزیب، بەخودا هاتنەوەو لێکدانەوەی جۆراوجۆر، خەون گێڕانەوەو نکە نکی تازە لە تەعزیب گەڕاوە: ئەمانەیان بیستووە نەکێ هەر پرسیار، کەچی ئەمشەو تەنانەت قسەکردنی نێو خەونی بەندەکانیش هەر پرسیارە! پرسیاری ئەوتۆی سەیر، لەو کات و شوێنەدا نەبێ هەرگیز بە خەیاڵی چ کەسێکدا نایێت، ئەم هەموو پرسیارانەش دایکێکیان هەبوو، دایکەش وردە پرسیاری دی دەزان، زاوزێیان دەکرد، زۆر دەبوون هەر زۆر دەبوون، پرسیارە دایکەکەش ئەوەبوو: چی روویداوە؟

بەندەکان، هەریەکە بە جۆرە نەوازشێکەوە، نەوە پرسیارەکانی ئەو پرسیارە زلەیان دەدواند.. لێکدانەوەی هەندێکیان وابوو:

(- دوورنیە بمانگۆڕنەوە. ئەی چۆن؟ ئەوا ئێمە لێرەدا ئاگامان لە دنیا بڕاوە، خوا دەزانێ (دەرێ) چ ئاگر بارانێکە. حەتمەن لە پتەو بوون و بەرەو پێشچووندایە، ئێستا لە چەندین شەڕدا سەرکەوتنی مەزنیان وەدەست هێناوە، سەدان ئەفسەریان بەدیل گرتووە، دوور نیە سووکە ئیتفاقێ لە بەیندا هەبێ بەندو دیلەکان بگۆڕنەوە.. دیارە شۆڕش ئاگای لە ئێمەیەو خەممان دەخوات، دوور نیە هەریەکێ لە ئێمە بە ئەفسەرێکی گەورە بگۆڕنەوە.. وایە.. ئەی چۆن. شۆڕش هەروا بووە، دەشێ پێشمەرگەیێکی نەخوێنەوار بە عەقید روکنێ بگۆڕێتەوە..

مادامێ شۆڕش ئێمەی لە بیرەو خەممان دەخوات، نەکێ ساڵێ، بیست ساڵی تەمەنمان بە قوربانی تاقە پێشمەرگەیێک بێت.)

هی وایان هەبوو، لە نێو هەمان بۆچووندا بوو، بەڵام وای لێک دەدایەوە:

(- جا ئێمە چین؟ حەقی وا نییە شۆڕش ئەو ئەفسەرانە بە ئێمە بگۆڕێتەوە. حەقی وایە شۆڕش ئیستفادە لە تەجرەبەو شارەزایی ئەو ئەفسەرانە بکات. ئێمە گرنگ نیین، چاک وایە شۆڕش حیسابی شەهیدمان بۆ بکات. یا هەر نەفەرەمان بە عەسکەرێ بگۆڕێتەوە.)

هەر لە نێو هەمان بۆچووندا هی وایان هەبوو گەلێ توورە بوون:

(- دە وەرە توخوا پێشمەرگە شەڕ بکات، تا سەرکەوتنێ وەدەست دێنێ و چەن دیلێ دەگرێ، خوا دەزانێ چەندی لێ شەهید دەبێ.. نرخی ئەو ئەفسەرە بەدیل گیراوانە، خوێنی پێشمەرگەیە.. جا وەرە دڵت شەق نەبات، بە خوێنی پێشمەرگە، یەکێکی وەک ئەم جاسوسە سەگبابە بەر بدرێ.. جا سبەینێش لەناو خەڵکیدا کەشوفش دەکات دەڵێ: بە موقەدەمێک، رائیدێک، شۆڕش منی گۆڕیوەتەوە.)

هی واشیان هەبوو بیریان بۆ لایەکی دی دەچوو:

(- دیارە دەوڵەت، لە رووی سەربازییەوە، دەرەقەتی شۆڕش نایێت ئەو هاشوهوشەی کردی، فشە دەرچوو، دیارە لە گیانەڵادایەو داوای مفاوەزاتی کردووە.. دیارە شۆڕش سوور بووە لەسەر (کەرکوک) و (خانەقین) و (شنگار) دەوڵەتیش سەری دانەواندووە. بەڵێ وایە، هەر



دەبێ مفاوەزات بکات، دەنا دەرووخێ!! کورە شۆڕش نییە، خوا دەست بە عومری پێشمەرگەکانەوە بگرێ، ئاگرە، ئاگر.. جەهەنەمە بۆ دوژمن.)

هەر لە نێو هەمان بۆچووندا هەیانبوو دەمارگیر بوو:

(- دە وەرە سبەینێ ئەم جاسوسە سەگبابە، کەشوفش دەکات، لەناو خەڵکیدا خۆی بادەدات و سنگێ دەردەپەڕێنێ و منەت بەسەر کوردا دەکات!)

- جا ئەگەر حکومەت مفاوەزات نەکات کارەکەی لە دەست دەترازێ.. چوار ساڵە مەگەر ئەو خوایە بزانێ چەندین هەزار کەس بووەتە پێشمەرگە، خۆ ئەگەر ساڵی دە هەزاریان لێ شەهید بێ- کە ئەمە هەر نابێ — هێشتا بەشی سەدو پەنجا ساڵ دەکەن.. حکومەت چی هەیە؟ عەسکەرەکەیە بە دڵ شەڕی بۆ ناکات! جاشی سەگبابی خۆفرۆشیش، هەر هیچ نین، خائن، دائیما ترسنۆکە، ڕۆستەمی زاڵ بێت خیانەت بکات دەبێتە مشک، حەتمەن ئێستا مفاوەزاتە.. حەیفێ رادیۆمان نیەو گوێمان لەبەیان بێت! جا کێ دەڵێ نەخوێندراوەتەوە.)

هەندێکی دی یان بیریان بۆ عەفوو عام دەرچوو:

(- بۆ ئەوەی لەلای جەماوەردا خۆی بە (دەوڵەتی) خەمخۆری جەماوەر بخاتە ڕوو (عەفوو عامی) دەرکردووە.)

هی واشیان هەبوو دەیووت:

(- شەشی کانوون عەفوو نەبوو، هەشتی شوبات عەفوو نەبوو، خۆ هێشتا چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ حەوتی نیسان. نەخێر عەفوو عام نییە.

رەنگە مونەزەمەی عەفووی دەولی تەدا خولی کردبێ، ناوو نیشانی ئێمە دراوەتە نوێنەرانی شۆڕش لە ئەوروپا، ئەوانیش پەیوەندییان بەو مونەزەمەیەوە کردووە... بەڕاستی نوێنەرانی شۆڕش لە ئەوروپادا ئیش دەکەن! شۆڕشە نە گاڵتە دەستی دەگاتە بنی دنیا.)

دەیان لێکدانەوەی دی لە مێشکی بەندەکاندا تەراتێنیان دەکرد، خاڵی هاوبەشی بۆچوونەکانیان ئەوەبوو : شۆڕش لەگەشەدایەو ئێمەی فەرامۆش نەکردووە! تەنها فەرەیدون فکری بۆ ئەم شتانە نەدەچوو، هەر کە بێدەنگییەکەی ئەوانی دەبینی، ئەم لەبەر خۆیەوە خۆی دەدواند:

(- چەند کەرن، دەیانەوێ لە منی بشارنەوە، وەکێ ئەوەی نەزانم چییان کردووە، هەر هەمووتان وەکوو منتان کردووە، دەتانەوێ بەم بێدەنگییەتان ڕێگومیم لێ بکەن. لەگەڵ کێش فەرەیدون! سەیر دەبێ وابزانن فەرەیدون دەخەڵەتێنن. کاتێ کە منیان بانگێ کرد، یەکە یەکە ئێوەشیان بانگێ کردووە، هەر هەمووتان وەکوو من بە خەتی خۆتان و ئیمزای خۆتان شتان نووسیوە، وەکوو منیش ڕەنگە زیاتر وەعدتان دابێ کە قسور نەکەن. قوڕ بەسەرتان لەمنی دەشارنەوە، بەیانی کە بەربووین، هەریەکە سەیری ئەوی دی دەکات و هەموومان لەیەکتر ئاشکرا دەبین. کورد خراپی نەوتووە (مانگا بەدزی کەڵ دەگرێت و بە ئاشکرا دەزێت!) ئیتر رێی ئەوەتان نەما، بە چاوی گومانەوە سەیرم بکەن و لە دڵی خۆتاندا بڵێن جاسوسە!

ئێستا هەموومان وەکوو یەکێ واین!



بەرەبەیان بەئاستەم چاویان چووە خەو، فەرەیدون بەدەم خەوەوە وڕێنەی دەکرد. هەر هەموو بەندەکانی بێزار کرد، بە نوکە پێ بەخەبەریان هێنایەوە.

*

نزیکی نیوەڕۆ بوو هەر هەموو بەندەکانیان لە حەوشە گەورەکەی (هەیئەدا) کۆکردەوە، ئەفسەرێکی سورکەڵەی باڵا بەرز، کورد بە کوردی هەندێ قسەی کورت کورتی بۆ کردن:

- عەفووی عام شمولی ئێوەیشی کردووە.. ئەوەی دڵتان پێ خۆش بوو توواییەوە، سەرکردەو مەرکردەتان، بۆ ئێران دەرپەڕێنران، چوونە باوەشی ئاغاکانیان.. حەقیقەتی کرێ گرتەییان کەوتە روو، ئێستا هەموو دنیا دەزانن ئەوانەی موعامەلەیان بە خوێنی ئێوەوە دەکرد، چین و ئێستا لە کوێدان و بۆ کێیان دەکرد.. ئێستایش لەسەدا هەشتای موتەمەریدەکان بە خۆیان و چەکەکانیانەوە تەسلیم بە میری نیشتمانی بوون و بەر عەفووی عام کەوتوون.. ئێوەیش ئەمڕۆ بەردەبن داوامان ئەوەیە وریا بن ئەمجارە بێنەوە بۆ ئێرە، ئیتر دەرچوونتان بۆ نییە! بە هیواین ببنە هاوڵاتییێکی موخلیس، خزمەتی حیزب و دەوڵەت بکەن.

بەندەکان، هەریەکە بە جۆرێ ئەم قسانەی لێکدەدایەوە، هەر یەکە — جگە لە فەرەیدون — لەبەر خۆیەوە دەیووت:

(- کوردێکی کرێ گرتەی بێشەرەفە، دوژمنە، دەبێ هەروا قسان بکات، خۆ کورد لە هیچ شوێنێکدا بێ شەرەف و جاسوسی لێ نابرێت!)

(- بەزمەکەی جارانە هەزارو یەکێ جار گوێمان لەم قەوانە بووە!)

(- جا قووەت هەیە شۆڕش بتوێنێتەوە؟ وابێ کورد نەماوە!)

(- خۆیانیش نازانن چ دەڵێن، وا دەزانن مناڵین! چەن بێ عەقڵن!)

فەرەیدونیش باوەڕی بە قسەکانی ئەفسەرە کوردەکە نەدەکردو لەبەر خۆیەوەوتی:

(- بۆ ئیحتیات وا دەکات! ئیحتیاتیش زەرووریيە، نایەوێ ئێمە بەیەکتری بزانین، بۆیە ئەم قسانە دەکات.. چ زۆڵێکن!)

*

یەکەم ڕۆژی بەربوونی بەندەکان، جگە لەفەرەیدون، هەر هەموویان لە نێو ماڵ و کەسوکاری خۆیاندا، خۆزیایان بە ژوورەکەی (هەیئە) و بە (مەرکەَ) دەخواست نەکێ ڕۆژێکی ئاوها ببینن، ڕەنج خەسار، سەرشۆڕ، بێسەروبەر، جگە لە ئینسان لە هەموو شتێ دەچوون، مۆن ، توورە، تفیان لە سێبەری خۆو هەموو شتێ دەکرد.. کە بەربوون گاڵتەیان بە قسەی کەسوکار و هاوڕێکانی خۆیان دەهاتەوە، هی وایان هەبوون بە خزمێ دۆستێ، هاوڕێیەکی دەووت:

- سەیرە.. قسەکانت بەقسەی ئەفسەرە کوردەکەی (هەیئە) دەچێت؟

چ وەڵامێکیان نەدەبیست، جگە لەسووکە سەربادانی نەبێت کە هیچ وشەیێک پارسەنگی ئەو سەربادانە بێدەنگە نەدەبوو، سەربادانەکە



دەبووە وەڵامێکی ژەهراوی ئەوتۆی سەخت، کەم کەس خۆی پێ دەگیرا.. هەندێکیان منداڵ ئاسا دەگریان..

فەرەیدون لە ناخەوە حەزی بەوە دەکرد کە هیچ شتێک نەماوە قابیلە حکومەت درۆ بکات؟ حەیفت نەکرد!

بەم قسەیەی کەیفی تەواوی بەخۆی و حکومەت دەهاتەوە.. هەر زوو باوەری بەو قسانە کرد کە لەسەریەکێ لەم و لەوی دەبیست نەما،.. یانی نەما.هەر هیچ نەما، تەواو لەبەر خۆیەوە دەیووت:

(- تەواو.. قیروسیا.. هەر وای لێدەهات.)

دۆڕاو، حەز بە دۆڕاندنی هەموو کەسێ دەکات. جیاوازیێکی چکۆڵە لە نێوان فەرەیدون و دۆڕاوەکانی دیدا هەبوو، ئەویش ئەوە بوو پاش ئەوەی دۆڕا، خۆی بە دۆڕاو و هیچ و پووچ دەزانی، پێی شەرم نەبوو بەخۆی بڵێ من دۆڕاوم. هیچ و پووچم بێکەڵکێ و بوودەڵەم هەندێ جاریش لەئەنجامی بەراورد دەیویست پاکانە بۆ دۆڕانەکەی خۆی بێنێتەوەو دڵی خۆی بداتەوە، ئەویش بەو حیسابەی:

(- ماشاالله دۆڕاو زۆرە من لەنێوانیاندا ون بووم جا خەمی چیم هەبێ، من چیم، بابەیێکی بەستەزمان، گەر لەم وڵاتە نەبام نەناوی کوردم دەبیست، نە کوردستانیشم دەناسی، گوناهەکەم ئەوەیە کوردم. کورد بونیش یان دەبێ قارەمان بێت، واز لە هەموو بەرژەوەندییێکی خۆت بێنی ببیت بە سووتەمەنی، من ئەمەیان نیم ونەمتوانی ببمە قارەمان، یا دەبێ بترسی، لە خەڵکێ لە دنیا، لە خۆت، لەدەوروبەر، وەکێ ئێستای

من، ترسنۆکم ترسنۆکێ.. کفر بوو کوردم، دەبێ ئیتر هیچ حسابێکم بۆ نەکرێ، دەبێ هەر ئازاو قارەمان بم و بەرگەی تەعزیب بگرم، یا پۆلیس راوم نێ، لەم ماڵ و ئەو ماڵدا موختەفی بم، یانیش ببمە پێشمەرگە، خەڵکێ بکوژم، سەرماو برسیەتی تەمەنی بیست و چەند ساڵێم بکاتە پەنجا ساڵ، لێکەوم، هیچم نەبێ، هەر ترس و ترس و ترس هاوڕێم بێ. ئەمە هەموو لەبەر ئەوەی کوردم. تف لە کورد، تف لە خۆم و کوردو هەرچی نەتەوەیەکێ هەیە! کورد بەرگەی تەعزیبم نەگرت، چ پێویست دەکات ئەوەندە خۆم ئەزیەت دەم. چ بکەم منیش حەزم دەکرد قارەمان بم، نەبووم! خۆ ئەو سەگبابانەی ژوورەکەم لە تەعزیب زیاتر تەعزیبی دەرونیان دەدام، ئەوان وایان لێم کرد ببمە پیاوی دەوڵەت... ئەوە وتمان من خوێری بووم، خۆ ئەوانەی شۆڕشێکی زل و زەبەلاحیان بەڕێوە دەبرد چ تەعزیبێ نەدران وا بوونە... خوا دەزانی چی.. من چیم لە ئاستی ئەواندا من خۆم فرۆشت، ئەوان خۆیان شۆڕش و میللەتێکیان فرۆشت، من تاقە کەسێکێ بووم، خەڵەتام یان خەڵەتێنرام، خۆ ئەوان سەدان زەلامی سەر زلی (عەقڵ فرۆش ) بوون، بە حیساب عەقڵیان بە سیاسەتی دنیا دەشکا، تۆ بڵێی عەقڵی من و عەقڵی ئەوان وەکوو یەکێ بووبێ؟ من پێی لێ دەنێم (هیچ و پووچم) تۆ بڵێی (ئەوانیش) وەکوو منی دۆڕاو بەخۆیان بڵێن (هیچ و پوچ) یا هەر بە یادی جارانەوەخۆیان بە پیاو بزانن و منیش بە دۆڕاو! هەرچییەکی بووە، تازە تەواو، کە من



ڕووخام خوای دەکرد کۆڵەکە لە دنیادا نەدەما. گەر ئاسمانیش کۆڵەکەی هەبا، خۆزیام دەخواست داتەپیبا!)

هەندێ جاریش، پاش خۆدواندنێکی زۆر بە خۆی دەووت:

(-کێ ماوە پێم بڵێ ژوور چاوت بڕۆی پێوەیە... کێ؟ ئەوەی پیاو بوو کوژراوە، یا تەسلیم نەبووەتەوە. ئەوانی دیش یا تەسلیم بوونەتەوە یا .. ئیتر ترسی چیم هەبێ.)

هەر جارەی کە کۆنە هاوڕێیەکی خۆی دەبینی، بە ساردییەوە جوابی سەلامەکەی ئەمی دەدایەوە، بە جۆرێ لە خۆی بێزار دەبوو و شەرمی دەکرد، هەر ئەوە بوو ئەرز قوتی نەدەدا، پێی وابوو هەر هەموو کورد بە گەورەو بچوکەوە گوێیان لەو قسەو باسەی نێوان خۆی و ئەفسەرەکەی (هەیئە) بووە، دەشزانن چی لە خەیاڵدایە و چۆنیش بیردەکاتەوە. ئیدی فێرە درۆ بوو، چاو بەستی لە خۆو خەڵکەکە دەکرد،

- تاقە کەس بووم ئیعترافم نەکرد.. ئیتر دەستیان لێشۆردم، گەر ئاشبەتاڵیش نەبا سەد دەرسەد ئیعدام دەکرام...

هەندێ کەسی وردبینی زیرەکێ پێیان دەووت:

- بەختت هەبوو

- رەفتاری سەیری پەیدا کرد، سەرنجی زۆر کەسی ڕاکێشا، بەیناو بەین، بێ موناسەبە بە خەڵکەکەی دەووت: (بەختم هەبوو!) ئیدی نەیدەزانی چ دەکات و چ دەڵێ، درۆو ساختەچییەتی بووە سێبەری هەموو قسەو ڕەفتارێکی. جورئەتی هیچ شتێکی نەمابوو. تەنانەت پاش

بەربوونی بەیەکدو ڕۆژێ، هەموو باس و خواستێکی هیامی بیست کە بە
چ گوڵمەزیکەوە لە مچەیان مارە کردووەو چۆنیش چوونەتە (دەرێ)
ئیدی ئەوەندە بە دووی ئەو باسە نەکەوت، هەوڵی دەدا لە بیری خۆی
بباتەوە. لە دڵی خۆیشیدا نەیتوانی قسەییێکی سارد، بە مچە بڵێ،
ترسی ئەوەی هەبوو، هەوا، دار، بەرد، قسەکە دەگەیننە مچە.

*

پاش ئاشبەتاڵ گڵۆڵەی تورکمانەکانی کەرکوک کەوتە لێژییەوە.
ئیدی دەوڵەت چ ترسێکی نەبوو، هەندێ لە تورکمانەکانی کەرکوک
ئەوەندەی کوردان خەمخۆر بوون. هەندێکی دیشیان خەمخۆر بوون بەڵام
خەمەکانیان لە سنووری بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان تێنەدەپەڕی ئەویش
سەبارەت بەو یاسا کتو پڕییە بوو کە: لە کەرکوکدا زەوی و زار و
خانووبەرە کڕین بۆ کوردو تورکمان قەدەغەیە!

ئەوجا بە زۆرو بە نیوە قیمەت ئەرزو خانوویان لە تورکمانەکان
دەکری و دەریان دەکردن (بۆ کوێ دەچن بچن!) بۆ کورد نیوە قیمەتیش
نەبوو، بە تایبەتی بۆ ئەو کوردانەی ناوی (عائدون) یان لێ نابوون
هەرچییەکیشیان حیجز بوو، نەک نەدرایەوە، بەڵکو هەر شتێکی دییان
هەبوو تا ئەو کاتە دەوڵەت پێی نەزانیبوو، بە پەلە حیجز کران. ئەگەر
تا ئەو کاتە بەشێکی تورکمان و بە شێکی کوردانی کەرکوک وەک ناحەز
ڕەفتاریان دەکرد.بەڵام مەترسییێک بێجیاوازی خستنە بەینیان رووی
تێکردن.



(گەلێ جار قسەی ڕێک و کۆششی مەردانەی (پیاوان) بۆ ئاشت
کردنەوەی، بەرەو کەسانی ناحەز، هەندەی نووکە قەڵەمێکی دوژمن
کاری خۆی نابینێ.. دوژمنی دەسەڵاتدار- گەر لە سەرەتادا بۆ
بەرژەوەندی خۆی، ناتەبایی خستبێتە نێوان دوو بەرە، دوو عەشیرەت،
دوو حیزب، دوو نەتەوە — بیەوێ (هەر بۆ مەبەست و بەرژەوەندی خۆی)
ئاشتیان دەکاتەوە، تەنها سووکە هەرەشەییێک و چاو سوورکردنەوەییێک،
سەرکردەکانی بەرەی ناتەبا دەهێنێتە لەرزو زمان لە دەمیاندا
دەمەیێنێ. ئیدی هەرچی بۆچوون و قسەی ڕێکو پێکی لەوەبەری
خەمخۆران هەبووە، لە ئاستی ئەو چاو سوورکردنەوەیەی دوژمن دەبێتە
هیچ! وا راهاتووین، زیاتر بە قسەی دوژمن بکەین، لێکمان کاتەوە،
بمانکاتە هەزار بەش! ئاشتمان کاتەوە، بمان کاتە برای حەوت پشت،
کەیفی خۆی نییە؟ وا راهاتووین: گوێ ناگرین، سەیر دەکەین، کە
سەیریش دەکەین بە چاوی دوژمن شتەکان دەبینین! بەلایەکی دیشدا
ڕەفتاری هەرەشە ئامێزی دوژمن دەبێتە مایەی یەکێتیی و هاودەردیکی
ئیعلان نەکراوی بێدەنگی نێوان دوو نەتەوە.. لە کەرکوکدا (پیاو چاکانی
خەمخوار، هەندیان باسی تەبایی و یەکێتی دەکرد، کول بوون، بێ سوود
بوو، چ کەسێ گوێی لێ نەدەگرتن. کەللە ڕەقی کەرایەتی بەرچاوی
بەشێکی تەواوی کوردو تورکمانی گرتبوو، چەقۆیان لە یەکدی دەسوی،
تفیان لە سێبەری یەکتر دەکرد، تەنانەت کەسانی خەمخۆری ئەم
ناحەزییەیان بە ترسنۆک و میللەت فرۆش لە قەڵەم دەدا. دوژمنیش

سوودی لە خۆشکردنی ئەم ئاگرە وەردەگرت، سەرسەری کوردو شەلاتی تورکمانی هاندەدا لە بازارو کۆلاندا گۆبەن بنێنەوە ئەوی بە شەروالەوە بە گەڕەکی تورکماندا تێپەڕیبا دەبێ تێهەڵدرێ. ئەو تورکمانەی بە گەڕەکی کورداندا تێپەڕیبا، سەرسەرییە کوردەکان لێی کۆدەبوونەوە، پێیان دەووت: بۆ مۆرە دەکەیت؟ ئەگەر بیوتبا (مۆڕەم نەکردووە) پێیان دەووت (ئەی بۆ مۆرە ناکەیت)؟ دەبا گاڵەی پێبکرێ..

میری ماڵە کوردو تورکمانی دەردەکرد؟ عەرەبی لەخوارووی عێراقەوە دەهێنا لە کەرکوکدا نیشتەجێی دەکردن دیهاتی دەوروبەری شەریکەی نەوتی کەرکوک هەبوو — کە کورد بوون — هەر هەمووی دەرکردن و عەرەبی بۆ هێنان ئەوجا پاش ئاشبەتاڵ نۆرە هاتە سەرشاری کەرکوک.

❊

دۆستەکانی محمد ئەفەنی چ باسی ڕێککەوتنەکەی فەرەیدون و ئەفسەرەکەی (هەیئەیان) بۆ محمد ئەفەنی نەکردبوو. ئەمیش لە گوماندا دەژیا، پێی وابوو بە ئیشارەتیش بێپێیان وتووە کە بە فیتی محمد ئەفەنی گیراویت. هەر کە فەرەیدون بەربوو پاش یەکدوو ڕۆژێ محمد ئەفەنی خۆی گەیاندە فەرەیدون، چووە ماڵەکەی بە شێوەیەکی ئەوتۆ باوەشی پێدا کرد دەتووت باوک و بران، ئەملاوئەولای ماچ کرد. کیسەکەی دەستی دانا، کە هەندێ شوشەی ئاوی پرتەقال و قوتوییکی چکلێتی تیادا بوو چەند جارێ لەسەریەک بەهەناسەبرکێوە وتی:



- کوڕم کە فارەتی گوناحت بێ..

فەرەیدون گەلێ حەپەسابوو، زمانی تێک ئالابوو، نەیدەزانی چۆن وەلامی بداتەوە، محمد ئەفەنیش بێوەستان دەیووت:

- سجن جێی پیاوانە... کوڕم ... بەرخی نێر بۆ سەربڕینە، کوڕی خۆم الحمدلله ساغ و سەلامەتیت. ئینشاالله عومر درێژ دەبی.. کوڕم سجن جێی پیاوە پیاو!

کە فەرەیدون چ وەلامێکی نەبوو، محمد ئەفەنی پێی وابوو فەرەیدون هەموو شتێکی بیستووەو راستی ڕووداوەکان دەزانێ، ڕەنگی تێکچوو بە پچرپچری وتی:

- ئا.. کو.. کو.. کوڕی خۆم.. ئە.. ئەوە .. خوتەی حکومەت بوو.

- چی؟

- ئا.. خووتەی حکومەت بوو..

- حکومەتی چی؟

- حکومەت، حکومەت. ئەڵێم .. شاکر.. حکومەت..

- تێناگەم.. نازانم باسی چی دەکەیت و مەبەستت چییە؟

محمد ئەفەنی هەستی کرد فەرەیدون بێ ئاگایە

- دەڵێم (لەوێدا) کەس باوەڕی نەدەکرد کە حکومەت ناردوویەتی .. ناشکوری نەبێ، تۆیش لە دەرێ نەبوویت، تاباست بۆ بکەم، تا تۆیش پێیان رابگەیێنی و ئاگاداریان بکەیتەوە

- دەڵێم لە مەبەستت حاڵی نیم.

- ئاخ حەیفێ ئەوە کچی من بوو.. توخوا کوڕی خۆم فەرەیدون لەناو عائیلەی ئێمەدا جاسوس هەڵکەوێ، حەقی ئەوە نییە سەری خۆم هەڵگرم.. بڕۆم و مەگەر ئەو خوایە خۆی بزانێ روو لە کوێ بکەم، فەرەیدون کورم، بەم تەمەنەوە بوومە گاڵتەچی عالەم، ئەوەی (دەهێنێ و ناهێنێ) تانەو تەشەرم لێدەدەن و دەڵێن کچەکەی محمد ئەفەنی (جاسوس) دەرچوو..

- جاسوس؟

- ئا.. ئەی نەتبیست حاشام لەو بێئابرووە کرد. نەتبیست .. کورم لە جەریدەشدا بڵاوم کردەوە. حەیفێ هیام،، دە وەرە محمد ئەفەنی قوڕی کوێ دەکەیتە سەری خۆت، کچەکەت جاسوس دەرچێ! ئا.. کوڕم، دەوڵەت خووتەی دانا، بچێتە (دەرێ) مەعلومات کۆبکاتەوە.

- - مەعلوماتی چی؟

- حەی .. تۆ لای خۆت سیاسیت!

- سیاسی چی؟

- ئێ، ئەمەیان قەیناکات، دەبێ سیاسیەکان وریا بن.

- وریای چی لە چی؟

- باشە بابە.. باشە.. بەڵام پێم سەیرە دەپرسێ مەعلوماتی چی؟

حکومەت پێویستیی بە هەموو شتێ هەیە، دەیەوێ مەعلوماتی لەسەر هەموو شتێکێ هەبێ. ئەی چۆن! بەسەری ئەم فەرەیدونە کەوەکێ کوڕی خۆم سەیرت دەکەم و خوایش شاهیدی ئەم قسەیەمە، کە بۆم



دەرکەوت دەستی لەگەڵ حکومەت تێکەڵە، ئەو خوایە دەزانێ تا ماوەیێکێ نەخەوم خەو بوو، نەخۆراکم خۆراکێ بوو، نازانم چۆن شێت نەبووم فەرەیدون! ئای، ئەگەر ئەو وەختە ئاگات لە دڵم دەبوو، ئاگات لە ماڵەکەم دەبوو، دڵت بە ئێمە دەسووتا.. ماڵەکەمان جەهەنم بوو.. فەرەیدون کوڕم خۆت دەزانی نەدەکرا، راستەو راست پێی بڵێم (تۆ دەستت لەگەڵ حکومەتدا تێکەڵە) دەمزانی شکاتی لێدەکردم، تەقریری لەسەر دەنووسیم دوور نەبوو بە حکومەتی وتبا (باوکم موئامەرەچییە!!) کوڕم فەرەیدون ئاخر زەمانە ئاخر زەمان.

- ئاوها ؟

- ئەرێ بەسەری تۆ.

فەرەیدون کاس بوو، بەرەو ناخی خۆیدا چۆرا، بەوشەی بێدەنگێ کەوتە خۆدواندن:

(بلێ ئاوها.. هیام تۆیش جاسوس بوویت؟ راستە .. سەد دەر سەد راستە، محمد ئەفەنی راست دەکات! ئەی ئەوە نەبوو ئەفسەرەکە لە (هەیئە)دا پێی وتم: ئێمە هەموو شتێکی تۆ دەزانین.. بەڵێ هەموو شتێکیان دەزانی، قابیلە ئەفسەرەکە درۆی کردبێ! لە خۆیەوە ئەم قسانەی کردبێت!؟

هەموو ئەم شتانەش (هیام) لە ڕێی تۆوە بوو... ئاوها کچ جاسوسی بکات؟ یەکەم نێچیریش خۆشەویستەکەی خۆی بێ؟ خۆشەویست تەڕەماش. هیام ئاوها دەستیشت لەگەڵ حکومەتدا تێکەڵ کرد بوو ئای

فەرەیدونی گەوج گەر کچ دەستی لەگەڵ حکومەت تێکەڵ کرد، ئیدی لێی دەگەڕێن؟! کەرپیاو فەرەیدون کەمت بیستووە؟ کەمیان بۆ باس کردوویت کە حکومەت چۆن کچان دەهێنێتە ڕیزی خۆی؟ چەند جارت بیست (سەرەتا ئیغرایان دەکەن) پارەیان دەدەنێ بەدەمیانەوە پێدەکەنن، پێیان دەڵێن: تۆ وەکو کچانی تر نیت.. تۆ جیایت.. ئەم قسەیەش بەسە بۆ ئەوەی کچی وڵاتی ئێمە گوێت لێبگرێ، پاشان بەسەرو باڵای هەڵدەدەن، ورد ورد دەیهێننە ژێر بارەوە. ئیتر بەوردی ئیشی خۆیان لەگەڵ دەبینن. بێهۆشی دەکەن، چەند کەسێکی تێبەردەدەن، بەو حاڵەوە لە پاش و پێشەوە وێنەیان دەگرن. پاشانیش پیشانی کچەی دەدەن و پێی دەڵێن (هەر بە ئاستەم ئەملاو ئەولات لێببینین وێنەکان بڵاودەکەینەوە!) ئافەرین هیام! خوا دەزانێ چەن هەزار وێنەیان بۆ گرتوویت.. هەی قوربەسەر کەرایەتیت فەرەیدون، ئەوەندە گەوج بووم. یانی تا ئێستایش نەدەبوو لە خۆت بپرسی ئەفسەرەکە بە چ دەلیلێ پێت دەڵێت: ئێمە هەموو شتێکی تۆ دەزانین جا وەرە خۆشەویست ترین کەس، خیانەتت لێ بکات و بەرەو سێدارەشت بنێرێ! خۆ ئەگەر ئاشبەتاڵ نەبا، سەد دەر سەد هەڵیاندەواسیم. بەختم هەبوو!! دەفەرموو دەی! خۆ من چ باسێکم لەلای هیام نەکردبوو، نا.. نا.. پێویستی بە باس کردن نەبوو، زۆڵ بوو زۆڵ. بەس نەبوو ئاشبەتاڵ بوو.. یەکەم جارە هەست دەکەم بەختم هەیە!!!



محمد ئەفەنی لە نێو بێدەنگی و رەنگێ تێکچوونەکەی روخساری فەرەیدون دا، زۆر شتی خوێندەوە، بۆ ئەوەی زیاتر مەبەستەکەی خۆی لە ناخی فەرەیدوندا بچەسپێنێ و لە گومانی بئاڵێنێ، بەردەوام بوو:

-ئینجا فەرەیدون- کوڕی خۆم- لەبەر مەسلەحەت، مەسلەحەتی قەومیەت نابێ کەس بزانێ من ئەم قسەیەم بۆ کردویت.. دنیایە.. مەبەستیشم (خەڵکی شارە) ! ئا .. خوا دەزانێ یەکەم کەسی — سیقەم پێتە، ماشائەڵڵا پیاوی سجنت بینیوە ئەم سررەت لا ئاشکرا دەکەم..

- سوپاست دەکەم.

- دەڵێم بەڵکو تۆ تەقریرێک بنوسیت .. ئا .. ئاشکرای بکە چونکە مەسڵەحەتی قەومیەت ئەمە دەخوازێ.

کە لە رادەبەدەر ڕەنگی فەرەیدون تێکچوو، محمد ئەفەنی بە شێوەییەکی دی ئەم شڵەژانەی فەرەیدونی لێکدایەوە، هەوڵی دا قسەکانی خۆی راست بکاتەوە:

- خۆت نا.. ئەوا مەعلوومەو هەموو کەسێ دەزانێ تۆ عیلاقەت بەوانەوە نییە. بەڵام بەهۆی برادەرەکانتەوە ئاگاداریکیان بکەوە..

- ئاگاداری کێ بکەمەوە؟

- ئەوان!

- ئەوان کێن؟

- ها، فەرەیدون.. منیش، سەلامەت بی

- ئا.. ئاخر (ئەوان) نەمان. تەواو بوون.

- تەواو؟

- ئا.. ئەی چۆن؟ بۆ یانی نەتبیستووە؟

- ها.. هەی . نا حەقت ناگرم، هێشتا ماوتە تێبگەیت. تۆ گوێ لە مامی خۆت بگرە، حەز دەکەم بزانیت، دە کورد لە دنیادا بمێنێ، (ئەوان) تەواو نابن و شاخ جێناهێڵن! تێدەگەی. تۆ تاریخت بە جوانی نەخوێندووەتەوە. دە کورد بمێنێ، شاخیش دەمێنێ، شاخ بە بێ کورد شاخ نییەو تەخت دەکرێ، لەوەتەی دنیا دنیایە شاخ هەر هەیە. دە لە مامی خۆت بپرسە بۆ هەیە، تا پێت بڵێم کورد هەبێ شاخیش دەبێ.

- دەڵێ کاژێکت وەک ئەوان بیردەکەیەوە

- جارێ مامی خۆت بە چاکی ناناسیت، جا با عەرزت بکەم، ڕەنگە ناحەزان بە شێوەیێکی تر باسی منیان لای تۆ کردبێ، بەڵام بەسەری تۆ من هەمیشە وتوومە کوردو تورکمان بران، یەک شەعبن! داخەکەم شیوعیەکان تەفریقەیان خستووەتە نێوانیان من دەزانم تۆ حەز دەکەیت قەومیەتەکەت.. ئەستەغفراللە خۆ ناڵێم تۆ.. بەڵام با برادەرەکانت ئاگاداری یەکدووانێکیان بکاتەوە کە مچە سوری دایک حیز، ئەو قەحبە دایکە، کە مناڵی گەڕەک نەما بە خۆی و کچەکەی باڵق نەبن لەگەڵ ئەو هیامە کە.. نازانم تف بەرەو کوێ هەڵدەم. کوڕە هەردوکیان جاسوسن، تێگەیشتی.

- مچەیش؟

- کوڕە باوکی مچەیش؟



- بەڕاستی تە؟

- ئەی پێم نەوتی حکومەت پێویستی بە هەموو کەسێک هەیە.. کوڕی خۆم مناڵ مەبەو بەڕواڵەت مەخەڵەتێ.. ئەرێ بە ڕاست بەینی خۆمان بێ و قسەکە نەچێتە دەرێ.

هەندێ دەنگی خۆی نزم کردەوە دەمی بردە نزیکی گوێیی فەرەیدون:

- حکومەت زۆر ڕقی لە کوردو تورکمانە بە خەتەریان دەزانێ، خۆ .. ئەڵێم لە تەحقیق دا باسی منیان نەکرد. کە لەگەڵ کوردەکاندا ... یەعنی بەدزییەوە، ژێراو ژێر.. مەبەستم تێدەگەی؟

- نەخێر چ باسێکی تۆیان نەکرد.

- نەیانووت محمد ئەفەندی ئەسڵی کوردە!

- نەخێر.

- مەعقول نیە حکومەت نەزانێ ئەسڵ و فەسڵی من کوردن و زەنگەنەن!

- بۆ ئێوە..

- یەعنی..

- چۆن؟

- کورم کوردو تورکمان یەک شەعبن، فەرقیان نیە، خوا شیوعیەکان بگرێ، چییان بەم شەعبە نەکرد. خوشک دەخوازن ئەستغفراللە دەڵێن، خوا نیە.. دەڵێن مارەو تەڵاق قسەی قۆڕە.. کوڕم قەد باوەڕیان پێنەکەی! ئێستا بۆت دەرکەوت مامی خۆیشت کوردە!

- یەکەم جارە قسەی وا دەبیستم.

- الحق عاقڵی... من تا سیقەی موتڵەقم بە کەسێ نەبێ، قەد قسەی وای لە لادا ناکەم.. الحمد لله تۆیش کوڕی چاکیت.. ئێستا پێم بڵێو دڵی مامت خۆشکە ... پێیان دەڵێی، یەعنی با برادەرەکانت پێیان بڵێن، با ئاگاداری خۆیان بن کوڕم (حەزەر) شتێکی باشە.. بە ڕاست شتێکی ترم بیرکەوتەوە، (شاکری) خاڵیشی هەر هەوە.

- چی؟

- ئا.. ئەویش جاسوسە.. ئەی چۆن، هەر ئەو بوو هیامی کردە جاسوس.

- شاکر کەی جاسوسە.. ئەو بەستەزمانەو جاسوسی کوجا مەرحەبا.

- ها .. بۆ تۆ تا ئێستا نەتبیستووە (شاکر) شیوعییە.

- با...

- ئێ، تەواو.. شیوعیەکان جاسوسن! خۆت لە من باشتر دەزانی..

- من ئەم باسە نازانم و چ کەسێکیش ناناسم.. ئەوەندە دەزانم (ئەوان) تەواو بوون و نەمان.

- ئافەرین، سیاسی دەبێ قسەی وا بکات.. سیقەم پێتە. لێت ناترسم.

- دەڵێم بە هیچ جۆرێ عیلاقەم بەکەسەوە نییە.

- بەخوا سیاسیت.. سەد ڕەحمەت لە دایک و باوکت.



محمد ئەفەنی، بە مەبەستەوە — لەم ڕووەوە — وەک گێلێ خۆی دەنواند، هەرچەند فەرەیدون لە ترسان و لە شەرما دەیووت هیچ نیم، محمد ئەفەنیش لەگەڵ ئافەریندا بارک اللە-ی بۆ دەکرد..

پێش ئەوەی هەڵسێ بە چپەوە بە فەرەیدونی وت:

- با ئەوەشت پێبڵێم، خۆت دەزانی من ڕەفیقم زۆرە، بۆیان باس کردم (هیام) تەقریری لەسەرت نووسیبوو! بە ڕاست لە بیرم چوو ئەوەت پێبڵێم، من تۆ وەکو کوڕی خۆم دەزانم، ئەگەر ئیشی خێرت بەدەستەوە بوو.. ها دوایی گلەییت لێدەکەم دەبێ مامی خۆت ئاگادارکەیت.. نەء خۆم.. هەموو شتێکی عائیدی خۆمە، برازای خۆمیت هەر خۆم ژنت بۆ دێنم!

محمد ئەفەنی پێی وابوو دوا قسەی، لە قسەکانی پێشووی کاریگەتر دەبێ کەچی زۆر بە ساردییەوە پێی وت

- ئینشائەللا

محمد ئەفەنی ڕۆیشت، هەمان یەکەم شەوی بەندییەکەی دووبارە بووەوە، نەخەو، نە حەسانەوە، گینگڵ دان و کاس، گێژو بێسەرو بەر، هەزارو یەک خەیاڵێ جۆراوجۆر بە مێشکیدا تێدەپەڕی.

پاش هەر هەموو خەیاڵێکیشی تفێکی خەستی رووەو یادەکانی خۆی دەناردو جنێوێکی مزریشی هەواڵەی هیام دەکرد.

( ئەمەشت پێکردم.. کێ عەقڵی ئەوە دەبڕیت هیام تۆ وا لەگەڵ مندا بکەیت!)

# ٣

خەجێ، گەلێ بەوردییەوە (دەمانچە دە تیرەکەی) لە لەشی خۆیدا قایم کردبوو. شەوێی ئەو ڕۆژە، خەو نەچوبووە چاوانی، تا بەرەبەیان هەر ئەمدیوو ئەودیوی دەکرد، گەلێ شت لە مێشکیا تێکەڵ و پێکەڵ ببوون. زوو زوویش تارمایی فەرەیدون لە بەرچاویدا بەرجەستە دەبوو، بە نەگریسی دەکەوتە بەر دیدەی هەوڵی دەدا ئەو تارماییە برەوێنێتەوە، بەخۆی دەووت: (لە لای ئەحمەدو نەسرین، هەر باسیشی ناکەم، ئەوە ناهێنێ ئەگەر ئەوان پرسیاریشیان کرد، خۆم گێل دەکەم، جواب نادەمەوە .. حەتمەن ئەحمەد هەر هەواڵی دەپرسێ، یەکە هاوڕێی بوو.. هیچ قسەیێک ناکەم. چما، بۆ خۆی خەمی کەمە، تا ئەمیش بکەمە سەرباری غەمەکانی..

نەء.. چییە فەرەیدونیش یەکێکی تری دۆڕاوی کوردە کەم دۆڕاوی هەیە؟! ئەوە ناهێنێ هەر باسی بکەم.

بەیانیش بێخەوی پێوە دیار بوو. لە کەرکوکەوە تا گەیشتە هەولێر، لە نێو سەیارەکەدا چەن جارێ خەوە نوتکە بردییەوە تاسەو بەرزو نزمی و پێچە دژوارەکانی ڕێیەکە وە ئاگای دەهێنایەوە. گەیشتنە هەولێر، هەر خەواڵوو بوو، کەمتر دیقەتی شارو مەردوومەکانی دەدا، خۆی دوانەخست، یەکسەر بەرەو گەراج کەوتە ڕێو لەوێشەوە سواری سەیارەیێک بوو، بە شۆفێرەکەوە شەش کەس بوون، مەلاییێک، پیرەمێردێ، گەنجێ، خەجێو هەرزەکارێکی ڕەشتاڵەش لە نێو (فۆڵگا) یێک بەرەو حاجی ئۆمەران ڕێیان دەبڕی. گەرچی خەجێ خەوی زۆر دەهات، نەخەوت، ڕێیەکە هەند نارەحەت بوو، چەند جارێ بۆڵەی بە شۆفێرەکە هەڵسان، دیاربوو دڵی لە شتێکی تر پڕ بوو، ڕێیەکەی کردبووە بیانوو، هەزارو یەک جنێوی، بۆ ئەو کەسانە دەنارد کە ئەم ڕێیەیان ئاوها بەو باریکیە دروست کردووە، لەگەڵ هەر جنێوێک دا دەیووت:

- ئەی! ڕێو بانی چی؟ تا چەک و جبەخانەو بەندیخانە وەستا بێ فلسێک بۆ ڕێو بان سەرف ناکەن.

خەجێ لە قسەکانی شۆفێرەکە کەوتە گومان، دەیزانی دەوڵەت پیاوانی خۆی فێرکردووە جنێو بەمیری بدەن، تا چاکتر کلیلی دەمی خەڵکەکە بکەنەوە.. ساویلکەکانیش هەرهەندەی دەمیان کرایەوە،



ئیدی ئەوەی دەیزانن و بیستوویانە، یا ئەوەی مەبەستیانە خەڵکی بیبیستێ وەک گەڵای دار لە دەمیانەوە هەڵدەوەرێ. خەجێ بەسڵ کردنەوە گوێ بیستی، جنێوو نەفرەتەکانی شۆفێرەکە بوو.. نەفەرەکانی دیش بێسڵ کردنەوە، قسانیان دەکرد.. گەرمەی باسیش هەر ئاشبەتاڵ بوو، نەک هەر لە ناو سەیارەکەدا بەڵکو لە هەموو شوێنێ، گەورەو بچوک باسیان دەکرد. سەراپای باسەکانیش، گازەندەو دەردەدڵ و سەرکۆنەی شۆڕش و مەسئولەکان بوو. ئەوەی لەوەبەر حکومەت دەیویست بڵاوی بکاتەوە- کە کەسیش باوەڕی پێ نەدەکرد — ئەوا میللەت (خۆیان بڵاوی دەکەنەوەو ترش و خوێشی پێوە دەکەن!)

لە ناو سەیارەدا، هەر ئەوەندەی باسی بکەوتبا سەر زمان، ئیتر درێژەی دەکێشا و کەم کەس ئاگای لەو سێ چوار سەعاتەی ڕێ دەما، کە شوفێرەکە قسەی دەکردو جنێوی دەدا، جگە لە خەجێ، هەموو نەفەرەکان بەسەر لەقاندن (ئەشهەدویان دەکرد) پیرەمێردەکەیش وەک ئەوەی درێژە بە باسێکی لەوەبەری بەینی خۆی و مەلاکە بدات، بەردەوام بوو لە قسەکردن:

- ئەرێ واللەهی مامۆستا چۆنم بۆ باسکردی ئاوهایە.. ساڵێکە ئەو ناجسنەی من ژنێک و سێ منالّی بێ سەرو قنی بەسەر منەوە بەجێهێشتووە.. وارو یۆخم کردە قورگیان.. ئیتر نەما، هێزم لەبەر برا.. دەبڵێ بۆنایەیتەوە؟ چ ماوە وا خۆت پەستاندووەتە ئێرانەوە. ئاخر هەی بێویژدان من هیچم هەیە. پیرەمێردێکی وەکوو من چۆن دەتوانێ ژنێک

و سێ مناڵی تۆ بەخێو بکات... مامۆستا ئەو ناجسنەی من ئەوەندە کەللە رەق و بێ عەقڵ بوو، وایدەزانی، گەر نەبێتە پێشمەرگە، ئەوا کورد گلەیی لێدەکەن پێی وابوو بێ ئەو کوردان گورگێ دەیانخوات ئاخر هەی حەرامزادەی بێعەقڵ تۆیێ نەتوانی ژن و مناڵی خۆت بە خێو بکەی. ئاخر کەی دەتوانی میللەتێ رزگار بکەیت.. تەڕت رزگار کرد، ئەوانی دیش دیارە هەروەکێ ناجسنەکەی من بوون بۆیە وا دایانەوە کەندێ-

مەلایش هەر سەری بۆ دەلەقاند، پیرەمێردەکەیش، وەکێ ئەوەی بیەوێ بەجارێ هەرچی دەردە دڵ و خەم و خەفەتێکی هەیە، هەڵیرێژێ.

- مامۆستا بەو قورعانەی وا جەنابت بسم الله-ت لێکردووە، لەم ساڵە چ کەسێ ئاورێکی لێنەدایەوە... ئاخر هەی ناجسن من تاکەی بۆ تۆ دەمێنم.. وەستا رەشیدی هاوسێمان هەر زوو بەرکەوت و نەجاتی بوو خۆ چ کەسێ ئاوڕی لە ماڵ و مناڵەکەی نەدایەوە.. ئەوا ئێستایش پیاو کە مناڵە وردەکانی دەبینێ جەرگی دەبێتە ئاو... مامۆستا، مناڵەکانی لە مەکتەبدا فەسڵ کراون،، ئێستا لە بازاڕدا پاکەت دەفرۆشن. ژنەکەیشی .. ئەرێ مامۆستا بە پێی شەرع رەوایە پێش...

مەلا نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات، دەستی نایە سەرشانی شۆفێرەکەو پێی وت:

- کاکی برا وەختی نوێژە، زەحمەت نەبێ یەکێ دوو دەقیقە..

شۆڤێرەکە بەنا بەدڵییەوە سەیارەکەی راگرت مەلا لە نوێژ بووەوە.

شۆفێرەکە پێی وت:



- مامۆستا دوعای خێرت بۆ کردین!

مامۆستا چ وەڵامێکی نەدایەوە، ورتە ورتەکەی زیاد کرد، دیاربوو دوا ئایەتەکانی ئایەتەل کورسی دەخوێند، سەری بۆ شۆفێرەکە لەقاند. یەکێ دوو فووی کردە ئەملاو ئەولای خۆی، هەردوو دەستی بەسەرو چاوی خۆیا هێنا، سوار بووەوە، کەوتنەوە رێ..

پیرەمێردەکەیش وەکێ ئەوەی ساڵە وەختێ بێ قسەی نەکردبێ، بەردەوام بوو:

- مامۆستا، ئەو ناجسنەی من زۆر بێعەقڵە، هەر هیچ نەبێ سەیری ڕەفیقەکانی خۆی کردبا، ئەوان هەر هەموو هاتنەوە مامۆستا هی وایان هەبوو بە جەنتا (دە) دیناری لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە.. مامۆستا یەکێکیان — بە غەیبەتی نەبێ — کە چووە دەرێ کرێچی بوو، لەم ساڵەدا هەندەی (دە) بایی ناردەوە ماڵێ. لە بری خانوێێکێ دوویان بۆ دروست کرد، ئەوەتا گەڕاوەتەوە، هەر لە کورەکەی جاران ناچێ، ماشاءالله پۆشتەو پەرداخە هەر بە ئاغا دەچێ.

گەنجەکەی تەنیشتی پیرەمێردەکە بە پێکەنینەوە پێی وت:

- کابرا تا نەچووبووە دەرێ مسکێن بوو، چووە دەرێ و بووە شۆڕشگێڕو دەرسی ئاغایەتی خوێندو بووە ئاغا.. یانی لای ئێمە شۆڕشگێڕی هەنگاوی یەکەمە بۆ بە ئاغا بوون؟

- لەم قسانە حاڵی نابم من بە کوردی و کرمانجی قسان دەکەم.. ئەوە چەند ساڵە من هەر شتی وام بینیوە، چ جارێکیش نەمبینیوە،

ئاغاییێک، کوڕە ئاغاییێک بێتەوە حەماڵی بکات. نە ئینشاالله خۆ بوختانیش ناکەم. ئەرێ واللههی دوو خانوو.. دوو قەسر.. قەسر!

شۆفێرەکە خۆی تێهەڵقورتاند:

- گەلێ چاکی کرد.. چاکی لێحاڵی ببوو، ئەڵبەتە دەیزانی بیخوات. دەکێ عافێتی بێ گەر ئەو نەیخواردبا، خوا دەزانێ (ئێستا) لە چ بانقێکی ئەوروپا بۆ حیسابی چ مەسئوولێ قەید دەکرا... ئەوەیە کور نەکێ ئامۆزاکەی من. سا بەسەری ئێوە بۆ گەڕانەوە پارەی سەیارەی قەرز کردبوو، کە هاتەوە کەسمان نەماننناسیەوە، لە بنیادەم نەدەچوو.. (ئێستا) تێی گەیشتووەو داخ بۆ ئەو ڕۆژانەی دەخوات! بەڵام پاش چی!

مەلا پێی وابوو، ئیدی نابێ بێدەنگێ بێ، بە کرخە کرخەوە دەستی بە قسان کرد:

- یاخوا چ کەسێ ماڵی حەرامی بە نسیب نەبێ.

گەنجەکە رووی لە مەلا کردو پێی وت:

- مامۆستا ئەو پارەیە ماڵی حەرام نیە.. دیارە جەنابتان نازانن کێ ناردبووی.

مەلا، قسەی گەنجەکەی پێناخۆش بوو، دانی بە خۆدا گرت، پێی وت:

- کوری خۆم من حەقم بەسەر ئەوەوە نییە کێ ناردوویەتی، ئەمریکایە، جولەکەیە، شەیتانە، من ئەمانە نازانم، هەر کەسێ ناردوویەتی کەیفی خۆیەتی. بەڵام پارەیێک بە ئارەقی ناوچوان پەیدا نەکرێ حەرامە!



گەنجەکە پێی وت:

- مامۆستا، ئەو پارەیە، بە ئارەق نا، بە خوێن پەیدا کرابوو، یانی نرخی خوێن بوو.

مەلا نەختێ دەمارگیر بوو، بە ڕقەوە پێی وت:

- خوێنی کێ؟

- کورد! سەلامەت بی پارەی ئەو خوێنەشیان ژماردبوو کە هێشتا لەناو لەشدا چاوەڕێی گوللەیێک بوو.

خەجێ لەبەر خۆیەوە وتی: باشە ئێستا ئەفەنی وا دەمەت گەرمە، ئەی ئەو کاتە لەکوێ بووی...

مەلا بە گەنجەکەی وت:

- دیارە زۆر داخ لەدڵی؟

گەنجەکەیش بەساردییەوە وەڵامی دایەوە.

- مامۆستا جا توخوا ناحەقمە. ناحەقمە تف لە ئەرزو ئاسمان بکەم.

- ئەمری خوا بوو، هەر دەبا وای لێ بێ

شۆفێرەکە بە مەلای وت:

- دەمخۆش مامۆستا، بەخوا قسەی تۆیە، ئەوەندە زوڵم و زۆریان کرد، تا خوا ئاوهای پێنواندن. مامۆستا، ماوەیێک لەو ناوەدا ئیشم دەکرد، ئەوا خۆتان دەزانن ئەم سەیارەیە جێی پێنج نەفەرە، کەچی بە حەوت هەشت کەسێکەوە سواری دەبوون. پاشان لەبری کرێ (سوپاسیان دەدامێ) خۆ جارێکیان ئەفەنییێک بەناوە شاعیر بوو، دەستی لێبەرز

کردمەوە، هەر سێچوار مەترێ لەولاترەوە وەستام، سا بە حەقی قورعان خەریکێ بوو بەشەق بمتاسێنێ، تف بارانی کردم، دەمویست بڵێم: برا ڕێیەکە جێی وەستانی نەبوو، کەچی شەپازللەی پیادەکێشام و دەیووت: قسە دەدەیتە بەر قسەی پێشمەرگە، هەی سەگی سەگباب، تۆ جاسوسی!

مەلا گوێگری خۆی دەسکەوتبوو، دەمی گەرم بوو، هەر ئایەت و حەدیس بوو لە دەمیەوە دادەباری، نیمچە وەعزێکی بۆ دان، کۆتایی وەعزەکەیشی بەوە هێنا: خوا چ قەومێکێ چاکێ ناکاتەوە تا خۆیان خۆ چاکێ نەکەن. بەڵێ فەرموودەی خوایە.. خوایش ئەمری وابووە کە، وای لێ بێ.

تا مەلا قسەکانی تەواو کرد گەنجەکە خەریکێ بوودیق بکات، پێشی جوان نەبوو قسەکانی پێببرێ. هەر کە مەلا قسەکانی تەواو کرد گەنجەکە بە پەلەو لە ترسی ئەوەی مەلا، لانس وەرگرێ، بە مەلای وت:

- مامۆستا، ئەوە ئەمری خوا نەبوو، ئەمری ئەمریکا بوو، بۆ پێت وایە استەغفراللە لە ئەمریکا خوایە.

- نەء کوڕم.. کفر مەکە.. جوانگەی کفر باش نییە. دەبێ شوکری خوا بکەین کە لە...

پیرەمێردەکە قسەکەی مامۆستای بڕی.

- یانی مامۆستا، لەمە خراپتریش هەیە؟

- یاخوا، خوا غەزەب لە چ کەسێ نەگرێ... هەموو کردەوەی خۆمانە وا ئەمڕۆ هاتووەتە سەر ڕێمان.



شۆفێرەکە بە دەنگی بەرز وتی:

- ئەشهەدو وایە.

مەلایش درێژەی بە قسەکانی دا:

- ئەمری خوایە.. تا (جل جلالە) ئەمر نەکات هیچ نابێت. ئاخر کێ دەڵێ ئەمەمان باشتر نییە، خوا فەرموویەتی (عسی ان تکرهوا...) ها، کێ دەڵێ ئەمەمان باشتر نییە.

شۆفێرەکە دەمی داچەقان و بە گەوجییەوە پرسی:

- لەچی؟

- لەوەی کە نازانم ناوی چی لێبنێم و (بڵێین کوردستان) کێ دەڵێ نەدەبووە جێی فسق و فجورو خوا نەناسی.. خوا خۆی دەزانێ چی دەکات کێو دەبینێ ئەوجا بەفری تێدەکات

- گەنجەکە پێی وت:

- خوای دەکرد دەبووە جەهەنم. نەکێ ئاوهامان بەسەر هاتبا.

- کفر مەکە باش نیە.

- مامۆستا ئەمەیش کفرە؟

- هەموو ناشکورییەکێ کفرە!

- یانی دەبێ (ئێستا) بۆ ئەم وەزعەش شوکر بین.

- بەڵێ.

ئیدی خەجێ کاس بوو ، بێزار بوو، لە ناو سەیارە، ماڵ، کۆڵان، گەڕەک، باس هەر باسی (ئاشبەتاڵ بوو ئەوا ئەمانیش ، هەر یەکە لە گۆشەیێکی دیدی خۆیەوە باسی دەکات...

ئەو ڕۆژانە وای لێهاتبوو، تەنانەت تاقە کەس، لەگەڵ خودی خۆیدا هەر باسی ئاشبەتاڵی دەکرد، سەرئەنجام باسەکەیشی ساکارانە دەشکاندەوە (بۆ) چ وەڵامێکی ئەوتۆیشی وەدەست نەدەهێنا، تا سووکە قەناعەتێ پەیدا بکات و چیدی لە خۆی نەپرسێ (بۆ).

خەجێ گەلێ کاس بوو، تا شۆفێرەکە پێی نەوت.

- فەرموون.. ئەوا گەیشتین.

نەیزانی بوو گەیشتوونەتە جێ!

*

هەر کە خەجێ لە سەیارە دابەزی، لە ئاستی کاروانی سەیارە سەربازییەکاندا حەپەسا، سەدان سەیارەی سەربازی لەو ڕێییەدا هاتوچویان بوو: دەرگای سنوور واڵا بوو، سوپای ئێرانی بە سەیارەی (ریو —ی ئەمریکی) ماڵە کوردی پەنا هەندەو ماڵە پێشمەرگەی دەسپاردە، سەیارەی (زیل — ی سۆڤیەتی) شڕەو پڕەو دەموچاوی زەردو تەپ و تۆز لێنیشتوو، کەڵەک کرا بوونە سەر یەکدییەوە. بەڕە کۆن و پیرێژن، قاپ و قاچاغ و منداڵ، کۆنە بەتانی و پیرەمێرد، ژن و مێرد، وردە تفاقی نێوماڵ، ئەمانە یەک حیسابیان بۆ دەکرا، لە نێو سەیارەی ریودا بار دەکران، بە ڕێی خانەدا دەیانهێنانە (حاجی ئۆمەران) لەوێشدا هەڵدەرێژران و



جارێکی دی. لە نێو سەیارەی زیل دا کەڵەک دەکران، بەرەو شارەکانی عێراق پەرت دەکرانەوە. وەک لە نێو هەردوو سەیارە سەربازییەکاندا حیسابی تفاقیان بۆ دەکرا، خۆیانیش ، بەروخسار، بە لەش، چ لە بەرە کونێکی ڕەنگبواردوو جیادەکرانەوە، بە دەرونیش لە هەموو شرەو پڕەیێکی هەژارانی کۆست کەوتوو شڕو پڕتر بوون.

خەجێ چەندین پێشمەرگەی — بێچەکی — بینی، هێشتا هەر بەرگە خاکیەکەیان لەبەردا بوو هەندێکیان بریندار بوون، هێشتا برینەکانیان خۆش نەببووەوە، بە چوار دەستە، لە نێو — ریودا — دادەگیران، وێنەیان بۆ دەخستن، دووبارە بە چوار دەستە دەیانپەستاندە نێو تفاقێو لە نێو زیلدا، دەقیان پێدەدا ، گەلێ ئافرەتی جوان و جاهێلیشی بینی زۆربەیان ڕەشپۆش بوون.

خەجێ، سەرباری ماندوو بوون و بێخەوی، سەرباری ئەوەی کەسی نەدەناسی، خۆی دواخست..

نێوانی حاجی ئۆمەران و خانە، بەپێی ڕەزامەندی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران، ببوو بە (کەرە ڕێ) ئەوەی بیویستبا بەسێ چارەک دەگەیشتە (خانە) . بەر لەوەی بگەیشتبایە تە نێو شار، لە دووری چوار پێنج کیلۆمەترێ، لە قەد چەند تەپۆڵکەیەکدا بە بۆیاغی سپی و لەسەر وردە بەرد، بە خەتی زل نووسرابوو (خدا، میهن، شا (ئەم) سێوشەیە سەرنجی ڕادەکێشا. کە دەگەیشتنە نێو شار یەکسەر (پەیکەرێکی) ڕەق و تەقی شای (ئاریا میهری) دەبینی، کە تاقە شتێکی بایەخ

پێدراوی ئەو شارۆچکە کوردەیە، کە دانیشتوانی سەریان لەو یارمەتییە حاتەمیانەی شا بۆ کوردانی عێراق سوڕمابوو، تا ئاشبەتاڵیش نەیاندەوێرا بپرسن ئەرێ شای ئاریامیهر لەکەیەوە عاشقی چاوی کوردانی عێراقە؟

خۆ دواخستنەکەی خەجێ سەعاتێ زیاتری کێشا، زۆری بینی. سەدان کەسی گێژ، وڕ، دەستەو ئەزەر، بێدەنگ، لاڵ، دەچوونە بەردەستی ئەفسەرانی عێراق و خۆیان ناونووس دەکرد بە عائدون!

لەو کات و شوێنەدا، گومرگ لەسەر چ قسەو جنێوێ نەبوو. قەرەباڵغییەکی لە ئەندازە بەدەر... ئەو خەڵکە جمەیان دەهات ، هەندێکەس چووبوون بە دووی کەسوکاری خۆیان و هێنابوویانەوە، هەندێ خەڵکی دیش چاوەڕوانی کەسوکاری خۆیان بوون، پێشوازییان بکەن! غەڵبە غەڵب و ماچ و مووچ، فرمێسک ڕشتن و باوەش بە یەکدیا کردن، چاک وخۆشی و هەواڵ پرسین، ئەو ناوەی وروژاند بوو، تەنها خەجێ بێدەنگ ، گوێی هەڵخستبوو، حەزی دەکرد زیاتر ببیستێت.

- ( لە کەرکوک زۆرم بیست، ئەمڕۆیش لە نێو سەیارەکەدا هەندێک با لێرەشدا بزانم ئەم خەڵکە چ دەڵێن و چۆنی باس دەکەن).

خەجێ گوێ قوڵاغ بوو، زیاتر خۆی لە خەڵکەکە نزیک کردەوە، تا بزانێ کەسوکاری (پەرۆش) چ جۆرو پرسیارێ لە (عائدون) دەکەن و، ئەمانی مارانگەزیش چ وەڵامێ دەدەنەوە. خەجێ بەوردی گوێی لە خەڵکەکە بوو، کە لەسەرەیەک دەیانپرسی:



- ئەرێ چۆن بوو؟
- بۆ وایان کرد؟
- کێ وای کرد؟
- ئەی ئەوانی تر؟
- هەر ئێوە...؟
- بۆ وا دواکەوتی..؟
- چییان کرد...؟
- خوا بیانگرێ چییان پێتان کرد؟
- ئەی کوا براکەت؟
- ئەوە هیچت پێنیە؟
- باوەڕم نەدەکرد بێیتەوە.. دەیانووت: چووە بۆ ئەورووپا..

ئەمە هەمووی پرسیاری تێکەڵ و پێکەڵی خەڵکەکە بوون. خەجێ دەیویست وەڵامی هەموو پرسیارەکان ببیستێ بۆیە زوو زوو لە نزیکی کۆمەڵە خەڵکێکەوە دەچووە نزیکی کۆمەڵێکی دی، بە ڕەوانی دەیبیست:

- جارێ وەختی نیە.. دوایی قسەتان بۆ دەکەم.. سەرتان سپی دەبێ.. باوەڕ بکەن شتی واتان قەد نەبیستووە.. پەلە مەکەن، دوایی.. دوایی؟

- جا بۆ وانەکەن؟! ئەی چییان کردبا؟ هەر وای لێدەهات..

بناغەکەیان بنکۆڵ کرد ئەوەندەیان دزی بوو، خۆیان حەزیان بە ئاشبەتاڵ بوو!

- ئەمە هەر پرسیار نییە، بێقەزا بن، کەریش دەزانێ (کێ وای کرد)!

- ئەوانی تری چی هەی... قورەکە هەر بۆ سەری فەقیرو هەژارەکەیە.. ئەوانی تر، ئەوانی تری چیتانە، هەی خوا حەقی ئەم میللەتەیان لێبکاتەوە، رووڕەشی دنیاو قیامەتیان بکات.

- نا، نا، هەر دەس و پێو نەفەرەکان لەم ڕێیەوە دینەوە. هەندێ لە دزە مەسئولەکان کورە ئا، ئا، دزو هینەکان! بە تەیارە لە تارانەوە بۆ بەغدا گەڕانەوە.. هەندێکی دیشیان تێیان تەقاند! تێیان قوچاند.. ئا .. تۆ بڵێی (ئێستایش) لە پاراستن بترسین و نەوێرین بڵێین : ترسنۆک و حەرامزادەکان، دایکی میللەتیان دا بەگان!

- ترسم زۆر بوو.. ئێستایش هەر دەترسم.

- چییان کرد؟ هەموو کارێکیان بۆ ئەوە بوو گیرفان پڕ کەن، دەوڵەمەند بن، نەیاندەزانی دەوڵەمەندی پیاو حیز دەکات؟ تا فەقیرو هەژار بوون، ئازا بوون و حەق ویست، کە دزییان کردو دەوڵەمەند بوون، کەوڵی خۆیان داماڵی و بوونە حیزە پیاو. ترسنۆک، هەڵاتوو، (ئێستایش) زمانی هەریەکەیان بستێ درێژە.. تا نەیان بوو، پارەیان بە



چڵکی دەست دەزانی، کە دزییان! ویژدان و باوەڕیان بووە چڵکی پارە، ئیدی بە فرمێسکێ و خوێنی کەسانی دی چڵکی پارەکانیان دەشۆردەوە!

- چییان پێکردین؟! (سەریان تاشین و ئاوێنەشیان دایە دەستمان ئێمەیان کردە دەسکەلاو بۆ (هەموو باس و خواسێکێ) موعامەلەیان لەسەر کردین.. سەرئەنجامیش ئەوا خۆتان دەبینن چ هەرزان فرۆش کراوین!)

- باشە دەتەوێ ڕەنگی فرۆشراوو تەسلیم بووەوە چۆن بێ؟

- ئەویش دێتەوە.. نایەتەوە چی دەکات؟ بۆ پێت وایە (لەوێشدا) بێ واستەکەی ئیشی مەیسەر دەبێ لەوێش ، دەبێ مەسئولێکی دزی بەزیو ببێتە واستەی، ناوی لە قائیمە بنوسن و بۆ سەفارەتێکی بنێرن.. هەر مەپرسە لەلای ئێمە (مەسئول) بشبەزێ هەر مەسئولە! بەڵام دەس و پێو نەفەر ببەزێ، دەبێتە حەیوان

- یەکێ فلسم پێنییە (کەر) بووم، نەمزانی دەنا منیش دەمتوانی وەکێ ئەو (ئەدیبە مەسئولە ناودارە) جەنتاییێکی ڕەشی دەبلۆماسی پڕکەم و ... تازە هیچ..

- نەخێر هەر دەهاتمەوە.

کەسێکێ بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- کورە خەبەر بنێرن، عەفوو عامەکە کەمی ماوە، با فریاکەون!ئەم پرسیارو وەڵامانە، کارێکی ئەوتۆی لە خەجێ کرد، بە جۆرێکی دی بە خۆیدا بێتەوە، چیدی بە چاوی سۆزەوە نەڕوانێتە روداوەکە.

پێویستی دەکرد عەقڵ بخاتە کار.

*

- تۆ بڵێی من لەمانە باشتری لێبزانم؟ نەخێر ئەمانە هەر هەموویان تەجرەبەی خۆیان دەگێڕنەوە، دیویانە، وەکو من نین، من لەم و لەوم بیستووە، بە پێی حەزو خواستی خۆم، وێنەم بۆ کێشاون، لە مێشکی خۆمدا هەریەکەیانم بە قارەمان زانیوە، کەچی هەرە زۆربەی خەڵک و ئەم (عائدونانەش) هەر گازاندەیانە، وەک ئەوەی بیانەوێ بڵێن (خۆمان بە خۆمانمان کرد) یانی ئەم ساڵ هەر خەریکی ئەوە بوون (گۆڕ بۆ خۆ هەڵکەنن) جا گۆڕ بۆ خۆ هەڵکەندن، ئەمریکاو شای دەوێ؟ ئا .. دەیەوێ، خەجێ بێعەقڵ مەبە، سیاسەت شتێکی ترە، خۆ ئەمریکاو شا نایێن بێڵ و پاچ بگرنە دەست، نا (گۆڕ هەڵکەنی کورد) بەکرێ دەگرن! ... ئەمە بوو یارمەتی وڵاتان؟ دەیانووت: وڵاتانی پێشکەوتوخواز! یارمەتیمان دەدەن، تمەس کرێی (گۆڕ هەڵکەنەکان دەدەن) .. باشە، نازانم بڵێم چی، ئەمانەی وا گازەند دەکەن، تۆ بڵێیە راست بکەن؟ باشە بڵێین، راست دەکەن، وەزعەکە وابووە، ئەدی خۆیان لەوێدا تا ئاشبەتاڵ چییان دەکرد؟! تۆ بڵێی زمانیان لەدەم هێنابنە دەر؟ دەشێ! (عائدێ) لە کەرکوکدا بۆی باس کردم:

لە بەندیخانەکەی (رایات)و (خەلان) زەلامیان دەرخواردی سەگی هار دەدا، باوەڕم بەو قسەیە نەکرد، پێم وابوو — ئێستایش پێم وایە — دعایەیە.. با بڵێین وا بووە. خۆ ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی پیاو — ئەگەرپیاو بێت — کەڕو بێدەنگی بکات، بەعەکسەوە دەبێ ئەم شتانە هانی بدەن، دەنا پێشمەرگەی چی بوون؟ نەخێر پێشمەرگە نەبوون..پێشمەرگەی بێدەنگ پێشمەرگە نییە!

نا.. نا دیارە وەزعی ئەمانە و کەسوکاریان خەریکە کار لە منیش بکات، حوکمی سەیر سەیر دەدەم، وەک ئەوەی خۆم زوڵم و زۆرم نەبینیبێ ئاوها قسان دەکەم.. کە زۆڵم زۆر بوو، کێ دەتوانێ فزە بکات؟ خۆ چ زوڵمێ نەما (ئاغای دێیەکەی ئیمە نەیکات، کەچی گەورەو بچوکی دێش فزەیان لەبەر برا بوو، ئاغا هەندە زەبری دەنواند، تەنانەت چ کەسێ نەیدەوێرا بڵێ: ئاغا زاڵمە دیارە ئەمانەش گەلێ زوڵم و زۆریان بینیوە، بۆیە وا لە یەکەم فرسەتدا، دەردەدڵێ خۆیان، بۆ خزم و کەسوکارو ناسیاو هەڵدەڕێژن... باشە خۆ ئەمانە بە ئیختیاری خۆیان بوونە پێشمەرگە، چ کەسێ نەیناردبووە دوویان،، گەر ڕاست دەکەن بۆ زووتر، بەر لە ئاشبەتاڵ نەدەهاتنەوە؟ گەر هاتبانەوە چییان دەکرد؟ هیچ.. دەبا سەرشۆڕی میری بن، ببن بە جاش و جاسوس، یا لە کونی بەندیخانەدا، بە دەیانی تاوان بێسەرو بەر چاوەڕێی ئیعدام بان...دیارە هەڵبژاردنی مانەوەیان- سەرباری زوڵم و زۆرو پاشاگەردانی — پێیان باشتر بووە، لەوەی خۆیان ببن بە زاڵم ، یانی (هەردوو سەری دارەکەی دەستیان بە ... بوو!.

باوەڕیش ناکەم وەک باس دەکەن ئاوها بووبێ، خوا نەکات کەس گلۆڵەی بکەوێتە لێژی... نەء من بە هەڵەدا چووم، هەندێ بۆ خۆیان

راست دەکەن چونکە هەر لە سەرەتاوە خۆیان بۆ وەزعی پێشمەرگایەتی و شۆڕش ئامادە نەکردبوو، پێیان وابووە هەر چەند هەفتەیەکەو مفاوەزات دەست پێدەکاتەوە، دێنەوە (لەسرەدا) دەوەستن، شتێکیان بەردەکەوێ ! .. پێم وایە دەردە گەورەکە لەوەدا بوو زۆر بوون زۆر، کاری ئاوهاش بەم زۆرییە ناکرێ (ئەحمەد) گەلێ جار باسی بۆ دەکردم:

(یەکێ ترسنۆکێ زۆرە بۆ بەتالیۆنێک) ئەو کاتانە من باوەڕم وا نەبوو، پێم وابوو، ترسنۆکێ لەناو دە کەسی ئازادا، ناچار دەبێ ئازا بێو نەترسێ، هەر هیچ نەبێ شەرم لە خۆکردن ئازای بکات... بەڵام کەی ترسنۆک شەرمی لەخۆی کردووە؟ جا گەر شەرمی لەخۆ کردبا ئیدی بۆ ترسنۆک دەبوو دیارە سەد کەسی ئازا ناتوانێ ترسنۆکێ فێری ئازایەتی بکەن، ئازایەتیش گەر لە ئەوەڵەوە لەگەڵ مرۆدا نەبێ، باوەڕ ناکەم بە نەسیحەت، خوێندنەوە، هاندان و شتی تر وەدەستی بێت، ئا، وایە.. ترسنۆکێ کار دەکاتە سەر سەد پیاوی ئازا، ناڵێم ترسنۆکیان دەکات، دەڵێم ترسنۆک هەند دەپەشۆکێ و قسەی حەلەق و مەلەق دەکات، نەبێتەوە، وا دەکات بەزەییان پیا بێتەوە، پێم وایە چ دەردێ هەندەی بەزەیی گەر لەجێی خۆیدا نەبێ پیاوی ئازا کۆت ناکات.. نەء ئەمەیش وانیە، خەریکە منیش بێسەروبەر دەبم، قسەکانی (ئەمانە) درم بڵاو دەکەنەوە، خەریکە تووشی دەبم، تا بەتەواوی نەبووم بەیەکێ لەمانەو باری کەرێ گازندە لە خۆم بار نەکەم وە خۆ کەوم و بڕۆم، با دەردی فڵانیم لێنەبێت، گلەیی لەم و لەو لە خۆو خوا دەکات، چ کەسی بەدڵ



نیە، کەچی خۆیشی بەدڵی کەسەوە نانووسێ، سێبەری لە قسەکانی قورسترە.. تا وام لێنە هاتووە با بکەومە ڕێ .. قسەی راست لە (ئەحمەد) دەبیستم، باوەڕ ناکەم هیچ شتێکم لێ بشارێتەوە، راستەو راست هەموو قسەیێکم بۆ دەکات، راستییەکەم بۆ دەگێڕێتەوەو تێم دەگەیێنێ کە چ بووە.. نەء ئەمیش وا نییە، رەنگە ئەحمەد زۆر شتم لێبشارێتەوە، چونکە چاک دەزانێ من چەند لەگەڵ (شۆڕش) دا بووم، رەنگە نەیەوێ شتە پیرۆزەکانی مێشکم هەڵتەکێنێو لە دڵی خۆیدا بڵێ: با دایکم لە نێو خەونەکانی خۆیدا بژی، ئەحمەد چاک دەزانێ من باوەڕی پێدەکەم، رەنگە هەندێ شتی سەرەکیم لێبشارێتەوە. ئاخر من دەمەوێ لەوبارەیەوە هەموو شتێ ئا، هەموو شتێ بزانم. ئا. دەبێ ئینسان دەربارەی رۆح و سۆزی خۆی هەموو شتێ بزانێ. شۆڕش هەموو شتێکی من بوو! ناحەقمە گەر داوای لێبکەم دەرحەق بەم وەزعە هەموو شتێ بزانم؟! ئا دەبێ هەموو شتێکم بۆ باس بکات.. ئاخ کە ئێستا نازانێ لەوەتەی چووەتە (دەرێ) چەندم هەوڵداوەخۆ فێرکەم، چەند شەوو رۆژم داوەتە دەم یەکەوە، گەشەم بە کوێرە خوێندەوارییەکەم داوە.. نازانێ هەر خۆم، بێ یارمەتی چ کەسێ، بەیاننامەو جەریدەکانم دەخوێندەوە! نازانێ لەم ماوەیەدا گەر فێری هیچ شتێ نەبووبێتم فێری ئەوە بووم قەد بێئومێد نەبم ئینشاالله قەدیش بێئومێد نابم... رەنگە ناحەقی نەبێ گەر هەموو شتێکم بۆ باس نەکات. هەروا بزانێ راستییەکان کارم تێدەکەن و بێئومێد دەبم.. نەء وا ناکەم، هەر کە بینیم

هیچی لێ ناپرسم، پیشەکی باسی ئەوەی بۆ دەکەم کە چۆن هەوڵم داوە فێر بم، دەس و خەتی خۆمی پیشان دەدەم، ئەوجا باسی ئەوەی بۆ دەکەم: ئینسان گەر بیەوێ بە ئینسانی خۆیەوە بمێنێ، دەبێ قەد بێ ئومێد نەبێ.. باسی ئەوەیشی بۆ دەکەم: مردن ئەوە نییە ئینسان لەشی ساردەوە بێو لە گۆڕی نێن، پێی دەڵێم: بێئومێد لە مردوو خراپترە، مردوویێکە جێی زیندووانی گرتووە، بەشی زیندوو دەخوا. دیارە گەلێکیش دڵی بەم قسانە خۆش دەبێ، حەتمەن دەڵێ: دایکە فێری زۆر شت بووی، پێی دەڵێم: (گیانی دایکە، دایکە لە دەورت گەڕێ فێری ئەوە بووم کە هیچ نازانم! ئای ڕۆڵە چەند بە سووێی ئەوەوە بووی هەموو کەسێ، هەر هەموو کەسێ بزانن! .. ئەوجاش باوەر ناکەم بە ڕاست و ڕەوانی قسانم لەگەڵدا بکات، دەشێ لە دڵی خۆیدا بڵێت : دایکم گەلێ کوێرە وەری بینیوە، با قسەکانی منیش نەبێتە سەرباری هەموو غەمێکی ، دەکێ ڕۆڵە بێ وەی بی، وەکێ من لێت رازیم خواو پێغەمبەرت لێ رازی بن، ئەوەت هەر لەبەر چاوە کە ئەم دایکە کلۆڵەت کوێرەوەری زۆری بینیوە، غەریبیو غەریبی. برسییەتیو تانەو توانج .. خوایە زۆر شوکرم لە بەشت! نەء.. نەء. ئەحمەد قسەم بۆ ناکات! ئێ جا بۆ ئەوەندە خەفەتی ئەمەیش بخۆم، با ئەو باسی نەکات، ئەی نەسرین چییە؟ نەکێ هەر باسی ئەوەم بۆ دەکات چی بووە. باسی ئەوەم بۆ دەکات، چۆن، بۆ وابووە، تێم دەگەیێنێ چیتر دەبێ.. ئا ئەو حالیم



دەکات.. لە دەورت گەڕێم شێرە ژن بۆ خۆت و عەقڵت.. ئەو تووتکە سەگەیش تێر تێر ماچ دەکەم).

- ئەرێ پورە خەجێ.. چییە ئەوە گوێت لێم نییە؟ ئەمە سێهەم جارە بانگت دەکەم..

وەکێ ئەوەی خەجێ لە خەو ڕاپەڕینن ئاوها ڕاچڵەکی.

- چییە دەڵێی نامناسیتەوە؟ من سەلاح-م.

خەجێ شڵەژا بوو بە ساردییەوە پێی وت:

- کام سەلاح؟

- کورەکەی حەمەدەمینم.

- ئا .. کوڕم چۆنی؟ نەمناسیتەوە... ئەوە بۆ وات لێهاتووە؟

- جا توخوا پورە خەجێ ئەمە پرسیارە؟

خەجێ پڕ بە دڵ شەرمی لەم پرسیارەی خۆی کرد (یانی چی ئەم قسە قۆرەم لە دەم دەرچوو، بە نەوعە لێبوردنێکەوە پێی وت:

- نا حەقت ناگرم، کارەساتەکە هەند قورسە، هەموو شتێ بەدەمو چاوتەوە دیارە.. ئەرێ ئەوە دەڵێی تەنهای؟

- نەخێر دایکێ و باوکیشم لەگەڵدایە..

- کوان؟

- هۆ وەتان، لەوبەر سێبەرەدا دانیشتوون.

(دایکێ و باوکی سەلاح، چەند جارێ لە کەرکوکدا ، چوونە لای خەجێ، داوایان لێکرد بەیەکەوە بچن بە دووی کورەکانیان و بیانهێننەوە،

خەجێ هەر جوابی نەدابوونەوە، بە ئەددەبەوە رێی دەرگای دەرێی نیشان دابوون (کە لەم دەرگایەوە چوونە دەرێ، گەراج زۆر دوور نیە، لە ویشەوە سواری سەیارە بن، بچنە هەولێر، لەوێشەوە، خێرەومەند زۆرن ریگاتان پیشان دەدەن.. وریا بن گوم نەبن! بۆیە چیدی خەجێ هەواڵی دایک و باوکی سەلاحی نەپرسی. تا سەلاح پێی وت:

- وەرە با بچینە لایان.

- نەء.. نامەوێ لێرەدا دواکەوم، دەمەوێ برۆم.. تا درەنگ نەبووە بگەمە ئۆردووگا.

- ئۆردوگای چی؟

- چۆن ئۆردووگای چی؟

- دەڵێم رۆیشتنەکەت بێ سوودە.

- بۆ؟

(بۆ) کەی خەجێ گەلێ مانای بە خۆوە گرتبوو، سەلاح لە ریتمی دەربرینی (بۆ) کەی خەجێ تێنەگەیشت. بە بزەوە پێی وت:

- لەوێ نەماون. دەزانم کاک ئەحمەد، ماوەییەک لەمەوبەر نامەی بۆ ناردی، بەڵام نازانم بە دەستی کێ بۆی ناردی.. دەڵێی نەگەیشتووەتە دەستتان؟

- نەخێر .. لە نامە گەرێ، بۆ کوێ چوون؟

- وەختی نییە.. با بگەرێینەوە لە کەرکوک باست بۆ دەکەم.

- راستم پێ بڵێ چی بووە؟ بۆ کوێ چوون.



زەردەخەنەییەک نیشتە سەر لێوانی سەلاح، دەیان وێنەی ناجۆریش بە بەرچاوی خەجێدا گوزەری دەکرد، خەریک بوو هەناوی بەر بێتەوە. سەلاح هەر بە بزەوە پێی وت:

- چاکترین شوێن.

خەجێ پێی وابوو (چاکترین شوێنەکەی سەلاح ئەوروپایە)

چونکە سەلاح لە کەرکوکدا بەسەلاح ئەمریکی ناوبانگی هەبوو. بەر لەوەی شەڕ دەست پێبکاتەوە، لەلای چەندین کەس، ژن و پیاو، گەورەو بچوک باسی ئەوەی کردبوو (دەچمە دەرێ، یەک دوو مانگێ پێشمەرگایەتی دەکەم، هەوڵ دەدەم بەڵکو لەوێوە دەمنێرنە ئەوروپا.. ئەڵبەتە لە ئەوروپا خزمەتی زیاترم پێدەکرێ. خوێندنەکەیشم تەواو دەکەم. سەلاح لە کەرکوک، لە وەخت و ناوەخت باسی ئەوروپای دەکرد، بە رۆژ خەونی پێوە دەبینی، گەلێکی بیستبوو: لە ئەوروپا و ئەمریکا کچ وەکو کا وایە، لە بازارو باغچەو مەیخانەدا، لە میترۆو شەقام. لە هەموو شوێنێکی ئەوروپا، پیاو بۆ ئافرەت پەکی ناکەوێ، سەلاحیش زەلامێکی کەتەی بە خۆوە بوو، هاورێکانی پێیان رادەبواردو پێیان دەووت: سەلاح، تۆ لە ئەوروپادا بەرناکەوی کچە ئەوروپی و ئەمریکی حەزیان لە کوڕی وەکو تۆیە، توکن و.. سەلاحیش لە کەرکوک، بە یادی ئەوروپاوە هاوین و زستان، دوگمەکانی سەرسنگی کراسەکەی دەکردەوەو توکی سنگی دەختە ڕوو..

خەجێ هەر بەو چاوەوە سەیری سەلاحی دەکرد، پێی وابوو ئەحمەدو نەسرین خەونەکەی سەلاحیان وەدی هێناوە ویستی بنەرێنێتە سەری، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، دانی بە خۆیدا گرت: (شەیتان بە نەعلەت بی) بە دەنگێکی خەم ئامێزەوە وتی:

- ئەم بێ عەقڵیەشیان کرد. باشە ئەی نەسرین چۆن هێشتی؟
- نەسرین گەلێ هانی دابوو..
- نەسرین هانی ئەحمەدی دابوو.. پێم وانیە نەسرین (هەند) بێعەقڵ
- بێت.
- بۆ بێ عەقڵییە، چاکترین کاریان کردووە.
- بەلای تۆوە چاکترین کارە.. بەڵام بەلای منەوە نەء.. سەد جار نەء.. حەیف.
- بەلای هەموو کەسێکی بە شەرەفەوە چاکترین کارە، جێی شانازین.
- باشە کە دەزانی جێی شانازین، بۆ تۆیش ئەو (چاکترین)کارەت هەڵنەبژارد. خۆ وەک بزانم تۆیش گەلێ حەزت لێبووە.
- دەمخۆش، هەر حەز نییە، ئاواتمە ئاوات. دەبێ هەر بیانگەمێ.

خەجێ بە تەوسێکی زۆر ئاشکراوە وتی:

- دیارە لەو (چاکترین شوێنە پیاوی وەکو ئێوەیان کەمە)



سەلاح چ لەو قسە بە توێکڵەی خەجێ نەگەیشت، قەد چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد، کەسێکی وەک خەجێ تانەی لێدات، بۆیە بە زەردەخەنەیێکی گەلێ گەشەوە وتی:

- ئەوێ جێی کەڵە پیاوانە.
- ئێ باشە.. تۆیش پیاوی
- خۆزیام بە خۆیان..
- وا دیارە ئەوان خەونی تۆیان وەدی هێناوە، بۆیە وا خۆزیایان پێ دەخوازی.
- بەڵێ .. سەد خۆزگەم بە خۆیان.

وردە وردە خەجێ دەسەڵاتی بەسەر رقە ئەستوورو لە رادە بەدەرەکەی نەدەشکا، نەک هەر قسەکانی رەق بوون و تەوس ئامێز، روخساریشی توورەیی و نەفرەتی دا دەباراند.

- جا بۆ تۆیش نەڕۆیشتی الحمد لله تۆیش پیاوی.

سەلاح لە مەبەستەکەی خەجێ نەگەیشت، رێک پێچەوانەی مانا دروستەکەی وەرگرت، هەستی بەوە کرد قسەکەی خەجێ جەرگی ئەنگاوتووە، رەنگە زەردەکەی روخساری زەردتر بووەوە، هەندێ منکە منکی کرد، وەک ئەوەی پێ بە جەرگی خۆی بنێ و هەندێ جنێوی شایستە بەخۆی بدات ئاوها کەوتە روو، خەجێ هیچی لێتێنەگەیشت پێی وابوو بایی پێویست (شۆردوویەتەوە) سەلاح هاتەوە سەر خۆ، قسەکانی رەوان بوونەوە.

- ناحەقت ناگرم گەر بە پیاوم نەزانی.

- پیاویت .. بەڵام لە چاکترین شوێن و لە نێو پیاواندا نیت.. ئێ پیاو دەبێ لە نێو پیاواندا بێت.

- ڕاست دەکەی.

- بەڵام تۆ لێرەدا لەگەڵ مندا وەستاوی.

- تۆ لە چ کەڵە پیاوێ کەمتر نیت.

- مەبەستم (جێیەکەیە)!

- ڕاست دەکەی.. بەڵام پەلەت نەبێ، شەرت بێ بە شەرتی پیاوان، هەرچەند هەفتەیەکەو دەگەمە لایان.

- ئاگادار بە دوانەکەوی.. دوایی گلەییت لێ دەکەن و پێت دەڵێن: کاکە سەلاح درەنگ هاتی.

- گەر گلەییم لێبکەن حەقیانە .. بەڵام هەر دەچم،،

- بەڵام پاش چی جێیان هێشتی ئێستا ئەوان..

(قسەکەی تەواو نەکرد، پێی وابوو سەلاح تێدەگات کە مەبەستی ئەوەیە پێی بڵێ: ئەوان بەشەکەی تۆشیان خوارد!

- ئاخر ئەی ئەو دایک و باوکەم نابینی.. نازانی چەند زۆریان لێکردم، چەند گریان و پاڕانەوە تا، ئاوا دەمبینی (ڕەشمەیان لە مل ناوم) بە کەیفی خۆیان دەمبەنەوە.

وشەی دایک و باوک وەک خۆی پژایە نێو برینەکانی دڵی خەجێ پێی وت:



- ئاوها .. ڕاستە ئەحمەد باوکی نەبوو.. خۆ دایکی هەبوو.. حەیف.

- پورە خەجێ، بۆ حەیف، هەزار جار لە کاک ئەحمەدم بیستووە کە تۆ دایک و باوک و خوشک و پشت و پەناو هەموو شتێکی ئەوی.

- ڕاستی نەدەکرد!

- کاک ئەحمەد هەمیشە ڕاستگۆ بووە.

- گەر ڕاستگۆ با، ئەمەی نەدەکرد!

- گەر بمزانیبا پێت ناخۆشە، قسەم نەدەکرد.. من پێم وابوو کە زۆرت پێ خۆش دەبێ وا مدەزانی مژدەت دەدەمێ، تۆش مزگێنیم دەدەیتێ.

- دەمت داخە .. چ کەسێ مزگێنی دەداتە کەسێ کە هەواڵی مەرگی ئازیزێکی پێ ڕاگەیێنێ؟

- مەرگی ئازیز؟! یا ژیانێکی سەربەرز.

- وتم دەمت داخە.

بە جۆرێ نەڕاندی ، سەرنجی زۆربەی خەڵکەکەی ڕاکێشا، سەلاح شڵەژا، لەسەریەک تفی قوت دەدا:

- پورە خەجێ، بە خەونیش نەدەهاتە بەرچاوم ئاوها بتبینم، وامدەزانی هەر خەجێکەی جارانی، کە هەموو کوردیکی بەشەرەف خۆزیای ئەوەی بوو دایکێکی وەکو تۆی هەبێت.

- بۆ؟! دەتەوێ بڵێم ڕۆیشتن خوایان لەگەڵ، بێ وەی بن، نەخێر وا ناڵێم حاڵی بوویت.. دەتەوێ بڵێم الحمد لله و شوکر دەرباز بوون، نەخێر

قەد ئەو قسەیە لە من نابیستی، بەڵکو بیبەو بڵاویشی بکەوە، بە دۆست و دوژمن بڵێ: حاشا لە ئەحمەدو نەسرین سەد جار حاشا.. دەکێ رۆڵە شیرەکەمت لێ حەرام بێ. خوایە فرمێسکی غەریبیم بکەیتە بەنزین و بیسوتێنی. هەی نمەکێ حەرامی ترسنۆکێ.

- ترسنۆکێ؟
- ترسنۆکێ و خوێریش.
- خوێری؟
- نەکێ هەر ئەوان. مانەندەکانیشیان.
- نەخێر، ئەوان پیاون، کەڵەپیاون، ترسنۆکێ نین.

خەجێ رەنگی تێکچوو، تووره بوون ناخی هەژاندبوو، غەمێکی لە ئەندازە بەدەر نیشتبووە سەر دڵی، بۆ ساتە وەختێ بێدەنگییەکی قورس کەوتە نێوانی خۆی و سەلاح، بیری لە تەمەنی ئەو سێ چوار دەقیقەیەی بەر لە بینینی سەلاح دەکردەوە. لەبەر خۆیەوە دەیووت: ئینسانی بێئومێد مردوویێکی زیندووە سەلاح سەری سوڕما بوو.

- پورە خەجێ داوای لێبوردنت لێدەکەم، باوەڕت هەبێ وامدەزانی دڵت خۆش دەبێ.
- ...
- من چوزانم پێت ناخۆشە.
- ...
- وامدەزانی ئێستا لە خۆشیا پەڕو باڵ دەردەکەی، گەر لە دەمی منەوە ببیستی ئەحمەدو نەسرینن لەم دیون و بوون بە پێشمەرگە.



- چی..
- ئا..

لە خۆشیا وشەی پێشمەرگە بەسەریەکەوە لە دەمی نەدەهاتە دەر.

- پێ.. پێش.. پێشمەرگە.
- ئەی تا ئێستا باسی چیت بۆ دەکەم؟
- پێشمەرگە..
- بەڵێ .. بەڵێ.

هەر ئەوە نەمابوو پەڕوپۆ دەرکات و لە خۆشیا بفڕێ. هەند کەیفخۆش بوو باوەشی بە سەلاحدا کردو ئەملاو ئەولای ماچ کرد.

- لە کوێن..؟
- وس بە، جارێ وس بە.

رەنگو رووی خەجێ وەکێ پشکۆ بڵێسەی لێ هەڵدەسا.

- وس بم.
- ئا .. لە کەرکوکێ هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم.
- لە کەرکوکێ؟
- ئا.. هەر ئەوەندە دەزانم.. جارێ رێیان مەعلوم نییە..
- مەعلوم نیە؟

زۆر بە ئاسپایی چپاندی بە گوێی:

- پەیوەندیم پێوە دەکەن. منیش ئاگادارت دەکەمەوە.
- ئاگادارم دەکەیتەوە؟

- ئا.. ئا..

- خەجێ گەلێ دڵدی بە خۆی و بە سەلاح سووتا. لەگەڵ دایک و باوکی سەلاحدا گەڕایەوە، سەرتاسەری ڕێ دڵی خۆی دەدایەوە.

- گەر ئەو جێیە نەباو ئەو هەموو قسەیەی ئەو خەڵکەم نەبیستبا زووتر تێدەگەیشتم.. ئەگەر سەلاحیش لەو وەزعە ناهەموارەی خۆی نەبا زووتر تێدەگەیشت و حاڵی دەکردم..

کەرکوک بۆ کوردان وەک دێیەک چکۆڵەیە، زۆر بە دەگمەن شتی تیا ون دەبێ، هەر ئەوەندەی قسەیێک داکەوێتەوە، بە چەند سەعاتێ لەوسەری یەوە دەگاتە ئەوسەری، ئەڵبەتە خەبەری ناخۆش زووتر دەگات، هەر ئەوەندە کەوتە زارێ ئیدی هەر کەسەو خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ، پێی وایە، دەبێت بە زووترین کات کوردان ئاگادار کاتەوە.

(- ئەی چۆن. لەم شارەدا ناحەزمان زۆرە، عەیبی هەر کوردێک دەکاتە عەیبی هەموو کوردان!.)

ئەمە قسەی بەشێکی تەواوی ئەو خەڵکەیە، پەیرەوی دەکەن و بە مو لێی لانادەن. هەر شارەو گەجەرو گوجەرو گەوادو قەحبەی خۆی هەیە، کوردانی کەرکوک ئەمە چاک دەزانن، کەچی خوێنەوارو ڕۆشنبیری، نەخوێنەوار و رەشە خەڵکەکەشی، کەللەیی دەبن گەر ژنە کوردێ (لارێ بگرێ) پێیان وایە دایک و خوشکیانە؟ لەم رووەوە قاوغێکی پتەویان بۆ خۆ دروست کردووە، ناحەزی و ناتەبایی نێوانیان ڕێ ی ئەوەیان لێ ناگرێ، لەیەک کات وشوێندا بۆ (بەرگری) نەچنە نێو ئەو قاوغە..ڕێ



ورەسم ونەریت ودەستووری تایبەتی قورسیان هەیە. سەبارەت بەوەی کەرکوک فرەنەتەوەیە، کورد، عەرەب، تورکمان، ئەرمەن، سوریانی تیادایە بەشە هەرە زۆرەکەی کوردەو هەژاران، هەژاری گەیشتووەتە نێو ئێسقانیان. بەشێکی زۆر کەمیان گەلێ دەوڵەمەندن، هەندێکیان بەقەد ژمارەی فلسەکانیان، ئابروویان تکاوە، فێڵباز، ماستاوکەر، مامۆستای ئینتیهازیەت. فێری ئەوە بوون، منالانیشیان فێر دەکەن: (لەو کوردە هەرچی وپەرچیانە دوورکەونەوە!) جگە لەم بەشە، کوردانی تر، لەیەک بێ ئاگا نین، هەر کەقسەیێک کەوتە سەر زاریان، خۆیان وەتەنی: دەبێ (شوان)(شێخ بزینی-یش) پێ ی بزانێ. سەرەتا مقۆ مقۆ کەوتە نێو ماڵە کوردەکانی قەڵا، پاشان هەموو گەڕەکە کوردەکانی دیی شاری گرتەوە: (فەرەیدون بووە بەجاسوس!).

لەو ڕۆژانەدا (ئەوەی باش بوو) هەر کەسێ ئەم قسەیەی بیستبا -جگە لەخەجێ- هەند نەدەچووە بنج وبنەوانی قسەکە، خەڵکەکە لەکۆستێکی گەورەتردا دەژیان. فەرەیدون هەر هیچ نەبوو، لەرووی ئەو (پیاوە) تەسلیم بووانەدا، کەسەدی وەک فەرەیدونیان لەگیرفان دەنا، هەموو شەوێ لەتەلەفزیۆنی کەرکوکدا قروسکەیان دەکردو داوایان لەو خەڵکە دەکرد، بچنە دوی کەس وکاریان ببنە پشت وپەنای میری نیشتیمانی، لەگەڵ حیزبی قائید خزمەتی وڵات بکەن! مەسەلەی فەرەیدون. خەبەرێک بوو بەس! بەڵام زارەو زاریشی دەکرد، لەنێو خەبەرە جەرگبرەکاندا (دەمەیی) ئەوەی ئەم خەبەری دەبیست لچێکی

هەڵدەقورتاند، شانەکانی بەرز دەرکردەوە، ئەگەر قسەیێکیشی کردبا دەیووت: جا فەرەیدون چییە، ئەوە سەدانی وەکو فەریدون بوونەتە...سەرەتا خەجێ، باوەڕی بەم قسەیە نەدەکرد:

(- ئەو بەسزمانە کەمی بەسەر هاتووە. ئەمەیشی بۆ دروست کەن. باشە ئەگەر جاسوس بێ، بۆچی زووتر بەر نەدەبوو؟ چ دەلیلێکیان بەدەستەوەیە وا ئەم قسانەی بۆ هەڵدەبەستن. باشە ئێستا جاسوسی چی دەکات، کەی ئێستا حکومەت پێویستی بەفەرەیدون هەیە، هەزاران لەفەرەیدون زاناترو گەورەتر، سەریان بۆ شۆڕکردووە. دەوڵەت ئیستیفادە لەوان دەکات، نەک لەفەریدونێکی قوربەسەر..)

خەجێ زۆری دەبیست: (خوێری یە..بێ ڕەوشتە) ئەم دوو وشەیە، هەر ئەوە بوو خەجێ ی کەللەیی نەدەکرد)

—باشە بۆ لەمەوبەر فەرەیدون نمونەی ڕەوشت بەرزی بوو..دەردی فلانە حیزبەمان بەسەر هاتووە، عومەری بەستەزمان تائەندامی حیزبی...بوو کوڕێکی ڕێک وپێک، هەموو زارێک ستایشی دەکرد، عومەری بەستەزمان، بەدکاری حیزبەکەی خستە ڕوو، رەخنەی لێگرتن، شتە پوخڵەکانیانی ئاشکرا کرد..ئیتر هەر ئەندامانی هەمان حیزبەکەی خۆی، دعایەو قسەی بێ سەروبەریان بۆ هەڵدەبەست، دەیانووت:

(عومەر هەر لەئەوەڵەوە بێ ڕەوشت بووە) (خوشکەکەی هینە) (باوکی کۆنەگەوادە) (پووری، هەر باس ناکرێ) (نەنکی کارخانەی هەبوو) (باپیرە گەورەیشی هەر وابوو). چی تر نەما بۆی هەڵنەبەستن.



بەستەزمانە هەر ئەو عومەرەبوو کەشانازی یان پێوە دەکرد (کوڕ هەبێ عومەرە) (دایک وخوشکی، سەراپای خانەوادەکەیان نمونەی داوێن پاکی وڕەوشت بەرزین)..لەپڕ عومەریان کردە پەڕۆی بێ نوێژ. دیارەئێمەیش فێری بەزمی ئەو حیزبە بووین..گریمان (فەرەیدون) لەحەپسخانەدا نەیتوانی بەرگری بکات، ئیتر بۆ بێ ڕەوشتە، بۆ دایک وباوکی...خۆزیا لەو نهێنی یە دەگەیشتم بۆ ئێمە زوو فێری شتی خراپ دەبین؟ تۆ بڵێ ی حەزو ئارەزوومان وایە فێری شتی خراپ وخراپەکاری بین؟ خەڵکەکە زۆر بەبێ ویژدانیەوە باسی دەکەن، لەوەتەی بەربووە، هەر دیار نیە، خۆی لە کونی ژووردا قایم کردوەو خۆی دەرناخات خەڵکەکەیش زیاتری لێدەخوێنن (شەرمەزارە، چۆن دەوێرێ خۆی دەرخات) باشە شەرم لە کێ دەکات؟ ئەوەی — گەر وەک باسی دەکەن — شەرمی لە خۆی نەکردبێ چ پێویست دەکات شەرم لە خەڵک بکات! ئەگەر وابێ ئەوا زۆر کەرە، کەسێ شەرم لە خۆی نەکات، شەرم لە خەڵکی بکات، ئەوە چ جۆرە کەسێکە؟

خەجێ دەیویست فەرەیدون ببینێ، گوێ لە خۆی بگرێ کەچی هەر خۆی بەخۆی دەوت:

- با دڵنیا بم، بابزانم مەسەلەکە چۆنە. با کوێرانە هەنگاو نەنێم، تووشی هەڵە نەبم، دەبێ بەوردی لێی بکۆڵمەوە، ئەوجا دەبیینم، خۆ ئەگەر وابوو، خۆم دەزانم چی پێدەکەم، خۆ ئەگەر واش نەبوو، ئەوا دەستی دەگرم، ماڵەو ماڵ دەیگێڕم، خوام ئەو خوایەیە کەسێک

قسەیێکی ساردو سووکی پێبلێیت، وەکێ دڕکێ دەچمە نێو چاوییەوە.. ئەی چۆن خۆ بە ڕۆژێکێ و دووان فەرەیدون — مان دەستەکەوتووە، چەند ساڵ پەروەردە کراوە، فێرکراوە ئەویش خەڵکی فێرکردووە، هەر هیچ نەبێ مامۆستاو مەسئولی ئەحمەد بووە.. ئەحمەد لێرە نییە، من لە بری ئەو دیفاعی لێدەکەم.. جارێ با بزانم چۆنە!

بەهۆی کەسێکی تەنزیماتی جارانەوە، خەجێ خۆی گەیاندە ماڵە کەسێکی ناسیاو، کەسەکە لە هەیئەدا بەیەکەوە لەگەڵ فەرەیدون بوون. خەجێ بە حددەتەوە بە فەتاحی وت:

- ئەمەی تۆ باسی دەکەی قسەیێکی کەم نییە، تۆمەتێکی گرانە.
- هەر من نیم، هەر هەموومان باسی دەکەین.
- دەڵێی بڕیاری پێش وەختتانە، وا هەمووتان باسی دەکەن.
- جۆرێکە لە بڕیار.
- ئاخر بە چی؟ دەلیلتان چییە؟
- دەلیلمان نیە.
- ئەی چۆن قسەی وادەکەن. دیارە بوختان دەکەن خواش قەبوڵ ناکات. ئەو کوڕە گەنجە ئاوها بشکێننەوە. دەزانن ئەگەر ئێوە وا بکەن ئیتر هەڵناسێتەوە.
- پورە خەجێ (ئەو ناجسنە) کەوتنێ نەکەوتووە هەڵسێتەوە.
- ئێوە خستووتانە..!
- وانیە.



- ئەی ئەوە نییە لە ناو خەڵکی دا ناوتان زڕاندووە، گەورەو بچوکتان ئاگادار کردووەتەوە.
- کارێکی خراپمان نەکردووە. دەبێ خەڵکی ئاگایان لە خۆیان بێ، متمانەی پێنەکەن، تازە ئەو فەرەیدونە ئینسان نییە، بووەتە مار دەبێ خەڵکی ئاگادار بکرێن پێوەیان نەدا.
- کوری باوکم شوکر تۆ تێدەگەیت، دەبێ لە خوا بترسی، چۆن تۆمەتی ئاوها ، بەبێ دەلیل دەخەیتە پاڵ (ئینسانەوە) ئەگەر دەلیلتان پێیە ئەوا من لە ئێوە زیاتر نەعلەتی دەکەم.
- دەلیلمان نییە
- هەر هەمووتان؟
- بەڵێ
- باشە ئەی تۆ، مەبەستم ویژدانتە، چ دەڵێی .. من لەگەڵ ئەحمەدی کوڕم جیام نەکردووەتەوە هەر بە کوڕی خۆمم زانیوە دەبێ هەموو شتێکم بۆ باس بکەی.
- دڵم وا دەڵێ.
- دڵمی چی؟
- چۆن دڵمی چی؟ تۆ دەڵێی لەگەڵ ئەحمەدی جیاناکەمەوە. حەزت نەکردووە وای لێبێ، بۆیە باوەڕ ناکەیت.

- کوری خۆم تێبگە، نەک فەرەیدون، حەز ناکەم چ ئینسانێ بدۆڕێ، راستە من بە قەدەر ئەحمەد خۆشم دەوێ، بەڵام بۆ من هیچ فەرقێکی نییە نوری چاوم بدۆڕێ، نەعلەتی دەکەم..

- تۆ کەیفی خۆتە: خوای دەکرد کوڕی راستەقینەت دەبوو.

- دیارە ناتەوێ تێبگەی. من بە کوردی پێت دەڵێم، بۆ من، تۆو ئەوو ئەحمەد، هەمووتان فەرقتان نییە، سەرکەوتنتان، سەرکەوتنی منە.باوەر بکە، گەر یەکێکتان لێ بگلێ هەر ئەوەیە کوێر نابم.. کوڕی من، من دایکی هەمووتانم، هەر هەمووتان کوڕی منن

- خوا لە ئێمەت نەسێنێ.

(هەر ئەوە بوو خەجێ دیقی نەدەدەکرد)

— جا وەرە ئەمە حاڵی کە، من چ دەڵێم و ئەم دوعای چیم بۆ دەکات) خەجێ زیاتر دانی بە خۆیدا گرت، لە پێچێکی ترەوە رووی تێکرد:

- ئێ ئەوا وتمان جاسوسە. باشە هیچ جاسوسییەکی لەسەر ئێوە کرد؟

- لەسەر ئێمە؟ نازانم کردوویەتی یا نەء. بەڵام..

- بەڵامی چی.

- هەر جاسوسە.

- باشە، لەجێو رێو خواردن و موعامەلە لەوێدا هیچ جیاوازیتان هەبوو؟



- نەخێر!

- ئەی لە تەعزیب؟

- ئەمەیان نازانم، یەکە یەکەو بە جیا دەیانبردین.

- باشە لە تەحقیق دا هیچ قسەیێکی ئەوتۆیان لە گەڵدا کردن بۆنی ئەوەی لێبێ فەرەیدون بۆ ئەوانی گێڕابێتەوە.

- نەخێر.

- مەبەستم هەر تۆ نییە، هاوڕێکانیشت؟

- ئەوانیش باسی وایان نەکرد.

- باشە چ کەسێکیان هێنایە لاتان، فەرەیدون ئیعترافی لەسەر کردبێ یا..؟

- نەء.. ئێمە هیچمان نەبینی.. نەشمان بیست!

باشە، وەک خۆت دەڵێی، ئەمانەی نەکردووە، ئەی چۆن جاسوسە. یا چ جۆرە جاسوسێکە؟

لەسەر ئێمە هیچی نەکردووە. حەددی چی بوو هەر دەمانخنکاند!

دەتانخنکاند؟

بەڵێ! باوەڕت هەبێ هەر (هەوە).

جاسوس دوژمن نیە؟

بەڵێ.

دوژمنی کێیە؟

فەتاح وەک توتی قسانی دەکرد، ئەوی لەوەوبەر (حیزب) فێری

کردبوو و لە ماناکانی نەدەگەیشت، دووبارەی دەکردەوە.. تا هاتە سەر ئەوەی بە دەنگێکی نێرانەوە وتی:

- دوژمنی میللەت.

- ئەی ئێوە چین.

(لەوەبەر چەندی — هەروەک وشە، بێ ئەوەی چ شتێکی لێ حاڵی بووبێ — بیستبوو دووبارەی کردەوە،

ئێمە کرێکارو رەنجدەرو سووتەمەنی و چەکی شۆڕشین، شۆڕش بێئێمە ناکاتەشۆڕش

وا قسەی دەکرد کە هەر هیچ رووی نەدابێ

ئێمە بناغەو.. ئێمە چەک و.. ئێمە ... ئێمە بازوو... ئێمە، ئێمە کەی نەدەبراندەوە، تا زۆر بە دڵنیاییەوە دەستی لەسەر ئەوە داگرت:

- ئێمە کوڕی میللەتین .. کوڕی بە وەفا..

(خەجێ لە درێژدا دڕی یەکەی فەتاح زۆر بێزار بوو، گەر زوو قسەکەی نەبڕیبا ئەوا موحازەرەیێکی ناوەخت — کە خۆیشی لە مانای قسەکانی نەدەگەیشت- دەکردە باسێکی ئەوتۆی سارد، هیچ تامێکی بۆ خۆی و قسەکانی نەدەهێشت!

باشە .. باشە.. یانی دوژمنی ئێوەیشە.

(فەتاح) هەند تێکەڵی قسەکانی خۆیو — ئێمەو ئێمە — ببوو، شیرازەی پساندبوو، باسە سەرەکییەکەی لە بیر چوبووەوە، بۆیە زۆر



بە گەوجییەوە وتی:

کێ؟

فەرەیدون !

ئا .. ئەی چۆن.

ئەی بۆ نەتخنکان.

ها..؟

دیارە هەر دەتانەوێ ناوی جاسوسی لێ بنێن!

خۆ چ دوژمنایەتێکمان لە گەڵیدا نیە.

(خەجێ پەشیمان بووەوە، لەوەی کە هاتووە لە فەتاح قسەی راست ببیستێ).

(چار نیە با بزانم چی تری پێیە، با بەقسەی رەق بیوروژێنم، بەڵکو بە تورەیی شتێکی لەدەم دەردەچێ).

- قسەی بێ سەرو بەر دەکەیت.

- بۆ؟

- لە لایەکەوە دەڵێی جاسوسە، لە لایێکی دیشەوە دەڵێی گەر شتێکی دەرحەق بە (ئێمە) کردبا بە سەلامەتی دەرنەدەچوو. جا نازانم ئێوە چ جۆر کوڕێکی ئەم میللەتەن؟

- ئەی پێم نەووتی حەدی چی بوو!! ئەو فیسقە گولە چییە؟

- کوڕم جاسوس بەقەدو باڵا نیە، دوژمن بە قەدو باڵا نیە، هەر وەک چۆن عەقڵیش بەقەدو باڵا نیە!!..

(فەتاح) نەیهێشت خەجێ قسەکانی تەواو بکات.

- بۆ پورە خەجێ پێت وایە، ئێمە لە خۆمانەوە فی سبیل الله قسە دەکەین؟

- وا نالێم... دەڵێم دەلیلتان چییە؟ هیچ شتێکتان لە خۆی بیست؟

- خۆی؟ کەسمان قسەی لەگەڵ نەدەکرد.

- بۆ؟

- نەماندەزانی لەسەر چی گیراوە.. خۆیشی چ قسەیێکی نەدەکرد.

- ڕەنگە ئێوەی نەناسی بێ... ئێوەیش نەتانزانیوە چ کوڕێکە!

- (ئەوێ) جیایە، ئەوێ کوڕی خۆی هەیە بەدەم حەرەسەکانەوە پێدەکەنێ!

- پێدەکەنێ!

- جار جارێکیش پێیانی دەووت: صباح الخیر.

- صباح الخیر؟!

- ئا.. بەڵێ . ئەمە کەمە؟

- نەخێر کەم نیە.

- ئەی چیترت دەوێ.. پیاو چۆن بە دەم ئەوانەوە پێدەکەنێ! یەکێ خۆی بە کورد بزانێ چۆن بەو جەللادانە دەڵێ (صباح الخیر).

- ڕاست دەکەی .. کارێکی چاکی نەکردووە، بەڵام هێشتا ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە پێی بووترێ جاسوس!

- با!



- بەچی؟ هەر بەوەی باست کرد؟

- نەخێر.. چاویشی زۆر حیز بوو.

- جا ئەمەیش بووە قسە؟

- پوورە خەجێ من لە کەرکوکدا ژیاوم، ریشم لە ئاسیاودا سپی نەکردووە.. دەزانی کەرکوک دەکاتە چی؟

- دەزانم.

- نەک من هەر هەموومان رامان وابوو کە چاوی زۆر حیزە!

- هەر هەمووتان؟

- بەڵێ.

- پێم سەیرە!

- ئێستا تۆیش بیبینی، هەر هەمان حوکمی لەسەر دەدەی. دڵنیام چاوی دەخوێنیتەوە.

- لەوەتی بەربووە کەم کەس بینیویەتی.

- دە دڵنیا بە جاسوسە!

- چۆن؟

- (نێرەو بیدۆشە) جاسوسەو ئەهـ.

- کوڕم ئاخر...

- ئاخرو ماخری ناوێ.. جارێ لە ژێر ئازاری ئەو نەختە ویژدانییەتی کە ماویەتی، ئەو نەختەش لە دەست بدات، هەر خۆی خۆی ئاشکرا دەکات.. من لەم کەرکوکە (جەهەنەمە) ژیاوم گەر کوردێ چاوێکی

نەکاتە سەد چاوو کاغەزی سپی نەخوێنێتەوە ناژێ. گەر بژێـشیت ئـەوا وەکـو کـورد نـاژێ. دەزانـی وەک کـورد نـەژیان یـانی چـی؟ یـانی وەک بەشەرەف ناژێ..

- تێدەگەم .. بەڵام هێشتا دڵنیا نیم.
- دڵنیا دەبیت!
- وا قسان دەکەیت، دەڵێی لە گەڵیا دانیشتبوویت کە کردیانە جاسوس!
- حەقتە بە تەوسەوە قسە بکەیت. بەڵام حەقی ئەوەت نیە خۆت بخەڵەتێنی و تەجرەبەی کەسێکی دنیا دیدە بە هیچ نەزانی.
- عەفووم بکە، هەندێ زیادە رەویم کرد.. بەڵام هێشتا قەناعەتم بەوە نیە جاسوس بێ. رەنگە وەزع و حاڵی (ئەوێ) هەندێ ورەی پێبەردابێ.
- (ئەوێ) ؟ پیاو دروست دەکات، ئەوێ مەحەکە ئەوێ بوارەو لەوێدا... رەش و سپی دەردەکەوێ. رەنگە تۆ لەلای خۆتەوە بڵێی: سەرەتا کوڕێکی چاک بوو، زۆر وریاو پیاوانە بوو.. پورە خەجێ من دەڵێم سەرەتا گرنگ نییە، جادەی پان و مفاوەزاتی چوار ساڵە، گەلێ لەو ترە قارەمانانەی دروست کرد، ئەوانە هەر لەگەڵ (تاپگێردان) پاشانیش ... قسەم پێدەکەی؟!
- بە جۆرێ باسی ئەوێ دەکەیت، مرۆ حەز دەکات بیبینێ، هەر هیچ نەبێ، بۆ ئەوەی خۆی بناسێ.



- هەموو کەسێ نا.. دەڵێم هەموو کوردێ.. نەخێر نەک هەموو کوردێ .. بەڵکو هەموو کوردێکی کەرکوکی.
- کورد هەر کوردە، لە کوێدا بێ هەر کوردە.
- تۆ وا بڵێ.
- دەردی مەسەلەکەی فەرەیدونە. کوڕی باوکم بە کەللە رەقی نابێ ئەوا من هەندیک تێدەگەم، دەنا چ کەسێک رێ بەخۆی نادات، گوێ لە تۆمەتی بێدەلیل بگرێ، بە زۆریش بیانەوێ باوەڕی پێبێنن!
- یانی تۆ باوەڕت پێنەکردم.
- نەخێر!

*

خەجێ، دڵی لە فەرەیدون کرمێ ببوو، نەچووە ماڵیان، ناردی بەدویا فەرەیدون دوودڵ بوو، نەچوو، دەترسا هەموو شتێ لە چاوانی بخوێنێتەوە. خەجێ جارێکی دی ناردی بەدویدا فەرەیدون ناچار بوو بە کۆڵی ترسەوە هاتە لای خەجێ خەجێش بێ ئەمسەرو ئەوسەر، راستەو راست چووە نێو باسەکە

- فەرەیدون چاوت بەرزکەوە.
- فەرموو... پورە خەجێ ئەم قسەیەت لە جیاتی بەخێرهاتنە؟.. باشە، کەی ئوسول وایە یەکێ لە بەندیخانە بەر بێ، لەبری ئەوەی بچنە لای هەر هیچ نەبێ پێی بڵێن (کەفارەتی گوناهت بێ) کەچی تۆ نەهاتی، گلەیی ناکەم.. ناردتە دووم، هاتم، لەبری بەخێرهاتن پێم دەڵێی چاوت

بەرزکەوە، خۆ تۆ جاران دەتووت: ( لەگەڵ ئەحمەد فەرقت ناکەم) کەچی ئێستا دەتەوێ تێم گەیێنی چاو شۆڕم، بۆیە ئەم داوایەم لێدەکەی!

خەجێ تاسا، چ چاوەڕێی وەڵامێکی ئاوهای فەرەیدون نەبوو، نەیشی ویست پێی بڵێ (راست دەکەیت لەگەڵ ئەحمەدا فەرقم نەدەکردی، بەڵام هیچ ئاگاییێکم لەوان نەبوو، خەمی ئەوان گەورەتر بوو، نادیار بوون، تۆ دیار بوویت.. خەمی ئەوان هیچ شتێکی پێ لەبیر نەهێشتبووم. دەنا دەبوو خۆم بهاتبام، پێشت بڵێم: فەرەیدون حەتمەن بەندیخانە قاڵی کردوویت، ئێستا کەسێکی دیی زیرەکێ تری! (خەجێ پێی وابوو گەر ئەم قسانە بکات، چیدی رێی ئەوەی نامێنێ بەو شێوەیەی دەیەوێ لەگەڵیا بدوێ دانی بە خۆیدا گرت، جددی تر قسەکانی دەربڕی:

- وەختی ئەم قسانە نیە.. گلەیی وەختی خۆی هەیە.
- ئەی ئێستا وەختی چییە.
- وەختی ئەوەیە خۆت پێم بڵێی: جاسوسی یا..

فەرەیدون رەنگی گۆڕا، سوور بووەوە، ڕەش داگەڕا، زەرد بووەوە، چاوانی داخست، زوو زوو رەنگی دەگۆڕا، بێدەنگێ بوون تفی قووت دەدا، بێدەنگییەکەی زۆری کێشا، خەجێ لەو ماوەیەدا زۆر بە وردی دەیڕوانیە رەنگێ تێکچوونەکەی و دەنگی هەناسە بە پەلەکانی دەبیست لێی دووبارە کردەوە:

- تۆ جاسوسیت!



فەرەیدون بە ئاستەم وشەی (نەخێری) لە دەم هاتە دەر، خەجێ بەبێ حەوسەڵەییەوە پێی وت:

- فەرەیدون چاوت بەرزکەوە

هەر بە چاو داخستنەوە وتی:

- فەرموو.
- تۆ جاسوسیت؟!
- نەخێر.
- ئەی بۆ وا رەنگت تێکچووە؟
- چونکە چاوەڕێی قسەی ئاوهام لە تۆ نەدەکرد.. تۆ لە دایکم فەرزتر بووی، کەچی تۆ پێم دەڵێیت جاسوسیت.
- نەک هەر من. هەموو خەڵکەکە وات پێ دەڵێن
- هەموو خەڵکەکە؟ جا ئەوان چوزانن؟!
- جا ئەوان چوزانن؟! بۆ نازانی ئێرە کەرکوکە، بۆ نازانی یەکێ لە ماڵەکەی خۆیدا بترێ، دەبێ ئەمسەرو ئەوسەری کەرکوک .. پێی بزانێ!
- دەزانم کەرکوک وایە. بەڵام من هەو نیم.
- باوەڕت پێناکەم!
- بۆ؟
- بزانە ناوێری بڵێی من جاسوس نیم.. تەنانەت لە کەلیمەکەیش دەترسی، بۆیە دەڵێی من (هەو) نیم گەر راست دەکەی بڵێ: من جاسوس نیم

- جاسوس نیم.

- ئەی بۆ بە حەرەسەکانت ووتوە (صباح الخیر) و بە دەمیانەوە پێکەنیویت.

- بۆ پێکەنین و صباح الخیر وتن پیاو دەکاتە جاسوس؟!

- ئا..

- چۆن، ئەمە یەکەم جارە شتی وا ببیستم..

- هەموو شتێ لە پڕ نابێت... جاسوسیش لە پێکەنینێک و صباح الخێریکەوە دەست پێدەکات!

- پێم سەیرە.

خەجێ لە پڕ پێی وت:

- هاو ژوورەکانتم بینی.

فەرەیدون زیاتر رەنگی تێکچوو.

- ئەوان وایان وت؟

- بەڵێ.

- درۆ دەکەن.

- تۆ درۆ دەکەی.

فەرەیدون هەند شڵەژا، پێی وابوو خەجێ هەر هەموو شتێک دەزانێ بە پارانەوەیێکی ئەوتۆی زەلیلانەوە وتی:

- پورە خەجێ، باوەرت هەبێ، نازانم بۆ وا زەعیف بووم، چی زەعیفی کردم.



- یانی پێی لێ دەنێیت.

- نەخێر .. تەنها ڕێم بدە قسان بکەم.. پێم وایە دەمویست لە ڕێی نواندنی زەعیفی خۆمەوە هاوژوورەکانم رازی بکەم، تێیان بگەیێنم کە منیش وەکو ئەوانم.. هەر ئەوە بوو هیچی تر.. غەڵەتێکی گەورە بوو و کردم.. بەڵام شتێکی تریش هەیە حەز دەکەم بیزانیت، ئەویش ئەوەیە، هەموو هاوژوورەکانم وەکو منیان کردووە..

- دەلیلت چییە؟

- ئەفسەرەکە پێی وتم.

- ئافەرین بۆ ئەقڵت. من بیستوومە بەندیخانە پیاو ئاقڵ دەکات کەچی تۆی کەر کردووە!

- بەڵێ کەری کردم.. کەرم.. کەر

- ئەم قسانە دەردت نادا.

- دەزانم بەڵام دڵی خۆمی پێدەدەمەوە.

- بۆ دڵت ماوە؟

- حەز دەکەم دوا قسەت بۆ بکەم، حەز دەکەم یارمەتیم بدەی، نامەوێ تۆیش پێلەقەم لێدەیت. چ کەسێ شکێ نابەم گوێم لێبگرێ. هەر تۆ شکێ دەبەم، گەلێ حەزم دەکرد بێمە لات. شەرمەزار بووم، دەمزانی هەموو شتێ لە چاومدا دەخوێنێتەوە، جورئەتم نەدەکرد، ئەوا ئێستا لەبەر دەستی تۆدام تکا دەکەم فرسەتم بدەرێ قسان بکەم.

(خەجێ بێدەنگ بوو، چ وەڵامێکی نەدایەوە، حەزی دەکرد زیاتر بزانێ)

- تەنها زەعیف بووم و هیچی تر رەنگە بڵێی (جا چی تر ما) راست دەکەی، شتێکی گەلێ خراپم کردووە، باجەکەیشی قورس کەوتووەتەوە، خەوو خۆراکم نییە. سێبەرەکەیشم ناحەزمەو دەمتفێنێتەوە، بێز لە خۆ دەکەمەوە مۆتەکە سەر سنگم بەرنادات، باوەڕت هەبێ هەر زەعیف بووم و هیچی تر. ئەم قسەیەش هەر دەتوانم لەلای تۆدا بە ڕاستگۆیی دەریبڕم، دەنا لەلای خەڵکیدا درۆ دەکەم، فێری درۆ کردن بووم، دەزانم خەڵکی باوەڕم پێناکەن و گاڵتەیان بە قسەکانم دێ، ناحەقیان ناگرم، هەر شتێکم پێبڵێن حەقیانە.. بەڵام پوورە خەجێ باوەڕت هەبێ حەز دەکەم بمکوژن، نەک وەک ئێستا ڕۆژی دەیان جار بە سەرنج دەمکوژن.. ئەوسای زەعیف بووم هیچ ئاگاییێکم لە خۆم نەبوو.. زەعیفیەکەم زەعیفی بەدوای خۆیەوە کێش دەکات، پێم خزا، لە کەیێکی رەشم نایە تویڵی خۆمەوە پێم وانیە هەر خۆم بتوانم ئەو لەکەیە بە ئاسانی لە تویڵی خۆمدا بسڕمەوە، پوورە خەجێ پێویستم بە یارمەتییە، هەر تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی.. بۆ ئەوەش لێت ناپاڕێمەوە لێم ببوری، نەخێر، نزای من بۆ ئەوەیە، ترسێکی گەورە رووی تێکردووم، هانی خراپە کاریم دەدات.. پێم وایە ناچارم دەکەن، هەرواشم پێدەکەن. هیچ ڕۆشناییێک شک نابەم و چ پەناییێکم نییە، حەیفێ چ کەسێکیش نیە بە گوللەیێک ساردم کاتەوە، رەحمم پێبکات و رزگارم کات، نەهێڵێ چیدی ئەم



دوژمنایەتیەی لەگەڵ خۆمدا دەستم داوەتێ پەرەبسێنێ هەموو شەوێ خەونی سەیر سەیر دەبینم، قەد فەرەیدونەکەی جاران نیم، ترسنۆک درۆزن ، فێڵباز، گەلێ جار هەند گێل و گەوج و گەمژە دەبم، خۆم ناناسمەوە، بە زەحمەت ناوی خۆمم بیردەکەوێتەوە، پوورە خەجێ دەستم دامێنت چارێکم بکە.. رزگارم کە.

خەجێ خۆی وا دەنواند کە بەبێ موبالاتیەوە گوێبیستییەتی، بەڵام لە ناخدا هەر ئەوە بوو نەدەتوایەوە، خۆزیا هەموو بەدکارێ وەک تۆپێی لە گوناهەکانی خۆی دەنا..

بە ساردییەوە پێی وت:

- کارێکت نەکردووە بێ باج بەسەرتەوە تێپەڕێ.

- ناڵێم هیچم نەکردووە، نامەوێ پاکانە بۆ هیچ شتێکم بکەم بەڵام لە تۆ دەپرسم، ماڵی کێم وێران کردووە؟ کێم دەربەدەر کردووە؟ چ ئافرەتێکم بێوەژن خستووە؟ چ منداڵێکم هەتیو خستووە، چ زەرەرێکم بۆ کەس نەبووە، هەرچییەکم کردووە زەرەری خۆمی تێدا بووە، پاشان من لە ڕۆژێکدا ئەوەم کردووە (هیچ شتێک نەمابوو، نە پێشمەرگە نە تەنزیمات، هیچ نەمابوو، راستە لەو کاتەدا من نەمدەزانی، بەڵام باوەڕم پێبکە زەعیف بووم زەعیف.. پرس بکە، بزانە چ کەسێ جگە لە - فەرەیدون — ئەزیەتی بەدەستی منەوە بینیوە.. هەر فەرەیدونم ڕیسوا کرد، حەیاو ناموسم بۆ نەهێشت، جا نازانم تۆیش وەکو خەڵکەکە پێلەقەم پیادەکێشێ، دەمکوژی.. پورە خەجێ دەستم دامێنت، دەستم

بگره با چیدی بەرەو هەڵدێر نەچم، نەبمە ئەو کەسەی پاشەڕۆژ پەشیمان بێتەوەو بڵێی: خۆزیا هەر ئەو ڕۆژە بە چنگێ دەمکوشتی.. خۆزیا ئەو ڕۆژەی زەعیف کەوتم لە وێدا بای بتکوشتبام، خۆزیا . دەڵێیم ناچارم دەکەن، هەموو شتێکم پێدەکەن، باوەرت هەبێ هانم دەدەن وا بکەم، هەر هیچی تیا نەهێڵمەوە، لە هەموو خوێرییێک خوێری تربم، وام لێدێ ڕەش و سپی تێکەڵ کەم

- وا قسان دەکەی، دەڵێیی پێش وەخت نەخشەت بۆ ئەم شتانە کێشاوە.

- نەخێر .. بەڵام هەموو شتێک بەبەرچاومدا تێدەپەڕێ، خۆم دەبینمەوە، بە ناچاری دەمکەنە خائین.. پورە خەجێ، تۆ دنیا دیدەی، گەلێکت بینیوە، دەیانجار بیستووتە کە گەلێ زەلامی ڕەشید، پێشمەرگە بوون تەنها لەبەرئەوەی دڵیان شکێنراوە، هاتوونەتەوەو بوونەتە جاش، هەر ئەوەندەیش زەحمەتە (پیاو) تا دەستی دەچێتە خوێنی کەسێ. ئیتر دەبێتە ملۆزم.. پورە خەجێ، هەموو دەرگاییێکم لە ڕوودا دامەخەن.. شتێکم بۆ بهێڵنەوە.

- جا من دەتوانم چیت بۆ بکەم.

- زۆر شت.

- وەکو چی؟

- قسەیێکت .. ڕێنماییێکت .. بۆ من زۆر زۆرە.

- وەکو چی؟



- ترسم لە دڵ دەرکە.. سەرەتا خۆم لە (هەیئەدا) تۆوی ترسم لە دەروونی خۆمدا رواند گەر دەستێکی دڵسۆز، ئەو تۆوە لە ناخم دەرنەکات حەتمەن ئەو تۆوانە شین دەبن و بەری بەد ڕەوشتی دەگرن. پورە خەجێ ڕەنگە ئەوسا خەمی خۆمم نەمێنێ کەبوومەتە (کێڵگەی ترس و بەدڕەوشتی) خەمی ئەوانەم بێ دەمناسن و دەیانناسم، پریشکم دەیانسوتێنێ..

- فەرەیدون، ڕەنگە بە گەوجم بزانی گەر (ئێستا) بپرسم بۆ وات کرد.. تۆ کوڕێکی کەم هاوتای.. دەمەوێ بزانم، خۆت تا ئێستا توانیووتە دەستنیشانی ئەوە بکەیت بۆ کە بۆ وات کرد ئەڵبەتە دەشزانی، دەستنیشان کردنی دەرد، هەر دەردێ بێ، چارەی ئاسانە من وام بیستووە، باوەڕیشم هەر وایە..

- پورە خەجێ ئاسانە لێت ناشارمەوە لە ڕۆژانی دواییدا هەستم دەکرد (شتێک) باڵم پێدەگرێتەوە، بەرەو دنیای پۆخڵیم دەبات، لە ناخدا خۆیشم راهێنابووە سەر ئەوەی، ئامادە بم بەرەو پیسترین شوێن هەڵفڕم، ترس و گەلۆرییێکی ئەوتۆ ڕووی تێکردبووم، تەواوی ژیانی سەرشۆڕی لا خۆشەویست کردبووم، دەسەڵاتم بەسەر ورەو باوەڕی خۆم نەمابوو.. پورە خەجێ زۆر بە ڕاستگۆییەوە بۆ تۆی باسدەکەم و بەس، ئەویش ئەوە بوو زۆر جار هەستێکی تیژڕەو سەراپای دەهێنامە لەرز، پاش ئەو هەستە (نەگریسە) سێو دووی دڵی خۆمم دەکرد، باوەڕم بەوە دەهێنا: کە من بۆ ئەوە خەڵق نەکراوم لە پێناوی سەربەرزیدا تێبکۆشم،

(ئەوسا) پێم وابوو بۆ ئەوە خوڵقاوم شاهیدی ژیانی سەرشۆڕی بم، بەراستگۆیشەوە لە تەجرەبەی خودی سەرشۆڕیم گوزارشت بکەم. پێم وابوو — لەوەبەر — هەر خۆمم خەڵەتاندبوو، پفم بە خۆدا کردبوو، ئەوەی زانیبووم هەر تەنها وشەی ساردو سری بێگیان بوون، توتی ئاسا، ئەو وشانەم دووبارە دەکردەوە، دڵنیام لە مانا نەگەیشتنی و وشەو دووبارە کردنەوەیان، پف بە خۆدا کردنێکی بێعەقڵانەیە، من وام کردبوو، بۆیە بەم حاڵە گەیشتم. کە وەخۆ هاتمەوە، کار لە کار ترازابوو. (ئێستا) سڵ لەو وشانە دەکەم دەیانبێژم، کوشتەی ئەو (توتییایەتییەی) خۆمم کە سەرشۆڕی کردم! پورە خەجێ پێم وایە (ئێستا) دەزانی بۆ وام لێهات..

- حاڵیم..

- هەر ئەمەش نەبوو.. لە مەش کوشندەتر، توندڕەوی یەکەم بوو، هەند گەرم بووم، وام دەزانی (کوردوکوردستان) هەموو شتێکن! هەر ئەم توندڕەوییەش وای لێکردم کە نەفام بم و لە ماناو سەنگی وشەکان نەگەم، ئەم دووەو خۆمی بەتاڵ و کەم تەجرەبەیەش، پەلی ئەم فەرەیدونە حازرییەیان گرت و بەرەو هەڵدێریان برد، ملیان شکاند.. پورە خەجێ من لە تەجرەبەی خۆمەوە قسان دەکەم: پێم وانیە چ توندرەوێ من ئاسای بەسەر نەیێت! زەرووریيە دەستی هەبێ — پەروەردەیێک هەبێ — جلەوی توندڕەوی بکێشێتەوە..



- راست دەکەی، بەڵام زەروریشە دەستێ هەبێ قامچییێکی پێبێ، بۆغاردان لە کاتی پێویستیدا بەکاری بێنێت و لە جێی خۆیشیدا جڵەو توند کات .. قامچی و جڵەو هەردوو پێویستن.

- تۆ باسی ئینسانی سیاسیی لێهاتوو دەکەیت!

- نەخێر باسی ئینسانی کامڵ دەکەم!

- پورە خەجێ گەلێ گۆڕاویت .. مەبەستم ,,, یانی مەبەستم..

- بە کورتی ئینسان گا نییە تا ماوە لە پێستێکدا بێ..

- خۆزگەم بە خۆت .. بە توانات..

- گوێگرە فەرەیدون وا تێدەگەم (هێشتا) باسی زۆر شتت بۆ نەکردووم!

- راست دەکەی. فرسەتم بدەرێ هیچت لێ ناشارمەوە.

(هەرچییەکێ لە بەینی خۆی و ئەفسەرەکە باسکرابوو هەمووی گێڕایەوە، باسی ئەوەشی کرد کە وەعدیشی داوە بەیناو بەین سەردانیان بکات تەنانەت باسی هاتنەکەی محمد ئەفەنیشی بۆ کرد، کە چۆن هاتووەو چی وتووە، خەجیش گاە بە نەرمی و گاە بە نیمچە توندییێکەوە، قسەکانی پێ دەبڕی و نەسیحەتی دەکرد، تا هاتە سەر ئەوەی فەرەیدون بە پارانەوە پێی وت:

- چارم چییە چار؟

- نازانم .. نا .. جا من دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

- پورێ (ئەوان).

- ئەوان کێن؟

- پێشمەرگە..

بەجۆرێ وتی پێشمەرگە ، وەکێ ئەوەی هەموو شتێ بزانێ، چۆن سەریان هەڵداوەتەوە، کێن .. خەجێ بەزەیی پیادەهاتەوە، نەیشی دەویست خۆی وا بنوێنێ بە ساردییەوە پێی وت:

- چاکە بچۆ لایان هەموو شتێکیان بۆ بگێڕەوە. داوای لێبوردنیان لێبکە!

- بۆ پێت وایە گەر بچم، تەنها لە بەرئەوەیە داوای لێبوردنیان لێ بکەم!

- تێتدەگەم..پەلە دەکەیت.. تۆ نالێی زەعیف بووم.. ناترسی جارێکی دیش ئەو زەعیفەیە لە ناختدا سەرهەڵداتەوە؟

- ها..

- دەم دامەچەقێنە.. کاری تۆ ئەوە نییە دوای لێبوردن لەوان بکەی.. ئەوانیش هی ئەوە نین تۆ عەفوو بکەن و دەرەجەی پیاوەتی و ئازایەتیت پێبدەن.. لە هەردوو حاڵەتەکەدا چ سودێکی بۆ تۆ نابێت.. پێم وایە دەبێ خۆت بە کردەوەی چاکێ، شتە پۆخڵەکانت بسڕیتەوە، ئەوساش چ پێویستیت بە ستایش و ئافەرین نابێ. بەر لە هەموو شتێ دەبێ باوەڕ بە خۆت پەیدا بکەیتەوە، زەعیفەکەی ناخت بنبڕ بکە، خۆت هاندە، خۆت فێرکە، گەر دەتەوێ یارمەتیت بدەم.. یارمەتیشت دەدەم.



(فەرەیدون بە پەرۆشەوە قسەکەی خەجێی بڕی، چەند جارێکێ لەسەر یەکێ وتی:

- زۆریش مەمنونت دەبم.

- جا گوێ لە من بگرە بزانە بە کورتی و بە کوردی چیت پێ دەڵێم.

- فەرموو.

بۆ ئەوەی قسەکانی زیاتر کاریگەر بێو لە قاڵبی نەسیحەتی روت بەدەر بێ ریتمی دەنگی خۆی گۆڕی، لە شێوەی ئەمردا پێی وت:

- یەکەم، تا دڵنیا نەبیت پاکێ پاکێ بوویتەوە، نامەوێ بە هیچ جۆرێ خۆتم نیشان بدەی، کە لێرەش هەڵسایت تۆزێ قۆندەرەکانت بەجێمەهێڵە، جارێکی دیش بەم حاڵەتەوە سەرنەکەی بە ماڵەکەی مندا.. کە دڵنیا بووی پاکێ بوویتەوە، ئەوا ماڵ ماڵی خۆتە..

- پورێ، ئەمەیە نەسیحەتەکەت .. دەرم دەکەی؟!

- گوێگرە، با قسەکانم تەواو کەم، بۆیە داوات لێدەکەم کە جارێکی دی چاوم پێت نەکەوێ نەوەکێ نەتوانم ئێستا ئاسا دڵم پێت بسوتێ و بەزەییم پێدا بێتەوە..

- توخوا پورە خەجێ دڵت پێم دەسوتێ؟ قەناعەتت هێنا کە من چەند زاڵم و چەندیش زوڵمم لە خۆم کردووە..

- وتم با قسەکانم تەواو بکەم. ڕەنگە شتی زیاتر ببیستم، کارم تێبکات نەتوانم خۆم بگرم.

- ڕاست دەکەی .. تێدەگەم... هەوڵ دەدەم خۆمت نیشان نەدەم..

- دووەم: ڕەنگە پێت سەیر بێ گەر بڵێم، لە هەموو کەسێ زیاتر تەنانەت لە خۆت زیاتر پێم خۆشە، ئەو لەکەیەی نێو چووانت پاک کەیتەوە.

- دەزانم .. دەزانم.. باوەڕت هەبێ دەزانم.. دەشمزانی هەر تۆ لێم دەگەیت، دەس ناتێی بە ڕوومەوە.. هەر تۆ یارمەتیم دەدەی.

- تۆ با قسەکانم تەواو بکەم. قسەم مەبڕە: دەبێ ببیتە پێشمەرگە..

- دەمخۆش. خۆیشم هەر وا فکرم لێکردبووەوە..

- تۆ، پەلە مەکە.. بزانە چیت پێ دەڵێم: مەبەستم ئەو پێشمەرگەیە نییە وا بۆ میللەت هەوڵ دەدات.

- ئەی؟

- ببە بەپێشمەرگەی خۆت، جارێ بۆ خۆت هەوڵدە، ئەو فەرەیدونەی ناخت بتۆپێنە مەترسە، پێم چاکە تاماوەیێک، چەند مانگێک، چەند ساڵێک، خۆت ون کە. هەم لەگێچەڵی ئەوانەی وەعدت پێداون ڕزگارت دەبێ هەم دەتوانی بەبێ ترس لەقسەو سەرنجی خەڵکی بەخۆتا بێیتەوە..

-زۆر ڕاست دەکەی.. بەڵام بۆکوێ بچم.

-جەهەنم.. بۆدنیا، هەر قەڵاکەی کەرکوکە، بڕۆ بۆ هەرشوێنێکی دی دەچیت بچۆ، پاش ماوەیەکی دی بەعەقڵێکی دییەوە بگەڕێوە. بڕۆ بناغە بۆ خۆت داڕێژە، پێش هەموو شتێ فێری ئەوە بە بە ڕەنجی شانی



خۆت نان پەیدا بکە. هەر ئیشێکی بەشەرف بێ بیکە، نانی خۆت پەیدا کە، لەپاڵ ئەوەوە ڕۆژ بەڕۆژ لەسەر ئەو بناغەیە بینای خۆت بکە.

-بەقسەت دەکەم... وەعد بێ بەقسەت دەکەم .ئەگەر یەکدوو ڕۆژێکیش دواکەوتم وەعد بێ خۆمت نیشان نەدەم،

*

هەر کەفەرەیدون ڕۆیشت، خەجێ بەبێ ئیرادە چەن دڵۆپە فرمێسکێکی بێدەنگ لەچاوانیەوە هاتنە خوارێ، گەلێ دڵی بەفەرەیدون سووتا، وەک ئەوەی خۆی دوڕابێ ئاوها بەوچاوەوە دەیڕوانیە فەرەیدون — گەلێ دڵ ڕەق بووم، نەدەبوو ئاوها بێ بەزەییانە قسانی لەگەڵدا بکەم، ئاخر خوا چۆن لێمی قبووڵ دەکات. بەستەزمانە لەهەموو سەریکەوە، مەینەتی سەری تێکردووە ،منیش لەبری ئەوەی دڵی بدەمەوە، کەچی.. جا ئاوها دەستی لێ قەوماوان دەگری ؟ ها، خەجێ کەی تۆ ئەوەندە دڵڕەق بوویت؟ بۆ، خۆت کەم دەردە سەریو لێ قەومانت بینیوە؟ ها.. جووان وجاهێل بوویت، خەڵکێکی زۆر تەماحی تێکردبوویت، گەر نەزاکەت وەک فریشتە نەهاتبایەتە هانات، فریات نەکەوتبا، خەجێ ئەرێ ئێستا چ دەبوویت. بۆ خۆت قسان دەکەی، دەبی چ شتێ لەخۆت نەشاریتەوە.. ها بەڕاست خەجێ کەی ئێستا دەبووم؟ گەر لەنێو گورکی دوو پێدا دەستی نەگرتبام دەبوومە ئەم خەچییە؟! دەی جواب بدەرەوە دەبزانم دەزانی لەکوێ دەبوویت؟ دەی فکری لێکەوە. نەفامێکی دەست و پێ سپی غەریب ، لێقەوماو لە نێو

گورگاندا چی بەسەردێ؟ هەر بە قسە نەیاندە خەڵەتاندی؟ فریویان نەدەدای؟ پاشانیش خۆتت لەبەرچاو نەدەکەوت؟ بۆ ئەوەی تۆڵە لە خۆت بکەیتەوە خۆتت لێ هەڵدەماڵی؟ ها.. وانیە؟ باشە خەجێ ئەمەیش دەزانی بۆچی ئەو بەستەزمانەت سەرشکێن کرد، ئا لە هەموو کەسێ زیاتر برینیم کولاندەوە. نەدەبوو وا بکەم. دەبا وەکو نەزاکەت بکەم، ئەو بە قسەی خۆش و بە نەرمییەوە تێیگەیاندم ، فێری کردم، بە رەنجی شانی خۆم نان پەیداکەم. نەدەبوو منیش بە نەرمییەوە تێی گەیێنم، بە رەنجی شان، بە دەستی خۆی لەکەکەی نێوچوانی بسڕێتەوە؟! ها. خەجێ ، ئاوها قەرزەکەی نەزاکەت دەدەیتەوە؟ لە بەغادا، نەزاکەت لە ڕێی خوا و من بۆ خۆیشی ئەو کارەی لەگەڵدا کردم. ئا.. دەبێ قەرزەکەی نەزاکەت بخەمە ئەستۆی کەسێکی دی. تا ئەویش لەڕۆژێکی ئاوهادا بەرانبەر بە لێقەوماوێ قەرزەکەی من بداتەوە. ئەی چۆن؟ دنیا هەر وا نەبووە؟ با، هەر وابووە. ئەگەر وا نەبا چ کلۆڵێ دەیتوانی بە سەربەرزییەوە بژێت؟ ئا.. دنیا هەر وابووە، ستەمدیدەیێک، پاش ئەوەی خێرخوازێکی نەزاکەت ئاسا دەستی گرتووە، ئەویش چووەتە هانای لێقەوماوێکی دی، پاشانیش لێقەوماو، دەستی کلۆڵ و بێنەوای گرتووە.. دنیا هەر وابووە، ئەی چۆن، ئەگەر وانەبا ئەوا دەبوو، هەرچی فەقیرو هەژارو کەساسی ئەم دنیایە هەیە هەر هەموو فریو خواردوو خەڵەتاوو لارێ گرتوو میکرۆب بان .. ئا خەجێ دەبێ هەر ستەمدیدە بچێتە هانای هاودەردی خۆی! دەکەواتە هەڵسە، بە پەلە بچۆ بە دووی



فەرەیدوندا، پێی بڵێ کوڕم: ئێمە ئینسانین لە گۆست و خوێنین، دەبێ هەڵەش بکەین، دەبێ بگلێین و بکەوین.. شەرت ئەوەیە بتوانین هەڵسینەوە. دەی خەجێ پەلە بکە با بە دڵشکاوی یاددت نەکات .. خوا چۆن قەبووڵ دەکات، ئەو بەستە زمانە ئاوها ڕوشکێن بکەیت.. بەستە زمانە هەر شەرمەزار بوو، هەر دەیووت ڕاست دەکەی .. دەی خەجێ هەڵسە.. نا .. ناچم با ریسەکەم نەبێتەوە بە خوری، گەر بچم ئەوا سەراپای قسەکانی خۆم بێقیمەت دەکەم.. نەخێر ناچم خۆ فەرەیدون، خەجێ نییەو لە بەغدا کلۆڵ و بێکەس، نەفام و گێژ، بێتەجرەبەو کاس کەوتبێ، نەخێر فەرەیدون پیاوە، پیاویش دەبێ (قسەی حەقی راست و تاڵیش بژنەوێ، ئەی چۆن؟! بەڵێ فەرەیدون مناڵ نیە دەبێ بزانێت (ئینسان ئەوەندە ئینسانە تا خاوەنی خۆیەتی.. گەر ئینسانێ خاوەنی خۆی نەبوو، چ پێویست بە دڵ ڕاگرتن و بەزەیی و ئەم شتانە دەکات. نەخێر، زەروریيە ئەڵبەتە لە من تێدەگات، دڵنیام جنێوی منی لە ئافەرین و ستایشی خەڵکی پێ باشترە. دەزانێ من بە چ دڵێکەوە قسانی لەگەڵ دەکەم، تێدەگات کە ڕۆژگار فێری چ شتێکی کردووم.. ئەی چۆن فەرەیدون دەبێ بزانێ دڵڕەقی لە کات و جێی خۆیدا خۆشەویستییە.. باشە خۆ من لە خۆمەوە قسەی زیادو بەرزو نزمم پێ نەوت. ئاخر لەگەڵ ئەمەشدا نەدەبوو وابکەی! کابرا خۆی دەیووت: زەعیف بووم، کەچی منیش هەر دەستم دادەگرت، زەعیفیەکەییم کردە تانە، کردمە لەکە نووساندمە تویڵی، بەستەزمانە رازی بوو، هەر

دەیووت: لە کەکەی نێوچووانم! نەء. خەجێ زۆر بێبڕەحم بوویت، بێویژدان بوویت، باشە کە ئەم قسە زلانەت دەکرد قەد بیرت بۆ ئەوە دەچوو ئەگەر تۆ لە جێی ئەودا بای و هاوژوورەکانیشت فەتاح ئاسا بان، نەشتزانیبا لەسەرچی گیراویت، چیت دەکرد؟ ها. نەدەرووخایت؟ یا دەبوویتە پاڵەوان؟! خەجێ بۆ دنیا یەک کارەسات و یەک تەجرەبەیە؟ خۆ ئەگەر وابێ تا دنیا دنیایە پاڵەوان هەر پاڵەوانەو هیچ و پووچیش هەر هیچ و پووچە! جا توخوا خەجێ ئەمە وایە؟ نەء بەینی و بەینەڵلا وانیە، هەر ئاغای دێیەکەی خۆمان لە یەک ساڵدا، بەپێی قسەی خەڵکی قارەمان بوو، کەچی پاشانیش سەگ و سەگباب دەرچوو.. دوور نییە وەزعێکی تر بخولقێ هەر ئەو خەڵکە بیکەنەوە بە پاڵەوان. ئای خەڵک؟

نەخێر، ناچم بە دووی فەرەیدوندا.. ئەمجارە گەر بیبینمەوە خۆم دەزانم بە چ زمانێ قسەی لەگەڵ دا دەکەم. خۆ دەزانم چۆن دڵی خۆشدەکەم، دەزانم بە چی دڵی خۆش دەبێ.. بەڵام هەر ناچارم بە دوو ماناوە قسەی لەگەڵدا بکەم.. ئا.. پێی دەڵێم دەزانی: تەڵەبەکەت ئێستا پێشمەرگەیەو سەلامی بۆ ناردوویت!

*

فەرەیدون کە خەجێی جێهێشت، راستەو راست بەرەو ماڵ رێی گرتە بەر، سەرتاسەری رێ هەر خۆی دەدواند: خۆزیا دایکی من دەبوویت و تۆ پەروەردەت دەکردم، قەد ئاواهام بەسەر نەدەهات..هەر تۆم لێرازی بیت



دڵنیا دەبم.. پورە خەجێ بێئومێدت ناکەم گلام، دەبێ هەڵسمەوە. دەبێ ببمەوە ئەو کەسەی شایستەی ژیان بێت، پورە خەجێ، دەرگاییکی نوێت بۆ کردمەوە، دنیاییکی بەرینترت نیشان داوم.

*

فەرەیدون دوێنێی تەمەنی خۆی کردە توێشە بەرەی رێگای سبەینێی و تاوی هەنگاوەکانی خۆیدا.

# ٤

دوو مانگی ڕەبەق بوو، هەموو شەوێ خەجێ، دەمانچە دە تیرەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبردە سەربان. لەماوەی ئەم دوو مانگەدا، دەجار زیاتر سەلاحی بینی، هەموو جارێکیش بەر لەسەلام هەواڵ پرسین، تاقەپرسیارەکەی دووبارە دەکردەوە و چاوەڕێی وەڵامیشی نەدەکرد:

-سەلاح، ئەرێ چ خەبەرێ نەبوو؟

پێی وابوو سەلاح گەر خەبەرێکی چنگ کەوێ، هەریەکسەرو بەپەلە هەواڵەکەی پێ دەگەیێنێ، ئەمەی چاک دەزانی کەچی هەر پرسیاریشی دەکرد، وەک ئەوەی بیەوێ بەشێوەیێکی دی لەسەلاح بگەیێنێ کەدەبێ خۆی بەدووی کارەکەی خۆیەوە بێ، نەک هەر دانیشێو چاوەڕێ بکات. کەپرسیارەکەی لەسەلاح دووبارە دەکردەوە، سەلاح دەیزانی مەبەستی ئەوەیە بپرسێ (ئەرێ قەرار بوو پەیوەندیت پێوە بکەن!) سەلاح کەم جار

بەوشە وەڵامی پرسیارەکەی خەجێی دەدایەوە ،زۆر جار تەنها شانەکانی هەڵدەتەکاند، ڕووخساریشی وا دەنواند کە: ئەمیش لەو بەپەرۆشترە و نازانێ بۆ وادواکەوتن و چ پەیوەندییەکیان پێوە نەکردبوو، سەلاح دوو دڵ بوو، بەدەردو کەسەرەوە خۆی دەدواند:

(-تۆ بڵێی پەیوەندیم پێوە بکەن و منیش بەبەشێکێ لەخۆیان بزانن؟ یا ،هەر قسەیێک بوو کردیان و ویستیان لەکۆڵم کەنەوە ،نا، باوەڕ ناکەم هەر قسە بووبێ! جابۆ نەء!من لەسەرەتادا لەگەڵیان نەچووم کەپێیان وتم: (سەلاح ئەمڕۆ ڕۆژی پیاوانە، دەی پیاوەتی خۆت بنوێنە منیش لەبری ئەوەی بڵێم: بەڵێ وایەو فەرموون. کەچی وتم دایک و باوکم خەبەریان بۆ ناردووم، لەم ڕۆژانە دێن بۆلام پاشان من خۆم پەیوەندیتان پێوە دەکەم).

لەسەرنج و بزەکانیاندا دیار بوو گاڵتەیان بەقسەکانم دەهات.جا توخوا ئەوە قسە بوو من کردم، دایک و باوکی چی؟ هی وایان تیایە کۆشێ ڕەشە خێزانی جێهێشتووەو هەر بەخەیاڵیدا نایێت. دوور نیە لەدڵی خۆیاندا وتبیان، بەقەڵافەت نییە، جارێ منالەو هی ئەوە نییە. دوور نییە شتی تریش مێشکیان هاتبێ بۆیە پێیان وتم:

-تۆ لەئۆردوگادا چاوەڕێ بکە..دایک و باوکت حەتمەن دێن بەدواتا بگەڕێوە، پاش ماوەیێکی دی خۆمان لە (فرسەتێکدا) پەیوەندیت پێوە دەکەین..



لەوە ناچێ ڕاستیان لەگەڵدا کردبم، هەرچەندە سەر دەهێنم و سەر دەبەم قەد لەوە ناچێ..دەی گرنگێ نیە..گەر پەیوەندیشم پێوە نەکەن من خۆم دەچمە لایان..ئەی چۆن حەیف نیە لەهاوڕێکانم دواکەوم، لەپێشدا بەچاو لێگەری بووینە پێشمەرگە، بەڵام ئەم جارەیان وانیە، نەء وانیە، دەبێ ئەم جارەیان بۆ خۆم و بۆ هاوڕێکانم بسەلمێنم کەمن (سەلاح ئەمریکی) نیم و سەلاحێکی ترم..تاقەتم لەبەر بڕا، هەموو جارێ پورە خەجێش وا سەرنجم دەدات، گومان لەخۆم بکەم، سەرەنجەکانی ئەوەی لێدەبارێ گوایە من درۆم لەگەڵدا کردبێ..نەخێر چیدی چاوەڕێ ناکەم.

*

خەجێ خەوی لێنەدەکەوت، هەر ئەمدیوو ئەو دیوی دەکرد، هێشتا زۆری مابوو ڕۆژ ببێتەوە، بایەکی فێنک هەڵی کردبوو، تاقە درەختە تووە چڵ و پۆپ شاشەکەی حەوشەی دەلەراندەوە، نەرمە ئاوازێکی دڵگیری خشە خشی گەڵاکان پەخش دەبووەوە، بایەکە سەمای بە هێلانەی کوکوختی و پەلەوەرەکانی دی دەکرد، جار جارەش، بایەکە توندی دەکرد، چینکۆکانی سەر تەنوور بانەکەی دەترازاندو تەقەتەقێکی ناسازی پێدەکرد، دەنگی تەقەتەقی چینکۆکان تێکەڵ بەهاژەی هەوا فێنکەکە دەبوو، خۆیان دەکێشایەوە قەد چیغەکەی خەجێ، بۆ ماوەیێک کپی و خامۆشی نێو چیغەکەیان دەهەژاند..خەجێ نەخەوتبوو، لەسەر گازەرەی پشت ڕاکشابوو، چاوی بڕیبوو هەزاران ئەستێرەی ورشە داری

ئەو شەوە کەئاسمانیان کردبووە چراخانێکی مەزن. خەجێ لەنێو چیغەکەدا مانگی نەدەبینی، بەڵام تریفەکەی سێبەرێکی باریکێ و درێژی بۆ شەربەی سەر گوێسەبانەکەی بەرانبەری دروست کردبوو، وردە وردەیش سێبەری شەربەکە کورت و کورت تر دەبووەوە، چیغە چکۆلەکە، ئەم لاو ئەولای سەرنجی خەجێیان گرتبوو نە (حەوتەوانە)ی دەبینی و نە (تەرازو) یش تەنها (کۆ)نەبێ، ئەویش بەلای چەپی کاکێشانەوە هێشو ئاسا بەتەکێ یەکەوە بون و ورشەی کزیان دادەباراند و ببوونە نیشان بۆ ئەو سەرەنجە ئەنگێوانەی خەجێ کەلەشەوانی بێ خەوی و خەمیان، ئەو ئەستێرە کزانەی ئاسمانی پڕ نهێنی دەدایە بەر زەین..ئەمشەویش وردە ئەستێرە کزەکانی (کۆ) لەلای خەجێدا بوونەتە بەشێ لەو شتە خەڵق کراوانەی،، کەئافەریدکار، خەڵقی کردوون و فەرامۆشیشی کردوون، سەرەنجە ڕاستەو ڕاستەکانی بۆ ئەستێرە کزەکان، ئەو هەستەی لاوروژاند کە، خواوەند کەسانی کڵۆڵ خەڵق دەکات و یەکسەر توڕیان هەڵدەداتە نێو گێژەکانی ژیان و فەرامۆشیان دەکات. لەهەمان کاتیشدا بەرپرسیاریان دەکات کە بژین، چۆن بژین؟

لەکوێدا؟ ئەمەیانی بۆ کەسی خەلق کراو جێ هێشتووە، دەبێ جێ بۆ خۆ بکەنەوە، خۆیان ڕابێنن لەو شوێنەی سەپێنراوەتە سەریان ژیان بگوزەرێنن، بەئاین و دەستووری میراتی باو باپیران بەرێوەچێ، تاسەرئەنجام لەقاڵبی (گۆڕێکی) فەرامۆشکراواندا جێی هەمیشەیی وەدەست بێنن..گەلێ جار لەوەخت و ناوەختا ئەم هەستە خەجێی



دەوروژاند، قەناعەتی پەیدا کردبوو کە (هەر بۆ ئەوە خەڵق کراوە فەرامۆش بکرێ).

خەجێ گەلێ حەزی دەکرد چیغی نەبێ، جێ خەوی بێ سنوور بێ، تامەودای سەرنجیشی بڕ بکات، پڕاو پڕی ئاسمان بداتە بەر تەماشای، کەچی نەدەکرا:

(-سەربانەو پڕی کرێچییە..چۆن دەبێ بێوەژنێ بێ چیغ بنوێ؟) هەر خەجێ خۆیشی وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆی دەدایەوە:

(-بۆ ناکرێ، من چیم پێوە ماوە. شوکر هەموو هاوسێکانم پیاوانەن، من بەدایکێ و خوشکی خۆیان دەزانن.

بەڵام وەکو هەموو ساڵانی پێشوو، کۆنە چیغەکەی داچەقاندبوو

(-دنیا هەر چۆنێ بێ، دەبێ ئینسان وریا بێ، ئاگادار بێ، دەنا پاشان پەشیمانی چ دەردێ نادات، دەبێ ئینسان تابۆی بکرێ خۆی بپارێزێ ڕێ نەدات ناوی بزڕێ و ببێتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری خەڵکی..ئەی چۆن، دەبێ وریا بم، ئەحمەد نەیدەووت:( گەلێکم دەربارەی ئینسان خوێندووەتەوە، ئینسان هەرچۆنێ بێت، شەیتانێکی تیادایە، بەندە، نووستوە، هەردەرگای لێ خرایە سەر پشت وەئاگا دێتەوە، فرتەدەکات و دەردەپەڕێ، ئەوەی نەشێو نەکرێ بەئینسانەکەی دەکات ئا-لەزۆر کەسی دیش ئا، لەم قسانەم بیستووە، ئەحمەدو هاورێکانی دەیانووت: _ئینسان بەندیخانەیە، هی واهەیە بەدەیان زنجیری خواپەرستی شەیتانەکەی ناخی خۆی شەتەک داوە، کەچی

لەغەفلەتێکدا، هەر ئەوەندەی ئەڵقەی زنجیرێکیان بترازێ، ئیتر شەیتانەکە فرتەی بۆ دەکات، ئینجا بەهەمان زنجیر شەیتانەکە ئەو ئینسانە دەبەستێتەوە کەلەوەو بەر حەپسخانەی بوو..هی واش هەیە شەیتانەکە بووەتە یاساوڵی، بەدەیان زنجیری دنیا پەرستی، بەستوویەتی.)

ئا..وایە ئەوسا بەوردی لەئەحمەد نەدەگەیشتم کەدەیووت: من بەندو بەندیخانەم (ئەشهەدو بیللا وایە) ئینسان یەکێ مەعدەن نییە، گۆشت و خوێنە، تێکەڵ و پێکەڵە، هەرجارەو شتێکی کپ کراوی ناخی سەر بەرز دەکاتەوە. وایە..منیش ئینسانم، نابێ هەر بیر لەوە بکەمەوە کەخراپەم لەگەڵدا نەکرێ. دەبێ زیاتر بیر لەوە بکەمەوە خۆم خراپە لەگەڵ خۆم و کەسانی دی نەکەم..دەبێ منیش وەکێ کرێچییەکانی دی چیغی تایبەتیم هەبێ، لەهەمان کاتیشدا گرێی زنجیرەکان پتەو تر کەم تا شەیتانەکەی ناخم چاکتر شەتەکێ دەم).

ماوەییێکە خەجێ وەکو جاران نیە، هەر کەسەر بنێتە سەر بالیفەکەی، دەست لەگەردنی کۆنە خەونێ! کۆنە هیواییێکی تەمەن درێژی وەدی نەهاتوو بکات، خەوی لێکەوێ، ئەم شەویش وەکێ ئەم دوو سێ مانگەی لەمەوبەری، زۆربەی شەوان بێدارە، خەو لەچاوانی تۆراوە..سێ چوار شەوێکیشە، هەند سێ و دووی دڵی خۆی دەکات تا تەواو شەکەت دەبێ ئەو جابەرەبەیان خەوی لێ دەکەوێ..دوو مانگە هەر لەگەڵ خۆرئاوابووندا دێتە سەربان، لەدەرێی چیغەکەدا، ڕووەو لای ڕاست و



نەختێ ژوور تر دەوەستێ سەرنج لەو شوێنەی (حەوتەوانە) گیردەکات، هەمان ئەو ڕێیەی کەهەندێ بەرەو ژوورتر دەیگەیەنێتە ئاسمانی ئەو شوێنەی کە ئەحمەد و نەسرین و هیوای لێن. تادنیا تاریکێ دەکات بت ئاسا دەوەستا، بەر لەوەی (حەوتەوانە) هەڵبێن ناچار دەبوو بچێتە نێو چیغەکەی و بەچاوی خەیاڵ بیانبینێ..ئێواران ڕووەو شوێنەکەی حەوتەوانە دەوەستا، دەیان پەیام و سپاردەی دەخستە سەر لێوانی. بەر لەوەی سەفەر بکات و بگەڕێتەوە، شەوان ڕاستەو ڕاست سەیری ئاسمانی دەکردو چ ئەستێرەیێکی نەدەکردە نیشانە، قسەی لەگەڵ ئاسمان دەکرد، ئەستێرەکانی دەدواند..وریا بن.. نەکەن ڕێ بدەن، ئەحمەد بێ عەقڵی ڕووی تێ بکات و بگەڕێتەوە، سەرشۆڕم کات..ڕێی نەدەن هەڵەشەیی کاری بێ عەقڵانەی پێ بکات و بێ ئومێدی ڕووی تێبکات و بێتەوە..پێی بڵێن: خەجێ هەر تۆی هەیە. وریابە کارێ نەکەیت ئەو کلۆڵە بێ کەسە حاشات لێ بکات و تف لەو ڕۆژە بکات کەتۆی تێدا لەدایکێ بوویت.

پاش سەفەرەکەی، بەمەزنە نەختێ لای دەستە ڕاستی (حەوتەوانە) ئاسمانی قەندیلە..ئێواران دڵی خۆی دەدایەوە: قەندیلم لێوە دیار نیە، بەڵام ئاسمانەکەی دەبینم..خۆزیا، ڕۆڵە هەندێ بەپەلە ئاگادارت دەکردم، تامنیش لەگەڵ تۆو نەسرین و هیوا لەگەڵ هاوڕێکانتا، لەو چیایانە، لەنێو ئەشکەوت و تاشەبەرد، خزمەتی ئێوەم دەکرد..ئەوەی بەئێوە دەکرێ ڕەنگە بەمن نەکرێ، بەڵام دەتوانم نانتان بۆبکەم جلتان بۆ بشۆم خزمەتی

بریندارەکانتان بکەم.. دەتوانن کاری تریشم پێ بسپێرن، بمکەنە تەتەر، شارەو شارتان بۆ بکەم، لەئێوەوە فێری زۆر شتی دیش دەبم..دەتوانم بەرگەی برسێتی بگرم، ڕۆژگار فێری کردووم..ئێوەش فێری تەقەو داژەنین و پاکێ کردنەوەی چەکم بکەن، لەشەڕدا نان و ئاو و فیشەکتان فریا دەخەم..ڕەنگە بڵێن: نابێ پورە خەجێ ئەم ئیشە قورسانە بکات، خوام لەو خوایە گەر قسەی وا بکەن، ئەوا وەکێ فیشەکە شێتە دەتەقمە ڕوویانەوە، پێیان دەڵێم:ئێوە وەکو کەسی دی نین ئالێرەدا دەتوانن بەبێ درۆ وریا بڵێن فەرق لەبەینی ژن و پیاو نیە، دەبێ هەریەکەو چی پێ دەکرێ بیکات و ڕێی لێ نەگیرێ..خۆزیا ڕۆڵە پەلەبکەیت. پەیوەندی بەسەلاحەوە بکەن تا..ئاخر نازانم سەلاح ڕاست دەکا یان درۆ..نازانم..نا..شارەزاش نیم پێویستم بەچ کەسێ نەبێ و یەکسەر خۆم بێم بۆ لاتان، ڕۆژەکەیشی ڕۆژێ نییە، متمانە بکرێ، بەپرس و سۆراغ بتاندۆزمەوە..نەشارەزام..

خەجێ ماندوو بوو، دەستی بردە بن سەرینەکەی، دەمانچە دە تیرەکە هاتە دەستی، هەندێ ئەم دیو و ئەودیوی پێکرد، گەلێ شتی لەسەرزار بوو بیڵێ، کەچی هیچی نەووت،بەئاسپایی خستییەوە ژێر سەرینەکەی، بەجۆرێکی دی بەرەو دنیایێکی دی تێفکری.

-ئا..ئەو چەند دینارەیش ئەحمەد بۆی جێهێشتووم، خەریکە تەواو دەبێ..کێ دەڵێ لەبەر وەزع و حاڵی خۆیان دەیانپەرژێتە سەر من..خۆناشبێ هەر ئاوها دانیشم و چاوەڕێ بکەم، ئەوەی ماوە تەواوی بکەم و پاشانیش بکەومە سەر ساجی عەلی، باوای دانێم تاماوەیێکی دی، چ کەسێ و چ ڕێیەکێ و چ هەواڵێکیش نەبێ، خۆ دەبێ خۆم مشووری خۆم بخۆم! باشە چی بکەم؟ جائەمە پرسیارە! خەجێ تۆ چیت و چی دەزانی. جگەلەنانەوایی و جلشۆری چ دەزانم ..ها؟ ڕەنگە ئێستا ئەو تاقەتەی جارانم نەمابێ و نەتوانم نانەوایی بکەم..ئەرێ چۆنە هەوڵی ئەوە بدەم مەکینەیێکی خەیاتی بکڕم و بچمە لای سەعدیەو فێری خەیاتی ببم و..چ جارێ خەجێ هەندی ئەمجارە ڕقی لەخۆ نەبووەتەوە بە سووکییەوە سەیری خۆی و بیر کردنەوەکانی خۆی نەکردووە. هەند قەڵس بوو، بێزی دەهاتەوە ئەو سووکە خەیاڵە ڕەوتەنییەی کە (ئێستا ) بەبەر چاوو مێشکیا گوزەری کرد، وەبیری خۆی بێنێتەوە بەقێزەوە دەیڕوانیە خودی خۆی، چونکە چ جارێ شتی ئاوها ناجۆرو نەگریس بەمێشکیا نەهاتووە، ئەو شتەش ئەوە بوو، بەوشە دەری نەبڕی، هەروەکێ وێنەی بێدەنگێ، بەتیژڕەوی بەبەرچاویا تێپەڕی، دەمانچە دەتیرەکەی بفرۆشێ!! هاوزەمان لەگەڵ ئەم خەیاڵەیدا، ڕاچەنی بێ ئیرادە سەیری دەوروبەری خۆی کرد. دەستی بردەوە بۆ ژێر سەرینەکە، هەر کەبەئاستەم بەردەمانچەکە کەوت، هەناسەیێکی سەیری هەڵکێشاو دەستی کێشایەوە (ئەوە چی بوو..بۆ وام لێهات بیری ئاوها قۆڕ بکەمەوە..ئەوە من وام لێهات؟ من بووم فکرم لەدەمانچە فرۆشتن کردەوە؟ چ دەمانچەیێکیش ئەوەی بۆنی (حەمەی)لێوەدێ! دەمانچەیێکێ بیست و نۆ ساڵی ڕەبەق لەچاوانم چاکتر پاراستووە،

لەکرێچێتی و غەریبیدا، لەبرسێتیو کلۆڵیدا هەندەی هەردوو چاوم خۆشم ویستووە..ئیتر بۆ گلەیی لەو کەسانە بکرێ کەمناڵی خۆیان دەفرۆشن، یا خۆیان دەفرۆشن بۆ ئەم دەمانچەیە من نیم؟ چ خەیاڵێکی قۆڕم کردەوە، بەخوا بێ عەقڵم، دەڵێی لەم دنیایەدا ناژیم، وەک ئەوەی نەزانم لەم ڕۆژانەدا ڕەشاشێ (نانێ) نەکات..زوو تفەنگەکەی حەمە (کەریکی) کرد، خۆ ئەمڕۆ (تۆپێک) بارگیرێ ناکات! بەخوا بێ عەقڵ بووم دەمانچەیێکی دە تیر خوا دەزانێ چ سەردەمێ دروست کراوە، لای من بوو بەکوتاڵ و خۆیشم قاچاغچی و نازانم چی..خەجێ کەی ژن توانیویەتی چەک بکڕێ و بفرۆشێ!!خوایە تۆبە..(حەمە) تۆبە، لێم مەگرن..ئەی خوا ئەو فکرە چی بوو؟ شەو خەجێی بەزاند، خەوی جۆراو جۆر ڕووی تێدەکرد، هەر جارەو خەونێک ڕایدەچڵەکاند، هەڵدەستاو شایەتمانی دەهێنا، دەخەوتەوە، سەرەپای خەون و زیندە خەونەکانی (حەمە) بوو، حەمە لەدێ، حەمە لەخەستەخانە، حەمە لەکەرکووک، حەمە لەنیمچە ئەشکەوتەکە. حەمە لەو خەونانەیدا بێدەنگ بوو، بێ جووڵە بوو.. خەجێ لەگەڵ هەر ڕاچەنینێکی، بۆ چەن دەقیقەیەک دادەنیشت‌بایە فێنکەکە خۆی دەکێشا بەسەرو ڕوخساری، وەڕینی سەگە بەرەللاکانی گەڕەک بێزاری دەکرد، هەندێ دەنگیش بێزاری یەکەی خەست تر دەکردەوە، دەنگی تەنەکەی زبڵی بەردەرگاکان کەلەبەر تەوژمی بایەکە-کەهەندێ جار تیژ دەبوو-دەکەوتن و تەقە تەقیان دەهات. ناوبەناویش شاوری حەسحەسێک زیقەیێکی دەکرد، بەزیقەیێکی



دی و لەکۆڵانێکی دییەوە وەڵام دەدرایەوە. ئیدی خەجێ خەو نەچووە چاوانیەوە.بەرەبەیان، کاتێ ئەستێرەکان لەپەرش کردنەوەی ورشەیان ماندوو بوون، چەن کەڵەشێرێ دەستیان بەخوێندن کرد. سەرەتا یەکێکیان خوێندی، ئەوجا کەڵە شێرەکانی دیی گەڕەک وەڵامیان دایەوە، وەک زمانی حاڵیان بەیەکەم کەڵەشێر بڵێت: هەر تۆنیت شەوت بەزاندووە. هەر ئەوەندەی لەموکەبەرەی مزگەوتەوە دەنگی اللە اکبر بەرز بووەوە، خەجێ وەک هەموو ڕۆژانی تەمەنی، جووتە پێ هەڵسا، نوێنەکەی پێچایەوە و دایگرتە خوارێ.

*

سەلاح خۆی پێچایەوە، هەندێ بەسەیارەو هەندێ جار بەپێ، بەسێ ڕۆژێ خۆی گەیاندە پێشمەرگە، هەر لەڕێی مەفرەزەکانی پێشمەرگەوە خۆی گەیاندە لای ئەحمەد. بڕیار وابوو ئیدی نەگەڕێتەوە بۆ شار، کەچی ئەوان بەزمانێکی دی لەگەڵیا دوان سەلاح دەمارگیرو توڕە بوو، بەسنگێ فراوانیەوە سەیری هەڵچوونەکانی سەلاحیان دەکرد، سەلاحیش هەر پێی دادەگرت و دەیووت:

-مومکن نیە بگەڕێمەوە..من لەئێوە کەمتر نیم..وەکو ئێوەم پێ دەکرێ.

هەرچەندە قسەیان لەگەڵ دەکرد ئەو زیاتر سوور تر دەبوو. تا مامۆستا سەرکەوت بەوردی زۆر شتی تێگەیاندو پێی وت:

-پێشمەرگایەتی هەر ئەوە نییە تفەنگت پێ بێ و لەچیادابی..زۆر شتی دیشی بۆ ڕوون کردەوە کەپێشمەرگە کێیەو چییەو ئەرکی چییە، تا پێی وت:

-تۆ جارێ دەتوانی لەشاردا بمێنیتەوە، هیچ زەختێکی ئەو تۆت لەسەر نییە لەوێدا سوودت زیاتر دەبێت دەتوانی لەشاردا شتی گەورەتر بکەیت..

مامۆستا سەرکەوت هەر قسەی بۆ دەکرد و هیچ وەعدێکی نەدایێ، تالەپەنایەکەوە ئەحمەد بەمامۆستا سەرکەوتی وت:

-ڕەنگە بتوانین لەشاردا سوودی لێ وەرگرین، من کەفالەتی دەکەم، لەمەوبەر ناسیوومە، داهاتووش پەیوەستە بەپتەوی ڕێکخراوەکانی ئێمەو تواناو وەزعی خۆیشی، ئەڵبەتە دەوری هەیە..ئەگەر پێتان چاک بێت با ڕێکخراوەکانی شار پەیوەندی لەگەڵدا بکەن و سەرەتا بۆ تاقی کردنەوە هەندێ کاری پێ بسپێرن.

مامۆستا سەرکەوت قسەکانی ئەحمەدی لا بەجێ بوو..لەفرسەتێکدا سەلاحی بانگی کردو پێی وت:

-کاکە سەلاح، ئێمە خۆمان ئاگاداری شار دەکەین بەزووترین کات پەیوەندیت پێوە بکەن،

وشەیێکی نهێنییان دانا.



-بەم وشەیە پەیوەندیت پێوە دەکەن، پاشان دڵنیابە ئەو کارانەی شار گەر بە بایەخ تر نەبێ ئەوا لەم کارەی ئێمە چ کەمتر نییە..بگرە گرانترو سەخترە..ئێمە چاوەڕێی شتی گەورەت لێ دەکەین.

سەلاح هەموو شتێکی دەربارەی وەزعی شار بۆ ئەحمەدو نەسرین گێڕایەوە، هەر لەفەرەیدون و خەڵکانی دی تاوردترین شتێ کە پێویستە پێشمەرگە ئاگاداری بێ، تاهاتە سەر ئەوەی:

-کاکە ئەحمەد دایکت زۆر بەپەرۆشەوەیە بێتە لاتان.

ئەحمەد لەوەو بەر دەربارەی دایکی لەگەڵ مامۆستا سەرکەوت چارێکیان بۆ دۆزیبووەوە پێویستی نەدەکرد بۆ سەلاح باس بکرێ. تەنها نامەیەکی هاکەزایی، هەواڵ پرسین و سەلام نەبێ چی تری نەنووسی و چ شتێکیشی بەدەمی نەووت..سەلاح شەوێکێ لەماڵەکەی ئەحمەد و نەسرین دا مایەوە، دواداوایان لەسەلاح ئەوەبوو لەلای مچەو هیام چ باسێکی فەرەیدون نەکات، ئەگەر بەرێککەوت هەرشتێکیشیان لێ پرسی، ئەوا دەبێ بڵێ، نازانم و چ ئاگاییێکم لێ نییە.سەلاح گەلێ بەکەیفوخۆشییەوە گەڕایەوە بۆ شار سەرتاسەری ڕێی گەڕانەوەی هەموو خەمێکی ئەوە بوو بەزوویی خەجێ ببینێ تاڕاستی و درۆیی خۆی لابسەلمێنێ و نامەکەی ئەحمەدی بداتێ.

*

دەمەو عەسرێکێ ئافرەتێکی جوانکیلەی سفوور، پۆشتەو پەرداغ، خۆی کردە ماڵەکەی خەجێ، سەرەتا خەجێ پێی وابوو خەجێ یێکی دیی دەوێ پاشان ئەو گومانەی ڕەوییەوە کەیەکسەر ئافرەتەکە پێی وت:

-پورە خەجێ چۆنیت.

-سەلامەت بی.

ئەو ماوەیەی نێوان دەرگای حەوشەو ژوورەکەی خەجێ، دەدوانزە شەقاوێ بوو خەجێ خۆی دەدواند (چ خێریکە..ئەم ئافرەتە بۆ هەواڵی من دەپرسێت..نایناسم..دەبێ کێ بێ و چی بووێ..تۆ بڵێی دەوڵەمەندێ بێو جلشۆر یا نانەوایان پێویست بێ..تۆبڵێی بەختم ئەوەندە یاربێ

هەردوو چونە ژوورێ هەموو کرێچییەکان سەیری یەکدیان دەکرد بەچاو چەندین پرسیاری جۆراو جۆریان لەیەکدی دەکرد:

-ئەم کچە سفوورە کێییە؟

-چ ئیشێکی بەخەجێ هەیە؟

-تائێستا ئافرەتی وەها سەری بەم حەوشەدا نەکردووە!

چۆن یەکسەرو بێ هەواڵ پرسین بەخەجێی وت: پورە خەجێ چۆنیت (دیارە دەیناسێت).

ئەم جۆرە پرسیارانە بەبێ وشە، بەسەرنج لەچاوێکەوە بۆ چاوێکی دی قەڵەمبازیان دەدا خۆ ئەگەر ئەم ئافرەتە بۆلای هەر کرێچییەکی دی چووبا ، ئەڵبەتە خەجێش هەمان پرسیاری بێدەنگێ لەچاوانییەوە



دەردەپەڕی، بەڵام هەر خۆی جوابی خۆی دەدایەوە، وەکو کرێچیەکانی دی گوێ قوڵاغ نەدەبوو، دەیووت:

-ئەڵبەتە شتێکی تایبەتییان لەنێواندایە، چ حەقی بەمنەوە نیە، من حەقم چییە!

ئافرەتە جوانکیلەکە بەخەجێی وت:

-من ناوم ڕێکەوتە. یاباوای دانێین تۆ بەناوی ڕێکەوتەوە من دەناسی.

خەجێ بێدەنگێ بووڕێکەوت پێی وت:

-سبەی لەشوێنێکی دی یەکتر دەبینینەوە.

-بۆ؟ خێرە.

-خێرە.

-ئەگەر خێرە فەرموو لێرەدا باسی بکە.

-لێرەدا ناوترێ.بۆ ئەوەی چ گومانێ نەکەیت دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم (ئێمە لەلایەن ئەحمەدو نەسرینەوە ڕاسپێراوین کە..

خەجێ بەچاوێکی پڕ لەگومانەوە سەرەنجێکی گرتە ڕێکەوت و قسەکەی پێ بڕی:

-ئەحمەد و نەسرین؟!

-بەڵێ.

-جا ئەوان چ پەیوەندیەکیان بەمنەوە ماوە..کوڕەو ژنی هێناوە. خوا دەزانێ ئێستا لەکوێدان.

-من دەزانم.

-من نازانم!!

خەجێ لەدڵی خۆیدا وتی:ئەمجا نۆرەی ئەم بەزمەیە، حکومەت بەئافرەتی جوان قسەمان لێ دەردەخات! بەڕێکەوتی وت:

-ئەگەر تۆ دەزانی لەکوێدان، شتێکە. بەڵام من نامەوێ بشزانم لەکوێدان نامەوێ چ هەواڵێکیان بزانم. کەسێ وەفای ئەوەندەبێ دایکی بۆبێکەسی و کلۆڵی جێ بێڵێ، چ پێویست دەکات هەواڵی بزانم!

-پێیان وتم: خەجێ زیرەکە، کەچی زیرەکێ تر دەرچوویت.

-بۆچی؟

-خۆتم لێ هەڵە مەکە. لێرەدا باسی هیچ شتێ ناکرێ. درەنگەو سبەی یەکدی دەبینینەوە..هەر بۆ ئەوەی ئەمشەو بەگومانەوە نەنووی فەرموو ئەمەش نامەی ئەحمەدو نەسرینە.

دەستی برد لەژێر قایشی سەعاتەکەی دەستیا کاغەزێکی چوارگۆشەی بەتیپ پێچراوی دەرهێنا:

-فەرموو.

خەجێ دوودڵ بوو، نەیویست وەری گرێ، دەستی بۆ نەبرد، ڕێکەوت فکری بۆ لایێکی دی چوو.

-ئەڵێی چی بۆتی بخوێنمەوە؟

-نەء.

-کەیفی خۆتە.



-...

-سبەی سەعات نۆی بەیانی لەوسەری کۆڵانەکە چاوەڕێت دەکەم سبەی عابا دەدەمە سەر. لەبیرت نەچێ نۆی بەیانی..

نامەکەی دانا..خەجێ هیچی نەووت، بەبێدەنگییەوە تا دەرگای حەوشە بەڕێی خست، گەڕایەوە، لەحەوشەدا خۆی ئامادەی وەڵامی پرسیارەکانی کرێچییەکانی کردبوو. چ پرسیارێکی لێ نەکرا..پێی سەیر بوو یەکەمجار بوو ئاوها کرێچییەکانی بەبێ پرسیاری جۆراو جۆری خۆتێهەڵقورتێنەرانە ببینێ گەڕایەوە ژوورەکەی ، بەوردی تیپەکانی قەد کاغەزەکەی کردەوە. خوێندیەوە. تابەیانی لەخۆشیا خەوی لێ نەکەوت..

هەر کەسەلاح گەیشتەوە کەرکووک، لەخۆشیا پێی ئەرزی نەدەگرت، خوا خوای بوو کەسێک پرسیاری ئەوەی لێ بکات بۆ لەم چوار پێنج ڕۆژەدا دیار نەبووە، تا ئەمیش چی دیوە، یاحەز دەکا چی باس بکات ئاوها بێتە زمان، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی ( بەڕای سەلاح بێ ئومێدو ڕەش بینن، پێیان وایە چیدی کورد ناتوانێ سەربەرزکاتەوە)، تا بۆیان بسەلمێنێ: ئەگەر پەنجا پێشمەرگەی بینیبێ بڵێ پێنج سەد کەس هەر بەچاوی خۆم بینیومن، ئەگەر دیکتاریۆفێکی بینیبێ بڵێ چەندین دۆشکەو ئارپیجی و چەکی قورسم بەچاوی خۆم بینیوە شتی تریش کەباسی ناکرێ. ئەڵبەتە سەلاح حەزی دەکرد باسی حەزەکانی خۆی بکات، نەک ئەوەی کەهەیە. دعایەی ئەوتۆی دەکرد خۆیشی عەقڵی

نەیدەبڕی. بۆ ئێوارێ هەر هەمان دیعایەکانی خۆی و هەندەی تریشی دەخرایە سەرو بەم جۆرە دەیبیستەوە:

(-ئەرێ کاکە سەلاح بیستوومانە کەسێکی باوەڕ پێکراو بۆ ئیشێکی گەلێ گرنگ چووەتە (دەرێ) و تازە هاتووەتەوە بە چاوی خۆی زیاتر لەهەزار پێشمەرگەی بینیوە، گەلێ چەکی قورس و دۆشکای دوولولەو شتی سەیری بینیوە، دیارە ئەم جارە..

-سەلامەت بی (ئەو کەسە) هەر باسی ئەوەی کردووە کەبەچاوی خۆی بینیویەتی..مەگەر هەرخوا خۆی بزانێ چی تریان هەیە، من زۆر زیاترم بیستووە..دەڵێن: کاریکیان کردووە (ئومەمی موتەحیدە تەداخل دەکات!)

-ئومەمی موتەحیدە؟

-ئەی چۆن..بۆ هەوانتەیە..ئەمجارەیان شۆڕشە نەگاڵتە!

-تێ ناگەم.

-بابەکورتی حاڵیت کەم، ئەم جارەیان وەکو جاران نیە، شتە شتاعلاقاتی سیاسیان لەگەڵ دەرەوەدا زۆر پتەوە، تاییدیکی عالەمیان مسۆگەر کردووە. ڕێبازی مارکسیزمیان هەڵبژاردووە، لەناو خۆیاندا ڕەفتاری سۆسیالیستانەیان هەیە..ئەی چۆن خۆ گاڵتە نییە! بێ قەزابی لەهەموو وڵاتانی عالەمدا زەمالەیان بۆ قوتابیانی کورد مسۆگەر کردووە، هەر ئەوەندەی پیاو بگاتە لایان خۆیان پێی دەڵێن: فەرموو



وڵاتێ هەڵبژێرە- ئیتر هەرخۆیان پەسەپۆرت، تەنانەت یارمەتیشی دەدەن. شۆڕشە شۆڕش نەکە گاڵتە!

بەجۆرێکە ئەم قسانەی ئەکرد کەوەکو خۆی یەکێکە بێ لەسەرکردەکان. زیاتر گومانی لای گوێگری (ساوا) بەوە دەچەسپاند کەدەیووت:

-خۆ..ئا..خۆ من هیچ نیم بەڵام لەخەڵکی باوەڕ پێکراوەوە ئەم شتانەم بیستووە..ئا..ئەرێ وەللا خۆ من هیچ نیم! ئەگەر گوێگری ساوای دەستکەوتبا پێی دەووت:

-بۆ پێت وایە بەسێ چوار مانگی تر نابنەوە بەسەد هەزارەکەی جاران؟

-خوا بکات.

-هەرچەند مانگێکی تر دەبینی هەزاران کەسی دی دەچنەوە بۆ (شاخ).

-خوا بکات.

-خوا بکات خوابکاتی چیتە؟ دەبێ تۆیش شتێ بکەیت.

-وەکو چی؟

-پەلەمەکە پەیوەندیت پێوەدەکەن.

سەلاح تاخەجێی بینی، بەدەیان جۆرو لەلای دەیان کەس بەو ناوەی کەباوەڕ پێکراوێ باسی ئەم شتانە دەکات، قسەی دەکرد- لەخۆیەوە شتی دروست دەکرد:

-کوڕه ئێستا شۆڕشەکه وەک جاران نییە.

ئەو شتانەی لەو چەند ڕۆژەی سەفەرەکەیدا بیستبووی و لێی نەدەگەیشت، بەسەرو پۆتەلاک شکاوییەوە دەیگێڕایەوە:

-شۆڕشی پرۆلیتاریایە، بناغەی دیالیکێکی هەیە، ئایدۆلۆژیای مەحکەم و پرنسیپی پۆلایینە، بەتەمان لەگەڵ ئوپوزیسیونی عێراقی جەبهەی **وطنی و دیموقراطی** دامەزرێنن، فاکتەرە مەوزوعیەکان لەبارن، پرۆسیسی نەتەوایەتی لەگەڵ پراکتیکی قەومی دژ بە کۆلۆنیالیزمی عالەمی و شۆڤێنیەت و دیکتاتۆری عێراقی یەک دەگرنەوە..کورە زۆر شتی تریش من لەبیرم نەماون! وەکو جاران نیە نا..نا..بێ قەزابن دەیان کچ دەوری قائیدی پێ سپێراوە، بۆ نموونە هیامی کچی محەمەد ئەفەنی مزەڵێیک و نۆ مەخزەن و چواردە خۆریکی پێیە، مەسئولی سەدو پەنجا پێشمەرگەیە ناو هەر ناوی هیامە، مسئولی **تخطـیط** و تاکتیکی هجومییە!

سەدان وشەی قەبارەدارو قەڵەو قەڵەو بەبێ ئەوەی بەئاستەم لەماناکانیان بگات تێکەڵ و پێکەڵی دەکرد و بڵاوی دەکردەوە، کەخەجێشی بینی وەک کەڵەشێر خۆی گێف کردەوە:

-هاپورە خەجێ نەمووت!

بەجۆرێک قسەی لەگەڵ خەجێدا دەکرد خۆی وادەنواند کەکارێکی ئەوتۆیان پێ سپاردووە قورس، ، زۆر قورس، چ کەمتر نیە لەکارەکانی مەسئولی شار پاش ئەوەی نامەکەی ئەحمەدی دایەدەستی خەجێ، وتی:



-هەرچەند ڕۆژێکە، ئەو پەرەکەی مانگێ دووانە..هەر ئەوەندە لێرە دەبم..ئینشائەللا جێ بەجێی دەکەم!!پاشان دەبیء بڕۆم. نابێ یەک دەقیقە تەئخیر بم، هەچ شتێکت بۆ ئەحمەد و نەسرین هەیە..مەبەستم نامەو..حازری بکە..ئا..نابێ، چۆن دەبێ تەئخیر بم!

سەلاح گەلێ دڵی بەوە خۆش بوو کەبەنامەکەی ئەحمەد ئەوەی بۆ خەجێ سەلماند کە ئێستا (سەلاح ئەمریکی) نییە، سەلاحێکی ترە،جێی باوەڕو متمانەی شۆڕشە، هەرچەند مانگێکی ترە، دەبێتە ئەو کەسەی دۆست و دوژمن ئەوەی بۆ بسەلمێنن هەند دڵسۆزو ڕەشیدە مەگەر گیڤارا شان بدات لەشانی و هاوقوفی بێت.

-دەنا پورە خەجێ لەبەر ئیشی شۆڕش نەبێت، خۆت دەزانی ئێرە جێی من نییە من ئەو کەسە نیم شەوان بەبیجامەوە بنووم و هاوڕێکانیشم بەردی نەرم بکەنە سەرین..نا..نا..بەسەری تۆ پورە خەجێ لەبەر شورش نەبێ یەک دەقیقە چییە لێرە نابم!

سەلاح، تاقسەیەکی ڕاستی دەکرد دە درۆی پێوە دەنا پێی وانە بوو درۆ دەکات، وای دەزانی دڵسۆزی لەوەدایە قەدو قەبارە و ژمارە زیاد بکات!

-سابەوەللاهی پورە خەجێ جییەکەیان ئەوەندە خۆشە دەڵێی بەهەشتە.

ئیدی لەگەڵ خەجێشدا وشە زل زلەکانی بەکاردەهێنا، تا خەجێ پێی وت:

-تێناگەم باسی چی دەکەیت.

-چۆن دەبێ تێ بگەی.

-بۆ تۆ تێیان گەیشتوویت؟

-ئەی چۆن.

-باشە من نازانم تێم گەیەنە، ئەوەی وتت پرانتیکێ بوو پراکتیکێ بوو مانای چییە؟

-پراکتیکێ یانی پراکتیکێ!حاڵی بوویت؟!

-نەء.

-قەیناکا دوایی فێردەبیت..پورە خەجێ ئەم جارە شۆڕشە شۆڕش نەکێ گاڵتەی منالان .

-بۆ چ شۆڕشێ گاڵتەی منالان بووە؟؟

-بەخوا قسەی وادەکەیت..

-وەکو چی؟

-زۆرشت!

-باشە سەلاح خۆلای چ کەسێ باسی سەفەرەکەت نەکردووە.

-حەیفت نەکرد، خۆمن منالٚنیم، بزانە لای تۆیش-کەلەدایکم فەرزتری-باسی ئەوەم کرد، چ کارێکیان پێ سپاردووم,,مەگەر گلٚ لەدەمم ببیستێ.

پورە خەجێ تۆ هەر بەچاوی جارانەوە سەیرم دەکەی، ڕاستە من جاران نەختێ بێ عەقڵ بووم بەلام ئێستا..قابیلە پورە خەجێ..



-نە..نە سەلاح منالٚ نیت، حەزدەکەم ئەوە بزانم بەر لەئاشبەتاڵ تۆ لەکوێدا پێشمەرگە بوویت؟

-بۆ؟

-پرسیارەو دەیکەم.

-لەئوردوگا..لەئوردوگای زیوە بووم.

-چیت دەکرد؟

-مسئولی قاطعی چوارەدە بووم.

-ئەمە مەعنای چییە.

-ئوردوگاکان کرابوونە چەند قاطعیك، هەر قاطعـەو مەسئولێکی هەبوو.

-ئیشی ئەو مەسئولە چی بوو؟

-ئیشی چی بوو؟ هەر لەبەیانیەوە هەتا ئێوارە نەدەوەستا.

-چی دەکرد؟

-شەکرو چاو گۆشت و ڕۆن و برنجی تەوزیع دەکرد.

-چیتر؟

-ناوی ئەو کەسانەشمان دەنووسی کەموخالەفەی شێر وخۆرشیدیان دەکرد.

-چیتر؟

-ئەوەندە ئیشمان زۆر بوو، لەبیرم نەماوە!

-باشە ئەگەر (ئەو ئیشانەی پێیان ڕاسپاردوویت) تەواو بوو ئەڵبەتە بێ تەخیر بوون دەچیتە دەرێ

-طبعاً.

-چی دەکەیت؟

-یانی چی؟

-دەڵێم ئەمجارەیان دەبی بەمەسئولی چی؟

-وەللاهی خۆمن چ کەمتر نیم لەو مەسئولانەو..

خەجێ نەیهێشت سەلاح قسەکانی تەواو بکات و پێی وت:

-سەلاح تۆ دوژمنداری و پێم وایە خۆت دوژمنێکی سەرسەختی خودی خۆتی..

سەلاح هەر وەک ئەوەی (مێشیش میوانی نەبێ) وتی:

-من شۆڕشم لەپشت بێ چ ترسێکم لەهیچ دوژمنێک نیە.

*

دعایەکانی سەلاح، لەچەند ڕۆژێکدا سەراپای گەڕەکی گرتەوە، هەرکەسە لەلای خۆیەوە سفرێکی زیاد دەکرد، ژمارەی چەک و پێشمەرگەو جۆری چەک و شتی تر، لەسەر زاری خەڵکەکە گەیبوە ڕادەییەک، عەقڵی نەیدەبڕی، بەهاریان هێنابووە چۆکان. ئەم جۆرە موبالەغە کردنە لەلایەن ئەو کەسانەی کەزیادو کەم کردن ببووە پیشەیان. جۆرێ لەخۆخەڵەتاندنێکی سەیر بوو، چ هەستیان بەوە



نەدەکرد کەدرۆ دەکەن. ڕەنگە ئەم حاڵەتەش سەبارەت بەئەو حەزو خۆشەویستییە مەزنە بێت، کەلەوەتەی هەن وەدی نەهاتووە.

جگەلە گەڕەک لەچەند شوێنێکی دیی شار (حەزی) خەڵکەکە شتی گەورە تری دروست کردبوو، محمد ئەفەنیش یەکێک بوو لەو کەسانەی بەپەرۆشەوە گوێ قولاغی ئەم قسانە دەبوو. بەتایبەت جار جارێ دەیبیست:

-کورە بابە هیام..هیام.

بەهەر جۆر بوو محمد ئەفەنی پێی بەجەرگی خۆیانا، بەرەو ماڵەکەی خەجێ کەوتە ڕێ. لەڕێدا سێ و دووی دڵی خۆی دەکرد:

(-خەدیجە لەهەموویان باشترە..نەدەتوانێ قسە بکات و بڵێت محمد ئەفەنی ئەم قسانەی لەلام کردووە، چونکە کوڕو بووکەکەی نەهاتوونەتەوە، دووەمیش ئیرانیە، هەر ئەوەندەی حکومەت بزانێ ئێرانییە، مەگەر خوا بزانێ لەکوێدا خۆی دەبینێتەوە. حەتما خەدیجە شتێ دەزانێ..)

-خەدیجەم دەوێ.

خەجێ دڵی داخورپا..-خێر..خوایە خێر..محمد ئەفەنی چی لەمن دەوێ..یا خەڵکی چیم پێ دەڵێن.

یەکێکی وەک محمد ئەفەنی بچێتە حەوشێکی پڕ لەکرێچی، ئیدی ئەو هەواڵە دەبێتە یەکێ لەو خەبەرانەی بۆ چەند ڕۆژی دواتریش دەماو دەم دەکات. محمد ئەفەنی هەر لەبەر دەرگاوە بانگی خەجێی کرد، چ

وەڵامێکی نەبیست، گەر محمد ئەفەنی نەبا،کەسێکی دی با ئەوا هەر ئافرەتە کرێچییەکانی حەوشەکە نەیان دەهێشت کەسەکە لەجارێ زیاتر بانگێ بکات، هەر ئەوان دەچوون خەجێیان ئاگادار دەکردەوە. کەچی چ ئافرەتێکی حەوشەکە، نەچووە دەنگییەوە، خۆیان تێک نەدا، تەنانەت ئەوانەی لەسەر تەشتی جلشۆردنیشا پێو پوزیان بەدەرەوە بوو، خۆیان دانەپۆشی، بەبێدەنگی و خۆتێکنەدان ئەوەیان لەمحمد ئەفەنی گەیاند ئافرەتان شەرم لەئافرەت ناکەن تۆیش ئافرەتێکی وەک ئێمە! مناڵانیش بێ ئەوەی چ کەسێ چ دەرسێکی دابن، لەنێو حەوشەکەدا وایان نواند کەبەهیچ جۆرێ هەست بەبوونی محمد ئەفەنی ناکەن، پێی سەیر نەبوو، محمد ئەفەنی چاک خۆی دەئەناسی، ڕێک نەکەوتبوو، چ جارێ تەنها سەلامی لەهەژارو کرێچییەکی ئەو گەڕەکە کردبێ، پێی ئاسایی بوو کەگوێی نادەتێناچاربوو لەداڵانەکەوە چەند هەنگاوێک بەرەو حەوشەکە بڕوات، لەگەڵ هەر هەنگاو هەڵنانەوەییەکی دەیووت:

-خەدیجە..خەدیجە..

خەجێ بەپێی ڕەوشتی خۆی، یەکدوو جار ویستی بڵێ فەرموو، کەچی وشەکە لەدەمیا مەیی و وشەییەکی دی، پێشبڕکێی لەگەڵ وشەی فەرموەکەدا کرد، زوو تر گەیشتە سەرزاریو خۆی دەرپەڕاند:

-ها..چیت دەوێ؟

-صباح الخیر.

-محمد ئەفەنی چیت دەوێ؟



ئافرەتەکانی نێو حەوشەکە گوێ قوڵاغ بوون، ئەگەر چی ڕاستە وراست سەیری محمد ئەفەنی و خەجێیان نەدەکرد، بەڵام هەموو لەشیان ببووە چاوو گوێ، ورتەیان لەخۆ بڕیبوو. هەموویان خەجێ ئاسا، لەم هاتنەی محمد ئەفەنی سەریان سوڕما بوو، هەریەک و لەدڵی خۆیدا دەیووت:

(-لێرەدا نەیگری داخی دنیا و قیامەتی پێ بڕێژی..وەک سەگێ دەری کەیتە دەرێ..حەیفێ بۆ لای خەجێ چوو، خەجێش لێی نایێتە دەس، خۆزیا بۆلای ئێمە دەهات ئەوسا دەمانزانی بە چ زمانێ جوابی سەباح الخیرەکەی دەدەینەوە)

محمد ئەفەنی هەر چاوەڕێی ئەوەی دەکرد خەجێ پێی بڵێ فەرموو..ڕاوەستانەکەی زۆری کێشا، خەجێ بێدەنگ بوو، لەو ماوەیەدا هەر ئافرەتەو شتێکی بەخەیاڵدا دەهات و بەزمانی چاو لەئافرەتە کرێچییەکانی دی دەگەیاند:

-چییە ئەوە؟ ڕۆژێ کچی سفور، ڕۆژێ سەلاح ئەمریکی، ئەمجارەش محمد ئەفەنی خوا دەزانێ جارێکی تر کێ دێ بۆ لای

-دەبێ چی بێت خودایە؟

-جاران چ کەسێ هەر نەیدەزانی خەجێ هەیە یا نەء.

-هەواڵپرسی زۆر بوون.

-تۆ بڵێی..

-خەجێ هەربەحەیاو حورمەت بووە.

-عەیب لەچاوانم هەبێ عەیب لەخەجێ نییە.

-شتێ لەگۆڕێدایە..

-ئەم ماستە بێ موو نیە.

-هەر خوا بکەم خێر بێ..تەنیا باڵە، بێکەسە.

-ئاخر خەجێی بەستەزمان، بێوەژنێکی وەکو تۆ چییەو چی پێ دەکرێ. خەڵکی لەتەمەنی تۆدا..

-خەجێ هەر عاقڵ بووە..

خەجێ جارێکی دی، هەندێ بەرق ترەوە وتی:

-محمد ئەفەندی چیت دەوێ؟

محمد ئەفەندی یەکدوو جار تفی قووت دا، هەوڵی دا ئەم ساردی و رەقی و بێ لوتفییەی خەجێ بەسەر خۆیدا نەهێنی بەپچڕ بچڕی وتی:

-خە..خە..خەدیجە..ک..کچم..

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا، تاخەجێ پێی وتەوە:

-چیت دەوێ؟

-خەدیجە کچم..

-چیت دەوێ بیڵێ

-دەڵێم، ئیشێکی زۆر زۆر زەروریم پێتە.

-خێر بێت.

-خێرە ئینشاللا.

-چییە؟



-ئاخر..یەعنی..هەر ئاوها.. یەعنی.. لێرە.. ئاخر.. ئەمەوێ.. قسەکەم.. تەنها لەگەڵ تۆدا بێت.

خەجێ لەمەبەستی محمد ئەفەندی گەیشت، پێی وت:

-ئێمە لێرە هەموومان یەک ماڵین، کەسوکاری یەکدین، یەک سڕو تڕمان هەیە، هەرخۆشیەک هەر خێرێک هەبێ هی هەموومانە.. ناخۆشیش هەر هی هەموومانە چ شتێ بەرچاوی نەگرتووین تایەکتر نەبینین. ئێمە هەژارین چ شتێ نیە کۆسپی نێوانمان بێ..

-ئێ..ئێ..خوا لەیەکتان نەکات..بەڵام دەبێ

خەجێ بەنەوە دڵیەوە دۆشەکەڵەیێکی چکۆلەی بۆ هێناو لەبەر هەیوانەکەدا ڕایخست و پێی وت:

-دەی

محمد ئەفەندی دانیشت، بەپەلە سەیری ئەملاو لای دەکرد، تا توانی بەڕەوانی قسەبکات قیر سپی بوو.

-ئیشەکەم زۆر زۆر زەرورییە، لێرە ناوترێ، گەر بفەرمووی بێیتە ماڵەکەم.

-ماڵەکەت؟!

خەجێ بەجۆرێ وتی ماڵەکەت، دڵی محمد ئەفەندی داخورپاند و ڕاچەڵەکی. هەندێ جووڵەی پێ کەوت و ئەوجا وتی:

-ئا..گەورەمان کە.

-گەورەتان کەم؟!!

وشەی (گەورەتان کەم) دەنگێ دانەوەیێکی ئەو تۆی لەمێشکی محمد ئەفەندیا پەیدا کرد، شڵەژانی ماوەییەکی چاکێ بێدەنگی کردو ڕەنگی پێ بوارد، لەدڵی خۆیدا هەر خۆی هاندەدا

(-دەبێ قەبووڵی ئەم ئیهانەیە بکەم، ئیشەکەم لەم ئیهانەیە گەورەترە.دەبێ قەبووڵی بکەم..ئا دەبێ قەبووڵی بکەم)

-ئاخر..زۆر زۆر زەروریە..پەیوەندی بەئەحمەدەوە هەیە.

ناوی ئەحمەد بەس بوو بۆئەوەی خەجێ لەدنیای توڕەبوون و دڵڕەقییەوە هێور کاتەوە، لەم کاتەدا هەزارو یەکێ خەیاڵ بەمێشکیا هات و دەیان شتی ناجۆری هێنایە بەرچاوی خۆ ئەمجارە یان خەجێ بە پچڕ پچڕی و ڕەنگێ تێکچوونەوە وتی:

-چ بووە؟ خێرە؟

-لێرە ناوترێ گەورەمان کە!

خەجێ جلەوی سۆزی خۆی توند کرد، خۆی قیتەوە کرد، خۆی بێ دەربەست نواند.

-دەتوانی لێرەدا بەئارەزووی خۆت، هەموو قسەیێکێ بکەیت.

-دەڵێم..دیواریش گوێی هەیە.

-مشکی کونە دیوارەکانی ئێمە وەکو خۆمان وان..بەکورتی دیوارەکانی ئێمە کەڕن. لاڵن!

محمد ئەفەنی بەدەنگی نزم و لەسەرخۆ کەوتە قسەکردن، لەگەڵ هەموو وشەیێکدا ڕەنگی تێکێ دەچوو، هەند بەشپرزەییەوە قسەی



دەکرد، بەزەحمەت خەجێ لەمەبەستی دەگەیشت، گوایە بەهۆی هەندێ ناسیاوی خۆی چەند خەبەرێکی زۆر نهێنی حکومەت دەزانێ، یەکێ لەو خەبەرانەش ئەوەیە حکومەت لەم ڕۆژانەدا، بۆ مانگێکی تر، عەفوو عامە کەتازە دەکاتەوە، لەو مانگەدا هەرکەسێ نەچێتە دووی کەس و کاری و نەیانهێنێتەوە ئیتر ئەوە مەگەر خوابزانێ چی بەسەر دێ..تا هاتە سەر ئەوەی:

-حکومەت قەرارێکی سڕی دەرکردووە، دەبێ لەکەرکووکدا کوردو تورکمان نەهێڵێ..لەجنوبەوە عەرەبێکی زۆری هێناوە.

خەجێ زۆر بەبێ ئەهمیەتەوە وتی:

-جا بەمن چی؟

-چۆن، خەدیجە چۆن..

-چۆن، چۆنی پێ ناوێ..بێوەژنێکی وەکو من چ حەقی بەسەر قەراری حکومەت و مکومەتەوە هەیە..حکومەتەو کەیفی خۆیەتی..

-ئاخر دەڵێم..قەرارەکە تۆیش دەگرێتەوە.

-جاچییە..

محمد ئەفەنی لەم وەڵامە کورتانەی خەجێ، زۆر شت حاڵی بوو، بۆی دەرکەوت بەم جۆرە قسەکردن، ئاسنی سارد کوتانە، پێچێکی بەقسەکانی خۆی دا

-خەدیجە کچم، تۆ نازانی من چ دەڵێم.

-دەزانم.

-نەخێر نایزانی.

-دەباسی بکە بزانم چی دەڵێی.

-حەیف..تۆ جارێ من ناناسی حەیف..حەیف.

-..........

-وادەزانی من دەترسم.. حەیف..محمد ئەفەنی بترسێ؟!

-..........

-وادەزانی من دەڵێم: خەدیجە بۆ خاتری خوا لەسەر هیامی کچم دەمگرن، ماڵم حجز دەکەن، دەربەدەرم دەکەن..نەء..من نەترساوم و ناترسم..ڕاستە ئێستا حکومەت دەزانێ هیام لەکوێیە..بابیزانێ، موهیم نیە..موهیم ئەوەیە لەعائیلەی ئێمەدا، کەسێکێ هەیە سەرمان بەرز کاتەوە..هیام جەرگێ و هەناومە و ڕۆح و گیانمە، حکومەت هەرچییەکێ دەکات بابێ قسوور بێت، هەر ئەوان سەلامەت بن من هیچم ناوێ و لەهیچ ناترسم..ئافەرین کچی خۆم..خەدیجە، هیام لەجیاتی باوکی لەوێدا دیفاع لەعەرزو شەرەف و ناموس دەکات..خەدیجە خان، پیری و سەد عەیب، دەنا ئەبوایە من لەوێدا بام. دەبا من لەسەر حەق و حقوقی قەومیو ئینسانی خۆمان بێمە دەنگێ..بەڵام پیری و سەد عەیب..خەدیجە..هیام ئەسڵە ئەسڵ، ئەسڵ زادە، چاوت لێیە چۆن ئەسڵەکەی خۆی وون نەکردووە..ئەی چۆن هیام ،جەرگێ و هەناومە، سەری بەرز کردومەتەوە..با حکومەتیش بێ قسوور بێت چ دەکات بابیکات، وادەزانێ بەزەبرو زەنگێ دەتوانێ شەعبی کوردی و شەعبی تورکمان بتوێنێتەوە، بابۆ خۆی هەر خەو ببینێت، حکومەت، حکومەت، تەڕەماش دووسێ لۆتی و شەللا تی کۆبوونەتەوە، ناوی حکومەتیان لەخۆ ناوە..خەدیجە سوێندت لەسەرم نیە هیام‌لەجێ ی هەموو کەسێکمە، پشت و پەنامەو جێی فەخری عائیلەکەمان، بۆ هەموو عالەمی ئیسپات دەکات کەنابێ ئێمە بەسەر شۆڕی بژین دەبێ..دەبێ..ئا..خەدیجە جێی فەخرە.تۆیش بیستووتە هیام مەسئولی سێ سەد پێشمەرگەیە.. سێسەد.. سێسەد پێشمەرگەی ئازا، نەترس، شێر، قارەمان.. پاڵەوان.. فەخری میللەت. فەخری تاریخ..

هیام..هیام. ئاخەدیجە هەموو عالەم ئەمە دەزانێ دنیا باسی دەکات..دەبێت ئێمە حوڕ بین حور..خەدیجە ئەوە تۆ دەزانی-یانی دەبێ بیزانیت- هیام لەجیاتی من چووەتە دەرێ..هەر دەمزانی وادەکات، بەمناڵی دیار بوو موستەقبەلی وا دەبێت..دیار بوو، لەماڵێدا هەروەکێ قائید ڕەفتاری دەکرد..خەدیجە من چۆن ئەو خاکە ماچ ناکەم کەهیام پێی بەسەرا دەنێ، چۆن؟ جێی فەخرە..بەڵێ جێی فەخرە..بزانم قسە ناکەیت؟

-قسەکانت تەواو بکە!

-خەدیجە..دەڵێم، من کەقەرارەکەی حکومەتم زانی زوو هەندێ لەمولکەکانم فرۆشت، دەڵێم تۆ ئینسانێکی عەزیمیت..تۆ..خوا دەزانێ چ مەلائیکەتێکی.

-.......

-هەندێ پارەم بۆ هیام و ئەوان هێناوە!

-.........

-هەر بۆ هیام نییە بۆ (هەموویانە) ئینجا دەبێ تۆ لەجیاتی من پێیان بگەیێنە.

خەدیجە ئەمە تەبەروعاتی منە بۆ حەرەکەکە!

-..........

-حەزیش دەکەم بەهیام بڵێی ئاگای لەخۆی بێت..زۆر پێش نەکەوێ

-.........

-ئەڵێی نەتبیستووە کەبەر لەهەموو کەسێ هجووم دەکات..نەتبیستووە..سەلامەت بێ نیازیان وایە بۆ، تۆ..تۆ..تۆڵەوەرگرتن بێنەشار.

-........

-حکومەت و زۆر کەسی دیش زەندەقیان چووە..لەترسانا خەویان لێ ناکەوێ..بەڵکو بەهیام بڵێیت بائەوەندە..یەعنی خۆی بپارێزێت...خوا نەخواستە شتێکی لێ بێت من چی بکەم..ئاخر تۆ نازانی.ناحەقت نییە، نازانی من چەنێ هیامم خۆش دەوێ.

-..........

-دەڵێم ئەگەر عاجز نەبیت پەنجا دیناریشم بۆ تۆ هێناوە، یانی بۆ کرێی سەیارەو ڕێگاوبان و مەسرەفی خۆت..بەس خەدیجە زۆر وریابە، ها..کەس نەزانێ.



-..........

-بزانم بێدەنگی چ قسەیێکێ ناکەیت.

-قسەکانت تەواوکە.

-خەدیجە کچم..من حەز ناکەم تۆ بەقسەی خەڵکی باوەڕ بکەیت. خەڵکی بێ ویژدانە ڕەنگە بیستبێتت، گوایە محمد ئەفەنی دەستی لەگەڵ حکومەت تێکەڵە..ئەلحەق برادەر من مەعلوماتم دەدەنێ. مەسەلەن کێ دەگرن، ماڵی کێ تەفتیش دەکەن، برادەر من پێم دەڵێن، منیش لەڕێی ئەو کەسانەوە کەسیقەم پێیانە خەبەر دەنێرم خەدیجە باوەڕت هەبێ تا ئێستا سەدان کەسم ڕزگار کردووە، بێ قەزابی هیوا هەبووە ئەمری ئیعدامی لەسەر بووە، بەدەعوەتێکێ و هەندێ بەرتیل ڕزگارم کردووە.. ئەی تو خوا ئەمە خزمەت نیە؟

-ئەمە بوو ئیشە زەروریەکەت.

-بەڵێ؟

-ئەو پارەو ڕاسپاردانەت بدە بەحکومەت با ئەو بۆتی جێ بەجێ بکات.

-چی؟

-دەرەوە.

-دەرم دەکەیت..خەدیجە دەرم دەکەیت..

-دەرەوە.

بەجۆرێکی ئەو تۆ نەڕاندیە سەر محمد ئەفەنی و ڕاپچڵەکاند، هەر هەموو ژنانی حەوشە، بێ ئەوەی چ بڕیارێکی پێش وەختیان دابێ بازنەییێکیان لەدەوریا بەست، هەرهەموویان ئاگری غەزەب لەچاوانیانەوە دادەباری، چاوەڕێی ئیشارەتێکی خەجێ بوون تا ئەوەی نەکراوە پێی بکەن، محمد ئەفەندیش هەڵسابوو، وەک نێچیرێکی بریندار و گەمارۆ دراو، لەنێوانی هەشت نۆ ڕاوچی شارەزاو ئەنگێوەدا حەپەسا بوو، چاوانی ئەم سەرو ئەوسەری دەکردو دیمەنە غەزەب ئامێزەکانی دەبینی چۆن ئامادەی هاشاوڵن. چاوانی نزاو پاڕانەوەی لێ دەتکا، هەر ئەوەبوو نەیدەقیژاندو داوای فریادی نەدەکرد، ڕەنگی مردوانی لێ نیشت، پاشەو پاش بەرەو دالانەکە کشایەوە، نەڕەییێکی خەجێ ڕایگرت وەک بت لەجێی خۆی وەستا.

-وەرە.

بێ ئەوەی ئیرادەی بەسەر هەنگاوەکانیەوە مابووبێ بەرەو لای خەجێ گەڕایەوە.

-ئەو دۆشەکەڵەیە هەڵگرە، گڵاو بووە.

محمد ئەفەنی دانەوییەوە دوشەکەڵەکەی هەڵگرت.

-بیبەوە. با یادگاری ئەم (میوانداریەمان) بێت..دەی..دەی..دەرەوە.



پاشەوپاش دالانەکەی بڕی، دۆشەکەڵەکەیش بەبن هەنگڵییەوە بوو.هێشتا نەگەیشتبووە دەرگای حەوشەکە، هەموو ئافرەتەکان بەیەک دەنگ پێیان وت:

-گەوادی شاخدار.

هەر کەلەدەرگای حەوشە چووە دەرێ، هەی پێی لێکرد، دۆشەکەڵەکەیش بەجۆرێ لکابووە بن هەنگڵییەوە دەتووت بەشێکە لە (جلەکەی).

*

-ڕێکەوت خان جارێ باهەر لەڕێی تۆو مامۆستا ئازادو خێزانەکەیەوە بیناسین، یا ڕاستر ئەو ئێمە بناسێ. بڕیاری ئێمەش ئەمەیە:

یەکەم: لەگەڕەکێکی دوورە شار حەوشەییێک بەکرێ دەگرین، لەگەڵ مامۆستا ئازادو خێزانەکەیدا بن، تۆش خۆت وادەنوێنی کچی ئەوی و قوتابی دانشگای پێنج شەم و جومعەو سەری مانگ دەچیتەوە.

مامۆستا ئازادیش دەکەینە کوڕی.

دووەم: چ کارێکی پێ ناسپێرین تا بۆ یەکدوو جارێ (تاقیی) نەکەینەوە.

جا ئەوەی ئێستا مەبەستە خاڵی یەکەمە. لەگەڵ مامۆستا ئازاددا مشوری بخۆن و بەزوترین کات ئاگادارمان بکەنەوە.

ڕێکەوت بێ سێ و دوو قسەکانی مامۆستا (ڕەشیدی) وەرگرت، لەماوەی یەک حەفتەدا بەشێکی تەواوی جێ بەجێ کرد. وەک ئەمر

خاڵی یەکەمی بەخەجێ گەیاند  ماوەی سێ ڕۆژی بۆ دانا، وەخۆی کەوێو بگوازێتەوە.

*

ئافرەتانی حەوشەکە ورووژابوون، وەکـ ئەوەی کۆستێکی گەورەیان کەوتبێ ئاوها بەدەردو کەسەرو دڵ پڕ لەجەخاریەوە بەدەوری تفاقە پێچراوەکانی خەجێدا دەسووڕانەوە، هیوایان هەبوو بەنەوەدڵییەوە یارمەتی خەجێی دەدا، وردە شتەکانی لەنێو کارتۆنە مقەواکاندا دادەنا، هی واشیان هەبوو خۆیان وەتەنی:

-دەستمان ناچێتە چ شتێ..ئاخر پورە خەجێ بێ قەزابی، چۆن دڵت دێ بەجێمان بێڵی، .ئەی ئێمە چی بکەین، ڕوو لەکوێ بکەین، پورە خەجێ، ئاخر بۆ جێمان دێڵی.

خەجێش بەسۆزەوە سەیری هەر هەموویانی دەکرد، بەخۆشەویستییەوە گوێ بیستی قسەکانیان بوو، چاریش نەبوو،دەبا هەر جێیان بێڵێ، هیچ پاکانەییەکی ئەو تۆیشی پێ نەبوو کەقەناعەتیان پێ بێنێ کەبۆچی دەگوازێتەوە. هەر کەپرسیاری هۆی گواستنەوەکە یان لێدەکرد، خۆی لەو پرسیارە دەدزیەوە، بەجۆرێکی دی وەڵامی دەدانەوە، بەسۆزێکی دایکانە پێیانی دەووت:

-نسیب هەر ئەوەندە بوو،گەردنم ئازاکەن..دەترسم یەکێکتانم دڵگیر کردبێ..عەفووم بکەن، من لەجیاتی دایکتان بووم. هەر هەموویان دەیانووت:



-نەکـ دایکـ، هەموو کەسێکی ئێمە بوویت، پشت و پەناو دەمڕاستی ئێمە بوویت تەکبیری شتێکی  چاکت بۆ دەکردین. فێرت کردین..بەڵام چۆن دڵت دێ ئەم کچانەی خۆت چێ بێڵی..چی بکەین؟

-ئەگەر توانیبێتم فێری شتی چاکتان بکەم، ئەوا خاترجەم بن،چاکە بکەن و چاکەکانی خۆتان فریاتان دەکەوێ..ئێوە خۆتان چاکـ بوون، چاکی لەئێوەوە بوو.

-خوا هەڵناگرێ جێمان بێڵێ..هۆگرت بووین.

-خوا نەخواستە لێمان زویر نیت؟

-ئەوجا ڕوو بکەینە کێ، کێ کێشەو گرفتەکانمان بۆ ئاسان دەکاتەوە، کێ فریامان دەکەوێ، کێ لێمان تێدەگات.

-مەعز بۆ خوا پورێ جێمان مەهێڵە

-بەخوا بچیتە بنی دنیایش، هەر دەبێ سەرمان بدەی

-کچێ لاچۆ، ئەی خۆمان چین، بەخوا لەبنی دنیاش بێت خۆمان سەردانی دەکەین.

-جا چۆن دەتوانین بێ پورە خەجێ بحەوێینەوە!

خەجێ وەکـ پشت و پەنایان بوو، دەمڕاست و خاوەن یەکە قسەی حەوشەکەش بوو، ئەگەر چی لەوان هەژارتر و بێ دەرامەت تربوو، بەڵام هێورو لەسەرخۆ، هێدی، بەدڵسۆزیەوە گوێی بۆ هەمووان دەگرت، ببووە قاسەی نهێنیەکانیان، گەلێ جار سووکە نەسیحەتێکی، کارێکی ئەوتۆی دەبینی، نەیدەهێشت هێلانەی هیچ یەکیان تێکچێ، زۆر جار گوێی

لەوەدەردە دڵە دڵتەزێن و ناجۆرانە دەگرت کە زوو زوو دەهاتنە لای و ڕاوێژیان پێ دەکرد. خۆ ئەگەر خەجێ نەبا (سافیە) تەڵاقی خۆی وەردەگرت و سەرگەردان دەبوو، جارێکیان سافیە عاباکەی دابووە سەر، شاتەشاتی دەکردو دەستی ڕادەوەشاندو دەرگای ژوورەکەی لەمێردەکەی گرتبوو، دەینەڕاند:

-بەخوا چیدی لەلات دانانیشم، خۆشت بێ و ترشت بێ، هەردەبێ تەڵاقم بدەی، نانە نییە، جل و بەرگە نییە، هەرهەمووی قەیناکە بەڵام جنێو بەباوک و برام دەدەیت..حەددت چییە..وەللاهی دانانیشم.

حەمەساڵحی بەستەزمان، بێدەنگ بوو، سافیە هەر دەیشیڕاند، هەموو کرێچییەکانی لەخۆی کۆکردەوە، هەرچەندە ئافرەتەکان پێیان دەوت:

-سافیە عەیبە، شورەییە..وس بە..عەیبە نابێ دەنگمان بچێتە دەر، دوایی پێمان دەڵێن: (ئەم کوردانە ئیشوکاریان نیە هەر شەڕ دەکەن)!

کەچی سافیە زیاتر دەنگی بەرز دەکردەوە، تاخەجێی لێهاتە دەرێ و پێی وت:

-سافیە تائێرە وەرە.

سافیە وەک ئەوەی ئاوی ساردی بەسەرا بکرێ ئاوهای لێهات، قیژە قیژەکەی لەناو دەمیدا مەیی، سووک بەرەو لای خەجێ چوو..بردیە ژورێ وەک دایکێ دەستی بەسەر سافیەدا هێنا..



-کچم حەقتە..حەق، بەڵام وا چارە ناکرێ..دەبەوردی بۆم باسکەم بزانم مەسەلەکە چییە..

چ ئافرەتێکی حەوشەکە شەرمی نەدەکرد گەر وردترین نهێنی ژن و مێردایەتی خۆیان خستبا بەر دەستی خەجێ. خەجێش هەر داوای دەکرد (سەبر بکەن) لەهەموو شەڕ و مەرافەیەکدا خەجێ دەبووە داوەر، چەندین نموونەی سەرهاتی ژیانی خۆی دەکردە دەرس و دەیوتەوە. سەرئەنجامی شەڕەکان وادەکەوتەوە، ئافرەتانی حەوشەکە، حەز بەمردن بکەن نەک ماڵ و مێرد جێ بێڵن و بتۆرن.. سافیە بەخەجێی وت:

-پورە خەجێ چیت بۆ باسکەم، جەرگم کون کون بووە، چیت بۆ باسکەم، نەیەکەو نەدوو هەرهەموو ژیانمان کێشەو گرفتە، ئەم ملهوڕەی مێردیشم بووەتە ملۆزم، خۆی لەهەموو باس و خواسێک هەڵدەقورتێنێ..تائێستا تێری سکی خۆمان نانمان نەخواردووە کەچی بیانوویش دەگرێ:چێشتەکە بێ خوێیە..سویرە..چەورە.. بێ ڕۆنە..جل و بەرگە ناشوکری نەبێ، ئەمەیە وادەیبینی.. سەرباری ئەمانەش جنێوە ساردو سووکەکانی کردووەتە بنێشتە خۆشە!

خەجێی دنیادیدە دەیزانی ئەم قسانەی سافیە دەسکەلای باسێکی دییە، بەزمانە تایبەتییەکەی خۆی هێنایە ژێر بارو ڕاستی پێ درکاند بەوەشی شکاندەوە:

-خەتا لەتۆیە..نابێ تۆ بەزەیێکت پیادا بێتەوە..هەی بەرخودار بی، ئەوە ئیشی وەخت و ناوەخت نییە، ڕاستە گەنج و جوان و جاهێڵی،

بەڵام..هەی..نازانی بە چ قەرزو قۆڵەییێک تۆی خواست. باشە چەند ڕۆژە بێ ئیشە.

-دە ڕۆژە.

-نەخێر ئەمڕۆ چواردە ڕۆژە!

-تۆ لەمن چاکتری دەزانی.

-ئەی دایکی ئێوە نیم..نابێ بزانم..ها..باشە لەم ماوەیە کەبەیانیان لەمەیدانی کرێکاران بەدەستی خاڵی دەگەڕێتەوە ماڵێ، بۆ سەرتاسەری ڕۆژ ناچێتە دەرێ؟

-بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ مندا بکات.

-نەخێر..نایەوێ خاوەن قەرزەکانی بیبینن..ئاخر بۆ کێ قەرزی کرد؟ بۆ تۆ نەبوو، ویژدانت هەبێ، وەخت و ناوەخت بزانە..سەرباری ئەمانەش، باسەکە لای خۆی بکە.

-ئاخر (عەیب)نیە؟شەرم دەکەم؟

-حەز دەکەم شەرم لەخۆت بکەی بەبیانووی پڕو پووچ دەرگای لێ نەگری و خەڵکی لێوەئاگا نەهێنی، تۆ لەبری ئەوەی یارمەتیی بدەی ئاوهای لێ دەکەی..ئەمجارەیان قەیناکا، نەوەخشت بێ..بەڵام جارێکی تر دەنگت دەربێ، وەی لەحاڵت!

خەجێ کەهەڕەشەی دەکرد، پشت ئەستوور بوو بەوەی ڕاستگۆیە، بەرژەوەندی هەر هەموویانی دەوێ، بۆی هەبوو قسەشیان پێ بکات. گەلێ کێشەی لەم بابەتەی بۆ کرێچیەکان سووک کردبووەوە، هەر



ئافرەتەو بەجۆرێ نهێنی و شتە تایبەتیەکانی خۆی خستبووە بەردەستی خەجێ، تەنانەت هەندێکیان چەند دیناریکی خۆیان وەتەنی بۆ ڕۆژی ڕەش لەلای خەجێ دادەنا..هەریەکەش خۆی بەکچ و کارەکەری خەجێ دەزانی، کەم جار ڕێدەکەوت خەجێ بۆ ئیشێکی ناوماڵی بەتەنها خەریک بووبێ، هەرئەوەندەی بڵێی یەک و دوو بەسێ و چوار ئافرەتەوە ئیشەکانیان بۆ تەواو دەکرد.

ساڵێ بەر لەئاشبەتاڵ هەر هەموو ئافرەتانی حەوشەکە، مانگی سەرو نیو دیناری خۆیان دەدایە خەجێ.

-پورێ گیان بینێرە..بۆ کاکە ئەحمەد و هاوڕێکانی، بینێرە، بۆ ئەو شێرانەی بنێرە، دەک کوێربین، لاڵ بین، ئەو زەردو سوورانە، ئەو شێرانە، ئەوانەی بۆ ئێمە خۆیان دەدەنە کوشت..ئاخر کەی ئێمەی خۆخۆر هی ئەوەین وا ئەو گەنجانە ئەمەمان بۆ دەکەن. ساوەللاهی ئێمە هی ئەوە نین..لێمان مەگرە پورە خەجێ گیان نایزانین..بەچاکی لێی حاڵی نین..لێمان مەگرە، بۆ نان و منداڵ و مێردو کرێچیەتی هیچی بۆ هێشتوینەتەوە، تاشتێ بزانین..پورە خەجێ گیان تۆ دەیزانی تۆ لەجیاتی ئێمە شتەکان بزانە، تۆ لەجیاتی ئێمە تێی بگە، ئێمەش..ئەوەی تۆ بەچاکی بزانیت لای ئێمەیش چاکە..پورێ گیان بنێرە بۆ کوڕەکانی خۆت و براکانی ئێمەی بنێرە..تۆ بڵێی پورێ بیانبینین، تێر تێر ماچیان کەین!

ئەوجا خەجێ بەزمانە تایبەتیەکەی خۆی یەک بەیەکیانی حاڵی دەکرد:

-ئێوەیش لێرەدا (ئەوانن).

هەر کەدەتووت:

-ئێوەش هەون.

ئافرەتە کریچییەکان هەر ئەوە بوو لەخۆشیا پەرو باڵیان دەرنەدەکرد..جارەجارەهەندێکیان دەیانووت

-حەیفێ ژنم..خۆزیا پیاو دەبووم، ئەوجا مەعلوم دەبوو لەکوێ دەبووم!

(رەعنا) لەهەموویان زیرەکێ تربوو، بەجۆرێکی دی بەخەجێی دەوت:

-پورێ گیان، بۆ خۆمانی بنێرە..پێیان بڵێ با کەلێنێکی چکۆلەی پێ بگرن، پورێ گیان حازرین.حازر..ڕاستە ئێمە هیچمان نییە..بەڵام خوێنمان هەیە..هەر تۆ ئەمربکە، بزانە دەمانبینی چ کوڕ کوژراوێک و برا کوژراوێکین!

پەیوەندیەکەی نێوان خەجێ و ئافرەتە کریچیەکان هەند پتەو بوو، زۆر جار مێردە، حەماڵ و بۆیاغچی و کرێکارو چایچیەکانیان پرس و ڕاوێژیان بەخەجێ دەکرد...کەئاشبەتاڵیش بوو، هەر هەموو حەوشەکە بەژن و پیاوو بچوکەوە، لەپرسەیێکی گەرم و دڵتەزێندا، چەند ڕۆژێکی پڕ لەماتەمینیان گوزەراند، ژنان لەژوورەکەی خەجێ دا کۆدەبوونەوە، وایان لا دروست بوو کەخەجێ خاوەنی شۆڕشەکەیە، شۆڕش هی ئەو بووە، بۆ پرسەو دڵدانەوە دەچوونەلای، بەعەقڵە ساکارو دڵە بێگەردەکەیان،



شۆڕشەکەی خەجێیان دەلاواندەوە، تەنانەت ئافرەتی وا هەبوو، ئێوارێ بەمێردەکەی دەوت:

-عەیبە بابچینە لای خەجێ..خەجێ دەمی پڕە لەخوێنی جەرگی!

خەجێش، ئومێدو ورەی پێ دەبەخشین، لەسەر یەک دەیووت:

-چ خەمتان نەبێ، نامرین، هەر سەر بەرز دەکەینەوە..هەر سەر فراز دەبین، ئەمڕۆنا، سبەی،چەند ساڵێکی تر..نامرین..نا..نا..

هەموو هەر دەیانووت:

-خوا لەزارت بنۆڕێ..خوایە بیکەی بەخاتری پێغەمبەران و پیا چاکان، ڕەحمێ بەم کوردە بکە، ئاورێ لەکزەی جەرگی ئەم دایکانەو نوزەی پیرێژنان بدەوە، خوایە تۆ گەورەیت و ڕەحمت زۆرە!

پاش ئاشبەتاڵ، خەجێ بووە شۆڕشی حەوشەکە، هەموو پیرۆزییەکی شۆڕش لەبەر چاوی دانیشتوانی حەوشەکە لەخەجێدا بەرجەستەببوو..پاش ئەوەی بەنەوەدڵییەوە تفاقەکانی خەجێیان لەپێکابێ بارکرد، یەکەیەکە دەستی خەجێیان ماچ کرد، باوەشیان پیادا دەکرد، چ کەسێکیان دەسەڵاتی بەسەر فرمێسکەکانی خۆیەوە نەمابوو، بەبێ دەنگی فرمێسکی خوڕ لەچاوانیان دەهاتە خوارێ..

هەر کە خەجێ ئاودیوی دەرگای دەرێی حەوشەکەبوو، کریچییەکان هەستیان بەئاشبەتاڵێکی قورس کرد. خەجێش، لەلایەکەوە گەلێ دڵ خۆش بوو کە (کاری پێ دەسپێرن و جێی متمانەیە) لەلایێکی دییەوە هەستی بەوە دەکرد کەلەڕەگ و ڕیشەوە لەزەویی بەپێتی خۆی

هەڵیدەکێشن و لەناو ئینجانەییێکی چکۆڵەی پڕ لەخاکێکی شەرمن دەیڕوێننەوە!

*

-مامۆستا ڕەشید، خاڵی یەکەمی بڕیاری پێشوو وەکێ پێویست جێ بەجێ کرا، لەپەڕی شار، لەوگەڕەکە تازە دروست کراوانەی کە تێکەڵن، کوردو عەرەب و تورکمان و سوریانی لێیە، خانوییێکی چاکمان بەکرێ گرتووە، سێ ژوورو هۆڵێکی تیادایە، هاوسێی دەستە ڕاست عەرەبە تازە لەجنوبەوە هێنراوە، بەرانبەریش عەرەبە، دەستە چەپیش هەر تورکمانە، عەرەبەکان فەرمان بەرن، تورکمانەکەش (بازرگانە) هەوڵەدەدەین زیاتریان لەسەر بزانین، شوێنی خانووەکەش چاکە. لەگەڵ خاوەنەکەیدا (کەکوردێکی پولەکییە) ڕێککەوتووین (تەنورێ) لەگۆشەیێکی حەدیقەکەدا دادەنێین، هەر بەو بیانووە، مامۆستا ئازادو خێزانەکەی و خەجێ، بەدوو ڕۆژێ شوێنێکیان هەڵکەند، زۆر وەستایانەش دایان پۆشییەوە..ئێستا ئەو سیانە وەکێ یەکێ خانەوادە، لەوێدا دەژین.

-گەلێ چاکە..

-مامۆستا، بەنسبەت خاڵی دووهەمیشەوە، دووجار تاقی کرایەوە، یەکەمیان بەم شێوەیە بوو:

جانتاییێکی دەستیمان بۆ پڕ کرد لەکوچکە بەرد، پاش ئەوەی کلیل درا، پێمان وت: خەجێ ئەم نارنجۆکانە، زۆر بەوریاییەوە دەگەیێتە (فلانە شوێن) زۆر وریابەو بەپەلە بیگەیێنە. لەلاییێکی دیشەوە



هاوڕێییەکی خۆمان ڕاسپارد بوو،دوراو دوور و بەوردی موراقەبەی بکات..خەجێش بێ ترس، جانتای نایە ژێر عاباکەی وەکێ پێویست کارەکەی وەئەنجام گەیاند.

-ڕێکەوت خان گەلێ چاکتان کرد..ئەدی تاقی کردنەوەی دووەم؟

-مامۆستا ئەمەیان هەندێ قورس بوو، ئەویش:

(نارنجۆکێکی پوچەڵمان) دایێ. پاش ئەوەی بەچەند دەقیقەییێکێ لەلایەن هاوڕێییەکی خۆمانەوە فێرکرا، چۆن بەکاری بێنێ..دەستنیشانی ماڵی هاوڕێییەکی خۆمانمان بۆکرد.

-پێش وەخت هاوڕێکەمان ئاگای لەنەخشەکەبوو: وامان لەخەجێ گەیاند: ئەوە ماڵی کۆنە هاوڕێییەکی خۆمانە، پاش ئەوەی بەوردی موراقەبەکراوە، دەرکەوتووە کەلەسەر دوو پەت یاری دەکات-چاکە هێشتا هەر لەژێر موراقەبەدایەو هیچ شتێکی گرنگێ دەربارەی ئێمە نازانێت-جابۆ ئەوەی گوایە لەلای ئێمە ئاشکرا نەبێت، خوێ ناچێتە دائیرەی ئەمن، لەجادەو بازاردا پەیوەندیان لەگەڵدا ناکات، بەڵکو-بۆمان دەرکەوتووە-ئێوارانێ پێنج شەم، ئەمنەکان دەچنە لای! لەحەدیقەکەیدا کۆدەبنەوە. ئینجا دەبێ زۆر بەوریاییەوە ئەم کارە بکەیت. چونکە دوژمن و جاسوسی ناوخۆ گەلێ خەتەرن.

مامۆستا (پاش ئەم نمایشە) خەجێ خەمی ئەوەی لەدڵ دەرناچێ کەلەبەر کەم تەجرەبەیی خۆی دەستی لەرزیوە. بەجوانی ئیشەکەی وەئەنجام نەگەیاندووە.لەسەریەکێ داوای ئەوە دەکات:

(-عەفووم بکەن..)

مامۆستا سەیر لەوەدایە ئێستا تف لەبەختی خۆی دەکات و بەمن دەڵێ:

(-ڕێکەوت خان بێ بەخت بووم،نارنجۆکەکە نەتەقیەوە..ڕەنگە خەتای خۆم بووبێ. چونکە یەکەم جاربوو، دەستم دەلەرزی..دەبێ ئەمجارە عەفووم بکەن، دەبینن جارێکی تر چ دەکەم

-چاکە دڵی ڕاگرن. پاش ماوەییەکی دی دەینێرین بۆ (دێیەک) تایپێکی چکۆلەی لێیە، خێرەومەندێ، وەک میراتی شۆڕش، شاردوویەتیەوە، ناوو ناونیشانی دەدەینێ، بابیهێنێتەوە، دەبێ لەئێستاوە-لەخانوە تازەکەدا-شوێنێکی زۆر چاکی بۆ ئامادە بکەن..ئێمەش لای خۆمانەوە هەوڵی ئەوە دەدەین، تەلەفۆنێک بۆ ماڵەکە ڕاکێشین، ئەوجا دەبێ بەچاکی فێری بەکارهێنانی تەلەفۆنی بکەن.

-بەڵێ مامۆستا.

-چ شتێکی دی هەیە باسی بکەین؟

-بەڵێ.

-فەرموو.

-مامۆستا وەک بۆم دەرکەوتووە خەجێ پەیوەندییەکی زۆر توندی لەگەڵ ئافرەتە کریچیەکانی کۆنە ماڵەکەیدا هەیە. هەر لەڕێی خودی خەجێوە، دڵنیام کەخەجێیان زۆر خۆش دەوێ و ڕێزی لێ دەگرن،



جادەڵێم: دەتوانین هەر بەهۆی خەجێوە پەیوەندیان پێوە بکەین و وردە وردە بیانهێنینە ڕیزەوە، ئەڵبەتە سوودیان لێ وەردەگرین.

-ڕێکەوت خان. ئەمەیان-جارێ-بابمێنێ، هێشتا وەختی نیە، لەکاتی خۆیدا ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە.

-بەڵێ.

-هیچی تر ماوە؟

-بەڵێ.

-فەرموو

-ئەو یارمەتی و جل و بەرگانەی داتان نابوو بۆ خەجێ، وەری نەگرت، دەڵێ: ئەوەی هەمە سەرو زیادە.

-جارێ لای خۆت دایاننێ..ئەمیش چارەدەکەین. ڕێکەوت خان دەبێ لەم هەفتەیەدا تۆو خەجێ سەفەرێکی سلێمانی بکەن. لەسلێمانی دا بەماڵی (سەلما) خانی بناسێنە. لەهەولێریشدا لەکاتی سەفەرەکەتان ئاگادارت دەکەینەوە بچنە چ شوێنێ ئەم سەفەرانەتان تەنها بۆ ناسینەو هیچی تر.

-تێگەیشتم

-هیچی تر نەما؟

-نەخێر

-چاکە.تۆ خوات لەگەڵ.

ڕێکەوت گەلێ خەجێی چوبووە دڵ، لەلای خۆیەوە خۆشەویستی و ڕێزێکی زۆری بۆ هەبوو. جارجاریێکیش دەیویست لەڕوودا ئەم خۆشەویستیەی دەربڕێ. خەجێش کەمتر ماوەی (ئەم جۆرە موجامەلەیەی دەدا) هەر کەلەسلێمانی گەڕانەوە چیدی ڕێکەوت خۆی پێ نەگیرا بەخەجێی وت:

-ئەرێ پورێ، تۆ ئیمانت بەکوشتن هەیە؟

-بەڵێ

-چۆن؟

-چ کەسێ بەبێ گوناهـ ناکوژرێ. ئەوەی ئێمە بیکوژین، ئەڵبەتە ئەو کەسەیە (دەبێ بکوژرێ) لەگەڵ ئەمەیش پێم وانیە کوشتن چارەیەکی بنەڕەتی بێ.

-چاکە، گەر چارە نەبێ چۆن ئیمانت پێیەتی.

-چارەیێکی وەختییە..

-ڕەنگە وابێ، بەڵام من ناتوانم شتی وابکەم.

-ڕاست دەکەی..ڕێکەوت، من کەلەتەمەنی تۆدابووم ماریشم نەدەکوشت، بەخۆمم دەوت خوا ماری خەلق کردووەو وەکێ مار بژێت خوا خۆی چاکتر دەزانێ مار چییە، باخۆی ڕۆحی لێ وەرگرێ، بۆ من بیکوژم؟ بەڵام ئێستا لەم تەمەنەدا، باوەڕێکی دیم هەیە، ئەویش لەجیاتی خوا ڕۆحی ئەو مارە دووپێیانە دەکێشم!

-پورە خەجێ، تۆ زۆر..



ڕێکەوت دەیویست بڵێ: تۆ زۆر زیرەکی، زۆر ئاقڵی، زۆر وریای،کەچی سەرنجێکی پڕ مانای ئەو تۆی خەجێ وشەی (زۆر)ەکەی لەدەمی ڕێکەوتدا مەیاند، هەستی ئەوەی پێبەخشی کەهیچ پێویست بە موبالەغەو ماستاو ناکات. ڕێکەوت وایزانی (بێدەنگییەکەی) خەجێ ئەمە دەڵێ:ئێمە هاوڕێین و ڕێیەکەمان پیرۆزترە لەوەی کەبەسەرو بالای یەکدیدا هەڵبدەین، ئەوەی دەیزانین زادەی بیرو بۆ چوونی (ڕێیەکەیە). ڕەوایش نیە بە قوتابیانی ڕێیەکە هەڵبڵێین هەموو ستایش و شانازییەکیش تەنها بۆ بیرو باوەڕی ڕێیەکەیە (نەک بۆ ئەوکەسانەی وا لەگەڵ ڕەفتارو گوفتاری ڕۆژانەی خۆیاندا دەیگونجێنن ڕێکەوت بەلا چاوەوە سەرنجێکی داو پێی وت:

-تۆ زۆر دنیا دیدەیت.

-نەک زۆر، ڕۆژگارو نەهامەتی فێری کردووم.

*

محمد ئەفەنی ئۆقرەی لەبەر بڕابوو، لەو ڕۆژانەدا هەندێ دیعایەی بیستبوو، خەو نەدەچووە چاوانی، ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو (هیام و مچە) تۆڵەی ئەو ئیهانەیەی لێ بکەنەوە. زۆربەی شەوان مۆتەکە دەنیشتە سەر سینگی و ڕادەپەڕی، یا خەونی جۆراو جۆری ترسناکی دەبینی، بەزۆریش لەبازارو گەڕەکدا ،خۆی گوێ قولاغی بیستن دەکرد، تەنانەت گەر باسێکی لاوەکیش بەر گوێی کەوتبا، وای لێک دەدایەوە بەمەبەستەوە قسەدەکەن، دەیانەوێ بەم شێوەیە حاڵیم بکەن. سەلاح و

دەیان سەلاحی دەم شڕیشی کەبەهیچ جۆرێ قسە لەدەمیاندا ناوەستێ، لەخۆیانەوە سفر دەخەنەسەر ژمارەو سفر لەژمارە دەردەکەن، گەرمتر قسەیان دەکرد..ڕۆژ بەڕۆژیش قسەکان زیاتر دەماو دەمی دەکرد، لەلایێکی دیشەوە (حکومەت)-ڕەفیقە خۆشەویستەکانی محمد ئەفەنی-بەسەرنج و بەکردەوە، ئەوەیان لەمحمد ئەفەنی دەگەیاند:(ئیدی چ پێویستیەکمان بەتۆ نەماوە. ئەوا زۆربەی کوردە (عائدونەکان)خۆیان شاهیدی لەسەر خۆیان دەدەن و مەعلوماتی وردتر و بەسوود ترمان دەدەنێ) لەهەمان کاتیشدا بەپەنامەکی ئەوەیان لادرکاندبووکەبڕیاری حکومەت ئەوەیە:کوردو تورکمان لە لەکەرکووکدا نەهێڵێ و عەرەبی بۆ بێنێ و نیشتەجێیان بکات، گەر ماڵ و موڵکی کوردو تورکمان بەتاڵان نەبات، ئەوا بەنرخی تۆڵەگە لێیان دەکڕێ و دەیداتە عەرەب! ئەمانە هەمووڕەگی ئەو ترسە لەڕادە بەدەرەی محمد ئەفەنی بوون،بۆ خۆخەڵەتاندنی کەگوایە بەنەترسان ترسەکەی ناخی بڕەوێنێتەوە وەکێ تەحەدا کردنی هێزێکی نادیاری هەڵنیشتووی سەر ناخی پەنای بۆ چکۆلەترین کورد دەبرد و بێ موناسەبە، ئەسڵ و فەسڵی خۆی بۆ دەکردە سەرباس! ئەی چۆن کورد واتەنی (ڕێوی لەکونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ دەبێت)-من کوردم و ئەسڵم کوردە بنێشتە خۆشەی سەرزاری بوو. تەناتەت گەر هەندێ جار کوردێکی غەریب و نەناسی لەگەڵ یەکدوو کوردی ناسیاودا دیبا، محمد ئەفەنی خۆی ئاوها بەغەریبەکە دەناساند:

-برای خۆت باوکی هیام..



زۆریشی حەز دەکرد چەند جارێ ناوی هیام دووبارە بکاتەوە، هەر بەبێدەنگیش وەڵامی دەدرایەوە..زۆری پێ ناخۆش دەبوو، بەمحمد ئەفەنی با، باسی هیامی لابکات کە، چ قارەمانێکی بێ هاوتای تاریخە، دەبێ هەموو کچێکیش وەکێ هیام بن.

-ئا..برای خۆت محمد ئەفەنی، باوکی هیام..هیام..ئەوە کچی منە..یەعنی جێی فەخری من و هەموو کوردو..

هەرکەوەڵامی نەدەبیست، خەریکێ بوو دیق بکات، لەبەر خۆیەوە دەیووت:

(-سەگبابانە باوەڕم پێ ناکەن..لەمن چاکتر هیام دەناسن دەترسن، وادەزانن من بەزۆڵایەتی ناوی دەهێنم..

سەلاحیش کەدەیبینی قسەکانی خۆی ڕەواجی هەیە، زیاتری دەدایە دەم، لەوەبەر محمد ئەفەنی تەقەی لەسێبەری کورد دەکرد ئەوا-لەم ڕۆژانەدا سەلام لەسەلاح دەکات، بەگەرمییەوە چاکێ و خۆشی و هەواڵپرسی تێکەڵ بەزەردەخەنە دەکات، سەلاح ئەمەی پێ سەیربوو، لەبەر خۆیەوە دەیووت:

(چاکێ ترساوە)

ئیدی هەر ئەوەبوو، خۆی نەدەچووە لای محمد ئەفەنی و باسی ئەو کەسە (باوەڕپێکراوەی) بۆ بکات، هەروەها چۆنیش هیامی بینیوەو چییە تا جارێکیان ئەم حەزەی سەلاح لەناخیدا سەری کردو سەرەڕێی بەمحمد ئەفەنی گرت:

-محمد ئەفەنی، چاوت لێیە دنیا چۆنە؟!

محمد ئەفەنیش لەفیکەی خۆی گەیشت، هەر بەهەمان قەوانی-ئەو رۆژانەی-هاتە زمان:

-سەلاح ئەی چۆن! دنیا هەربۆ ئینسانی چاکە..ئینسان لەسەر حەق بێت و رێی ڕاست بگرێ، رۆژێ هەر سەردەکەوێ..ئەرێ کاکە سەلاح دەڵێم، بیستومە باوەڕ پێکراوێ بەئیشێکی موهیم..ئا..خۆت ئاقڵی و تێدەگەی..

سەلاح نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات، ویستی بەگەوجایەتی نواندن زیرەکی خۆی دەرخات و لەنهێنی درکاندن خۆی بەدوور بگرێ:

-باوەڕ ناکەم شتی واهەبێ.

-سەلاح لەگەڵ منیشدا، هەی سەلامەت بی، من خۆم ئەو باوەڕ پێکراوەم بینی و هاتەلام، شەوێکیش میوانم بوو، کاغەزیشی بۆ هێنابووم.ئێ..منیش..یەعنی ئەوەی لەدەستم بێو بۆ ئەوان پێویست بێ..

ئەم قسەیەی محمد ئەفەنی، سەلاحی بەرەو دنیاییێکی دی برد، بێدەنگ بوو، کەوتە خۆ دواندن:

(-تۆ بڵێی ڕاست بکات، جگەلەمن باوەڕپێکراوێکی تر هەبێت و هاتبێت! ئا ئەم قسانە دەماو دەمی کردووە، هەندێ کەسانی ساختەچی قۆستویەتەوە، ئەوجاش بەفرت و فێڵ چووەتە لای محمد ئەفەنی، خوا دەزانێ چی بۆ باسکردووە، چەندێ پارەشی لێ سەندووە..



بۆ ئەوەی زیاتر بۆی دەرکەوێ، بەدەم داچەقاوییەوە پرسی:

-کێ بوو؟

-حەیفت نەکرد؟ سەلاح، من بەچی دەزانی؟

-یەعنی بەچاوی خۆت بینیت، شەوێکیش میوانی تۆ بوو؟

-خۆ گاڵتەت لەگەڵ ناکەم.

-دەبێ کێ بێ؟

-سەلاح لێرەدا قسە ناکرێ..ئەگەر دەتەوێ زیاتر بزانی، ئەوا گەورەمان کە، وەرە ماڵی مامی خۆت. شتی زۆر سەیرت بۆ باس دەکەم.

سەلاح هەند بەپەلە بوو، حەزی دەکرد تازوو (شەو) دابێ تائەمێکی فەرامۆشکراو لەسەر داوای خودی محمد ئەفەنی بچێتە ماڵەکەی، بەڵکو لەوێدا، خۆی وەتەنی:

-بزانم کارێ ناکەم محمد ئەفەنی والێبکەم، لەپەناوە ئیشمان لەگەڵدا بکات..حەتمەن سوودی چاکی دەبێت.. (برادەرا-نیش) لەدڵی خۆیاندا دەڵێن ئافەرین سەلاح، جارێ پەیوەندیمان لەگەڵدا نەکردووە کەچی نشاطاطی هەیە! ئێوارێ محمد ئەفەنی لەماڵی خۆیدا گەلێ ڕێزی لەسەلاح گرت. سەرەتا جڵەوی بۆ سەلاح شل کردبوو، تائەوەی پێیەتی یامەبەستییەتی دەریخات بیڵێت پاش هەموو قسەیێکیش محمد ئەفەنی (ئەشهەدوبیلاییکی بۆ دەوت) هەر کەهەستی کرد ئیدی سەلاح هیچی پێنەماوە، بەقسەی لوس بۆی هاتە مەیدان. بەتایبەتی

(ئەو حەزانەی سەلاح) کەنەکێ لەلای محمد ئەفەنی بەڵکو گەورەو بچوکی گەرەکێ دەیانزانی چییە، هەر لەو ڕێیەوە سۆزی سەلاحی دەبزواند:

-سەلاح تۆ هەر زۆر زیرەکی..قەد ئێرە جێی تۆ نیە..بزانم هەوڵێکی ئەوەت بۆنادەم بەڵکو پاسەپۆرتی، شتێ..ئێ، لەم بابەتانەت بۆ پەیدا بکەم، بەڵکو ئەمە خوایە بتوانیت دەربازبیت..

سەلاح دەمی داچەقاندبوو، محمد ئەفەنیش لەسەریەکێ دەیووت:

-کوڕە، کەی ئێرە-هەی بەقوڕم گرت-جێی گەنجێکی وەکو تۆیە تۆ حەقت ئەوەیە خوێندن لەدەرێدا تەواو بکەیت و پاشان بۆ خزمەتکردنی میللەتەکەت بگەڕێیتەوە. ساوەللاهی ئێرە جێی تۆنییە..بەڵام هەر چەند ڕۆژێ سەبرم لێ بکە بزانە مامی خۆت چیت بۆ دەکات..گەر خوا کردی ئەوا شتێکیش لەمامی خۆت وەرگرە. مەبەستم ئەوەیە بەقەرز لەمامی خۆت وەرگرە. گەر ئینشائەڵڵا بەشەهادەیەکی بەرز گەڕایتەوە، ئەوسا (بەسیتە تەفاهوم دەکەین!

محمد ئەفەنی ئەم قسانەی دەکرد، سەلاحیش یادی بەرەو ئەوڕۆژانە دەچوو کەلەئوردوگادا بێ پارەیی ببووە سەبەبی ئەوەی دەم لەکوردایەتی، شەرەف،بەرگری بدات..بەبێ پارە نەیدەتوانی وەکێ پەناهەندەییێک بچێتە ئەوروپا. بۆئەوەی حەزی ئەوروپاکەی نەخاتە ڕوو- ئەوکاتە بەهاوڕێکانی خۆی دەوت:



-حەیف بۆ ئەم میللەتە. بەتایبەتی ئەم گەنجانە، لە چ ڕۆژێکی سەختدا میللەتەکەی خۆیان بەجێ دێڵن،، شەرت بێ با جارێ چاوم بەدایکێ و باوکم بکەوێ-چونکە زوو زوو خەبەرم بۆ دەنێرن، دێن بەدووامدا. بائەوان ببینم، پێیان بڵێم (ئێوە بڕۆنەوە میللەتەکەم پێویستی بەمنە) دەبێ ئیسپاتی بکەم من سەلاح ئەمریکی نیم بەڵکو سەلاح کوردیم.

-ئەو ڕۆژانە-ئەوەندە لەم جۆرە قسانەی دووبارە کردبۆوە حەزە دێرینەکەی ناخی ختووکەی دەدا:

(تۆ بڵێی محمد ئەفەنی بەڕاستی بێت، خۆئەگەر وابێت ئەوا دووشەشمە)

محمد ئەفەنی بەوریاییەوە دەستنیشانی جۆری چەشەی قولاپەکەی کردبوو، لەهەمان کاتیشدا (ناخی) سەلاحی دەخوێندەوە، هەر هەموو شتێکی بەسەلاح درکاند، هەر لەباسی سەفەرەکەی خۆی و نامەکەی ئەحمەد بۆ خەجێ و وەزعی هیام و مچەو تا ئەوەی دیبووی، بیستبووی، کەچەند کەسن، چەکەکانیان چیە، خواردنیان چۆنە، هەر هەموو شتێکی خستە بەردەمی محمد ئەفەنی، تەنانەت ئەوەشی دروست کرد:

-من کەچوومە لایان، پێیان وتم: دعایەی باشمان بۆ بکە، بڵێ ئەمەن و ئەوەن، ئەمەیان هەیەو ئەوەیان هەیە، خۆیان پێیان وتم.

محمد ئەفەنی پاش قسەکانی سەلاح ئەوەندە دڵنیاو بێ خەم بوو بێ ئیرادە (ئۆخەییێکی) لەدەم هاتە دەر..وەکێ ئەوەی کتوپڕ شتێکی گرنگی وەبیر هاتبێتەوە، ڕاچڵەکی یەکسەر بەسەلاحی وت:

-ئەرێ نازانی خەجێ بۆ کوێ باری کردووە؟

-ناوەللا. هەر ئەوەندە دەزانم باری کردووە.

-باشە تۆ دەتوانی بیدۆزیتەوە؟

-ئەگەر لەکەرکووکدا مابێ، ئەوا حەتمەن دیدۆزمەوە.

-ئەی بۆ کوێ چووە؟

سەلاح بەدورو درێژی باسی ئەوەی بۆ کرد کەچۆن یەکەم جار لەحاجی ئۆمەراندا چاوی بەخەجێ کەوتووەو خەجێش بە چ نیازێ هاتبوە ئەوێ..محمد ئەفەنی بەسەلاحی وت:

-ئەگەر بیدۆزیتەوە ئەوا مامی خۆت..ئیتر خۆت دەزانی (یەکدووجار پەنجەکەڵەی لەپەنجەی شایەتمانی سووی) سەلاحیش چاوی بڕیبووە پەنجەکانی محمد ئەفەنی و لەسەریەکێ دەیووت:

-خەمت نەبێ..هەر دەیدۆزمەوە!

*

هەفتەی پێنەچوو، محمد ئەفەنی-پاش ڕاوێژ بەبرادەرەکانی بەپێچێکی دی خۆی گەیاندەوە (ئەمن) ئەمجارە (باری سەنگین و دیاری بەنرخ و مەعلوماتی تازەی پێ بوو) بە (دەدیناریکیش وای لەسەلاح کردبوو کەلەئەمندا هەچ پرسیاریکی لێ بکەن، چەند کەسن،



چییان هەیە، هەرتەنها سفریێک بخاتە سەر ژمارەی ئەو شتانەی کە بینیویەتی.

سەلاح بای ( دەدینارەکەو لەخۆشی چوون بۆ ئەوروپا، هەندێ جار لێی تێکدەچوو، لەبری سفرێکی زیاد، بەدوو سفری زیادەوە قسەی بۆ ئەفسەرەکانی ئەمن دەکرد.

لەوڕۆژانەدا ئەفسەرەکانی ئەمن لەبن ئەرز بۆ یەکێکی وەکو سەلاح دەگەڕان، کەچی لەسەر ئەرزو بەپێی خۆی چووبووە لایان..خۆ ئەگەر لەو ماوەیەدا (سەلاحیان) دەس نەکەوتبا ناچار دەبوون چەندین (سەلاحێ) دروست بکەن. تەنانەت چەند کەسێکیش بەکرێ بگرن و بیان نێرنە دەرێ تا لەچیادا (تەقە)بکەن، دوکان و بازاڕی بازرگانی ئەمانیش بکەویتەوە گەڕ.

هەند ستایشی سەلاحیان کرد کەچەند وەتەنییەو خەمی بەرژەوەندی گشتی هەیەو لەپێناوی پاراستنی عێراقی سەربەرزدا، بەپێی خۆی هاتووە خزمەتی دەوڵەت بکات، هەندەیان بەسەرو باڵایدا هەڵدا، سەلاحیان لەخۆ گۆڕی. بەئیشارەتیش ئەوەیان تێگەیاند کە (ئەوان) زۆر زیاترن لەوەی کە بینیویەتی، چەکەکانیشیان قورسترە، هەر بەدەمیش ئەوەیان تێگەیاند، لەڕاپۆڕتەکانی داهاتوویدا (باسی ئەو) عەمیلە ئیسرائیلیانە بکا کەبڵێین بەچاوی خۆی بینیوینی. ئیدی لەبری وەعدێ، دەیان وەعدیان دایێ هەر بەشەرتێ: چالاک بێ، ڕاپۆرتی ورد بنووسێ سەفەری تربکات، ناوو ناوی نهێنی و ناونیشانیان بێنێ..هەرچیەکیشی بووێ ئەوا

بەسەرچاو- بەهاریان بۆ هێنایە چۆکان.-ئەورۆژانە- ئەمن.دوژمنانی کورد. لەکوردستان زیاتر پێویستیان بەشۆڕش بوو.

*

ئەو ڕۆژە سەلاح دووا تکە ئابڕووەکەی خۆی لە (ئەمندا) تکاند! دوو مانگێ دەبوو خەجێ لەگەڵ مامۆستا ئازادو خێزانەکەیدا ژیانی نوێی دەگوزەراند. ناوبەناو ڕێکەوت سەردانی دەکردن، دڵی بەخەجێ دەکرایەوە، حەزی بەقسەکانی دەکرد، گرنگێ نەبوو سەردانەکەی (ڕەسمی بێ یانەء) وەکێ کچ و دایکێ قسانیان دەکرد، تەنانەت ڕێکەوت هەندێ شتی تایبەتی ژیانی خۆی لەلای خەجێدا درکاندبوو، خەجێ لەو ماڵەدا گەلێ بەدڵسۆزییەوە کاری دەکرد، ئیشی ناو ماڵ، جل شۆردن و قاپ شۆردن و نان کردنی گرتبووە ئەستۆ، پێی وابوو خزمەت کردنی هەر کەسێکی ئەو ڕێکخراوە، خزمەت کردنی سەراپای کوردو لێ قەوماوانە، سڵی لەئیشی قورس نەدەکردەوە، بەتەنها دووجاری دی سەفەری سلێمانی کردبوو، ئاشنایەتی لەگەڵ (پورە سەلمەدا، بەهێز ببوو، پۆستەو بەیانامەو هەموو شتە نهێنیەکانی لەلەشی خۆی قایم دەکرد.دەیبردو دەیهێنایەوە.

*

هەر کەمحمد ئەفەنی بەکەیفی خۆشیەوە گەڕایەوە ماڵێ بزەو زەردەخنە ناوەختەکانی سەری لەخێزانەکەی تێک دابوو، تەنانەت کەس و کارە نزیکەکانی خۆیشی سەریان لەو گۆڕانە کتوپڕییە سوڕمابوو..چل



ڕۆژێ بوو محمد ئەفەنی هەندە تووڕەو توند بوو، شەڕی لەگەڵ سێبەرەکەی خۆیدا دەکرد، بیانووی بێ سەرو بەری دەگرت، شەوان خەوی لێنەدەکەوت، دەیان شتی ناجۆری دەهێنایە بەرچاوی خۆی، هەند بیری لەداهاتووی ڕەشی خۆی دەکردەوە تاهەموو شتێکی بەڕەشی دەبینی، هەر گینگڵی دەدا، ترس ببووە خوێ و تێکەڵی خۆراکی ڕۆژانەی ببوو لەبازاریشدا نەی دەزانی چی دەکاو چی دەڵێت، کەچی ئەو ڕۆژەی سەلاحی لەداو نا، لەهەموو ڕوویەکەوە گۆڕا، چەقەنەی لێ دەداو بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوە و گۆرانی دەگوت..تائێواریش هەر کەیف خۆش بوو، شەوێ لەخۆشیا بەدەنگی بەرز خۆی دەدواند:

(ئافەرینم محمد ئەفەنی ئەم مۆتەکەیەشت ڕەواندەوە، تومەس ئەمە هەمووی درۆو دعایە بوو..نا محمد ئەفەنی دەبێ وریا بێ، حکومەت وەفای بۆ کەس نیە، چەنێ خزمەتی بکەی ناکاتە هیچ، هەر کەئیشیان پێت نەما دەرت دەکەن، دەبێ خۆم سەلاح تێ بگەیێنم کەچۆن و چی بکات، دەبێ منیش کارێکی ئاوهای لەگەڵدا بکەم بەقەدەر حکومەت سوودیشی بۆ من ببێ، هەرچەند ڕۆژێکی تر بیست دینارێکی دەدەمێ، دەمی چەور دەکەم، کوردە، قابیلە چێبێ، پارە: باوکیەتی، دایکیەتی، شەرەفیەتی، هەر بەسەلاحیش دەتوانم کارێ بەو (قەحپەو گەوادە) بکەم، بابەدەواری شڕی نەکردبێ..نەء، نەء، محمد ئەفەنی دەڵێی ئاگات لەخۆت نیە؟ پەلە مەکە! جارێ زووە، باسەلاح لەیەکدوو تەجرەبەدا ببینم ئەوجا تەکلیفی ئەوەی لێدەکەم. پەلە باش نیە..باشە ئەی سەبر

تاکەی؟ فەرەیدوون لەسجن بەربوو لەبەر دەستما بوو، هەر بەخۆمم دەوت: محمد ئەفەنی سەبر کە! تاگوم بوو، خوا دەزانێ ئێستا لەکوێدایە؟ تۆ بڵێی..مەعقولە تا ئێستا پێیان نەوتبێ، بۆچی و لەسەر چی و کێ دابوویە گرت؟ مەعقول نیە..دوور نیە هەر حکومەت خۆی پێی وتبێ، حکومەتە وەفای بۆ کێ هەیە؟ بێ ئەعقڵ دەبم گەر وابزانم فەرەیدون ئاگای لێ نیەو هیچ نازانێ، هەر ناشبێ بەچاوێکی سووکەوە سەیری بێ دەسەڵاتی ئەو دوژمنە بکەم..ئاخ نازانم لەکوێدایە، جگە لەو سەگبابەش..ئاخ، بۆ ئەو دەڵە قوڕە ناکەس بەچەیە، چی پێ کردم؟ تائێستا چ کەسێ کارێ ئاوهای پێ نەکردووم..ئەمەیان تۆڵەی (شەخسی) دەوێ، تۆڵەییێکی ئەو تۆبێ،، مەگەر ئەو خوایە خۆی بزانێ چی دەکەم، چۆن محمد ئەفەنیت پێ دەناسێنمەوە، جگە لەتۆڵە (شەخسیەکەش) دەسماییێکی چاکە بۆ کاسبی (ئۆڤەر تایمەکەم) بەپێی قسەی سەلاح بێت-حەتمەن هەروایشە- ئەو دەڵە قوڕە زۆر شت دەزانێ، تاقە کەسیشە بتوانین بەهۆیەوە، کون و کەلەبەرەکانی تریان بدۆزینەوە. دەبێ هەوڵی ئەوە بدەم سەلاحی تریان بۆ پەیدا بکەم، گەر ئەم سەلاحە بۆی نەکرا، سەلاحەکەی تر، گەر ئەمیان بۆی کرا بەوی تر ئەم لەناوە دەبەم، خۆ نابێ ڕێی ئەوەی بدەمێ سڕم ئاشکرا بکات..لەوەخت و ناوەختا هەڕەشەیەکم لێ بکات و بمخاتە سەر ساجی عەلی. خۆ ئەوەندە گەوجیش نیم تەنها ئیعتماد بکەمە سەر کەسێک و بەس!



❊

ڕۆژانی یەکەمی ئاشبەتاڵ، بۆ زۆربەی دام و دەزگاکانی دەوڵەتیش ئاشبەتاڵێکی تەواو بوو، نەبەرتیلێ، نەتۆمەتێ، نەدەلاڵێیێک، نەجامبازی و هەراجییێک لەگۆڕێدا نەبوون، عەفو عامەکە شمولی هەموو ئەو بەندە کوردانەی کردبوو، کەلەسەر سیاسەت گیرابوون، چ تۆمەتێ نەبوو، تاچەن کەسێکی لاوەکی پێ بگرن و دەلاڵەکانی خۆیانی پێ بخەنە کار و پەیوەندی بەکەس و کاری گیراو بکەن بەچەن هەزارێ لەئیعدام ڕزگاری بکەن!!لەلاییێکی دیشەوە زۆربەی ڕێگاو بانەکان گیرابوون، چ باریکە ڕێیەکیش بۆ قاچاغچیەکان نەمابوو (ئەمن) و دەزگا دەسەڵات دارەکانی دەوڵەت هەر (معاشە ناچیزەکانیان) وەردەگرت کەبەشی ژیانی تاقە ڕۆژێکی ئەو ژیانەی کەڕاهاتبوونە سەری، نەدەکرد، بازاری قاچاغچیە شەریکەکانیان لەکزەوە بۆ کز تر دەچوو، چەک و فیشەک فرۆشەکان بێ کار کەوتبوون، ئەڵبەتە توجارەکان توجارەتی فیشەک و چەکیان دەکرد، پێویستیان بەچەند سەگە ئەمنێکی ڕسکراو هەبووە و مانگانەو بەخشیشی مۆڵیان دەدانێ، گەر چەن مانگێکی تر کار وابڕۆشتبا لەسەر حەقی پێشێل کراوی خۆیان و بەئایدۆلۆژیای حیزبی قائد دەیان دایە چیا، سەرو تفەنگێک و بەرگێکی خاکی و چەند نامیلەییێکی پڕ لەقسەی دروست هەر قسەو هیچی تر هەڵدەگرت..کار گەیشتبوە رادەییێک یەکێک لەئەفسەرەکانی ئەمن بەمحمد ئەفەنی وتبوو: ( ئێمە دەڵێین موسیبەتی قەومێک لەلای

قەومێکی دی دەبێتە مەنفەعەت، کەچی وادەرنەچوو، موسیبەتەکە ئێمەشی گرتەوە) محمد ئەفەنی لەمەبەستی ئەفسەرەکە گەیشت..

بەزۆڵایەتیەکی تەواوەوە پێی وت:

-بەسیتە!

-چۆن؟

-هەندێ بگرن تێیانهەڵدەن، بەزۆر بیان نێرنە دەرێ

-یانی بەزۆر بیان کەینە دوژمنی خۆمان

محمد ئەفەنی بۆ تۆڵە سەندنەوەی خۆی، کەچەند جارێ، لەو رۆژانەدا، دابوویانە بەرگوێ (دەعوەتەکانت نەماوە) وبە سووکییەوە سەرنجیان دەدا، پێی وت:

-نەک خۆمان، بەڵکو دەوڵەت

-دەوڵەت؟

-ئا..ئا..گیان بەوەیە من و تۆ چاک یەکدی دەناسین

*

رۆژێ خەجێ بەتەنها چووە دێیەکی نزیک کەرکوک-پاش ئەوەی ناوو ناونیشانی کەسێکی دێیەکەیان دابوویێ-ئێوارەی هەمان رۆژ، تایپێکی بچووکی پێچابووە هەندێ کەل و پەل و لەنێو تەلیسێکدا داینابوو، گەڕایەوە بۆ کەرکوک، سەرتاسەری رێ-لەپشتی پیکابێکدا-رێی ئەو هەستەی لەخۆی دەبڕی، نەی دەهێشت بەئاستەم تەلە ناسکەکانی سۆزی



بلەرێنێتەوە، نەی دەهێشت ئەو هەستە ختووکەی بدات-کەگوایە ئیشێکی قورسی کردووە..

هەفتەیێک بەر لەم سەفەرەی، لەنێو دادگاییێکی دەروونی-سازدراوی خۆی-دا دەژیا، عەقڵ و دڵی بەرانبەر بەیەکدی دادەنا و لێی دەپرسینەوە. لەئاستی پرسیاری بێ بەزەییانەدا کۆی کردبوون سەرەنجامی هەر پاکانەیێکی عەقڵی، (بۆ) یەکی زەق تری دەخستە سەر پاکانەکە. جڵەویشی بۆ سۆزی خۆی شل کردبوو، زوو زویش عەقڵ (ئیشن)ی پێ دەکرد. لە ئەنجامدا وای دەشکاندەوە:

(-جا بەچ دەچێ، من کارێک بکەم لەلای خەڵکیدا، چاک و ئازایانە بێت، لەلای خۆیشم وا نەبێت ئەوەندەش دەسەوەسان بم نەتوانم دەسنیشانی بکەم، وایە یان نەء، گرنکَ ئەوەیە خۆم بزانم، دەس نیشانی بکەم، شەرت ئەوەیە خۆم..ئا، خۆم بزانم چییەو چی نیە، نەک پێم بڵێن: ئەو کارەت چاک بوو،-خۆشم نەزانم بۆ چاک بوو-یا: ئەوکارەت خراپ بوو،-نەزانم بۆ خراپ بوو، یا ئەوەتا من بەچاکی و لەچاکەو خراپە نەگەیشتووم یا ئەوەتا (پەلەکردن) (خۆشەویستی) (سۆز) بەرچاوی گرتوم یا جڵەوی عەقڵی خۆمم بەرداوە، بەدەستی کەسانی دییەوەیە،، واشم لەخۆشم گەیاندووە ئەوەی بەلای خەڵکانێکەوە چاک بێ، ئیدی منیش بەچاکی بزانم..ئەی یانی چی، خۆمن تاماوەیێک لەمەوبەر بەخۆم دەوت: خەجێ بێبەخت بوویت..گەر نەختێ بەختت هەبا نارنجۆکەکە دەتەقییەوە! باشە بۆچی ئەو پرسیارەم لەخۆ نەدەکرد، بۆچی سووک و

ئاسان ڕووبەڕووی ئەو ئیشەیان کردیتەوە؟ خۆیان چ کەسێکیان نەبوو؟ چۆن دەبێ لەماوەیێکی کەم ئیشێکی ئاوها قورسم پێ بسپێرن؟ باشە نەدەبوو، بەر لەوەی ڕوو لەکارەکە بکەم، قسەیێک بکەم، شتێ بڵێم؟ نا..نەخێر، نەدەبوو هەر سووک و ئاسان پێیان دەوتم: یاسای هەموو حیزب و ڕێکخراوێ وایە، پاش وەجێ هێنانی کار، ڕەخنە بگیرێ و قسان بکرێ..ئێ خەجێ لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم کارو قسانە بۆ کەسێکە لەناو حیزب و ڕێکخراوێکدا قاڵ بووبێت، نەک بۆ کەسێکی (تازەو نەشارەزای ئەو ڕێکخراوە) ها، خەجێ جگەلە ئەمانەش چیت دەوت گەر نارنجۆکەکە تەقیبا، لەگەڵ کەسی پیاو خراپدا، مناڵێ، ژنێ، کەسێکی بێ تاوانی بەربکەوتبا؟ ها..دەتووت شۆڕشگێڕم و لەشۆڕشدا ئەم وردە هەڵانەش دەبێت! و ئاساییە دوبارەش ببێتەوە، بەم قسەیە خۆم دەخەڵەتاند؟ ئیدی ئەوجا کەی (خەجێ) دەبووم، نەدەبوومە کەرەسەیێک، چەکێکءشتێک لەم بابەتە باشە نەدەبوو پێش وەخت داوام کردبا (ئەو کەسەی دەکوژرێلەدورەوە ببینم، خۆ دەستنیشانی کات و شوێنی کارەکە بکەم..داوای ئەوەشم کردبا، هەر لەپێناوی پاراستنی شیرازەی ڕێکخراوەکە، کەسێ، دووان حمایەم بکەن؟) خەجێ، ئائەمانە هەر هەمووی بەلاییێک، وەرە سەر شتە هەرەسەرەکیەکان، ئەویش تائێستا، چ کەسێکیان دەربارەی پەیڕەو بەرنامەی ڕێکخراوەکە چ قسەیەکیان لەگەڵدا کردوویت؟ نەوەڵلا..ئەی دوو کەلیمەیان فێر کردوویت؟ نەوڵلا..ئەیی چیان پێ وتوویت، جگەلە: خەجێ



بەوریاییەوەبچۆ بۆ سلێمانی، بەپەلە بگەڕێوە..بەوریاییەوە بچۆ بۆ فڵانە دێ. تەنانەت ئەو بەیاننامانەی دەیهێنم و دەیبەم (پێیان نەوتم چییە، ها دانەیێکی بۆ خۆت بیخوێنەوە، دوو کەلیمە حاڵی بە! باشە ئەمە خەتای کێیە؟ (من) یا (ئەوان) وابزانم خەتاکەی لەهەردوو لامانە، خەتا گەورەکەی من ئەوە بوو تەنها خۆشەویستی و سۆز، یا ڕاستتر، حەز بە (سەرفرازی) وای لێکردم چ پرسیارێک نەکەم، ئەمانەی ئیشیان لەگەڵ دەکەم، چین کێن؟ مەبەست و ئامانجیان چیە؟ بۆ کێ هەوڵ دەدەن، شێوەی ئیشو کاریان چۆنە؟ ئەم پرسیارانە-دەبا کرابا-نەمدەکرد، هەر تەنها بەمە قایل بووم: مادامێ ئەحمەد هەڵی بژاردووەو پێیی چاکە، دەبێ منیش پێم چاک بێ. دەشێ ئەحمەد بزانێ بەڵام من نازانم-بادایک و فەرزەندیش بین-خۆدەبێ ئەو ئەحمەد بێت و منیش خەجێ خۆتەنها دوژمنایەتی کردنی دەوڵەتی زاڵم مانای ئەوە نیە تێکۆشانەکە ڕاستەقینە بێ بۆ سەرخستنی میللەتێ، نا..هەر دوژمنایەتی کردن تێکۆشان نیە! من لەبەر خۆشەویستی ئەحمەد و نەسرین چ شتێکم نەپرسی، واتە خەجێ نەبووم بوومە پاشکۆی ئەوان، ڕاستە ئەحمەدو نەسرین لەمن زیاتر دەزانن و زیاتریان بیستووە و زیاتر لەنێو ئەم کارانەدا قاڵ بوون بەڵام منیش ڕۆژگار لەهەردوو سەرەوە چ قسورییەکی لەگەڵدا نەکردووم، چەند زەبری خۆی پێ نواندووم، ئەوەندەش فێری کردووم، هەر هیچ نەبێ ئەوەی فێرکردووم: گەر خۆم هەڵنەبژێرم و بڕیار لەسەر شتە هەڵبژاردەکەی خۆم نەدەم، نەخەجێم و نەدەشبم بەخەجێ!

سەرتاسەری تەمەنم خەجێ بووم، خەجێ بڕیاری دا (خەجێ دەبێ خەجێ بێت) پاقلە بفرۆشێت، جلشۆری و نانەوایی ماڵان بکات..بۆ، هەرلەپێناوی ئەوە نەبووە کە خەجێ بم؟! بەڵام لەم کارە نوێیەمدا خەجێ نەبووم، ئاخەجێ نەبووم و ناشبێ لەم هەڵەیەی خۆم ببورم..دەبێ بزانم بۆ خەجێ نەبووم! ها..پەلەو پرکێشیم کرد؟ ئا..سەدجار ئا..ئەمەیان لەلاییێک لەلاییێکی دییەوە خۆزیا خوازی تووشی هەڵەشەیی کردم، تەنانەت هەڵەی گەوجانەشم کرد! تەوەکەل بەخوا ڕێکەوتم پیاو بکوژم!! ترحێو! جاخەجێ بۆبەشێوەییێکی دی بیر لەم مەسەلەیە ناکەیتەوە، بۆ ناڵێی (ئەم ماستە مویەکی تێدایە)؟ جاتا ئەوەی کار لەکار نەترازاوە، جوان و پوختە، ڕاپۆرتێ دەنووسم، بەڕاشکاوی پرسیاری خۆم دەکەم، وەڵامیشم لێیان دەوێ، ئەی چۆن؟ خەجێ دەبێ بەوردی پرست هەبێ، تانەگەییە قەناعەت نابێ دەسبەرداری پرسیارەکانت بیت خەجێ! هەر کەوەڵامی ڕاست و دروستم دەسکەوت، ئەوجا تاوتۆیان دەکەم..نابێ هەر تەنها خۆشەویستی کوڕ، یاخۆشەویستی هەر شتێکی تر، تووشی سەرچڵی و پڕکێشیت بکات، نا..نابێ، دەبێ جڵەوی خۆشەویستی بگرم بزانم ئێمە چین، کێین، هەرکوردین و بەس؟! ڕەنگیشە گاڵتەیان بەم قسە زلانەم بێتەوەو بڵێن: بێوەژنێکی جلشۆرو نانەوای ماڵان، کوێرە خوێنەوارییێکی (ئێبی) هەیە، ئەم پرسیارە زلانە دەکات..کەیفی خۆیانە..بەدەست و خەتەکەی خۆم دەنووسم..بەدەمیش لەگەڵ ڕێکەوتدا قسان دەکەم، دەڵێم وەڵامم دەوێ.



خەجێ، ماوەییێک وەک ئەوەی لەسەر ئاگر بێ ئاوها چاوەڕێی ڕێکەوتی دەکرد، هەرکەڕێکەوت چووە (ماڵەکەی) خەجێ وەک ئەوەی ماوەیێکی زۆر بێ نەیدیبێ بەگەرمییەوە پێشوازی لێکردو باوەشی پیادا کرد. بەلای ڕێکەوتەوە ئەم ڕەفتارەی خەجێ ئاسایی بوو (بیرم دەکات، ناهەقی نیە، هۆگرم بووە، پەیوەندیەکەشمان پەیوەندی کچ و دایک و دوو هاوڕێییە). خەجێ هەر هەموو پرسیارو بۆ چوون و ڕەخنەکانی خۆی باس کرد، تەنانەت چۆنیش بیری کردووەتەوە، بەڕەوانی و بەسووک و ئاسانی، بێ گرێ و پێچ و پەنا خستیە بەردەستی ڕێکەوت و داواشی لێکرد:

-ڕێکەوت ئەمەشم نوسیوە، تکا دەکەم بەڵکو وابکەیت بەزوویی وەڵامم بدەنەوە.

چەند پارچە کاغەزێکی تەنک، بەخەتێکی ڕەش، گێرو گەواڵ پڕ کرابوونەوە دایە دەستی ڕێکەوت:

-ڕەنگە خەتەکەیشم زۆر خۆش نەبێ

-ئەمەیان هەر گرنگ نیە..هەرچۆنێک بێت دەخوێنرێتەوە، بەسەر چاوان، دەگاتە جێی خۆی و دڵنیاش بە وەڵامت دەدەنەوە، جارێ بالەمەیان گەڕێین، بێینە سەر ئەو شتانەی باست کرد یەکەم شت گلەییەکانت لەجێی خۆیەتی..گلەیی لەئێمە نیە، ئەوەش بزانە هەر کەسێ بەئیختیاری خۆی (ڕێ) هەڵدەبژێرێ، ئەڵبەتە پاش (زانین و وردبونەوە) بڕیاری (ئا) یا (نا)ی لەسەر دەدات..ئێمە داوای ئەوەمان لێکرا، بەپێی ئەوناونیشانەی بۆیان ناردووین، پەیوەندیت پێوە بکەین،

ئێمە وامان دەزانی لەسەر داوای خۆت و لەڕێی ئەحمەدی کوڕت خۆت ویستوتە بێتە ڕیزی ئێمەوە..دیارە چ کەسێکیش داوا ناکات گەر حاڵی نەبووبێ..واتە ئێمە لەسەر داوای کەسانی دیی (خۆمان) پەیوەندیمان بەتۆوە کردووە، وایە یان نەء؟

-ئەمەیان دەسەلمێنم، خەتا لەخۆم بوو، دەبا پرسم کردبا، وریا بوومایێ..ئەوسا بڕیارم دابا.

-مادامێ واشکایەوە، زۆر بەکورتی باسی ڕێکخراوەکەی خۆمانت بۆ دەکەم:

یەکەم:دە ساڵێ پاش شۆڕشی ئەیلوول و هەر لەناو شۆڕشەوە سەری هەڵدا، تکا دەکەم قسەکەم بەهەڵە وەرمەگرە، مەبەستم ئەوە نیە بڵێم لەچوارچێوەی پێشمەرگەدا سەری هەڵدا، کەدەڵێم لەناو شۆڕشەکەوە سەری هەڵدا، مەبەستم ئەوەیە لەناو پێشمەرگەو ئەو جەماوەرە ڕەش و ڕووتەی کەباوەڕیان بەشۆڕش هەیە، سەری هەڵدا، ئەلەمەیان حاڵیت؟

-بەڵێ

-ناپرسی بۆ؟

-دەمەوێ قسەکانت تەواو بکەیت!

-پاشان دەپرسم؟ ئەمەیش یەکێکە لەسیفەتە هەرە چاکەکانت کەڕێ دەدەیت قسە تەواو بکرێ ئەوجا قسەی خۆت دەکەیت!

-فەرموو..



-بڵێین، دەتەوێ بزانی بۆ لەناو شۆڕشەوە سەری هەڵدا؟ ئایا بۆ ئەوە بوو هەڵەکانی شۆڕش چاک کاتەوە-مەحاڵە لەشۆڕش هی هەر میللەتێ بێ و لەهەر سەردەمێکدا بووبێ و ببێ، بێ هەڵەبێ، چونکە ئەوەی پێویستی بەشۆڕشەو شۆڕش دەکات، ئەو چەوساوە ڕەش و ڕووتە بێ مافەیە کەڕێی هەموو شتێکیان لێ گرتووە، تەنها ڕێی نەخوێندەواری و نەزانینو نەخۆشی و پووچەڵی و پۆخڵیان بۆ خستۆتە سەر پشت کەئەمانەیش زۆر نزیکن لەهەڵە کردن. دیارە کەسانی دیشی تێدەکەوێ، ڕەشو ڕووت نین، تەنانەت دەوڵەمەند، ئاغا، شێخ، قۆنتەراتچیو یا هەر لەناو شۆڕشەوە بەدیدو بۆچوون و باوەڕێکی دییەوە، کێشەکەی هەڵسەنگاند؟ پورە خەجێ دڵنیام کەوردبینیەکەت بایی ئەوەیە کەخۆت دەتوانی قسەکانم هەڵسەنگێنیت و بژاریان کەیت، بۆیە بەکورتی دەڵێم: ئا..دیدو بۆچوونی دی بووە مامان و ئەم ڕێکخراوەی ئێمە بووە (زادەی) ئەویش زەرورەتی سەردەم ئەوەی دەخواست کە بسەلمێنرێ، هیچ نەتەوەیەک ڕزگاری وەدەست ناهێنێ گەر خشتی یەکەمی تێکۆشان و خەباتی لەسەر بناغەی چینایەتی دانەمەزرابێ، ڕەشو ڕووتی میللەتیش دەوری سەرەکی لەو تێکۆشانەدا نەبێ، مەحاڵە بتوانن ڕووەو سەرکەوتن هەنگاوی دروست هەڵبێنن.. ئەمەی باسم کرد، گەنجینەو میراتی شۆڕشگێڕانی سەرفرازە! پورە خەجێ، بۆ ئەوەی لەیەکدی حاڵی بین، شارێی ئەم تێکۆشانەی ئێمە لەسەر ڕێبازی مارکسیستە، پێشم وایە کەم تاکورتێ شتێکی لێ دەزانی.

-زۆر نا..ئەحمەد لەکاتی خۆیدا شتێکی بۆ باس کردووم دەیووت عیلمێکی ئەوەندە گەورەو فراوانە لەنێو هەزاران کتێبدا خۆی گرتووەتەوە، بەشێکی زۆر کەمی کراوە بەعەرەبی، ئێمەش هەر لەڕێی زمانی عەرەبییەوە (هەندۆکەیێکی) مان بەردەست کەوتووە، زۆربەی زۆری ڕۆشنبیر و سیاسیەکانیشمان بەشێکی کەمی ئەو (هەندۆکەکەیان) نەخوێندووەتەوە، ئەحمەد دەی وت: عەیبە دەبێ ڕێزی ئەو عیلم و ڕێبازە بگرین، هەندە سووکی نەکەین (بەم دەمڕوتییەی) خۆمانەوە بڵێین، ئا..دەیزانین، خەڵکیش فێرکەین!! بەڵام ئەحمەد قسەیێکی دیشی بۆ کردم، هەر ئەو قسەیەشی وای لێکردم بەخۆم بڵێم شەرت نیە مارکسیەت بخوێنمەوە ئەوجا بڵێم مارکسیم قسەکەیشی ئەوە بوو، نووسەرێکی گەورەی فەڕەنسا، کاتێ کەخەڵاتێکی گەورەی دەدەنێ دەڵێ:(من لەمارکسەوە فێری مارکسیەت نەبووم، نەهامەتی ڕۆژگارو هەژاری فێری کردووم) کەلێشت پرسیم ئەڵبەتە کەم تاکورتێکی لێ دەزانی، دەڵێم مادامێ هەژاری و نەهامەتی بووبێتە مامۆستا و خەڵکی فێرە عیلمێکی ئاوها بکات..ئەوا منیش هەمان مامۆستام هەبووە.

-یانی بەینی تۆو ئەحمەد تائەم ڕادەیە بەهێز بووە.

-بەینی من و ئەحمەد؟ ژیان و مردن بووە!! هەردووکمان ژیانی سەرفرازیمان دەویست، نەمان بوو، بۆیە لەهەموو فرسەتێکدا باسمان دەکرد، خەونمان پێوە دەبینی، بەڵام هەریەکەمان بەپێی بۆ چوونی خۆی



دەیڕوانییە ژیان، مامۆستای من هەژاری و دەربەدەری و بێکەسی بوو ئەویش کتێبی زۆر دەخوێندەوە، باسی بۆ دەکردم هەندێ جار لەهەندێ ڕووەوە یەکێ بیرو بۆ چوونمان هەبوو، هەندێ جاریش گەلێ جیاواز بووین، ئەوەی بەلای منەوە پیرۆز بوو، بەلای ئەویشەوە پیرۆز بوو، بەڵام (ئێیەکی) دەخستە سەر، بۆ نموونە، من سەرفرازی خۆمم لەسەرفرازی خەڵکیدا بەدی دەکرد، کەچی ئەو دەیووت: (تاخۆم سەرفراز نەبم ناتوانم (هەوڵی دروست) بۆ سەرفرازی خەڵک بدەم) هەرچەندە هەوڵی دەداو شی دەکردەوە، ئەقڵەکەم وەری نەدەگرت و حاڵی نەدەبووم، کە دەیووت: (کۆیلە ناتوانێ کۆیلە ئازاد بکات، من کۆیلەی نەفامیی و لەخۆ نەگەیشتنم..دەبێ پێشەکی خۆ لەکۆیلەیەتی ڕزگار بکەم ئەوسا-بەدڵنیاییەوە هەوڵەکەم بەجێ دەبێ و ڕەنج بێ وەرنابم) بەڕاستی تێی نەدەگەیشتم-ئەوسا- پێم وابوو لەبیانوو دەگەڕێ تا خۆی بدزێتەوە، کەچی دەم بینی لەکارەکانیا گەرم و بەجۆشە، دەمپرسی: (ئەوەی دەیکەی قوربان بۆ ئازادی کۆیلەکانە) کەچی دەیووت: نەخێر، مەشقە..بۆ خۆمە، بۆ خۆڕاهێنانە لەگەڵ نەسرییندا چوونە دەرێ، شەوانی تەنهایی خۆمم بەوە بیر هێنانەوەی قسەکانی ئەحمەد دەبردە سەر، زۆربەی شەوان لەم دوورەوە قسەم لەگەڵدا دەکرد..هەوڵم دەدا تێ بگەم لێکم دەدایەوە، بەڵام درەنگێ، گەلێ درەنگێ، لێتێ ناشارمەوە-هەر هەفتەیێک دەبێ. قسەکانی وەکێ ڕۆشنایێکی کز لەناخما سەری هەڵدا، کەئاشبەتاڵ بوو گەلێ ترسی ئەوەم هەبوو، بۆ مەشق و خۆڕاهێنان بچێتە

ئەوروپا..دیارە مامۆستای مەشقەکە چیایەو تەواوی سەربەستی دەداتێ..

-گوایە تۆ پرسیارت کرد کەنازانیت، منیش بەوەڵامەکانی خۆم ویستم بزانی و فێرت کەم کەچی (تۆ فێرت کردم)!! لەگەڵ ئەم هەموو (مامۆستایەتیەشت) هەر دەبێ من گلەییت لێ بکەم، کەچۆن (تۆیی پەیت بەو شتە نەبردووە، پێم وانیە نهێنییەکی گەورەت لا دەدرکێنم گەر بڵێم: مەسەلەی نارنجۆکەکە تەمسیل بوو، هەربۆ تاقی کردنەوە بوو بەس، باشە نەدەبوو خۆت، بەر لەوەی کارەکە بکەیت، لەخۆت بپرسی

چۆن ڕێکخراوێکێ کارێکی ئاوها گرنگێ بەکەسێکی بێ تەجرەبەو (تازە) دەسپێرێ؟ بۆچی تائێستا ئەو ڕێکخراوە نەی توانیوە چەندین کەسی لێهاتوو (کوڕی ئەو مەیدانە) بۆ ئەو جۆرە کارانە دابین بکات؟ هەر تەنها ئەم گلەییەم هەیەو هیچی تر. ئەگەر لێشم ببووری ڕووبەڕوو خۆشەویستی خۆمت بەرانبەر دەربڕم چونکە بەجورئەتەوە لەو شتانە دەپرسی کەنایزانی و پێویست دەکا کەبیزانی، ئەمەیش کاری ئینسانی گەورەیە، زۆر جاریش کەیفم بەقسەکانت دێ، باوەڕت هەبێ لە چ کتێبێکدا بەرچاوم نەکەوتوون، پاشان لەگەڵ خۆمدا قسەکانت دووبارە دەکەمەوە.

*

سەلاح لەخۆشیا پێی ئەرزی نەدەگرت، خەریک بوو پەڕو باڵ دەرکات و بفڕێ، وەعدی ئەوروپاو معاش و شتی تریان دا بویێ، لەخۆشیا هەر



خۆی دەدواند: ( ئەوپەڕەکەی یەکدوو مانگی تر، ئەوروپا کوڕە ئەمریکایش دەبێتە جێگام. ئیتر سەلاح ڕۆژ ڕۆژی- خۆتە، بتبینم چۆن ڕادەبوێری، لەنێوان دەیان کچی جوان جوان ئەسمەر، باڵابەرز، ناوقەد باریکێ، مەمکێ پڕ چنگ کچی سپی و پرچ زەرد، چاوشین، دەمولێو باریکێ، کچی ڕەشی ئەفریقی، هەر ڕۆژەو لەگەڵ یەکێکیاندا، لەم بار بۆ ئەو بار، لەم شەقام بۆ ئەو شەقام، وڵات و بەرژەوەندی گشتی ئەفسەرەکانی ئەمن، کوردو کوردایەتی، (ئەوانی تر) بۆ نێو لنگی کچانی باسدەکەم..کوردی چی و وڵاتی چی، هەرئەوەندە دەستم بگاتە ئەوروپا، خۆم دەزانم سا شەرت بێ یەکێ دەقیقەیێکێ بێ کچ نەبم، تۆڵەی بەرو دوا بکەمەوە خۆ چ ڕۆژێ کچێکی ئەم شارە هەر بەئاستەم ڕوویان نەداومەتێ! سەلاح فەرهەنگێکی بازاڕی کڕی بوو، چۆن بەهەفتەیێکێ بەبێ مامۆستا فێری ئینگلیزی دەبێ لەبەر باخەڵیا دای دەنا، هەر بەدووای ئەو وشانەدا دەگەڕا کەلەگەڵ ئافرەتدا بەکار دێن..فەرهەنگەکەی بەدڵ نەبوو ئەو ڕستانەی تیا نەبوو کەکاتی خۆی ڕەفیقەکانی بۆ پێ ڕابواردن فێریان کردبوو-کەهەندێکیان جنێو بوو بەخۆی و هەندێکیشیان بۆ شتی قۆڕ بەکار دەهێنرا- بەخۆی دەووت: (با تیای نەبێ، خۆ من هەموویانم لەبەرە. ئەم فەرهەنگە بۆ ئەو کەسە بێ ئەقڵانەیە لەئەوروپا-ئەو کچانە بەجێ دێڵن دەچن بۆ سەیری مەتحەف و نازانم چی!

سەلاح خەمێکی گەورەشی هەبوو، هی ئەوە نەبوو بیدرکێنێ ئەویش ئەوە بوو سەمای نەدەزانی، کەسێکی نزیکیشی دەسنەدەکەوت بە (پەلە فێری کات) دڵی خۆی بەوە دەدایەوە (بەیەکێ ڕۆژ فێری هەموو نەوعە سەماکان دەبم، قابیلە چییە؟ خۆ تەیارە دروست کردن نیە. هەر خۆبادانە..!! هەموو ڕۆژێ کەلەبەر ئاوێنەدا دەوەستا (پڕچەکەی سشوار) دەکردو دەقی دەدا، بۆ چەند دەقیقەییێکیش خۆی بادەداو گوایە مەشقی سەما کردن دەکات. هەر لەبەر ئاوێنەکەدا لەخۆی ڕادەما، دوو دوگمەی سەرەوەی کراسەکەی دەکردەوە، بەپەنجەی دەست، پێچ و لولی توکەکانی سەرسنگی خۆی ڕاست دەکردەوەو بەعیشقەوە بەخۆی دەوت: ( سەلاح ئافرەتی ئەوروپی، گەلێ حەزیان بەتووکی سنگی پیاوانە..بەخوا ڕەفیقەکانم ڕاست دەکەن، لەوێدا بەرناکەوم!)

*

سەلاح لەلای خۆیەوە وای دانابوو: (محمد ئەفەنی وا تێگەیشتووە کە دۆستێکی گیانی بەگیانیمە)بۆ ئەوەی ئەمە لەلای محمد ئەفەنی بچەسپێنێ، زوو زوو هاتو چۆی دەکرد،دەیزانی بەچ شتێ دڵی خۆش دەبێ، بۆیە بەوەستایی (ئیخباری ساختی خۆی-یی دەگەیاندێ:

-محمد ئەفەنی ئەمانە هەر خەبەری سەرپێین، هەربۆ ئەوەی بزانی ئاگادارم و گوێ هەڵدەخەم. دەنا چەند ڕۆژێکی دی (سەفەرەکە) دەکەم. وەکێ دەتەوێ ئاوها خەبەرەکانت بۆ دەهێنمەوە تەنانەت ناوی دۆڵ و دەربەندو کانیاوەکان و گوندە نزیکەکانیان و..ئیتر ئەوەی کەپێت وتووم



هەمووی دەپرسم ، کەگەڕامەوە بەر لەوەی ڕاپۆرت بۆ ئەمن بنووسم بەدەمی هەر هەموویت بۆ باسدەکەم. بەڵام تۆیش..یەعنی بۆ مەسەلەی..ئەوەی کەخۆت دەیزانی..بەڵکو پەلەی لێ بکەی و..

محمد ئەفەنی دووا دەمارەکانی سەلاحی دەناسی، دەیزانی لەچ کاتێکدا کامیان دەگرێ..نەی هێشت سەلاح قسەکانی تەواو بکات:

-هەر هیچ خەمت نەبێ..وابزانە پاسەپۆرت لەگیرفانتەو دۆلاریش..هەر عەیبە جارێکی تر باسی بکەی..یەعنی قابیلە حکومەت نەزانێ..خۆ ئەگەر حکومەتیش..ئێ..حکومەتە..ئەوا مامی خۆت ماوەو نەمردووە..یەعنی سەلاح قابیلە..بەڵام دەبێ تۆیش وریابیت..بچوکترین هەڵە بکەی تێدەکەوی..نەهێڵی چ کەسێ بزانێ بۆ کوێ دەچی!

-حەیفت نەکرد.

-جا بۆ ئەوەی سەفەرەکەت مەعقول بێت، هەر بۆ ئەوە نەبێت (ئەرێ بۆ تائێستا پەیوەندیتان لەگەڵ نەکردووم) هەندێ شتی مەعقولم بۆ هێناوی. پێیان بڵێ: دۆستێکی خەمخوار، لەدائیرە دزیویەتی! پێشیان بڵێ ئەو دۆستە ئامادەیە بەسەرو ماڵ ئیشتان لەگەڵدا بکات. گەر وتیان کێیە، ناوێک بدۆزەرەوە.

محمد ئەفەنی یەکدوو پارچە کاغەزی دایە دەستی سەلاح و پێی وت:

-بەجوانی بیانپێچەوە..نووسراوی نهێنین، بڕیارە نهێنیەکانی دەوڵەتە!

(محمد ئەفەنی لەگەڵ ئەفسەرەکانی (ئەمن)دا ڕێککەوتبوو (چەند نووسراوێکی نهێنی) یەکێکی بێ بایەخ و ڕاست و ئەوانی دی، درۆ، چاپ بکەن. لەڕێی سەلاحەوە بیگەیێننەدەرێ، یەکەم، بۆ ئەوەی بڕوایان بەسەلاح زیاتر بێت، دووەمیش لەهەندێ شتی گرنگدا چەواشەبن هەر کەکاغەزەکانی دایە دەستی سەلاح چەند دیناریکیشی بۆ درێژ کرد:

-ئەمەش مەسرەفی (ڕێ) پاشانیش (حەقی تەواوی خۆت وەردەگری)

-زۆر مەمنوونم.

-خۆ ئیشە سەرەکیەکەی بەینی خۆم و خۆت لەبیرەناکەی؟

-حەیفت نەکرد.

-لەبیرت نەچێ، ئەمجارەیان هەر تەنها بیانبینە، تا پێشت دەکرێ لەبەرچاویاندا جنێو بەمن بدە، پێیان بڵێ: خوای ئێوە گەڕ و گولی کردووە، لەخەستەخانەدا کەوتووە، ڕەنگە تابگەڕێمەوە بمرێ.

-زۆر چاکە

-لەبیرت نەچێ، وەکو پێم وتی لەبەرچاوی خەڵکیدا ئەم قسانە نەکەیت..هەر هەردووکیان بن، چاکە؟

-خەمت نەبێ

-بتبینم!

*



سەلاح چەند ڕۆژێ خۆی گوم کرد، لەناخەوە هەستی بەوە دەکرد، گەر بچێتە دەرێ، ڕەنگە بەڕەنگێ و ڕیتمی قسەکان و جۆری سەرنجەکانی، گومانی لێ بکەن، بەدەستی خۆی، خۆی بخاتە داوەوە، بەخۆی وت: (مادام من هەتا یەکدوو مانگی تر لێرەم دەبێ ئیشی خەتەر نەکەم)بەرەو سلێمانی کەوتەڕێ، لەماڵە ناسیاوێکی خۆیدا مایەوە، بەبیانووی نەخۆشی خۆی لەجێدا خست پاش دە ڕۆژێ بەرەو کەرکووک ڕێی گەڕانەوەی گرتە بەر.

ئەوەندەی بۆ محمد ئەفەنی ڕست، بایی ئەوە دەبوو چەندین لاپەڕەی پێ پڕبکرێتەوە، لەخۆیەوە دەیان ناوی وەک: سەربەست، سەرکەوت، سەردار، ڕەوەز، بەختیار، کاروان، قوباد، شوان-ی ڕیز کرد کەگوایە ناوی نهێنی لێپرسراوان و کار بەدەستانی ئەو شوێنەن، لەخۆیەوە وتی ژمارەیان لەو (شوێنەدا) گەیشتۆتە سەد کەس زیاتر! ناونیشان و قەدو باڵاو شتی سەیر سەیریشی دەخستە پاڵیان مەگەر گەوجێکی وەک خۆی ئەو قسانەی بەعەقڵدا چووبا!

محمد ئەفەنی قسەکانی سەلاحی دایە دەم یەکەوەو کردیە ڕاپۆرتێکی (هەندێ مەعقول) بۆ ترش و خوێش یەکدوو ناوی ئەوروپی (مستر فلان و فیساری) خستەسەر کەگوایە ئەمانە خەبیری (ئیسرائیلین) هەردووکیان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بەسووکە درۆیێک ڕاپۆرتەکە بەقیمەت بکەن: ئەویش لەدامێنیا وەک تێبینیەک نووسیان: (وەک دەڵێن یەکێکیان بەناو (مامۆستا سیروان) لەگەڵ وەفدێکدا،

لەرێی ئەوروپاوە بەرەو (تەل ئەبیب) کەوتوونەتە رێ! قاویش بڵاوە وەجبەیێکی چەکی قورسیش بەرێوەیە!!)

سەلاح بەقسەیێکێ ختووکەی محمد ئەفەنی دا، چ گومانێکی لەلادا نەهێشت:

-هیام زۆر پەشیمانە، وەزعیشی زۆر ناخۆشە، دەیووت:ئەگەر باوکم عەفووم بکات و فرسەتێکم دەسکەوێ، ئەوا دیمەوە، بە دزییەوە ئەم قسەیەی لەگەڵدا کردم، نەیهێشت چ کەسێ -تەنانەت مچەش-گوێی لێ بێ.

محمد ئەفەنی زۆر بەکەیفوخۆشییەوە گوێی هەڵخستبوو، بەدەم داچەقاوییەوە وتی:

-ئەی تۆ چیت وت؟

-ئەوەی پێت وتبووم! فەقیرە ئەوەندە گریا..بەخوا گەلێ دڵم پێ سووتا!

-ئەوەی پێم وتبوویت بێ کەم و کورتی هەموویت باسکرد؟

-ئەی چۆن؟

-زۆر باشت کرد..ئافەرین..ئەرێ نووسراوە نهێنیەکانیان پێ چۆن بوو؟

-گاڵتەیان پێ دەکرد

-بۆ؟

-دەیانووت حکومەت بێ (ئەقڵە) وا ئەم بڕیارانە دەردەکات



-ئاوها

(بۆ یەکەمجار سەلاح زیرەکییێکی بۆ خۆی نواند (بۆ ئەوەی بەئاسانی دەسبەردارم نەبن و نەڵێن) ئیدی ئیشمان پێ نەما بەرەڵلای کەن بەحیساباتی خۆی بای) دوومانگێ ئەگەر ئیشەکەیشم تەئخیر بوو، بای دوو مانگی تریش ئیشیان پێم دەبێ سەلاح وتی:

-دەیانووت، مەعلوماتی لەمانە چاکترمان پێ دەگات-کەسانی خۆمان- لەناو ئەو کەسانەن وا بڕیارەکە دەردەکەن-پێمان دەگەیێنێ!

-نەیانووت کێیە؟

-نەخێر

-نەیانووت لە چ شارێکە؟

-نەء..بەڵام وابزانم..

-چی؟

-دەڵێم بەمەزەنە زۆر گەورەیە

-گەورەیە؟

-دەڵێم، لەشوێنێکی (حەساسە) وای بۆ دەچم

-ئافەرین. بەخوا منیش دەزانم، ئەمانە..

محمد ئەفەنی زوو وەئاگا هاتەوە، خۆی گرت، نەیهێشت قسەکە لەدەمی دەرچێ و بڵێ:ئەم ئەفسەرانە من دەیانناسم، لەسەر چەند پەت یاری دەکەن و دەزانن چۆن خۆیان دەوڵەمەند بکەن نەی ویست بەم

ڕەوانییە لەبەرچاوی سەلاح دا، بێ باری ئەمن و ئیستخبارات و دام و دەزگاکانی دەوڵەت باس بکات. سەلاح بەمەبەستەوە پرسی:

-چیین؟

-دەڵێم (ئەمان) و (ئەوان) شەڕ دەکەن، هەقیانە هەر یەکەو لەلای ئەویدیداپیاوی خۆی هەبێ.

بۆ ئەوەی چیدی درێژە بەم قسانە نەدات، نەوەکێ شتێکی لەدەم دەرچێ سەلاح بیکاتە ماڵ لەسەری، بەپەلە لەسەلاحی پرسی:

-ئەرێ بۆ مەسەلەی پەیوەندیەکەت چیت کرد؟

-مەسئولەکەیان لەوێ نەبوو..ئیشەکەش لەلای ئەوە، دەیانووت: دوو سێ هەفتەی تر دەگەڕێتەوە، منیش نەمویست چاوەڕێی بکەم، بۆ ئەوەی بیانووی سەفەری ترم بەدەستەوە بمێنێ پێیانم وت:پاش ماوەیێکی دی دەگەڕێمەوە.

-ئافەرین..ئافەرین..کوڕە تۆ..مەگەر من بتناسم کە،چ.

-کە، چیم؟

-کە چ کوڕێکی ئاقڵ و..ئەرێ لەئەحمەد و ئەوان پرسیاری ئەو (دەڵەقۆرەت) نەکرد، تابزانی لەکوێیە؟

-ئەوان هەواڵی (ئەویان) لەمن دەپرسی..لەقسەکانیشیان دیار بوو کە، شتێکە.

-ئاوها..من خۆم دەمزانی..ئا..دەمزانی شتە!

-بەڵێ



( ئەوا هیامیش بەپێی خۆی دەگەڕێتەوە، نابێ پەلە بکەم، یەکەیەکە، لەپێشدا هیام ئەوجا خوا کەریمە بۆ فەرەیدونیش، مچەوئەو دەڵە قۆڕەش، کورە هەر هەموو کورد، سەلاح و باوکی سەلاحیش نۆرەیان دەگاتەسەر.

*

ڕاپۆرتەکەی سەلاح دڵی ئەفسەرەکانی گەلێ خۆشکرد، هەندەی جاری پێشوو ستایشیان کرد، چەند دیناریکیشیان بۆ کردە بەخشیش..پەیوەندیەکەی نێوان سەلاح و محمەد ئەفەنیش ڕۆژ بەرۆژ پتەو تر دەبوو. ئەو شتانەی محمد ئەفەنی مەبەستی بوو بیکات بەسەلاحی دەکرد، هەر سووکە ئیشارەتێکی دەدایێ، سەلاحیش ملی پێوە دەنا، محمد ئەفەنی ورد بین بوو، تەجرەبەی زیاتر و سودیشی لەسەرئەنجامی (هەندێ) لەتەجروبەکانی خۆی وەرگرتبوو، نەی دەهێشت چیدی لەوە زیاتر ناوی بزڕێ، سەلاحی هاندەدا، فێری دەکرد، چۆن بەقسەی خۆش لەگەڵ کرێچیەکانی کۆنە حەوشەکەی خەجێ قسان بکات، هەواڵی بپرسێ، بەڵکو بەهۆی ئەوانەوە خەجێش دەدۆزنەوە.

-دەبێ خۆت وا بنوێنێ کەکاغەزی ئەحمەدت پێیە.

-زۆر چاکە.

سەلاح بەقسەی محمد ئەفەنی کرد جگەلە (ئێمەیش نازانین) هیچی دەست نەکەوت. جارێکی دی محمد ئەفەنی ناردیەوە بەو بیانووەی کەگوایە ئەحمەد ئیشێکی زۆر زەرووری هەیە! ئەمجارەش جگەلە

(ئێمەیش نازانین) ڕستەیێکی دییان خستە سەر (ئەگەر دۆزیتەوە،
ناونیشانەکەیمان پێ بڵێ)

محمد ئەفەنی هیچی دەست نەکەوت، ئەوەی لاچەسپا، کەهەموو ئەم کرێچیانەش لەگەڵ خەجێدان، ڕەنگە بەجەزرەبەوە هەندێ شت بدرکێنن، نەخشەی بۆ ئەمەش دانا، دیسانەوە سەلاحی کردەوە بەمقاش:

-سەلاح ئەمانە ترسنۆکن، هەرچاویان بەقەڵافەتی تۆ بکەوێ، کەتوڕەی و هەڕەشەیان لێدەکەی ئەوا دەسبەجێ هەموو شتێکت بۆ دەردەکێنن.

لەمەیش سەلاح بەقسەی محمد ئەفەنی کرد، چووە حەوشەکە:

-دەتانگرن..لەژێرداردا پێتانی دەردەخەن..کەیفی خۆتانە

لەملایشەوە محمد ئەفەنی ئیشەکەی خۆی جێبەجێ کرد، بەچەند ڕۆژێ هەموو کرێچیەکان، یەکەیەکە، لەبەرەبەیاندا بانگێ دەکرانە (ئەمن) بەر لەپرسیار، بەجنێو تێهەڵدان خۆیان بە کرێچیەکان دەناساند ئەوجا پاش هەندێ پرسیاری بێ سەروبەر، بەرەڵلا دەکران، (ئەمن) هیچی دەستنەکەوت.

سەلاح زیاتر قۆڵی لێ هەڵماڵی، بەتایبەت کەمحمد ئەفەنی، نەشتەری زمانی خۆی لێ تیژ کرد:

-سەلاح من پێم وابوو زیرەکی و ئێرە جێی تۆنیە، کەچی هەر هیچت نەکرد، هیچت پێ نەکرا، نەتوانی ئەو (دەڵە قۆڕە) بدۆزیتەوە نازانم چۆن دەتوانی لەو ئەوروپا عەزیمەدا (شتێ) بدۆزێتەوە، خەریکە



لەتەسەوراتی خۆم بەرانبەر بەتۆ پەشیمان دەبمەوە، بێ قەزا بی (ئیش چۆن وادەبێ)؟ ئەوا لەم ئیشە بەسیتەدا سەرنەکەوتی..بابیینە سەر شتێکی دی.

سەلاح دەستەو نەزەر چاوەڕێی ئەمری محمد ئەفەنی دەکرد، گەلێ ترسی لێ نیشتبوو، سەفەرەکەی ئەوروپای لەدەست بچێ..محمد ئەفەنیش دەیویست بەهەر جۆرێ بێ شتێکی لێ هەڵکڕینێ، چاکترین شت (دوژمنە) شە**خصیە**کانی خۆیبوو، پێی وت:

-بزانم ئەمەیان چۆن دەدۆزیتەوە؟

-کێیە؟

-نایزانی؟

-ها.تۆ ئەمر بکەو هەقت نەبێ.

-دەترسم ئەمیش وەک (دەڵە قۆڕەکە)ئەرز قوتی دابێ

-تۆ هەر ناوەکەیم پێ بڵێ، لەبنی ئەرزیشدابێ پەیدای دەکەم

-ئەو فەرەیدوونە حەرام زادەیە.

-فەرەیدون!

-ئا..مەعقوول نییە، دایک و باوکی نەزانن لەکوێ دایە لەمەیاندا دەبێ..ئیتر بتبینم..

-تۆ چۆن ئەمر دەکەی من وادەکەم.

-ئەگەر بەقسەی خۆش فایدەی نەکرد، بەناوی منەوە هەڕەشەیان لێ بکە.

-ئەگەر هەرهیچان نەوت؟

-ڕاپۆرتیان لەسەر بنووسە

-چی بنووسم؟

-بڵێ داوای (پیتاکێ یان) لێکردووم..بڵێ پێیان وتووم پێویستە هەموو کوردێ، یارمەتی ئەو کوردە لێقەوماوانە بدا کە..

-ئەمەش بکەم؟

-کەیفی خۆتە..گەر بیکەی، ئەوا سەفەرەکەی ئەورووپا مسۆگەر دەکەیت..گەر نەیشی کەیت..ئەوا یەعنی..نازانم، بەڵام من دەپرسم: کامیان بۆ تۆ باشە، لێرەدا بمێنیتەوە یان بچیتە ئەورووپا بخوێنیت، دنیا ببینی، ڕابوێری..ها؟

-تەبعەن ئەورووپا باشترە

-ئێ دەوابڵێ..خەمیشت نەبێ، تۆ بڵێ شاهیدیش هەیە، ئەوا مامی خۆت چەند شاهیدێکیشت بۆ تەدبیر دەکات!

*

لەچەند ڕۆژێکدا سەلاح بووە ڕمووزنی گەڕەکێ، تەنانەت منداڵانی کۆڵانەکان دوورەبەردیان تێدەگرت و هاواریان دەکرد:

(-ئەمریکی..ئەمریکی..ئەمریکی..سەلاحیش شێت و هار دەبوو، ئەوەی دەهاتە دەمی نەیدەگێڕایەوە، چ کەسێکی گەڕەکێ مەرحەبای نەدەکرد..چ کەسێکیش جوابی سەلامەکەی نەدەدایەوە، ئەم ڕەفتارە سەلاحی شێتگیر کردبوو، دەستی نەدەپاراست..هەر ئەوە بوو، نەی



دەدایە کێو، هەندە بەقێزەوە سەرنجیان دەدا، دارو بەردیان لێ کردبووە دوژمن، تەنانەت محمد ئەفەنیش لێی بێزار بوو، هەموو ڕۆژێ لەوەخت و ناوەختا دەچووە لای و تاقە پرسیارەکەی دووبارە دەکردەوە:

-ئیشەکەم گەیشتە کوێ؟

محمد ئەفەنی خەمی ئەوەی هەبوو سەلاح بەبێ ئارەق لەدەستی دەرچێ. دەیویست هەر هیچ نەبێ:

(-خۆ دەبێ بای ئەو چەند دینارەی داومەتێ (ئیشی شەخسیم) بۆ بکات، خۆ لەوە ناچێ هیچی لەدەست بێت (خوێڕی دەرچوو) بەڵام هەر شتێکی پێدەکەم !

جوابێکی ئەوتۆی سەلاحی دەدایەوە لەبەینی (ئەبێ) و (نابێ) دابوو

*

ئەوەی نەشێو نەکرێ لەئەمن بەباوکی فەرەیدوونیان کرد، دەرۆژێ بەندیان کرد، بەکەفالەت بەریان دا، چ قسەیێکی‌نەکردبوو بەئاستەم ئیستفادەیان پێ بگەیێنێ، تاقە کەسێ کەدەیزانی فەرەیدوون لەکوێیە-ئەویش بەهۆی نامەیێکی ئەم دواییەی خودی فەرەیدوونەوە بوو-باوکی بوو، هەر پاش ماوەیێکێ باوکی فەرەیدوون خۆی گەیاندە لای کوڕەکەی، هەموو شتێکی بۆ باسکرد، هەر لەو پەیوەندییە بەتینەی نێوان محمد ئەفەنی و سەلاح، تاپەت پەتی کردن بەکرێچییەکان و ئەوجا وەزعی خۆی..بۆ یەکەم جار باوکی فەرەیدوون بەقسەی کوڕەکەی کرد کەبیستی:

-هەرتەنها ئەوەندەم لێت دەوێ بەوردی موراقەبەی ئەو دووانەم بۆ بکەو بزانە زۆربەی کاتی ئەو دووانە لەکوێدا دەبن و لەکوێ یەکدی دەبینن و هیچی تر!

باوکی فەرەیدوون حاڵی بوو، ویستی بڵێ: دەستی خۆت بەخوێنی ئەو سەگە پیسانە پیس مەکە، زەواڵیان بۆ پەیدا دەبێ کەچی نەیووت ئەویش سەبارەت بەوەی، لەسەرەتای قسەکانیا بەفەرەیدوونی وتبوو: (حەیف..سەد حەیف، پیاو نەماوە، دەنا کەی ئەو دوو گەوادە هی ئەوەن ئاوها بەو گەڕەکە بکەن!



# ٥

ئەحمەد ورو کاس ببوو، ناڵەی بۆمباکان و هاژەهاژی تەیارەکان لەگوێیەکانیدا دەزرنگانەوە زیکە زیکێکی پچڕ پچڕ لەنێو مێشکیدا هات و چووی دەکرد، جۆرە لەرزێکی بێ ئیرادە و تەزینێکی وەختی کاری لەجوولەی کردبوو، گەلێ وشەی پێویست بۆ ئەم کاتەی لەناخیدا مەیی بوون، دەم و زمانیشی لەگۆ چووبوون، جەستەی وەک زیپکەی لێهاتبێ، لەژێر کورتەک و شەڕواڵەکەیدا زبر ببوو، موەکانی لەشی ڕەپ ببوون، سەرو سەکوتی تەپ و تۆزاوی و ڕوخساریشی بەدووکەڵی ڕۆکێت و بۆمباکان مەیلەو ڕەش هەڵگەرابوو وەزعی چاکتر نەبوو لەوەزعی هەر هەموو هاوڕێکانی، ئەوانیش ئەم ئاسابوون، سێ چوار سەعاتی تەمەنێکی سەختیان بەسەربردبوو.

سێ و چوار سەعات لەمەوبەر، کەهەتاو تازە هەڵاتبوو چاوبازی لەگەڵ لوتکەکاندا دەکرد وەک سەرنجی ناز ئامێزی گەورە کچێ،

تیشکی شەرمنی بەسەر لق و پۆپی درەختەکان پەخش دەکردەوە، هێدی هێدیش بەنازەوە بەسەر زەویدا دەکشا، لەو کاتەدا ئەحمەدو نەسرین، لەگەڵ چەند هاورێیەکی دیاندا، شۆخیان لەگەڵ (هیوا) دەکرد، ئەویش بۆیان دەخنایەوە، لەپڕ دەنگی پێشمەرگەیێک-کەلەسەر بەرزاییێکدا حەرەس بوو-هەموویانی ڕاچڵەکاند، پڕ بەدەنگێ هاواری کرد:

-هات!

بەدەنگێکی گڕتر چەند جارێک ئەم (هات)ەی دووبارە کردەوە:

-هات..هات..هات

دۆڵ و شیو و دەربەندەکان، دەنگدانەوەی وشەی (هات) یان بەیەکدی دەسپارد، شەپۆلەکانی دەنگەکە، خۆیان دەکێشایە ڕەوەز و خەرەند، دەبوونە هاژە، بەرەو ترۆپک هەڵدەکشان..

نەسرین لەبەر (هیوا) لەهەموویان زیاتر شڵەژا، شێتانە پڕی داێیو لەباوەشی گرت، بەپەلە یەکسەر خۆی کوتایە کونە تەیارەیەکەوە-کەدەدوانزە شەقاوێ لێیانەوە دوور بوو-. ئەوەی وریا بوو، ئەحمەد ئاسا وەخۆ کەوت، دوابەدوای نەسرین بەرەو کونە تەیارە کە چوون، لەتەنیشتی یەکدیا خۆیان گرمۆڵە کردو دەمیان داچەقاند، هەندێ پێشمەرگەی دی، کە ، لەبەرئیشوکاری مقەڕ بۆ داربڕین و شتی دی دوور کەوتبوونەوە، پەنابەردو ئاودڕ باوەشی بۆ کردنەوە، ئەوەی کەزۆر دوور کەوتبوەوە هەر لەجێیەکەی خۆی، لەگەڵ زەویدا خۆی تەخت کرد، هەردوولەپی دەنایە



قەد گوێیەکانی، پەنجەکانی دەستی هەڵدەپێکاو سەری خۆی پێ دادەپۆشی.

هێشتا دەنگێ و دەنگدانەوەی (هات)ەکە نەڕەوی بووەوە، نەڕەی چوار تەیارەی (سۆخۆی) ئاسمانی تەنی، دووا بەدووای یەکێ دەرکەوتن. لەبەر تیشکی هەتاوەکە دەبریقانەوە، پاش ئەوەی بەئاسمانی ناوچەکە یەکدوو پێچیان خوارد، لەچاوتروکانێکدا دووانییان خۆیان داداو هەڵسانەوە، گرمەو ناڵەو تەپو تۆزو دووکەڵێکی ڕەشی خەستیان، پاش خۆ جێهێشت، هێشتا گرمەکان نەڕەوی بوونەوە، چەند گرمەیەکی دی لەسەر یەکێ، بوومەلەرزەئاسا زەویان لەراندەوە، ئەوانەی لەدەرێی کونە تەیارەکاندا بوون، گەر زاتیان هەبا سەیری ئاسمان بکەن، ئەوا دەیانبینی بەر لەهەر گرمەیێک بڵاچەیێکی گەلێ سپی و بەرین، بروسکە ئاسا تروکە بەچاوانیان دەهێنێ، هاوزەمان تێکەڵ بە گرمە دەبێ لەزەویدا بۆمباو ڕۆکێت دەتەقنەوە، لەئاسمانەوە دارو بەردو تەڵەزم دادەبارێ، تا بیست دەقیقەیێک کەرمەی بۆمباو هاژەی تیژی تەیارەکان-کەبەئارەزوی خۆیان و بێ ترس بەرزدەبوونەوەو کینەی پەنگاوەی ڕژێمیان دادەباراند، دۆزەخێکی بەرینیان دروستکردبوو،ئاگرەکەی بای ئەوە دەبوو، چڵکێ و ژەنگی دەرونی سەرکوێرکراوو خڵتەی ترسی دڵانی لەرزۆکێ بشواتەوە تا خوێنی خاوێن و دڵ و دەروونی پاکێ بکەنە باجی ڕێ.

ئەو بیست دەقیقەیە بەئەندازەی تەمەنێ بوو، تەمەنی کەسانی کلۆڵ و غەریب، کەهەرساتێکی کەیلی و کەسەرو زەلیلیان لێ دەبێتە ڕۆژ و مانگێ و ناگوزەرێ.ساتەکان درێژەیان دەکێشا، لەگەڵ هەر گرمەیێکدا دەروونی کەسانی نێو کونە تەیارەکان و ئەوانی بەدەرەوە بوون، دەهەژاو دادەخورپا گرمەکان بەقەد ئەوەی کاری لەناخ و لەدیوی ناوەوەیمرۆ دەکرد، وای گرمۆڵە دەکردن لەقەوارە حەقیقیەکەی خۆیان زۆر زۆر چکۆلە تر دەبوونەوە.

(-ترس مرۆ چکۆڵە دەکات..ئەگەر تائێستاکێ لەبوارە جۆراو جۆرەکانی ژیاندا قەدو قەوارەی پێویستیی خۆمان دەرنەکەوتبێ سەبارەت بەترس بووە، هەر ترسە کاری چکۆڵەکردنەوەی کارو بەهرەکانمان دەبینێ، جالەبەر ئەوەی سەرتاسەری مێژوومان هەر ترساوین، بۆیە بەچکۆڵەیی کەوتووینەتە ڕوو چکۆڵەیش هەمیشە ئەو کەسە بووە، بووەتە پاشکۆ، لەپەراوێزی ژیان و لەسێبەری کارو ڕووداوەکاندا تەراتێنی پێ کراوە، کاری ئامێری وەجێ هێنانی پێ سپێردراوە..دەشێ لەشێنەییدا قەدو قەوارەی دروستی خۆمان ببینین و خۆمان بناسین کە، چیین؟ چیمان دەوێت؟ بەڵام لەچ کات و شوێنێ ئاسودەییمان بەخۆوە بینیوە؟ چەند سەد ساڵێکە شۆڕش-ڕاستتر-جۆرە یاخی بوونمان بەئاشبەتاڵ سپاردووە ئاشبەتاڵیشمان کردووەتە هەنگاوی یەکەمی شۆڕش، ڕەنگە لەم دنیا بەرینەدا چ کەسێ وەکێ ئێمە نەبووبێتە وانەی مێژوویی و وەکوو ئێمە بەئەمانەتەوە شۆڕشی ئاشبەتاڵ و



ئاشبەتاڵی بەشۆڕش نەسپاردبێ، دەشێ شتێ لەم جۆرەکارانەی (ڕابردووی) ئێمە بووبێ، درۆ هەرە زلەکەی سەردەمی خستبێتە گەڕ کە گوایە (میللەت نامرێت) ئەدی ئەو میللەتانەی کەخاوەنی عیلم و فەلسەفەو شارستانیەت بوون، چییان لێهات؟

ترس مرۆ چکۆڵە دەکات. ئەوان-ئەو میللەتە زیندوانە-هەند زەوی و مێشکێ و دەروونیان داگیر کرد، بەرین و پەرت و بڵاوبوونەوە، ترسی ئەوەیان لێ نیشت بۆیان نەپارێزرێ، ترسان هەند ترسان، چکۆلەو چکۆلەتر بوونەوە، چوونە نێو یەکەوە گرژ بوونەوە، ترسەکەیان زیادی کرد تا توانەوەو نەمان.

ئێمەیش زۆر کەم بەتایبەت ئەو کاتە (کەمانەی) کە ترسەکانمان دەڕەوێتەوە، قەدو قەوارەی گەورەی پڤ تێکراومان دەکەوێتە ڕوو، وەکێ لەترس ڕەخساوێکێ ڕەفتار ناکەین، بەڵکو (خەڵکانێ) دەترسێنین. پف بەخۆدا دەکەین، خۆمان لادەگۆڕێو نوکە دەرزیەکێ فسمان دەکاتەوە، گرژ دەبینەوە، دەچینەوە یەکێ، ئیدی بەکێلی باوکی رەحمەتی خۆمانەوە دەنازین!

ئەمە پوختەی قسەکانی ئەحمەد بوو، کەلەسیمینارێکدا چەند ڕۆژێ لەوەبەر وتبووی..ئەو کاتە، گوێگرانی ئەو قسانە هەروەکێ قسە وەریان گرتبوو و بەس! کەچی ئێستا وشە بەوشە لەنێو کونە تەیارەکاندا، هەندەی گرمەی بۆمباکان دەنگێ دەدەنەوە.

دووکەڵ و تەپو تۆز، ئەو ناوەی تەنی، هەندێ وشە لەشێوەی پاڕانەوەو ناوهێنانی خوا بێ ئیرادە لەدەمی زۆربەیانەوە دەردەپەڕی، هەندێ جاریش بەتێکەڵ و پێکەڵی قسەی سەیر لە دەمیانەوە هەڵدەوەری. گەر کەسێک لەبەرزییەوە سەیرێکی ئەو دەڤەرەی کردبا، ئەوا بەپانتایی یەکدوو کیلۆ مەتری چوارگۆشە تەپ و تۆزو دووکەڵی ڕەش و خەستی دەبینی کەوردە وردە بەرەو ژوورتر هەڵدەکشان و پانتر دەبوونەوە بەری هەتاویان دەگرت. کەسەکە دەحەپەسا، واقی وردەما، سەد سوێندی قورسی دەخوارد کەئەوناوە زیندەوەری تیا دەرنەچووە، بەتایبەت گەر چاوی لەسەر ئەو ئاگرە پریشک هاوێژە ڕاگرێ کەچۆن پزیشکی خۆی لەم دارەوە بۆ ئەو دار لەم دەوەنەوە بۆ ئەو دەوەن و بنچک دەنێرێ و دەیکردە خۆڵەمێش ئەوا دڵنیا دەبوو پەلەوەری ئەو ناوەش دەرنەچوون.

پاش سێ و چوار دەقیقەیە بێدەنگی، یەک یەک و دوودوو لەکونە تەیارەکانەوە دەهاتنە دەرێ بەجۆرێ ڕەنگ و ڕوویان-چ لەترسا و چ لەبەر تەپ و تۆزو دووکوڵ -تێکچووبوو، تالەیەکدی نزیک نەبانەوە ، یەکیان نەدەناسییەوە، هی وایان هەبوو کاس و وڕو گێژ، زمانیان یا لەگۆ چوو بوو یا کاری ڕاستەقینەی خۆی نەدەبینی، بەبڵمە بڵمەوە وشەیان دروست دەکرد، هی واشیان هەبوو ڕەنگی مردووانی لێ نیشتبوو کەمیان لەو جۆرە کەسانەبوون لەکارەسات و ماتەمینیا، هەر بەزەردەخەنەوە



خۆ بخەنە ڕوو..یەکدوانێکیان نەبێ، کەلەو جۆرە کەسانە بوون تەنها (چ نیە)یان دەوت و زۆریش بێ دەربەست بوون.

کاتێ ڕووبەڕوی یەکدی دەبونەوە، هەندێ وەخۆ دەهاتنەوە یەکەم قسەیان ئەوەبوو:

-خۆشوکر سەلامەتی!

بەوشە چ وەڵامێکی نەبوو، هەردەست بوو بەئیشارەت وای دەنواند کە خوێن بەلەشەوە نیە، وردە وردە حەپەسانەکە ڕەوییەوە.

بەڕەوانی لەیەکدییان دەپرسی:

(خۆ زیانمان نییە)

ئەم پرسیارە لەسەر زاری هەموو بوو، هەرهەمووشیان دەستیان بەسەروسەکوت و سینگ و لارانی خۆیان دەهێنا، هەردوو لەپیان لەبەر دیدەیدا ڕادەگرت و بەسەر سوڕمانەوە دەیانڕوانییە هاوڕێکانیان، زمانحاڵیشیان دەیووت:

(-سەیرە چۆن بریندار نەبووم!)

لەپڕ جووڵەیان تێکەوت، بەناو یەکدیا دەهاتن و دەچوون دیسانەوە دەیانپرسی:

(-دڵنیان، زیانمان نییە؟)

تەنها (جارێ نازانم) دەبووە وەڵامی پرسیارەکە. تا لەپڕ دەنگی پێشمەرگەیەک، کەلەدووری سەدو پەنجا مەترێکدا بوو ڕاپچڵەکاندن، هەموو ڕووەو دەنگەکە ڕوویان وەرچەرخاند:

-فریاکەون..وەرن..فریاکەون

بەپرتاو بەرەو دەنگەکە ڕۆیشتن، تەنها نەسرین لەجێیەکەی خۆی نەبزوا، بەتوندی (هیوا)ی گوشیبووە سنگی و لەسەر یەک دەیووت:

-زۆر ترساوە..زۆر زۆر ترساوە

ئەحمەدو چەند پێشمەرگەیێکی دی، زوو تر گەیشتنەنزیکی دەنگەکە، بەیەکەوە پرسیاریان لەپێشمەرگەکە کرد

-ها..چیبووە؟

پێشمەرگەکە منداڵ کاربوو، وادیاربوو یەکەم جارە قەسفی تەیارە ببینێ، هەندێ پەشۆکابوو، ڕەنگ بەڕوویەوە نەمابوو، بەلاڵە پەتیانەوە بەپەلە دەیووت:

-هـ..ها..بریند..بریندارە

ئەمانیش وەک چۆن بەیەکەوە گوێیان هەڵخستبوو، ئاوهاش بە یەکەوە پرسییان:

-کێ..کوا..لەکوێیە؟

پێشمەرگەکە، نەیتوانی بەڕەوانیەوە هیچ شتێک بڵێ، ناچار بەدەست ئیشارەتی بۆ شوێنی کرد، کە دەمەتر لەدامێنی پێشمەرگەکەوە بوو، بەرەو جێی ئیشارەتەکە ڕۆیشتن، لەپڕ لەجێگەی خۆیاندا وەستان. سەرەتا سەرنجیان چەقی بەسەر تفەنگە بڕنەوەکەی.

عەلی بابا زادە، یەکدوو مەتریش بەلای خواروودا لەپەناگا بەردێکدا، عەلی بابە زادە لەسەر پشت کەوتبوو، پەڵە خوێنێکیش بەلای سنگیەوە



بوو، هەر کەئەمان گەیشتنە سەری، بەئاستەم سەری بەرز کردەوە، بەسەرنجێکی کەیل، یەک بەیەکیانی پێچایەوە، ئەمان مات و بێدەنگ و حەپەسابوون لەئاستیا وەک بت، بێدەنگ و جوڵە، زمان لەنێو دەمیانا وەک سەرنجە ساردو مەیووەکانیان سڕببوو بوو. عەلی بابە زادە هەوڵی دەدا، بەڕوو گرژیەوە نەکەوێتە ڕوو، زەردەخەنەیێکی ناوەخت و دەسکردی نایە سەر لێوانی خۆی، جارێکی دی بەسەرنج هەموویانی پێچایەوە، بەدەنگێکی نزم و ئیشارەتی دەستی چەپی ئەحمەدی بانگ کردە لای خۆی. ئەحمەدو ئەوانی دیش، بەجارێ نزیک بوونەوە، لەدەوریا هەڵتووتان، ویستیان بەچواردەستە بەرزی کەنەوە، عەلی بابە زادە ڕایانی گرت، بەپچڕ پچڕی پێیانی وت:

-خ..خۆ..تان ئەزیەت مەدەن..لێم گەڕێن

ئەمان وەک ئاوی ساردیان بەسەرا کرابێ ئاوها لەجێیەکەی خۆیاندا وەستان، چاویان بڕیبووە ڕوخسارە ڕەنگ بواردووەکەی ئەویش وردە وردە قسەکانی ڕەوان دەبووەوە، بەئەحمەدی وت:

-تفەنگەکەم.

بەجارێ سێ و چوارێکیان وەرچەرخان، بەپەلە ڕووەو تفەنگە بڕنەوەکەی چوون و هێنایان

-ئەمەتا..فەرموو..

-لەسەر سینگم داینێن.

تفەنگەکەیان لەنزیک سنگی و لەسەر زەوییەکەدا دانا

-نا..بیخەنە سەر سینگم.

بەقسەیان کرد، هەموو بێدەنگ و دەسەوەسان بەرانبەر خوێن لەبەر ڕۆشتنەکەی سینگی وەستابوون. خوێن بەر بوونەکە هی ئەوە نەبوو بەوان ڕابگیرێ، چ کەسێکیان لەکاری پزیشکی شارەزاییان نەبوو، نەیان دەوێرا چ شتێ بکەن.

عەلی بابە زادە دەستی لەسەر لوولەی تفەنگەکە گیر کرد هەند بەتوندیەوە گوشی، هەموو هێزی لەشی گواستبووەوە سەر پەنجەکانی دەستی، زۆر هەوڵی دا تفەنگەکە بەرەو ژوورتر هەڵ کێشێ، هەندێ تاقەتی بەسەرا شکا، پاش ئەم کارە زەردەخەنەیێکی گەشی خستە سەر لێوانی، چاوانی دەبریسکانەوە، لەسەر یەک وتی:

-ئەحمەد..برادەران..هەرلێرەدا..هەر لەم شوێنە بەم تفەنگەوە بمنێژن، هەر لێرەدا..گەردنم ئازاد..ماڵئاوا..ماڵئاوا..

یەکدوو جار، وەک پاڕانەوە لەسەر یەک و بەڕەوانی قسەکانی دووبارە کردەوە، لەگەڵ قسەکانیا هەوڵی لەڕادەبەدەری دەدا لوولەی تفەنگەکە لەدەمی خۆی نزیک کاتەوە، کەچی توانای بەسەردانەدەشکا، داوای یارمەتیشی لەکەس نەدەکرد، ئەوانەی دەوروبەریشی لێی نەدەگەیشتن. سێ چواردەقیقەی قورس، قورس تر لەو دەقیقانەی کەتەیارەکان بۆمبابارانیان دەکرد، ئاڵایە تەمەنی ئەوانەی دەوروبەری عەلی بابەزادە کەبارە خەمێکی قورس هەڵیتروشکاندبوون، ورتەیان لەدەم نەدەهاتە دەر، نەیان دەزانی چ بڵێن، گەرمەبەستی وتنی شتێکیان هەبا، ئەوا



باوەڕیان بەدەم و زمانی خۆیان نەبوو، ساتەکان چەقی بوون، نەدەگوزەرین..سەرنجەکانیان جارجارێ لەسەر ڕوخسارە چرچ و کزەکەی عەلی بابە زادە دەگواستەوە سەر ئەو پەڵە خوێنەی لای ڕاستی سنگی کەبەسەر کورتەکەکەیدا ڕووەو زەوی دادەچۆڕا خۆڵیش خوێنەکەی هەڵدەمژی، ڕەنگە سوورەکەی دەگۆڕی مەیلەو قاوەییدەکەوتە ڕوو.

(ئەوان) هەموویان چاوەڕێی مردنی عەلی بابە زادەیان دەکرد، کە وردە وردە وەک تەنگە نەفسێک هەناسەی دەکێشا، هەوڵی دەدا زەردەخەنەکەی سەر ڕوخساری خامۆش نەبێتەوە..زۆری نەخایاند زەردەخەنەکە بەسەر لێوانیەوە مەیی، یەکێ لەپێشمەرگەکان چاوانی بۆلەیەک نا، بەپەلە وەخۆ کەوتن، هەر لەهەمان شوێندا، گۆڕیان بۆ هەڵکەند، تفەنگە بڕنەوەکەشیان لەگەڵدا نایە قەبرەوە..هەر کەلەم کارە بوونەوە، بەسەرنجی پڕ مانای کامڵ نەبوو دڵی یەکدیان دەدایەوە، هەریەکە بەبێ دەنگی بەرەو کارەکەی خۆی گەڕایەوە، ئەحمەدیش بەسەرتاسەری پەیوەندی ئەم پێنج شەش مانگەی نێوان خۆی و عەلی بابەزادەدا دەهاتەوە، لەدڵەوە گەلێ دڵگیر بوو (ئیستایش)، وڕو کاسە ناڵەی بۆمباکان و هاژەهاژی تەیارەکان لەگوێیەکانیدا دەزرنگێتەوە، ڕوخسارە چرچ و زەردەخەنە مەییوەکەی عەلی بابە زادەیش بەرچاوی بەرنادەن!

*

زۆربەی پێشمەرگەکان، بەدڵ خەفەتیان بۆ عەلی بابە زادە دەخوارد، ناحەقیان نەبوو، لەچەند سەریکەوە قەرزارباری ئەو بوون، هەرچی پارەو پووڵێ لەتەمەنی ئاوارەییدا پەیدا کردبوو، هەر هەمووی دابەش کردبوە سەریان و بەزمانە سادەکەی وتبوی:

-من ئێوەم هەیە..چ لەپارە بکەم..ئێوە هەموو شتێکی منن ئێوە هەن، منیش پیاوم، چون لەنێو پیاواندام پێویستم بەپارە نیە. دەڵێن پارە بۆ ڕۆژی ڕەشە، گەر پیاو لەنێو پیاواندابێ ڕۆژی ڕەشی نابێ، گەر ڕووشی تێبکات ئەوا بەپیاوەتی ئەو ڕۆژە ڕەشە دەبەزێنن.

جگەلە پارەو پوڵیش-هەر کەئاشبەتاڵ یەخەگیری سەراپای میللەتێ بوو-تفەنگێ بەنرخی (بەلاش) دەفرۆشرایە ڕێیەکان، زۆربەی (کەسان) بەنوکە شەق لەسەرەڕێ لایاندەدا عەلی بابە زادە لەشێوەی کڕنۆش بردنا، بۆیان دادەنەوییەوە هەڵی دەگرتن، ماچی دەکردن،لەئەشکەوت و کونە شاخدا، دەیانی پاراست، تەنانەت تاقەفیشەکیشی لەسەرە ڕێ هەڵدەگرت، تێی ڕادەماو بەخەمێکی خەستەوە دەیلاواندەوە، زۆرشتی کەڵەکە کردبوو،ماوەییەک بەتاقەنەفەرێ لەچیاکاندا مایەوە، هەرکەپێشمەرگەی بینی بەرەو پیریان چوو، باوەشی پیادا دەکردن یەک بەیەک ماچی دەکردن، دەیان جار (ئۆخەیی) دووبارە دەکردەوە:

(نەمردم ئەمجارەش ئێوەم بینییەوە)

شارەزای هەموو کون و کەلەبەری چیاکانی کردن، چەکە شاراوەکانی دەرهێنا بەسۆزێکی باوکانەوە دەیووت:



-هی ئێوەیە..توخوا سەر شۆڕیان نەکەن!

لەلاییکی دیشەوە، لەم ماوەیە لەبارەگادا هەموو ڕۆژێک خەفەربوو، هەرکەسێکی دی خەفەربا، عەلی بابە زادە یارمەتی دەدا، خۆی وەتەنی: (یەکێک لەناخمدایە، ڕەنگە عەلی بابە زادە ئەسڵەکەبێت. ئەمرم پێ دەکاو پێم دەڵێ، نابێ بووەستی، ئیش بکە، ئیش بکە، چ ساتێکی تەمەنت بەفیڕۆ مەدە..ئیشێ بکە، هەرئیش بێ، ناتوانم دانیشم و بێ ئیش بم، دەبێ بجولێمەوە..

عەلی بابە زادە چاوی لەوەنەبوو، بەتەمەن لەهەموویان گەورەترە، هەرخۆی دەیووت:

گەورەیی لەخزمەت کردندایە،

خزمەتی هەرهەموویانی دەکرد، ڕازیش نەدەبوو لەحەرەسیاتا ناوەکەی لەسەرەتا، یا لەسەعاتەکانی یەکەمی شەو دابا، دەبا لە **١٢** بۆ**٢**یا**٢** بۆ چوار نۆرەی حەرەسیاتی با..تەنانەت (هیوای) چکۆلەیش دڵی پێ دەکرایەوە.

❊

کەم کەس هەندەی هیام خەمی بۆ نەمانی عەلی بابە زادە خوارد بەغەریبێکی گەورەی خاوەن دەردە دڵ و کڵۆڵێکی پتەو نەبەزیو لەقەڵەمی دەدا، لەلای هیامدا ببووە نموونەی هێزی بێ ئومێدی بەزێن و کەسی باوەڕ بەخۆ، کەتوانیویەتی لەدووا ساڵەکانی تەمەنیا، سەر لەنوێ بۆ خۆ دروست کردن هەنگاوی مەحکەم بنێ بەنەفسی درێژو

تەحەمولی لەئەندازە بەدەر، ڕووبەڕووی خۆی و مێژووی خۆی و دەوروبەرو تەوس و گاڵتە جاڕیان بوەستێ و لەماوەییێکی کەمدا، لەسەر حیسابی بەزاندنی ڕابوردووی خۆی و سەرنجی خەڵکانی قەشمەری خوازبناغەییێکی دروست بۆ بوونی خۆی دامەزرێنێ.

جار جارێ هیام و عەلی بابە زادە بەتورکمانی و ئازەریبەیەکەوە قسانیان دەکرد، دەردەدڵیان هەڵدەڕشت، هیام بەشێوەییێک خەمبار بوو،گەر شەرمی لەهاوڕێکانی نەکردبا، شین و شەپۆڕێکی گەرمی بۆ ساز دەدا..خەمی نەسرینیش چ لەوانی دی کەمتر نەبوو، چونکە عەلی بابەزادە تاقە کەسێ بوو پرسیاری ساکاری ئەوتۆی بەهێزی دەکرد، نەسرین بۆ وەڵامدانەوەی دۆش دادەما.

سەرەپای پرسیارەکانیشی:

(بۆ ئاشبەتاڵ بوو؟)

(خەتای کێ بوو؟)

(خۆمان؟)

(خەتاکەمان چی بوو؟)

(لەچ شوێنێکدا هەڵەی کوشندەو گەورەمان کرد؟)

(ئەرێ دەکرا بەشێکی پێشمەرگەکان مل کەچ نەکەن و بەرگری بکەن؟

(بۆ نەیانکرد؟)



نەسرینیش گەلێ بەوردی، وەڵامی یەک بەیەکی پرسیارەکانی دەدایەوە، بەشێوەیەک دەدوا عەلی بابە زادە تێی بگات، گەلێ کەیفی بەنەسرین دەهات، خۆی لەئاستیا وەک قوتابیەکی گوێ ڕایەڵ دەبینی، هەر لەو ماوەیەدا بەهۆی نەسرینەوە فێری خوێنەواری بوو، زیرەکییەکی ئەو تۆی نواند کەم کەس لەو تەمەنەدا پێی دەکرێ، بەچەند مانگێک ئاستی خوێندەوارییەکەی بگەیەنێتە ڕادەییێک، بێ یارمەتی چ خوێنەوارێک نامە بخوێنێتەوە، نامە بنووسێ..هەر کەفێری خوێنەواری بوو قسەییێکی ئەو تۆی کرد، هەر هەموو پێشمەرگەکانی حەپەساند:

شۆڕش وادەبێ..شۆڕش یانی فێرکردنی خڵک و هاندانیان، کەبەرەو چاکە هەنگاو بنێن و لەخراپە دوور کەونەوە، چەنی چەن ساڵە بەناو پێشمەرگە بووم، تەنها چەک بەدەست بووم، چەک بەدەستێکی گێل، هەندێ جار وریا، پێیان ڕادەبواردم، منیش بەوانم ڕادەبوارد، جگەلە هوشەبازی فێری چ شتێکیان نەکردم، درۆیان دەخستە سەر زمانم و منیان دەکردە بریکار، لەبری دەمی ئەوان، کەلیمەکان لەدەمی منەوە دەهاتنە دەر، هانیان دەدام بەهوشەکانی خۆیان-کەمن دەمووت- سەرگەرم دەبوون-بەحیساب سۆزی شۆڕشگێڕیان هەڵدەچوو (کەفی) دەکرد! ئەو سەردەمە من واتێگەیشتبووم، دڵسۆزی بۆ شۆڕش، سەرگەرم کردنی (مەسئولەکانە)بۆیە لەو ڕووەوە بێ قسوور بووم، ئێستایش بەهۆی ئێوەو لەسەرووی هەموتانەوە نەسرین خان فێری کردم. دڵسۆزی

بۆ شۆڕش لەوەدایە: کەفی بەپەلە هەڵچووی ئەو زەلامانەی لەلەگەنە ئاوێکدا مەلە دەکەن، بەفو دامرکێنم نەسرین تێی گەیاندم کەئینسانم.

ئەم قسانەی عەلی بابە زادە هەلێکی چاکێ بوو بۆ مامۆستا سەرکەوت، تاچەند قسەیێکی کادیرانەی لەجێی خۆ بکات:

-کاری کەسانی شۆڕشگێڕ، شۆڕشگێڕاندنی خەڵکە، ئاگادار کردنەوەو ڕاهێنانیانە، شۆڕش هەرگیز بەچەکێ و تەقەو کوشتن و کوشتن کاری شتێ بەشت ناکات، گەر کەسێکێ خۆی قاڵ نەکات، لەنێو ڕەوشت و ڕەفتاری نوێی خۆیدا نەیانخاتە گەڕ، گەر ئەمە نەکەین، ئەوا لەچاکترین حاڵەتمان دەبینە ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەین بەخوێنی خۆ و خوێنی دوژمن نەگریسانی دەسەڵاتدار بەنەگریستر بگۆڕینەوە، ئەمەش کاری دوژمنانی جەماوەر ئاسان تر دەکات واتەئیشی بەسوود بۆ دوژمنانی خۆمان دەکەین.

هەر کە عەلی بابە زادە ئەم قسەیەی بیست، هەر ئەوە بوو لەخۆشیا باڵی نەدەگرتەوەو بفڕێ.

*

ژیانی بیست و چوار سەعاتی ڕۆژانەیان، جۆرە یاسایێکی گرتبووە خۆی، هەموویان سەعات شەشی بەیانی دەبا لەخەو هەڵسن، خەفەر نان و چا ئامادە بکات، پاش سەعات دەی بەیانی، کۆ دەبوونەوە، زۆر جار مامۆستا سەرکەوت قسەی دەکرد، هەندێ جاریش نەسرین، قسەکانی مامۆستا سەرکەوت جۆرێ بوو لەتێکەڵ کردنی تەجربە زیندووەکانی



ژیانی میللەت و ئەو تیپۆرە بەسوودانەی کەمیللەتانی دی لەئەنجامی تاقی کردنەوە وەدەستیان هێناوەوپێی سەرفراز بوون. هەرچی نەسرین بوو بایەخی دەدایە تەجرەبە مەزنەکانی میللەتانی دی، قسەی گەورە پیاوانی مێژووی دەکردە بناغە بۆ قسەکانی خۆی. گەلێ جار لەنێوان مامۆستا سەرکەوت و نەسرین دا جۆرە توندوتیژییێکێ ڕووی دەدا و چەند سەعاتێ موناقەشەیان دەکرد، سەرەنجام بەوە دەشکایەوە، جارێ پێویستمان بەزیاتر خۆ پەروەردەکردن هەیە، ئەمەیش مەیسەر نابێ گەر هەوڵ نەدەین کتێبخانەیێکی چکۆڵە دروست نەکەین، بەهەر جۆر بوو لەڕێی شارانەوە چەندین کتێبی بەنرخیان لەنێو نیمچە ژوورێکدا کۆکردەوە، هەربەهۆی نەسرینەوە هیامیش کەوتە خولیای خوێندنەوەو خۆ فێرکردن، ئەگەرچی لەژیانی ڕۆژرانەدا، ئەحمەد کەمتر قسەی دەکرد، هەندێ جاریش پوختەی ئەو کتێبانەی دەکردە کوردی، زۆر بەی وەخت دەوری دەکردەوە، یاداشتی ڕۆژانەی دەنووسی..هەرچییەکی کردو کۆشا نەی توانی تاقە دێڕێکێ لەئاستی مەرگی عەلی بابە زادەدا بێ، تۆماری بکات، دۆش داما هەرچەند بیری خۆی گوشی و ئەمسەرو ئەوسەری بەفکری خۆە کرد، بێ سوود بوو، لەنێو لاپەڕەیێکی نوێی یادنامەکەیدا بۆ شاییکی هێشتەوە، حەزی دەکرد لەبری وشە، وێنەی عەلی بابە زادەی تیا بکێشێ.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەی عەلی بابە زادەی تیا شەهید بوو ئەحمەد ئۆقرەی بەخۆی نەدەگرت، گەرچی ساڵانی **٧٤-٧٥**دەیان هاوڕێی بەجەرگێ

و  و دڵسۆزی شەهید بوون، هی وایان هەبوو، تەنیا باڵ و ڕەشە خێزانێکی بەجێ هێشتبوو، لەگەڵ نەمانیان ماڵ و منداڵیان دەسپاردە ئاوارەیی و هەژاری، هی واشیان هەبوو بێکەس، ڕێی خۆیان دەسپاردە کەسانی مانەندی خۆیان تا بەردەوامی بدەنێ و گیانی خۆیان بەو بەردەوامییە شادکەن، زۆر لەو هاوڕیا یانەی شەهید بوون، هەموو بەلای ئەحمەدەوە خۆشەویست بوون، بەڵام چ کەسێکیان ئەوەندەی شەهید بوونی عەلی بابە زادە کاری لێ نەکردبوو، چونکە ئەوانەی کەپێشوو تر شەهید ببوون هەر بەهەواڵ بیستبووی، ڕووی نەدابوو هاوڕێیەکی خۆی لەسەرەمەرگا ببینێ، ئەمڕۆ عەلی بابە زادەی دەبینی  بەبێ دەنگییەوە ئازاری دەچێژت دەچێژێ، کەچی ڕەنگێ و ڕووی ئەوەی نەدەنواند، کەمەرگێ ئەو شتە ترسناکەبێت  ئەوە ناهێنێ کەسان لێی بترسن مادامێکی مەرگێ هەر ڕوو بەرووی مرۆ دەبێتەوە. ئەحمەد پێی وابوو چاکتر وایە مرۆ جۆرە مەشقێ لەنێو دڵ و دەروون و مێشکی خۆیدا دروست بکات بۆ ئەوەی بەبەختەوەری یەوە ڕووبەڕووی ئەم دووا تاقی کردنەوەیە بێت و لەزەتی لێ وەرگرێ.

ئەحمەد لەنێو چرچەکانی ڕوخسارە ڕۆژگار دیدەکەی عەلی بابە زادەدا کەچیتر ڕۆژگار ناتوانێ چ زەبرێکی خۆی پێ بنوێنێ  شێوەی چەندین جۆرە مەرگی تیا دەبینی: بەخۆی دەگوت ئەڵبەتە منیش دەمرم. بەڵام چ تێشووێکی ئەو تۆم بۆ ئەم دووا تاقی کردنەوەیە پێ نیە، مادامێ مەرگێ ئەو شتەیە دەبێ ڕووبەڕووی ببمەوە، دەبێ پێش



وەخت خۆمی بۆ ئامادە بکەم، تەیاربم، بۆ ئەوەی بتوانم کەسایەتی دروست بۆ خۆم هەڵبژێرم، دەبێ هەوڵی وەدەست هێنانی مەرگێ بدەم، هەندەی ژیان شکۆداربێ، مەرگێ بێ خەڵکان لەبەر چاوی بگرن، خۆزیای پێ بخوازن. دیارە تا بەر دیدی خۆم ڕۆشن نەکەم، بەڕوونی شتەکان نەبینم، ناتوانم شێوە خواشتەر خوازەکەی مەرگی خۆم بەڕوونی ببینم، دەبێ بەرچاوی خۆم ڕوون کەم.

*

هیام پاش ئەوەی لەم و لەو هەواڵی فەرەیدونی زانیبوو، ڕۆژ بەڕۆژ لەڕو لاوازترو بێ تاقەت تر دەبوو، گەشیەکەی ڕوخساری خامۆش ببووەوە، ڕەنگی دڵ مردوانی لەش داهێزراوی لێ نیشتبوو، گەرچی ئەحمەد و نەسرین گەلێ هەوڵی ئەوەیان دابوو کەبەهیچ جۆرێ نەهێڵن ئەو دەنگێ و باسەی سەلاح هێنابووی بگاتە گوێی هیام، کەچی خێرەو مەندان هەر بەپەلە ئەم خەبەرەیان دایێ.. گەر نەسرین لەوێدا نەبا، گوێی لەدەردە دڵی نەگرتباو دڵی نەدابایەوە، ئەوا تەحەمولی نەدەکرد، زوو زوویش نەسرین دوبارەی دەکردەوەو پێ دەووت:

-هیام خان نابێ تۆ بەهەموو قسەیێکێ باوەڕ بکەی.

-ڕاست دەکەی بەڵام..

-بەڵامی چی، قسەبکە

-دەڵێم دڵم خەبەری خراپی پێ داوم!

-گریمان بەشێکی ئەو قسانەی کەدەکرێ ڕاست بن، خۆئەمە مانای ئەوە نیە خەتێکی ڕاست و چەپی بەسەردا بێنی و ڕێی بەخۆدا هاتنەو خۆ چاکردنی لێ بگری، پێم وایە فەرەیدوون (ئێستا) لەم وەزعەی دا لەهەموو کاتێ زیاتر پێویستی بەتۆیەو تۆ دەتوانی یارمەتی بدەی..ڕاستە ئەو دوورەو..بەڵام لەڕێی نامەوە دەتوانی یارمەتی بدەی..تۆ دەتوانی دەستی بگری. ڕاستە گلاوە، بەڵام لەبێ تەجروبەییەوە بووە، گەر هەڵسێتەوە یانی تۆ یارمەتیی بدەی هەڵسێتەوە ڕەنگە ئیدی زۆر بەزەحمەت بگلێ.

هیام لەم ڕووەوە چ قسەیێکی نەکرد، یادەکانی خۆی کاوێژ دەکردەوە، هاوڕێیەتی لەگەڵ نەسرین دا هەندە پتەو ببوو، بێ پەروا بەڕاشکاوی باسی هەموو شتە تایبەتیەکانی خۆی بۆ کردبوو تەنانەت باسی دووا شەوی یەکدی بینینیانی بۆ کردبوو، کەچی لەبەینییاندا ڕووی دابوو..

(ئەو شەوە، هەناسە بڕکێ لەئەندازەبەدەرەکەی هیام و فەرەیدوون ببووە دووکەڵی ئەوجەنگەی کەناخی هەردووکیانی کردبووە مەیدان..جەنگێ بوو، شەرم و حەز لەپۆپەی ناکۆکی بەگژ یەکدیدا دەچوون و دووا توانای خۆیان خستبووە گەڕ، شەرم دەیویست لەکات و شوێنێکی ئاوهادا بەهەموو سەنگی خۆیەوە، لەمەیداندا خۆی بسەلمێنێ تازەبرو زەنگی قورس تر بێو بینا قاقای حەز چاکتر بگرێ و بیتاسێنێ، ئەوا پێناسە دروستەکەی خۆی چاکتر دەخاتە ڕوو شایستە تر دەبێ،



کەهێلانەی جاویدی لەناخدا دروست بکات..حەزیش خۆی بە (ئەسڵ) و خاوەن (حەق) دەزانێ، چ سنووری نەریت و نەتەوەو ئاین و ڕەنگێ، نەیتوانیوە کۆتی بکات و بیجەڕێنێ هەمیشە سەرکێش و یاخی بووە، بەسەربەستی لەنێو گەلێ ناخی بێ گرێدا هاتوو چووی کردووە، گەلێ گرێ کوێرەی ناخی سەرکوێرکراوانی کردووەتەوە..حەز لەگەڵ بووندا هەیەو دەبێ بمێنێ و بجەنگێ، لەسەرکەوتنیا، دەبێتە شەقڵ و مۆرکی ئینسانی بە (ئینسان) دەبەخشێ! لەبەزینیشدا درۆو فرت و فێڵ و وراوو چاڵ و پاشقوول و خیانەت و داوێن پیسی دایدەپۆشێ.

حەز خۆی بە (ئەسڵ) و شەرم بەداگیر کەری نامۆ لەقەڵەم دەدا.

شەرم، تۆوێکی چکۆڵەی نیمچە مردووی ئاین و ڕەوشتی باو نەریتی نەتەوە و گەڕەکێ و شارە، قسەی دایکێ و باوکێ، ئاوی دەدا، دەڕوێ...سەرکوێری، ڕەگێ و ڕیشەی پێ دادەکوتێ (جێی) حەز داگیردەکات، سەرئەنجام دەبێتە دەمامکێکی دەست کردی بزەدار لەڕووی حەز لەڕوو دەنرێ.

شەرم، فەرەیدوون و هیامی سارد دەکردەوە، حەزیش دەیبزواندن، گوڕی گەرمتری پێ دەبەخشین، لەو کات و شوێنە هیام و فەرەیدوون لەبەر چاوی یەکدیدا، هەریەکەو ببووە کێوێکی سەختی نهێنی و دنیایێکی تەلیسماوی، تەنها بەجڵەو شلکردنی حەزیان دەیانتوانی، ئەو کێوەنهێنییەی یەکدی بتوێننەوە..

هیام و فەرەیدوون، بێ ڕێکەوتن، هەر یەکە لەلای خۆیەوە (بێ ئومێدی) بڕیارێکی هەرە سەختی پێ دابوون، بەدەس نیشان کردنی ئەنجامی (هەرچی دەبێ بابێ) خۆیان ئامادە کردبوو. ماوەیەکی زۆر بوو، هەریەکەیان ئەو بڕیارە دەنکێ و دەرنەبڕاوەیان لەناخی خۆیاندا تاوتووێ پێدەکردو دەیاننواند، دەیان شەو چ بەخەو چ بەزندە خەو، بڕیارەکەیان وەجێ دەهێنا، لەخەوندا ڕێ بۆ شەرم نەدەماو نەدەبووە بەربەست، حەز بێ سڵ و ترس دەبووە شاسواری مەیدان..کەچی هەر کەڕۆژ دەبووەوە (حەز) نەدەوێرا (لەبەر تیشکی هەتاو خۆ بخاتە ڕوو) ئیدی خۆی لەمەڵاس دەنا، بۆشەبەیخون وەخۆ دەکەوت، چونکە (شەرم) لەڕۆژدا و لەبەر (چاوانی خەڵکدا) دەبووە چەپۆکێکی قورس و حەزی سەر کوێر دەکرد.

هیام و فەرەیدوون، هەر یەکە لەلای خۆیەوە ڕووەو بێ ئومێدییێک دەسەوسان بوون، پێیان وابوو چ کێشەیێک لەدنیادا هەندەی گرفتەکەیان سەخت و قورس نیە، دەبێ پشت ئەستوربن بە خودی خۆیان و بەس، دژ بەهەموو شتێکی دەوروبەر بوەستن و شان بدەنە بەر ئەو گرفتەیان..هەرچی فەرەیدوون بوو بێ ئومێدیە کەی خەستر بوو، دەیویست لەیەک کاتدا بێ باجی قورس بەشێکی ئومێدەکانی جێبەجێ بکات، بێ ئابروو چوون و لادان لەنەریتی باو بەپێی ئوسوڵ شتەکان مەیسەر بکات، سەرەتا خەڵک و خوا بنێرێ بۆ داخوازی هیام بەڵکو (ئێ) دڵی باوکی نەرم کەن، کەچی زۆر چاک دەیزانی ئەمەیان هەرگیز



نابێت، بێ تەڕ بوونیش ماسێی پێ ناگرێت، بەڵام ئەو جۆرە بیر کردنەوەیە چاک بوو هەندی خۆی دەخەڵەتاندو تەسکینی بەدڵی خۆی دەهێنا. هەرچی هیام بوو دەستی لەو جۆرە ئوسولە شۆردبوو، لێی عەیان بوو ئەوەی فەرەیدوون دەیەوێ (حەقە) بەڵام بەو شێوە یە وەدستهێنانی خەونە، خەونێکی ڕووتی شێتانەیە، پێی وابوو، شێت ئەو کەسەنیە کەشتی نابەجێ بکات. بەڵکو ئەو کەسەیە، لەسەر ڕەسم و دەستوور ونەریتی کۆن دەقی گرتووە، بەنابەجێیان دەزانێ کەچی هیچ ناکاو خاوەنی ئومێدی گەورەیشە!! لەم ڕووەوە هیام ڕێک پێچەوانەی فەرەیدوون بوو، پێی وابوو مرۆ بەم شێوەیە بێ ئەوادەگەنێ و قەوزە دەگرێ، سەرەتا دەبێ ئەو مەنگییەی خۆی بشڵەقێنێ.

هیام چیدی تەحەمولی چاوەڕێ کردنی بێ هودەی نەمابوو، دەیزانی هەرچەند مانگێ و ساڵێکی دییە، محمد ئەفەنی باوکی لەبری خۆی بڕیاری بۆ دەدات، پاش سەوداو خاتر و ختور، دەیخاتە باخەڵی یەکێکی خۆپەسەند و مانەندی خۆی..جابەر لەوەی ئەو بڕیارەی بۆ بدەن، هیام خۆی بڕیاری بۆ چارەنووسی خۆی دابووئەویش بەپیرۆز ترین داو، دڵی خۆی و فەرەیدون بەیەکەوە ببەستێ! بەسەرنج کەم تاکورتێ بڕیارەکەی خۆی لەفەرەیدون گەیاندبوو، داوای لەفەرەیدون کردبوو ئازا بێ،(سەرکەوتن هەر بۆ ئازایە) چەند جارێ ئەم قسەیەی دابووە بەرگوێی، ناچار بو داوای لەفەرەیدون کرد، بەهەرجۆرێ بێ درەنگی شەو بچێتە

مالّیان، فەرەیدون دەترساو دوو دڵ بوو، تاجارێکیان بە حیدەتەوە پێی وت:

-پیاو ئەو پیاوەیە نەترسێ!

ئەو قسەیەی هیام کاری لەدەماری پیاوەتی فەرەیدون کرد بۆ ئەوەی بۆ هیام و بۆخۆیشی بسەلمێنێ کە پیاوەو ناترسێ، پێی بەجەرگی خۆیانا، لەگەڵ هیامدا ڕێکەوت، لەنیوە شەوێکدا هیام دەرگای دەرێی بۆ کردەوە، چووە ژوورێ، هەندە خۆی هاندابوو کەترس لەدەرێی دەرگادا بەجێ بێڵێ کەچی ئەو خۆهاندانە سوودی نەبوو، بەکۆڵێ ترسەوە ئاودیوو بوو، هیام بەچپەوە پێی وت:

-دووام کەوە، ئاگات لێ بێ دەنگت لێوە نەیێت.

وردە وردە لەناردووانەکەوە سەرکەوتن، چوونە سەربان، هیام دەرگای سەربانی بەکلیل داخست-کەپێش وەخت ئامادەی لەئەندازە کردبوو- ئاسمانێکی تەنراو بەهەزاران ئەستێرەی جریوەدار، دەیڕوانییە هیام و فەرەیدون، هەناسە بڕکێی لەڕادەبەدەرەکەیان،تاقەدەنگی ئەو نیوەشەوەبوو، هەرکەهیام لێوی لەلێوی فەرەیدوون نزیکێ کردەوە، لەرزو موچوڕکێکی سەیر هەردووکیانی گرتەوە، کەجەستەیان بەیەکەوە نووسا، تەزوییێکی بەتین ڕاپێچی کردن دنیای شەوو بێدەنگی ترسی پێ لەبیر بردنەوە، فەرەیدون تینی دایە بەر خۆی، دەستی چەپی لەکەمەری هیام ئالاّند، زیاتر چەسپاندیە خۆی، مەمکە قیت و تورتەکانی هیام خۆیان لەسینگی فەرەیدون گیر کرد، هەستیان دەکرد هەرچی مۆخی نێو



ئێسقانەکانیان هەیە دەتوێتەوە فەرەیدون بەدەستی ڕاستی دووگمەکانی کراسەکەی هیامی داترازاند، جووتێ مەمکی خڕو کێوی سرکێ، لەبەر ڕۆشنابییە کزەکەی ئەو ئەستێرە، بەخشەندانەی ئاسمان، کەوتنەڕوو، یەکدوو گەندە مووی یاخی، بەدەوری گۆپکە یاساوڵ ئاسا قیت ببونەوە، تەنها لێوی بەجورئەت دەتوانێ دەستەمۆیان بکات. فەرەیدون بەئاستەم لێوەکانی لەگۆپکەی مەمکی نزیکێ کردەوە، هەردووکیان شل و خاو بوونەوە ،هەر لەسەر گڵی سەربانەکەدا، هیام لەسەر پشت لێی ڕاکشا، هەند نەرم و خاو بوو بووەوە، وەکێ ئەوەی لەخۆ چووبێ، تادەهات نکەنکەکەی زیاتر دەبوو، فەرەیدون چاکتر هەڵی دەگلۆفی، هیام وەکو مارێکی بریندار دەتلایەوەو دەنگی لەزەت و وروژێنی لێوە دەهات شەرم لەئاستی حەزە سەر کوێرکراوەکانی فەرەیدون دا بەزی و توایەوە گوڕی دایە بەر خۆی، لەتەنیشتی ڕاکشا، دەمی وشکێ ببوو، تفی بۆ قووت نەدەدرا، حەزی (تازە )سەرکێشی، پەشۆکاندبووی..هیام دەستی بردە سەرسنگی فەرەیدون، دوگمەکانی کراسەکەی کردەوە، سینگە ڕووتەکەی خۆی چەسپاندە سەر سینگی فەرەیدون، تەزوویێکی ئەو تۆی بەتین بەسەراپای لەشیاندا هاتوو چۆی کرد، هەرچی دەمارو شانەی لەشیان هەبوو دژ بەشەرم وەستان. فەرەیدون دەستی چەپی خستە ژێر سەری هیام، لەشوێنی پێویستدا جێی بۆ خۆی کردەوە، دەستی ڕاستیشی لەسەر شانی گیر کرد و سووکە تەکانێکی دا..نیمچە زیکەیێکی لەززەت بەخشی هیام چەندین بەرابەر لەززەتی دایە فەرەیدون، کەچاوی بڕیە نێو

چاوە بەئاستەم نیشتووەکانی هەندەی دی لەززەتی لەوچاوانە وەرگرت کە (دەیانویست دیمەنی فەرەیدونی هەڵچوو) بەو شێوەیە بپارێزن، هیام بەجۆرێ باوەشی بەفەرەیدوندا کردبوو دەیگوشییە خۆی، وەکێ نەیەوێ هەرگیز لەخۆی جیابێتەوە، زیاتر دەیچەسپانە خۆی، وەکێ ئەوەی لەسەرەتا هەردووکیان کەسێکێ بووبن و دەستی ڕۆژگار جیای کردبنەوەو ئێستا خۆیان (پارچەکانی یەکدیان) دۆزیوەتەوەو دەبێ ببنەوە بەتاقە کەسەکە.

هەرچی ترسی ڕۆژگاری ناهەمواریان هەبوو، هەرچی شەرمی زاڵ و نائومێدی و ڕەش بینیان هەبوو، لەنێو ئەو ساتەوەختەدا بووە هەڵم.

فەرەیدون خۆی کێشایەوە، هەڵسا، هەستی بەکەڵەمێردییێکی ئەوتۆ دەکرد کەهاوتای کەمەو شایستەی ئەوەیە ببێتە باوکی دەیان کوڕو کچ..زیاتر خۆی لاگەورەتر بوو، کاتێ کەچاوی کەوتە چەند دڵۆپە خوێنی گەش، کەزەوی سەربانەکەی سوور کردبوو، بێ مەبەست پەنجەی شایەتمانی لەو چەنە دڵۆپە خوێنە وەردا، پەنجەی بەرز کردەوەو لەچاوانی خۆی نزیکێ کردەوە بەبێدەنگییەوە تێی ڕاما، سووکە بزەییێک نیشتە سەرلێوانی.. بەهەمان پەنجەی خوێناوی وەکێ ئەوەی مناڵێکی گریاو ژێر بکاتەوە، بەلێوی هیامی دا هێنا.هیام هەر ڕاکشابوو، فەرەیدوون خۆی نەوی کردەوە، کەڵەمێردی خۆی لەماچێکی قووڵدا نواندەوە، پاشان سووکە گازێکیلەلێوی هیام گیر کرد، ئازارێکی بەلەزەتی پێ بەخشی-زۆری پێ خۆش بوو کەبەهەردوو دەست، دەستی



هیامی ڕاکێشاو لەزەوی بەرزی کردەوە، دوگمەکانی کراسەکەی بۆ داخست. زەردەخەنە گەشەکەی هەردووکیان گەر ببان بەوشە ئەڵبەتە ئەوەیان دووبارە دەکردەوە (چ دەبێ بابێ).

*

فەرەیدون هەند دڵسۆزی پیرۆزی ئەو یادەی دووا شەوی یەکدی بینینی خۆی و هیام بوو، نەیدەویست لەکات و شوێنی ناشایستەدا بێتەوە بەرچاوی، تالەهەیئەی تەحقیقی کەرکووکێ دا بوو،نەیدەهێشت بەهیچ جۆرێ دیمەنی ئەو شەوەی خۆی و هیام بە مێشکیا گوزەر بکات، پێی وابوو، بێگەردی ئەو دیمەنە، بە ئەسپێ و پیسی (هەیئە) پۆخڵ دەبێ گەر بەئاستەم بیهێنێتە بەرچاوی خۆی، ئەوەندە خۆی هاندابوو کەبەهیچ جۆرێ بیری لێ نەکاتەوە، تەنانەت لەخەونیشدا بەبەرچاویدا گوزەری نەدەکرد، کەبەریش بوو، هەمان ڕای هەبوو، بەرانبەر بەو دیمەنە، ئەمجارە یان نەی دەویست بە پۆخڵی خۆی (دیمەنەکە) پیس بکات بەبەر چاوی ئەو لەش و دڵ و مێشکە لاوازەیدا تێپەڕێ..(دیمەنەکە)لەخۆی خۆشەویست تر بوو، موچورکی پیا دەهات گەر بەئاستەم وشەیێکی ئەو شەوە لەمێشکیدا بزرنگایەتەوە، بەڵام پاش ئەوەی کەرکووکی جێهێشت و بڕیاری خۆ خاوێن کردنەوەی دا..یەکێ بەیەکی قسەکانی بەر لەدووا شەویان لەمێشکیدا ببووە باس و خۆی تاوتووی پێ دەکردن، بەتایبەت هەشت نۆ ڕۆژێ بەر لەدووا شەو بەهیامی وتبوو:

(-ڕەنگە بتوانم باوەڕ بەخۆم بێنم کەمیراتگری دڵی منیت. وەک گەنجینەیێکی ڕۆح لەبەر دوای نەمانیشم حسابی مانی بۆ دەکەیت و دەیپارێزی..دڵنیام ڕێزو شەرمت لەو دڵەم دەکەیتە نوێژ و کڕنۆشی بۆ ببەیت بوێرم بەخۆم بڵێم، دڵم هەیەبێگەردە، گومان داینەخورپاندووە.)

(-دڵنیا بوون و دڵنیانەبوون کارێکە پەیوەستە بەخودی خۆتەوە..حەز دەکەم ئەوە بزانی کەوەفاداری من لەبەر خاتری تۆ نیە، لەبەر خاتری خۆمە، دڵی من دەرگای مزگەوت نیە بۆ خواناس و ڕیاباز و وشکە سۆفی لەسەر پشت بێ، دەرگای دڵی خۆم بۆ خودی خۆم کراوەیە، خۆم دەتوانم چ کەسێک لەسەر عەرشیا داینێم هەر خۆشم دەتوانم دەری کەم، جێی کەسانێ نیە بەتۆبزیجێی خۆیانی تیا بکەنەوە، ئەو کەسەی ئێستا لەنێو دڵمدایە لەمێژە جێی شایستەی خۆی کردووەتەوە..پێویستیش ناکا قەوانە کۆنەکان دووبارە بکەیتەوە و بڵێیت: من کوردم و تۆ تورکمان، من هەژارم و تۆ دەوڵەمەند، لەم قسانە بێزارم، نامەوێ چیتر لەم قسانە بژنەوم، حەزیش دەکەم، ئەو شتەی کەبووەتەگرێی سەردڵم، بۆتی باس بکەم، ئەویش ئەوەیە: پێت وانەبێ، لەبەر ئەوەی خۆشت دەوێم، منیش تۆم خۆش دەوێ، نەخێر، گەرهەستیشت بەبونم نەکردبا، تەنانەت گەر ڕقیشت لێم با، ئەوا هەروەکوو ئێستا خۆشم دەویستی..من ناڵێم لەم خۆشەویستییەی خۆم ناگەم و سەری لێدەرناکەم، ناڵێم هێزێکی نادیار پاڵم پێوە دەتێخۆشتم بوێ. نەخێر من دەڵێم قەرزو قۆڵەو کڕین و فرۆشتنت لەگەڵ ناکەم.



هەمیشە پێم وتووی و ئێستایش دووبارەی دەکەمەوەسەربەستبە، منت دەوێ یا نەء، ئەمە کێشەی من نیە، چونکە وەڵامەکەی کەم تا زۆر کارناکاتە سەر ئەم دڵە شێتەی من..داوای هیچ شتێکم لێنەکردووی و داواش ناکەم، نە دەڵێم داخوازیم بکە، نەدەڵێم جێم بێڵە. دەزانم گەربێیتە داخوازیم گاڵتەت پێ دەکەن، حەیای منیش دەبەن، من لەتۆ چاکتر کەسو کاری خۆم دەناسم.

ئەم قسانەی هیامی لەمێشکی فورویدون دا دەزرنگایەوە..بڕیارێکی قورسی پێدا، ئەویش چەند جارێ بۆ خودی خۆی دووبارەی دەکردەوە تا زیاتر لەناخیا بچەسپێ، هەر بۆ خۆی دووبارەی دەکردەوە:

ئەگەر نەمتوانی بێ لەپێناوی هیامدا بژیم،بڕیاربێ دەبێ لەپێناویدا بمرم.

*

هەمان ئەو ڕۆژەی کە تەیارەکان قەسفی بارەگاکانی ئەحمەد و ئەوانی کردبوو، چەند تەیارەیێکی دیش لەبارەگای لەبارەگاکانی مەفرەزەکانی دی دابوو. جگەلەسووتاندی هەندێ کەل و پەلی مەفرەزەکان چ زیانێکی ئەو تۆی نەگەیاندبووە پێشمەرگەکان.پاش یەکدوو ڕۆژێ، هێشتا زوربەی پێشمەرگەکان لەپرسەی عەلی بابە زادەدا بوون، لەشارەوە هەواڵێکی خۆشیان پێ گەیشت، ئەویش (محمد ئەفەنی کوژرا، دەوڵەتیش گومانی لەسەلاح ئەمریکییە، چونکە ئەو شەوەی

محمد ئەفەنی کوژراوە سەلاح تا سەعات دەی شەو لەماڵی محمد ئەفەنی دابووە..)

بەپێی ئەو کاغەزەی لەشارەوە نێردرابوو: محمد ئەفەنی لەنیوە شەوێکدا بەچەقۆ لەماڵەکەی خۆیدا کوژراوە، قاویش وابڵاوە کەسەلاح ئەمریکی دەستی لەکوشتنی هەیە. ئەوەی زیاتر ئەم گومانەی لەلای دەوڵەت و خەڵکانی گەڕەکێ چەسپاندووە، ئەوەیە کەئەو چەقۆیەی بۆ کوشتنی محمد ئەفەنی بەکارهێنراوە، هەر بەخوێنەوە لەماڵی سەلاح ئەمریکی دا دۆزراوەتەوە، دەوڵەتیش سەلاحی ناوەتە ژێر ئەشکەنجەیێکی قورسەوە. ئێستا گەڕەکێ لەنیمچە جەژنێکێ دا دەژی . زۆر کەس خەبەرەکە، لەهەند خۆش بوو، زۆربەی پێشمەرگەکان بەپەلە بوون تابەزوویی بیگەیننە هیام..هەر کەهیام خەبەرەکەی بیست زۆر بەئاسایی وەری گرت، چ بزەو خۆشیەکی نەنواند، ئەگەرچی حەزی بەنەمان و لەناو چوونی باوکی خۆی دەکرد، کەچی بەگەرمییەوە پێشوازی ئەو خەبەرەی نەکرد، وەکێ پێی ناخۆش بێ کەکەسانی دی لەبری خۆی حەقی ئەم کوردو تورکمان و ئینسانیەتیان لێ کردبێتەوە..لەلاییێکی دیشەوە زۆربەی خەڵکی شار نیگەرانی پێشمەرگەبوون، زوو هەواڵ گەیشتبووە شاران، دەوڵەت بەمەبەستەوە ترش و خوێشی پیا کردبوو: قەسفێکی ئەو تۆ کراون کەسیان دەرنەچووە، زۆربەی خەڵکەکە، وەکێ خۆڵ و دۆیان بەسەرا کرابێ، بێدەنگێ و کاس بوون، چ کەسێکیش هەندەی خەجێ دڵی بەم وەحشیەتیەی ڕژێم خۆش



نەبوو، بێ دەرەبەست بوو کەچەند و کێی بەرکەوتووە، خۆی وەتەنی: هەرهەمویان کوڕی منن و (شەهیدی زیندوون) قەد غەمی ئەوەی نەبوو..خەمی سەرەکی خەجێ ئەوە بوو: گەر ڕژێم ڕەفتار وەحشی و نهێن گرانە ڕەسەنەکەی خۆی نەنوێنێ ئەوا خەڵکانێکی زۆری ساویلکە فرِیوی بێدەنگییەکەی دەخۆن، چەواشە دەبن، بەخواشتە رخوازیەوە ڕوو لەچەقۆی نادیار دەکەن. خەجێ غەمی ئەوەی بوو حکومەت ئەمجارە بەهەنگوینی ژەهراوی بێتە دەست. بەڵام هەرکەبیستی بەچەندین تەیارەی مۆدێرنی جەنگی کەوتووەتەگیانی پێشمەرگەو جەماوەری بێ دیفاع، گەلێ گەلێ کەیفخۆش بوو قسەکانی ڕێکەوتی وەبیر هاتەوە، کەبەخەجێی وتبوو:

-ڕۆکێت و بۆمبا ئەلف و بێی دەرسێکی ئاگرینن، قوتابیانی دەرچووی ئەو وانەیە، هەوێنی سەربەستین، ئەوەی بەو ئەلف و بێیە فێری سەربەستی خوازی بووبێ، ئەڵبەتە دەبێتە ئەو کەسەی سنوورو چوارچێوەی (سەربەستی سەرزارەکی) دەشکێنێ و ڕوو لەو سەربەستییە دەکات کەتاچاو بڕدەکات و خەیاڵ مەودای هەیە، بەرەو پیری دەچێ

خەجێ حەزی بەوەش دەکرد ڕژێم لەشاراندا، چ ڕوویەکی خۆش بەکوردان نەدات، تەنانەت گەر لەسەر (قەڵافەتیش) بووبێئیهانەو حەپسیشیان بکات. دەیزانی بەندیخانە، ئەو ئەزمونگا مەزنەیە کە ڕووکەشی تیا دەڕزێ و کاکڵە دەردەکەوێ جا چ لەوە چاکتر دوژمن بریکاری شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینەبێ، توێکڵ داماڵێو کاکڵە وەدەرخات؟

دیاریشە نەبوونی دوژمنی وەحشی و خوێن ڕێژ، نەبوونی شۆڕشگێڕە، واتە دوژمن و دارودەستە داپڵۆسێنەرەکەی کارگەیەو شۆڕشگێڕان دروست دەکات، بوودەڵەوپەف بەخۆداکردوو ئاشکرا دەکات، سەرکوێرکراوی مەنگێ دەتەقێنێتەوە، فرسەت دەداتە پیاوانی کەڵ خۆ بسەلمێنن و جێ بۆ خۆ بکەنەوە. کاژی ترس لەبەر پیاوانی مەرد دادەماڵێ، کاژی ترسیش بەبەر پیاوانی چاوخەڵەتێن دادەبرێ..خەجێ بەدەنگی بەرز بەخۆی دەووت: تادوژمن دڕندە تر بێت، ئەوا بستە خاکی گۆڕی شۆڕشگێڕان دەبێتە پیرۆزترین جێی نیشتمان.